

مەحموود
دەوڵەت
ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی
دووەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و. سیامەند شاسواری
٢

ناوی کتێب: کەلیدەر (بەرگی دووەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک  دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: ســـیامەند شاســواری

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ــ ٠٠٠)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی




# بەرگی دووەم

٥٤٥

**کەلیدەر**

بەرگی یەکەم

# بەشی شەشەم

## بەندی یەکەم

تاغی:

بەستێنێک بە پانتایی چەندین فرسەنگ. برۆیەکی ئەستوور لە سەر نیگایەکی ئاگراوی. ڕاکشاو لە ڕۆژاوای ئەفغانەوە تا ئەوپەڕی یەزدی کۆنینە. تاغزار. نزارێکی پەڵەپەڵە، نا پەیوەست. لە تایبادەوە تێئەپەڕێ، تەبەس ئەگرێتەوە، خوارووی خۆراسان ئەپێوێ، لای سەرووی کاشمەر و لە پەنای سوورکێوەوە، دەس و باڵی بەرەو یەزد ڕائەکشێ. جەنگەڵی کەویری. دەوەن. جار لە خۆی هەڵئەکەنرێ. ئەپچڕێ، هەڵدێ، دوور ئەکەوێتەوە و لە مەزڵێکیتر ئەگاتەوە بە خۆی؛ تاغی.

تاغ، دارێکە نە زۆر بەرز و سەر لەئاسمان. کورتە و ڕیشەی لە قووڵاییدایە. جار، زیاتر لە بیست پێ. بۆ ئەوەی ڕیشە بە تەڕایی بگات، بە بێ ئەمان بە ناخی خاکدا ڕۆ ئەچێ. ڕازی مانەوەی تاغی لە کەویردا هەر ئەمەیە. وشکە ساڵی و بێ ئاویی لە ناوی نابات. لە ململانێی کەویر و تاغیدا، تاغی سەرفراز دەرکەوتووە. تاغی توانیوێتی قەدی خۆی لە خاکی وشکدا بچێنێت و بمێنێتەوە. بە پاڵپشتی ڕەگە سمێنەر و قووڵ ڕۆچووەکەیەوە توانیوێتی خۆی بپارێزێ. بەڵام بە بەژن و باڵا، درەختان ئەگەر پاڵەوانن، تاغی خڕە. کورتە و بە عەرزدا دراو. ئێسکدار و ڕاوەستاوە بە بێ نیازی باران، چ بباری و چ نەباری. لە سەر عەرز و لە ناو عەرزدا دانیشتووە،

یاڵی بە سەر خاکدا پەخشانکردووە، سەرەڕای ئەمەش سەرەڕۆ و دفرە؛ تاغی، عارفانی خوراسان ئەخاتەوە بیر.

تاغی گەرمێنە. پەنای زستانەی بەشێک لە خێڵ و مەڕدارەکانی کەلیدەرە. نێوانی کاشمەر و بەیهەق، پارچەیەک لە نزارەکە، بە ڕەشماڵ داپۆشراوە. ڕەشماڵانی شاراوە لە لابەلای دەوەنەکاندا لە تەک یەکەوە و بڵێندترینیان بە یاڵی ئەسپێک ناگات. تاغی پەناگەی زستانەی مەڕ و سەگ و شوان و ئێزنگبڕ و قوڵەدزانە.

لە تاغی، بنەماڵەی کەلمیشیش سنگی ڕەشماڵەکانیان لە زەوی چەقاندبوو. پاشەڕۆکی پەڕەگەندەی ڕەشماڵەکانی خێڵ. ڕێگەی نێوانی دوو خێزان دوو تیرهاوێژ. فرسەنگێک، دوو فرسەنگ. کەمتر یان زۆرتر. ڕەشماڵانی پەڕاگەندە لە ناو نزار و دەوەن. کەلمیشیەکان، لە هەموو دوورتر، لە دوا مەیدانی تاغزار، بنەیان خستبوو. هەر کەس بە کاری خۆیەوە خەریک بوو. ژنی سەبراو دەزگای جۆڵاییەکەی دامەزراندبوو و ماراڵ کڵاو و گۆرەوی و شاڵی بۆ پیاوەکان ئەچنی. زیوەر تەشی ئەڕست و بڵقیسیش ئەو کاتەی لە کاری ئامادەکردنی نان ساجی و ئاوهێنان بەتاڵ ئەبوو، دەستی ئەکرد بە ڕستن و چنین. کەلمیشی لەگەڵ ڕان ئەڕویشت و پێبەپێی سەبراو و بەگمحەمەد، بیابان و نزاری لە ژێرپێدا ئەتەقاند.

بەگمحەمەد سێ شوانی بۆ ئەو ڕانە بە پێویست نە ئەزانی. چونکە ئیتر ڕانێک نەمابوو. زۆربەی مەڕ و بزنەکان مردبوون، ڕەوە ببوو بە سێ یەک. بەگمحەمەد بە پێویستی نە ئەزانی پیرەمێرد توربێن لە شان بکا، دار بە دەستەوە بگرێ، پێڵاو و پووزلخ ببەستێ و بە شەلەشەل بە دوای چوار بزندا بکەوێتە ڕێ. پیرەمێردیش ڕەنگە حەزی لێ بوو، بەڵام چارەش نەبوو. لە دەوروبەری ڕەشماڵەکان خۆی پێ ڕانەئەگیرا. لەوێ چی بکات؟ ئەو سەیری بیابان بکات و بیابانیش سەیری ئەم؟ یان دابنیشێ و

وەکوو ژنەکان خوری بڕێسێ. ئاخر پیاو تا لە پێ نەکەوتووە ئەبێ کارێک بکات. ئەویان بۆ کار دروست کردووە. ئەی چۆن ئەکرا داوا لە کەلمیشی بکرێ تا وەکوو ژنان بە قاچی شکاوەوە ڕۆژ تێپەڕێنێ؟ نەء. ئەمە نەئەکرا. کەلمیشی گوێی لە قسەی ئەم و ئەو نەئەگرت. ئەی بیست و پشت گوێی ئەخست. بۆیە بەگمحەمەد ددانی لە چیرەوە ئەهێنا و لە ناوەوە خۆی ئەخواردەوە. جگە لەمەش چارەیەکی نەئەدیت مەگەر ئەوەی لەگەڵ سەگەکەیدا بە بێوازی بە دوای ڕاندا بڕوات.

بەڵام کام ڕان؟

کامە ڕان؟! کاتێکە گەنجیت و لەش و گیانت لە کارەکەت بە زیاتر ئەبینی. زیاتر؛ بەجۆرێک کە هەست بە بێهوودەیی کاری بچووک ئەکەیت و لەشی وەک مردووت بە دوای بزندا ڕاکێش ئەکەی؛ کاتێکە بارستایی گیان و بازووت لەو بارە زیاترە کە بە کۆڵتەیەوەیە؛ کە ئەتوانی ڕێگەیەکی دژوار ببڕی و ئەو ڕێگە و بارەش نییە، ڕۆژەکانت بە پووک و بەتاڵ و سووک ئەبینی کە وەکوو پەڕی پەڕاگەندە بەلاتدا تێ ئەپەڕن و تۆ ئیتر لە بەستێنی بە بەرهەمی ڕۆژەکانتدا ناژی، تیایاندا هەڵناکەی ـ کەوابوو خۆت بە بێ کەڵک و بێ جەربەزە و بێ توانا ئەبینی.

مەگەر تۆ پیاو نیت، بەگمحەمەد؟ منالی مەگەر، کە ڕۆژگاری خۆت بۆ لەوەڕاندنی چوار مەڕ و بزنی لە برسان ڕەقەڵاتوو خەسار ئەکەی؟ چوار بزن و مەڕی شەل و گێڕ. تۆ قورستر، کاراتر و تواناتر لەوەی بهێڵی ژیانت وەکوو ڕۆژانی بێ ناوەرۆک، وەکوو بای بیابان بەلاتدا تێپەڕێ. تۆ خۆت ئەبێ شێوەی ژیانت دیاری بکەی. نابێ وەکوو بەرد، لە شوێنی خۆت دانیشیت و بەفیڕۆچوونی ژیانت سەیر بکەی. تاکەی ئەتەوێ بە پەژارەوە پەنجە بە سەر چگووردا بهێنی، بەگمحەمەد؟ تەمەڵی گیانت دائەرزێنێ. لەشت لەختە. ئەکشێ. لە خۆڕا نییە، داوای کار و جووڵەت لێ ئەکا. کار و خرۆش، سروشتی تایبەتی گەنجێتی. کوڕی بڵقیس! بە «هەر

چۆن بووە» چۆن ئەتوانی بژی؟ وزە و مێری پڕشکۆ لە دەروونتدا هاتۆتە جۆش. زۆر سەیرە تۆ هەروا خامۆشیت و خەریکی خوو بە خامۆشی بگری؟ کوفارەیەکی بڵیند لە گیانت دایە. تاودانەوەی بڵندترین لوتکەی کەلیدەر. وزەی بە تەوژمی قۆڵ و بازووت ئەتوانی لە چاوی بەرزترین ئەستێرە بپژێنی. مانەوە و لە پەنای تاغی خامۆشدا، خامۆش بوون بۆ تۆ زووە. فریای جەوانی خۆت بکەوە. مەڕ ئەگەر مردوون، خۆ تۆ نەمردووی. خۆ جەوانی نەمردووە! ناتوانی ڕابی؟! غەمی مۆر و پەشێوی و پەژارەی بەردەوام، دەماریان دەرهێنا وی؟ نەء! تۆ بۆ غەم خواردن هێشتا زۆر گەنجی. دار و سەگ و توربێنەکەت لە لاتەوە. ئەو ڕانەی کە ڕانی تۆ نییە، بۆ خۆی ئەلەوەڕێ. پێبەندی چیت، بەگمحەمەد؟

سەبراو، یاری بیابانی بەگمحەمەد، هەروا خامۆش بوو. ئەو خامۆشیەی ئەتوت لەگەڵ سروشتی کابرای شوان تێکەڵە. بەگمحەمەد لە پڕ ڕابوو گاڵۆکەکەی هەڵگرت و سەیری ئاسمانی کرد. سەگەکەش لەگەڵی ڕابوو. ئاسۆی ئێوارە بە هەوری تۆزاوی داپۆشرابوون. بەگمحەمەد بەو جۆرەی لە پڕ هەڵسابوو، لە پڕیش وتی:

ـ بە تەمای من مەبە سەبراو. شەو ناگەڕێمەوە بۆ ناو ڕان!

لێوە مۆر و وشکەڵاتوو و غەمدارەکەی سەبراو لێک هەڵپچڕاو بە بێ ئەوەی سەیری بەگمحەمەد بکات، پرسی:

ـ بۆ کوێ ئەتەوێ بچی؟

ـ خۆیشم نازانم!

سەبراو هەروا خۆی دابوو بە سەر دارەکەیدا و تۆزێ بۆ پێشەوە چەمابۆوە، پۆپەی کاکۆڵی لە کڵاوەکەی هاتبوویە دەرەوە. لووتی تیژ و سمێڵە باریک و ڕەشەکەی و ڕوخساری داتەکاوی لە زەمینەی شین و هەوراوی ئێوارەدا غەمێکی نامۆی ئەخستە دڵی بەگمحەمەدەوە. دووریی ئاسان نەبوو. ئەمە بە زمان ئاسانە. دەستێک تا ئەو کاتەی بە پەیکەرتەوە چەسپاوە، لەگەڵتدایە و

تۆ ئەتوانی هەموو جارێک بە یارمەتی ئەو دەستە گاڵۆکەکەت بە دەوری سەرتدا بسووڕێنی و وەکوو پلار لە تەگە چەتوونەکەی خانئاپۆی بگری، ئەو دەستە هەست پێ ناکەی. ڕەنگە تێی ناگەی. بەڵام کاتێک شتێک، هێزێک، خەنجەرێکی نەبینراو، ئەو دەستەت لێبکاتەوە، لێتی بسێنێ، هەست ئەکەیت و ئەوسا دێیتەوە بەخۆتدا، تێئەگەیت و نەبوونی، چاڵێکی قووڵە لە تەنیشتەوە. لێرە، ئەو هەموو ساڵە، بەگمحەمەد و سەبراو دەستی یەکدی بوون. هاوڕێ و دەستی یەکدی بوون.

بێ ئارام لەپڕ، بەگمحەمەد دەرپەڕی. نەیویست سەبراو لە ئامێز بگرێ. زۆری پێ پیاوانە نەبوو. دڵی ناسک لە سینەی پیاوانی دەشتەکیدا جێگەی نییە. گریمان جێگەشی هەبێ! نابێ بە فەرمانی دڵی غەمگین کار بکرێ. جار هەیە پێویست ئەکات، پەنجە ئەستوورەکانت لە سینەت ڕۆ بکەیت، دڵت وەکوو باڵندەیەکی شەنگ لە سینەت دەربکێشی و وەک دڕندە لە ناو دەستتدا بیگووشی و هەوڵ بدەی ژان لە ناو چاوانتا تاو نەداتەوە. پیاوان نە مناڵن و نە شاعیری دڵسووتاون، دڵە نازەنینەکەی خۆیان وەکوو گوڵاڵەیەک، هەندێ جار لە ژێر پێدا ئەشێلن.

سەرەڕای ئەمەش دڵ لێئەدا. لە هەڵچوون و هەژاندا لێئەدا. لەگەڵ تۆدا کە گیانت ئاسنپۆش کردووە، بەشەڕ دێ. ئەویش لە خۆی ئەگەڕێ. پشتیوانی ڕسکانی خۆی، لە سینەتدا هاوار ئەکا. مشتومڕت لەگەڵ ئەکا. ئەوە چی ئەکەی بەگمحەمەد؟

بە شەوق و غەمێکی ئاوێتەوە، بەگمحەمەد دارەکەی ڕاوەشاند، دای لە دارەکەی سەبراو؛ خوات لەگەڵ بێ و بە بێ ئەوەی چاوی لێبکا سەری سووڕاند، جەستەی سووڕاند، پشت لە ڕان و سەبراو، ڕوو لە بیابان هەنگاوی نا:

«ئای بە ئازارم، ئای. ئای بێ قەرارم، ئای. هەر خۆم بێیارم، ئای. هەر خۆم بێیارررم... ئـــای!»

دڵناڵەکانی بەگمحەمەد، دەنگە بە سۆزەکەی، تا ژێر

ئاسمانی تەماوی و لەوپەڕی دەوەنەکانی تاغیشەوە زەلاڵ بوو؛ سەبراو هەروا لە شوێنی خۆی وەستابوو. بەڵام ئەوەندەی کە دەنگی بەگمحەمەد، نەرمە نەرمە دابەزی، لێڵ بوو، ون بوو، دوورکەوتەوە؛ وا پێ ئەچوو سەبراویش لەو دوورکەوتەوە. ئەوەندە دوور ئەتوت یار نەبووە. بۆ شوێن پێی بەگمحەمەد ڕووی وەرگیرا. هاوڕێ ئیتر دیار نەبوو. بەگمحەمەد دارەکەی بە دەستیەوە ڕائەوەشاند و بە لای دەوەنەکانی تاغیدا ئەڕۆیشت و هەوڵی ئەدا دڵگیرییەکەی بە سەیرکردنی ئەملا و ئەولا، بە سەیرکردنی ئاسمانی لێڵ و زەوی ژێر پێی لە بیر بباتەوە. بەڵام نەی ئەتوانی شێوەی سەبراو لە خەیاڵی خۆی دەرباوێژێت. سەبراو بە خۆی و سیمایەوە لە مێشکیدا نەخش ببوو. وەستانەکەی، شانادانی لە سەر دارەکەی، خامۆشیەکەی، نیوڕۆخە داتەکاوەکەی، سمێڵ و برژانگەکانی کە ئەتوت بۆ هەمیشە وشک ببوون، لە بیری بەگمحەمەد دا نەخش ببوو. سەبراو ئایە، بیری لە چی ئەکردەوە؟ تا چ ڕادە دڵی گیرابوو؟ وەڵام دژوارە. بلا بگوزەرێ!

بەگمحەمەد سەری داخست و بەرەو گەونزارەکە لاری کردەوە.

دوێنێ، کاتی ئێوارە، کاروانێک وشتری لەوێ دیبوو ئەلەوەڕان و پیاوەکان خەریکی هێزم چنینەوە بوون. ئەمڕۆژانە تەنها یەک کار بۆ وشترەکان مابوو بیکەن: دارکێشان. ئەهاتن بۆ دەراوی شۆڕاو، گەون و تاغی و تەنگزیان بار ئەکرد، بۆ شاریان ئەبرد و بە نانەوا و خەڵووزکەرەکانیان ئەفرۆشت. ئێستەش، وشترەکان لە ناو گەونزارەکە ئەلەوەڕان. بڵاو نەبوون. هێمن نەبوو. هەموو ساتێک بۆی هەبوو، دەستەیەک دز وشترەکان بدەنەبەر خۆیان و بیانبەن. جا خاوەن وشتر، کەی و لە کوێ شوێن هەڵگرێ، کەس نەی ئەزانی؟ بۆیە وشترەکان بە کۆمەڵ ئەلەوەڕێن. یەکجێ و بە دەور یەکەوە؛ لە مەیدانی کاری هێزمکێشەکاندا.

پیاوانی هێزمکێش خەریکی بار بەستن بوون کە بەگمحەمەد گەیشتە هێزمزار. چوار پیاو بوون، یەکی مام ناونجی و ئەوانیتر

گەنج و گەنجتر. بچووکترینیان مێرمنداڵێک بوو، تازە پشت لێوی سەوز ببوو. بەگمحەمەد گەیشتە لای بارەکە، سەری گۆچانەکەی کوتا بە عەرزدا و ماندونەبوونی لێکردن. سەرکاروان، هەمان کابرای مامناونجی سەری لە سەرکارەکەی هەڵگرت و وەڵامی جەوانە غەوارەکەی دایەوە. کوڕەی مێرمنداڵیش دەست و قۆڵی لە کاردا، لە ژێر چاوەوە بەگمحەمەدی هەڵسەنگاند.

لەمجۆرە پێکگەیشتنانەدا، ئەویش کاتێک دنیا هێمن نییە، تازەترین کاردانەوەی ناوەکی کەسان، ترسە. خۆ چاوەڕێی پەیامی خۆش نین. ترس و گومان: ئەوە کێیە؟ چی ئەوێ؟ لە کوێوە دێ؟ بۆ کوێ ئەچێ؟ ڕێگرە یان نانی ئەوێ؟ مەڕی لێ ون بووە یان تینووە؟ هەڵوێستمان ئەبێ چی بێ؟ تەنهایە یان هاوڕێکانی لە پشت دەوەنێکدا خۆیان حەشار داوە؟

ـ ها برام! بەرەو کوێ؟

چاوە ڕوونەکانی سەرکاروان، بەو پرسیارەی پرسیبووی، پزیسکەیدا. بەگمحەمەد، چووە پێشەوە و وتی:

ـ هەروا بە هیوای خوا کەوتوومەتە ڕێ، جا نازانم ئەگەمە کوێ!

ـ کوردی؟

ـ ئا بەڵێ.

ـ چۆنە لەگەڵ مەڕ و ماڵەکەت نیت؟

ـ کوا مەڕ و ماڵاتمان بۆ ماوەتەوە براگیان؟ هەر ئەوەندەیە پیرێژنەکان بتوانن خۆیانی پێوە سەرگەرم بکەن. ئەمساڵ ئێمە مایە پووچ دەرچووین. پێنج شەش پیاو خۆ ناتوانن خۆیان بە لای چوار بزنەوە ببستنەوە!

سەرکاروان، دەستی لە گوریسی بارەکە بەردا و هەنگاوێک بەرەو بەگمحەمەد ڕۆیشت:

ـ کەواتە لە ڕەوەند دابڕاوی؟

ـ ئەرێ ئیتر چی بکەین؟ هێشتاش نا، بەڵام ناچارین. ورگی

مرۆڤ نانی ئەویٚ ئیتر؟

ـ ئیٚستە ئەتەویٚ بۆ کویٚ بچیٚ؟ چی بکەی؟

ـ ئەی برا... هەر کاریٚک کە پیٚم بکریٚ. شوانی، وشترەوانی، پەروار بەندی. بەس لە کاری کشتوکاڵ زۆر نازانم. مەبەستم ئەوەیە پسپۆڕ نیم تیٚیدا، بەڵام ئەگەر پیٚویست بکات ئەو کارانەش فیٚر ئەبم.

سەرکاروان، ڕووی لە هیٚزمکیٚشەکان کرد و وتی چای بخەنە سەر. میٚرمنداڵەکە دەستی هەڵگرت و چوو بۆ لای کەلوپەلەکان بۆ ئەوەی کترییەکە بخاتە سەر ئاگر. سەرکاروان کە بە موسلیم بانگیان ئەکرد، لە سەر عەرزەکە دانیشت، سەبیلەی لە کیسە دەرهیٚنا و دایگیراند. چلّ ساڵیٚک زیاتر نەئەبوو، بەڵام ئەژنۆ و پشتی تۆزیٚ چەمابۆوە. ڕوخساری ڕەق و چرچ و لۆچ بوو، ڕیشە زەرد و تەنکەکەی داتەکاوتر پیشانیئەدا. پاش هەموو مژیٚکی قووڵ کە لە سەبیلەکەی ئەدا، کۆکەیەکی زەنگدار لە سینەیەوە ئەهات و جار کۆکەی بەردەوام تیٚکی ئەگوشا و ئاو بە سیلەی چاوەکانیدا ئەهاتە خوارەوە. ئەو، کە لە مەبەستی بەگمحەمەد تیٚگەشتبوو، نەرم و بە لایەنگرییەوە وتی:

ـ ئەم وشترانەی ئەیانبینی هی خانن کاکە. من خۆم تەنها دووانم هەیە. یەکیان ئەو ماچەیە، یەکیش ئەوەی کلک ڕائەوەشیٚنیٚ. نیٚرە ڕەشەکە. ئەوانی کە هینی خانن. من سەرکاروانم. ئەم چەند جەوانەش کریٚکارن. دار ئەبڕن و باری ئەکەن و بۆ هەر بارەش دوانزە، پانزە قەران وەرئەگرن. ئیٚستە تۆ ئەتەویٚ بۆ کویٚ بڕۆی؟ بەرەو کام لا؟

بەگمحەمەد وتی:

ـ ڕاستەکەی خۆشم نازانم. بیابان خۆ نانی تیا نییە! نانی بیابان لە گوانی پەز پەیدا ئەبیٚ؛ پەزی ئەمساڵیش ئەوا قنیداوە بەعەرزدا. بۆیە ناچارم بەرەو گوندەکان بڕۆم. لای یەکیٚک لەم خانانە مل خوار بکەم، بەڵکوو کاریٚکم دەسکەویٚ. پوورزایەکەم

هەیە بەناوبانگە، خۆی ئاو و زەوی هەیە، بەڵام ڕووم نییە بچم بۆ لای. ئەزانی خۆ! مرۆڤ لە خۆی ڕانابینێ ڕوو لە خزم بخات. جۆرێکە. ملکەچییە. ئەزانی خۆ ئەمەوێ بڵێم چی... ئەی ئەم خانەی ئێوە ناوی چییە؟ چۆن مرۆڤێکە؟

موسلیم خۆڵی سەبیلەکەی تەکاند و وتی:

ــ خانە ئیتر. باش و خراپی نییە. هەر کەس هەیە. خان کار و گوێڕایەڵی لە کرێکارەکەی ئەوێ. ئەوەستێتە سەر ئەوەی مرۆڤ چۆن لە بەر چاویان دەرکەوێ! تا بەختی مرۆڤ چۆن بێ! ئەبینی یەکێک ئەچێتە دڵی خانەوە و داراییەکەشی ئەداتە دەستی. یەکیش هەیە نا. ئەستێرەی لە گەشیدا نییە. بەختی نییە. ئەوا... گریمان خانەکەی ئێمە پیاوێکی خراپ نەبێ، دەست و دڵت بۆ ئەمکارانە ئەچێ؟ حەزت لێیە؟ ئەبینی ئەمکارە پێمەڕە وەشاندنە. پێمەڕە وەشاندنە لە کازیوەوە تا شەو. هەندێ جاریش شەو تا بەیانی، ئەو کاتەی بار کەڵەکە ئەبێ. واتە تا ئەو کاتەی هێز لە شان و پیلتدا هەبێ. کرێکارییە ئیتر. بۆ هەر بارێک کە باری ئەکەی، مزێک وەرئەگری. هەر کەس بە گوێرەی وزەی جەوانی خۆی. ئەم گەنجانەش ئەیانبینی، یەکیان، ئەو ڕەشتاڵەیە ئەڵێم؛ حەیدەر. چاوی پیس بە دوور بێ زۆر گورج و چالاکە. وەک با بە ناو لێڕەکەدا ئەگەڕێ و تا لا ئەکەیتەوە تایەکی بەستووە. بەڵام ئەویکە، ئەو لۆقە بێ جەربەزەیە. ناوی میرزا سەمەدە. تەمەڵە، سستە، چالاک نییە. زۆر جار، هەر ئەم حەیدەرە بارەکەی بۆ تەواو ئەکات. ئەم مێرمندالە، خوامرادیش جنۆکەیەکە بۆ خۆی. جا ئێستەکانی براکەم، ئەگەر لە خۆت ڕائەبینی ئەمجۆرە کارەت بۆ بکرێ، من لەگەڵ خان قسە ئەکەم. چونکە تۆ خۆت وتت هەتا ئێستە پێمەڕەت بە دەستەوە نەگرتووە!

ــ چۆن بەدەستمەوە نەگرتووە موسلیم خان؟! ئەی داری زستانمان چۆن دابین ئەکەین؟ بە ددان؟!

ــ جا، باشە. من لەگەڵ خان قسە ئەکەم. چ باشتر.

بەگمحەمەد تاوێک خامۆش بوو. پاشان وتی:

ــ ئێوە کەی ئەکەونە ڕێ؟

ــ هەر ئەمشەو. پاش ئەوەی پاروویەک نانمان خوارد، سەرخەوێک ئەشکێنین و بار ئەکەین. تا ئەوکاتە مانگیش هەڵدێ. وشتر، بەشەو ڕێ ئەکا. خۆت ماڵداری!

بەگمحەمەد تاوێک سمێڵ و لێوی جوو، پاشان وتی:

ــ ئەڵێی چی منیش لەگەڵتان بێم؟ بێم بۆ ئەوەی خان ببینم! ها؟ خۆ قەی ناکا؟ ئەرێ؟

ــ جا بۆ خراپە، پێکەوە ئەڕۆین.

خوامراد، چای ئامادە کردبوو. موسلیم هەڵسا. بەگمحەمەد هەروا وەستابوو. موسلیم پێی وت:

ــ وەرە نمەکمان لەگەڵ بکە، وەرە.

بەگمحەمەد وتی:

ــ من ئەڕۆم بۆ لای ڕەوەند ئاگاداریان بکەم و بێمەوە. تا کاتی بارکردن خۆم ئەگەیەنمەوە.

ــ چا ئامادەیە. پیاڵەیەک بخۆرەوە، جا بڕۆ. زۆری پێ ناچێ.

ــ بڕۆم باشترە. ئەم سەگەش ئەبێ لەوێ ببەستمەوە. دەی لای ئێوەم خۆش، خواتان لەگەڵ.

بەگمحەمەد کەوتە ڕێ و ئەوەندەی پێ نەچوو لە تاغزارەکەدا ون بوو. حەیدەر هاتە لای موسلیم و پێکەنی:

ــ بە چاوی بەستراوەوە کڕیت؟!

ــ لە ئاسمان بە دوایدا ئەگەڕام، لێرە لە بن گوێی خۆمدا دۆزیمەوە. خوا گەیاندی.

ــ کێ بوو مەگەر؟

ــ کوردە. ئێمە پێویستیمان بە کوردێک هەبوو لەگەڵمان بێ. ئاسایش نییە. لەم زستانەدا، چوار ڕۆژیتر قوڵەدز سەر هەڵئەدەن. ئەوەندەت نەزانی ڕێمان کەوتە بیابان! ئەومان کە لەگەڵ بێ، زمانێکی تریشمان لەگەڵە. خێڵایەتیکمان ئەگەر

لەگەڵ بێ، پشتمان گەرمە. گەنجێکی لێهاتوو و بوێریش خۆیا ئەکا. جا با بڕۆین پیاڵەیەک چا بخۆینەوە و بزانین دواتر چی ئەبێ.

شادییەکی نەرم لە ژێر پێستی بەگمحەمەددا بزووت. دەروویەک بەرەو ڕزگاریی. بەگمحەمەد لە خۆی نە ئەشاردەوە کە شادمانە. تۆکمەتر پێی هەڵئەگرت و پێ بە پێی سەگەکەی بەرەو ڕەشماڵەکان ئەچوو. شەو دابووی بە سەر تاغیدا و نەرمە بارانێک دایکردبوو. هێدی هێدی دەوەنەکانی ئەخووساند و پێڵاوە کۆنەکانی بەگمحەمەد وردە وردە شێی هەڵئەگرت. ڕووناکیەکی تەڕ و تازە لە درزی ڕەشماڵەکەوە ئەڕژایە ناو شەوی بارانیەوە. ڕووناکیەک کە خۆی وەکوو ئاونگ بوو. زەوی باران لێدراو بەرامەیەکی کۆنینەی لێ بەرز ئەبوویەوە. دەوەنی تەنگز و تاغ و گەون لە باراندا هەناسەیان ئەکێشا. بۆنی باران مرۆڤی مەست ئەکرد. بۆنی خاک و دڕک و قنەلاشک، خۆڵ و دەوەن، لە ژێر نەرمەی باراندا، جارێکیتر ئەژیانەوە. چی لێڕ و مرۆڤ و گیاندار بوو، لەشی بە باران نوێ ئەکردەوە.

سەگی خووساو، پێشتر لە بەگمحەمەد بەرەو ڕەشماڵەکە چوو، وەڕی و لە بەر ڕەشماڵەکە کەوتە کلکە سووتێ. ژنەکان لە ناو ڕەشماڵ دانیشتبوون و لە پیاوەکان تەنها کەلمیشی لە سەر سفرە بوو. نان ساجی بە ماستی خەستەوە ئەخوارد و بە بینینی سەگەکە، لە سەر دەستی چەمایەوە سەری لە دەرگای ڕەشماڵەکە هێنا دەرێ و لە ناو پەردەی زەڵاڵی بارانەوە، چاوی بڕییە شەو و بە ناو هەڵم و بۆقی خاکدا نیگای گەڕاند. سەرەڕای ئەمەش هاتنی گوڵمحەمەدی نەبینی. بەڵام هەستی پێکرد. دەنگی پێی کوڕەکەی لە ناو دڕک و داڵەکەدا بیست و کشایەوە. دوا تیکەی خستە دەمی و بە ژنەکانی وت:

ــ بەم شەوە ڕانەکەی بەڕەڵاکردووە و هاتۆتەوە؟!

بڵقیس هەڵسا و سەری بردە دەرەوە. ماراڵ کۆشی کراسەکەی لە سەر بەڕەکە کۆکردەوە و خۆی خزاندە سووچێکەوە. زیوەر

وەک هەبوو ـ لای هەیڤۆوە دانیشتبوو چاو لە دەرگا ـ نەبزوا. پاش ساتێک بەگمحەمەد گەیشت. شانی چەماندەوە و هاتە ژوورەوە. بە وەڵامیماندوو نەبینی دایکی توربێنەکەی لە شانیکردەوە. کەلمیشی هێشتاش پاشماوەی پارووەکەی ئەجوو. بەگمحەمەد چۆکی لە زەوی چەقاند و وتی:

ــ یەک دوو نانم بۆ بێنە با بیخۆم. سکم کەوتۆتە قۆڕەقۆڕ.

کەلمیشی پرسی:

ــ چۆنە وا ڕانەکەت بەرەڵڵا کردووە و هاتوویت؟! بەم بارانە، سەبراو چۆن ئەتوانێ مەڕ بگەیەنێتە بن پەچە؟

بەگمحەمەد، وەڵامی باوکی نەدایەوە و پرسی:

ــ برام، گوڵمحەمەد لە کوێیە؟

بڵقیس نانە تیرییەکەی لەبەردەستی کوڕەکەی لە سەر سفرەکە دانا و وتی:

ــ کێ چووزانێ برام؟ کێ چووزانێ؟ کوڕەکەم بەردەوام بەملا و ئەولادا هەڵدێ. هەڵات هەڵاتیەتی بەڵکوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە. لە شوێنێک ئۆقرە ناگرێ.

ــ خانئاپۆ لە کوێیە؟

ــ ئەویش دوو سێ شەوە دیاری نییە. بۆ کوێ چووە، نازانم.

ــ لەگەڵ گوڵمحەمەد ڕۆیشتووە؟

ــ نا، دایکەکەم. هەر کەس بۆ خۆی ڕۆیشتووە. لای ئێوارە، بەر لە بارانەکە، گوڵمحەمەد ڕۆیی.

کەلمیشی جارێکی تر لێی پرسی:

ــ نەتوت بۆچی لەو بارانەدا سەبراوت بەجێ هێشتووە و هاتووی، ها؟!

بەگمحەمەد وتی:

ــ خۆ تۆ هەموو شەو ئەکەوتیتە ڕێ بۆ ناو ڕان؟ ئەی ئەمشەو بۆ نەڕۆیشتی؟ بە خەیاڵی خۆم تۆ لای ڕانی.

کەلمیشی دەوری ددانەکانی بە دەست خاوێن کردەوە و وتی:

ــ من بە هیوای تۆ بووم. جگە لەوەش تۆ ئەڵێی ئەم ژنانە هەروا بێ پیاو بەجێ بێڵم و ڕێ بکەوم بێم بۆ کوێ؟

بەگمحەمەد ئەوەندەی پارووەکەی قووت بدات، پیرە مێردی چاوەڕان کرد و پاشان وتی:

ــ من ئیتر لە لای ڕان نامێنمەوە!

ــ نامێنیتەوە؟!

ــ نەء. نامێنمەوە، ئەمەوێ بڕۆم!

بلْقیس خۆی هەڵدایە ناو وتووێژەکە:

ــ بڕۆی؟ بۆ کوێ بڕۆی؟

ــ ئەڕۆم لە شوێنێک کار بکەم. ئەم ڕانە، ڕانێک نییە سێ شوانی پێویست بێ. یەکی بەسە. نیوە پیاوێکیشی بەسە، لێشی زیادە. بەڕۆژ ئەیانلەوەڕێنێ و بە شەو ئەیانهێنێ بۆ لای ڕەشماڵەکان. شەوانی ساردیش ئەیانبا بۆ کوول. من کە ناتوانم خۆم گێرۆدەی ئەم چوار بزنە بکەم. ئیتر خۆتان ئەزانن. چۆنتان پێخۆشە وابکەن!

ــ هەروا ئەکەویتە ڕێ و ئەڕۆی؟ بە هیوای خوا؟!

بەگمحەمەد لە وەڵامی دایکیدا وتی:

ــ هەرواش نا. کارێکم ناوەتەوە.

ــ چ کارێک؟

ــ هێزمکێشان.

ــ بەکام وشتر؟

ــ وشتری خان. خانی تاڵاوا.

کەلمیشی بە پەرۆشەوە وتی:

ــ ڕۆژی بە چەند؟ بە چ مزێک؟

ــ بە بار پارە ئەدەن. باری دوانزە قەران. شەو و ڕۆژێک لانیکەم سێ بار هێزم کۆ ئەکەمەوە. نانی خۆم دەرئەهێنم و شتێکیش پاشەکەوت ئەکەم.

ــ ڕەنگە برات ڕازی نەبێ!

بەگمحەمەد سەیرێکی دایکی کرد و وتی:
ــ لە خۆتەوە ئەڵێی؟! برام بۆ ڕازی نەبێ؟ ئەیەوێ لێرە ڕام بگرێ کە چی ببێ؟ سەیری یەکدی بکەین و پارووی با بگرین؟ مەگەر خۆی نازانێ بنی تێڕەکە ئازووخەی تیا نەماوە؟ پێنج پیاوین. لێرە بمێنینەوە چی بخۆین؟
کەلمیشی هەڵسا و بە بێ قسە چووە دەرەوە. لە ژێر بارانەکە وەستا. سەری بەرزکردەوە و بۆنی خاکی هەڵمژی. چەند تەڕ و تازە! ئەمە ئومێدە ئەبارێ. سەرەڕای ئەمەش جەوانەکەی دڵی هەڵکەندووە و لە سەر ڕۆیشتنە. بۆچی ئەڕوا؟ کەلمیشی، دەستە کورتەکانی خۆی لە ژێر بارانەکەدا گرت. باران، ناودەستی تەڕ کرد. کەلمیشی دەستە تەڕەکانی هێنا بە ڕوومەتی‌دا. چ بۆنێکی خۆشە! دڵی مرۆڤ لە شەوقدا ئەپشکوێ. شتێک وەکوو دەنگی شەپۆل لە سینەی‌دا سووڕی ئەدا. جارێکی‌تر ئەم دڵە ژاکاوە، زیندوو بۆتەوە. سەگەکە سەیربکە. تەڕ بووە. تووکی تەڕ بووە، هەورەکان سەیر بکە. چەند بە بارن! باران! باران!
کەلمیشی هاتەوە ژوورەوە. چاوەکانی ئەبریسکایەوە، وتی:
ــ پێم وابوو ئەم هەورانەش بە بەتاڵی تێ ئەپەڕن. بەڵام باران پێی گرتووە. تۆ ئەتەوێ بڕۆی بۆ کوێ کوڕە؟ ساڵی تازە، ساڵێکی بە پیت ئەبێ. ئەم مەڕانە ئەزێن. گیا هەیە. بەهار دێ. دژواریش هەر ئەم سێ چوار مانگەیە، ئەمە تازە بارانی یەکەمە، ڕەنگە دیسانەوەش باری. بەڵێنت پێ ئەدەم دوو مانگی بمێنێ بۆ نەوڕۆز زەوی ڕەنگ ئەکرێ. گیا شین ئەبێ. بەهار پێش ئەکەوێ. بۆ خۆت ڕاناگری؟ ئەم سێ چوار مانگەش دان بەخۆتدا بگرە، لە برسان خۆ نامرین!
بەگمحەمەد لۆکانی سفرەکەی دا بە سەر یەکدا وتی:
ــ مەگەر پێت وایە ئەچم بۆ سەفەری قەندەهار؟ ئەوەتا لێرەکانێم. لە بیابانی شۆراو. ڕەنگە لەگەڵ کاروانیش نەڕۆیشتم. ڕەنگە هەر لێرە مامەوە و باری خۆم پێکەوە نا. تۆش لەگەڵ

سەبراو ڕانەکە بلەوەڕێنن. پاشانیش چی ئەبێ، با ببێ!

هەیڤۆ، کە لە سووچێک دانیشتبوو و لە بری شووەکەی، ئەیتوانی دووری بەگمحەمەد لەو هەست پێبکات، بە ئامۆزا بەگمحەمەدی وت:

ــ بە سەبراوت وت ناتەوێ ئیتر بچی بۆ ڕان؟

بەگمحەمەد، زەرکی ئاوەکەی نا بە سەرەوە، دەم و لێوی بە بەری دەستی سڕی و وتی:

ــ چۆن ئەکرێ نەموتبێ دوت مام؟... دەی. من ئیتر ئەبێ بڕۆم!

ــ هەر ئێستە؟

ــ ئا، کاروان چاوەڕێم ئەکا، ئەمەوێ لەگەڵیان بچم بۆ ماڵی خان. ئەو ئەبێ بمبینێ و پەسەندم بکات.

بەگمحەمەد توربێنەکەی هێنایە پێشەوە، کیتەڵە و مەشکەی خەستە ماستەکەی لێدەرهێنا و لە لایەکەوە داینا. پاشان، چگوورەکەی پێچایەوە، خستیە توربێنەکە و توربێنی لە پشتەوە کردە شانی، داردەستەکەی هەڵگرت و هەڵسا؛ خوا حافیزیی کرد و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە و بە باوکی وت:

ــ وەرە سەگەکە بگرە، بابە!

کەلمیشی چووە دەرەوە، پەتکی سەگەکەی گرت و بردی بۆ لای ڕەشماڵەکە. بەگمحەمەد ئاوڕی دایەوە و وتی:

ــ ئاگات لێی بێ بابە. بە برسێتی ڕای نەگری!

کەلمیشی سەگەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بەگمحەمەد لەشەو و باران ڕۆچوو. بەڵام چەند هەنگاو زیاتر نەڕۆیشتبوو هەستی کرد سێبەرێکی بە دواوەیە، بڵێی کێ بێ؟ بەگمحەمەد وەستا. بڵقیس بوو. گەیشت، لێو بەسراو و خامۆش سینە بە سینەی کوڕەکەی وەستا. نیگای تەنها لە تەوێڵی بەگمحەمەد پرسی:

ــ بەڵێ، چیت ئەوێ؟

بڵقیس هیچی نەوت. بە ئارامی چووە بەرەوە، لای شانی جەوانەکەیەوە وەستا. دەسرۆکەیەک کە نان و تۆزێ ڕۆنی تیابوو، خستیە ناو توربێنەکەی بەگمحەمەد. بەگمحەمەد ساتێک سەیری دایکی کرد و پاشان لە پڕ پێی هەڵگرت. ئەبوا بڕوات، پێش بارکردنی کاروان ئەبوا بگات، هەڵێ!

پیاوەکان باریان کردبوو کە بەگمحەمەد گەیشت. موسلیم سەرکاروان، هەوساری پێشەنگی دابوو بە شانیدا، گازەنگ، لە ملی وشتری بەر کاروان، لە خامۆشی کپی بیاباندا دەنگێکی ترسناکی هەبوو. باران، هەروا ئەباری.

بەگمحەمەد پێ بە پێی کاروان ئەڕۆیشت و وا پێ ئەچوو خۆی بە بەشێک لە کاروان ئەزانی.

ـ ئەو بارە خوار بووە، نابینی بەگمحەمەد؟! ڕاستی بکەوە!

**بەندی دووەم**

ئەی زەوی! دەست و باڵت ڕاوەشێنە. خوا لای لێکردوویتەوە. میوانێکی بەشکۆ: باران.

لێرەوار لە باراندا خۆی ئەشوا. لە سەروگوێی درەختانی تاغی دڵۆپی زەلاڵی ئاو، ئاوی خاوێن، ئەتکایە سەر خاک. درختانی ڕووت ـمرۆڤی ڕووتـ بە حەزەوە لە ژێر باراندا وەستاون و دەستەکانیان کردووە بە جل و بەرگی خۆ داپۆشین. پێڵوویان لێک ناوە و خەندە لە سەر لێو، بە حەزێکەوە لە ژێر پێستیاندا کە خەریکە تازە ئەبێتەوە. جارجارە جووڵەیەک بە نەرمی، ئەڵێی وەک نینۆکی یارێکی شۆخ، بن پێ ختووکە ئەدا و تەز بە پشتدا ئەهێنێ. بڵیندترین لق، جار ئەلەرێتەوە، سەر دائەنەوێنێ. ئەڵێی بە چەناگە شانی ئەخورێنێ. خورینێکی دڵخواز لە سەر پێستی تازەی لەش، شەو لەگەڵ باران ئاوێتە بووە و باران لەگەڵ شەو. زەمزەمەیەکی بە ئەسپایی. زەمزەمەیەکی دوور، لە دوورە دەستی شەوەوە. باران و گەڵا. بیرخەرەوەی شانەکردنی پرچی ژنێک بە پەنجەکانی. جوانیی هیوا، گیان ئەهەژێنێ!

لە دوورەوە، تیراوێژێک زیاتر، لەو پەڕی تەنها درەختانی خۆشۆردوو، لە سەر ملی گردەکە، ڕووناکیەکی کز و لاواز، چاوی لە باران دائەگرت. تیشکی ناسک لە دەرگای تەنگەبەری کۆخەکەوە، دەرئەکەوت و هەر لەو هەنگاوانەی یەکەمدا، بیمێنێ

بۆ کۆمای لێژنەکراوی کۆتەدارەکان، دائەمردەوە. ئەولاتر، لە خوار شیوی گردەکەوە، لای قەڵاغی دارەکان، چەند چاڵی نە زۆر دوور لە یەکتر، دەمیان بەرەو ئاسمان داچەقاندبوو. چاڵی خەڵووز!

مەندەلوو، بە تەنها خۆی کۆتەداری لە جەنگەڵ خڕئەکردەوە و لەو چاڵانەدا کە خۆی هەڵیکەندبوو، ئەی سووتاند. سووتاوەکانی بۆ ماوەیەک لە ژێر لم و خۆڵدا ئەخەواند، تا ئەبوون بە ڕەژوو. پاشان لە ژێر خۆڵ دەری ئەهێنان، ئەیتەکاندن و لە فەردەی ئەکردن. ئەوسا فەردەکانی لە وشتر بار ئەکرد، ئەیبرد بۆ شاری سەبزەوار و لەمەیدانی خەڵووز ئەیفرۆشتن. هەندێ جاریش ڕێ ئەکەوت بارەکەی لە ناو ڕێ لە گوندێک دائەگرت و وردە وردە بەم و بەوی ئەفرۆشت، یان لەگەڵ گەنم و جۆ ئەیگۆڕییەوە. مەندەلوو لە گوند و ئاواییەکانی سەر ڕێیدا هەندێ ناسراوی هەبوون و هەرکاتە بە پێویستی بزانیبا، کۆمایەک داری ئەکرد بە سەربار و بۆی ئەبردن. کۆمایەک دار بە شێوێک و خواردنی وشتر. مەندەلوو، دوو وشتر زیاتری نەبوو، کە لەم کاتەشدا لە لای کۆخەکە خەوتبوون و باران ئەیدا لە سەر و گوێیان. بەڵام ئەمشەو وشترێکی تریش لەوێ خەوتبوو: بادیی گوڵمحەمەد. لە ناو کۆخەکە شوێن بۆ هەڵسە و دانیشەی زیاتر لە کەسێک نەبوو، بۆیە دوو پیاو لە تەنیشتی یەکەوە دانیشتبوون: گوڵمحەمەد و مەندەلوو.

مەندەلوو پیاوێکی کورتە باڵا و وردیلە بوو، بە ئەژنۆی چەماوە و دەستی درێژەوە. ڕوومەتی سووتاو، کوڵکن و چاوەکانی لێکنراو و کزبوون. چاوەکانی بەردەوام ئاوی پیا ئەهاتە خوارەوە و برژانگەکانی ببوون بە سێبەری؛ بەجێ و بێجێ، لێک لکابوون. شاڵی خوری وشتری لە سەری ئەپێچا و چۆخەیەکی شڕی لەبەردا بوو و بەلەک پێچە کۆنەکانی تا بن ئەژنۆ بە سەر شەرواڵەکەیدا ئەبەست و قایشێکی ئەستووری، نەزۆر توند، ئەبەستە پشتی. مەندەلوو لە تاغیدا یەکسەر و یەکتەن بوو. لە بەلووچەکانی

چاڵەسووتاو بوو. ئەوترا بنەماڵەکەی هەر لەوێ بەجێ هێشتووە. کوڕە گەورەکەی مووسا ـکە کاری دار و خەڵوزی پێ نەکرابووـ لە لای زڕبراکەی، پیرەخاڵۆی داڵاندار دانابوو کە کوڕی ئەو بێ و بەخێوی بکا. پیرەخاڵۆش مووسای نابوویە بەر تەوەنکردن. مووساش لە بەستێنی ساڵانی دژواردا، ببوو بە پسپۆڕی قاڵیچنین و ئەوەتا لە قەڵاچیمەن تەونی بۆ بابقولی بوندار نابوویەوە و کارگەی بۆ بەڕێوە ئەبرد.

لە دیواری کۆخەکەدا، لە ناو قووڵکەیەکی بچکۆڵەدا، چرا پڵێتەیەک بە دژواریی پرتە پرتی ئەکرد. کتری لە سەر بەردی کوانووەکە بوو و سفرەی قەند و تەنها پیاڵە کاشیەکەی مەندەلوو، لە بەردەمی گوڵمحەمەددا دانرابوو. گوڵمحەمەد لە سەر چۆکێک دانیشتبوو و پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە. کڵاوەکەی تاسەر برۆی هێنابوو و بیری لەوە ئەکردەوە ئەیویست بیڵێ. هەتا ئێرەی خاڵە مەندەلوو ڕووی خۆشی پیشان نەدابوو، سەرەڕای ئەمەش گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی نیوەکارە و بە بێ وەڵام هەڵسێ و لە کۆخەکەی مەندەلوو بچێتە دەرەوە.

ساڵانی دوور و درێژ بوو گوڵمحەمەد خاڵۆ مەندەلووی لە دوور و نزیکەوە ئەناسی. بە سڵاو و ماندوونەبیەک، بە دەم ڕێوە. بە تاوێک دانیشتن و چاک و خۆشیەکی کورت. خواردنەوەی قومێک ئاو و خواردنی بایەیەک تێکوشیوی خەستە توورەکە. یان ـلانیکەمـ بە کڵاو ڕاوەشاندنێک. بەڵام گوڵمحەمەد ئەیتوانی لەوە تێبگات، کابرایەک کە زۆربەی مانگەکانی ساڵ تاک و تەنها لەگەڵ کۆتەی دار و تاغی و دوو وشترەکەی ئەژی و لە کۆتەی دار، خەڵووز ئەهێنێتە بەرهەم. تاقە باڵ لە چاڵ دەری ئەهێنێ و لە پشتی وشتری ئەبەستێ و ئەیبات بۆ شار. ئەیفرۆشێ و پارەکەی لە حەوت کونی لەش و جلەکانیدا ئەشارێتەوە و وەک سێبەرێک ئەگەڕێتەوە بۆ نهێنگاکەی؛ کابرایەک کە تاکوو ئەمڕۆ شانی لە شانی کەس نەکەوتووە و نەبووە بە هاودەمی هیچ

مرۆڤێک، بەو ئاسانیە نابێ بە هاودەم و هاوڕێی هیچکەس و غەوارەیەک. مرۆڤی لەو چەشنە خوویەکی تایبەتی هەیە: ترس لە دڵ، بەدگومان و ئاگا لەخۆیە. هەر ئێستەش کێ چووزانێ چۆن دەربارەی گوڵمحەمەد بیر ئەکاتەوە و چ خەیاڵێک بە مێشکیدا تێئەپەڕێ؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەڵێی چی خاڵۆ؟ ها. ڕات لێیە پێکەوە کار بکەین یان نا؟ ئەگەر دڵت سستە من وشترەکەم لای تۆ دائەنێم. کەشێک، دوو کەش باری بکە، بیبە بۆ شار و بیهێنەوە. ئەوسا ئەگەر پێت باش بوو من وشترەکانی تۆ ئەبەم. دوو کەش تۆ ئەیانبەیت و کەشێکیش من. بەنۆرە، من عەقڵم بڕیویەتی. لەبری ئەوەی سێ جار بچم بۆ شار و سێ بار ئێزنگ لە ناو مەیدان بفرۆشم، جارێک ئەچم و سێ بار ئێزنگ دائەخەم. بیری ڕۆیشتن و هاتنەوە بکەرەوە. بۆ بارێک دار ئەبێ لانیکەم دە دوانزە فرسەنگ بڕۆم و بگەڕێمەوە. چیم بۆ ئەمێنێتەوە؟ مەگەر هەمووی ئەکاتە چەند؟ لانیکەم دوو ڕۆژ و نیوو ئەبێ بەڕێوە بم. ئەمکارە جۆرێک خێریشی تێدایە: یارمەتیدانی یەکدی. هیچ لە هیچکامیشمان کەم نابێتەوە. خۆ ڕەشماڵەکانمان ئەزانی. تیرە و ڕەچەڵەکیشمان ئەناسی. دنیا ئەمەیە ئیتر. ئەمساڵ وای لێهاتووە. ئێمە نیازمان پەیدا کردووە. بووین بە ئاتاجی نانی خۆمان. خۆت ئەزانی من مرۆڤێک نەبووم ڕوو لە هەر کەس بخەم. ئەمساڵ بۆ ئێمە ساڵێکی باش نییە.

خاڵە مەندەلوو، سەری هەڵێنا و لە نێوان پێڵووە نەخۆشەکانیەوە سەیری گوڵمحەمەدی کرد؛ تۆزێک پاشتر بە دەنگێکی چەند شاخە و بەزرینگە وتی:

ـ من قسەیەکم نییە کوڕی کەلمیشی. بەڵام دوو شت ڕێگرە. یەکیان ئەوەی کە من بە ئەندازەی دوو وشترەکەی خۆشم خەڵووزم بۆ دەرناهێنرێ. یەکیتریش ئەوەیە کە وشترەکەی تۆم بۆ نابرێ بە ڕێدا. ئەو وشترە، بادیە، تیژڕەوە. بەکاری

بارکێشان نایەت. منی پیرەپیاو چۆن لەگەڵیا هەڵئەکەم؟ بادی، بۆ بارکێشان نییە، بۆ سوارییە. چۆن ئەتوانم بە دوای وشترە ئارام و بارکێشەکانی خۆمدا ڕاکێشی بکەم؟ شەوێک، نیوەشەوێک هەوساری پچڕاند و سەری نا بە بیابانەوە، وەڵامی تۆ چۆن بدەمەوە؟ چۆن بیگرمەوە؟ جگە لەمانەش، لەم ساڵ و مانگەدا مرۆڤ چۆن ئەوێرێ پاتاڵەکەی بدا بەدەست کەسی ترەوە. مەگەر نابینی قوڵەدز و ڕێگر چەندە زۆر بووە؟

ـ بیانوو ئەگری خاڵە مەندەلوو. خۆ لەگەڵ مناڵ قسە ناکەی! ئەڵێی وشترەکەی من تیژڕەوە، ئەوە ڕاستە. بەڵام وشتری تیژڕەویش بار ئەبات، ئەگەر ئەڵێی دەرەقەتی نایەیت، کارێکی نییە بە سەفەرێک لەگەڵی ئاشنا ئەبی. خۆم دێم و ئاشناتان ئەکەم. دژوارییەکەی کەشێکە. ئەمەش کە ئەڵێی بەقەد دوو بار خەڵووز لە چاڵ دەرناهێنی، یان بیانووە، یان لە قسەکەت ورد نابیتەوە. چونکە ئەتوانی بە ئەندازەی دوو وشتر خەڵووز دەربهێنی، بەڵام لەبری ئەوەی بەدوو وشتر سێ جار بچی بۆ شار، بە سێ وشتر دوو جار ئەچیت. سەبارەت بە دزەکانیش بە بارێک کەم و زۆر نابێ. ئەگەر دز سەر ڕێگەی گرت، خۆ تەنها بادی من جیا ناکاتەوە و بیدزێ! ئەمەش ئەمە. جا ئەگەر ناتەوێ وشترکانت بدەی بە قەرز و قەرز وەربگری، ئەوەیان شتێکی ترە.

گوڵمحەمەد هەڵسابوو و ئەیویست لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە. ئەتوت نایهەوێ پیرەمێرد بخاتە گیر و گازەوە.

خاڵە مەندەلووش لەم ناوەدا نەیتوانی بیرەکانی کۆبکاتەوە و قسەیەکی بەسوود بە گوڵمحەمەد بڵێ. بۆیە بە بێدەنگی، لەگەڵ گوڵمحەمەد چووە دەرەوە. گوڵمحەمەد چوو بۆ لای بادی. هەوساری لە کەللەی دارەبەنەکە کردەوە و بە ئەمازەیەک وشترەکەی هەڵساند، هەوساری دا بە شانیدا و کەوتەڕێ. ئەوەندە نەڕۆیشتبوو مەندەلوو بانگی کرد. گوڵمحەمەد گەڕایەوە و پرسی:

ـ ئا، ژێوان بوویتەوە خاڵە؟

خاڵە مندەلوو وتی:

ـ وتم ئومێدت نا ئومێد نەکەم. تۆ جارێ بڕۆ، خۆم ئاگادارت ئەکەمەوە. ئەبێ باش بیری لێبکەمەوە. پاشان دێم بۆ لای ڕەشماڵەکان. لە لایەن منەوە سڵاوی کەلمیشی بگەیەنە!

ـ چاکە!

هەوا بۆ هەناسە کێشان، پاکترین بوو. بەڵام گوڵمحەمەد لە ناو سینەیدا هەستی بە خەفەبوون ئەکرد. هەموو شتێک لە بەر چاوی قورس و خەست بوو. باران و شەو، خەستتر. باشتر وایە دەنگ هەڵبێنێ و لە پانایی شەو و ئەو دەشتەدا بچریکێنێ. هەرایە!...

چی ئەکێشی گوڵمحەمەد؟ ئایە وردە وردە خەریکی ئەتوێیتەوە؟ هێدی هێدی ئەشکێی؟ هەنگاو هەنگاو پیر ئەبی؟ بە گەنجێتی ئەویش؟! پیریی زووڕەس. چەند باوکانە قسە ئەکەی! باری چەندین کەس، قورسایی هەموو بنەماڵەی کەلمیشی بە سەر شانتەوەیە. هەر لە بەر ئەمەشە ڕەنگە گوتەت جار لەگەڵ جار نەرمتر ئەبێ؟ ئەشکێی. پیرانە و بە پارێزەوە، لەگەڵ کەم بیانووترین کەسان تۆ بە نەرمی و کوڕنوشەوە قسە ئەکەی. چەند بە ئاوازێ! نەء! تۆ نیازمەندی و هەر ئەمەشە پشتی چەماندوویت، گوڵمحەمەد. ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی خەریکە لە پێت ئەخات. غەمی ساج و هەزرن و تووتن!

چی لێهات ئەو هەموو دفرە و دەمارەی لە ناو ئێسکەکانتدا بڵێسەی ئەکێشا؟ چی لێهات ئەو هەموو جەوانیە، شێتێتیە؟ مەگەر تۆ نەبووی سەرئاشپەزی سەربازخانەت بە تووڕەییەکی بێ ئەمانەوە برد بە حەوادا و کوتات بە ناو قازانەکەدا؟ مەگەر لە بەر ئەوە نەبوو کە نابەجێ وەڵامی دابوویتەوە؟ مەگەر لە بەر ئەوە نەبوو کە لەبری گۆشت، مشکی خستبوویە ناو یەغلاویەکەت و گاڵتەی پێکردبووی؟ مەگەر ئەوە گوڵمحەمەد نەبوو لە تووڕەیی

بێخەویی‌دا، بۆ سەرپێچی‌کردن لە فەرمانی زۆر، باندەستەکەی خۆی وەک کاژیلە کوتابوو بە گۆڵاوەکەی ناو پادگان‌دا، ئەویش لە چلەی زستان‌دا؟ مەگەر ئەوە تۆ نەبووی لە بەرامبەر ڕۆژ و شەوی بێ ئەژماردا ـبەتاوانی ئەو کارەی کردبووت ـ خۆت ڕاگرت و تاوت هێنا؟ ئەو کەسەی کە وەکوو سەگ و بەهەنسکە هەنسک، خوێن لە چاو و دەم بە دزوێن، لە زستانی ئازەربایجان‌دا داژووت، مەگەر گوڵمحەمەدێکی دیکە بوو؟ نەء، خودی خۆت بووی. گۆشتی گەنیوی هێسرت خوارد، ملت ڕاست ڕاگرت و پەنجەت لە سەر پیلکە هەڵنەگرت مەگەر بەو مەبەستەی باشتر بیچرکێنی؟ نەکا هێزی گیان و باهۆت ون کردبێ؟ بەم ئاسانیە بۆ ملکەچیی مل کەچ ئەکەی؟ لەشت سست ئەکەیت و بەرامبەر بە سووک بوونی خۆت، ئەحەپەسی؟ ڕێی تێناچێ تۆ بەو ئەندازەیە گۆڕابێتی! نەگونجاوە. ئەوە تۆ بووی لە سەر سفرەی بچووکترین پیاوی تاغزار بە زمانی پاڕانەوەی شاراوە قسەت ئەکرد؟ کێرد لەو ورگە بدات! بشکێ ئەو ددانانە! لاڵ بێ ئەو زمانەی بە کزی و سەرشۆڕی ئەگەڕێ!

چ ڕەنجێکە! دڵ دائەڕزێ. پەژێوانی.

«خۆزگە نەچوایەتم بۆ بینینی ئەم پیرەمێردە. خۆزگە داوای وشترم لێ نەکردایەت. یان کە چوو بووشم، ئەبوا وشترەکانم بە زۆر لێبسەندایەت. بە شووڵی گزیچارێک خۆزگە بمترساندایەت. ئەم نەرم و نیانیەی من لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ زمانم بەبڕین چی!»

ئازارێک وەکوو دوومان لە کاسەی سەری گوڵمحەمەددا پەنگی ئەخواردەوە و بەرچاوی لێڵ ئەکرد. ئەو مشتومڕەی لە مێشکی‌دا هەبوو، وەها ئاڵۆزی کردبوو هەر ساتەو ئەیویست بگەڕێتەوە بەرەو کۆخەکە، سمێڵی پیرە مێرد هەڵکێشی و جووتێک شەبلاخە بدا بە بناگوێی‌دا. ڕقێک لە بن ددانەکانی‌دا بوو و ناخی خۆی هەڵئەکڕاند. ئەوەندە تووڕە ئەگەر کێردێکی

لە سینەی یەکێکیش بچەقاندایەت پێی بەس نەبوو. شێتی لەپڕ! چی بکات؟ چارەیەکی نەئەدی جگەلەوەی بەرەو ڕەوەند بڕواتەوە. کڵاوی داگرت و کاکۆڵی دایە بەر بارانەکە. بلا یاوی شەو دامرکێتەوە. تووڕەیی لە گیان دوورکەوێتەوە. نابێ هەڵچێ. پیاوە و جەربەزە. ژاکان؟ نەء! خۆخواردنەوە و خەنجەری ڕق لە خۆدان؛ چ سوودێکی هەیە؟ ئەمە زیاتر لە پێرێژنان ئەوەشێتەوە تا لە پیاوی کارامە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی زیز و زویر نەبێ. دەروونی ڕەش ببوو. هیوا بڕاویی بە گاوڵکێ لێی ئەچووە پێش. بۆ ڕووخان شتێکی وای نەمابوو.

کەوتن؟! ئەو ڕۆژە نەیەت!

کاتێک وشترێک لە پانتایی کەویردا لە پێ ئەکەوێ، ئاسمان پڕ ئەبێ لە داڵ و سیسارک. قەلان لە هێرشی یەکەمدا چاوەکانی لە کالانە دەرئەهێنن و گیانەوەرانی تر ئەیخۆن. پیاویش وایە. دەک لەپێکەوتن ڕۆژی نەگات. نەیەت! شکان ڕەنگە، بەڵام تلان نا. نەبوون باشترە، لە هەبوونی بە نیوەچڵی. شەلانی بێهوودە، هەرگیز! مەرگ تەنانەت لە سووکبوون زۆر باشترە. پیاو خۆزگە ڕیسوا نەبێ. کام ڕوانگە لە چەمانەوەی پیاو دڵ شکێنتر؟ لباد بۆ لوول کردنە، نەک پیاو! نەء گوڵمحەمەد هێشتاش ڕاوەستاوە. دەستەکانی هێشتاش لەگەڵیەتی، چاوەکانی، دڵی، قاچەکانی. خوێن جارێ لە دەمارەکانی‌دا ئەگەڕێ. نەتوانین نا؛ ئەمە لاوازتر لەوەیە بتوانێ گیانی گوڵمحەمەد داگیر بکات:

دوور کەوەرەوە بێدەسەڵاتی! کوێر بە! زەوی هێشتا لە ژێر پێی گوڵمحەمەد دایە. هێشتاش چاو لە چاوی ئەستێرەکان ئەگیرێنێ. کەمیی خواردەمەنی و تەنگدەستی هێشتاش جوامێرییەکەی لێ نەسەندووە. غەم بلێ با ون بێ. تۆ نەشیاوی گیانی گوڵمحەمەدی. ئەو وردە پەژارەیە نەخوڵقاوە. دەریا بە سروەیەک نالەرزێ، کێو بە نەڕەیەک و کەویر بە گەردەلوولێک !

گوڵمحەمەد لە کێشەی ئەو غەم و هاوارەی لە گەرووی‌دا بوو، ڕووی لە وشترەکەی کرد. بادی، ئارام و میهرەبان نیگای کرد و ملی بۆ لای هاوڕێکەی دابەزاند، گوڵمحەمەد چاو و گۆنای بە تەوێڵی وشترەکەی‌دا هێنا و بە خەفەتەوە وتی:

ـ هەڤاڵەکەم! هیوام ئەمساڵ بەس بە تۆیە. گیانەکەم، لەم زستانە دەربازمان بکە. لێم دڵگیر مەبە ئەگەر بەقەد دوو بار، کۆتەدارم لێ بار کردی. ئاتاجم. خۆت ئەبینی! بەس تۆم هەیە پاتاڵەکەم. من بەس تۆم هەیە. ئەمساڵ تۆ ئەبێ جەوری بنەماڵەی کەلمیشی بکێشی، بادیەکەم. لێدە با بڕۆین ئازیزەکەم. بڕۆ با بڕۆین!

بادی دەستەکانی تۆزێ چەماندەوە، گوڵمحەمەد چووە سەر شانی وشترەکە و بە «هووک هووک»ێک وشترەکەی تاو دا.

باران وەستابوو، کاتێکە گوڵمحەمەد گەیشتە لای ڕەوەند. لە خێوەتە گەورەکەوە تیشکێکی نیوە گیان دزەی ئەکردە دەرەوە. چەند هەنگاو و ئەولاتر هەناسەی لێ ئەبڕا و پووک ئەبوو. تەواو ئەبوو. لە ڕەشماڵەکان کە نزیک بوویەوە، بادی خاوی کردەوە و گوڵمحەمەد لە دوورەوە تارمایی ئەسپەکەی خان‌ئاپۆی بینی. لای ڕەشماڵەکان خۆی هەڵدایە خوارەوە و لە کاتێکدا هەوڵی ئەدا توێژە تاڵەکەی ـ تاودانەوەی ناخی ـ توور دات، سەری بردە ژووورەوە. جگە لە بڵقیس و ماراڵ، هەموو خەوتبوون. دوو ژنەکەش وەک خەوتووەکان خامۆش بوون. چاوەکان خامۆش، لێوەکان بەسراو و دەستیان بەکار بوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی گوڵمحەمەد، هەردوو ژنەکە دەستیان لە کار هەڵگرت و چاویان لە سەر ئەو ئەبڵەق بووە. گوڵمحەمەد تاوی میهرەبانی دایکی نەبوو. بۆیە بەر لەوەی دایکی دڵی پێبسووتێنێ و دەم بکاتەوە، گوڵمحەمەد کەشکەی ئەژنۆی لە زەوی چەقاند و وتی:

ـ پاروویەک نان، دایە!

بڵقیس بە دەم هەستانەوە وتی:

ـ سەڵتەکەت داناکەنی؟ ئێسکت شێ هەڵئەگرێ.

گوڵمحەمەد، سەڵتەکەی داکەند و هەڵیدایە لایەکەوە. دەسبەجێ، ماراڵ پەلاسێکی هێنا و دای بە شانی پوورزایدا و چارۆکەکەی خۆی پێدا و وتی:

ـ کاکۆڵێشت تەڕ بووە!

بڵقیس، نان و تۆزێ ڕۆنی نایە بەردەمی کوڕەکەی و وتی:

ـ هەر ئەمە ماوە. کەم نییە؟

گوڵمحەمەد قژی وشک کردەوە. چارۆکەکەی دایەوە بە ماراڵ و نانی تیرییەکەی کرد بە دوو لە تەوە؛ ڕۆنی ساوی بە لەتێکیدا و کەوتە خواردن. کابرای بە ئیشتیا چاوی لە نانی ڕەش و ڕۆن و پەنجەکانی خۆی ئەکرد و هیچ بە بیریدا تێ نەپەڕی جگە لەوەی: بڵێی ئەم نانە تێری بکات؟

بەڵام ژنەکان بیریان لەوە نەئەکردەوە. خەیاڵی فڕیوی دایک سنووری نەبوو. لق و پۆپی خەیاڵی بڵقیس بە هەموو لایەک ئەڕۆیشت. هەموو شوێنێک. هەموو بوونەوەرێکی بنەماڵە نیشانە و لقێکی بڵقیس بوون. لە هەمواندا و لەگەڵ هەموان بوو: لەگەڵ خانمحەمەدی لە زیندان بوو و لەگەڵ بەگمحەمەدی بەڕێوە بوو. لەگەڵ کەلمیشی لە ڕان بوو و لەگەڵ خانئاپۆ لە خۆف و هەژاندا. لەگەڵ ژنەکان غەمگین بوو و لەگەڵ سەبراو بیری ئەکردەوە. لەگەڵ عەبدۆس لە دڵێشاندا و لەگەڵ گوڵمحەمەدی لە تەنگانەدا. مەنداوێک بوو بڵقیس کە هەموو جۆگەکان ئەڕژانە ناوی و لەویشەوە سەرچاوەیان ئەگرت. چەقی یەکگرتنەوەی ڕەوەند بوو، بڵقیس.

سەرەڕای ئەمەش بڵقیس خامۆش و خەریکی کار بوو. جارجارە سەیرێکی کورەکەی ئەکرد و چێژی لە نان خواردنەکەی وەرئەگرت، ماراڵیش بە ڕواڵەت خەریکی چنین بوو. بەڵام دڵ لە سینەیدا ئەفڕی. بێ ئارام خۆیای ئەکرد لەگەڵ ئەوەی لەو ماتەمینەی بە سەر ڕەوەنددا باڵی کێشابوو، ئاگادار بوو؛ بەڵام

-چی ئەبێ با ببێ- نەی ئەتوانی دڵ و نیگای لە گوڵمحەمەد وەرگێڕێ. بۆیە، زیاتر لەوەی چاوی لە دەست و کارەکەی بێ، چاوی لە گوڵمحەمەد بوو.

بەم جۆرەیە ڕەنگە کە گوڵ، لە سەرماشدا ئەتوانێ بڕوێ. دڵمەرگی و داماوی، کەی توانیوێتی ڕێ لە ئەوین بگرێ؟ سروشتی ئاگر، بڵێسە کێشانە و سروشتی خوێن، ڕەوان بوونە. ئەو شتەی کە بەند و شمشێر نەتوانێ پێشی پێ بگرێ، غەمی ورگ کەی ئەتوانێ! هەرگیز. ماراڵ دڵی دابوو بە دەریادا؛ باکی ڕیسوا بوونی نەبوو! خۆی دابوو بە دەستی باوە، چاوی پارێزکردنی بەستبوو و بەندی دڵی کردبۆوە. کۆت و بەند تاکەی؟ بلا هەموو جیهان پێ بزانێ. ئەگەر ئەمە تاوانە، ئاگر خۆشترە. بڵێ با دۆزەخ تاودەن. کۆتە و زنجیرێک. سەر، هەوای ڕاسانی هەیە. دێوانە وا لە بازاڕ!

«گوارەکانمی پێ ئەبەخشم. خەڵکینە ئێوە بزانن، گوارەکانم!»

پەنجەکانی ماراڵ بە بێ ئەڤان لە نەرمەی گوێی نزیک بوونەوە؛ دڵی پەنجەکانی هێنا بە سەر گوارەکانیدا و بۆ ساتێک لێبڕوانە چاوی لە گوڵمحەمەد بڕی و هەروا مایەوە. ئەتوت نایەوێ چاو لە پوورزا هەڵگرێ تا وەڵامی خۆی لە ناخی چاوەکانی وەر ئەگرێتەوە:

«ئا، گوڵمحەمەد، چاو و دڵت کوێرە مەگەر؟ لە کوێی؟ دڵ تۆی ئەوێ. چاو خوازیاری تۆیە!»

گوڵمحەمەد سەیری ماراڵی کرد.

جێی باوەڕ نییە؟ ئەم ژنە چۆن ئەتوانێ لەم تەنگانەیەدا ئاوەها شەنگ و بەشکۆ لە مرۆڤ بڕوانێ؟ لە ئاژاوەی وەهادا کە نەبزووتنی هەناسەی مرۆڤ ئەداتە دواوە، تا بووە نەفرەت لە چاوەکان باریوە. هەموو نیگایەک، پەیامێکی بێزاری و نا ئومێدی. هەر نیگایەک پەردەیەکی ڕەش. پەردەیەکی ڕەش لە نێوان نیگاکاندا. تایبەنمەندی نەداریی. کاولستانیەک کە مرۆڤەکان

لەوێدا بەرد لەیەکدی ئەگرن. ددان لەیەکتر چیڕ ئەکەنەوە. خوێن بە چڕوچاوی یەکدا ئەڕشینەوە. سۆز ئەمرێ. بێگانەبوون ئەخزێتە ناو پەیوەندییەکان. قین لە دڵدا جێگیر ئەبێ. ڕەنگی تووڕەیی ئەبێ بە ڕەش. بزە ئەبێ بە خاک. ڕووی خۆش خۆڵەمێشی لێ ئەنیشێ. نیگا بریسکانەوەی خۆی ون ئەکات. غەمناڵە. گریان ئەبێ بە لوورانەوە. نەداریی! ئەی ئەم مێینە چۆن ئەتوانی لەم ڕۆژگاری ڕۆژە ڕەشیەدا، نیگایەکی تا ئەم ڕادەیە ڕوون و ئازادی هەبێ؟ پەکوو! ڕازی نەمریی مرۆڤ، ئایە ئەمە نییە؟

«گیانم تۆی ئەوێ. سەیرم بکە. سەیرم بکە. سووتام بێپیر! بم سووتێنە!»

ــ بۆچ چەناگەت لە کار کەوتووە، گوڵمحەمەد؟

بڵقیس هێڵی نێوان نیگای گوڵمحەمەد و ماراڵی تێکشکاند. گەڵمحەمەد لە چاوی دایکیدا خافڵگیر کرابوو. بڵقیس بە ماراڵی وت:

ــ بۆ دانیشتوویت کچێ؟ هەڵسە بڕۆ وشترەکە بخەوێنە!

ماراڵ لە ناوەوە لەرزی بەڵام خۆڕاگر، لەجێ ڕابوو چووە دەرەوە. بڵقیس لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ چ خەیاڵاتێکمان لە سەردایە!

گوڵمحەمەد دەرفەتی بە دایکی نەدا بۆچوونەکەی خۆی دەرببڕێ:

ــ باوکم چووە بۆ ڕان؟

ــ ڕۆیشت بۆ ئەوەی سەبراو تەنها نەبێ. بەگمحەمەدیش ڕۆیشت!

ــ بۆ کوێ؟

ــ بۆ دارکێشان. بە وشتری خان.

ــ هەروا سەربەخۆ؟

ــ وتی ناتوانێ لێرە لای ڕان هەڵبکات. کوڕەکەم دڵی هەڵکەنراوە. دڵی ئاسوودە نەبوو. فڕیی و ڕۆیشت!

گوڵمحەمەد پارووەکەی خستە دەمی و داوای ئاوی کرد. بڵقیس هەڵسا ئاو بهێنێ، خانئاپۆ خۆی کرد بە ژووردا:
ــ زوو کشایتەوە پاڵەوان؟
دڵ و جگەری مەڕێک بەدەستیەوە بوو هێشتا هەڵمی لێ هەڵئەسا، ئەمە ئیتر لە کوێوە؟ دیسانەوەش مەڕێکیتر؟ بەڵام لەوەناچێ وابێ. زستان کە نزیک ئەبێتەوە، نەخۆشی کز ئەبێ. مەگەر حەفیان کەوتبێتە گیانی مەڕەکان کە ئەویش هێشتا... جگە لەمەش، ڕوخساری پانی خانئاپۆ پڕ بوو لە پێکەنین و ددانە سپیەکانی ئەدرۆشانەوە.
ــ بە چییەوە وا مات بووی گوڵمحەمەد؟ چاوەکانت بەهەڵەدا نەچوون، جەرگی مەڕە. جەرگی بەختەیە. هەر ئێستە لە ناو سکیم دەرکێشایە دەرەوە. بگرە بڵقیس. سووری کەرەوە و بیهێنە بیخۆین. نانی بێ خورشت لە گەرووی من ناچێتە خوارەوە! ها ه ها. چ بارانێک بوو کوڕە! جگەرم فێنک بوویەوە.
زەرکی ئاوەکە بڵقیس دای بە کورەکەی و جەرگەکەی لە خانئاپۆ وەرگرت و ڕۆیشت تا بیجنێ. خانئاپۆ کە بە قسە و بزووتن تاوێک لە شادمانی دەربڕین نەئەکەوت، بەرامبەر برازاکەی دانیشت و وتی:
ــ دەی! بۆم بگێڕەوە!
گوڵمحەمەد پرسی:
ــ ئەمە کام بەختە بوو؟
ــ تۆ نەت دیبوو!
ــ چۆن نەم دیبوو؟
ــ چونکە هی خۆمان نییە!
ــ ئەی هی کوێوە؟ هینی کێیە؟
ــ خۆشم نازانم. ڕەنگە هینی یەکێک لەو کاشمەریانە بووبێ. چووزانم؟! ئێمە کە بیخوێن ئەبێ بە هی ئێمە!
ــ باشە چۆنت هێنا؟

ـ کارێکی دژوارە؟ لە پشت دەوەنەکە بن ملیم گرت و دام بە سەر ئەسپەکەدا و هێنام. بۆ وا چاوت زەق بووە؟ مەگەر تۆ لەم کارانەت پێ ناکرێ؟ چ خەیاڵێکت کردووە؟ پێت وایە چون ساڵ دژوارە، منیش لێرە دائەنیشم و وەکوو پیرێژن چەناگەم ئەخەمە سەر ئەژنۆم و غەمی بۆ ئەخۆم؟ هەهـ! من ئەگەر لە ناو گەرووی شێریش بووە نێچیری خۆم دەر ئەکێشم! لەم بیابانەی خوادا بەرەکەت کەم نییە. چۆن ئەبێ مەگەر؟ دانکە، مەڕەکانی ئێمەی خوارد، ئێمەش مەڕی خان و ئاغەکان ئەخۆین. بڕۆ دەرەوە سەیری بکە! لە سێ پێچکەم هەڵواسیوە. سێ مەن دونگ بە قنیەوە ئەشەکێتەوە. هاوار ئەکا هینی خانە، ئەگینا ڕەشایی هەژار خواردنی لە کوێ بوو بیدات بە مەڕەکەی و قەڵەوی بکات؟ حەیف بە تەنها بووم ئەگینا بیستیانم بڕ ئەدا و ئەمدایە بەر!

ماراڵ هاتە ژوورەوە و چوو بۆ یارمەتیدانی بڵقیس. گوڵمحەمەد لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ پیرەمێرد، زۆریش نابەجێ قسەی نەئەکرد!

خانئاپۆ کڵاوەکەی تەکاند و پرسی:

ـ کام پیرەمێرد؟

ـ مەندەلوو.

ـ ئەوەی خەڵوز فرۆش؟

ـ ئا. باسی دزی ئەکرد. ئەیوت لە دز ئەترسێ.

ـ ئەو ئیتر بۆ؟ لەمناوە هەموو ئەو ئەناسن، پێویستیشیان پێیەتی. کێ ئەچێ ئەو دوو وشترە ڕووتەڵەی ئەو بدزێ؟ بیاندزێ چیان لێ بکات؟ ئەوانە خۆ گۆشت بە لەشیانەوە نییە! شەیتان جادووی لێکردووە. تۆ ئیتر بۆ چووبویت بۆ ئەوێ؟

ـ ڕۆیشتبووم لەگەڵی ببم بە شەریک بەڵام نەیکرد.

خانئاپۆ قاقایەکی بڵێندی کێشا:

ـ واتە خەڵووز دروست بکەیت و بیبەی بۆ سەر مەیدان بیفرۆشی؟

ـ نا! خەیاڵم هەیە لە بەیانیەوە ئێزنگ بار بکەم و بیبەم بۆ شار.

ـ چاکە. خەرجی خواردنی وشترەکەت دەرئەهێنیٚ. بەڵام ئەی خۆت چی؟ خەرجی خۆت کیٚ ئەیدا؟

ـ خۆشم لە سفرەی وشترەکە ئەخۆم.

ـ دایکت، ژنەکەت، ئەم... ئەوانیتر چی؟

ـ چیم دەسکەوت پێکەوە ئەیخۆین. ئەگەر بەشیشی نەکرد هەتا نەورۆز چوار مەڕ ئەکوژینەوە.

ـ مەڕ ئەکوژیتەوە ئێسقانەکانی بخۆی؟ مەڕ خۆ گۆشت بە لەشیانەوە نییە!

ـ ئەی تۆ ئەڵێی چی بکەین؟

ـ هەر ئەو کارەی من ئەمەویٚ بیکەم. بیابانی خوا پڕە لە ڕۆزی. ئێمەش بە ئەندازەی خۆمان لێی خڕ ئەکەینەوە. بە ئەندازەی ورگمان ڕاو ئەکەین.

گوڵمەمەد وتی:

ـ نا خانئاپۆ. دەستی من ناچێتە ماڵی خەڵک.

ـ هەه! گەوجیەتیە. تۆ پێت وایە باپیرانمان لەم جۆرە ساڵانەدا چیان کردووە؟ سەری یەکدیان خۆ نەخواردووە! دیارە بە جۆرێک سکی خۆیان تێر کردووە، بە ماڵی خەڵکی! ئەمە نەریتی ناو ئێمەیە. جا نازانم تۆ چۆن وا ئەڵێی؟ لە کویٚ ئەتەویٚ نانی حەڵاڵ دەسبخەی؟

گوڵمحەمەد، کشایەوە و وتی:

ـ تا زۆرم بۆ نەیەت، ئەو کارانە ناکەم. دەست بۆ ماڵی خەڵکی درێژ ناکەم.

خانئاپۆ ئەم جار، لە بن ددانیدا پێکەنی و وتی:

ـ چەند ساوێلکەی جەوان! خەڵک؟ کام خەڵک؟ ئێمە خۆ نامانەویٚ ماڵی پیرێژنان بدزین. ئێمە بەشی خۆمان لە ڕانی گا ئەکەینەوە. لە هی خانەکان، ئەمە خۆ دزی نییە! ئەوان لە

خەڵکیان دزیوە و ئێمەش لەوانی ئەدزینەوە. هیچمان لە هیچ!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ من کە کاری وا ناکەم، حەز ناکەم. لە بەیانیەوە ئەڕۆم بۆ دارکردن. دوو ڕۆژ جارێک، بارێک دار ئەبەم بۆ شار و بەوەی ئەیفرۆشم خۆم بە خاوەن ئەکەم. ئەمکارانەی کە تۆ ئەیڵێی دڵە خورپەکەی ناهێنێ. بە بێ ئەمەش ئەوەتا یەکمان هێشتا لە زیندانە. جارێ با ئەو بێتە دەرەوە، ئەوسا یەکێکی‌تر بچێتە حەپس. نا ئاپۆ گیان. من دارکێشان زیاتر بە ڕەوا ئەبینم. تۆش خۆت ئەزانی. من بەیانی زوو ئەچم بۆ دارکردن.

گوڵمحەمەد لەوە زیاتر درێژەی بە وتووێژەکە نەدا، لە ناو بۆن و دەنگی چزەچزی سوور بوونەوەی جگەرەکەدا، هەڵسا و چووە دەرەوە و لە تاریکی شەودا وەستا. سەری بەرزکردەوە و بە خۆی وت:

ـ هەوا پڕبار خۆیا ئەکا. بەهارێکی چاکمان ئەبێ ئەمساڵ!

**بەندی سێیەم**

ئاسمان هەروا ناوچاوی تێک نابوو. پاشماوەی بارانەکەی شەو خۆی ڕاکێش کردبوو بۆ ئەمڕۆ. هەوری ئاوس، هەروا خۆی مەڵاس دابوو. بیابان ئارام. ئاسمان ئارام. هەمووشت ئەتوت، هەڵواسراو و چاوەڕێیە. ئاوس. شتێک ڕووئەدا و ڕوو نادات. شتێک ئەیەوێ بمرێ و شتێک خەریکە ئەڕوێ. شتێک، ڕەنگە بپشکوێ؛ شتێک، ڕەنگە بژاکێ. جەنگەڵی تاغ، خامۆش و وڕ؛ دەوەن، لە سەر پێ، نمی باران، نیشتۆتە سەر سەروگوێی گەونزار، گەون، خەرمانۆچکە، لە سەر خاک خێوەتیان هەڵداوە و چاوەڕوانی دەمی پێمەڕەن. کاری ئامادە. کوانێ پیاوێک؟ بێڵەکانێک؟

تەنها یەک تاقە کەس، لەو هەموو دەوەنەدا، لە کاردا و خەریکی کار بوو. ونبوو لە ناو دەوەنی تاغی و گەوندا. ئەوەندەی دوور بووی تەنها شان و بازووت ئەبینێ؛ لە نزیکەوە، خشەخشی پێمەڕە و دەوەن. نزیکتر کە ئەبوویتەوە، هەناسە کێشانی پیاوێک بە ئاهەنگی کار. پچڕ پچڕ بەڵام هارموونیک، لە کێشەی نێوان دەوەن و پێمەڕە زیاد ئەبوو و لێک تێکەڵ ئەبوو. پیاوێک لە کار بوو؛ گوڵمحەمەد. پێمەرەیەکی دەسک کورت ـکە زیاتر بۆ هەڵکەندنی چاڵی ئەستوندەکی خێوەت ئەشیا تا کەرتکردنی گەون ـ بە دەستەوە گرتبوو، شانی ڕاستی دانەواندبوو و ئەژنۆکانی بۆ پێشەوە خەواندبوو، بن بە دوای بندا

دره‌وی ئه‌كرد. بنه گه‌ونه‌كانی به ده‌می پێمه‌ڕه‌كه ئه‌تلاند، تێكی ئه‌كوتان و كۆما كۆما جێی ئه‌هێشتن. ئاگای له هه‌موو شتێك هه‌بوو مه‌گه‌ر له ده‌سكی خوار و كورتی پێمه‌ڕه‌كه كه ناو ده‌ستی چه‌پی تۆزێ بریندار كردبوو و جار له‌گه‌ڵ جار، زیاتر پێسته‌كه‌ی دائه‌ماڵی. له یه‌كه‌م كاژێره‌كانی كاركردن‌دا بیری له‌وه كردبۆوه به فرۆشتنی یه‌كه‌م باره دار، پێمه‌ڕه‌یه‌كی نوێ و پاچێك له بازاڕی ئاسنگه‌ره‌كان بكڕێ و له بن داره‌به‌نی وشتره‌كه‌ی ببه‌ستێ و له‌گه‌ڵ خۆی بیهێنێ. كه‌ره‌سه‌ی كار ئه‌گه‌ر به‌كار بێ، به‌رهه‌می كار دوو ئه‌وه‌نده‌یه. هه‌ر بۆیه‌شه كه‌ره‌سه‌ی كار نیوه‌ی پیاوه. ئه‌و پێمه‌ڕه‌ی گوڵمحه‌مه‌د به‌ده‌ستیه‌وه بوو بۆ كه‌رتكردنی هه‌ر ده‌وه‌نێك هێزێكی له‌ڕاده به‌ده‌ری پێویست بوو. پێمه‌ڕه‌ی ماڵی بوو نه‌ك بیابانی. پێمه‌ڕه‌یه‌ك بۆ هه‌ڵكه‌ندنی كوانوو، بڕینی باوه‌شێك هێزمی ته‌نوور و وه‌جاخ. كارێك كه زیاتر ژنانی كه‌لمیشی ئه‌یانكرد. كارێك له لاوه‌ی كاره سه‌ره‌كیه‌كان. به‌ڵام، وا پێشهاتبوو و گوڵمحه‌مه‌د چاری نه‌بوو جگه له‌وه‌ی به‌م كه‌ره‌سه لارولەوێره، باری خۆی له خاك خڕكاته‌وه. ئه‌و پێمه‌ڕه‌ش ئه‌گه‌ر نه‌بوایه ئه‌بوا ده‌ستی له‌بری پێمه‌ڕه به‌كار بهێنێ. هه‌ڵكه‌ندنی گه‌وه‌ن به‌ده‌ست. كارێك بوو ئه‌بوا بكرێ. ئه‌مه نه به حه‌زی گوڵمحه‌مه‌د بوو، ئه‌مه ناچاریی بوو. بۆیه‌ش بوو پشتوێنه‌كه‌ی توندتر به‌ستبوو. پووزه‌وانه‌ی پێچابوو و پێی له لێره‌وار نابوو. كار! كاری بێ وچان.

قسه‌ی تیا نییه. كات ئه‌وه‌نده ته‌نگانه‌یه و وه‌ها كه‌لمیشیه‌كانی خستۆته ته‌نگانه‌وه تاوێكیش نابێ لێی بوه‌ستن، ئه‌بوا بجووڵێن. له ناو ڕه‌شماڵ خه‌وتن یان دوای ڕانی بێواز و بێگیان كه‌وتن، یاخود سه‌ر ڕێ به خه‌ڵكگرتن كاری گوڵمحه‌مه‌د نه‌بوو. وا باشتره وزه‌ی بازووی بڕه‌تێنێ. گوشار بۆ خۆی بهێنێ. خۆخواردنه‌وه، لێو به ددان گه‌ستن، خوێنی دڵ خواردن، ڕوومه‌ت به زلله‌سوور ڕاگرتن، شاردنه‌وه‌ی نه‌داریی، چاو و دڵ به تێر

پیشاندان، مشت لە ورگ کوتان و لە سەر خاک خەوتن؛ سەرەڕای هەموو ئەمانەش ڕوو بەگەشی ڕاگرتن. خامۆش بمێنە و بمێنە. حەیفە ناوچەوانی پیاو بە وردەغەم تێک بچرژێ. پاروویەک کەمتر، ژەمێک کەمتر، سفرەیەکی بەتاڵتر. بێ خۆرشت. نانی جۆ. نانی ڕەش. نانی هەرزن. گەنمەشامی. ڕیشەی گیا. ناوکە خورما. خۆڵ! زەمانەیە ئیتر. هات و نەهاتی هەیە. پەز شەش مانگ قەڵەوە و شەش مانگ لەڕ. سێوێک هەڵدەی بە حەوادا هەزار سووڕ ئەداتەوە. کێ بەیانی بینیوە؟ بەهار لە پێشە!

ــ بۆچی پێت ڕووت کردەوە؟

پەیکەرە چەماوەکەی ڕاست کردەوە گوڵمحەمەد. دەستی لە دەسکی پێمەڕەکە بەردا، ئارەقەی نێوچەوانی بە قۆڵی کراسەکەی پاک کردەوە و ڕوانیە ئاقاری دەنگەکە. ماراڵ بوو، لای دارێکی تاغیەوە وەستابوو. دیار نەبوو. ئەتوت هاتۆتە خەوی گوڵمحەمەد. بۆ تاوێک نیگای لە سەر ماراڵ چەقی و لە پڕ برژانگە وشک و تیژ ڕاوەستاوەکانی لێک دا و ڕوانییە پێ پەتیەکانی. لە نێوان قامکەکانیەوە قوڕ دابوویە دەرەوە و پشت پێی داپۆشیبوو. هەستی شەرمێکی نائاگا، ئەوەندە تیژ بە مێشکیدا تێپەڕی کە هەتاو لە سەر گەڵا.

ئەمە یەکەمجار بوو گوڵمحەمەد بەو جۆرە کەوتبوویە پێش چاوی ماراڵ. کار، شیاوی گوڵمحەمەد بوو. بەڵام خۆ کاری گوڵمحەمەد ئەمە نەبوو. ئەو کە لە بەر چاوی ماراڵ، ڕوو لە ڕووی باوکی دەستی لە دروێنە ـچونکە بە شیاوی خۆی نەزانیبووـ هەڵگرتبوو. کە لە بەر بێکەڵکی کارەکە دەستی لە کار کێشابۆوە و چوو بوو بۆ کەلیدەر. کە ئەسپە سەرکەشەکەی ماراڵی بەو جۆرە جوامێرانە ڕام کردبوو و هەڵی پێچابوو. لەم کاتەدا نەک وەک پیاوێکی بەکار، بەڵکوو وەکوو بیابانگەردێکی ناچار خەریک بوو داری ئەکرد. دیسانەوەش شاڵاوی هەستە بیر لێنەکراوەکان.

ــ تۆ بۆچی هاتی بۆ ئێره؟!

سەرکۆنە و فەرمان لە وشەی گوڵمحەمەددا بوو. سەیری چاوەکانی مارالّی نەئەکرد. نەی ئەویست گرێی ناوچەوانی بکاتەوە. نەی ئەویست کچە ڕێ بدات بە خۆی. لەگەڵ ئەمەش نەی ئەویست دڵی بشکێنێ. پێی باشتربوو ئەو لە هەمان پەردەدا کە تائێستە دیبووی، ڕابگرێ، بۆ نزیکتر نابێ ڕێی بدات، چونکە لۆکە بوو ئەو و ئەمیش ئاگر، ترسی بڵێسە!

رووی دا ئەوەی ئەیویست ببێ.

ماراڵ، بە خەیاڵی کاردانەوەیەکی جیاوازەوە، لە سەر جێی خۆی وشک بوو. ژاکا و چاوەکانی لێڵ بوو. وەک پڵیتەی فانۆسێک کە دابکێشرێ. بوخچەی نانەکە لە ناو دەستیدا داخزا و هەستیکرد ئەیەوێ دابنیشێ. بەڵام بە سەر خۆیدا زاڵ بوو، ڕاوەستاو مایەوە:

ــ نانم بۆ هێناوی!

گوڵمحەمەد دانەویەوە و کەوتەوە کار. ڕەهایی لەمەدا بوو. سەر داگرتوو و نیگا بە دەست، دەست بە پێمەڕە و پێمەڕە بە بنە. هەڵاتن. پارێزی شاراوە:

ــ بۆچی تۆ؟ بلّقیس ناردتی؟

گرێی گیانی ماراڵ، بە گوتەی گوڵمحەمەد کرایەوە:

ــ بەڵێ نانی گەرم!

ــ زیوەر لە کوێ بوو؟

ــ ئەو هەویری ئەشێلا و پوریشم نانی ئەکرد. نانی تیری. ئەم چەند نانەشی بە تۆزێ ڕۆن چەور کرد.

ــ چاکە. لەوێ دایاننێ. لە بن توربێنەکە. جوان بێپێچەوە بادی لەبری من نەیکا بە قەپاڵێک. ئەو ٤٤٥

جەوەنەی ئاوەشم بۆ بێنە دەمم تەڕ بکەم.

ئەمە ئیتر ئەوپەڕی ڕزگاریی بوو. ماراڵ هاتەوە بە خۆیدا. لەنجەی کرد و بەرەو توربێنەکە چوو، نانەکەی لە بەرەکەکەی

پووزایەوە پێچا. گوڵمحەمەد، لە بن خەمی بازوویەوە، بە دزیکەوە سەیری ماراڵی کرد.

کێ بوو ئەمە؟ چی بوو ئەمە؟ کۆترێکی غەوارە، لە دووری دوورەوە هاتووە و لە سەر ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەی گوڵمحەمەد نیشتۆتەوە. بەڵام هێشتاش خۆفێکی کۆنینەی لەگەڵ خۆیدا هەیە. نیگەران و حەپەساوە. بە هەستی بێگانەبوون و ناهێمنی، دڵی لە دوولایە. نە لە لایەک مانەوە و نە نە هێزی فڕین. لەو ناوەدا ماوەتەوە؛ کاری خۆی بە یەکلایی نازانی. دڵی ناتوانێ ئارام بکات. سەری نەبووە بە یەک. هەرچەند نە لە دەرەوە، بەڵام لە دەروونەوە سەرگەردانە. دەربەدەرە. پاڵی بە هیچەوە نییە. بایەک ئەتوانێ بەملا و ئەولا، بۆ هەر لایەکی بەرێ. قنەلاشک. ژنە. بە چەم و خەمە. ئاڵۆز و شێواوە. سەری لە کوێ و دڵی لە کوێیە ئەم ژنە؟ ها؟

ــ ئەتەوێ لەمڕۆوە پێ بە پێی تۆ کار بکەم؟

ــ ها؟!

ــ ئەمەوێ هێزم کۆ بکەمەوە، بێکار و سەربار ناتوانم دابنیشم. لە ناو ڕەوەند هەڵناکەم.

گوڵمحەمەد قەدی ڕاست کردەوە. ماراڵ لە لایەوە وەستابوو و جەوەنەی ئاوەکەی بۆ ڕاگرتبوو. گوڵمحەمەد جەوەنەکەی لێوەرگرت، پەتی ملەکەی کردەوە، لێوی جەوەنەکەی برد بۆ لێوی و گەرووی تەڕ کرد. پاشان، جەوەنەکەی نایە ناو دەستی ماراڵ و کەوتەوە کار:

ــ لە ناو ڕەوەند کەسێک شتێکی پێ وتووی؟ زمانی لێداوی؟

ــ نەء.

ــ تانە و تەشەریان لێداوی؟

ــ نەء. نە ئەوەندە!

ــ ئەی چی؟

ــ خۆم بە پەرۆشم. لە سفرەیەک نان ئەخۆم کە نانی تێدا

نییە. ناتوانم. دەستم ئیتر بۆ نان ناچێ، ئەبێ کارێک بکەم، کارێک کە بەهرەیەکی هەبێ.

ــ کاری بەهرەدار دارکردنە؟

ــ مەگەر کاری تریش هەیە؟ ئەگەر هەشبێ بە من ناکرێ.

ــ ئەی دوێشەو بۆ ئەمەت باس نەکرد! لەوێ کە خانئاپۆ دانیشتبوو؟

ــ پاشان هات بە بیرمدا. کاتی خەوتن.

گوڵمحەمەد دەستی لە کار کێشایەوە:

ــ پێت وایە ئەتوانی هێزم بکەی؟

لەبری وەڵام، ماراڵ پێمەڕەکەی لە دەستی پوورزای دەرهێنا و چوو بۆ ناو دەوەنەکە، گوڵمحەمەد کەوتە سەیرکردنی، کچە، نەشارەزا بەڵام بەکار پێمەڕەکەی ڕائەوەشاند. وزەیەکی بۆ کەرتکردنی هەر بنەیەک بە کار ئەهێنا، بەڵام بەرەنجامی کارەکەی هاوسەنگی ئەو هێزە نەبوو بە کاری ئەبرد. بەتوانا دیار بوو. ئەکرا بوترێ پاش چەند ڕۆژ، شارەزا ئەبێ. خۆ دانەواندن، پێمەڕەکە بە لەباریی بە دەستەوە گرتن و بنی دەوەنەکە، ڕاست نیشانکردنی بنی دەوەنەکە، خۆ گرتنی قەڵای خەیبەر نییە!

ماراڵ نەزۆر دوورتر لە گوڵمحەمەد وەستا، وەرگەڕا و وتی:

ــ لە دەستم دێت یان نا؟ ڕێگەی کارەکەش ئەزانم. من لێرە هێزم ئەبڕم. کۆمای ئەکەم، تۆ ئەیبەی بۆ شار و ئەیفرۆشی. تا تۆش لە شار ئەگەڕێتەوە من بارێکی ترم ئامادە کردووە. نە تۆ کاری دووکەس ئەکەیت و نە من بە بێکاریی دائەنیشم. کارەکەشمان خێراتر ئەچیتە بەرەوە. کار بەرەنجامەکەی ئەبێ بە دوو بەرامبەر. مزی کاریش ئەبێ بە دوو بەرامبەر. تۆ بە بەردەوامی بار ئەبەی بۆ شار و منیش بەردەوام هێزم ئەکەم. هیچکامیان هیچکات بێکار نابین. نە تۆ، نە بادی، نە من. دوێشەو تا دەمەو بەیان لە بیری ئەمەدا بووم. جا تۆ ئەڵێی چی؟

«ئەڵێم چی؟ چی بڵێم؟ چی ئەتوانم بڵێم؟»

لێو بۆ گوتە ناکرێتەوە. کار، حەزی کار و ناچار بوونی کار، خۆی لێ‌لا نادرێ. کچە ئەیەوێ خۆی لە سەرباربوون، ڕزگار بکات. گوڵمحەمەد ئەتوانێ چی بڵێ؟ ئەویش بەو شێوە گوتنەی ماراڵ. مەگەر ئەکرێ پێی بوترێ «نا»؟

ئەوەی کچە بە دەمیەوەیە، خۆ زمان نییە؛ چزووی چەمانی مارێکە ئەخزێ و ئەسووڕێ و ئەگەزێ. بەڵام بۆ چی ناتوانێ خۆی لێ‌لادا. چ گیروگرفتێک، چ ڕازێکە؟ زۆر بینراوە مار مەلێک جادوو ئەکات و تا قووتدانی لە ناو ئەفسوونی خۆی‌دا ڕای ئەگرێ. گوڵمحەمەد بیری ئەکردەوە:

«من خۆ مەل نیم. ئەی ئەوە چۆنە خەریکم لە بەر گڕی گەرمای نیگای‌دا دائەهێزرێم؟ خەریکم نەرم ئەبم. بەفر و هەتاو، ئەتوێمەوە. ئەتوێمەوە. چ هێزێکە!»

ئەو چاوانە چ هێزێکیان تیایە؟ چییان لە خۆدا شاردۆتەوە؟ چییە ئەو شتەی نەرمە نەرمە ئەخزێتە گیانم ـخزاوە!ـ و تا سنووری بەراوەژووکردن و تۆ هەستی پێ ناکەی؟ تیشک. تیشک. ڕووناکین؟ ڕۆشناییین؟ ڕووناکی خۆ ئەبینرێ. ئەی ئەمە چییە؟ ئەی ئەمە چییە؟ دزە ئەکا بۆ ناو ناخت و تۆ تێی‌ناگەی. بڵێسەیە. بەڵام بڵێسە مەگەر لە چاو ون ئەبێ؟ لە کوێی گیانەوە، ئەم نیگایە سەر دەردێنێ؟ جار گیان ئازار ئەدا و جاریش گیان پڕ ئەکا لە شەوق و حەز. جار لە ناو گومانێکی کوشندەدا ئەتخاتە گیر و گازەوە و جار بە هێرشی نەناسراوەکانی خۆی ئۆقرەت لە بەر ئەبڕێ. هەر ئێستە. وەکوو ئێستەکانێ. ئەوا کەوتوویتەتە گیرەوە. ماراڵ، هەروا وەستاوە و چاوی تێبڕیووی. چیان هەیە ئەم چاوانە؟ چی ئەڵێن ئەم چاوە برژانگ ڕەشە چەماوانەی بۆ سەرەوە، کەوانی. برۆی پەیوەست و تەوێڵی سپی. گۆنای خڕ و نەرم و تەرچک. لێوەکانی تامی کاڵەک ئەدەن ڕەنگە؟! بەڵام نەک ئەم ڕووە و نەک ئەم چاوانە. نیگا؛ نیگا! خێرا، بە فڕکە، لووس، شەپۆلاوی و بە بریقە. ملۆزم! دوو دووپشکی بۆر و بچووک، لە

قولایی گۆلی چاوەکانیدا بە شلەژاویی کلک ئەجوولێنن. چزووی ئەم دووپشکانە، ئەم دووپشکە بچووکە غەمگینانە بۆی هەیە هەموو کاتێک پێتەوە بدەن. هەڵت بەزێننەوە. تەز بە گیانتدا بهێنن، ڕات وەشێنن.

دێتە پێشەوە. دێتە پێشەوە. هاتە پێشەوە. نزیک بوویەوە. نزیک. نزیکتر. گوڵمحەمەد گەڕانی هەناسەکانی هەست پێئەکا. نیگای، ڕوخساری گوڵمحەمەد گەرم دا ئەهێنێ. هالاوی تەنوور، بە داری تەنگز. گوڵمحەمەد نازانێ ئەبێ چی بکات. پێمەڕەکە لە دەستی ماراڵ وەرئەگرێ و پەلاماری نزیکترین دەوەن ئەدا.

ــ بۆ ئەشەلی پوورزا؟

ــ دڕک لە بن پێمدا شکاوە. نەمتوانی دەری بهێنم. دەرزیم پێ نییە.

ــ من هەمە!

ماراڵ سنجاخەکەی لە لەچکەکەی کردەوە. بەڵام نەچووە پێشەوە. هەروا وەستا و وتی:

ــ بۆ پێڵاوەکانت لەپێ ناکەی؟

گوڵمحەمەد وەڵامی دایەوە:

ــ قوڕیان پێوە ئەلکێ، قورس ئەبن و هەر تاکێکیان ئەبێ بە مەنێک. مەنێک بە هەر لنگێکی مرۆڤەوە ببەستی خۆ ئیتر ناتوانێ بڕوابە ڕێدا! چ جایە تازە کاریش بێ.

ماراڵ دەرزیەکەی پیشانی گوڵمحەمەددا وتی:

ــ ئەتەوێ دەری بهێنم؟

بن پێی بەرزکردەوە و بە لێواری پێمەڕە قوڕەکانی تاشی وتی:

ــ چووزانم؟ ئەبێ خزابێتە ناو گۆشتەکە. ڕەنگە ون بووبێ. ئاخر، سینەی پێ دەماری هەیە. ڕەنگە گوشار ناردبێتی بۆ بنەوە. نازانم.

ماراڵ، لەوە زیاتر لێی نەوەستا. چوو بۆ لای گوڵمحەمەد و لە بەر پێی دا لە سەر عەرزەکە دانیشت، پووزی گوڵمحەمەدی

گرت و بەرزی کردەوە. گوڵمحەمەد پشت بەو، وەکوو ئەسپێک کە بۆ ناڵکردن ڕای ئەگرن، لە سەر قاچێک وەستا و خۆی بە دەسکی پێمەڕەکە ڕاگرت. پێی ژێر دەرزی، ئەبێ پاڵی دابێ بە جێیەک، شوێنێکەوە.ماراڵ پەنجەی پێی پوورزای لە سەر ئەژنۆی دانا. پەنجەکانی پێی کابرا، گەرمای ئەژنۆی ماراڵیان هەست پێکرد. یان پێی وابوو هەستی پێ‌ئەکا. ماراڵ، بن پێی پوورزای بە سەرقۆڵی کراسەکەی سڕییەوە، پاشان جێی دڕکەکەی بە تف خووساند. دڕک لە سینەی پێی چەقیبوو. ماراڵ، پێی بەرزتر کردەوە بۆ ئەوەی باشتر بیبینێ. گوڵمحەمەد خۆی پێ ڕا نەگیرا، بە چۆکا کەوت و بە شەرمەوە کەوتە پێکەنین:

ـ بە تۆپزی پاشقولیش ئەگری؟!

پێکەنینەکەی گوڵمحەمەد، ماراڵ باوەڕی پێکرد:

ـ بۆچی منت پێ چییە؟ پێت وایە هەر تۆ ئەتوانی شەودێزە سەر کەشەکەی من ڕام بکەی؟

گوڵمحەمەد، شوێن قسەکەی گرت:

ـ ئەو ئەسپە خۆی ڕام بوو! من ئەمویست تۆزێ سەر بخەمە سەری.

ماراڵ بە لایەنگری لە ئەسپەکەی وتی:

ـ شەودێزی من بە کەم ئەگری؟! تا ئەو ڕۆژە جگە لە من و دلاوەر... سواری بە هیچکەس نەدابوو.

لە سەر ناوی دلاوەر هەڵوەستەیەک کرا. ماراڵ، شەڵەژا لەم هەڵەیەی خۆی و ویستی پاساوی بداتەوە بەڵام دەرفەتی پێ نەدرا. گوڵمحەمەد پرسیاری کرد:

ـ ڕاستی کاری لە حەپس گەیشتە کوێ؟ بەمزوانە نایەتە دەرەوە؟... دایکمی ئەناسی؟

ئەوەی کە ماراڵ حەزی نەئەکرد باسی بکرێ، وترابوو و ئەو جگە لە وەڵامدانەوە، چارەیەکی نەبوو. کەوابوو وتی:

ـ من پێم ناساند. پێشتریش پێم وتبوو ئەچم بۆ لای پوورم.

ـ دەی، پاشان؟
ـ هیچ ئیتر. بینیم!
ـ چۆنت بینی؟
ـ تۆ ئیتر کارت بە چۆنەکەی چییە؟
ـ ئەمەوێ بزانم.

ماراڵ وەڵامی گوڵمحەمەدی نەدایەوە. خامۆش و لێوی بەستراو مایەوە. بەڵام ئەوەی کە جاری دووەمی چاوپێکەوتن ڕووی دابوو، نەی ئەتوانی لە بیری بکات. ئەمجارەیان، دلاوەر و عەبدۆسیان هێنابوویە ئەم دیو وەنەدییەکە. لە هەمان ژوورە گەورەکە. لە سەر قەرەوێڵە. ڕۆژانی ڕەو بوو. ڕەوەند بە لای شاردا تێئەپەڕی و بلقیس و مارال چوون بۆ دیتنی عەبدۆس و دلاوەر. مارال ئەمجارە جۆرێکی تر بوو. خۆی لە گەرما ـ لەو گەرما دڵخوازەـ بە بێ بەش ئەزانێ. پێ ئەکەنی. بۆ چی؟ درۆی ئەکرد. بزەی سارد و سڕ. زۆری ئەوت. بەڵام ساختە و بێواز. درۆ. کاتێکە یەکێک درۆ ئەکات، بە درۆ ڕەفتار ئەکات، هیچکەس باشتر لە خۆی و خێراتر لە خۆی مایەی ئەو درۆیە هەست پێ ناکات. دفرە شکاوەکەی هیچکەس لە خودی ئەو ڕوونتر نایبینێ. ئەشکەنجەی ئەم درۆیە ـ ئەگەر مرۆڤێکی وەکوو مارال بێت ـ بۆ هیچکەس مەگەر خودی ئەو گران و دژوار نابێ. سووکتر لە ئەو، لەوکاتەدا، هیچکەس نییە. مارال درۆی ئەگوت، درۆی ئەکرد. دڵی ئەو بۆ دڵی دلاوەر ڕێگەی نەبوو. دیوارێکی لە نێوان خۆی و ئەودا ئەبینی.

زۆر وتن و پەڕاگەندە وتنەکەشی هەر نیشانەی ئەم درۆیە بوو:

خامۆش بە، بەڵام ناڕاست مەبە! قسەکانت چی لێبکەم؟ بە هەر وشەیەک زیاتر خۆت ڕیسوا ئەکەی. ڕیسوا بوونت شکستی منە کچێ. تۆ لە چاوەدا شکاوی، بۆیە لە دڵیشمدا شکاوی. من لەگەڵ تۆدا تێک ئەشکێم. لە بەر ئەوەی لەگەڵ تۆدا ڕاوەستاو

بووم. بۆچی تاوێک بێدەنگ نابی؟

کات بە ئەسپایی تێ ئەپەڕی. مارالّ لە بوون لە وێ ماندوو ببوو. تاوی بینینی دلاوەری نەئەهێنا. دلّی ئەخێورایەوە. شێواو بوو. پێچەوانەی هەمیشە بوو. حەزی لە ڕۆیشتن بوو. بیری لێ ئەکردەوە. وەلّامی گوتە و نیگای دلاوەری بە ڕاستی پێ نەئەدرایەوە. وای دەرئەخست هیچی نییە. بەلّام ئەمە زیاتر ڕیسوای ئەکرد. سەری دائەخست، پەنجەی ئەجوو، قسەی پەرتی ئەکرد؛ سەرەڕای ئەمانەش، کات نەئەڕۆیشت.

ـ کات تەواو.

ڕزگار بوونی مارالّ. هەلّسا و توربێنەکەی دا بە شانیدا. پوورە بلّقیس، ڕووی عەبدۆسی ماچ کرد. دلاوەر سەری داخستبوو و عەبدۆس، نیگایەکی نیگەرانی هەبوو. هەست و بۆچوون. مرۆڤە ئیتر. بلّقیس و مارالّ، شان بە شانی یەک چوونە دەرەوە.

ـ ئاخ خ خ! دای لە ئێسکم دەرزییەکەت!

مارالّ وتی:

ـ نیوەی لە بنەوە ماوە. ئێستە دەری ئەهێنم.

گوڵمحەمەد ئارام بوو، خۆی سووڕاند و بە سەرنجەوە پرسی:

ـ خەریک بوویت ئەتوت.

ـ هەوالّی مردنی دایکم، مەهتاوم پێدان.

ـ ئیتر؟

قامکە گەوری پێی گوڵمحەمەدی بە گاڵتەوە بادا و بە تۆسینەوە وتی:

ـ ئیتر هیچ نالّێم. هەر هیچ. چەند بپرسی، هەر هیچ نالّێم!

ـ بۆ چی؟

ـ نالّێم. تۆ ئەتەوێ چی بزانی؟

ـ ئەگەر ناتەوێ هیچ شتێک بلّێی. زووتر دڕکەکە دەربهێنە و تەواوی بکە.

ماراڵ، لە چاوی گوڵمحەمەددا مایەوە. ئەیتوانی هەست پێ بکات کە گوڵمحەمەد چۆنی سەیر ئەکات. کتوپڕ دڵی لەرزی. ئارەزووی کرد خۆزگە بیوێرایەت لەپڕ خۆی بهاوێتە باوەشی و هەموو شتێک، هەموو ئەوەی کە ڕابردبوو، هەموو ئەوەی هەستی پێکردبوو، هەر هەمووی بۆ گوڵمحەمەد بگێڕێتەوە و پاشانیش کوڵی دڵی لە ئامێزیدا هەڵبڕێژێ. سەر بخاتە سەر ئەژنۆی و تێرتێر بگری. بەڵام کوا ئەو جەربەزەیە؟ مرۆڤ ڕێگەی زیرەکانەی لا پەسندترە. حەز ئەکا بارەکە بە لای ئەودا بشکێتەوە. هەر کەس بۆ پیشاندانی خۆی شێوازێکی هەیە:

هەموو شتێکم خۆ هەموو کەس نابێ بیبینێ. بەس ئەوەی کە خۆم ئەمەوێ ئەبێ ببینرێ.

ماراڵ سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەوڵی ئەدا ڕاستگۆ بێ. ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە ڕاستبێژی لەم کاتەدا ئەوی تیابوو، پەسندتر بوو. هەندێ جار، ڕاستگۆیی و ڕاست ڕەفتاریی زیرەکانەترین شێوازە. لە بەر ئەمەشە ئەگەر مرۆڤ لە بەر باران هەڵنایەت. بۆیە ماراڵ، ڕاستەکەی وت:

ــ بۆ من ئیتر ئەو دلاوەرە نەبوو کە هەبوو. منیش بۆ ئەو ئەو ماراڵە نەبووم کە هینی ئەو بوو. هەردووکمان دووشتی تر بووین. بڕوای بە قسەکانم نەئەکرد. نازانم. دڵم وا ئەڵێ. هیوای لە من بڕاوە. ئەزانم. بە ماڵاویی کردنەکەیدا تێگەیشتم. کاتێکە ئەڕۆیشت بەردی ڕەق بوو. سەری داخستبوو کاتێکە ڕۆیشت. سەیری سەرەوەی نەکرد. جارێکیش ئاوڕی نەدایەوە سەیرێکی من بکات. بە ڕۆیشتنەکەیدا دیار بوو کە... ئەوەتا، دڕکەکەم دەرهێنا. بزانە تاکوێ چەقیبوویە ناو گۆشتەکە.

دڕکە شکاوە تەڕەکە بە سەر نووکی دەرزییەوە بوو. گوڵمحەمەد دڕکەکەی هەڵگرت، بە سەری پەنجە یاری پێکرد و فڕێی دا بەحەوادا. پاشان بە ئارامی پێی لە سەر ئەژنۆی ماراڵ هەڵگرت و خۆی کۆکردەوە. ئەوا هەردووکیان، ماراڵ و

گوڵمحەمەد، بەرامبەر یەک لە سەر عەرزە تەڕەکە دانیشتبوون و یەکدیان ئەبینی. بێباک و بێ درێخ. یەکەمجار بوو گوڵمحەمەد ئەیتوانی بە بێ ترس و دڕدۆنگی، کچی خاڵۆ عەبدۆسی لە نزیکەوە و لە ڕووبەڕووەوە سەیر بکات. بیبینێ. تاکوو ئێستە زۆری سەیر کردبوو، بەڵام نەی بینیبوو. نیگاکان بە پڕتاو و بە پارێزەوە بوون. پەردەیەک بە بەرچاوەکانەوە. شتێکی وەکوو ترس و شەرم. زمان و چاوان لە کارا بوون و ئەوین، لە پەردەدا و بە نهێنی مابوویەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەمەوێ شتێکت لێ بپرسم.

ــ بەڵێ، چییە ئەو شتە؟

ــ هەتا ئێستە ڕووی داوە لە کارێک کە نەتکردبێ پەشیمان بی؟!

ــ چ کارێک بۆ وێنە؟

ــ هەر جۆرە کارێک. بۆ وێنە ڕۆژێک ویستبێتت سواری ماینێک ببیت و بۆشت لوابێ، بەڵام ڕووت وەرگێڕابێ و ڕۆیشتبێتی. ڕۆژی پاشتر کەوتبێتەوە بیرت کە توانیوتە سواری ئەو مایینە ببی و ئەگەر سواری ببوایەتی هیچ نەئەبوو. نەک هەر هیچ نەئەبوو بەڵکوو زۆریش باش ئەبوو. بەڵام ئەو ڕۆژە، ئیتر تێپەڕیوە و تۆش ژێوان و ناڕازی. مەبەستم لەم بابەتەیە، ژێوان بوونەوە لە کارێک کە نەتکردووە. لە مەبەستەکەم ئەگەی؟

بزەیەک لە چاوەکانی ماراڵدا. وشیاریی ژنانە. چەند زیرەکانە لێم دێیتە پێشەوە:

ــ نەء. باش تێنەگەیشتم!

ــ باشیش تێگەیشتی. خۆت ئەدەی لە گێلی.

ــ باسی چی ئەکەی؟

ــ ئەو شتەی کە هەر ئێستاکە لە ناو سەرتدا خەریکی کلک لەقاندنە! لە وەختی نیوەڕۆ گەرمەکەوە. کانی زەلان. تۆ، من، شەودێز. ڕووت بووی. لە ناو ئاوەکەدا ڕاکشابووی. چاوەکانت

بەستبوو. خۆر. من لەرزیم. بەند بە بەندی لەشم لەرزی. بۆیەش بوو قامیشەکان جووڵانەوە. تۆ دەرپەڕیت. چاوەکانی منت بینی. فرکەت کرد و خۆت داپۆشا. من... من ترسام، نەء! شەرم. هەڵاتم و دامە غار. نەمتوانی سەیرت بکەم. دوور کەوتمەوە. کە دوور کەوتمەوە هات بە بیرمدا، پەشیمانم. پەشیمانم لەو کارەی وا نەمکردووە!

گوێکان، مل و مەمکەکانی ماراڵ، گڕیان گرتبوو. لە ناوەوە ئەسووتان. لێو و دەم و گەرووی وشک ببون. سەرەڕای ئەمەش نەی ئەویست ئەم ڕشتەیە بپچڕێ. بە دژواریی وتی:

ـ چ... کارێک؟

جێگەی قسەکردن نەبوو. گوڵمحەمەد مەچەکی دەستی کچەی گرت و بای دا، ئاسکی شۆخ و شەنگی خەواند، سواری بوو و لە ململانێیەکی وارسکە و دڕندانەدا کە ئەویش خۆی زیاتر مرۆڤ هان ئەدا، ئاگری دامرکاندەوە. ئاوێک بە سەر ئاگردا. تینوێتی بیست ساڵەی ماراڵ، تینوێتی بیست ساڵە بوونی خواردەوە. تالانی کرد. وەک نێرینەیەک، مێینەیەک و؛ ماراڵیش پیاوەکەی خواردەوە. هەر وەک زەریا هەتاو ئەخواتەوە.

گریان. گریان.

بۆ پیاوێکی لە بابەتی گوڵمحەمەد، بە چێژترینی ساتەکانی ژیان ـ ڕەنگە ـ ئەو ساتە بێ کە پاش تێکەڵبوون لەگەڵ ژنێک ناڵەی ڕەها بوونی ببیسێ. گریانی نارەزایی خۆ بە دەستەوەدان. گریانی پاشینەی حەز و ویستن، گریانی لوتکەی گیان. گریانی ئەو دەمەی خونچە پێست ئەدڕێنێت و ئەبێ بە گوڵ. گریانی بوون بە ژن. گریانی ژن. گریان بۆ ئەوەشتەی لە پەسێری ئەم ساتەدا جێی هێشتبوو. گریان بۆ لەدەس دانی خود و بوون بە خودێکی تر. پێ نانە ناو بەیانیەکی لێڵ و ناڕوون. پێیەک لە سەر عەرز و پێیەک بە حەواوە!

ـ نانم بۆ هێنای گوڵمحەمەد!

زیوەر بوو بە چارۆکەی نانەوە. بە ڕاستی زیوەر بوو؟ زیوەر؟ چاوەکانی بە هەڵەدا نە چووبوون؟

ــ ئای... دایکەکەم! ئای...

لە حەپەسانی بڕوا پێنەکراوی خۆیدا، زیوەر نانەکەی فڕێ دا و وەکوو دێو نابێتی بە شوێنیەوە؛ بەرەو دەوەنزارەکە و بە ناو دەوەنزارەکەدا هەڵات. ڕۆیشتن بە دوایدا بێهوودە بوو. گوڵمەمەد سەیری مارالّی کرد. چاوەکانی مارالّ پڕ بوون لە فرمێسک. گوڵمحەمەد وەستا. ڕەنگە خۆیشی هێشتاش باوەڕی نەئەکرد. مارالّ هەڵسا و خۆی لە باوەشی کابرا هاوێشت، سەری نایە سەرسنگی و دیسانەوەش گریا. گوڵمحەمەد سەری خستە بن گوێی مارالّ، لە ناو کەزیە پڕ و خاوێنەکەیدا خەواندی و گوێیدا لە گوێی:

«مارالّەکەم، مارالّەکەم!»

لە غەم و حەزێکی خۆشدا، بۆ ماوەیەک چاوی لێک نا. پاشان پێڵووی هەڵبڕی و نیگای لە سەر شانی ژنەکەوە کەوتە سەر عەرزەکە. بەقەد بەری دەستێک خوێناوی بوو.

ــ باران!

ئاسمان جارێکیتر دڵی کرد بە زەریا. باران. شتێک لە دڵی ئاسماندا شکابوو. لێک پچڕابوو. گریان، بۆ ئەوەی دڵی خۆی فێنک بکاتەوە. بۆ ئەوەی گرێی سینەی بکاتەوە. گریانی خۆشی و ئازار. گریانێک بەرەو ڕزگاریی. سەر سینگی گوڵمحەمەد بە ئەسرین و باران تەڕ ببوو. سەری مارالّی لە سینەی کردەوە. سەیری کرد. چاوەکانی، گۆلاوی خوێن. بیبیلەی چاوەکانی بە فرمێسک خۆیان شۆردبوو، زەلال ببوون. درەوشانەوەیەکی نوێ. پاکتر، ڕوونتر، پاکیزەتر. منالانە، لە گوڵمحەمەدی ئەڕوانی. بە بێ ئالۆزیی، بە بێ درۆ. بە بێ هیچ پەردەپەپۆشی و تەم و مژێک. مەلە کردووی ناو سەرچاوەی پاکی ئەوین. ڕوو داشۆراو. هەر نیگایەک، پزیسکەیەک. ئەستێرەیەک. بەرژانگەکان هەروا فرمێسکاوی

بوون. لەچک لە سەر و قژ داماڵرابوو. گوارەکە نەرمەی گوێی داتڵیشاندبوو. خوێنێکی ڕوون بە بناگوێیەوە. ژێر ملی ڕووشابوو، قژی لە سەر تەوێڵی ئاڵۆسکابوو، گۆنای بە دڕکی گەون بریندار؛ سەری بە دڕک و داڵدا کوتابوو، خشاندبوو، ماراڵ.

گوڵمحەمەد بە سەری پەنجە زبر و بڵۆق کردوەکانی کەزیە تەڕەکەی لادا و نازی کێشا تا نێوانی هەر دوو برۆ، تەوێڵە سپیەکەی ماراڵ ماچ بکات. بەڵام لە ڕووی نەهات. هۆشی لەسەرخۆی بوو. شێتێتی ڕابردبوو. بۆیە دەستی لێ بەردا و بەرەو بادی چوو. هەوساری بادی ڕاکێشا و هێنایە پێشەوە. کەژاوەی بووک. بادی لە بەر پێی ماراڵدا یخ دا. پاشان بن باڵی ژنەی ـکە هێشتاش حەپەسابوو و وڕبووـ گرت و لە سەر وشترەکە داینا. خۆشی سوار بوو. ماراڵ پەنجەی لە قایشەکەی پشتی گوڵمحەمەد ئاڵقە کرد. گوڵمحەمەد هەی لێکرد و وشتر هەڵسا. بەڵام بەرەو کام لا؟ بۆ کوێ؟

کامە ڕەوەند؟ کامە قەڵات؟ ماراڵ دڵی ئەوەی نەبوو پرسیار بکات. بۆیە خامۆش بوو و گوێ بە فەرمان.

گوڵمحەمەد پێی لە دەوری تەنگەی وشترەکە ئاڵاند و هاواری ئاشنای «هووک هووک»ی هەڵێنا. زانرابوو تاوێکیتر وشترەکە ئەداتە غار. بۆیە ماراڵ دەستی بە دەور کەمەری گوڵمحەمەددا ئاڵقەکرد و چەپی ڕوومەتی لە سەر شانی خەواند و چاوی بڕییە زەوی. خێسە. گەون و تەنگز و تاغی بە بەرچاویا تیئەپەڕین، دوور ئەکەوتنەوە و ون ئە بوون. ماراڵ هەستی کرد سواری شەپۆلێکە هەر ئەڕوات و ئۆقرەی نییە. باران. باران. دەنکە پچڕاوەکانی زنجیرێک، ئەیدا لە سەر و قژی. نەکا وشترەکە بخزێ! نەء، خاک لمەلان بوو. خاکی سست. هێشتا نەگەیشتبوونە سەر عەرزی ڕەق. گوڵمحەمەد شارەزای کارەکەی بوو.

فیتوویەکی نەرم. بادی نیشانەکەی ئەناسی. ئارامتر بوو. وەکوو بایەک لە هرووژم ئەکەوێ و ئارام ئەگرێ. گەیشتنە

سەرخاکی ڕەق. قەڵاتێک لە ناو تەم و مژی بارانەوە دەرکەوت. لە سەر گردێک، بڵنید و کورت خانووەکان و کلاوڕۆژنەکان لە ژێر نمەی باراندا وەستابوون، دوو باخە گوڵ. دوو شەپۆل، دوو گرد. بەڵام گوڵمحەمەد بەرەو ئەوێ نەچوو. هەوساری وشترەکەی بەرەو قەڵاتی «نەوبەهار» وەرگێڕا. قەڵاتێک لای خواری شامکان، تەخت، بە بێ هەوراز و نشێو. لە ڕاستەکۆڵان بای دایەوە، لای کەلاوەیەک وەستا و هاواری کرد:

ـ مەلا میعراج. مەلا میعراج!

مریشکێک کە سەری کردبوو بە بن باڵیدا، لە بن هەیوانەکەوە دەرپەڕی و کابرایەک لە بەر دەرگای ماڵەکە قیت بوویەوە. کشاو و باڵابەرز، ڕوخساری درێژ، لووتی کشاو و چاوی لێک نزیک. مێزەر بە سەر و چۆخە بە شان. کەم شەوق و لەسەرخۆ بەرەو گوڵمحەمەد هات و لەو بەری دیوارەکە وەستا:

ـ ئا، کوڕی کەلمیشی؟! چۆنی خزم؟ بۆ دانابەزی؟

بەدەم چاک و چۆنیەوە گوڵمحەمەد خۆی لە وشترەکە هەڵدایە خوارەوە و ماراڵیشی داگرت. مەلا میعراج ڕێگەی بە کچە پیشان دا و گوڵمحەمەد وشترەکەی بردە بن دیوارەکە و خۆی بە دوای مەلا میعراجدا ڕۆیشت.

ماراڵ لە دەرەوەی دەرگاکە وەستا بوو. گوڵمحەمەد سەروشانی چەماندەوە و چووە ژوورەوە؛ پاشان ماراڵی بانگ کردە ژوورەوە. مەلا میعراج هەروا وەستابوو و چاوەڕوان بوو گوڵمحەمەد قسە بکات. ئەو خۆی مەڕدار بوو نە مەلا! بەڵام کوێرە خوێندەوارییەکی هەبوو و کاری شەرعی خەڵکی بیابانی ڕائەپەڕاند.

ـ هاتووم ژن مارە بکەم مەلا میعراج. مارەی ببڕە لێم!

مەلا میعراج حەزی ئەکرد پرس و جۆ بکات. بەڵام گوڵمحەمەد ئەوەندە لێبڕاو بوو ڕێگەی خۆ تێهەڵقورتانی پێنەدا. مەلا میعراج ناوی بووکەکەی پرسی و دەقی مارەبڕینی خوێند و وتی:

ــ پیرۆز بێ!

ژنی مەلا میعراج چا و خورمای هێنا، بەڵام گوڵمحەمەد دەرفەتی بە خۆی نەدا. هەڵسا و چەند دانە پێنج قەرانی زیوو کە لە کیفەکەیدا بوو دەری هێنا و خستیە ناو دەستی میعراج. مەلا میعراج وەری نەگرت. گوڵمحەمەد پێنج قەرانیەکانی لە سەر تاقەکە دانا و وتی:

ــ بەو هیوایەی بۆت قەرەبوو بکەمەوە مەلا، شیاوی تۆش نییە. خوا حافیز.

ــ خێر پێش، گوڵمحەمەد.

وشترەکە لە بەر باران وەستابوو. گوڵمحەمەد دەستی بۆ مارالّ گرت و ژنە سوار بوو. خۆشی خۆی لە ملی وشترەکە ئاڵاند و سەرکەوتە سەر. کڵاوی بۆ مەلا میعراج ڕاوەشاند و هەی کرد.

شەو بوو کە گەیشتنە لای ڕەوەند. مارالّ، لای وشترەکە مایەوە. گوڵمحەمەد چووە ناو ڕەشماڵەکە. زیوەر و بڵقیس لە ژوورەوە بوون. بڵقیس شاڵی ئەچنی و زیوەر پەڵاسێکی دابوو بە خۆیدا و لە سووچێکدا سەری نابوویەوە. بڵقیس بە لای شانیدا سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد ڕێگەی هەموو پرسیارێکی لێ بەست:

ــ لەمشەوەوە ئەویش ژنی منە! وەکوو ئەمیتر.

لە دەرگاکە چووە دەرەوە تا مارالّ لەگەڵ خۆی بهێنێتە ژوورەوە. مارالّ دەستی برد بۆ بن لەچکەکەی و لە بەر چاوی گوڵمحەمەد گوارەکانی لە گوێی دەرهێنا و خستیە ناو دەستی پوورزایەوە وتی:

ــ بۆ تۆ، بیانفرۆشە و گوریس و پێمەڕە و پاچ بۆ کارەکەت بکڕە. ئەگەر لێشی مایەوە چاوەزارێک بۆ خۆت بکڕە. پاشان مووی بزنم بۆ دەسبخە تا ڕەشماڵێک بۆ خۆمان بچنم. خۆم ئەیڕێسم و خۆشم ئەیچنم. بەیانیش پێکەوە ئەچین بۆ دارکردن!

## بەندی چوارەم

شەو لە زیوەر چۆن ڕابرد؟

یەکێک بە ڕووتی لە لێفەی دڕکەوە بپێچن، لێوەکانی بدوورنەوە و بە سەر خاکدا بیتلێننەوە. لە ناو جێگەدا ئەمشەو، گیانی زیوەر ئەیویست ستەمێکی وەها ئەستەم تاو بهێنێ. دەرفەتی لالانەوەی پەیدا نەئەکرد. کەس دەمی نەبەستبوو بەڵام هەستی ئەکرد، دەمبێن کراوە. لێوەکانی لێک قفڵ کرابوون، مۆتەکەیەکی سارد و قورس ـبەئەندازەی شەوـی لە سەر سینگی هەست پێ ئەکرد. هەناسەی لە ژێر ئەم بارە زبەندەدا خەریک بوو ئەبڕا. ئەتوت دێوێک ژنەی لە بن سێبەری خۆیدا ون کردووە.

بەو جۆرە لە سووچی ڕەشماڵەکەی بلقیسدا وەک کارێکی نەخۆش، خۆی گرمۆڵە کردبوو و سەری نابوویە سەرخاک؛ خاک بە سەر. خەو؟! نەء. تۆ بڵێ خەرمانی دەرزی لە ناو چاویا. مۆتەکە و خەیاڵی تۆقێنەر. شەڵەژان و پەرێشانی. گیانی سووک و چرووک. ڕەشدڵ و دڵڕەش. گیرخواردووی ناو ڕەهووڵی تاریک. گێرۆدەی سووکایەتی پێکردن. ژنێکی سووکایەتی پێکراو! ئەیویست هەڵێت. لە خۆی و لە خەڵک. بەڵام دەرفەتی نەبوو. جەربەزەی تێدا نەبوو. کەوتبوویە ناو تەنووری پشکۆ، بەدەمی بەسراوەوە هاواری ئەکرد. گوێکان کەڕ. گوێکان کەڕ. پەلەقاژە. دەست و پێ

ڕاوەشاندن. قیژاندنی هەڵەوەڕ. مەیدانی قیژەکان ناو سینگی بوو. قیژەی کپ و خەفە لە ناو قەفەسەی سینەیدا دەنگی ئەدایەوە و گوێی گیانی بریندار ئەکرد. وەک دووپشک گەستوو خۆی هەڵئە گلۆفی.

ئەی بەیانی کەی ئەگات؟

پێخەفەکەی حەوادا و هەڵسا. بەدژواری خۆی بە سەر پێوە ڕاگرت و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. بۆ بە ئارامی؟ ئەگەر بلقیس چوونە دەرەوەی ئەوی بدیبایەت مەگەر قەنارەی بۆ هەڵئەخست؟ نەء. ئیتر چکاریان بەو هەبوو؟ هیچ. سەرەڕای ئەمەش زیوەر نەی ئەزانی بۆچی ناتوانێ بە ئاشکرا هەڵسوکەوت بکا؟! ئەترسا. لە چی؟ نەی ئەزانی. لە خۆڕا خۆف دایگرتبوو. لە هەموو شت ئەترسا. لە سێبەرەکەی خۆشی. لە بەر ئەوەی ڕەنگە خۆی بە تالانکراو ئەبینی. بە فێڕۆ چوو.

ئەمە وایە. سەگەکانیش لە پاش لێدان ترسنۆک ئەبن. بۆ نیو، یان بۆ ڕۆژێک ترسنۆک ئەبن. ترس. کلکیان ئەخەنە ناو لنگیان و هەوڵ ئەدەن سەیری کەس نەکەن. بە هەر دەنگێک ئەسڵەمێنەوە. خۆپارێز لە هەمووشت، بۆ سووچێک ئەگەڕێن. چاوەکانیان ترسی لێ‌ئەبارێ. ترسنۆک. لارەلار ئەڕۆن بەڕێدا. بە هەستکردن بە تاوانەوە ئەڕۆن بە ڕێدا. تاوانی بێ‌توانایی خۆیان. خۆیان بە زیادە ئەزانن. شەرمن و سەرشۆڕ. ئەڵێی تەنها ئەوەی کە سەرکەوتووە، مافی هەیە سەر بەرز بگرێ. ئەوەی کە سەرکەوتووە!

کەوتن، هیچ شکۆمەندیی نییە. لە عەرز دران و لێدان خواردن سووکایەتی بە دواوەیە. ئەوساش کە لە ژێر زەبری لێدان دەرباز بووی خۆف و تۆقان تازە دەس پێ‌ئەکات. قەپچڕ کراوی. جێ‌جێ برین. ترس وا لە تان و پۆتدا. هەستی هەڵنەسانەوە! هەستی خۆفناک. ئەگەر نەتوانی هەڵسیتەوە؟! ترسی بەیانی. ئەمە ئەتکوژێت، سەرەڕای ئەمەش هەڵئەستیەوە. لە خۆت ئەنەوی

و هەڵئەسیتەوە. بەڵام هەمان کات کە خەریکی هەڵسانەوەی لەوە ئەترسی نەتوانی بوەستی. بە دژواریی خۆت ڕائەگری، بەڵام کەوتنە ڕێ دژوارییەکی تازەیە. هەنگاوێک و دوان. ئەو قاچانە، قاچی تۆ نین. ئەلەرزن. ناچار و نائومێد هەنگاو ئەنێن. ناچار و نائومێد هەنگاو ئەنێی. ئەستوندەکی خۆ ڕاگرتن لە ناخەوە داڕماوە!

وەها بوو، زیوەر.

هەست بە سەرکزی و نەتوانین، لاوازی کردبوو. هەستی ئەکرد پڕ بووە. ماندوو و داماو و پەککەوتە. هەوای دەرەوە سارد بوو. بای زستان، وەک پڕووشەی شووشە، گۆناکانی ئەچزاند و ئەڕووشاند. هەور نەبوو. بریسکانەوەی ئەستێرەکان لەرزینی لەشیان دوو بەرامبەر ئەکرد. سەرما لە زەلاڵی ئەستێرەکاندا، قووڵتر لە ئێسکدا ڕۆ ئەچوو. زیوەر بە ئاشکرا دەنگی ددانەکانی خۆی ئەبیست ئەدران بە یەکدا. سەرما لە ناخەوە ئەیلەرزاند.

ڕەشماڵەکەی زیوەر و گوڵمحەمەد؛ لەولا، تۆزێک لەولاتر بوو. شتێک وەکوو وشترێکی نووستوو لە شەودا. حەزی ئەکرد لە چادرەکەی خۆی بوایە. ئارەزووی نەگونجاو، ئیتر نەئەکرا. ماراڵ و گوڵمحەمەد ئەمشەو لەوێ سوکنایان گرتبوو و زیوەر ئەبوایە لە سەر بەڕەی بلقیس بخەوێ. ناچار و نائومێدە، ڕق و ئێرەیی. دڵی ژنە بە هەموو ئێرەییەک چزەی لێوە ئەهات. حەزی ئەکرد بیتوانیایەت باڵی ڕەشماڵەکەی خۆی هەڵداتەوە، سەرباتە ناو ڕەشماڵەکە و لە ناخەوە بقریشکێنێ و ماراڵ ـ ئەم دزەـ لە خەو هەڵسێنێت و ئەگەر بکرێ چاو و گۆنای بە نینۆک و بە ددان هەڵدڕێ، قژی بڕنێتەوە و قەپ بکا بە گۆشتی لەشیدا و پیاوەکەی لە باوەش بهێنێتە دەرەوە.

دڵی ئەویست. بەڵام کوا جەربەزە؟! ئەمەیە کە مرۆڤ ـلانیکەمـ دوو جۆر ئەژی:

یەکیان ئەوەی کە هەیە و یەکیان ئەوەی کە ئەیەوێ.

بە ئارەزوو زیوەر تەنها تاوێکیش دڵی لە دڵ نەئەدا. بەڵام بە کردەوە؟ زیوەر بۆ تاوێکیش نەی ئەتوانی خۆی لە بەرامبەر نیگای پیاوەکەیدا ڕابگرێ. بە نەڕەی گوڵمحەمەد دڵی ئەتۆقا. ترس، زیاتر لەوەی کە پێی زانیبوو ترسنۆکی کردبوو. بۆیە هەروا ژاکاو و تۆقاو لە سەرجێی خۆی مایەوە. باڵندەیەک کە لە گۆڵاوێکی ڕچاو هەڵکێشرابێ و هێنرابێتە دەرەوە. پەریشان، سەری لە ژێر باڵیدا و لە سەر پێیەک. چاو لە ڕێی خۆرە هەڵبێ.

ئەبوا خۆی بکات بە ڕەشماڵەکەدا. سەرما! هەستیکرد خۆی پێ ڕاناگیرێ. حەوت بەندی لەشی ئەلەرزێ. بەڵام نەی ئەتوانی. کەڵکەڵەی ناخی لێی نەئەگەڕا. ئێرەیی و پەیجووری. چەتوونی ژنانە کە بەو جۆرە ژەهراوی ببوو، بێ ئارامی و کزانەوەی برینی دڵی، ئۆقرەی لێبڕیبوو. ئەیویست، هەر نەبێ، لە وەی کە لە ناو ڕەشماڵەکەی خۆیدا ڕوو ئەدا، شتێک بە چاو بدزێ. ئەمە کەمترین کارێک بوو کە ئەیتوانی بیکا. ئەتوت ئەمە سووکایەتیەکە کە ئەتوانێ بە مەحرەم بوونی ئەو دووانەی بکات. ڕەزامەندی، لە لانیکەمی بێ ڕێزی! ئەیزانی و سەرەڕای ئەمەش ئەیویست بزانێ، لە سەر جێگەی هەموو شەوەی ئەو، ئەمشەو چی ڕووئەدات. ئەیویست ئەوەی کە ئەیزانی، بزانێ.

هەموو ژنێک ئەتوانێ زەمینەی ئەو حەزەی تێدا هەبێ. حەزێک کە ڕەنگە هەرگیز سەر هەلنەدا. بەڵام زیوەر، لە پەرێشانی گیانی خۆیدا بەرامبەر بەم حەزە سرووشتیە ژنانەیە، لە خەیاڵی خۆیدا هەستی بە لاوازی کردبوو. دژوارە ئەگەر بوترێ تەنها ئارەزووی سووکایەتی پێکردن، ئەوی یەخسیر کردبوو. ئەم ئارەزووە ڕەنگە بیانوویەک بوو بۆ دەربڕینی هەوەسە دامرکاوەکەی ژنە. شتێک کە ڕێگەی بە ژنە ئەدا یەکێک لە خەوتووترین حەزەکانی ـ بینینی پێکەوە ئاوێتە بوونی دوو مرۆڤ ـ لە دەروونیدا سەر هەڵێنن. چونکا زۆر جاران ڕووی داوە لە خولێکی ژیاندا، لە ساتێکی ژیاندا، بە هۆیەکی نادیارەوە بیریان لەمە کردۆتەوە. زیوەریش ـ هەرچەند

زیاتر بە هۆی بوغز و حەزی پەردە لە سەر هەڵماڵین. ئەیویست ببینێ ماراڵ چۆناوچۆن لە لای گوڵمحەمەدەوە ڕاکشاوە. ئەیویست بزانێ خۆی چۆن لە لای گوڵمحەمەدەوە ڕائەکشا. خۆی لە ڕواڵەتی ماراڵدا، ئەویست ببینێ. ئەیزانی بە ئاگان. بێگومان هێشتا نەخەوتوون، شەوی وەها خەو حەرامە. یەکەم شەوی پێکەوە نووستن، خەوتن لە شەوێکی وەهادا ـ زیوەر پێی وابوو ـ نەنگی پیاوە.

«بڕۆم ببینم!»

کەوتە ڕێ. بە سەری پەنجە. وەکوو دزان. لەوانیش ترساوتر. نەکا دەنگی پێی ببیسرێ. عەرز بەستبووی. تەختی پێڵاوەکانی لە سەر عەرزی ڕەق دەنگ ئەدەنەوە. ئاسمان، بە ئەستێرەی ڕووت ڕووناکە. ئەگەر ببینن؟! چی ئەبێ با ببێ. چووە پێشتر. مارێک کە بە ترسەوە سەری لە کونەکەی دەرهێنابێ. نیگاکانی نیگەران بوون. ئەترسا و سەرەڕای ئەمەش هێزێک پاڵی پێوە ئەنا. چاوی نا بە درزی ڕەشماڵەکەوە و نیگای دزانەی خزاندە ناو ڕەشماڵەکە. پڵیتەی فانۆسەکە داکێشرابوو و ڕوخساریان لە تاریک و ڕوونێکی تەماویدا، ون ببوو. سەریان لە سەر سەرینێک و خامۆش بوون. دەنگی هەماهەنگی نەرمەناسەیان ئەبیسرا.

«ئەی بۆ خەوتوون؟ مەگەر ئەمشەو شەوی پەردە نییە؟ گوڵمحەمەد ئەبێ بیری بەیانی خەواندبێتی! بەیانی کار. شەوبێداری، ماندوێتی و سستی ڕۆژی بە دواوەیە. ترسی بەیانی خەواندوویانیەتی. مسۆگەر!»

زیوەر گەڕایەوە. بە ئەندازەی پێشتر غەمگین نەبوو. تۆزێ سوکنایی هاتبوو. ڕەنگە خۆی دڵی خۆی دابوویەوە. یان ئەیویست وابێ. ڕەنگە بۆ ئارامیەک ئەگەڕا شەو بکا بە ڕۆژ. بە دوای خۆ ڕزگارکردن لە ئەشکەنجەی گیان.

سەرپڕی ئازاری پەیوەستەی دەروون، هەندێجار مرۆڤ بەوە ئەگات لە شتێک چاوپۆشی بکات. یان لەم کاتەدا چاوی لێ

بپۆشێ. جۆرێک ئارامی تیا ئەدۆزێتەوە. ڕەنگە ئەم ئارامخوازییەی خۆی بە حەسابی گەورەیی خۆی دابنێ. ئەو شتەی کە بە هۆی پێداویستی سروشتی خۆی و بۆ ڕزگارکردنی خۆی ئەنجامی ئەدا، ناوی ئەنێ لێبوردن. بە بەخشندە بوونی خۆیدا ئەنازێ. بە ئاسانی خۆی فریو ئەدا و ئەو کارەی کە لەوپەڕی نەتوانایی و ناچارییدا نەیتوانیوە بیکا، بە بچووکی ئەداتە قەڵەم. بە هاوسەنگی خۆی نازانێ. خۆی بەگەورەتر لەوە ئەزانێ و لەم کردارە فریودەرەیدا ـکە بە هیچ شێوەیەک بە فێڵبازانەی نازانێـ هەست بە شکۆ و سەربڵیندی ئەکات. شوێنێک بۆ خۆی لە بەرزایی دروست ئەکا. سەربەرز و ڕاوەستاو، پاک و خاوێن خۆیا ئەکا. ئەم فریوە وەها بە خۆی ئەسەلمێنێ کە بە هەستێک لە ڕوونی ئەگات. پاقژ لە هەموو چەپەڵیەک. ئەڵێی بۆ خاوێن کردنەوەی هەموو چەپەڵیەکانی گیانی، وسڵی دەرکردووە. ڕق و تووڕەیی، بەخیلی و بەدخوازیی بە بچووکتر و بێبایەختر لەوە ئەزانێ کە بیر و هۆشی خۆی پێوە خەریک بکات. ئەم بۆچوونە ئەکا بە باوەڕ. لە خۆی تێئەپەڕێ. لە خەڵکی و کۆت و بەندی دەست و پێگیر تێئەپەڕێ. لەو سووکایەتیەی پێی کراوە "زیگ"ێک دروست ئەکا؛ بە بێ گوێدانە ئەو هەموو بێ ڕێزییەی پێی کراوە. بۆ هەناسەی پاک ئەگەڕێ. خانەی خەیاڵ لە هەموو جۆرە حەز و شەڕیک ئەسڕێتەوە و بە ئارامی چاو لە دەوروبەری خۆی ئەبەستێ. نایەوێ ببینێ. ئەوا تاوێکە نابینێ. تەنها تاوێک. ئەوەندەی چاوی کردەوە، جارێکیتر بەند و ڕەهۆڵ و یاد هێرشی بۆ ئەهێنن. جارێکی دی مار و دووپشکی سڕ و سەرخۆش لە ناو گیانە بێڕێز کراوەکەیدا سەر هەڵئەهێنن. جارێکیتر ئەوەیە کەبوو. خەون تەواو بووە. ڕووبەرووی دەرەوە و چاو لە ناو چاوی ڕۆژەڤ ئەبێتەوە. کێشە. شەڕ. چارەیەک جگە لەوە ناناسی. نییە!

بە خەیاڵێکی لەم بابەتە، زیوەر خزایە ناو جێگەکەی. بەو هیوایەی چرۆی ئاشتی لە دڵیدا ڕواندبێ. بەڵام نەء. خێرایی

خەیاڵ، وەکوو شۆڵە تیژپەڕە. لەیەک ساتدا ون ئەبێت. دیسان تۆیت و تۆ. تۆ و هەموو ئەو شتانەی گیانی پڕ کردوویت، گیانی شپرزە کردوویت. وایت لە چەقی هێرشەکەدا. تۆ نیت کە بێ ئۆقرەی؛ بێ ئۆقرەیی تۆیە. شەڵەژاویی دەرەتانت پێنادا. ساتە و سات پەلامارت ئەدا، شالاوت بۆ ئەهێنێ. خەو بەردەوام لەگەڵت بێگانەیە. سەر هەڵکەنراو. دڕک لە چاوەکانت چەقیوون. دڵت ئارەزوو ئەکا ئارام بگرێ. بەڵام ناتوانی، نێوانی ویستن و توانین زۆر لێک دوورە، قسڵیان بە برینی دڵتدا کردووە.

چەند ساتێک، زیوەر لە ژێر پێخەفەکە مایەوە، بەڵام لەوە زیاتر نەیتوانی. پێستی لەشی چزەچز ئەسووتا. چاوەکانی، پێڵوەکانی چزەچز ئەسووتان. لە تەنووری پۆلوودا چۆن بخەوێ؟ هەڵسا و دانیشت. جاجمەکەی لە خۆیەوە ئالاند و دەستی بە دەوری ئەژنۆیدا هەڵپێکا؛ چەناگەی خستە سەر ڕەقێنەی ئەژنۆی، لێوەکانی کرۆشت و لە درزی ڕەشماڵەکەوە، چاوەکانی -کە هیچ کوێیەکیان نەئەبینی- بڕییە دەرەوە و مۆڵەق بوو. لە سەریەوە دەنگی کوندەبەبوو ئەهات و ڕەنگە، لە چاوەکانیشیەوە کوندێک سەیری دنیای ئەکرد.

کازیوە -ڕەنگە هێشتا کازیوەشی نەدابوو- زیوەر، ناوگۆرکی ناوەڕاستی ڕەشماڵەکەی پڕ کرد لە دار و چیلکەی وشک و ئاگری کردەوە و خۆیشی، لای ئاگرەکەوە پۆپکەی کرد. جێگەی چاوەڕوانی نەبوو ئەگەر ماراڵ و گوڵمحەمەد نەئەهاتنە دەرەوە. ئەوان ئەبوا سێ ڕۆژ و سێ شەو لە ژوورەوە بن. بەڵام گوڵمحەمەد بە دۆخینی بەستراوەوە نەچووبوویە خێوەتی بووک -ژندار بوو- و ئەگەر ئەو دابەشی بەڕێوە نەبردایەت شوورەیی نەبوو. سەرەڕای ئەمەش بڵقیس بەرچایی بۆ بووک و زاوا بردە ژوورەوە و تاوێک پاشتر هاتنە دەرەوە؛ پێمەڕە و ئاو و نانیان لە توربێن نا، دایان بە سەر وشتردا و لە تاغزارەکەدا ون بوون.

زیوەر چاوی لە ڕۆیشتنەکەیان ئەکرد و سەرەڕای ئەو هەموو

ئازارەی ئەیچەشت، نەی ئەتوانی چاویان لێ هەڵگرێ. حەزی ئەکرد لەگەڵیان بڕۆیشتایەت، بەڵام ئەیدی توانای ئەو کارەی نییە. ئەگەر بڕۆیشتایەت سووک و چرووک بوو؛ ئێستە کە نەڕۆیشتبوو نیگەران بوو. ئەتوت هێشتاش باوەڕی نەئەکرد کە گوڵمحەمەد مێردی ماڕاڵیشە. تاو تاو ئەو خەیاڵە هورووژمی بۆ ئەهێنا کە مێردەکەی ژنێکی غەوارە لەگەڵ خۆی ئەبات. ژنێکی بێگانە لەگەڵ خۆی ئەبات. ژنێکی بێگانە شووەکەی لەگەڵ خۆی ئەبات. بۆیە لەپڕ ـنەک یەکجاریش ـ گوڕی ئەبەست و ئەیویست غاردا بە دوایاندا، بەڵام بە هەمان خێرایی ئەهاتەوە بە خۆیدا و وەک تیشکی فانۆسێک دائەمردەوە.

ـ وەرە بەرچاییەکەت بخۆ!

بڵقیس بوو لە ناو ڕەشماڵەکەوە، زیوەری بانگ ئەکرد. ژنە، تەنانەت نەشی توانی وەڵامی بڵقیس بداتەوە. ئەو بوغزەی گەرووی گرتبوو، قوتی دا و لە ڕەشماڵەکە دوور کەوتەوە. پێی توندکرد. نەی ئەویست جارێکیدی دەنگی بڵقیس ببیسێ. ئەیویست بە خێرایی لە ڕەوەند دوور بکەوێتەوە، لە بن دەوەنێکدا دابنیشێ، سەربخاتە سەر ئەژنۆی و ـڕەنگەـ بگری. گریانێک بە بێ ئەوەی کەس ڕێگەی لێ بگرێ. لەو کرووزانەوەیەی تەنها لە تەنهاییدا ئەگونجێ. دەروویەک بۆ دڵناڵە.

دوور کەوتەوە؛ نە ڕوانگەی ڕەوەندی ئەدی و نە دەنگی کاوێژ ـمڕاندنـی وشترەکەی گوڵمحەمەدی ئەبیست. لە ناو لێرەوارەکە، لە لێژایی چاڵێکدا دانیشت. خامۆش و بێدەنگ، بە چاوی داچەقاوەوە. ئەتوت ئەیەوێ تەنهاییە بێسنوور و کەوشەنەکەی بە تەواوی هەست پێ بکا. هەموو گیانی خۆی بخاتە بن لێکدانەوە. هەتا ئێستە ڕێ نەکەوتبوو زیوەر بەو شێوەیە لە خۆی بڕوانێ. ئەتوت «خود»ی خۆی لە بەرچاودایە کە ڕێ ئەکا، دائەنیشێ، سەیر ئەکا، قرە ئەکا، هاوار ئەکا، هەڵئەچێ، ئارام ئەگرێ و غەمە مەزنەکەی خۆی لە ژێر پێستیدا

ئەشارێتەوە. تێکڕای خۆی ئەبینێ؛ پارچەیەکی بە قەقنەس بووی گیانی مرۆڤ کە هێشتاکەش دووکەڵی لێ هەڵئەسا.

«خوای گەورە! گیانێکم پێ ببەخشە تا بتوانم لەگەڵ غەمەکانمدا هەڵبکەم!»

دەنگی کپی زەنگۆڵە لە بنی لیرەوارەکەوە هات. زیوەر سەری لە سەر ئەژنۆی بەرز کردەوە و سەیری کرد. خاڵە مەندەلوو بوو. خەڵووزی بار کردبوو، هەوساری دابوو بە شانیدا و ڕێی ئەکرد. لە تەکیەوە کەلمیشی بوو، بە سواری هێسرەکەی لە ڕان ئەگەڕایەوە. مسۆگەر کاتێک بگەیشتایەتە لای ڕەشماڵەکان، هەیڤۆ و بلّقیس سەربردەی زەماوەندەکەیان بۆ ئەگێڕایەوە. چاوی بینینی کەسی نەبوو. سەری دانەواند و خۆی بە بنەگەونێکەوە کە سەری لە خاک ئەکشاند، خەریک کرد.

ــ خوشکێ... خوشکێ...

زیوەر توانیبووی ڕابێت و بوەستێ. تەنانەت توانیبووی تۆزێ مەیدان بگرێ. نەک لە ترسان، بەڵکوو بە گوێرەی هەستی ژنانەی خۆی. چونکە کابرا ئەوەندە ماندوو و شەکەت خۆیای ئەکرد، کەس لێی نەئەترسا. سەرەڕای ئەمەش زیوەر نەی ئەتوانی لەو دارەتەی لە پێکگەیشتنی ژنێک لەگەڵ پیاوێکی غەوارە بە سەریدا دێت، خۆی دوور بگرێت. لە چاوتروکانێکدا هەزار خەیاڵ وەکوو با بە مێشکی زیوەردا تێپەڕی بوو: هەڵبێت، چنگ لە چاوی وەردا، بقیژێنێ، گازی لێبگرێ و دیسان هەڵبێت؟ ئەمانە بەدەست خۆی نەبوو. کاردانەوەی سرووشتی بوو لە بەرامبەر ئەو شتەی ڕەنگە ڕووبدات و زیاتر ناخودئاگا بوون. بەڵام ئەوەندەی سات تێپەڕ ئەبوو، زیوەر هەستی ئەکرد ئاسوودەتر ئەتوانێ لەگەڵ کابرای بێگانە گفتوگۆ بکات. لە بن ترسە شاراوەکەیدا، زیوەر بیستبووی:

ــ گوڵمحەمەدم ئەوێ!

ــ ڕەشماڵی گوڵمحەمەدت ئەوێ، یان خودی گوڵمحەمەد؟

ـ مەگەر خۆی لە ڕەوەند نییە؟
ـ ڕەنگە نەبێ. بۆچی لەو دوو پیاوەت نەپرسی؟
ـ پرسیم. وەڵامیان نەدامەوە.
ـ بۆچی. وەڵامیان نەدایتەوە؟
ـ نازانم، خۆشم نازانم بۆچی!

کابرا زمانیشی ماندوو بوو. لە کاتی قسەکردن‌دا بە زۆر وشەی دەرئەبڕی و لە پاش هەر ڕستەیەکیش لێوە وشکەکانی بە زمان تەڕ ئەکرد و ئەیلستەوە. زیوەر سەری داخست. دڕدۆنگ بوو. تۆ بلێی ئەم کابرایە چ کارێکی بە گوڵمحەمەد هەبێ؟ بۆچی کەلمیشی وەڵامی نەداوەتەوە؟ چاوپێکەوتنی ئەم کابرا جەوانە لەگەڵ گوڵمحەمەد بلێی پەیوەندی بە چییەوە هەبێ؟ زیوەر نەی ئەزانی و نەی ئەزانی چی بلێ؟ هەر چۆن بوو ئەبوا لە کۆڵ خۆی بکاتەوە:

کابرایەکی نەخۆش، بەسواری ئەسپێکی ئارام و سپی. ماندوێتی و بێوازی کابرا، هەرچەند جێگەی ترسی بۆ زیوەر نە ئەهێڵایەوە، بەڵام کابرای بە قەشقە ئەهاتە پێش چاو. کابرا ئەوەندە ژاکاو و شپرزە بوو، بە شووم و ناپیرۆز دیاریی ئەکرد. ئەتوت ئەوە لە بێداری‌دا نەبوو کە زیوەر ئەیبینی. لە خەون‌دا بوو. مۆتەکە بوو. بەجۆرێک کە وا دیار بووە کابرا و ئەسپەکەی لە پەردەیەکی تەماوی‌دا ئاڵێنرابێتن. لە خۆیان نەئەچوون. ڕوخساری کابرا یەکپارچە مۆر هەڵگەڕابوو. دوو چاوی ماندوو هەموو ڕوخساری پڕ کردبوو. ددانەکانی ددان نەبوون، شتێکی سپی بوون. ئەندامەکانی دەست و شان و سینە نەبوون، بەرەکێکی ڕەش بوو لە بەر داوەڵێک ئەکرێ. ئەسپەکەی! نەکا ئەویش دارینە بوو؟ یان ئاسن بوو؟ ئەو سوارە و ئەسپەکەی ئایە زیندوو بوون؟ گیاندار بوون؟ وەکوو ئەسپ و مرۆڤی تر بوون؟ جنۆکە بوون؟ لە کوێی ئەم بیابانەوە لە پڕ هەڵقوڵان؟

ـ من لە ڕێگەیەکی دوورەوە دێم، خوشکێ. ئەگەر شوێنی

گوڵمحەمەدم پیشان بدەی خێرت ئەگات. زۆر ماندووم، زۆر. پێویستە چاوم پێی بکەوێ. قسەیەکم لەگەڵی هەیە.

دەنگی خشەخشی هەبوو. هەر وشەیەک، ئەتوت لە وشکیەکی بێڕادەوە دەرئەبڕدرێ. ماوەیەکی زۆر بوو ڕەنگە ئاو لە گەرووی نەکەوتبوو. قسەکردنەکەی، وەک قاڕە قاڕی قشقەرەی کەویر وابوو. دەنگی بریندار بوو. نیگای بە بنی چاوەکانیەوە نووسابوو. لە پڕ زیوەر لە بەتاڵبوونی کابرا ترسا. بێ ئەڤان دەستی بۆ ئەو لایەی گوڵمحەمەد لەوێ خەریکی داربڕین بوو، ڕادێرا و نیگای لە ڕوخسارە تێکچڕژاوەکەی کابرا دزییەوە:

ـ لەوێ. ئەولا، لە ناو نزارەکە. خەریکن دار ئەکەن!

دەستی زیوەر، بەرەو ئەو شوێنەی پیشانی دابوو مایەوە، تا دەنگی ڕۆیشتنی ئەسپ و کابرای بیست. ساتێک پاشتر، زیوەر، سوار و ئەسپەکەی بینی پشت لەو، ئارام و بێواز بە ناو دەوەنەکەدا ئەڕۆیشت. باشتر کە سەرنجیدا، بۆی دەرکەوت پشتی کابرا زیاتر چەماوەتەوە. نەمامێکی چەماوە. گەڕایەوە لە سەر جێگەکەی دابنیشێتەوە، بەڵام ئیتر نەیتوانی. خۆی لە بیر چوویەوە و بیری بە شوێن کابرای غەوارەدا. ئەیویست سەر لە کاری دەربهێنێ. حەزی سەردەرهێنان لە کۆڵی نەئەبوویەوە. ئەیویست بە دوای کابرادا بڕوات، بەڵام نەشی ئەویست ماراڵ و گوڵمحەمەد ببینێ. هەتا کەی؟ گریمان ماراڵیشی بینی! چی ئەبێ؟ چی ڕووئەدات؟ ئاخرەکەی چی؟ ئایە ئەتوانی بۆ هەمیشە ماراڵ نەبینێ؟

«با بڕۆم!»

بە شوێن پێی ئەسپ و کابرادا کەوتە ڕێ.

کابرای بێگانە دەستێکی بە کەللەی زینەکەوە بوو و بە دەستەکەی تری شتێکی لە ملیدا ئەسووڕاند. شتێک وەکوو مار، وەکوو پەت. شتێک کە نەبوو و ئەو پێی وابوو هەیە. هەستی ئەکرد، پێی وابوو مارێک لە دەور ملی ئاڵاوە و سەری کردووە بە ناو کاسەی سەریدا. لەپەسا مارە خەیاڵیەکەی ئەگرت، لە دەور

ملی ئەکردەوە و دیسان لەوێ بوو. ئەهاتەوە بە خۆیدا، هەستی ئەکرد هیچی بە دەستەوە نییە و ئارام ئەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، وێنەی مار و گۆڕ و کەللەسەرەکە، وەها لە خەیاڵیدا چەسپیبوو؛ ئەم خەیاڵە، ئەم خەونەش وەها بە هێز ببوو نەی ئەتوانی لێی دەرباز ببێ. هەموو ساتێک ئەیبینی و لە هەموو شوێنێک ئەی بینی. نەکا هەر ئێستا مار خەریکی هەڵگەڕانن بە قاچەکانی ئەسپەکەیدا؟ بۆ هەموو شوێنێک پڕە لە مار؟ عەرز ماری لێ ئەڕوێ. بە لقی هەموو دەوەنێکدا مارێک هەڵواسراوە. خۆر خزایە بن هەور و تاوێکیتر بارانی مار؛ لە ئاسمانەوە مار ئەبارێ. تاوێکی تر لە ناو چاوەکانیەوە دوو مار سەر دەرئەهێنن. زمانی ماران لە نیگای کابرادا. مارەکان، کابرا ئەخۆن. ئەویان خواردووە. قووتیان داوە. بەڵام ئەی بۆ ئەم لەشە، ئەم چوار پارچە ئێسقانە تەواو نابێ؟ تەواو بوونی بۆ نییە؟ بۆچی یەکیان چزووی ناچەقێنێ لە دڵی؟ بۆچی نایکا بە خۆڵەمێش؟ بۆچی بە ئارامی ئەیجوون و ئەیخۆن؟ بۆ لە دەروونەوە؟ تاکەی بڵێی دەوام بهێنن؟ شەوانە دەرفەتی خەوی نییە و بە ڕۆژ دەرەتانی بێداری. هەمیشە ئەبێ لە خۆی ڕابکات. لەمار، لەو شتەی کە هەست ئەکا خەریکە ئەبێ بەوە، ئەبێ هەڵبێ. ئەبێ بە مار. بووە ڕەنگە؟ مارێکی لەڕ، درێژ و بۆر. ئەگەر خۆی ببێ بە مار، ئایە دەرفەتی ئەوەی هەیە بتوانێ لە دەس یارانی، مارەکانیتر دەرباز ببێ؟ نەء. زیاتر دەوریان ئەگرت. بە سەر و گوێیدا هەڵئەگەڕان، ئەخرۆشان و خۆیان بە دەور دەست و مل و پشت و قاچ و شانیدا ئاڵقە ئەکرد. ئەو لە خۆیاندا ئەتوێننەوە:

— مار! ئەی هاوار... مار!

ئەو قریشقەکەی کە کابرا لە دڵیەوە هەڵی ئەکێشا، مارالی ڕاچڵەکاند. سەری لە سەر لێژنە گەونەکە بەرزکردەوە. کابرایەک لە ئەسپ کەوتە خوارەوە: نەکا مار پێوەی دابێ؟ ها؟

مارالّ هەڵات بۆ لای گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەدیش

پێمەڕەکەی گرت بە دەستیەوە و غاری دا. کابرا بەر بووبوەوە سەر عەرزە شێدارەکە و دڵۆپە ئارەقەی زل زل بەناوچەوانیەوە بوو. گوڵمحەمەد ڕووی کردە ماراڵ:

ـ لەم هەوایەدا؟

ماراڵ، سەیری دەورو بەری کرد، شوێنەواری هیچ گیاندارێک دیار نەبوو. ئەسپە سپیەکەی کابرا، لە لایەکەوە وەستابوو، ئارام و خامۆش سەیری سوارەکەی ئەکرد. گوڵمحەمەد چۆکی نایە سەر عەرزەکە، سەری گەنجەکەی نایە سەر ڕانی و بە ماراڵی وت ئاو بهێنە. ماراڵ، مەشکەی ئاوەکەی هێنا. گوڵمحەمەد ئاوی پرژاند بە سەروچاوی کابرادا، شانی شێلا و چەند زللەی نەرمی لە گۆناکانی دا و قومێک ئاوی کردە گەرووی:

کێ بوو ئەمە؟ لە کوێوە و بۆچی هاتبوو؟ بۆ کوێ ئەچوو؟

ـ بە دوای تۆدا ئەگەڕا. وتی تۆی ئەوێ. وتی قسەیەکی لەگەڵ تۆ هەیە.

گوڵمحەمەد دەنگی زیوەری ناسیەوە. ئەیتوانی سەیری نەکا و لا نەکاتەوە. بەڵام نەکرا. سەری بەرز کردەوە و ڕوانیە ژنەکەی. وشک و خامۆش، زیوەر بە سەر سەریانەوە وەستابوو و سەیری ئەکردن. سارد و بێگانە، بەو جۆرەی کە بوو نیگای ئەکردن، گوڵمحەمەد لێی پرسی:

ـ لە کوێ؟

زیوەر وتی:

ـ لەو خوار چەمەکە. لە ترسانا شوێنی تۆم پێوت. سەیری کە. چاوی هەڵێنا!

کابرای جەوان، پێڵوەکانی هەڵێنا. گوڵمحەمەد ئاوی پێ‌دا، ڕاستی کردەوە و دای نیشاند. بەڵام هەروا دەستی بە شانیەوە بوو. دەستی ئەگەر لاببردایەت کابرا ڕەنگە بەر ئەبوویەوە. بۆیە پاڵی‌دا بە خۆیەوە و وتی:

ـ بەڵێ کاکە، من گوڵمحەمەدم. بڵێ بزانم کارت چی بوو؟

کابرا بە زۆر خۆی ڕاگرت و وتی:
ــ پەیامەکەت بە من گەیشت، گوڵمحەمەد! ئەزانم. من لەگەڵ تۆ سەر بە سەر بووم. یەکم لەدەس چوو و یەکم فەوتان. یەکم کوشت و یەکم لێ کوژرا. تۆ باوکی منت کوشتوە و منیش خاڵۆی تۆ، مەدیارم کوشتوە. خوێن بە خوێن. ئیتر پێکەوە قرەمان نییە. بەڵام لەم قرەیەدا من شتێکم ون کردووە. ئازیزێکم ون کردووە، من سەوقیم ونکردووە. پوورزاکەم. تازە باڵق بوو. نەمایەوە. لە ماڵی ئێمە ڕۆیشت. نەمتوانی ڕایگرم. ڕۆیشت و ژیانی منیشی لەگەڵ خۆی برد. من... ئیتر عاشق نیم، بەڵام حەز ئەکەم بزانم بۆ کوێ چووە؟ لە کوێیە؟ ئەمەوێ شوێنی بزانم. ڕۆژگاری، گوڵمحەمەد! بیستوومە هاتووچۆی ناو ئێوە ئەکا. هاتووم لێت بپاڕێمەوە، پێمی بدەیتەوە. من هیچ کارێکم پێی نییە. بە جەوانی هەردووکمان سوێند ئەخۆم هیچ کارێکم پێی نییە. بەس بیبینم. بزانم لە کوێیە. بەڵکوو دڵم ئۆخەی لێ بکەوێ. تۆ ئەتوانی ئەوم پێ بدەیتەوە. پێمی بدەیتەوە. پێمی بدە.

وڕێنەی ئەکرد. هەموو ئەوانەی کە سەیریان ئەکرد، ئەیانبینی. لە چاوەکانیەوە، نیگای چاوەکانی، پاڕانەوە و ڕاوەشاندنی نا ئومێدانەی دەستەکانیەوە دیار بوو. گوڵمحەمەد نەی ئەزانی چی بکات و چی پێ ئەکرێ؟ هەستی کرد دڵی لەپڕ پەرێشان بووە و غەمی تێزاوە. کامە وشە، کەڵکی ئەوەی هەیە کار لە دڵی وەها شکاو بکات؟ زمان ئەبەسرێ. کێوی غەم، لاڵی ئەکات. دائەمێنێ. بۆ سادەترین گوتە: دائەمێنێ. بێواز، وەکوو پیرێژنێکی نەخۆش. هەست ئەکا دەستەکانیان بڕیوە. لەو تەنگانەیە چۆن ڕزگاری ببێت؟ وتی: چا.

هەتا چا، بێدەنگ بوون. پاشان، گوڵمحەمەد وتی: نان. هێنایان. بەڵام نادعەلی نەیخوارد. گوڵمحەمەد چەند پارچە نانی تیری خستە گیرفانی چۆخەکەی و وتی:
ــ ئەگەر بنیم بەڵێنت پێ ئەدەم بیهێنم بۆ بەر دەرگای

ماڵەکەت، بەڵێنی مێرانە. ئەگەر بتەوێ تاڵی سمێڵم ئەکەمە بارمتەی بەڵێنەکەم. ئێستەش ئەتەوێ چی بکەی؟ تۆ نەخۆشی. ئەتەوێ بتبەم بۆ ناو ڕەوەند لەوێ بخەوی. ئەتەوێ بتبەم بۆ شار. من خەریکم بار ئەبەم بۆ شار. چی ئەکەی تۆ؟

نادعەلی هەڵسا و بە جۆرێک خۆی کۆکردەوە. پێی لە ئاوزەنگی نا. گوڵمحەمەد یارمەتیدا. نادعەلی سواری ئەسپەکە بوو و وتی:

ــ ڕووم نییە سەیری دایکت بکەم. پێی بڵێ منیش وەکوو کوڕی خۆی بزانێ. بڵێ بم بەخشێ. من نەم ئەویست براکەی بکوژم. نەم ئەویست بە جەوانیم سوێند بێ نەم ئەویست. بڵێ دۆعام بۆ بکات. بڵێ بەم ڕەشەخەونانە بڵێت لە کۆڵم ببنەوە!

یان چاوەکانی بە خۆڕسک تەڕبوون، یان فرمێسکیان تێدا قەتیسما بوو. هەرچی چۆن بێ، نادعەلی ڕووی لە گوڵمحەمەد و ژنەکانی وەرگێڕا و بە ئارامی لێیان دوور کەوتەوە. گوڵمحەمەد پێش ئەوەی نادعەلی لە تاغزارەکەدا ون ببێ، بە دوایدا هەڵات و وتی:

ــ لە ڕێگەی شامکێو و نەوبەهارەوە بڕۆ، من پێت ئەگەمەوە.

گوڵمحەمەد ئاوڕی لە ژنەکان دایەوە و وتی:

ــ بار ئەکەین. یەکتان وشترەکان بهێنێ!

دوو ژن، تاوێک ڕاوەستان. ماراڵ نەی ئەویست پێش کەوتبێ. بەگوێرەی داب ڕێگەی بە زیوەردا ئەو هەڵبژێرێ. بۆیە هەر وەک بوو، بە شەرمەوە مایەوە. گوڵمحەمەد بەرەو تای هێزمەکە چوو و وتی:

ــ لەگەڵ ئێوەم بوو، ئەوە چیتانە!

زیوەر دەرپەڕی و تاویدا بەرەو وشترەکە. هەوسارەکەی گرت و بۆ لای بارەکەی هێنا. گوڵمحەمەد وشترەکەی لە نێوان دوو تای بارەکە یخدا و بە یارمەتی ژنەکان هێزمەکانی دا بە سەر پشتی وشترەکەدا و گوریسەکەی بە سەر دارەبەنەکەدا تێپەڕاند و دوو

تاکەی لێک گرێدا. وتی توربێن. هێنایان. توربێنی هەڵواسی بە کەلەگی دارە بەنەکە و چوو بۆ لای کۆما دارەکە؛ سەربار. لای کۆماکە چۆکی دادا، دای بە پشتیدا، هێنای و خستیە نێوان دوو تای بارەکە و گوریسەکەی هەڵدا و بە زیوەری وت:

ــ بە گوریسی بارەکە دایبەستە!

زیوەر، خۆی بە حەواوە سەری گوریسەکەی بە پەنجە باریک و لەڕەکانی گرتبۆوە. چالاکانە گوریسەکەی لە بارەکە بەست. گوڵمحەمەد بە گورجی بە دەور بارەکەدا سووڕا، هەموو شتی تاقیکردەوە. کار، تەواو. گوڵمحەمەد سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد نەکا شتێکی لە بیر چووبێ. بەس مەشکەی ئاو. ماراڵ هێنای. گوڵمحەمەد لە ژنەی وەرگرت و قومێکی خواردەوە. نۆش! ملی مەشکەکەی بەستەوە و خستیە ناو توربێنەکە. چۆخەکەی لە بن تەنگزە گەونێکدا کەوتبوو. زیوەر چۆخەکەی ئەدی، نەی ئەویست بۆی ببات. هەوڵدان بۆ جۆرێک لە خۆڕاگری. وەستان لە بەرامبەر خۆی و ورەی ڕووخاو و فەرمانبەری خۆیدا. ئەیویست ئەگەر بۆ جارێکیش بووە، لانیکەم لە تەنهایی دەروونیدا، نکوولی لەو کارە بکات کە بە ئەرکی خۆی زانیوە. بەڵام ئەمە مەگەر بە ئاسانی ئەکرا؟ گیانی لە نێوان دوودڵیدا دوو پارە ئەبێ:

«بچم چۆخەکەی هەڵگرم، بیهێنم و بیدەم بە دەستیەوە یان نا؟ نەڕۆم؟ ئەگەر نەڕۆم؟ باشە بڕۆم؟ نەء! ناڕۆم.»

گوڵمحەمەد بارەکەی ڕاست کردەوە وتی:

ــ چۆخەکەم، چۆخەکەم بێنە!

لەیەک کاتدا، بێ ئەڤان و بێ بیرکردنەوە، هەردوو ژنەکە بەرەو دەوەنەکە چوون؛ بەڵام پێش مارال، زیوەر گەیشت. زیوەر چۆخەکەی هەڵگرت، هێنای و بە بێ ئەوەی سەیری گوڵمحەمەد بکات، خستیە سەر ملی وشترەکە و کشایەوە. گوڵمحەمەد کلکی وشترەکەی لەو دڕک و پەیکوڵانەی پێوەی لکابوون، پاک کردەوە و هاتەوە ئەمبەر. چۆخەکەی دا بە شانیدا

و هەی لە وشترەکە کرد. وشتر، ڕاست بوویەوە. ئامادەی ڕێ. بەڵام گوڵمحەمەد پێش ئەوەی هەوساری وشترەکە ڕاکێشێ، هەڵوەستەیەکی کرد و چاوی بڕییە عەرزەکە و وتی:

ـ بۆ دار کردن، باوکیشم لەگەڵ خۆتان بهێنن. نامەوێ بە بێ پیاو لەم ناوانە بن.

چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد. وتن بەس بوو. هەوساری ڕاکێشا و کەوتە ڕێ. ژنەکان، هەردووکیان، لەتەک یەکەوە سەیری دوور کەوتنەوەی شووەکەیان کرد. تا ئەو کاتەی کە وشتر و کابرا دوور کەوتنەوە و لە ناو تاغزار و هەوا تەماوییەکەدا لە چاو ون بوون. ئێستە تەنها دەنگی زەنگۆڵەی وشترەکە ئەبیسرا: دەلەنگ... دەلەنگ... دەلەنگ... لە خۆڕا وەستابوون. هەردووکیان ئەوەیان ئەزانی. ئەی بۆچی نەیان ئەتوانی وەرگەڕێن؟ بە ڕەشمەیەکی نەبینراو ئەتوت بە یەکەوە دادووراون. ئەوەندە بەس بوو یەکیان ببزوێ یان جووڵەیەک بکات. بە بزواندنی شان یان بە هەناسەیەکی بڵیند یان پژمەیەک. بەڵام تا خامۆشی بوو، دوو ژن هەروا وەستا بوون. بێدەنگ و بە پارێز لە یەکدی. دوو تەنی بەردینە، دوو ژن چاو لەڕێی ڕێیەکی دوور، ببوون بە بەرد. زیوەر هیچی نەوت. وەریش نەگەڕا... لای لەشی ڕاوەستاوی ماراڵەوە، وەک بڵێی ئەژنۆی لەرزابێ، دانیشت. دانیشێنرا!

**بەندی پێنجەم**

لە کەوشەنی بادا، نەرمە باران، ناتوانێ بوەستێ. وەک هەتیوی بن قامچی و فەلاقە خۆی ڕائەوەشێنێ، هەڵدێ. بەملا، بەولا و بە هەموو لایەکدا. با لە باران ئالاوە و خۆی تێهەڵپێچاوە، لەگەڵی بووە بە یەک، لە بەستێنی بیابانی لێڕەواردا غارغارێنیەتی. ئاوازی باران و با لە گوێی گەون و دەوەندا. کلکی وشترەکەی گوڵمحەمەد وەکوو گەسکێک لە ناو تۆفەکەدا و گسکی ئەدا و زریان بارە دارەکەی ڕائەوەشاند.

هەوای بێ خۆر بەرەو شەو ئەبوویەوە و ئاسمان، سەرتاپێ لبادێکی قورقوشمینی لە بەر کردبوو. لە پەنای وشترەکە و پێ بە پێی ئەو، گوڵمحەمەد ڕێگەی ئەبڕی و تابن گوێ، سەری لە چۆخە خورییەکەی خزاندبوو و خۆی خڕ کردبۆوە. لە بن ورگی وشترەکەوە ڕەشەبا ئەیدا لە سەری و ئەسووڕا بە دەور پووزیدا و خۆی ئەکرد بە ناو پێڵاوەکایدا و دەرەلنگی شەرواڵەکەی ڕائەشەکاند. باران قاچ و سمی وشترەکەی خووساندبوو، بار و توربێنەکەی تەڕکردبوو، ڕێگەکەی خز کردبوو و دەنگی زەنگۆڵەکەی کوێر کردبوو.

لە بەردەم وشترەکەوە، نادعەلی بەرەکەکەی هەڵکێشابوو و دابووی بە سەریدا، بە سەر زینەکەدا چەمابۆوە و ناوچەوانی نابوویە سەر کەللەی زینەکە لە سەر دەستەکانی. چۆکی

نووشتاوەی بە لاکەللەکەی ئەسپەکەوە لکاندبوو، خۆی بە ئەسپ و ئەسپەکەی بە ڕێگەکە ئەسپاردبوو. وامەزانە هەر لە ژیانیش‌دا بوو. گوێ و یاڵی ئەسپەکەی تەڕ بوو؛ سەر و قژ و ڕوخساری خۆشی. باران لێی ئەدا، چۆخەکەی ڕائەشەکاند، شەو قوتی ئەدا؛ سەرەڕای ئەمەش نادعەلی چاوی هەڵنەئەهێنا تاکوو شتێک ـ ڕەنگە خۆی ـ ببینێ و لێی تێبگات. ماندوو و پەرێشان و بێ پەلە، خۆی دابوویە دەس ئەوەی ڕەنگە ڕوو بدات. ئەتوت هیوای ئەوەی هەیە کۆتاییەکەی بە شوێنێک، بە پەسێرێک، کاولە ماڵێک یان کەلاوەیەک هەر ئەگات. یان ـ ڕەنگیشە ـ بیری لە مەبەست نەئەکردەوە. ڕەهاو ئازاد لە هەموو ئەوەی هەیە و نییە. زێدەی سەر خاک. بە بێ خەمی بوون و نەبوون. بلا شەو بێت. دەبا شەوی درێژ و گەردەلوول بێت و ئەم پەڵە مۆرە قووت بدات و لە ناو خۆی‌دا بیتوێنێتەوە و بیکا بە خۆی. تەواوی بکات. تەفروتوونا. دەمەو بەیانیش، پڕووزەی کابرای نیوەگیان لە قووڵکەیەک، چاڵێک، کەلاوەیەک فڕێ بدات. پیاوێکی مردوو، ئەسپێکی شکاو. ئەوسا نۆرەی چەقەڵە بۆن بکەن و بێنە سەری!

گوڵمحەمەد بیری لە نادعەلی ئەکردەوە. لە سەرەتای ڕێگەکەوە پێکەوە نەدوابوون. گوڵمحەمەد وشترەکەی تاو دا و خۆی پێگەیاند؛ بەڵام نادعەلی هەر هەستیشی پێ‌نەکرد ئەوا یەکێک لە تەکیەوە ڕێ ئەکات! لای لێ نەکردبۆوە لانیکەم سەیرێکی بکات. چۆن بوو هەروا مابوویەوە. گوڵمحەمەد ئەیویست ـ ویستبووی ـ سەری قسەی لەگەڵ بکاتەوە. بەڵام نادعەلی قەڵاتێکی بە دەور خۆی‌دا سازکردبوو و ڕێگەی دزەکردنی بەستبوو. داخراوی داخراو. جیهانێکی دابڕاو. پارچەڵەیەکی بێگانە. وامەزانە کە گیانداریک؛ پارچە بەردێک بوو بە سەر پشتی چارەوایەکەوە. هالاو لە سینگی هەڵنەئەسا.

گوڵمحەمەد، ژێوانی کردەی توندەڕەوانەی خۆی، خۆزگەی ئەخواست ئەو شەوەی سەوقی پەنای بۆ هێنا بوون، ڕای

بگرتایەت. خۆزگە بە نەرمی قسەی لەگەڵ بکردایەت و داڵدەی بدایەت. کچەی ڕەبەن. بە دڵنیاییەوە هاتووە لە ناو ڕەوەند لە بن باڵی بڵقیسدا بمێنێتەوە. ویستوویەتی هاودەم و هاوژینی خزم و کەسی مەدیار بێ. ئەو، ئەو کۆترە کێوییە، ئەو ئاسکە جووت ونکردووە، پەنای بۆ بن ڕەشماڵی کەلمیشی هێنابوو؛ بەڵام کەس نەیگرتبوویە خۆی. کەس ڕێگەی پێنەدابوو، باوەشی بۆ نەکردبۆوە و بە بزەیەکی گەرم وەری نەگرتبوو. ڕوویان سووتاندبوو. ناوچاویان لێ تاڵکردبوو. دەستیان نابوو بە سینگیەوە و پاڵیان پێوەنابوو. تەرەیان کردبوو؛ ئەمە نە جوامێری و مرۆڤ دۆستیە. ئەو جۆرە کردارە شوورەییە لای خێڵانی ئێرانی. میوانخواز و تۆزێک دڵ بە گوومان. خێڵاتی مە ئاو و دۆی مناڵەکەی لە سەر سفرەی میوانی تازە گەیشتوو دائەنێ، نانەکەی خۆی پێ ئەدا، پێخەفەکەی خۆی ئەدا بە سەریدا پێی بخەوێ و جار تا مەیدانێک ئەولاتریش بە ڕێی ئەکات. نەک تەرەی بکا و دەری بکات! داد لە دەستی ترس. ترسی کەلمیشیەکان و لەپێش هەموویانەوە گوڵمحەمەد، لە ئاشکرابوونی کوشتارەکەی چوارگوێشلی، سەوقی تەرە کردبوو. بە ڕای ئەوان، سەوقی نەئەبوا شوێن پێ لە خۆی بەجێ بهێڵێ. شوێن پێ نابێ دیاربێ. بۆیە ئەبوا بڕۆیشتایەت. هەر ئەو شەوە. بە شەو. بە بێ ئەوەی پێی بووترێ، ئەمەی زانی. سەرکەشێکی ژیر بوو سەوقی!

دەنگێکی کپ و کورتی زەنگۆڵە لە پشت سەرەوە ئەهات. گوڵمحەمەد نەگەڕایەوە. ئەیتوانی لەوە بگات ئەم زەنگۆڵە کۆنەیە لە ملی وشتری کێ بەستراوە. خاڵە مەندەلوو. پێ ئەچێ، وەک پشیلەیەکی ڕەش و ئاوس، دەسکەوساری وشترەکەی داوە بە شانیدا و بە قاچە لار و کورتەکەیەوە خەریکە دێت! پێ ئەچێ، بەخێرایی دێت و بە هەر هەنگاوێک شانەکانی وەکوو دوو تای ترازوویەک سەروخوار ئەکات. خەیاڵێکی سەمەرە مێشکی گوڵمحەمەدی ڕاچەناند. خووی چەتوونانەی بزوا. دەسبەجێ

شتێکی هات بە مێشکدا، وەک مار خوشایە بن ملی وشترەکە، دەسکەوساری لە کەڵلەی وشترەکە کردەوە و ڕایکێشا. وشتر توندی کرد و گوڵمحەمەد بە نەرمی دەسکەو سارەکەی لە زینی ئەسپەکەی نادعەلی گرێدا و لە سەر ڕێگەکە کشایەوە و لەبان بەرزاییەک، لە بن بەردێکدا خۆی خپ کرد.

با، بەردەوام نەرمەی بارانی بە هەموو لایەکدا ئەپرژاند و شەو خێوەتێکی تەڕ بوو، باڵی بە سەر هەموو بزوێنەرێکی دیار و نادیاردا کێشابوو. خاڵە مەندەلوو و وشترەکانی نە ئەناسرانەوە، مەگەر بەهۆی دەنگی کڕی زەنگۆڵەی ملی وشترەکەیەوە. ئەم دەنگە دەم بە دەم نزیکتر ئەبوویەوە. بەس چەند هەنگاویان مابوو. مەودای هاوارێک. ئەوا گوڵمحەمەد ئەیتوانی مەندەلوو و وشترەکانی ببینێ. بەڵام نەک بە ڕوونی. تارماییەک لێڵ و لێک گرێدراو لە شەو و باران و بادا. قەبارەیەکی لار و لەوێر، لە بزووتنێکی هێواش و جووڵانێکی ئارامدا. وابزانە پارچەیەکی زەوی، پارەی شکاوی شاخێک، وەکوو دێو ئەخزا و ئەهات. بەڵام چاوی پیاوی بیابان ئاشنای شەوە. شوانی، چاوەکانی گوڵمحەمەدی لە ڕاز و نهێنی شەو شارەزا کردبوو. تاوێک چاوی بڕییە تارمایی لێڵی ئەو گیانەوەرانەی ئەهاتن. توانی وشتروان لە وشتر و وشتر لە بار جیابکاتەوە. لە پێشەوەی وشتری بارکراو، خاڵە مەندەلوو دەسکەوسارەکەی دابوو بە شانیدا و بە هەنگاوی لار و کورت، تۆزە تۆزە ڕێی ئەبڕی و دوو وشتری لێک بەستراو بە دوایدا ئەهاتن.

خاڵە مەندەلوو کەوڵپۆسێکی دابوو بە سەریدا و دیار بوو چاوی لە دەوروبەری خۆی نییە و بەس چاوی کراوەیە. پێشتریش گوڵمحەمەد خاڵە مەندەلووی لە زستاندا دیبوو. مەندەلوو شاڵێکی خوری لە سەری ئەپێچا، لفکەی شاڵەکەی بە ژێر چەناگەیدا ئەهێنا و بە سەر دەم و لووتیدا ئەیبرد بۆ سەر گوێی و ئەیخنی بە بن شاڵەکەدا. بەجۆرێک کە تەنها چاو و برۆی بە دەرەوە بوو. پشتوێنێکی کۆنەشی ئەبەستە پشتی، پووزلخی

تا لای ئەژنۆ هەڵئەکێشا و پۆستاڵی مل‌کورتی لە پێ ئەکرد و قەیتانەکانی لە دەور پووزی گرێ‌ئەدا. خاڵە مەندەلوو، هەمیشە گورج و گۆڵ سەفەری ئەکرد. چونکە سەفەر کاری گرنگی ڕۆژ و شەوانی بوو.

گوڵمحەمەد، تاوێک ڕاوەستا بەڵکوو ئەو خەیاڵە ملۆزمەی لە سەر دەرکا. بەڵام نەیتوانی. ئەی بۆچی ئەو ماوەیە خۆی لە ژێر باراندا مەڵاس دابوو؟ نەء. نەئەبوا لە بیری بکات. ئەگەر مەبەستەکەی بە ئەنجام نەگەیاندایەت هەستی بە پووچی ئەکرد. سووکی. بۆیە هەنگاوێک چووە پێشەوە و تۆزێکی بمێنێ بۆ مەندەلوو، داردەستەکەی وەکوو تفەنگ بەرەو مەندەلوو ڕاگرت و بە دەنگێکی گڕ وتی:

ـ کوێر بە... کوێر بە!

ڕێگر و ڕێبوار، دەروازەبان و دز، چەرچی و جەندەرمە، شوان و گوندی، هەموو بە یەک ئەندازە لەگەڵ ئەم گوتە ترسێنەر و شەوانەدا ئاشنان. گوتەیەک کە جگە لە شەو و لە وێرانەدا، شوێن و دەرفەتی ژیان پەیدا ناکات. هەروەک شەمشەمەکوێرە کە توانای سەیرکردنی خۆری نییە و مەگەر لە تاریکی‌دا ئەگینا ناتوانێ بفڕێ.

کوێر بە!

ئەمە گوتەی یەکەمە و واتاکەی بە ئاشکرا دیارە. واتە چاوت ببەستە با نەمبینی.

کەڕ بە!

ئەمە گوتەی دووهەمە. واتە گوێت ببەستە بۆ ئەوەی دەنگم نەناسیتەوە و منت لە بیر نەمێنێ.

دوور بە!

ئەمە دوا گوتەیە. واتە لە بارومالی خۆت دوور بکەوەرەوە و بۆ منی بەجێ بهێڵە. کۆتایی گوتە و سەرەتای کار. دوا هەڕەشەیە. ئەو کەسەی داراییەکەی زۆر خۆش ئەوێ، خوێنی

لە ئەستۆی خۆیەتی. ئەبێ دوور بکەوێتەوە و لە سووچێکدا بوەستێ تا ڕێگرەکان بێن و دەست و چاوی ببەستن، گیرفانی بگەڕێن و بەتاڵی بکەن. لە سوچێکدا فڕێی دەن و بچنە گیانی بار و داراییەکەی.

ئەمە، قانوونی شەوانەی بیابان بوو. ڕێسای کێشەی یەک لایەنە. شوێن و جێگەی پێکگەیشتنی ڕێبوار و ڕێگریش زیاتر پێچی ملەیەک یان پانتایی لێرە وارێک، گردێکی ورگ بۆ سەر ڕێگا، یان پشت تاوێرە بەردێکی قەراخ ڕێگە. شوێنێکی دوور و پەرت لە ئاوەدانی. ئەو شوێنەی کە هاواری زەلاڵی لێهاتووترین پیاوانیش نەتوانی پەردەی ئەستووری شەو بدڕێنێ و دەنگی خۆی بە گوێی خەوتوانی ناو خانووەکان بگەیەنێ. وێرانەیەکی لە چوارلاوە بێگانە.

ـ وتم کوێر بە، بێپیر!

بەهەمان فەرمانی یەکەم، خاڵە مەندەلوو وەستابوو. نەک وەستابوو، چۆکی شکابوو. واق و وڕ! دزی ڕێگە، بارە خەڵووزی بۆ چییە؟ مەترسی، هەمیشە کاتی گەڕانەوە لە شار و مەیدان پەیدا ئەبێ. هەنگاو بە هەنگاو. تۆوی مەترسی لە زرینگانەوەی پارەی ناو جزدانەکەیەوە سەرچاوە ئەگرێ. بەڵام ئێستە کوانێ پارە؟ کەوابێ ئەم دزە یان نەشارەزایە یان کەڵان دزە. ڕەنگە بیەوێ بارەکان بخات و وشترەکان ببات. ئەگەر وابێ؟! داد و بێداد...

ـ مەگەر گوێت نییە پیرە مێرد؟ کوێر بە، کەڕ بە و دوور بە! بڕۆ لای ئەو دەوەنە خپ بە ئەگینا ورگت پڕ ئەکەم لە باروت. دوور بە!

پیرە مێرد ترساو و ڕەنگ پەڕیوو پاشەوپاش تا بن دەوەنەکە، ئەو شوێنەی ڕێگرە کە پیشانی دابوو ڕۆیشت و وەستا. گوڵمحەمەد پێی وت دابنیشێ. پیرەمێرد دانیشت. فەرمانی پێدا دەستی بخاتە سەر سەری. وای کرد. فەرمانی پێدا هەروا بە چیچکانەوە وەک مری پێکورت؛ بەرەو ڕووی بێ. پیرەمێرد بە

دژواریی چەند پێیەک بەرەو ڕێگرەکە هات. گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئێستە دەستی چەپت لە سەر سەرت هەڵگرە، ئەنگوستە بچکۆڵەت وەکوو گوڵمێخ لە عەرز بچقێنە و ئەژنۆت ڕاست کەرەوە. تا ئەو ڕادەیەی پەنجەت لە عەرز ببڕێ!

پیرەمێرد پەنجەی نا بە عەرزەکەوە، ئەژنۆی ڕاست کردەوە و قنی برد بە حەوادا. گوڵمحەمەد وتی:

ـ چاکە پیرەمێرد! جا ئێستە بە بێ ئەوەی پەنجە لە زەوی هەڵگری هێواش هێواش بە دەور خۆتدا بسووڕێ. بخولێرەوە. وەکوو ئەسپی گێڕە. نابێ چاوت بکەیتەوە ئەگینا سەرت لە گێژەوە دێ. بۆیە چاوی ئەسپی گێرەش بە چەرمی ڕەش ئەبەستن. بسووڕە. نەکەوی. ئەگەر بکەوی ناچارت ئەکەم سەد جار بە دەوری خۆتدا بسووڕێی. دەس پێبکە. یاڵڵا، دەی، ئەوەتا!

پیرەمێردی بێ زمان بە ناچار کەوتە سووڕان بە دەور خۆیدا. بەڵام لە پێنج دەور زیاتر نەسووڕابوو، هەناسەی سوار بوو. سەری لە گێژەوە هات و ویستی بکەوێ. لە کەوتندا بوو کە گوڵمحەمەد شانی گرت و ڕاستی کردەوە و ڕایگرت. پیرەمێردی وزە لە بەر بڕاو، سینەی سیخەسیخی لێوەئەهات و بەهەر هەناسەیەک شانەکانی سەر و خواریان ئەکرد. بەڵام نەی ئەوێرا چاوی بکاتەوە و خەنیمە بەهێزەکەی خۆی ببینێ. چاوی هەروا بەسترابوو و لەرزۆکانە وەستابوو. وەکوو دۆعا بەردەوام ئەیوت:

ـ بە سەری خان کیسەم بەتاڵە. بە سەری خان کیسەم بەتاڵە.

ئیتر بەسی بوو. پیرەمێرد لەوە زیاتر لە توانایدا نەبوو. ئەبوا لێی بگەڕێ. بۆیە گوڵمحەمەد پێی وت:

ـ پیرەمێرد ئەتوانم وشترەکانت وەکوو ئاوی ڕەوان لەگەڵ خۆم ببەم. شانەکانیشت ببەستم و فڕێت دەمە ناو قووڵکەیەک تا بەیانی لە سەرمان ڕەق ببیتەوە. شەوی وا درێژ، حەوت گیانی سەگیشت ئەگەر هەبێ، تا خۆر هەڵدێ یەکیشیان دەر نابەی.

گیانت دەرئەچێ و شوێنەوارت ون ئەبێ. بەڵام من ئەو کارەت لەگەڵ ناکەم. دەستت داخە و چاوت بکەرەوە. ئێمە دراوسێین!

پیرەمێرد باوەڕی نەئەکرد ئەمە هەمان گوڵمحەمەدی کوڕی کەلمیشی بێ. بۆیە هەروا بە چاوی داچەقاوەوە لێی ئەڕوانی، پاشان وتی:

ـ خەون نابینم؟ خۆتی؟ تۆ... گوڵمحەمەد؟ چی... چۆن... تۆ... داوتە بە بیاباندا؟ سەر ڕێ ئەگری؟

ـ هەهە، هەهە، هەهە! سەر ڕێ؟! نا پیرەمێرد. ویستم گاڵتەم لەگەڵ کردبێتی. سەرم خستە سەرت. دیسانەوەش پێت وایە ئەگەر بە تەنها خۆت وشترەکانت بار بکەی لە دەستی دز و چەتە پارێزراو ئەبی؟ منیش دارم بارکردووە. وشترەکەم لە پێشەوەیە. خەریکە ئەڕوات. ئەبینی؟ ئێستە ئەتەوێ بیانکەین بەیەک کاروان؟ ها، وتت چی؟ دیسانەوەش هەر ئەترسی؟

ـ چ ترسێک خاڵەگیان؟ چ ترسێک؟ من ئەمڕۆ فرسەقێک لەگەڵ باوکت هاوسەفەر بووم. پێم وت... وتم قسەیەکم نییە. باشە خۆ بە خۆشتم وت. وتم ئاگادارت ئەکەمەوە. ئەبین بە هاوکاروان. چی لەوە باشترە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ نا ئیتر. ئەمجارەیان من نامەوێ. کارێک کە «نای» وەرگرت، نابێ ئیتر بچی بە لایدا. نەء. من ئیتر هی هاوبەشی نیم. هاوبەشییەک کە بە دڵنیاییەوە نەبێ، پوولێک ناهێنێ.

کەوتبوونە ڕێ. پیرەمێرد هاتبۆوە بە خۆیدا. هەناسەی ئارام ببوو و ترسەکەی ڕژابوو. ئەیتوانی بە بێ ترس لەگەڵ گوڵمحەمەد قسە بکات. تۆزێک ڕاشەکابوو، بەڵام پاشان ببوو بە شەوق. هەستی بە جۆرێک ترپەی نهێنی لە خوێنی خۆیدا ئەکرد. دەمێک بوو نەهەژا بوو. بە دوای لە زمان کەوتنەکەیدا، لە پڕ زمانی پژا و کەوتە ئاخاوتن. باسی هەموو شتێکی ئەکرد. خۆیشی نەی ئەزانی ئەڵێ چی. بەڵام ئەیوت. ئەتوت ئەیەوێ نێوانی خۆی و

گوڵمحەمەد بە گفتوگۆ ـ ئێستە هەرچی ئەبێ ـ پڕبکاتەوە. باسی ساڵ و مانگ، کار و کاسپی و ڕێگە ناهێمنەکانی ئەکرد. ئەوا گەیشتە سەر کوڕەکەی مووسا:

ـ پیرەخاڵۆی داڵانداری کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا خۆ ئەناسی؟ ئەو بە سەرپەرشتی مووسا ئەژمێردرێ. لە تۆ باشتر نەبێ، مرۆڤێکی باش و خێرخوازە. دڵێکی بە سۆز و غەمخۆری هەیە. کەسی نییە. نە ژن و نە منداڵ. خۆشی ئەوا پیر بووە. ڕۆژ و شەوی لە هەمان کاروانسەرا ئەگوزەرێنێ. دەمێ ساڵان لەمەوبەر، هەمان ئەو ساڵەی دایکی مووسا بە دووکەڵی خەڵووز خنکا، مووسام هەڵگرت و بردم بۆ شار لە لای ئەو دامنا. مناڵێکی وردیلەی ڕەقەڵە بوو. بە کاری کارەکەی من نەئەهات. کەسیشم نەبوو ئاگای لێی‌بێ. زۆریش گرووی ئەگرت. گیرم خواردبوو بە دەستیەوە. دایکی خوا لێی خۆشبێ لە بەلووچەکانی سەرچاوە بوو. وتم لای پیرە خاڵۆ دای ئەنێم، لە بەر دەستی ئەودا بێ و لە ناو بنیادەمدا گەورە ببێ. پیرەخاڵۆش درێخی نەکرد. مووسای لێوەرگرتم و ناردییە تەونکردن. مووساش وردە وردە فێری ئەو هونەرە بوو. ماوەیەک پێش ئێستە پیرەخاڵۆ ئاگاداری کردم بابقولی بوندار، لە قەڵاچیمەن بە دوای وەستاکارێکی تەونکەردا گەڕاوە، پیرە خاڵۆش مووسای ناردووە بۆ قەڵاچیمەن. مووساش تەونی بۆ ناوەتەوە و چەند شاگردیشی گرتووە و خەریکە کار ئەکات. شوکری خوا بۆ خۆی بووە بە کاسبکارێکی تەواوەتی. پیرەخاڵۆ ئەوا پێشنیاری ئەوە ئەکا ژنی بۆ بهێنین. ئەڵێ لەوێ، لە قەڵاچیمەن تەنهایە؛ شەوانە کۆڵانگەڕیی ئەکات، نەکا تووشی شتێکی خراپ ببێ. بەڵام من، ڕاستەکەی لەم ساڵ و مانگە ئەترسم. مرۆڤ هەتا تەنها خۆیەتی غەم نییە. بەڵام هەرئەوەندەی سەر بوو بە دووان و قاچ بوو بە چوار، دۆخەکە ئەگۆڕێ. مرۆڤ ئەتوانێ خۆی نان نەخوات. ئەتوانێ مشتێک بکوتێ بە ورگی خۆیدا و قۆڕە قۆڕەکەی بخەوێنێ، بەڵام ناتوانێ بە ژنەکەی بڵێ: نان مەخۆ.

هەڵبەت تەمەنێکی وەهاشی نییە، زۆر ببێ؛ هەر بیست ساڵ ئەبێ. بەڵام مەترسی جەوانیش لەم سەروبەندانە دایە. بۆیە پێم وایە پیرەخاڵۆ قسەکەی زۆریش نابەجێ نییە. بەڵام باشە، خۆمنیش نەموتووە نا. بەس تیا ماومەتەوە چی بکەم. خەیاڵم هەیە ئەگەر ڕێ بکەوێ سەردانێکی قەڵاچیمەن بکەم و لە کوڕەکەم بپرسم. لەگەڵ بونداریش قسەیەک بکەم. هەڵبەت تەنها ناوی بابقولی بوندارم بیستووە، بەڵام لە نزیکەوە نایناسم. پێم وا نییە پیاوێکی ناماقووڵ بێ، ها؟ تۆ ئەڵێی چی؟

گوڵمحەمەد حەزی نەئەکرد هەر ناوی بونداریش ببیسێ. چ بگا بەوەی خۆی باسی بکات. بابقولی بوندار بۆ ئەو بیرخەرەوەی قەرزەکەی بوو. ئەمە بە گوڵمحەمەدی ئەوت کە دەستەنگە. ئەشکەنجە بوو. بەڵام خۆ نەشئەکرا وەڵامی پیرەمێرد نەداتەوە. بۆیە پێی وت:

ـ سەردانێکی کوڕەکەت بکەیت و هەواڵێکی لێ بزانی خراپ نییە. منداڵی مرۆڤ چاوەڕوانیی لە گەورەی هەیە.

ـ ئەمەیە کە ئەیڵێی. قوربانی مرۆڤی ژیر. منداڵی مرۆڤ چاوەڕوانیی هەیە. باوک و فرزەندی خۆ نابێ بێ ڕەنگ و بۆن بێ! ئەبێ بڕۆم بزانم کوڕەکەم چی لێهاتووە؟ بووە بە چکارە؟ ڕەنگە بووبێت بە وەستاکارێکی پسپۆڕ! ئەبێ بزانم چەندە مز وەرئەگرێ، چەندەی کۆکردۆتەوە؟ نەکا ـخوا نەخواسەـ تووشی هەڤاڵی خراپ بووبێ! چی ئەکات، چیناکات! ها؟

ـ ئا بەڵێ.

ـ بەڵام تۆش منت ترساند فێڵەباز؛ نەکا لە بەر ئەوەی نەمویست وشترەکانمان بخەینە یەک دڵت ئێشاوە؟ چەندە زوو زیز ئەبی تۆش! من خۆ مەبەستێکی خراپم نەبوو. ڕاستەکەی... وام ئەزانی کە تۆ لەمکارەدا نەشارەزایت. تازەکاری. دڵم نەهات وشترەکانم بدەمە دەستت. ئاخر من تا ئێستە نەمدیبوو کەستان کاری دارکێشان بکات. هیچ کەسم نەدیبوو. ڕاستەکەی کاری تۆ

نۆبەرەیە! ئێستەش پێم سەیرە چۆن بارەکەت خوار نەبەستووە. بەڵام دڵنیام تەنگزەکانت وا لە وشترەکەت بارکردووە تا بگاتە مەیدان چل شوێنی بریندار ئەبێ! چاوت لێیە؟ ئەها وشترەکەت لارە لارە ئەڕوا!

خاڵە مەندەلوو و گوڵمحەمەد لە وشترەکە نزیک ببوونەوە. نادعەلی لە پێش وشترەکەوە، هەروا لە سەر ئەسپەکە خپ ببوو و بەرەکەکەی دابوو بە سەریدا. ئەسپە سپیەکەی نادعەلی، ئارام و گوێ خەوتوو، سوارەکەی ئەبرد و بادیشی بە شوێن خۆیدا ڕائەکێشا. باران نەرمتر ئەباری و ڕێگەکە خز ببوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ لارەلار ڕێکردنی وشترەکەی من لە بەر خراپی ڕێگەکەیە. ڕێگەکە فریوی ئەدات. چاوت لێیە؟ ئەترسێ بخزێ. عەرزەکە ڕەقە. ئەڵێی گەیشتووینەتە قەڵا سەوقی.

خاڵە مەندەلوو، دەسکەوساری لە شانی داگرت. لە پاشکۆی وشترەکەی گوڵمحەمەدی گرێدا و لەتەک گوڵمحەمەدەوە درێژەی بە ڕێ ڕۆیشتندا و وتی:

ـ ئەمەش بۆ ئەوەی لە خاڵە مەندەلوو دڵگیر نەبێ. بابین بە کاروانێک!

گوڵمحەمەد هیچی نەوت. هەڵاتە پێشەوە و دەسکەوساری لە پشت زینەکەی نادعەلی کردەوە، ڕەشمەکەی لە گوریسی بارەکە گرێدا و وشترەکەی ئازاد کرد. جارێکیتر هاتەوە تەک پیرەمێرد. مەندەلوو بە بەستنی وشترەکانی خۆی بە بادی گوڵمحەمەدەوە، ئەوی خافڵگیر کردبوو. گوڵمحەمەد نەی ئەزانی چۆن بێ. وای دەربخات شادمانە؟ وای پیشان نەدات؟ بە چ زمانێ؟ ئەمە شادمانی پێویستە؟ بۆچی؟ بۆ ئەوەی لەبری دوو کەش، کەشێک بڕوات و بتوانێ لای ماراڵ بمێنێتەوە؟ ها؟

پیرەمێرد، لەو گیرە دەربازی کرد:

ـ ئاشنات کێیە وا بەو جۆرە ئاسوودە لە سەر ئەسپەکەی

خەوتووە. لە خۆتانە یان بەڕێکەوت یەکتان گرتووە؟
ــ لە خۆمان نییە. بەڵام ئاشنایە. پێم وایە ناسازە. نەخۆشە. ئەبێ بڕوات شوێنێکی گەرم و نەرم پەیدا بکات و بخەوێ. زۆر خراپ کوتراوە. ئەڵێی بەڵا لێیداوە. جەوانیشە.
ــ مەبەستت چییە؟ ئەتەوێ بڵێی ئەمرێ؟
ــ خوا نەکا خاڵە!
ــ ترسام ئاخر. خوا نەکا. حەیفی لەشی گەنج نییە کە بچێتە ژێر خاک؟ تا مردن هەیە با بۆمن بێ. جەوانی شیاوی ژیانە و پیری بۆ مردن باشە. هیچ بنیادەمێک جوانەمەرگ نەبێ. جوانەمەرگی کۆست کەوتنە. سەرگەردانی چییە و کێیە ئەم جەوانە؟
نادعەلی، پشتی ڕاست کردەوە و سەرە خەواڵووەکەی بە هەموو لایەکدا گەڕاند. بیابان تا بیابان، ڕەشایی بوو. ئاوڕی دایەوە و بە ماندوێتی پرسیاری کرد:
ــ لە کوێین کاکە؟
گوڵمحەمەد و مەندەلوو پێیان هەڵگرت.
ــ ها؟ ئێمە لە کوێین؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ لای قەڵا سەوقی. لە سەر گردی گڵەسوورە. کارێکت هەیە؟
ــ کەی ئەگەینە شار؟
ــ بەیانی.
ــ تا بەیانی، زۆرمان ماوە؟
ــ نەء. شەو بەرەو کۆتایی ئەچێ. ئەگەر هەور نەبوایە ئەستێرەی کاروانکوژەمان ئەبینی. بەیانی نزیکە. بخەوە!
ــ خەوم نایەت. سەرم سەد مەنە. ئەمەوێ بزانم لێرەوە بۆ قەڵاچیمەن ڕێ هەیە؟
ــ نەء. لێرەوە نا. بەڵام لە بن دەراوی چەمی شۆرەوە ڕێ

هەیە. لێرەوە ئەبێ بە لارێدا بڕۆیت. بەڵام تۆ نەشارەزای بەم شەوە ون ئەبی.

ــ کەوابوو کاتێکە گەیشتینە دەراو بە ئاگام بێنە.

خاڵە مەندەلوو لە سوارە نەخۆشەکە نزیک بووەوە و پرسی:

ــ ئاشناگیان! لەوێ، لە قەلاچیمەن کەست هەیە؟ ها!

نادعەلی جارێکیتر سەری لە سەر زینەکە هەڵێنا، چاوە ئاوساو و گرگرتووەکەی بڕییە پیرەمێردە کورتە بالاکە کە پێ بە پێی ئەسپەکەی ئەڕۆیشت و وتی:

ــ تۆ ئیتر کێیت؟ خۆ خەون نابینم؟

ــ نا نا، خاڵۆگیان، ئێمە هاوسەفەرین. تۆ ئاگات لێنەبوو من لەگەڵتان کەوتم. لە سەر زینەکە خەوت لێکەوتبوو.

ــ من نەخەوتبووم خاڵە. بەڵام بێداریش نەبووم.

ــ ئەتۆ خانی؟ ئەرێ... جەنابی خان خوا شەفات بدات. خوا هەموو نەخۆشەکان شەفا بدات. ئەمویست بزانم لە قەلاچیمەن کەس ئەناسی؟ چونکە منیش... ئاغەگیان، لەوێ... کوڕێکم هەیە. ئەمویست بزانم چۆنە؟

ــ من لەوێ کەس ناناسم. من ئەچم بۆ ماڵی خاڵم. ئەچم خاڵۆم ببینم.

نادعەلی، لەوە زیاتر توانا و دڵی ئاخاوتنی نەبوو. بۆیە، سەری نایەوە سەر زینەکە و -لە کاتێکا زیاتر- بەرەکەکەی هەڵئەکێشا بۆ سەر سەری، مەندەلوو بە ڕووئەستوورییەوە لێی پرسی:

ــ باشە ئەکرێ پێم بڵێی خاڵۆت ناوی چییە؟ ها؟

بە بێ ئەوەی سەری لە بن سەرپۆشەکەی دەربهێنێ، نادعەلی وتی:

ــ بوندار... بابقولی بوندار.

## بەندی شەشەم

لەسەر ئەسپە سپیەکەی، نادعەلی و پێ بە پێی وشترەکانیان، گوڵمحەمەد و مەندەلوو لە چەمی شۆڕ تێپەڕین.

باران تەنک ببوو. ئاسمان تۆزێ ناوچاوی هەڵێنابوو و تاک و تەرا ئەستێرە ڕوویان دەرخستبوو. کازیوە لە ڕۆژئاوا کەوتبوو و ڕێگە و بیابان ڕووناکیەکی لێڵ لێیدابوو. خاکی ڕێ و بیابان هێشتاش تۆخ بوو و بەرەو خۆڵەمێشی ئەینواند. زەوی ڕوخسارێکی لێڵی هەبوو. خۆیا نەبوو کازیوەی ڕاستە یان درۆیین؟

بێخەوی درێژخایەنی شەوانە، پیاوەکانی شەکەت کردبوو. نادعەلی، خەوتوو و بێدار، هەروا بە سەر زینەکەدا چەمابۆوە. خاڵە مەندەلوو بە پێڵووی ماندوو و چاوی گێژەوە، بە دەم وەنەوزدانی پچڕپچڕەوە، کلکی وشترەکەی لە دەور دەستی ئاڵاندبوو و خۆی بە دوای کاروانەکەدا ڕاکێش ئەکرد. ڕاوەستاوتر لەو دووانە، گوڵمحەمەد لە تەنیشت وشترەکەیەوە پێی هەڵئەگرت. دەستی ئەنا لە ڕووی سستیەوە و نەرم و شێڵگیر هەنگاوی ئەنا و هەوڵی ئەدا بێوازیی بێخەویی لە خۆی دوور بکاتەوە. شاری سەبزەوار نزیک بوو و شەوقی فرۆشتنی بارەکەی، ئەوی بۆ لای خۆی ڕائەکێشا.

ــ خۆزگە لەو بەری چەمەکەوە، لای تاڵاوا بارمان بخستایەت و وەنەوزێکمان بدایەت.

وشترەکانیش ئەحەسانەوە.

لە وەڵامی گوتەکەی پیرەمێرددا، گوڵمحەمەد ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

ــ خاڵە زۆری نەماوە بۆ شار. تاوێکیتر ئەگەین. چرای منارەکان نابینی؟ فرسەنگێکیش نابێ، ئەگینا ئەماینەوە. لە تالاواش برایەکم هەیە لە سەر وشترەکانی خان کار ئەکات. ئەمانتوانی کترییەک چاش لەو وەرگرین.

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ پێم وابێ لە ناو مێرگەکەین، نزیک کوورەخانەکان، وایە؟

ــ نەء. هێشتا نا. واین لە ناو گڵەسوورەی خاندا. لای ماڵە خوێکان. سەیرناکەی قوڕە سوورە چۆن ئەلکێ بە بن پێڵاوەکانتەوە؟

ــ ئەی بۆچی ئەم ئاشنایەت هەڵناسێنی بەڕێی خۆیدا بڕوات؟ مەگەر نایەوێ بچێ بۆ قەڵاچیمەن؟ پێم وابێ لەم ناوەدا ڕێ ئەبێ بە دوو. یەکیان ئەچێ بۆ دەروازەی نەیشاپوور و یەکیش بۆ دەروازەی سەبریز. ئێمە دەروازەی سەبریز ئەگرین. ئەویش ئەگەر بیەوێ بچێ بۆ قەڵاچیمەن، ئەبێ لەمیانەوە بڕوات بۆ ساڵحئاوا. لەوێشەوە لاری بکاتەوە بەرەو ڕێی کۆنە و...

گوڵمحەمەد لای ئەسپەکەی نادعەلی بوو. چۆکی گەنجەکەی ڕاوەشاند. خەبەری کردەوە و وتی:

ــ ئا کاکە، ئەتەوێ چی بکەی؟ لەگەڵمان دێی بۆ سەبزەوار، یان لاری ئەکەیتەوە بەرەو قەڵاچیمەن؟

نادعەلی بەرەکەکەی داکێشا بۆ سەرشانی و شەکەت، پرسی:

ــ لە کوێین؟

ــ نزیک شار.

ــ چ کاتە؟

ــ دەمەو بەیان.

ــ ڕێی قەڵاچیمەن لە کوێوە...

ــ بەرەو خۆرهەڵات ئەبێ بڕۆی. ئەگەر لەگەڵمان دێی بۆ

شار، ئەبێ لە دەروازەی نەیشاپوورەوە لا بدەی، بەرەو دەلەند و باغوون و هاشماوا و بچی بۆ زەعفەرانی. لەوێش بە تەنیشت کاروانسەراکەدا تێپەڕە و خۆحەن بەرەو دەراو، بۆ قەڵاچیمەن. ئەگەر لێرەوە کە ڕێگەکە ئەبێ بە دووان بتەوێ بڕۆی، ئەگەیتە ساڵحئاوا. لەوێ تێئەپەڕی، بە لای بەفرەچاڵەکاندا بای ئەدەیتەوە و خۆت ئەگەیەنیتە سەر ڕێی دەلەند و ئەچی بەرەو قەڵاچیمەن. ڕێگەکەی یەکە، بەڵام ئەگەر لای دووڕێیانەکە، بەرەو ساڵحئاوا بڕۆی سەرڕاستترە. وەک پیرەمێردەکان ئەڵێن، ئیتر خۆت ئەزانی.

نادعەلی تاوێک بیری کردەوە و پاشان وتی:

ــ بێم بۆ شار، تۆ ئەڵێی؟ ها!... خۆ کارێکم نییە لەوێ... نەء. نایەم. ڕێی ساڵحئاوا لە کوێوەیە؟

ــ پێی ئەگەین.

گەیشتین، لە سەر دوو ڕێیانەکە گوڵمحەمەد ڕێگەکەی پیشانی کوڕی حاجی حسێنی چوارگوێشلی دا، دەستی بەرەو دوور ڕاکێشا و وتی:

ــ ئەوەتا... ئەوە ساڵحئاوایە. لە پشت ئەو دارانە. تا ئەوێ زەوی گڵە سوورەیە. دەرچوون لەو قووڕە تۆزێ دژوارە. ئاگات لێ بێ سمی نەخزێ. بەڵام لەوێ کە تێپەڕیت، ڕێگەکە لمە. مەترسی نییە. خوات لەگەڵ بێ.

بەرەو ئەو ڕێگەی گوڵمحەمەد پیشانی دابوو، نادعەلی ئەسپەکەی برد و لەشی بە سەر ئەسپەکەوە وەکوو تۆپەڵێک دووکەڵ لە تاریک و ڕوونی لێڵی بەیانیدا دوورکەوتەوە و پاش تۆزێک لە چاو ون بوو.

سێ وشتر، لەگەڵیان دوو پیاو لە بن ڕێگەکەدا ڕێیان ئەبڕی. گەیشتنە لای مەزراکان، پاشان سێبەرەکان. بە لای کەڕەنای کورەخانەکاندا تێپەڕین. بە قەراخ مێرگەکەدا. پاشان بە لای قووڵکەکان و باڕێژەکاندا. قەڵات و دیواری کۆنەی شار، دیار بوو. لە پشت دیواری شار، لای دەروازە. دەروازە داخرابوو. چوونە ناو

شار، پێش ڕۆژ بوونەوە قەدەغە بوو. واتە، هێشتا ماوەتی ڕۆژ ببێتەوە.

رووپۆشی بارانیی پیاوەکان تەڕ و ڕوخسارییان ماندوو بوو.

خاڵە مەندەلوو شارەزای کارەکەی، وشترەکانی بردە لایەکەوە، یخیدان و کترییە فافۆنە ڕەشەکەی لە شەڵتەی سەربارەکە دەرهێنا و لە پەنای باگری وشترەکاندا، بە سێ بەرد کوانوویەکی سازکرد و بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ لە ناو بارەکەت چوار چڵ هێزمی وشک دەربهێنە با چاییەک لێبنێین. وشک بێ ها!

گوڵمحەمەد چەند بنەگەونی لە بن سەربارەکە دەرکێشا و لای کوانووەکە داینا و وتی:

ـ ئێزنگێک دە فرسەنگ باران لێیدابێ، لە کوێ وشک ئەبێ؟! بگرە! ئەگەر ئەتوانی دایگیرسێنە.

خاڵە مەندەلوو وشکترین گەونەکانی نایە ناو کووانووەکە. نەرمە لقەکانی بە دەستە کورت و کوتراوەکانی، ئەو دەستانەی وەک خشتی سوور زبربوون، تێک شکاند و خڕە بەردێکی لە سەر دانان و شەمچەی لێدا، گەون نەیگرت. بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ شەمچەت هەیە؟

ـ لە کوێم بوو. من خۆ سەبیلە ناکێشم.

خاڵە مەندەلوو ئاوڕی لێدایەوە، بە نەرمە خەندەیەکی تەوساوییەوە وتی:

ـ ئای!... ئەگەر پیاوی بیابان نەبوایەتی هیچم پێ نەئەوتی. بەڵام ئێستاکە ناتوانم چوار قسە نەدەم بە تەنگەتدا. پیاوی دەشتەکی، هەرگیز سێ شت لە خۆی دوور ناکاتەوە: بڕەڕ و دوورەر و سووتێنەر. واتە: کێرد و دەرزی و چەخماخ. جا ئەتەوێ سەبیلە بکێشە یان نا. وای دابنێ هەر ئێستە نافەکی شەرواڵەکەت لە بنە گەوەنێک گیرا و نافەکت هەڵپچڕا؛ ئەتوانی پێ بنێیتە ناو شار؟ ئەگەر دەرزیت لە بنی کڵاوەکەتدا نەبێ، چی ئەکەی؟

نەکا بە نافەکی هەڵدڕاو و گەڵ و گونی ڕووتەوە، لە بەر چاوی ئەم شارییە زمان درێژ و چاودڕاوانە ئەکەویتە ڕێ و ئەچی بۆ ناو مەیدان، ئەرێ؟ پێت وایە شاگردی ئەم خمگەر و دارتاش و گیوە فرۆشانە ئەهێڵن بە ساخی بگەیتە ناو مەیدان؟ بە خوا هەراسانت ئەکەن. بەم جۆرەش شیعریان بۆ سازکردووین: بن کڵاوەکەت خڕکەی تیاییە ــ کونی دەرپێکەت وەک دەرگایە. مەگەر تا ئێستە بارت نەهێناوە بۆ شار؟

گوڵمحەمەد کە لای وشترەکەیەوە وەستابوو و تەوێڵی وشترەکەی بە نینۆک ئەخوراند، بە ناوچەوانی گرژەوە کە نیشانەی نارەزایی لە خۆی و تۆزێکیش لە خاڵە مەندەلوو بوو، وتی:

ــ بڕەڕەکەیم هەیە. دووانەکەی تریشم ئەگەر پێ نییە لە بەر ئەوە بوو ئاگام لە خۆم بڕا. ئەم هاوڕێیەی لەگەڵمان بوو گێژ و وڕی کردم.

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ منیش لە ناو قوتوە شەمچەکەمدا تەڵێک زیاترم نییە. ئەگەر ئەمەش نەیگرێت و بکووژێتەوە، ناچارین دەروازەبانەکە خەبەر بکەینەوە. دەست بکە بە ناو شەڵتەکەی مندا، شووشەیەکی تیایە، بۆمی بهێنە، ڕەنگە چۆڕێک نەوتی تیا مابێ. لە پەڕوویەکمەوە ئاڵاندووە.

گوڵمحەمەد شووشەکەی دۆزییەوە و دای بە خاڵە مەندەلوو. خاڵە سەری شووشەکەی هەڵگرت و وەریگێڕا بە سەر گەونەکەدا. لە چەند دڵۆپێک زیاتری لێ نەتکا. خاڵە مەندەلوو شووشەکەی دانا و بۆ ماوەیەک دڵ بە گومان بوو. ویستی دوا چڵە شەمچەکەی داگیرێنێ. بەڵام دەستی ڕاگرت و پاشان وەکوو ئەوەی فێڵێکی وەبیر هاتبێتەوە، شووشەکەی هەڵگرت و پەڕۆکەی لێکردەوە؛ پەڕۆ نەوتاوییەکەی خستە بن هێزمەکە و بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ جا وەرە لای شانمەوە دانیشە و بەر باکە بگرە. وەرە چۆخەکەت بکە بە پەردە!

گوڵمحەمەد لە شانی خاڵە مەندەلووەوە دانیشت، پشتی لە هەوا کرد. خاڵە مەندەلوو بە ووردی و بە ئاگا لە کاتێکا ئەیویست لەرزینی دەستەکانی کەم بکاتەوە، شتێکی لە بەر خۆیەوە وت و چڵە شەمچەکەی داگیرساند، خێرا و پسپۆڕانە گرتی بە بن پەڕۆکەوە. گرتی و گڕ کەوتە ناو کوانووەکە. خاڵە بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ ئێستە ئاومان ئەوێ. ئاو لە کوێ بهێنین؟

ـ غەمی ئاوت نەبێ.

گوڵمحەمەد چوو بۆ لای تێرەکە، جەوەندەکەی هێنا، کترییەکەی پڕ کرد و جەوەنەکەی خستەوە جێگای خۆی و هاتەوە بۆ لای خاڵە مەندەلوو. مەندەلوو لای ئاگرەکە بوو؛ ترسی با و کوژانەوەی ئاگرەکە. گوڵمحەمەد لە بن دیوارەکە دانیشت، پاڵی دایەوە و پانیەی سەری نابە دیوارەکەوە. شەکەت، خەوی لێکەوت.

کتری هاتە کوڵ. خاڵە مەندەلوو چای دەم کرد و کیسەی کشمیشەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. چا، چەند پیاڵە بە دوای یەکدا. پیرەمێرد گەرم داهات، دڵی نەهات گوڵمحەمەد خەبەر بکاتەوە. گەنجە. جەستەی گەنجیش لە نان زیاتر نیازی بە خەو هەیە. پیرەمێرد هەڵسا و چووە لای خۆڵی خەندەقەکە، دەستی برد بۆ دۆخێنەکەی و دانیشت. پاش تاوێک هەڵسا و ئاسوودە هاتەوە بۆ لای ئاگرەکە. کترییەکەی لای ئاگرەکەوە داناو چوو بۆ لای وشترەکان. پەنجەیەک بە یاڵی ئەمدا و نینۆکێک بۆ تەوێڵی ئەویتر و دەستێک بۆ کلکی هەر کامیان: ئازیزەکانی مەندەلوو!

بارەکانی تاقیکردەوە و چوو بۆ پشت دەروازەکە. چاوی نا بە درزی دەرگاکەوە سەیری ئەو دیوی کرد. ماڵی دەروازەبان دوو پێپلیکانی بەردین. کەڵەشێرێک لە سەر بانی ماڵەکە.

کڕ و خامۆش لە سەر لاقێک. پەیکەرێکی بەردینە. لەولاترەوە درەختێک و پشت دارەکە، درێژەی دیواری شار کە بە لێژایی مردووشۆرخانەکەدا ئەکشا و بنەکەی وەکوو پێستی حەزیا لە دەوری شار ئالابوو و تەوقی دابوو. بەڵام بەس پێستی مار. دیوارە کۆنە، شکۆی خۆی دۆڕاندبوو. ئیتر نە دەورگر و ڕاگری شار، بەڵکوو شێوەیەکی هەردووکیان بوو. خشت و خۆڵی ئەم دیوارە کە بەدەستی پیاوانی ئازا لە سەردەمانی زووتردا سەرکەوتبوو، ئەوا پووک ببوو و لێرە و لەوێ داڕووخابوو. پەیکەری ئەستووری دیوارەکە، قەڵەش و کون و ڕووخانی پێوە دیار بوو. پیر بوو ئەم برجانە و ئەم شۆرەیە لە سەرەمەرگدا بوو. بەڵام ئەم ئێسقانە پووکە، ئەم تەنە داڕزاوە، ئەم شان و ئەم باهۆ کۆنینە، هێشتاش ئامادە نەبوو دەس لە خۆی بەردات؛ دڵ لە ڕاوەستاویی خۆی بەردات، دڵ لە کۆنینە بوونی خۆی بەردات. سەربردەی لە دڵ دایە ئەم دیوارە کۆنەیە. ئەو سەربردانەی کە زمانی کەسان، زۆر کەم گێڕاویانەتەوە. چەندە سووکایەتی بە گیان چەشتووە. بە چاو و بە گوێش. جێ چڕنووکی مەغۆلەکان لە سەر پێستی لەشی، نەڕەی تۆقێنەری توورانیەکان لە گوێی گیانیدا و شوێنەواری ئەو مەنجەنیقانەی، پسپۆڕترین وەستاکارانی چین دروستیان کردبوو، بە سەروبچکی ئەم شووریەوە هێشتاش مابوو. شوێنی چنگ و جێی ڕمب و شیر. جرینگە جرینگی داگیرکردن، هەرای هێرش. شالاو و خوێنی لاوان. باروو لە خوێن و خەنجەر ئاژێنراوە. پیاوان، مۆریانەکان، بە دیوارەکەدا هەڵئەگەڕێن. شەڕ لە سەر یاڵی دیوارەکە. تێک وەرئەبن، قیژەی هەڵدێران. خوین بە حەوادا فیشقە ئەکا. شوورە ئەلەرزێ. تەزی پیا دێ. هەست ئەکات لە پێ کەوتووە و مێشی مڵۆزم برینەکانی هەڵئەکۆڵن. گوێی لە وزە وزی مێشەکانە. ئەسپێ ئەیخۆن. گەڕی ئەکەن. ئەیمژن. مۆریانە کون کونی ئەکەن. باروو دائەڕووخێ. دەروازەکان تێک ئەشکێنرێ. هێرش و هەرا و هوریا. پیاوان لێک ئەئاڵێن و تێک ئەشکێن.

خەنجەر، لە پشتەوە! ئەمجارەش، وەک هەمیشە! شار تێکچرژاوە. سمی ئەسپان و ڤیزەی تیر و لاڵانەوەی پیرەژنان. شەڕ و هەڵڵا، سینە بە سینە. خەنجەر و سینە. شیر و ملی پیاو. نێزەیە و ورگی دایکان، مەمکی کچان. شار شێت بووە. تالآنی هەبوو نەبوو. تاودانی بێ ئامان. حیلکەی ئەسپانی تۆقاو لە پەژارەی دایکاندا. شار ئەناڵێنێ. کۆڵانەکان، مەیدانەکان، ماڵەکان و خەوگەی ماڵان پارێزراو نییە. خاک و خەڵک لە ژێر سمدا ئەکوترێن. بەگیان، بۆ خۆ بەختکردن تێئەکۆشن سەردارەکان. منارەیەک لە سەری پیاوان و خەڵکان لە ناو مەیدان.

چاوی تەیمور لە ناو شاردا ئەسووڕێتەوە، ڕوخساری تەیموور بە سەر شاردا پەل ئەهاوێ. کرێتی. دزێوی! وەستاوە لە سەر بڵیندایییەک تەیموور لە چاوی سەر بڕاوەکاندا قاقا لێئەدا. شەیتانی دزێو، نابینرێ. ئەبینێ. ڕوخساری پان، پانتر لە گومەزێک، پانتر لە مەنداوێک، لە کەویرێک، بە هەموو ناشیرینی خۆیەوە پێئەکەنێ. قاقا دزێوەکەی لە ئاسمانی بەیهەقی نەجیبدا، لە تاقی هەماراوەکاندا، لە ئەشکەوت و کوولەکاندا لە حەرەم و خەوگەکاندا، لە دالآنی کاروانسەراکاندا دەنگ ئەداتەوە. قەمچییەک، ئەژدیهایەک بە دەستیەوە، لە سەر بەرزایی وەستاوە. دزێو و بەد کردار، هەر بۆ خۆشی قەمچی ئەدا لە پشتی دایکانی من، دایکانی ئێمە. دەستێک قەمچی و دەستێک سوراحی. شاد و کرێت پێ ئەکەنێ. دوو مشخەڵی دەم بە دووکەڵ لە چاوانیدا ئەسووتێن. ئەشەلێ، قورس ئەشەلێ و لە بەرزایی دائەبەزێ. مامزەکانی گورانی ئەڵێن. قەمچییەکەی، زمان لە خاک و خوێن وەر ئەدا. خۆی لە بەر خۆر ئەدرەوشێتەوە، لە سمێڵ و لێوەکانی، لەزمان و لە ددانی خوێن ئەتکێ. لای سەرەکان، لای خەرمانی سەرانی خۆبەختکەران ئەوەستێ. سەرکەوتوو و خامۆش ئەوەستێ. بە خامۆشی سەیر ئەکات. سەرەکان بە خامۆشی سەیری ئەکەن. چاوەکان، بە خامۆشی سەیری

ئەکەن. سەیری شەنیلە ئەرخەوانیەکەی شا، سەیری شەنیلە خوێناوییەکەی شا لە بەرپێی تەیموووردا ئەکەن. شەنیل، خەڵاتی تەیمووورە بۆ نۆکەرەکەی، پاداشتی خەیانەت. شالیاری شار، مل کەچی خەیانەتەکەی، بە تەقیلەی زەرد و ڕیشی کۆسەوە؛ بە کورنش کردن لە بن پێی تەیموووردا پێ هەڵئەگرێ. بێئاگا لە چارەنووسی خۆی کە مەرگە. پاداشتی خەیانەت. دوایین خەڵات. دوایین سپاس. چاوە مردووەکان، بە هۆی خەیانەتی شالیارەوە مۆڵەق بوون. دەمەکان جنێوێکی خامۆشیان لە خۆیاندا حەشار داوە. شەرمی شالیاریش درۆیینە. لە شیوەنی شاردا، تەیموور سم لە زەوی ئەکوتێ. لاڵانەوەی پیرە دایکان. تەیموور بە قەمچی دایکان نەوازش ئەکات. زیندوانی کۆتکراو سروود ئەڵێن. خوێن لە دەمیان ئەپرژێنن. تەیموور فەرمان ئەدا لە قوڕیان بگرن!

بە کرێگیراوان، بە خشت و خوێنی لەشی زیندووەکان باروووەکە نوێ ئەکەنەوە. دەست و پێیان ئەبڕن. لەش و سەریان لە ناو دیواردا ئەچێنن. بەچاوی ئاوەڵە، زمانی پڕ وتە، دڵی پڕ قسە، سینەی پڕ خرۆشەوە پیاوان ئەمرن. بەزیندوویی ڕۆڵەکانی دادوویە، ڕۆڵەکانی حەللاج، ڕۆڵەکانی خوڕڕەمدین، ڕۆڵەکانی مەزدەک، ئەم عاشقانەی بەردەوامی عەشق، عەیاران، برایان، بە پێوە ئەمرن و خوێنی خۆیان وەک کەلەپوور جێئەهێڵن. خوێن لە دەست و قاچەکان فیشقەی ئەکرد. دڕکێک لە چاوی دوژمندا، ڕووی خۆیان بە خوێنی خۆیان سوور ئەکەن و ڕیز ڕیز لە دڵی دیوارەکە جێگیر ئەبن. دوا ئەستێرەکان، دوایین ئەستێرە، لە هەموو نیگایەک پزیسکە ئەبەستێ، دەرئەپەڕێ و ئەشکێ. لە پزیسکە، پزیسکەدانی ئەستێرە، لە شکان شکانی ئەستێرە بنواڕە!

بێدەنگی. پیاوان مردوون. شەو بە سەر ئەستێرەدا زاڵ بووە. شەو دادێ. ڕقی تەیموور نیشتۆتەوە. چاو بۆ پاداشت، کرێگرتە ڕیزیان بەستووە، کرێگرتەی بێ چاو و ڕوو قرووسکەیانە. سەگان.

خوێن بەس نییە، نانیان ئەوێ. تەیموور ماڵی خەڵکیان پیشان ئەدا. بێوەژنانیان پیشان ئەدا. جێگە و نانی گەرم. بە کرێگیراوان تاو ئەدەن، شاڵاو ئەبەن. دەر و دیوار ئەناڵێنێ. ماڵە ڕووخاو ئەناڵێنێ. یاوی خوێناوی ترس و خۆف، شار پڕ بە پڕ ئەکەوێتە ناو خۆفی شەوەوە. سەربەداران، سەریان بە سەر دارەوەیە. تۆوەکان، بەس تۆوەکان، سەرەمێکوتە جووڵەیان دێ؛ مەرگیان نەبێ! ناڵە لە دڵەکاندا دائەمرکێتەوە. نامرێ. پاشەکشێ ئەکات. هەماری ڕق، هەماری تووڕەیی؛ پاشەکەوتی گەل، گەنجینەی خەڵک!

بە خرۆش بە ئەی زمانی براو، پیاو کوژراوی شکست خواردوو، دایکی ڕەشپۆشم؛ ئەی بەرگ ڕەش! پڕ خرۆش بە ئەی خاک! کوڕەکانت، بۆ لات دێنەوە، لە ئامێزیان بگرەرەوە!

تەیموور ئەڕووا. کاتێکە شەو بە سەر شاردا ڕاخراوە، ئەڕوات. لە سەر شانەکانی مار ڕوواون. شالیاری شار لە دووی ئەڕوا. بە بێڕوومەت لە دووی ئەڕوا. پەنجەکانی خوێنی لێ‌ئەتکێ. دەنگی پێی لە کۆڵانەکانی شاردا، تاودانەوەیەکی شوومی هەیە. شوورە، لە سەر پێیە، تەنها، شوورە وەستاوە!

خاڵە مەندەلوو. چاوی لە کونی دەرگای دەروازەکە هەڵگرت و پشتی ڕاست کردەوە. هات بۆ ئەملا. گوڵمحەمەد لە بن دیوارەکەدا هێشتا خەوتبوو. دەنگی بانگ لە منارەکانەوە بەرز بوویەوە. دەرگای ژووری دەروازەبان لێک ترازا. شڵپەی ئاو بە سەر دەستەکانی‌دا. کاتی دەسنوێژ.

ـ هۆی... کوڕی کەلمیشی ناتەوێ ڕابی؟ ئەوا ڕۆژ بوویەوە. گوێت لە دەنگی بانگ نییە؟

گوڵمحەمەد هاتەوە بە خۆیا. لەشی ماندووی هەڵساند. باوێشکێکی دا و پشت دەستی نا بە دەمیەوە و وتی:

ـ خۆزگە خەبەرت نەکردبامەوە. ئەتوت هەر لەم دنیایەش‌دا نیم. خۆزگە هەڵت نەساندبام.

ـ تاکەی ئەتەوێ بخەوی پیاو؟ مەگەر ناتەوێ بارەکەت

بەنرخێکی باش بفرۆشی؟ کاروانە مەزنەکان بە بارەوە خەریکن ئەگەن. دەنگی گازەنگ نابیسی؟ هەر ئێستە دەروازەکە ئەکەنەوە. هەڵسە وەرە پیاڵەیەک چا بخۆ بابێتەوە سەر خۆت. زووکە ڕابە! ئەم چا بێ پیرە بۆ پیاوی ماندوو دەوای دەردە. شەکەتیت لە لەش دەرئەکا. هەڵسە وەرە. وەرە بۆ ئێرە!

گوڵمحەمەد هات بۆ لای ئاگرەکە. گورگانە دانیشت و وتی:

ــ تێیکە! تێکە! ئەم کاروانەی وا دێ، ڕەنگە هی ئاغای تالآوا بێ. ئەگەر ئەو بێ، براکەی من، بەگمحەمەدیشی لەگەڵە. پێم وتی بەگمحەمەد لای یەکێک لە خانەکانی تالآوا، لە سەر وشترەکانی ئەو کار ئەکات. باش ئەبێ ئەگەر ئەویان لەگەڵ بێ.

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ تالآوییەکان زۆر جاران بارەکەیان لە سەر کوورەکان ئەخەن. ڕەنگە ئەمجارەش لە کورەکان نەیەن بەم لاوە.

گوڵمحەمەد، دوا قومی چاکەی هەڵقۆڕاند و وتی:

ــ ڕەنگیشە دوای بارخستن و فرۆشتن هاتن بۆ شار. خۆ هەر لەوێوە ناگەڕێنەوە! نان و قەند و چایەکیان ئەوێ یان نا؟

دەنگی دەنگەدەنگی کەڵەزەنگی پێشڕەوی کاروانەکە نزیک ئەبوویەوە. وا دیار بوو لە دەربەندی شۆڕەوە هاتبوون. کەڵەشێری دەروازەبان ئەیقووقاند و باڵی ڕائەوەشاند. بانگ لە منارەکەدا کپ ببوو. کازیوە پەلی هاوێشتبوو ئەخزایە ژێر پێستی شەوەوە. کازیوەی ڕاستەقینە، دەروازەبان نوێژی خوێندبوو. خاڵە مەندەلوو پیاڵە و کتری و کیسەی کشمیشەکەی کۆکردەوە و خستیەوە ناو شەڵتەکەی. گوڵمحەمەد، بە نەڕەیەک وشترەکانی ڕاچەناند. وشتر بە بارەوە ڕاست بوونەوە. گوڵمحەمەد و مەندەلوو بە دەوری بارەکاندا سووڕانەوە. یەکێک لە بارەکان خوار ببوو. بارە خەڵووزی وشترە مێکەی خاڵە مەندەلوو. پیاوەکان پێکەوە بارەکەیان ڕاست کردەوە. گوڵمحەمەد هەوساری وشترەکەی دا بە شانیدا و ئامادە لە پشت دەروازەکە وەستا. مەندەلوو، لای بارەکەیەوە، چاوەڕێی

ئەکرد و سمێڵ و دەور لێوەکانی ئەلستەوە. ئارام بوو. بەڵام لە پڕ نەڕاندی:

ـ ئەرێ ناتەوێ ڕێگەمان بدەی بێینە ژوورەوە؟!

دەنگی دەروازە بانەکە بە شەڵەژاویی و پچڕپچڕ لەو بەرەوە بەرز بوویەوە:

ـ تۆزێ چاوەرێ بکە خاڵۆ! ونمکردووە. کلیلەکەم لێ ون بووە. نازانم لە کوێم داناوە ئەم تەڕەماشە! ئەوا... هەر ئێستە... نەحلەت لە شەیتانی حەرامزادە! جنۆکە پێیان لە سەر داناوە! خۆ دوێشەو هەر لێرەم دانابوو. لە سەر ڕەفەکە، لای فانۆسەکە دامنابوو... ئا... ئەوەتا دۆزیمەوە. بێ پیرە لە سەر ڕەفەکەوە کەوتووەتە خوارەوە بۆ ناو تەشت و بن جەڕەکە. هاتم... هاتم...

بە دەنگێکی وشک و ماندوو، دەرگا گەورە و کۆنەکانی دەروازەی شار کرانەوە. دەروازەبان کە مل و نیوەی ڕوخساری لە ملپێچێکی خورییەوە ئاڵاندبوو، لەتە قورسەکانی دەرگاکەی پاڵدایەوە و لە کاتێکا ئەچوو بەرەو بۆتکەکە، وتی:

ـ وادیارە یەکێک لەو سەربارانەتان بۆ من هێناوە! هەڵیدە خوارەوە دەی، ئەوە خۆ هەمووی سێ بارتان پێیە؟ دوو پیاو و سێ بار؟! وەرە باجەکەی بدە. سێ دوو قەڕان ئەکاتە شەش. دووقەرانیش سەربارەکان هەشت قەران. بابێ!

خاڵە مەندەلوو چوو بۆ لای دەروازەبان و وتی:

ـ چی؟ بۆ سەر باریش باج وەرئەگری؟! لەکەیەوە؟ مەگەر لەگەڵ کرێکارانی کورەکان قسە ئەکەی؟ چاوەکانت جوان بکەوە و من ببینە. من حەمەعەلیم. ساڵ بە دوانزە کارم خەڵووزکێشان و دارکێشانە! تۆ تازە ئەتەوێ باجی سەربارم لێوەربگری؟ باج! نەکا مەسرەفی خۆت چووەتە سەرەوە؟! هەه!

دەروازەبان بە قەڵسیەوە سەری ڕاوەشاند و بۆڵاندی:

ـ باشە ئیتر! نایەوێ گوتارم بۆ بدەی. باشیش ئەتناسم. مەندەلوو ڕەژوو! کوڕەکەشت ئەناسم. چەند ساڵێک لای ژن

براکەم فێری تەونکردن ئەبوو. ئیستەکە بە ئاشنا دەرچووین حەوت قەران بدە و بیبرەوە!

ــ باشە بۆچی حەوت قەران؟!

ــ ئەی چەند؟

ــ شەش قەران. بگرە ئەوەش شەش قەران. یاڵڵا پسووڵەکەی ببرە.

ــ بابێ، شەش قەرانەکەت بدەو برۆ بە دوای کارتدا، منیش کارم هەیە! تۆ ئیتر کارت بەو شتانە چییە؟ برۆ، برۆ ئیتر! خۆم پسووڵەکەی ئەدڕێنم!

خاڵە مەندەلوو لە بەر خۆیەوە بۆڵەیەکی کرد و خۆی گەیاندە لای گوڵمحەمەد و وتی:

ــ تا ئێرە دوو قەران قەرزاری منی، باجی بارەکەتم دا، دووقەران. باشە!

ــ باشە دەی تۆش! خۆ هەڵنایەم! پێت ئەدەمەوە. هەر ئەمڕۆ پێت ئەدەمەوە. ئەوەندەی بارەکەم فرۆشت.

ــ مەبەستم ئەوەیە لە بیرت بمێنێ. ئەزانم هەڵنایەیت. ئەمە گوتەیەکی باشە کە ئەڵێ ئەگەر ناتەوێ لەگەڵ هاوڕێکەت تێک بچی، لە هامان سەرەتاوە حەسابی دەرچوو و داهاتت لە دەستدابێ. جا ڕێکەوە! ئەوا هەواش ڕوون بوویەوە.

**بەندی حەوتەم**

بەرەبەیانی سەبزەوار.

ئاسمانی ساماڵی دەمەوبەیان پاش نەرمە وەشتی شەوانە. هەوای تاریک و ڕوون، هەوای لێڵی بەیانی. هێمای پێواری خامۆشی. دەنگی پێڵاو لە سەر بەردچنە تەڕەکانی شەقام. بۆنی شێی دیوارە قووڕینەکان. دەرگای بەستراو. دووکانی داخراو. خمگەر، ئاسنگەر، دارتاش. دەنگی نوێژ خوێندن لە بن دیواران. ڕاستە شەقامی چۆڵی سەبریز. تێپەڕینی پیاوێکی کۆم، بە بەرەکی ڕەشەوە بەرەو گەرماو. دەنگی پێ، دەنگی کۆکە، دەنگی زکر.

شار، لە چرۆی بەیانی‌دا چاو هەڵئەهێنێ.

گوڵمحەمەد و مەندەلوو یەکەم کەسانن پێیان ناوەتە سەر بەردچنی شەقامەکە. لە سەبریز تێ ئەپەڕن. بە لای ئەستێڵەکەی هەشت پایەدا ئەڕۆن و پاش تاوێک بە لای شانی بازاڕدا، ئەگەنە مەیدانی خەڵووز فرۆشەکان. مەیدان هێشتا چۆڵە. بەتاڵی هەر کەس و هەرشت. باران، تەختی مەیدانەکەی سفت کردووە، دەوراندەوری مەیدان، دەرگای هەموو دووکانەکان داخراوە. لای خوارووی مەیدان، لای سێ سووچەکە، ڕێگەیەک بۆ کۆڵانی پێدرەخەت هەیە. لەملاترەوە گوزەرێک بەرەو ئاسنگەران و چاڵی خمگەران. خمگەرەکانیش هێشتا وان لە خەودا. لای سەرووی مەیدانەکە، شەقامی بەردچنکراو بەرەو ئیمامزادە یەحیا ئەڕوات،

هەمیش لە سێ سووچی ڕۆژاوای لای سەرەوەی مەیدانەکەوە. لای دەرگای خوارەوەی کارونسەرای شازدەیە و بەرەو مزگەوتی گەورە ئەڕوا. کۆلانێکی پێچەڵ پێچ ، بنی بازاڕی شیرینی سازەکان ئەبڕێ و بە شێوەیەکی توند و خاوێن، بەردچنکراو، سەر لە بەر دەرگای خوارووی مزگەوت دائەنێ.

خاڵە مەندەلوو، بەر لە یخ دانی وشترەکان، دەست ئەنێ بە سینەیەوە و سەرپێیی سلاوێک لە ئیمامزادە ئەکات. پاشانیش ڕووی لە گوڵمحەمەد:

ـ ئەمەش شاری سەبزەوار. هەتا ئێستە ئاوا چۆڵ و دڵ لەسەرخۆ بینیوتە؟ بارەکەت کە فرۆشت، وشترەکەت ئەبەیتە کاروانسەرا و ئەچی بۆ ئیمامزادە. شەقامی ئەرک و شەقامی بەیهەقیش بە دڵ تەماشا بکە. دووکانی بەقاڵیەکەش لە بن دەرگای کاروانسەراکەیە، بەرەو مەیدان. لە شیری مریشکەوە تا گیانی ئادەمیزادی تیا دەس ئەکەوێ. ئەگەر لەگەڵی ئاشنا ببی، قەرزیشت پێئەدا. ئەمەش چاخانەی کەلایی حەبیب. شاگردەکەی خەریکە ئەیکاتەوە. شوێنی هاتوچۆ و کڕین و فرۆشە. زۆربەی گوندییەکانی لای شۆراو، لێرە کۆئەبنەوە، تا نیو کاژێری تر دەلاڵەکانی پێستە و خوری و ڕیخۆڵە و تووکوولەکە، وەکوو لەشکر ئەرژێنە ئەو ناوە و قیرە و هەرایان بەرز ئەبێتەوە. حوجرەی بازرگانەکانیش وا لە شەقامی بەیهەق. لای دالانی کاروانسەراکان. نەزمیەش هەر لەوێیە. بەلام دادگا لە سەرترەوەیە، شەقامی سەرەوە. بەڕێوەبەرایەتی جەندەرمەش لەولایە، لای دەروازە عێراق. لە ناو یەکێک لە کاروانسەراکانی شا عەباسیدا. ئیتر گیانم بۆتی بڵێ، لەم چەند ساڵەی پاش جەنگیش یەک دوو گاراج لە شەقامی سەرەوە کراوەتەوە. واتە هەمان کاروانسەراکان کراون بە گاراج. یەکیان میوانخانە یەکیشی هەیە. ئیتر گیانم بۆتی بڵێ...

لەوە زیاتر، گوڵمحەمەد تاوی فرەوێژی پیرەمێردی نەبوو. چونکە ئەوەی خاڵە مەندەلوو ئەیوت، گوڵمحەمەد خۆی ئەیزانی.

دەشتەکی بوو، بەڵام خۆ ندی و بدی نەبوو، بۆیە وتی:

ــ جارێ ئەوەم پێبڵێ ئەتەوێ تا مشتەری پەیدا نەبووە، وشترەکان بە بارەوە ڕابگری؟ من وشتری خۆم بە بارەوە ڕاناگرم و یخی ئەدەم و بارەکەی لێ دائەگرم. تۆیش خۆت ئەزانی!

مەندەلوو وتی:

ــ منیش ئەیانخەوێنم، بیانهێنە بۆ بن دیوارەکە. لای گوزەرەکە. لێرە ئەتوانین پاڵیان بدەین بە دیوارەکەوە.

گوڵمحەمەد وایکرد و هەر دووکیان تای بارەکانیان لێک جیاکردەوە. فەردە خەڵووزەکانیان پاڵدا بە دیوارەکەوە و تای دارەکانیشیان سەرنابەیەکەوە، لە مەیدانەکەدا. وشترەکان هەناسەیان هاتەوە بە بەردا و پیاوەکان لای دارەکە دانیشتن. خاڵە مەندەلوو هەستیکرد برسیەتی. گوڵمحەمەد سفرەی لە توربێنەکەی دەرهێنا، هێنای و کردییەوە. نان ساجی وشکەڵاتوو. هەرچی بێ، نان بوو و پاروو لە دوای پاروو.

شار، جووڵاو.

پاقلە فرۆشەکان، تاسەی پاقلەیان نابوو بە سەرەوە و لە سەبریزەوە بەرەو ژوور ئەهاتن و لە ناو مەیدانەکە، هەر کامە و لە لایەکەوە. خۆیان ئەکرد بە کۆڵانێکدا و هاواریان ئەکرد: پاقلەی کوڵاو، کوڵاوە پاقلە. دووکاندارەکان عابا بە شان، یان بەرەک لە بەر لەم کۆڵان و ئەو کۆڵانەوە ئەگەیشتنە ناو مەیدانەکە، وەکوو مشک تەختەی دوکانەکانیان هەڵئەگرت و لەپشت تەختەی کارەکەیاندا، لای مەنگەلە ساردەکەوە ئەکەوتنە ئاگر کردنەوە. وشترەکان تاقە تاقە و بەکاروان بە زەنگۆڵەی کوێرکراوەوە ئەگەیشتنە ناو مەیدانەکە و لە لایەکەوە ئۆقرەیان ئەگرت. پیاوەکان باریان لێدائەگرتن و ئەکەوتنە ئاگر کردنەوە. مەڕدارەکان لە کاروانسەراکان دەر ئەکەوتن و مەڕ و بزنە پەروارەکانی خۆیان مۆڵ ئەدا. نانفرۆشەکان ئەهاتن بۆ مەیدانی دار و بارفرۆشەکان و نانیان بە پیاوە ماندووەکان ئەفرۆشت. هەندێ پاقلە فرۆش و

چەوەندەر فرۆش بە ناو وشتر و بارەکاندا ئەخولانەوە. یەکێک لە شاگردەکانی چاخانەی کەلایی حەبیب دەستەیەک پیاڵە و ژێر پیاڵەی لە سەر دەست و مەچەکی دانابوو و بە دەور ئەگەڕا. دەڵاڵەکان ڕژابوونە ناو مەیدانەکە و وەکوو گورگ بە دوای باردا ئەگەڕان. گفتوگۆ ئەبوو بە مشتومڕ و مشتومڕ بە دەمەقاڵە و دەمەقاڵە بە هەراوهوریا. شار سەری لە سەر سەرین هەڵگرتبوو و بە دوای ڕۆزییەوە بوو. لای بارە دارەکانەوە لە سەر قەرانێک و دوو قەران مشتوومڕیان بوو. سوێندیان ئەخوارد، هەڕەشەیان ئەکرد و جنێویان ئەدا. بەرەڵاکان و هەتیووبەچەکان هاتبوون بۆ دار دزین. دەڵاڵەکان قرمەیان ئەهات، دووکاندارەکان تێکەڵی خەڵکەکە ببوون و ئەیانویست پارووەیەک لە دەمی یەکێکیتر بگرنەوە. گەداکان، شەل و کوێرەکان تێک چرژابوون. تەلیس لە سەر و توورەکە لە مل، بە شەلە شەل و کوێرە کوێر وەکوو گلۆخۆرکە بە ناو مەیدانەکەدا ئەسووڕانەوە و دەستیان بۆ هەموو کەس ئەکرد بە کاسە و ئەپاڕانەوە. نزایان ئەکرد، جنێویان ئەدا و ئەفرینیان ئەکرد. پاڵیان پێوە ئەنرا و دیسانەوە ئەگەڕانەوە. گەدای جۆراوجۆر، شەل و تریاکی، گەنج و پیر.

لەم ناوەدا سواڵکەرێک هەبوو هیچکەس نەی ئەتوانی بە ئاسانی لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، گەدایەکی بە ناوبانگ، شار ئەیناسیێ: مەندەلی بووز. وەکوو زەروو ئەلکا بە خەڵکەوە ئەم گەدایە. شەپەڵە لێی دابوو. دەستی بە ڕیتمێکی تایبەت ئەلەرزێ و ڕائەوەشا. لێوی بێ هەست و بێ جووڵە بوو و بە بەردەوامی لیک بە لالەغاوەیدا ئەهاتە خوارەوە و ئەتکایە سەر یەخەی پاڵتاوەکەی. چاوەکانی وەکوو چاوی پشیلەیەکی پیر، مات و قەوزەیی ببوو. وەها لە مرۆڤ مۆڕ ئەبووەوە و چاوی تێئەبڕی، ئەتوت دوو گوڵمێخە و لە عەرز داکوتراوە. سەرێکی خڕ و تاشراوی هەبوو. هەمیشەی خوا ئەو سەرە ڕووت بوو. ناوشان پان بوو، ئێسک درشت بوو. پێکانی ڕووت و زل بوون. بەرەکێکی درێژ و کۆنەی

لەبەردا بوو بە هۆی کۆنیەوە ڕیشاڵ ڕیشاڵ ببوو. زۆرکەم کراسی لەبەردا بینرابوو. سەر تا پێ، خۆی بەو بەرەکە دائەپۆشی. تووکە لوولەکانی سەر سینگی وەکوو خوری لە ناو یەخەیەوە بەدەرەوە بوو. نەک هەر خەڵکی شار، هەموو دەرەکیەکانیش، ئەوانەی کە باریان ئەهێنا بۆ شار؛ ئەیانناسی و قیرسیچمەییەکەی، بێ شەرمیەکەی و دەم پێسی و جنێودانەکەیان ئەناسی. لێت ئەهاتە پێش، سەرەتا سەیری ئەکردی، پاشان دەستی ڕائەگرت و پاشان بە بێ دۆعا و پاڕانەوەیەک ئەیوت: ـ بابێ! ئەگەر تاوێک لە بەخشینی دراوێک، پارچە نانێک، کلۆ قەندێک دوا بکەوتایەتی؛ لیوە تەڕ و لووسەکانی ئەکرایەوە و لە سەرخۆ و بە هێوری، بە بزەیەکی ملۆزمانە دەستی ئەکرد بە قسە وتن. پاشان بە جنێودان. لە کابراوە بۆ دایکی، لە دایکەوە بۆ باوکی، لە باوکیەوە بۆ خوشکی و لە خوشکیەوە بۆ زاوا. ئەوەستایە سەر ئەوەی، کەی دەس بە گیرفاندا بکەن. ئەگەر دیسانەوەش هیچیان نەوتایەت، بە دەم ناشرینترین جنێوەکانەوە، بە پەنجە لەرزۆکەکانی بووزێکی پیوە ئەکرد!

خاڵە مەندەلوو چووبوو بۆ چاخانە. گوڵمحەمەد لە سەر توربێنەکەی دانیشتبوو، پشتی نابوو بە بارە دارەکەوە. مەندەلی بووز، بە بەرەکە ڕیشاڵ ڕیشاڵ و درێژەکەیەوە بە پێی پەتی و قوراوییەوە، بەرامبەر گوڵمحەمەد وەستابوو و دەستی بۆ ڕاکێشا بوو و بزەیەکی لە سەر لێو بوو. گوڵمحەمەد وتی:

ـ بڕۆ لاچۆ، خوا پێت بدات.

مەندەلی وتی:

ـ دە شایی!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ مەگەر نابینی هێشتا بارەکەم نەفرۆشتووە؟

ـ دە شایی، بەس دە شایی. قنت لار ئەبێ دەشایم پێ بدەی؟

گوڵمحەمەد، لەپڕ لە پشت بارەکە دەرپەڕی و وتی:

ــ بۆ قسەی قۆڕ ئەکەی ناپیاو! حەی!

مەندەلی بووز، جووڵەی نەکرد، هەروا کە وەستابوو، وەستا، بزەیەکی تەڕ لە سەرلێوی بوو و پێکەنینێکی خوێڕیانە لە چاویدا:

ــ ئاشنا گیان! داوای پارەم لیکردی، خۆ داوای گانم لێ نەکردی. کاتێک مناڵ بوویت دەست و دڵت کراوەتر بوو خۆ! ئەوکاتانە ئەشتدا و دەنگیشت بەرز نەئەبوویەوە. بەڵام ئێستە بۆ بووزێک خەریکە قیژەت بەرز ئەبێتەوە...

گێژ و وڕ و بێ بڕوا، گوڵمحەمەد ڕابوو و یەخەی بەرەکەی مەندەلی بووزی گرت و وتی:

ــ گەوادی قوڕمساخ! هەروا وەستاویت و قسەی قۆڕ ئەکەی بۆ چی؟ تۆ کێیت مەگەر؟ پێم وتی وردەم نییە، ملت بشکێنە و بڕۆ وتم!

مەندەلی بووز بەو پاڵەی گوڵمحەمەد پێوەی نا تابن دیوارەکە چوو، گوڵمحەمەد گەڕایەوە و نەحلەتی لە شەیتانکرد. ئەو پێی وابوو ئەم کابرا سەرخڕە گوێ وەرگەڕاوە، بەو چاوە شینانەیەوە ملی ئەشکێنێ و ئەڕوا. بەڵام وا نەبوو. مەندەلی بووز هاتەوە و لە بەردەمیا بە ڕووداریی‌یەوە وەستا.

«چ جانەورێکە ئەم سەگبابی بێ بابە!»

مەندەلی بووز وتی:

ــ کەوابوو بە منت نەدا ئاشنا؟ ها؟ ئەتەوێ بەکێی بدەی لە من باشتر؟!

گوڵمحەمەد داردەستەکەی لە بنی بارەکە دەرکێشا، بەڵام خۆی ڕاگرت و لێی نەدا، سەری دارەکەی کوتا بە عەرزدا و وتی:

ــ ئەڵێم ون ئەبی یان ئەم دارە ببڕمە قنت، گەوادی داڕزاو!

مەندەلی بووز ویستی بڕوات، بەڵام پێش ئەوەی بڕوا، ئاوڕی دایەوە و بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ دەستت سووک مەکە. خەریکم ئەڕۆم. خەریکم ئەڕۆم. بەڵام ئاشنا گیان، بن کڵاوەکەت خڕکەی تیایە ـ کونی دەرپێکەت

وەک دەرگایە!

ئەمجارەیان، بە پێچەوانەی جارەکانیتر، مەندەلی بووز لە بەر شالاوی گوڵمحەمەد هەڵات و لە ناو حەشاماتەکەدا ون بوو.

ــ ئەوە چی ئەکەی پیاو! ئەوە خۆ بۆ لیدان نابێ! نەگبەتە بۆ خۆی شەپڵە لێیداوە!

دەستی بابقولی بوندار، بازووی گوڵمحەمەدی گرتبوو، نەی ئەهێشت بڕوات. گوڵمحەمەد بە ناباوەڕیەوە لێی مۆڕ بوویەوە. بابقولی وتی:

ــ خۆمم، خۆمم! بۆچی بەو جۆرە خێسە ئەکەی؟!

ــ تۆ... تۆ... لێرە چی ئەکەی؟

ــ بە دوای تۆدا ناگەڕێم، مەشەڵەژێ. من هەمیشە قاچێکم لە شارە. بڵێ بزانم. تۆ چیت هێناوە بۆ مەیدان؟ مەڕ؟ وشترەکەتم ناسیەوە و هاتم. بۆچی دەم ئەنێتە دەمی ئەو نەگبەتە؟

ــ قسەی قۆڕی ئەکرد.

ــ قەشمەری کردن کاریەتی، بڵێ بزانم بار چیت پێیە؟

ــ بار... چ بارێکم هەبێ؟ تۆ لە چی ئەگەرێی؟

ــ هاتووم بۆ ئەرباب ئالاجاقی بارێک دار بکڕم. پێم وابێ لەم ڕۆژانەدا میوانی هەیە. گەورە پیاوانی شار. وتوویەتی لە ماڵەوە نان ساز بکەن. چەند کەسێکیش بڕیارە لە مەشهەدوە بێن. ئەیەوێ میوانیەکی بێ وێنەیان بۆ ساز بکات.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەوە بارەدارەکەی من، تەنگزە. سەیری بکە، بزانە ئەگەر بە دڵتە بیدەم بە کۆڵی بادیدا و بۆتی بهێنم.

بابقولی بوندار وتی:

ــ کەواتە کەوتوویتەتە دارکردن و دار فرۆشتن؟

ــ ئەوە نییە!

ــ پەزەکەت چی بە سەر هات؟

ــ هەن. ئەوەندەی کە مابوون، هەر هەن. بەداری کەلمیشی

و سەبراو ئەڵەوەڕێن. نەی ئەهێنا منیش خۆمیان پێوە خەریک بکەم.

ــ باشە ئەم دار و هێزمە هیچی تیا هەیە؟

ــ هێشتا تاقیم نەکردۆتەوە. ئەمە باری یەکەمە کە هێناومە. بەڵام وا پێ ئەچێ بازاڕەکەی زۆر تەق و لەق نییە. هەرچی چۆن بێ خەڵکی ئەبێ نان بخۆن. جا گەنم و ئاردەکەی چۆن دابین ئەکەن، ئەوە نازانم. بەڵام نانەواکان خۆ ئەبێ نان بکەن. بۆ ئەوەی تەنووره کەشیان گەرم بکەن پێویستیان بە دار هەیە. نان بە بێ ئاگر خۆ نابرژێ!

ــ جاری با باری بکەین بزانین چۆن ئەبێ!

ــ کەوا بوو دەستم بدەرێ و یارمەتی بکە.

خاڵە مەندەلوویش گەیشت. بە هەرەوەز، سێ پیاو دارەکەیان بار کرد. گوڵمحەمەد وشترەکەی هەڵساند. بابقولی بوندار، خەوش و خۆڵی دارەکەی لە بەرەکەکەی تەکاند و لفکەی مێزەرەکەی کە کرابۆوە بەژێر چەناگەی‌دا برد و توندی‌کرد و کەوتە ڕێ. خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ بە سەلامەتی ئیشەڵڵا.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ دێمەوە بۆ ئێرە. لێرە بە تا دیمەوە!

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ ئەگەر بارەکەم فرۆشت، لە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا. لای پیرەخاڵۆ. وشترەکانیش ئەبەم بۆ ئەوێ.

ــ چاکە. دەی بوندار، لە کوێوە بڕۆین؟

ــ ئەگەر وشترەکەت ڕەم ناکات، لە بازاڕی ئاسنگەرانەوە. ئەگینا لە شەقامەوە بڕۆ. لەم کۆڵانی پادرەختیشەوە ڕێ هەیە، بەڵام ڕەنگە لە تەنگەبەری کۆڵانەکەدا گیر بکەین. هەر لە شەقامەکەوە ئەڕۆین باشترە.

ــ ماڵی ئەرباب ئالاجاقی لە کوێیە؟

ـ دەروازە عێراق. لای ئیمامزادە یەحیاوە بە لای چەپدا.

ـ با بڕۆین.

ڕۆیشتن. گوڵمحەمەد دەسکەوسارەکەی دابەشانیدا و بابقولی بوندار، شان بە شانی کەوتە ڕێ. دوو پیاو بتەوێ نەتەوێ بیریان لە شتێک ئەکردەوە. ئەوەی کە بە سەر هەردووکیاندا -هەر کامە و بە شێوەیەک- سەپێنرابوو. یارییەک هەر کام بە شێوەیەک تێیدا دۆڕاندبوویان. نەئەبوا فریوی ڕووی خۆشی بوندار بخوات. ئەو هێشتاش لە بیری ئەو مامەڵە بێ سوودەدا بوو کە کردبووی. سەودای پێستەی مەڕە مردووەکان. نەی ئەتوانی لە بیری بباتەوە. مامەڵە مەگەر نابێ بە ڕەزای هەردوو لا بێ؟ بەڵێ وایە. هەموو عالمێک فتوای ئەمەی ئەدا. بەڵام بابقولی ڕازی نەبوو. گوڵمحەمەد ویستی خۆی بە سەردا سەپاندبوو. ئەمە زۆرکردن بوو. ئەو شتەی کە بابقولی نەی ئەویست بە سەریدا بسەپێنرێ. بابقولی بەس ماندوێتیەکەی بۆ مابوویەوە. ئەبوا ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ تۆڵەکردنەوە. قەرەبووکردنەوە. ئەمە بەجێی خۆی. بەڵام بابقولی هێشتاش لەوە سەری سووڕمابوو کە چۆن بوو نەیتوانیبوو قسە لە سەر قسەی کوڕی کەلمیشیدا بکات. مەگەر هەر ئەو کاتە شمشێری لێدەر ئەهێنا؟ نەء. ئەی چ شتێکی گوڵمحەمەد، بونداری دەمبەست کردبوو؟ ترس! ترس لە گوڵمحەمەد؟! بابقولی لە لای خۆی باوەڕی بەمە هەبوو. ناچاریی. بەڵام ئەمە لە نارەزامەندی بابقولی بونداری کەم نەئەکردەوە. گوڵمحەمەد تووڕەییەکی لە دڵی بوندار چەقاندبوو و ئەو لە ناخەوە ئەسووتا و ددانی لە چیرەوە ئەهێنا. گوڵمحەمەد ئەم کوردە دەشتەکیە، ئەوی ناچار کردبوو پێستەی مەرە مردووی لێ بکڕێ و پارەکەشی پێبدات. ناچاری کرد کارێک بکات کە نەی ئەویست بیکات. ناچاری کردبوو کارێک بکات کە تەنانەت تاڵە موویەکی لەشیشی بەو کارە ڕازی نەبوو. بابقولی بوندار لە پڕ قفڵ ببوو. لێوی بۆ نەترازابوو. گێژ و وڕ. ملکەچی زۆرداری.

لە نیگا و وشەی گوڵمحەمەددا سامێک هەبوو کە بابقولی بوندار نەیتوانیبوو بە «نەء» وەڵامی بداتەوە. خۆف! ترس لە پیاوێک کە کێرد گەیشتبوویە سەر ئێسقانی و لە چاوانیا جگە لەخوێن بەدی نەئەکرا. ئەو نیگایەش وا لە دڵی خوێنەوە بلێسە ئەکێشێ، پیاوانی وەکوو بوندار ئەترسێنێ. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نەبوو بابقولی بوندار ئەو ستەمەی لێیکراوە، ئەتوانێ لە بیری بباتەوە. نەء. بابقولی قین هەڵئەگرێ. دڵی گری گرتووە. خۆی سەرکۆنە ئەکا. کفر ئەکا. خۆی هەڵئەگلۆفێ. دڵی ئێشاوە و بەردەوام تەشەر لە خۆی ئەدا. گیانی ئەچزێ. نابێ بڕوا بەو ڕووە خۆشەی بوندار بکات!

ـ ئاخرەکەشی ئەم وشترەت هەر پێ نەفرۆشتم!

ـ تۆ ئەتەوێ لەبری قەرزەکەت وشترەکەم لێ هەڵبگری بوندار؛ بەڵام ئەگەر بە نەختیش بتویستایەت، هەر پێم نەئەفرۆشتی. نانی شەویشم نەبێ هەر نایفرۆشم. وشتر بۆ من وەکوو گۆچانی دەستی کوێرە. من بە بێ بادی ناتوانم بڕۆم بە ڕێدا. گریمان بمفرۆشتایەت، ئێستەکە داماوم چیم بکردایەت؟ بەکۆڵ دارم لە دەفرسەنگیەوە بهێنایەت بۆ شار؟

بابقولی بوندار وتی:

ـ خێری لێ ببینی. ماڵێکی تایبەتە.

ـ زۆر چاوی گرتوویت بوندار، ها؟

ـ تۆش چ خەیاڵ هەڵت ئەگرێ. پیرۆزی سوارەکەی بێ. پیرۆزی خۆت. خێری لێ ببینی، لادە بۆ چەپ!

گوڵمحەمەد وشترەکەی بۆ چەپ ڕاکێشا:

ـ ڕاستی ئاگات لە پوورزاکەی من عەلیئەکبەری حاجی پەسەند هەیە؟

بابقولی بوندار لێوێکی شیرین کرد و وتی:

ـ خەریکە ئەبین بە خزم.

ـ لەگەڵ عەلیئەکبەر؟

ـ هەم لەگەڵ عەلیئەکبەر و هەم لەگەڵ ئێوەش!
ـ دەی، خێرە ئیشەڵڵا.
ـ ئەمەوێ کچەکەی بخوازم بۆ ئەسلانی کوڕم.
ـ زۆر پیرۆز بێ... پیرۆزە!
ـ ئەمانەوێ بچین بۆ شیرینی خواردن.
ـ وایە ئیتر! دەوڵەمەندەکان بۆ لای یەک ئەگلێن. ڕاستی خوشکە زاکەتم بینی. نادعەلی.
ـ لە کوێ.
ـ لە ڕێ پێکەوە بووین. ئەتوت بۆ کەسێک ئەگەڕێ! چوو بۆ قەڵاچیمەن. وتی ئەچێ بۆ ماڵی خاڵی بابقولی.
ـ حاڵی چۆن بوو؟
ـ ناساز بوو. پەرێشان بوو. بۆ ئەو کچەی حەزی لێی بوو، شپرزە بوو؛ زۆر خراپ.
ـ شێت بووە ئەو ڕەبەنە! نەخۆشیش کەوتووە؟
ـ پێم وابێ. ڕەنگ و ڕووی زەرد هەڵگەڕابوو. سەروقژی ئاڵۆسکابوو. پێم وت بێت بۆ شار بیبەم بۆ لای حەکیم. بەڵام گوێی لێ نەگرتم. ئەسپەکەی ئاژووت و ڕۆیشت بەرەو قەڵاچیمەن.
بابقولی پاش تاوێک وتی:
ـ خاڵۆزاکانی لەوێن. خۆشم کە کارەکەم جێ بەجێکرد ئەڕۆمەوە... بەڕاست پێم بڵێ، خێرت بۆ ئەکا لە دەراوی شۆرەوە بارێک دار بهێنی و لێرە بیفرۆشی؟ مەگەر باری بە چەند تمەن لێتی ئەکڕن؟
ـ ئەگەر ئەتەوێ نرخی ئەم بارە دیاریی بکەی، خۆت نرخی بۆ دابنێ.
بوندار بە پێکەنینەوە وتی:
ـ نە بە سەری خۆت. نەء. ئەمەوێ داهات و دەرچووی کاری دارکێشان بێتە دەستم. منیش، خۆت ئەزانی دوو سێ وشترم هەیە. وشترەکانی کەلایی خواداد!

گوڵمحەمەد وتی:
ـ لەم کاتەدا کە وشتر کەوتووە و نرخی نەماوە. تۆش هەوای وشترداری داوییە لە سەرت. مەگەر نابینی وشتردارە مەزنەکانیش خواردنی وشترەکانیان بەدارکێشان پێ دابین ناکرێ؟ لە باوکی عەباسجان و قەدیرت کڕی، ها؟
ـ ئا، ویستم بزانم ئەگەر قازانجی تیابێ، ماوەیەک شەیدات لەگەڵ بنێرم بێ بۆ دارکێشان. پاشانیش، دەمەو جەژن پەرواریان ئەکەم و سەریان ئەبڕم. یانیش وشترەکانت پێ بدەم بە کرێ. ئا. وتت چی؟ نانی تیا ئەبێ؟ لەوە باشترە هەرجارە و تەنها بارێک بهێنی بۆ شار، وانییە؟
ـ جا ئەوە ڕوونە. خوا باشتری کردووە. بەڵام جارێ لەگەڵ ئەم خاڵە مەندەلووە ڕێکەوتووین بە نۆرە کاروان بکەین. دووکەش ئەو و کەشێک من. ئەگەر توانیم لەگەڵ ئەو ڕێکی بخەم ئەوە زۆر باشە. کورتان و دارەبەنیان ڕێکو پێکە؟
ـ زۆر نا. دووانیان کۆپانیان نییە. ئەوی تریش دارەبەنەکەی لەق بووە. ئەبێ چاک بکرێتەوە.
گوڵمحەمەد وتی:
ـ لە بیرم چوو ئەم خاڵە مەندەلووەت پێ بناسێنم، ئەویش ئەیەوێ بێ بۆ قەڵاچیمەن.
ـ ئەو کاری چییە؟ مردوو شۆرەکەی مردووە؟
ـ ڕاوەستە با بۆت بڵێم. وەستای کارگەی تەونەکەت، مووسا ئەڵێم، کوڕی ئەم خاڵە مەندەلووەیە. خاڵە مەندەلووش ئەیەوێ بێ بۆ سەردانی کورەکەی.
ـ وادیارە میوانەکانم خەریکن زۆر ئەبن!!
ـ وا پێئەچێ! ئەبێ سفرەکەت گەورە بکەیتەوە.
بابقولی بوندار وتی:
ـ چۆن باوکێکە ئەم مەندەلووە کە من کوڕەکەیم لە پیرەخاڵۆی دالاندار وەرگرتووە؟! پێم وابێ پیرەخاڵۆ مامی مووسا

بێ! ئەی ئەم خاڵە مەندەلووە تا ئێستا لە کوێ بووە؟

ـ ئەو بارە خەڵووزانەت نەبینی؟ هینی ئەو بوو. لە نزیک ڕەشماڵەکانی ئێمەوە، چاڵە خەڵووزی هەیە. لەوێش ئەژی. بەم دوو وشترەیەوە.

ـ تاقی تەنها؟

ـ تاقی تەنها. وەک پشیلەی کێوی. پیاوێکی خۆش دووە.

بابقولی دەسبەجێ پرسیاری کرد:

ـ بێ بار ئەیەوێ بچێ بەرەو قەڵاچیمەن؟

ـ پێم وابێ. بۆچی ئەپرسی؟

ـ سێ چوار فەردە قۆزاخە هەیە. بڵێی قۆزاخە بار بکات؟

ـ بۆچی باری نەکات؟ هینی خۆتە؟

ـ ئا. ئازووقەی زستان بۆ پەزەکان. دووسێ نۆرەم کردووە. ئەمانە کۆتاییەکەیەتی.

لای سەرەوەی مەیدانەکە، بابقولی بوندار دەستی برد بۆ هەوساری وشترەکە و بادی سووڕێنرا بۆ کۆڵانە بەرچنەکە و لەبەردەم سەرتاقی دەرگایەکی مەزندا ڕاگیرا. بابقولی وتی:

ـ ئێرەیە.

گوڵمحەمەد وشترەکەی یخ دا. بابقولی بوندار تەقەی لە چەکوشە برنجیەکەی دەرگاکە هێنا. نۆکەری ماڵەکە دەرگاکەی کردەوە. بابقولی ویستی بچێتە ژوورەوە؛ بەڵام گوڵمحەمەد، لە پڕ بانگی کرد.

بابقولی وەستا و گەڕایەوە بۆ لای گوڵمحەمەد:

ـ ئا؟

گوڵمحەمەد لێوی و سمێڵی بە نووکی زمان لستەوە؛ پەکەر و دڕدۆنگ وتی:

ـ شتێکم لێت ئەوێ. داوایەکم هەیە بوندار.

ـ چ داوایەک پیاو؟

ـ پارەی بارەکەم لە ئەرباب بۆ وەربگری و بمدەیتێ. نەکا بدا

لە سەرت بیخەیتە بری قەرز! من زۆر پێویستیم بە پارە هەیە. ئەبێ زۆر شتی پێ بکڕم. لە شتێکی تریش دڵم ئاو ناخواتەوە، نەکا ئەرباب پێی وابێ پێشکەشیم بۆ هێناوە، ئەمانە فێرن ئێمە و مانان دیارییان بۆ بهێنین.

بابقولی بوندار بە بزەیەکەوە -بزەی گوندییەکی زیرەک بۆ دەشتەکیەکی ساکار- پێی وت:

ـ کەوا بوو بڵێ بۆچی لە ناو مەیدان شانەوشانت ئەکرد؟! نەت ئەویست بڵێی باری خۆتە!

ـ گوڵمحەمەد بە شەرمەوە پێکەنی و سەری بردە ناو ملیەوە؛ سووڕایەوە و کەوتە کردنەوەی بارە دارەکە. بابقولی بوندار، هەردوو تای دەرگاکەی کردەوە و هات بۆ یارمەتی گوڵمحەمەد.

هەردوو فەردە دارە کەیان ڕاکێش کرد بۆ ناو هەیوانەکە و پاش پێچی دالانەکە بردیان بۆ حەوشە و لای تەنوورەکە گوریسیان لێکردەوە و لە بن دیوارەکەدا هەڵیانچنی و هاتنەوە بۆ ناو دالان. بوندارچووە ژوورەوە و گوڵمحەمەد هاتەوە بۆ کۆڵان. ئاڵقەی گوریسەکەی لە کەلەگی دارەبەنەکە گیردا، هەوسارەکەی کۆکردەوە و دڕک و داڵی لە کورتانەکە کردەوە و جوان تەکاندی و لای دیوارەکە چاوەڕوانی بابقولی کرد. نۆکەری ڕیش کۆسە. بە چاوە ماتەکەی سەیرێکی گوڵمحەمەدی کرد و کەوتە بەستنی دەرگاکە.

نۆکەری ڕیش کۆسە، وەکوو هاووێنەکانی خۆی شارەزای ناسینەوەی هاتوان بوو. هاتوو، ئەگەر وشیارییەکی کەمی هەبوایە، ئەیتوانی ڕادەی نرخی خۆی لە بریسکانەوەی چاوەکانیدا هەڵسەنگێنێ. ئەو تەنانەت وردتر لە ئەربابەکەی، ئەو کەسانەی لە بەر دەرگا دەرئەکەوتن، هەڵئەسەنگاند و بە گوێرەی ئەو بەراوردە، سڵاوی لێ ئەکردن، بێ ڕێزی پێ ئەکردن یان کڕنۆشی بۆ ئەبردن. گوڵمحەمەد، بەر لەوەی نۆکەرەکە لە پشت دەرگاکە ون ببێ، دارەتێکی وەکوو بێ ڕێزی و سووکایەتی، یان شتێکی لەو

بابەتەی لە چاوانی نۆکەرەکەدا بینی و لەپڕ دڵی داخورپا. ئەمەی نە لە نیگای نۆکەرەکەوە، بەڵکوو بە هۆی دواکەوتنی بابقولی بوندارەوە هەست پێکرد. نەکا بیانەوێ پارەی بارەکەی لە لای خۆیان گل بدەنەوە؟ پێم وانییە. خۆ کافر نین. بابقولی بوندار خۆی ئاگای لە چەند و چۆنی ژیانی ئەو هەیە. مەگەر ئەوەی گاڵتەیان هاتبێتیٚ!

تامەزرۆیی و دڵەڕاوکێی گوڵمحەمەد زۆری نەخایاند، بابقولی بوندار سەری هێنا دەرەوە و گوڵمحەمەدی بانگ کرد. گوڵمحەمەد لەگەڵی چووە ژوورەوە و لە لای دیوارە سپیکاریکراوەکەوە وەستا. بوندار چووە ژوورەوە. پاش تۆزێک ئالاجاقی هاتە ناو هەیوانەکە، لای کۆڵەکەکە وەستا و تفێکی هاوێشتە ناو باخچەکە؛ کۆکەیەکی کورتی کرد و سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد بە سڵاوێکی کورتەوە، تۆزێ چەمایەوە و هەر لەم کاتەدا شێوەی ئەرباب ئالاجاقی ببینیٚ؛ ڕوخسارێکی مەزن و ڕەشتاڵە، تاشراو و لووس. سینیەکی مس. تەقیلەیەکی لەسەردا و عابایەکی سوور وشتری بە سەر شانەوە بوو. باڵایەکی بەرز و بن چەناگەی تۆزێ قەڵەو. چاوی ڕەش و دەرکەوتوو، لە ژێر دووتێغەی کەوانی ئەبرۆیدا. سەرجەم دزێو نەبوو، بەڵام هەمبانەیەک بوو پڕ لە هووژەی دەوڵەمەندی. بابقولی لە پشتیەوە چوو بۆ لای کۆڵەکەکە و گوڵمحەمەدی پیشان دا و وتی:

ــ کەلمیشیە ئەرباب. چەندەتان پێخۆشە لەبری بارەکەی بیدەنیٚ.

ئالاجاقی لە بن عاباکەی بانقەنووتێکی دەرهێنا و دای بە بابقولی بوندار و وتی:

ــ نرخی خۆی پارەی بەریٚ!

بابقولی بوندار لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و ئالاجاقی بەرەو دیوەخان، بە بەر کۆڵەکەکەدا تێپەڕی؛ بەڵام پێش ئەوەی پیٚ بخاتە ژوورەوە، ئاوڕی دایەوە، سەیری گوڵمحەمەدی کرد و وتی:

ـ وەرە پێشەوە بزانم!

گوڵمحەمەد سەیری بابقولی کرد. بابقولی وتی:

ـ لەگەڵ تۆیەتی، بڕۆ بزانە ئەڵێ چی!

گێژ و دڕدۆنگ، گوڵمحەمەد چووە پێشەوە و خامۆش؛ لە بەر هەیوانەکە لای سەرتەنوورەکە وەستا و وتی:

ـ بەڵێ ئەرباب. خزمەت!

ـ مەگەر تۆ پەزدار نیت؟

ـ بۆ نا قوربان.

ـ ئەی بۆ دار ئەکێشی؟

ـ لەبەر ناچاریی، ئەرباب.

ـ ئەتەوێ لەگەڵ یەکێک لەڕانەکانی من بڕۆی؟

ـ نە قوربان.

ـ بۆچی نا؟

ـ ناتوانم بۆ کەس کاربکەم. هەتا هەبووم شوانی خۆم بووم، ناتوانم.

ـ سکی برسی بە بیانوو تێر نابێ!

ـ هێشتا ئەوەندە برسی نیم. تەنگەی ورگم کێشاوە.

ـ بڕۆ!

گوڵمحەمەد وەرگەڕا و بەرەو دەرگاکە چوو. ئالاجاقی سەیری ڕۆیشتنە لەسەرخۆ و ناڕازییەکەی لاوە کوردی کرد و چووە ژوورەوە. بابقولی بوندار هاتە ناو کۆڵان و وتی:

ـ خراپ نەبوو کار بۆ ئالاجاقی بکەی! وشترەکەشت...

گوڵمحەمەد وشترەکەی هەڵساند و وتی:

ـ وشتری من سواری بە بێگانە نادا! خوا حافیز.

دەسکەوساری دا بە شانیدا و ڕۆیشت. بابقولی بوندار لە پشت سەرەوە وتی:

ـ ئەوەندەت نەزانی شەیدام لەگەڵ وشترەکان نارد بۆ لات. ئەم دارکێشانە زۆریش بێ سوود نییە.

گوڵمحەمەد ئاوڕی لێدایەوە و وتی:

ــ ئەگەر ناردت ئەبێ پێمەڕە و گوریسیان لەگەڵ بێ. بە بێ کورتانیش بەرێیان نەکەی ها!

ــ نا، نا. سەرەتا پۆشتەیان ئەکەمەوە، پاشان ئەیان نێرم.

لە پێش وشترەکەیەوە، گوڵمحەمەد لە شەقام بوو.

هەوری تۆخ، وەکوو کوڵکەی شینکی بزن، هێشتاش ئاسمانی داپۆشابوو. نە ئەباری و نە ئەڕۆیشت. مڵۆزم و بێ بار، بە سەر سەری شارەوە وەستابوو و وڕکی گرتبوو؛ حەسحەسی بێ ڕوخسار. خەڵکی لە بەردچنی شەقامەکان هەڵکەنرابوون. یان چووبوونە ناو دوکانەکانەوە، یان سەریان پێچابۆوە و خۆیان ئەکرد بە کۆڵانەکاندا. مژێکی سارد لە ناو کۆڵانەکاندا بڵاو بوو. شار، بە شێوەیەکی غەمگین خامۆش بوو. ئەتوت خەڵکی لەگەڵ شار و شار لەگەڵ خەڵکی لێک تۆرابوون. جار جار ئەڕۆیشتن، جار جار ئەهاتن؛ بەڵام پێ نەئەچوو خەڵکن. سایە و سێبەر، جلوبەرگ و ئەگەر دەنگی پێیان لە سەر بەرچنەکە تەڕەکەی شەقامەکە نەبوایە، ئەتوت هەر نین. دووکاندارەکان کزۆڵە و گرمۆڵە عابایان دابوو بە سەریاندا، لە پشت پێشخانی کارەکەیان چەمابوونەوە بە سەر مەنگەڵە ساردەکەیاندا و چاوەکانیان، وەکوو کانی وشکبوو بڕیبوویە شەقامەکە. نیگایان ساردییەکی مڵۆزمیان لە خۆیاندا مەڵاس دابوو. نائومێدییەکی تاڵ و تفتی ئەدا بە بینەران. ئاخوندێک، جار جارە، سەر بە مێزەر، لە بن عابا بەرەو لایەک، تیژ و خامۆش ئەخۆشی. گەدایەک، لە بن پەنجەرەی ئیمامزادەدا، خزاوەتە بن تەلیسێک و بێدەنگە؟ ئیمامزادە، باڵابەرز، لەتەک گەدا کانەوە، چاوی بڕیوەتە شەوی خێرات و سەدەقە، دەستە شینەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە و بە خومارییەوە باوێشک ئەدات. بازاڕ، لەو بەری شەقام، دەمی داچەقاندووە و حەشاماتەکە، یەکە یەکە، وەکوو کلۆ قەند ئەخاتە دەمی و قوتیان ئەدا. بن کلکی بازاڕ، کاروانسەرای شازدە، چەماوە و پیر، بە دەرگا کۆن و

کرمۆڵەکەیەوە، بە کووڕیی خەوتبوو. گوڵمحەمەد، وشترەکەی ئەبا بۆ دالآنی کاروانسەرا، لە سووچێکەوە چۆکی ئەبەستێ، توربێنەکەی لای دالآندار دائەنێت و ئەچێتە دەرەوە. نانەواخانەکە، لای سەوزی فرۆشەکەوە بوو. نانێکی کڕی و خۆی کرد بە چاخانەی ناودالآنی کاروانسەرادا، لە سەر قەرەوێڵەیەک دانیشت و نانەکەی لەت کرد. چایان بۆ هێنا. نانەکەی خوارد بە چاوە.

چاخانە، باریک و تاریک و گەرم بوو. خەڵکی جۆراوجۆر لە سەر قەرەوێڵەکان دانیشتبوون: دەڵاڵ. حەماڵ. شاگرد و پیشەکاری حوجرە، کڕیار و فرۆشیاری وردە. جوتیار. مەڕدار. چێوار، دەروێش و فرۆشەری مۆر و تەزبێح و ئەنگوستیلە و پینەچیەکیش نزیکی دەرگاکە، لە بن دیوارەکە، لە سەر چوارپێکەی بە خامۆشی دانیشتبوو چاوە تیژ و ڕەشەکانی، وەکوو دوو دەرزی ونبوو لە ناو گۆشتدا، ناو جەماوەرەکەی ئەسمی، هەڵوەستەی ئەکرد و ئەگەڕایەوە بۆ لای خۆی. پینەچی، کابرایەکی وردیلە بوو و تەمەنێکی وەهای نەبوو. ڕەنگە لە سی و پێنجیش کەمتر بوو. سەرەڕای ئەمەش بەر سەری وەریبوو و قژی پێوە نەمابوو. ئێلەکێکی ڕەشی لە بەردا بوو و شاڵێکی کۆنەی لە دەور ملی ئاڵاندبوو. جار جارە پێڵوەکانی لێک ئەدا و پشت سمێڵی ئەخوراند. گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ، ئاگای لە کابرای پینەچی بوو و ئەیبینی کە کابرا، چاوی بڕیوەتە پێڵاوەکانی ئەو خەڵکە. ئاگای لە دڕاویی پێڵاوەکەی خۆی هەبوو، بەهۆی هەستکردن بەو سەرمایەی ئەیدا لە پێی چەپی؛ لەگەڵ ئەوەش دڵی نەئەهات بیدات بە پینەچی بۆ دوورینەوە. ئەو وردە خەرجیانەی پێ بەجێ نەبوو. لەم کاتەدا نەشی ئەویست بیر لە دڕاویی پێڵاوەکانی بکاتەوە؛ نەی ئەتوانی. نیگای تیژ و سمێنەری پینەچیەکە لێی نەئەگەڕا. پاشان لەپڕ، پێڵاوی داکەند و بردی بۆ لای کابرای پینەچی و وتی:

ــ بیدوورەوە! ماڵت نەشێوێ بەچاو چوار کونی تریشت تێکرد!

کابرای پینەچی، کە لێرەڕا بەناوی ستار ئەیناسین،

تای پێڵاوەکەی هەڵگرت، دووریەوە و پاش تاوێک لە بەردەم گوڵمحەمەد داینا و وتی:

ــ زستانە، خان، پێڵاوی پیاو ئەبێ گورجووگوڵ بێ. تۆ لە کام خێڵ یان تیرە و هۆزی؟

گوڵمحەمەد، پارەی پینەچییەکەی دا، هەڵسا و پارەیەکیشی لە بەر پێشخانی چاخانەکە دانا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. ئەگەر چاوی بە کابرای پینەچی نەکەوتایەت، دیسانەوەش تاقەتی ئەو قەرەباڵخیەی چاخانەکەی نەبوو؛ بەڵام ئێستاکە کە ئەوی بینیبوو، بەهیچ شێوەیەک ئیتر نەی ئەتوانی لەوێ دانیشێ.

نیگای سمێنەری کابرای پینەچی نەشتەرێکی تیابوو. نیگای خۆ تێهەڵقورتێنەری کابرا گوڵمحەمەدی ئازار ئەدا. هاتە دەرەوە و لە سەر سەکۆی بەردەرگاکە، قەیتانی پێڵاوەکانی بەست و لە کاروانسەرا چووە دەرەوە و پێی نایە ناو مەیدان. خاڵە مەندەلوو هێشتاش بارەکەی نەفرۆشتبوو. تایەک خەڵووز هێشتاش پاڵی درابوو بە دیوارەکەوە. بە گوڵمحەمەدی وت:

ــ وشترەکانم بۆ ئەبەی بۆ کاروانسەرا، چۆکیان ئەبەستی و پاشان بچی بە دوای کارەکەتدا؟ لای نیوەڕۆ، لە داڵانی کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا، لای پیرەخاڵۆ یەک ئەبینین. ئەگەر چووم بۆ قەڵاچیمەن ئەوە باشە؛ ئەگینا پێکەوە ئەچین بەرەو دەراوی شۆر.

گوڵمحەمەد وشترەکانی هەڵساند و وتی:

ــ ئەی ئەم فەردە خەڵووزە چی؟

ــ بە کۆڵ ئەیبەم. تۆ بڕۆ.

ــ بیرم کەوتەوە، ئەو کابرایەی بارەکەی منی کڕی، بابقولی بوندار بوو، ئەربابی کوڕەکەت مووسا. وردە مالکی قەڵاچیمەنە. ئەیوت یەک دووبار قۆزاخەی هەیە. ئەڵێی چی؟ بۆی ئەبەی یان نا؟

ــ پێت وایە کرێکەی بدات؟

ــ خوا ئەیزانێ. ڕەنگە بیدا و ڕەنگیشە بتخاتە ناو ڕووەوە

و نەتداتێ. چەند پێی بکرێ جەنجەڕەکە ئەجەڕێنێ. کابرایەکی نینۆک وشک.

ــ من لەو چرووکترم. بزانە ئەگەر دەستی ئەچێ بە گیرفانیدا با نیوەڕۆ بێ بۆ کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا. لای پیرەخاڵۆ.

ــ باشە، پێی ئەڵێم.

گوڵمحەمەد وشترەکانی برد بۆ کاروانسەرا و عەگاڵی لێدان. بەرنامەی ڕوون بوو. ئەیتوانی تا نیوەڕۆ بچێ بە دوای شت کڕینی خۆیدا. چوو بۆ گوزەری لۆکەکەران و گوریسێکی گشتی کڕی. چوو بۆ بازاڕی ئاسنگەران و پێمەڕەیەکی خۆشدەستی هەڵگرت و پارەکەیدا. چوو بۆ دالانی کاروانسەر، گوریس و پێمەڕەی خستە ناو شەڵتەکە و گەڕایەوە بۆ بازاڕ. سەرمای زستان، ڕووتاڵیی ڕۆژ و بێ بازاڕیی لێک ئالابوون. ژێر تاقی بازاڕ چۆڵ بوو. لە کونەکانی تاقی بنمیچەکەوە تیرێژێکی قوڕقوشمین و بێواز ئەهاتە ژوورەوە. لە ناو دووکانەکاندا لەملا و ئەولا چراتۆڕ هەڵکرابوو. دووکاندارە ورد و نەدارەکان چرا لامپایان پێکردبوو و لە سەر تەختەی پێشخانەکەیان دایاننابوو. گوڵمحەمەد بە لای گیوە فرۆشەکاندا تێپەڕی. لە پێڵاوکەرانیش تێپەڕی و چووە ناو گووزەری کڵاوکەران؛ لەوێش نەوەستا و بەبەر دووکانە نەخشاوەکانی کووتاڵفرۆشەکاندا خۆی گەیاندە بەر دووکانە بچکۆلەکانی زێڕینگەرەکان. لە بەردەم پێشخانی وەنەدی دووکانێکدا وەستا و کەوتە سەیرکردنی لیرەی زێڕ و گوارە و دەستەبەند و ئەنگوستیلە و ملوانکە و گەردنبەند و سینەرێزی ئاڵتوون، کە بەشێوەیەکی زۆر ناسک و جوان بە لای یەکەوە دانرابوون. لەو بەری پێشخانەکە، کابرایەکی لەڕ و وردیلە کە چاویلکەیەکی تەلی لە چاودا بوو و هەورییەکی شەکەری بە دەور کڵاوەکەیدا پێچابوو، نووشتابۆوە بە سەر مێزەکەیدا و خەریک بوو هەڵقەیەکی ئەساوییەوە. کابرا لە سەر چاوێلکەکەیەوە سەرنجێکی خێرای گوڵمحەمەدی دا و درێژەی بە کارەکەیدا.

وەستای زێڕەنگەر، مشتەری خۆی باش ئەناسی و ئەیزانی کابرای دەشتەکی، لەو ساڵە دژوارە و لە تۆفی زستاندا، پارەیەکی وا شک نابات زێڕی پێ بکڕێ. خەریکی کاری خۆی بوو و بیری ئەکردەوە کابرای شار نەدیوو یەکەمجاریەتی و ئەیەوێ هەموو ئەوەی بۆ یەکەمجار ئەیبینی، هەڵلووشێت. لەم ڕێبوارە ئاوارانە، لە شار زۆرە.

بەڵام گوڵمحەمەد، بە پێچەوانەی بۆچوون و داوەری کابرای زێڕینگەر، بە تامەزرۆییەوە هەروا لە لای وەنەدییەکەوە وەستابوو و لە لای خۆی، گوارەکەی ماراڵ، ئەو گوارەی ماراڵ پێی بەخشیبوو، لەگەڵ ئەوانەی لە ناو جامخانەکە بوو. هەڵئەسەنگاند. پانیەکەی، شێوازەکەی، ڕەنگەکەی، زریزەکانی، هیچیان لە گوارەکانی زێڕینگەر نەئەچوو. ئەوانەی لە ناو جامخانەکەدا بوو، لەگەڵ ئەوەی ماراڵ جیاواز بوون. بریقەوباقێکی تەڕ و تازە و گەنجانەیان هەبوو. بەڵام گوارەکەی ماراڵ کە لە گیرفانی باخەڵی کەواکەی گوڵمحەمەددا، لە دەسڕێکی هەوریشمدا، وەک پەروانە لێی نووستبوو، ڕەنگ و بارێکی تری هەبوو. درەوشانەوەیەکی مات، کۆنە و ڕەسەنی هەبوو. بەگوێ ئاشنا ببوو. لەگەڵ ژنێک ڕاهاتبوو. لەگەڵ ماراڵ، چەندەها ڕۆژی کردبوو بە شەو و چەندین شەوی ڕابردبوو. گەرمای بنگوێی ماراڵی هێشتاش لەگەڵ بوو. گوڵمحەمەد هەستی پێ ئەکرد. بە گەرمای کچی عەبدۆس، ئەتوت زیندووە. زیندوو بوو. پارەیەکی جەرگی بوو. هەر بۆیەش بوو دوورکردنەوەی زۆر دژوار بوو. ئەم گوارەیە ئیتر تەنها شت نەبوو، لێرە نەبوو، پارە و ماڵ نەبوو. پارچەیەکی ژیانی ماراڵ بوو بە ئەمانەت لە ناو دڵی گوڵمحەمەددا بە ئەمانەت دانرابوو.

گەرمای ماراڵ، لە سەر سینگی گوڵمحەمەد. گوارە پەڵەیەکی پێستی لەشی ئەسووتاند. وەکوو ئاگر. گوڵمحەمەد دەستی نایە سەر دڵی و پاشان، پەنجەی برد بۆ باخەڵی و گوارەکەی لە ناو دەستیدا ڕاگرت و ساتێک ڕاما. ماوەیەکی

پێچوو هەتا بێتەوە بە خۆیدا و چاو بتروکێنێ. ویستی دەری بهێنێ و پیشانی کابرای زێڕینگەری بدات؛ تا دەمی گیرفانەکەی هێنای، بەڵام بە پەلە خستیەوە سەر جێگای خۆی. وەک بڵێی لە شتێک ترسابێ، پەنجەکانی لێک وەردا، تەکاندی و بەریدا. ئەتوت دەستی بۆ ماڵی بێگانە بردووە. ڕەنگی ڕوخساری گۆڕا و دەماری ناوچەوانی بۆ ساتێک گرژ بوو. ئەبوا چی بکات؟ ئەگەر گوارەکانی بە کابرای زێڕینگەر بفرۆشتایەت، بۆ هەمیشە لە خۆی و لە ماراڵ دووری خستبۆوە. ئەگەر نەیفرۆشتایەت، ئەبوا بە دەست و کیسەی بەتاڵەوە بگەڕێتەوە بۆ بیابان. پارەی بارەکەی دابوو بە نان و پێمەڕە و گوریس. ماراڵ داوای نوشتە و چاوەزاری لێکردبوو، بڵقیسیش بە زمانی بێزمانی ئەماژەی بە تێڕی بەتاڵی ئاردەکە کردبوو.

کابرای زێڕینگەر سەری هەڵێنا و وتی:

ـ تێپەڕە کاکە، تێپەڕە! ئەڵێی شاری فەرەنگت گیر هێناوە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەمەوێ بپرسم ئەم گوارەیە، لای ئەو ئەنگوستیلە پیاوانەوە، بایی چەندە؟

کابرای زێڕینگەر، سەری داخستەوە و وتی:

ـ بڕۆ بە دوای کارتدا کاکە گیان. بڕۆ بە دوای کارتدا!

شێوازی قسەکردنی کابرا، گوڵمحەمەدی گەست. سەرەڕای ئەوەش نەیخستە خۆی و پرسیاری کرد:

ـ ئەگەر نایفرۆشی، بۆچی هێناوتە بۆ بازاڕ؟

ـ تۆ بەرپرسی کاری خەڵکیت؟! بۆ فرۆشتنە، بەڵام بە کەڵکی تۆ نایەت.

ـ لە کوێوە زانیت؟

ـ لە سەر و بەچکتەوە، لە بەژن و بەرۆکتەوە، لەو کڵاو و سمێڵەتەوە. بڕۆ لێم گەڕێ کارەکەم بکەم، بڕۆ براگیان!

گوڵمحەمەد ددانی لە چیڕەوە هێنا و وتی:

ـ ئەگەر جزدانی بن باخەڵم چەپکەیەک پارەی تیابێ چی؟
کابرای ئاڵتوون چی لێی مۆڕەوە بوو وتی:
ـ ئەگەر تیایەتی چوار دانەی بدە و بەرەکێک، بووزوویەک بکرە و بیدە بە شانتدا! برۆ کاکە گیان، برۆ ڕەحمەت لە باوکت بێ!
دەرویشێک هات. قرخن، بە هوو کێشان، کەشکۆڵێکی بە دەستەوە:
ـ خێرت بێتە ڕێ حاجی ئاغە. هەق بەرەکەت بات. شەوی هەینییە.
دەروێش پارەیەکی وەرگرت و تێپەڕی. گوڵمحەمەد هەر لەوێ بوو. زێڕینگەر سەری داخست و چووەوە سەرکارەکەی. گوڵمحەمەد ویستی بڕوات بەڵام هەستیکرد وەڵامی کابرای نەداوەتەوە. نەی ئەویست قسەی کابرا لە خۆی بار کات. لێی چووە پێشەوەو وتی:
ـ کاڵایەکم بۆ فرۆش هێنابوو، بەڵام ئیتر بە تۆی نافرۆشم. ئەگەر وەکوو پیاو گفتوگۆت لەگەڵ بکردایەتم، مسۆگەر پاروویەکی باشت لە منەوە پێگەیشتبوو. بەڵام ئیتر بە تۆی نافرۆشم. دەست بخە سەر دڵت پیاوی ناجسن!
بەر لەوەی وەڵامێک وەربگرێتەوە، گوڵمحەمەد لە دووکانەکە دوور کەوتەوە، بازاڕی جێهێشت، بە بێ ئەوەی سەیری کاڵایەکیش بکات. لە پلیکانەکان سەرکەوت و لە بەردەمی ئیمامزادە یەحیا، لە بازاڕ چووە دەرەوە و بەرەو ماڵی ئالاجاتی ڕۆیشت. بابقولی بوندار ئەبوا کارێکی بۆ بکات. نابێ گوارەکان بفەوتێنێ. ئەیتوانی بە بارمتە دایبنێ و پارەیەک، ئەوەندەی کارەکەی پێ ڕێک بکەوێ، بەقەرز وەربگرێ و لە پاش نەورۆز گوارەکان وەربگرێتەوە.
ئەرباب ئالاجاقی، خۆی گۆڕیبوو و ئەتوت بۆ کارێک ئەیەوێ لە ماڵ دەرکەوێ. کڵاوی گەڕگەڕی فەرەنگی لە سەر نابوو، بەرەکی کۆڵکەی بۆری لە بەر کردبوو و لە پێش بابقولی بوندارەوە بە

پلیکانەکاندا ئەهاتە خوارێ. گوڵمحەمەد بە بینینی ئالاجاقی، لای دەرگاکە، لە نزیکی نۆکەرەکەوە وەستا. ئالاجاقی پێش ئەوەی بگاتە ئاستی گوڵمحەمەد، لێی پرسی:

ــ ئا کوردە! ژێوان بوویتەوە؟ چاکت کرد. بۆت دەرکەوت شوانی مەڕەکان بە قازانجتە، ها؟

بە پێچەوانەی پێشبینی گوڵمحەمەد، بارەکەی وای لێهاتبوو ئەوەی کە ئەبوایە لە ڕێگەی بابقولی بوندارەوە دەری ببڕێ، ئەبوایە ڕاستەوخۆ بە ئالاجاقی بڵێ:

ــ بۆ کارێکی تر هاتوومەتە خزمەت، ئاغە.

ــ کاری تر کامەیە؟

ــ قوربان، جووتێک گوارەم هێنابوو بیفرۆشم، بەڵام دڵم نەهات. وتم بێمە لای بەڕێزتان، بە ئەمانەت دای بنێم و پارەیەک وەربگرم. پاش نەورۆز پارەکە بێنمەوە و گوارەکان وەربگرمەوە.

ئالاجاقی کە چاوەڕوانی ئەو قسە و گوتەیە نەبوو، لە پاش ساتێک ڕامان، وتی:

ــ چ خەیاڵت کردووە؟ مەگەر کاری من سوو و سەلم خواردنە؟

ــ نە قوربان نا. لە سەر بناغەی ئەوەی کە متمانەم بە بەڕێزتان هەیە.

ــ بیبە بۆ لای سەڕافێک، زێڕینگەرێک!

ــ بردم قوربان، بەڵام دڵم نەهات! نامەوێ بفەوتێن. لە ناو زێڕینگەر و سەڕافیشدا ئاشنای وام نییە بە بارمتە لێم وەربگرن. ئەوان ئەیانەوێ بە نرخی خۆیان لێم بکڕن. جا ئەگەر بەڕێزتان گەورەیی بکەن و گوارەکان بە ئەمانەت لە لای خۆتان دانێن، خێرتان ئەگا.

ــ چەندەت پێویستە؟

ــ هەرچەند بەرێزت بینرخێنی.

شۆفێرەکەی ئالاجاقی هاتە ژوورەوە و بە دەم کڕنۆشەوە

وتی جەنابی پارێزەر چاوەڕوانیەتی. ئالاجاتی پێی نایە دالانەکە، گوڵمحەمەدیش بە دوایدا ڕۆیشت. کە چوونە ناو کۆلانەکە گوڵمحەمەد دەسرەکەی کردەوە و گوارەکەی پیشانی ئاغە دا و وتی:

ـ ئەمانەیە قوربان، زێڕی کۆنە، هی عیشقابادە. خاڵۆ عەبدۆسم لە بازاڕی مەشهەد لە کاروانسالاری کاروانێکی عیشقابادیی کڕیوە. لای جەنابت بمێنێتەوە، پاش سەری ساڵ دێم و وەری ئەگرمەوە. چوار مسقاڵ زیاترە. هەرچەند خۆتان بیقرسێنن بمدەنێ با زەحمەت کەم بکەمەوە. بەس دڵنیا بم تیا ناچێ بۆ من بەسە. دۆعا گۆی بەڕێزتانم.

ئالاجاقی، گوارەکانی لە گوڵمحەمەد وەرگرت، لە چاوی نزیکی کردەوە و جوان سەیری کرد. پێش ئەوەی بگاتە لای جۆگەکە، شۆفێرەکە هەڵات و دەرگای ترۆمبیلەکەی بۆ کردەوە و چاوەڕێی کرد. ئەرباب، لای دەرگاکە تۆزێ وەستا، گوارەکانی پێچایەوە و خستیە گیرفانی باخەڵی بەرەکەکەی و لەبری چوار پارچە گەڵا پارەیدا بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ ماوەمان تا بەهارە. بەهار تێپەڕێ پاکمان لە پاک. پێم وتبێتی! بوندار بڕۆ لە دەرگای دوواوە سوار بە!

بابقولی بوندار بەپشت ترۆمبیلەکەدا سووڕایەوە و ئالاجاقی لەشە قورسەکەی خۆی هاوێشتە سەر کورسیەکەی پێشەوە. شۆفێر دەرگاکەی داخست و خۆشی ڕۆیشت ترۆمبێلەکە بخاتە ڕێ.

گوڵمحەمەد هەروا گێژ و وڕ لە شوێنی خۆی وەستابوو و نەی ئەزانی چی بکات! بەڵام پێش ئەوەی ترومبێلەکە بکەوێتە ڕێ بە بابقولی بونداری وت:

ـ مەندەلوو وتی نیوەڕۆ لە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا ئەبێ. لە لای پیرەخاڵۆ. ئەگەر ئەتەوێ قۆزاخەکان بار بکەی، وەرە بۆ ئەوێ.

ـ زۆر چاکە! دێم. دێم.

ترۆمبێل دوورکەوتەوە و گوڵمحەمەد بەجێما. بەڵام کاتی وەستان نەبوو. ئەبوا بچێ بە دوای کارەکانیدا. کەوتە ڕێ. لای تەرازووی ئارد فرۆشەکە وەستا حەوت مەن ئاردی جۆی کڕی. هەرزانتر بوو لە ئاردی گەنم. فەردەی ئاردەکەی دا بە شانیدا و بردی بۆ کاروانسەرا. فەردەی ئاردەکەی خستە گیرفانی شەڵتەکە و قەیتانەکانی گرێدا و جارێکی تر خستیەوە سووچی هۆدەکە و دەرکەوتەوە.

قۆرتێکی بۆ نیوەڕۆ مابوو و هەوا هەروا سارد و خامۆش بوو. گوڵمحەمەد جارێکیتر چووەوە بۆ چاخانەکە و لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشت تا چایەک بخوا و گەرووی تەڕ بکات. پینەچی، هەروا لە شوێنی خۆی دانیشتبوو. گوڵمحەمەد هەوڵی ئەدا چاو لە نیگای بدزێتەوە و گوێی نەداتێ، بەڵام ئەمە زیاتر هۆگری ئەکرد. وای لێ ئەکرد هۆشی زیاتر لە لای ستاری پینەچی بێ. بۆیە خۆی پێ ڕانەگیرا، چاکەی خواردەوە، هەڵسا و چووە دەرەوە. سەیرێکی وشترە مۆڵدراوەکانی کرد و لە دەرگای خوارەوە چووە دەرەوە و بای دایەوە بۆ ناو کۆڵانەکە. بە بەردەرگای ڕاستەی شیرینیکەراندا تێپەڕی و چووە کۆڵانی مزگەوت. بە هەورازی بەردچن و خاوێنی کۆڵانەکەدا سەرکەوت، لە دەرگا بچووکەکەی لای خوارەوە چووە ناو حەوشەی بەرین و ئاوەڵەی مزگەوتی گەورە.

لە حەوشە چۆڵەکە بە ئارامی تێپەڕی و لە دەرگای سەرەکیەوە خۆی گەیاندە سەر شەقامەکە. لەو بەر شەقامەکە، تۆزێ بە لای ڕاستدا، کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا بوو. دیوار بە دیواری نەزمیە. کاتێکە گوڵمحەمەد گەیشتە ژوورەکەی پیرەخاڵۆ و دانیشت، پیرەکان قسەیان خۆش کردبوو. پیرەخاڵۆ چایەکی بۆ گوڵمحەمەد تێکرد و هەواڵی کەلمیشی لێپرسی.

خاڵە مەندەلوو، درێژەی بە قسەکەیدا و وتی:

ـ تا تۆ ڕات چی بێ. من هەر ئەوە ئەڵێم کە وتم. ئەبێ بڕۆم

و جێگە و ڕێگەکەی ببینم. پاشانیش سەبارەت بە سەروسامان گرتن و ژن هێنان قسەی لەگەڵ بکەم و وەڵامی لێ وەربگرم. کچی "ئاتەش" خۆ لەدەست دەرناچێ، وانییە؟

ــ یائەڵڵا، یائەڵڵا.

بابقولی بوندار بوو باڵا بەرزەکەی لە پلیکانەکان سەر ئەخست. پیرەخاڵۆ شوێنی بۆ بابقولی بوندار کردەوە. خاڵە مەندەلوو سەری ڕاوەشاند، سڵاوی کرد و پیاڵە چاکەی خۆی خزاندە بەردەمی بابقولی بوندار. بوندار لە سەر عەرزەکە دانیشتبوو، ڕووی کردە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ ئاغەکەمان خۆ مەغبوونی نەکردی؟

ــ نا، خوا تەمەنی درێژ بکات. پیاوێکی دەست کراوەیە.

بابقولی لە سەر قالیچەکە جێی خۆش کرد، لە پیرەخاڵۆی پرسی و پاشان ڕووی کردە خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ کە وابێ تۆ ئەبێ باوکی وەستا کارەکەی ماڵی ئێمە بی! وایە؟

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ ئا بەڵێ، مووسا خوڵامی ئێوەیە.

بابقولی پرسی:

ــ ئەتەوێ بێی هەواڵێکی لێ بزانی، ئەرێ؟

خاڵە مەندەلوو وتی:

ــ ئەگەر ڕێک بکەوێ، خراپ نییە.

ــ چەند وشترت هەیە؟

ــ شتێکی وا نییە، بەس دوو دانە.

ــ زۆر چاکە، بەڕێکەوت کارەکان ڕێ ئەکەوێ. منیش تەنها چوار فەردە قۆزاخەم هەیە. خراپ نییە. کەوابوو کاتی خۆی بار ئەکەین و ئەکەوینە ڕێ. با تۆش ئاوی قەڵاچیمەن بچێژی. خۆ زۆر بە پەلە نیت! کاری منیش لە شار خەریکە تەواو ئەبێ.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ خێر بێ! چەند زوو پێک هاتن؟!
بابقولی بوندار بە مایەیەکی شاراوەی شانازی بەخۆکردنەوە وتی:
ـ خوا سایەی ئەرباب ئالاجاقیمان لە سەر کەم نەکات. هەموو لە ناو دەستەکانیدا وەکوو مۆم وان. تا گەیشتینە نووسینگەی پارێزگار، بڕیارەکە ئامادە کرابوو و دایان بە دەستمەوە.
گوڵمحەمەد وتی:
ـ بڕیاری کوێخایەتیت خۆ وەرگرتبوو!
بابقولی بوندار کاغەزێکی قەدکراوی لە گیرفانی جلیسقەکەی دەرهێنا و پیشانی دان:
ـ ئەوەی کە هەمبوو بە ناو بوو، دەستنووسی خودی ئالاجاقی بوو. بەڵام ئەمەیان بە فەرمیە. مۆری خودی پارێزگاریشی پێوەیە.
ـ پیرۆزە.
ـ پیرۆز بێ بوندار.
گوڵمحەمەد وتی:
ـ ماشەڵڵا ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکە زیاتر جێپێت پتەو ئەکەی بوندار! چاکە، ڕۆژگار هەمیشە بە کامت بێ. ئێستە ئەوە تۆ و ئەوەش خاڵە مەندەلوو. دوو وشتر ئەو هەیەتی و دوو باریش تۆ. ئەو ئەیەوێ چاوی بە کوڕەکەی بکەوێ، تۆش کوڕەکەی ئەوت لە لایە. من ئیتر ئەبێ بڕۆم بە دوای کاری خۆمدا. دەی خاڵە مەندەلوو، لە گەڕانەوەدا وشترەکان ئەکەین بە کاروان!
ـ ئیشەڵڵا. ئیشەڵڵا. ئەگەر ڕۆژم بە بەرەوە مابێ دێم بۆ ڕەوەند.
گوڵمحەمەد هەڵسا. بابقولی بوندار وتی:
ـ ڕەنگە منیش شەیدا و وشترەکان بخەمە تەک خاڵە مەندەلوو و بینێرم بۆ لات.
گوڵمحەمەد وتی:
ـ خۆت ئەزانی بوندار.

ـ بۆ داواکاریی نەوەی پووریشت ئاگادارتان ئەکەمەوە.

ـ ئەویش بە سەر چاو. خزمەتکارین.

ـ سڵامەت بی.

ـ کەوابوو خواتان لەگەڵ. خواحافیز خاڵۆ.

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ خوات لەگەڵ گوڵمحەمەد خان. لە بیرم چوو لێت بپرسم، سەری خاڵۆ عەبدۆستدا یان نا؟

ـ سەری ئەدەم. سەری ئەدەم. خواحافیز. خواتان لەگەڵ.

ـ بەخێر هاتی خاڵۆگیان؛ خاترجەم.

گوڵمحەمەد لە دەرگای کاروانسەراوە بەرەو نەزمیە بای دایەوە. تاوێک وەستا و بە بێ پرس و جۆ گەڕایەوە. چی بە خاڵۆ عەبدۆس بڵێت؟ ڕووی کردە کاروانسەرای شازدە، عەگاڵی دەستی وشترەکەی کردەوە، شەڵتەی دا بە سەریدا، پارەی داڵاندارەکەیدا و هاتە دەرەوە. ستاری پینەچی، لای دەرگای کاروانسەراکە، لە سەر چوارپێچکەکەی دانیشتبوو. گوڵمحەمەد سەیریکرد. ستاری پینەچی پێی وت:

ـ ئۆغر بێ خێر، خان!

گوڵمحەمەد بەرەو سەبریز بوویەوە. لە ڕێگە دەسکە پێمەڕەیەکی خۆشدەستی کڕی، هەڵوا و نانی گەرمی کڕی و لە دەروازەکە چووە دەرەوە. دیوارە کۆنەکەی بەجێ هێشت و بە قەراخ گەندی بابی، بایدایەوە بۆ دەشتی شۆر. لە شار، ئەوەی دەستی کەوتبوو، پێمەڕە و گوریسێک، نان و هەڵوا و فەردەیەک ئاردی جۆ بوو. ئەوەی لە بیریشی مابوو، ڕەنگێکی خۆڵەمێشی و ڕوخساری خۆڵەمێشی لە ناو ڕوخسارەکاندا. ئەوەی بەرجەستەتر بوو، ئەرباب ئالاجاقی بوو و کابرای زێڕینگەر و ستاری پینەچی. ئەمەی دوایی، کابرای پینەچی، هەرچەندە پەیوەندی بە کار و بە خودی گوڵمحەمەدیشەوە نەبوو بەڵام لە ڕادەی خۆی زیاتر لە بیریدا جێی کردبوویەوە. نیگاکانی لە سەرنجی یەکەمدا، دڕ و

سمێنەر بوو. بەڵام ئێستا کە بیری لێ ئەکردەوە هەستی ئەکرد، شتێکی ئاشنایان تیابووە، ڕەنگە پێشتریش لە شوێنێک دیبێتی؟ لێی گەڕێ و تێپەڕە!

سفرەی بەرین و سوێری دەشتی شۆر.

گوڵمحەمەد سواری وشترەکەی بوو و سەیری بەردەمی خۆی ئەکرد. کەویری ڕووت و ئاسمانی قورقوشمین هاتبوونەوە یەک و سەریان نابوو بە سەری یەکەوە. شێداری دەشتی شۆر و ناوچاوی تاڵی ئاسمان، تاوبەتاو زیاتر تێک ئەچرژان. ئەتوت ئاسمان خەریکە دێتە خوارەوە و عەرز بەرز ئەبێتەوە. دەئاوسا و بەرز ئەبوویەوە بۆ ئەوەی ببن بە یەک؛ لەگەڵ ئاسماندا ببێ بە یەک. تێکەڵ. دوو باڵندەی مەزن، بە باڵی ماندوو و قورسەوە، باوەشیان بۆ یەک کردبۆوە و خەواڵوو یەکدیان لە ئامێز ئەگرت. دوو باڵندەی خۆڵەمێشی، دوو بەربەرین، دوو نادیار. ئەو دوانە کە بەیەک ئەگەن، شەو دادێ. شەو، یەکگرتنەوەی ئەو دووانەیە. تاوێکیتر!

گەیشتن. سینەیان لە سینەی یەکدی خشاند، تێکەڵ بوون و شەو لە دایک بوو. ڕێگە لێڵ و بەرەگەی ڕوانینی گوڵمحەمەد هاتە یەک، تەنگ بوو. ئەم تەنگ بوونەوەی پێش شەوداهات، تەنهایی زیاتر بەرهەست ئەکرد. ئەستێرە باران ئەگەر بوایەت، گوڵمحەمەد باشتر ئەیتوانی سۆمای چاوی لە قوڵایی بیاباندا بفڕێنێت. بەڵام ئێستا کە بنمیچی ئاسمان، هەورەکان دابەزیبوون و تراویلکەی کەویر هەڵگیرابوو، گوڵمحەمەد، لە بەردەمیدا، دوو هەنگاو زیاتر لەو بەرەوەی بەرازەی وشترەکەی نەئەبینی. بەڵام، غەم نەبوو، بادی ڕێناس بوو. شەو ئەگەر ببوایە بە شەوەزەنگیش، بادی ڕێی خۆی بە یارمەتی بەری پێی لە سەر خاک ئەناسیەوە. گوڵمحەمەد ماندووی بێخەوی شەوی پێشوو، توانی سەربخاتە سەر کەلەگی دارەبەنەکە، سەرپۆشێک بدات بە سەر خۆیدا و لێی بخەوێ. دارەبەن، لانک بوو. بەڵام، ئارامی بە بێ ئەوەی بزانێ

بۆ، لێی تۆرابوو. ئارام، بۆ نەبوو؟ خۆشی نەی ئەزانی. دڵەڕاوکەی هەبوو. بەڵام نەک لە بەر ئەوەی تەنهایە. هەروەها بە هۆی چۆڵی ترسێنەری بیابانیشەوە. پەرێشان بوو لە ناوەوە، لە ناخەوە. بۆچی ئەیویست و بۆچی نەی ئەیویست بۆ سەردانی عەبدۆس و -ڕەنگە دلاوەریش- بچێ؟ ئەیویست و نەشی ئەویست. ئەگەر بچوایەت، چی بوتایەت؟ ئایە عەبدۆس لە هەمووشت زیاتر لە ماراڵی نەئەپرسی؟ لە نیگای گوڵمحەمەددا، ئەو دووانە ئایە پزیسکەی شاراوەی شەرمیان نەئەبینی؟ لە ژێر نیگای دلاوەر و عەبدۆسدا، چۆن تاوی بهێنایەت، گوڵمحەمەد؟ پێی بوتایەتن ماراڵی لێدزیون؟ یان وای دەربخستایەت کە ماراڵ ئەوی بە کەمەند گرتووە؟! ڕاستەکەی، چی هەبوو بیڵێ؟ ئەیتوانی چییان پێ بڵێ؟ ئەگەر بیوتایەت -کە مسۆگەر گوڵمحەمەد ئەیوت- دلاوەر چی بە سەر ئەهات؟

گوڵمحەمەد، هەستیئەکرد، هیچ نازانێ. هیچ. گێژ و حۆڵ. شپرزەیی زیاتر. نەک بە مەبەستی خەوتن، بەڵکوو بەهیوای ڕەماندنی خەیاڵی مڵۆزم، گوڵمحەمەد سەری نایە سەر کەلەگی دارەبەنی وشترەکە. بەڵکوو تەم و مژی داباریوی خەیاڵ بنیشێتەوە، تەڕ ببێ. بلا ون بێ. دوورکەوتنەوە لە هەموو پارە خەیاڵێکی تالانگەر. بیری کلۆڵکەر. خەیاڵی ڕژد، گومانی پیاو کوژ. ئەو خەیالانەی پیاو لاواز ئەکات.

قەراخی چەمی شۆر. گوڵمحەمەد بەس ئەیتوانی ڕۆیشتنی ئاوی شۆر لە بەستێنە نارێکەکەیدا، ببینێ. ڕۆیینی بەردەوامی ئاو. ترسی نەبوو. ئاو بوار بوو و تا بن چۆکی وشترەکە. وشتر دای لە ئاوەکە و سوارەکەی خۆی لە خامۆشی غەم ئەنگێزی چەمەکەوە تێپەڕاند و لەو بەری چەمەکە پێی نایە سەر وشکانی و ڕێی بەردەوام کرد. ڕێی تالاوا. تا تالاوا، ئەو شوێنەی براکەی بەگمحەمەد کرێکار بوو، زۆری نەمابوو. هەماراوی خێراو. کەوابوو چەند تیرهاوێژ ڕێگەی دەق، ڕێی چەماوە، ماڵەکانی

قەراخ ڕێگە، قەبرستان و پاشان مەیدانگەی بەر هەمار و گەوڕی خان. وشترەکان خەوتبوون و چەند دارەبەند سەریان نابوو بە سەری یەکەوە، ئاگرێکی کەم و کز، پیاوێک لای ئاگرەکە، لە بن کەپەنیکیکدا لەگەڵ شەو ببوو بە یەک.

گوڵمحەمەد لە وشترەکەی خزایە خوارەوە، دەسکەوسارەکەی ڕاکێشا. بە هەورازەکەدا سەرکەوت و بەر لەوەی بگاتە لای ئاگرەکە، هاواری کرد:

ـ ئەهۆی... نەکا بۆ خۆت بەگمحەمەد بیت؟!

کابرای دانیشتوو، سەری لە بن کەپەنکەکە هێنا دەرێ و بە دەنگێکی گڕ وتی:

ـ کام بەگمحەمەد؟ ئەگەر بۆ ئەو لاوە کوردە ئەگەڕێی، بڕۆ بۆ ناو هەمارەکە. لەوێ، وا لەوێیە.

لای دیواری گەوڕەکە، گوڵمحەمەد پاشوەنی دا لە ئەژنۆی بادی و لە دەرگای گەورەی گەوڕەکە چووە ژوورەوە. گەوڕ پڕ بوو لە وشتری خەوتوو و وەستاو. جێجێ سفرەی کا و پەموو ڕاخڕابوو وجێجێ وشترێک عەگاڵی لێدرابوو. گوڵمحەمەد تاوێ وەستا و گوێی ڕادێرا. لە بنەوە، لای هەمارەکەوە، غەماوازی چگووری براکەی بیست. وریای وشترێک کە پێی وابوو -ڕەنگە- مەست بێ، دار دەستەکەی توند ڕاگرت و بەبن دیوارەکەدا چوو بۆ لای هەمارەکە. لەوێ، لە درزەکانی دەرگایەکی کۆنەوە، ڕیشاڵی کزی تیشک، چاوەبڕکێی بوو. لای ئاخوڕی ئەسپەکە گوڵمحەمەد هەڵوەستەیەکی کرد. ئەیویست نەوای سازی براکەی باش و بەدڵ بچێژێ. پاشان دەستی نا لە دەرگاکەوە. دەرگا بە جیڕەیەکی وشک کرایەوە. گوڵمحەمەد لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا، وەستا.

هەمارەکە، درێژ و تاریک بوو. تەنها چراپڵیتەیەک، سووچێکی ڕوون کردبۆوە. لە ناو هەمارەکەش، وشترێک خەریک بوو کۆچەکەکەی بۆن ئەکرد. لە بن ڕووناکی چراپڵیتەکە، لە ناو هەمارەکە، بەگمحەمەد شوێنێکی بۆ خۆی دروست کردبوو

و پاڵی لێ دابوویەوە. چگوورەکەی لە سەر چۆکی ڕاگرتبوو و پەنجەی پیا ئەهێنا و وەها لە نەوای دەنگی خۆیدا ون ببوو، کە سەرەتا گوڵمحەمەدی نەبینی. لە پڕ هەستی بە بوونی کرد. پەنجەکانی لە جووڵە کەوتن. چگوورەکەی لای دەستیەوە دانا و بە بێ ئەڤان بازی دا خوارەوە:

ـ ها؟... ئەوە تۆی؟

ـ هاتم چاوم پێت بکەوێ، چۆنە هەتا ئێستە نەخەوتوویت؟

ـ وەرە، وەرە دانیشە! با بتبینم! ئەڵێی چەندین ساڵە... دانیشە!

گوڵمحەمەد لە لێواری ئاخوڕەکە دانیشت و دەستی نایە سەر دار دەستەکەی:

ـ بۆ منیش ئەڵێی ساڵەهایە! تا پێکەوەین نرخی یەکدی نازانین. تێ ئەپەڕیم، وتم هەواڵێکی تۆش بپرسم. دەی چی ئەکەی؟

بەگمحەمەد، هێزمی بن کترییەکەی داگیراند و وتی:

ـ ئەوەنییە! بووم بە کاروانچی. نەک کاروانچی، وەشترەوان. خواردن بە وشترەکان ئەدەم، ئەچم بۆ دارکردن، جارجاریش ئەچم بۆ شار. تۆ چی ئەکەی؟

گوڵمحەمەد پرسیارەکەی خستە پێش وەڵامەوە و وتی:

ـ ئەربابەکەت چۆن پیاوێکە؟

بەگمحەمەد ڕووی لە دووکەڵی ئاگرەکە وەرگێڕا و وتی:

ـ خراپ نییە. ئەڵین پیاوێکی بەڕوومەت و بە خشندەیە. دەست و دڵ کراوە خۆیا ئەکات. تا ئێستە تووڕەبوون و قەڵسیم لێ نەدیوە. هەڵبەت شەق و زلەی زۆرە. بەڵام تا ئێستە هیچی بە من نەوتووە. یان تێبینی غەریب بوونم ئەکا، یانیش لە کار و کردارم ڕازییە. یانیش...

ـ خەریکە دەستەمۆت ئەکات؟

بەگمحەمەد پێکەنی:

ــ ڕەنگیشە. بەڵام هەرچی چۆن بێ تا ئێستە سابوونەکەی لە لەشی من نەکەوتووە. جا پاشتر چی ڕووئەدات نازانم. دەی تۆ بڵێ! بەمشەوە لە کوێوە دێی؟ لە شارەوە؟

ــ ئا. منیش کەوتوومەتە دارکردن. خەریکم ئەچمەوە بۆ ڕەوەند. دەی بۆ زستان خۆ جێگەت گەرمە؟

ــ ئەوە نییە! ئەگەر گەنە و قالۆنچە لێم بگەڕێن، جێگەم گەرمە. خراپ نییە. چەند دانە شاڵە کۆنەی وشتریش هەیە شەوانە ئەیدەم بە خۆمدا. ئەم دیوارانە زۆر کۆنەن. دەعبایان زۆرە. شەوانە جوان خۆم دائەپۆشم، کەچی هێشتاش بەیانی کە هەڵئەسم ئەبینم لە چەندلاوە پێستی لەشیان چزیوم. شەوانی ناوڕێش ئیتر لە جێی خۆی.

ــ خواردن و خۆراک چی؟

ــ لەسەر ئەربابە. خراپ نییە. وشک و تەڕ، شتێک ئەدەن. جار هەیە چەورە و جاریش نییە. ئەو موسلیمە کابرایەکی تووڕەیە بەڵام بەدخواز نییە. وتم خۆ، ئەم ئەربابە کابرایەکی دەست واڵایە. میوان و شتی زۆرە. هەندێ جار پاشەڕۆکی خۆڕشت و گۆشتاوەکەیان بە ئێمەش ئەگات. چی بکەین ئیتر؟ جارێ وەکوو سەگێکین دەفەی شانی بزنمان ئەخەنە بەر!

ــ ژیان ئەمەیە ئیتر. پیاو بەرزی و نزمی هەیە. باوکم هەمیشە ئەڵێ: «پەز شەش مانگ لەڕە و شەش مانگ قەڵەو.» ئێمەش ئەوا لە شەش مانگەی لەڕییەکە داین.

بەگمحەمەد پیاڵە و کترییەکەی هێنایە پێشەوە و وتی:

ــ تا شەش مانگی قەڵەوییەکەی کەی بگات! شێوت کردووە؟

ــ ئەی... پارووپەک.

بەگمحەمەد قاپەکەی هێنا و بەرە و وشترە تازە زاوەکە چوو، دە سیرێک شیری دۆشی و هێنای، لە بەردەمی گوڵمحەمەد داینا و وتی:

ــ سفرەی نانەکە، ئا لەوێ لە بن سەرم دایە. دەست

ڕاکێشە و دایگرە. پێمان ئەکەوێتە هەر شوێنێک، گوانێکی پڕ لە شیریشمان بۆ ڕەوانە ئەکرێ. سەرچاوەی ڕۆژی ئێمەی دەشتەکی سینەی ئاژەڵە. وشترەکە ناکات زاوە. نانی تێگووشە. من تێرم خواردووە.

گوڵمحەمەد، قاپی شیرەکەی پڕکرد لە نانە ڕەقە، لێکی وەردا، برسی و بەپەلە تیکە لە دوای تیکە هەڵیدا و؛ لەچاو پێک نانێکدا بنی قاپەکەی بە قامک لستەوە و تەڕایی ناوچەوانی بە سەر قۆڵی سڕییەوە، زمانی بە بن ددانەکانیدا گێڕا و وتی:

ـ بە ڕاستی بەلەزەت بوو کوڕە! دووساڵێک ئەبوو شیری وشترم نەخواردبوو. جا چاییەکیشم بۆ تێبکە با ڕیخۆڵەی پێبشۆمەوە و بەرەو ژوور بکەومە ڕێ. ڕاستی، بادیم لە دەرەوەی گەوڕەکە جێ هێشتووە، خۆ قەیناکا؟!

ـ عەگالت لێداوە؟

ـ ئەی چۆن! بە بێ عەگاڵ...

ـ بەرەو لای سەرقەبران، وشترەکانی ئەنووچ مۆڵیان خواردبوو؟

ـ کابرایەک لەوێ لای ئاگرەکە خۆی کڕ کردبوو.

ـ خۆیەتی، ئەنووچ ئەوەیە. قەیناکا.

بەگمحەمەد، پیاڵەی چاکەی لە بەردەمی براکەی دانا و دانەنا، دەنگی ئەنووچ وەک با ووژاندی:

ـ هۆی کاکە... هۆی مامە... وەرە بەر بە وشترەکەت بگرە! ئەتەوێ کار بدەی بەدەستی خۆشت و منیشەوە؟! هەڵێ براکەمی!

گوڵمحەمەد، پڕی دایە دارەکەی و دەرپەڕییە دەرەوە، بەگمحەمەدیش بە دوایدا.

ئەنووچ لە ناو دەرگای گەوڕەکەدا وەستا بوو قیژە و قاژی بوو. دوو برا گەیشتن. بادی لەگەڵ نێرە مەستەکەی ئەنووچ لێک ئالأبوون. گوڵمحەمەد چووە پێشەوە و بە دار بەر بووە ملی وشترەکان. لە پڕ هاتەوە بیری بادی چۆکی بەسراوە. کێردی دەرکێشا و بە

تیژی نیگایەک، عەگاڵەکەی بڕی و دەستی وشترەکەی ئازاد کرد. بادی زیاتر هەژا و لە نێرە مەستەکە ئاڵا. ئەنووچ خۆی گەیاند. بەگمحەمەدیش دارێکی لە کورتانی وشترێک دەرکێشا و چوو بەدەمیانەوە. سێ پیاو، دەوری وشترەکانیان دابوو. گوڵمحەمەد بە بادیدا هەڵگەڕا و چووە سەر پشتی. داردەستەکەی خستە ناو ملی وشترەکان هێز و قوورسایی خۆیدا بە سەر داردەستەکەدا. ملی دوو وشترەکە لێک جیابوویەوە. ئەنووچ نێرەکەی پاڵ پێوە ناو و گوڵمحەمەدیش وشترەکەی بەرەو ڕێگەکە برد. لەم کاتەدا دەرگای ماڵی خان کرایەوە و کابرایەکی بەخۆ، بە کەوڵپۆسێکی هەراو و درێژەوە هاتە دەرەوە و بە دەنگێک کە لە قرچەی شکانی دارێکی وشک ئەچوو. پرسی:

ــ چی بووە. دیسانەوە؟

ئەنووچ چووە پێشەوە و وتی:

ــ هیچی وانەبوو، ئاغە. وشترەکان لێک بەرببون، جیامان کردنەوە.

گوڵمحەمەد لە براکەی پرسی:

ــ کێیە، ئەوە.

بەگمحەمەد، بەئارامی وەڵامی دایەوە:

ــ ئەربابە. خانی تاڵاوا.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خواحافیز. من ئەڕۆم. نامەوێ چاوی بە بادی بکەوێ. ئەو جۆرە خەڵکانە هەموو شتێکی باش و بە کەڵکیان بۆ خۆیان ئەوێ. تۆش باسی بادی بۆ مەکە. بڵێ ئاشنا بوو. خوات لەگەڵ. ئەگەر هاتی بۆ تاغی، سەرێکیش بدە لە ڕەوەند. دایکم دڵی تەنگ بووە.

ــ خوات لەگەڵ. خوات لەگەڵ. ئەوە بانگی من ئەکا. تۆ بڕۆ.

گوڵمحەمەد وشترەکەی خستە ڕێ و بە پشت دیواری گەوڕەکەدا بردی و لە پێچی ڕێگاکە و شەودا لە چاو ون بوو.

ــ ئەوە کێ بوو؟

جگە لەم دەنگە، گوڵمحەمەد هیچی نەبیست. ڕەنگە بەگمحەمەد ئەیوت براکەم بوو، ڕەنگیشە نەی ئەوت. هەڵە و مەترسیەک ڕووی نەدابوو تا پارێز و ترسێک بخاتەوە. برایەک چوو بوو بۆ سەردانی برایەک.

بەڵام نە لە سەر بەڕەی براکەی. بەڵکوو لە سەر کورتانی وشتری خاون کارەکە تۆزێ دانیشتبوو و قاپێک تێگوشیوی شیری وشتری ئەربابی خواردبوو. بەڵام بەگمحەمەد وتبووی ئەربابەکەی کابرایەکی دەست کراوەیە! بیێ، نەبێ. ئەمە نە هیچ لە شوێنێک زیاد ئەکات و نە هیچیشی لێ‌کەم ئەکاتەوە. غەمی ئەوە نەبوو. نابێ بیری خۆی بەوەوە خەریک بکات.

«هووک هووک هوووک!»

وشتری تاودا و لە سەر ڕێگە لمینەکە غاریدا. بادی! ئەو ناوە لە خۆڕا نەبوو. بە ئاماژەیەک وەکوو با لە عەرز ئەبڕا و وای غار ئەدا نەت ئەتوانی قاچە باریکەکانی ببینی. نەرم و یەکسان. وێکچوو و بەغار. وەک ئاسکۆڵە. نەک ناقۆڵا وەک وشتری بارکێش. بادی، سواریی بوو و ئەگەر گوڵمحەمەد هێزمی لێ بار ئەکرد، ستەمێک بوو نارەوا لە بادی ئەکرد. ئەندامی کشاو، ملی باریک و خۆش خەم. پووزی باریک و کلکی کورت، سمتی لەڕ و سینەی والا، لەگەڵ نیگای زەلاڵ و وشیاری، ئەیخستە خانەی وشترە تایبەتیەکانەوە. هەر بۆیەش بوو سەر پشتی لەبری بار، ڕانی پیاوی ئەویست. ڕۆژ و شەوێک ئەیتوانی بە بەردەوام، بە ڕێوە بێ و پشوو بۆ پشوو، بە بیابان و بە دەشتی شۆردا بازوێ. بادی، با بوو؛ بادی هەورێکی شیرینئاو بوو. ورووژاو. خودی با. هەزار ڕەنگی بای بیابان. سووتاو، سپی، بۆر، سوور، خۆڵەمێشی، خاکی، ڕەشباو و ئاجووری کە لێک ئالان و تێکەڵ بوونیان، هەموو کاتێک ڕواڵەتێکی نوێی ڕەنگێکی تازەی هەبوو. بادی، وەک باهۆز جێی مەترسی بوو. بێگانەیەک ئەگەر سواری بادی بوایەت، ئەبوا چاوەڕوانی مەرگ بکات. ئەگەر ڕێ بکەوتایەت و بێگانەیەک بوێرانە

لە پشتەوە خۆی هەڵدایەتە سەر بادی، ئەنجامەکەی بەس مردن بوو. لە کەلاوەیەکدا. تەنها گوڵمحەمەد سواری ئاشنای بادی بوو و بادی تەنها سواریدەری ئاشنای گوڵمحەمەد. هەر ئەمەش بوو بادی بۆنی لەش و هەناسەی گوڵمحەمەدی ئەناسی و لە بەر ئەمەش بوو کە گوڵمحەمەد، بادی وەکوو چاوەکانی خۆش ئەویست. بادی هاورێی ڕێ و تەنهایی گوڵمحەمەد بوو. بادی هاورێی با.

ــ کوێر بە!

مەگەر ئێرە کوێ بوو؟! گەردەنەی شکاو؟ مەگەر چەندە هاتبوو؟ وچانێک، دووان، سیان یان نیوەی شەو؟ نەء! شەو هێشتا نەگەیشتبوویە نیوە. چۆن؟ لە سەوقیە و برایماوا و گڵە سوورەکان، تێپەڕیوە، یەحیاواشی بەجێ هێشتووە و گەیشتۆتە گەردەنەی شکاو؟ شەو چۆن وا بەڕەوانی تێپەڕیبوو؟ نەء. جێی بڕوا نەبوو! ئەی...

ــ کوێر بە پیاو!

ــ تۆ کێیت؟

ــ لە وشترەکەت دابەزە. بچۆ بنی ئەو دەوەنە!

گوڵمحەمەد تاوێک وەستا و وتی:

ــ کارت بە من نەبێ. من پووڵ و پارە و هیچی وام پێ نییە بەکاری تۆ بێ!

ــ خۆت هەڵدە خوارەوە سەگباب! ئەتەوێ کون کونت بکەم؟

کەپەنک لەبەر، کابرایەک لە بن دەوەنێکی تاغەوە هاتە دەرەوە و بەرەو گوڵمحەمەد هات. ڕوخساری بەلفکەی مێزەرەکەی داپۆشابوو و تارماییەک بوو بەس. تێکسمراو و چوارشانە بوو. دارێکی بە دەستەوە بوو، دەنگی کپ و گڕ ئەهاتە بەر گوێ. گوڵمحەمەد زانی کابرا چەکی گەرمی پێ نییە. بۆیە، دیاربوو خۆی ڕائەدا. ئەبێ ڕێگرێکی تازەکار بێ! لە بن گزیچارەکەدا گوڵمحەمەد تەماڵی ئەسپێکیشی بینی. کابرا، بە ئەسپایی لێی

هاتە پێشەوە. گوڵمحەمەد لێیگەڕا، بێتە پێشەوە و پاشان وتی:

ــ ئەگەر نەیەمە خوارەوە چی ئەبێ خان؟

کابرا چەن هەنگاوی مابێ وەستا و وتی:

ــ خوێنت لە ملی خۆتە! خان لەوێیە. ئەڵێ کوێربە. ئەگەر حەز ئەکەی بکەوە ڕێ، بەڵام لە پشتەوە گوللەیەکی گەرم ئەتچزێنێت!

قسەکانی کابرا، زیاتر لە قاپووڕە فیشەک ئەچوو هەتا گوللە و باروت؛ تا لە قورقوشم. پێ ئەچوو بۆش و بێ پشتیوان بێ. سەرەڕای ئەمەش ترسێکی ئەخستە دڵەوە. ڕێگر ئەگەر تفەنگی پێ بێ بە قۆڵە دارەوە خۆی دەر ناخات. گوڵمحەمەد ئەمەی ئەزانی. هەروەها ئەوەشی ئەزانی کە ڕێگر ئەگەر پشت و هاوڕێی لەگەڵ نەبێ، دارە دەست یارمەتی نادات. کەوابوو ئەم کابرا، ئەگەر ماوزێڕی بە قەدەوە نییە، ڕەنگە هەندێ کەسی لەگەڵ بێ لە پشت دەوەنەکاندا خۆیان حەشار دابێ. بە پشتیوانەوە بۆ ڕووتەوەکردن هاتووە. سەرە ڕای ئەمەش نەی ئەتوانی مل بەو سووکایەتیە بدات. هەڵۆیەک لە سەر کەلاکێک. لە پڕ، قاچەکانی خڕکردەوە و لە چاو ترووکانێکدا، خۆی هەڵدا بۆ سەر کابرا و لێک ئالان و تێک بەر بوون. لوول بوون. وەک لبادی لوول دراوی بن پێی لبادگەڕان. ئەم بە زۆرداریی ئەو و ئەو بە زۆرداریی ئەم. هەناسە و خاک، مشت و دژوێن، شێوە و پاشقول، سستی و سەختیەکانیان لێک ئەهاڵا، لێک ئەبوویەوە و دیسانەوە لێک بەر ئەبوونەوە. ڕێگر دەستی برد بۆ بەر پشتێنەکەی؛ بە مەبەستی کێرد. بەڵام لەو گورجتر گوڵمحەمەد، مەچەکی گرت، کەشکەی ئەژنۆی چەقاندە چاڵایی سینەی و کێردی لە کالانی پووز لخ دەرکێشا و بەرقەوە هەڵی هێنا.

ــ نەکەی گوڵمحەمەد!

ئاشنا؟! گوڵمحەمەد شانی سست کرد و لۆی مێزەرەکەی

لە ڕوومەتی کابرا لادا. ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوی خانئاپۆ، بە ددانە سپیەکانیەوە لە بەردەمی گوڵمحەمەددا بوو. گوڵمحەمەد هەڵسا، تفێکی کردەوە، کێردی خستەوە ناو کالان، خاک و خۆڵەکەی لە خۆی تەکاند و وڕ و کاس زمانی بزواند:

ــ نەفرەت لە ئیبلیس! تۆزێکی مابوو قوڕ بچێ بە سەرمدا!

خانئاپۆ هەڵسا. دۆڕاوی یاری. گوڵمحەمەد بە گلەیی و تووڕەییەوە لێی وەڕگەڕا و وتی:

ــ بۆ ئاشناییت نەدا؟ ئەگەر بمکوشتایەتی چی؟ تۆ ئەزانی چیم بە سەر خۆم هێنابوو؟! هەرگیز نەم ئەتوانی سینە لە سەر خاک بەرزکەمەوە. تووشی ماخۆلە ئەبووم! تۆ ئەبوا منت ناسیبێتەوە؟!

ــ سەرەتا نەمزانی کێی. بەڵام کاتێک قسەت کرد ناسیتمەوە.

ــ ئەی بۆ قسەت نەکرد؟

ــ نازانم. پێموابێ ئەمویست دڵ و جەربەزەت تاقی بکەمەوە.

ــ تاقیت کردەوە؟!

ــ گورجوگۆڵیەکەت ئافەرینی ئەوێ. بە قەڵافەتت ناکەوێ بازووت ئەوەندە بەهێز و دەستەکانت بەو ڕادەیە نەرم و چالاک بن!

گوڵمحەمەد خۆی هەڵدایە سەر وشترەکە و وتی:

ــ با بڕۆین. پێم وانییە تازەودوا هیچت دەسکەوێ. نیوەشەوە.

خانئاپۆ ئەسپەکەی لە بن دەوەنەکە هێنا، پێی لە ئاوزەنگی نا و لەگەڵی کەوت:

ــ تۆ گەنجێتی ئەکەی بەم شەوانە وا بەتەنها ئەدەی بە ڕێدا! ڕێگەکان هێمن نییە.

ــ ئەزانم گەنەدز زۆر بووە. بۆ ڕاوەستای؟

خانئاپۆ وتی:

ــ یەکیان ئەوەی کە نامەوێ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێمەوە بۆ ناو ڕەوەند، یەکیش ئەوەی کە ئەمەوێ هەر لێرەدا داوایەکت

لێ بکەم!

ــ کە باسی ئەمشەوە نەگێڕمەوە؟ زۆر چاکە باسی ناکەم!

ــ ئەمە نا. شتێکی ترم ئەوێ.

ــ فەرموو.

ــ دەستم ساردە گوڵمحەمەد! خۆت ئەبینی خۆ بەدار هیچ ناکرێ. ئەبێ باروتی گەرمت پێبێ. خۆت خۆ ئەزانی! لە سەر بناغەی مام و برازایی داوایەکم لێت هەیە؛ بەڵێنم پێبدە ڕووم ناسووتێنی!

ــ خانئاپۆ بە پاڕانەوە لەوە زیاتر ئازارم مەدە! مامە گیان تۆ داوای سەرم بکە.

خانئاپۆ تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ــ سەرت خۆش بێ. سەرم ناوێ. شتێکی ئاساییم ئەوێ.

ــ فەرموو.

ــ تفەنگ. تفەنگەکەت!

گوڵمحەمەد کەوتبوویە داوەوە. بە وەڕەزییەوە داری لە شانی وشترەکە ڕاوەشاندو وتی:

ــ تفەنگی من؟! کە سەر ڕێی پێبگری و خەڵکی پێ ڕووت بکەیتەوە؟ ها؟ نەء، حەز ناکەم لوولەی تفەنگەکەم ڕووی بکرێتە سینەی لە خۆم بچووکتر و لاوازتر. نا خانئاپۆ. تۆ گەورەی منی، بەڵام داوای ئەوەم لێ مەکە!

خانئاپۆ ئەسپەکەی وەرگێڕا و وتی:

ــ دەستم بشکێ کە تفەنگەکەی خۆم فرۆشت! تۆ بڕۆ. من لێرە ئەمێنمەوە!

ماندوو و شەکەت و ناچار و خامۆش، گوڵمحەمەد بە ئارامی وشترەکەی خستە ڕێ.

شەو لە نیوە تێپەڕیبوو کە خاڵی، سەگی ڕەوەند کەوتە وەڕین؛ ماراڵ لە ڕەشماڵەکە دەرپەڕییە دەرەوە.

گوڵمحەمەد گەیشتبوویەوە ماڵەوە.

# بەشی حەوتەم

## بەندی یەکەم

لە ناو ڕێ، ئەوبەری زەعفەرانی و مابێتی بۆ قەڵاچیمەن، لە سەر ڕێ کۆنەکەی مەشهەد، لە شوێنێک بەناوی ئەستێڵی خولامۆ، حەوت کۆڵەکەی گەچ وەکوو حەوت تەختی دێو، خۆیان پیشانی ڕێ و ڕێبواران ئەدەن. پیرانی ئەم پارەیەی بیابان ئەگێڕنەوە کە لە ناو ئەم حەوت کۆڵەکەدا حەوت پیاو گیراونەتە گەچ. حەوت کۆڵەکە بە ناوبەتاڵی سازکراون، حەوت پیاویان بە زیندوویی خستۆتە ناو حەوت کۆڵەکە و بە سەر پێوە ڕایانگرتوون؛ پاشان ئارام ئارام دۆغاوی گەچیان کردۆتە ناو کۆڵەکەکان و پیاوەکانیان ناچار کردووە لە بن ئازار و ئەشکەنجەیەکی خاو و لەسەرخۆدا تەماشاگەری لێبوونەوەی پارەی گیانیان بن، تا گیانیان دەرئەچێ. سەرەتا لە بن پێیان هەتا مەچەک، لە مەچەکەوە تا سەر ئەژنۆ، لە ئەژنۆوە تا لای ڕانیان، لە ڕانەوە هەتا ناوقەد، لە ناوکەوە هەتا سینە، لە سینەوە هەتا ملیان، لە ملەوە هەتا سمێڵ، تا لای لووت و-دواین هەوڵی هەناسەدان- پاشانیش تا تەوێڵ و تا کاکۆڵیان.

بەم جۆرە بوو. حەوت پیاو، پیاوی پیاوانە، تاوبەتاو و دەمبەدەم گیانیان دابوو. لە گەچاو گیرابوون، وشک ببوون و هەناسەیان لە بیر بردبۆوە. مردوون و سەرپۆشی گەچ و گڵ، سەر و ئەستونی داپۆشاون. ئێوارە ئەبێ گەیشتبێ. گوندییانی تەماشاگەر، خامۆش

و غەمگین، شاد و نەزان، توورە و ژاکاو، سەرەڕای ئەمەش بوغز لە گەروو، ئەبێ لەو ناوە دوور کەوتبێتنەوە و ئەم بیرەوەرییەیان بردبێتەوە بۆ ماڵەکانیان، بۆ بنمیچی ماڵە قوڕینەکانیان. ئارام ئارام و ترساو لە یەکدی، ترساو لە مشکی دیوار، لە لای کوانووە ساردەکانیان، ڕەنگە پچە پچێکیان کردبێ. زیرەکترین جوتیاران ئەبێ گومانیان لە گوتەی پیاوانی حکوومەت کرد بێ. گومانیان لێکردبێتن. بەڵام گوتەی پیاوانی حکومەت ئەوە بوو کە بوو. ئەوەی کە پێشتر لە کۆڵانانی گوندەکاندا جاڕیان دابوو:

«بۆ تەمێکردنی خەڵکی، ئەمڕۆکە حەوت دز، حەوت فێڵبازی بێویژدان، حەوت خەیانەتکاری ماڵ بەکۆڵ، لێرە، لە لای ئەستێڵی خوڵامۆ، لە گەچ ئەگیرێن».

ئەم زمانە، زمانی درێژی حکوومەتی ئەو کاتەبوو کە لە کۆڵانانی برسی گوندەکاندا ئەلەوەڕا و دەنووکی بە هەموو کونێکدا ئەکرد. ئەو وای ویستبوو ئەم پیاوە لە گەچ گیراوانە، بە حەوت فێڵبازی خاین و دز ناو ببات. وای ویستبوو و واشیکردبوو. پیرانی ئەم مەڵبەندەی بیابانی خوراسانیش وایان ئەگێڕایەوە. پیران گێڕانەوەیان جیاواز بوو. هەندێک لەم پیرانە، حەوت پیاوەکەیان بە حەوت «یاخی» ناو ئەبرد. حەوت یاخی کە سەری حەفتا ئەرباب و خان و گزیر و تفەنگچیان گوێ تا گوێ بڕیبوو. دەنگۆ ئەمەبوو کە حەوت یاخیەکە ویستوویانە نرخی گەنم دابەزێنن. دادیان ویستووە؛ ئەم حەوت یاخیە شۆڕشگێڕە، ئەم حەوت دادگەرە.

خامۆش و دەروون پەرێشان، نادعەلی لە بن پەردەی شەوی نووتەکدا، پاڵی بە کۆڵەکە گەچەکەوە دابوو و پاژنەی لە سەر خشتێک خەواندبوو، پێڵووەکانی لێک نابوو، قاچی ڕاستی ڕاکێشا بوو، ئەژنۆی چەپی بەرزەوە کردبوو. لە هۆشیاری و بێهۆشی خۆیدا سەرگەردان بوو. ئەسپەکەی، گوێی قیت ڕاگرتبوو، وەستابوو، شەکەتی لەش و پەریشانی گیان، لەکۆڵ نادعەلی نەئەبوویەوە.

هەر لەم کاتەدا کە لەشی وەکوو تەرمێکی خوێنمردوو، لە بن کۆڵەکە کۆنینە گەچیەکەدا ڕاکشابوو، لە بیریدا و لە خەیاڵیدا دەریایەکی هەژاو، شەپۆلی ئەدا بە شەپۆلدا.

لە کراسێکی ڕەشدا -نەمامی نیوە گیان- سەوقی لە قەراخ ڕێگاکە وەستاوە و ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوو و مەهتاو ڕەنگی -مانگ لە ناو ئاو- ئەلەرزی. لەو بەری ڕێگاکەوە، خەڵکانی گوندەکانی ئەو مەڵبەندە، شان بە شانی یەکدی وەستاون و سەیری ئەستوونە گەچەکان ئەکەن. تفەنگچیەکان بە کڵاوی درێژی لبادەوە، کەوا و سەڵتە، فیشەکدانی پڕ لە فیشەک و سمێڵی بادراو، تۆقێنەری جەماوەر، بە ڕیز وەستاون. لەم بەرەوە، نادعەلییان بە شانی بەستراوەوە، ناوچەوان ئارەقاوی، بە نووکی تفەنگ بۆ لای کۆڵەکەیەکەوە پاڵی پێوە ئەنا؛ پیاوێکیان بە لوولەی تفەنگ بەرەو کۆڵەکەیەک ئەهێنا؛ پیاو و نادعەلی تێکەڵ و پێکەڵ ئەبوون. لێک ئەپچڕان و ئەبوونەوە بە یەک و بەرەو کۆڵەکەکە ئەچوون. ئەیانهێنا، ئەهێنرا بۆ ئەوەی لە ناو کۆڵەکەیەکدا بچێنرێ. هێنایان لە ناو ورگی ئەستوونێکدا چاندیان و نەرمە نەرمە گرتیانە گەچ.

خوێن لە لاقەکانی، ناوکی و سینەیدا وەستاوە، خەریکە ئەیبەستێ. هەناسەی سوار و سارد بووە. هەستی مردن لە دەمارەکانیدا ڕەوان بووە. ئەمرێ. هاوار، هاوار. مرۆڤ مەگەر چەند جار ئەمرێ؟!

نادعەلی ڕاپەڕی، هەڵات و لە پشت کۆڵەکە کۆنەکەدا خۆی حەشاردا و چاوی کردەوە. شەو لە بەرچاویدا ئاوسابوو. خۆف! خوایەگیان لە کەیەوە لەم شوێنە ترسناکەدا بووە و ئاگای لە خۆی نەبووە؟

دەمەو کازیوە بوو لە گوڵمحەمەد و مەندەلوو جیابببوویەوە. ڕاستەوخۆ ڕێگەی قەڵاچیمەنی گرتبوو، هاتبوو. بە خاوە خاو، نەک بە غار. چونکە مەبەستێکی تایبەتی نەبوو. لە ڕێ، بە

بیانووی ماندوێتی لە چەند شوێن لای دابوو. پارووە نانێک و زەرکە ئاوێک و کاکڵ و مێوژێک. لە باغوون، لە هاشماوا، ئاوبارێک و پاشانیش لێرە، لای ئەستێڵی خولامۆ. لە نوێژی پێشەوە هەتا ئێستا. ئێستا کەی بوو؟ نادعەلی ئەمەی نەئەزانی. شەو ئەگەر زەلاڵ بوایەت، بە ڕێ و شوێنی ئەستێرەدا، ئەیتوانی بزانێ چ کاتە؛ بەلام شەوی ئەمشەو ساماڵ نەبوو. هەوری ملۆزم سوار کۆڵی یەکدی، شەوەکەیان کوێر کردبوو. هیچ بە هیچ دیار نەبوو.

نادعەلی، هیلاک و ماندوو، هەڵسا و بەرەو ئەستێرەکە چوو، کە لە بن چاڵەکەدا، درەوشانەوەیەکی لێڵ و تێپەڕی هەبوو. بە لاقی لەرزۆکەوە، چووە خوارەوە، لای ئەستێڵەکە وەستا و سەیری خۆی کرد لە ناو ئاوەکەدا. ئاو ڕەش، شەو ڕەش و نادعەلی ڕەش بوو. وەستاو و وەستاو و وەستاو. دانیشت بەڵکوو شڵپێک ئاو بدا بە چاویدا. قۆڵی هەڵکرد و کلاوی لە ناوچەوانی خزاندە دواوە. دەستی بۆ ئاوەکە نەبردبوو، خشەخشێک هات. خۆف. خشەخشێکی نەناسراو.

شتێکی وەکوو گومان. مار. ڕەنگە مار بێت! ماری چی؟ خەیاڵ. خەیاڵ. دەستی کرد بە ئاوەکەدا و شڵپێکی دا بە دەمووچاویدا. بەڵکوو خەیاڵی شپرزە، وریا بێتەوە. خشەخشەکە بەلام زیادی کرد. شەڕ لەگەڵ خەیاڵ. بە هەر جۆرێک بووە ئەبێ ئەم نەخۆشیە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. چونکە ئەمە نەک مار، بەڵکوو خەیاڵی مارە کە لە خەیاڵیدا ئەخۆشێ. خوشینی خەیاڵە. ئەبێ دووری بخاتەوە، فڕێیبدات. بەلام نەئەکرا بەدکردار! چۆن؟ چۆن لە کۆڵ خۆی بکاتەوە؟ چۆن ئەتوانێ خۆی دوور بخاتەوە؟ خشەخشەکە سات بە سات نزیک ئەبوویەوە!

نادعەلی، سەیری دەورو بەری خۆیکرد. نەء، ئەمە ئیتر خەیاڵ نەبوو. بە لێژایی چاڵەکەدا، مارێکی سوور، بە وریشە لە تاریکیە کەدا، بەرەوڕووی ئەهات. بە خشەخش خۆی بە سەر گەلا نیوە وشکەکاندا ئەخزاند و ئەهات. ئاگرەمار ئەخۆشی و

ئەهات:

«ئەی بەد کردار! ئاخرەکەی...»

دەسبەجێ، وەکوو قالاو، نادعەلی بازی دایە ئەو بەری گۆلاوەکە و بەردێکی تیژ و قورسی لە دیوارەکە کردەوە و ئامادە بوو. ئەبوا کارەکە یەکالا بکاتەوە. بە خوێنی تۆ ئارام ئەگرێ ئەم گرەی دەروون. مارەکە لە ئەستێرەکە نزیک بوویەوە، لەشە نەرم و خزەکەی بە سەر بەردەکانی قەراخ ئەستێرەکەدا خزاند و بەرەو نادعەلی خوشا. نادعەلی ویستی هەڵێ و ئەبوایە؛ بەڵام نەء. لە سەر شوێنی خۆی مایەوە. لەرزۆک و ناخ شەڵەژاو مایەوە. شتێک زۆر بە دژواریی لە سەر جێگای خۆی وشکی کرد:

«کارەکە یەکالا بکەرەوە پیاو!»

بۆیە بەردەکەی بەرزکردەوە و بە زەبرو بە هەموو هێزی خۆیەوە کێشای بە تەپڵە سەری مارەکەدا. مارەکە لە خۆی ئالا و وەکوو برووسکە لە چاو ون بوو. خزایە بن بەردێک، دوور لە چاوی نادعەلی. نەء، مسۆگەر نە مردبوو؛ مسۆگەر. بەڵام بریندار ببوو؛ بێگومان. لە ماری بریندار، مەترسیدارتر چی هەیە؟ ئەوە هیچ، تاوێکی تر جووتەکەشی دێ بە دەمیەوە. کەوابوو ئەبێ تێی تەقێنێ. هەڵاتن لە ژەهر. بە هەموو توانایەوە! گەنجەکە، بە شپرزەیی بە چوار دەست و پێ بە هەورازی چاڵەکەدا سەرکەوتە سەر. بەڵام ئەوەندەی بەرەو ئەسپەکە ڕۆیشت، کابرایەکی لە لای کۆڵەکە گەچەکە بینی. کابرا، دەسکەوساری ئەسپەکەی نادعەلی گرتبوو بە دەستیەوە ددانە درشت و سپیەکانی لە تاریکیەکەدا ئەدرەوشایەوە. نادعەلی، بەر لەوەی لاڵ بێ، وتی:

ــ چی ئەکەی پیاو؟ ئەو ئەسپە خاوەنی هەیە!

لە نێوان ددانە سپیەکانەوە، قاقایەکی وشک بیسرا و وتی:

ــ کێی غەوارە؟

ــ نا نا، بە خاوەنی قورئان! خەریکم ئەچم بۆ قەلاچیمەن. بۆ ماڵی خاڵم بابقولی بوندار.

ـ ئەیناسم. ئا. ئەیناسم!

ئارام ئارام، کابرا کشایەوە، دوور کەوتەوە و توایەوە و لە قوڵایی شەودا ون بوو.

نادعەلی، هەروا لە سەر جێگەی خۆی وەستابوو. ڕاماو و داماو و وشک و وڕ. کێبوو ئەو کابرا؟ مرۆڤ بوو یان جنۆکە؟ چۆن هات و چۆن ڕۆیشت؟ لە کوێوە هات و بۆ کوێ چوو؟ چەند لەپڕ هات و چەند لەپڕ ون بوو؟ بیسمیلا!

نادعەلی بە دژواریی لێوی هەڵپچڕی و بیسمیلای کرد. پاشان بە هەنگاوی ماندوو و بێ هێزی چوو بۆ لای ئەسپەکەی. ئەسپەکە، هەروا وشیار و ئارام وەستابوو و لە دووری ئەڕوانی. نادعەلی دەسکەوساری ئەسپەکەی گرت وکەوتە ڕێ.

ڕێ هەڵەت و پڕ لە ترس بوو. سێبەرێکی ترسناک لە هەر هەنگاو و هەر پەنا و پەسیرێکدا. سێبەرێکی دیار و پێوار. شتێکی وەک گومان و خەیاڵ. دەرئەکەوت ئەهات، نزیک ئەبوویەوە و هەڵئەهات، ون ئەبوو. پیاو یان ژن؟ گیانەوەر یان مرۆڤ؟ جنۆکە یان ئینسان؟ خەیاڵ! چی بوو؟ نادعەلی نەی ئەزانی! لە کراسی ترس و خۆفدا، نادعەلی ئیتر ترسی لە دڵدا نەبوو. خووگرتوو بە ترس. ئاوێتەی خۆف و مۆتەکە. ئامۆی شەوەزەنگ. ئەوەندە هاوڕێ و جووت بوو، هەر کات ترسی لێ دوور ئەکەوتەوە، هەستی ئەکرد نەخۆش کەوتووە. پلێتەیەک بوو هەڵژەنراو لە ترس و قەیران و شەڵەژاویی. ئارام و بێتاقەت. وردە بەردێک لە بن ئاودا، یەکبوو لەگەڵ ئاو. سێبەرێک لە شەودا، یەکبوو لەگەڵ شەو. دڵێکی پڕ لە ترس، یەکبوو لەگەڵ ترس. ئەو شتەی لە تۆدا جێخۆش بکات، ئەتکات بە هی خۆی. تۆ ئەویت، ئەوکاتەی وا کە ئەو، تۆیە. کەوابوو خۆف ڕەها کە، چونکە ئەتۆ، تۆ نادعەلی، خودی خۆفی. خودی خۆف!

حەزی لە غاردان نەبوو. لە ئەسپەکە گەڕابوو. چۆنی پێخۆشە با وا بڕوات. چۆن خۆی پێی خۆشە، ئارام و ڕەنجبەر. هێور و لە

سەرخۆ. نادعەلی سەری خستە سەر کەلەگی زینەکە. بەڵکوو ئارامێک! چاوەکانی خومار و ماندوو، لەشی سست و بێواز بوو. قاچەکانی شل و شەویڵ بە هەردوو لای ئەسپەکەدا شۆڕ ببوونەوە و بە ئاستەم لە ئاوزەنگی‌دا خۆیان ڕاگرتبوو. بەرەکەکەی نەک لە بەر پیاوێکی خەوتوودا، بەڵکوو بە سەر کەلاکێکی گەنیوەوە بوو. ئەسپێک و تەرمێک، تەرمێک و ئەسپێک. شینگێڕیی شەو.

ئەسپە سپی ڕام و هێور، تەنی سوارەکەی بۆ مەزڵ ئەبرد. ئەی کەی ئەگاتە قەلاچیمەن؟ لە کوێ ئەیزانی نادعەلی؟ پلی زەمان لە دەستی دەرچوو بوو. شەو بوو. بەڵام چ کات؟ ڕەنگیشە گەیشتبێ. ئەرێ ئەوە خۆ گەیشتووە. نەرمەناسەی خەو، لە کۆڵانەکانی قەلاچیمەن‌دا. دەنگی خوڕەی ئاو. دیوار و کۆڵان. سەگ و تەلەسەنگ. قەلا خامۆشە. بە بێدەنگ، نادعەلی سەری لە سەر زینەکە بەرز کردەوە، هەوسارەکەی ڕاکێشا و لای ماڵی خاڵی وەستا. دابەزی و چەکوشی دەرگاکەی تەقاند. لە بەستینی ڕەوان و ئارامی ئاودا، لە خامۆشی شەودا، دەنگەکە تاوی دایەوە و یەکێک لە ژوورەوە پرسیاری کرد:

ــ کێیە؟

ئەبێ ئەسڵان بێ. خۆی بوو. دەرگای کردەوە و بەرامبەر نادعەلی وەستا:

ــ بۆ وا گێژ و وڕ بوویت؟ نامناسیتەوە؟ دەرگاکە بکەرەوە با بێمە ژوورەوە. خۆمم، نادعەلی!

نەک بە ئەنقەست، بەڵکوو هەر بە ڕاستی ئەسڵان حەپەسابوو. بە پرتە پرت دەمی هەڵبڕی:

ــ ها... نە!... خەریکم... کێ... چۆنی... چۆن؟...

ــ باشم... باشم... خاڵۆ لە کوێیە؟!

ئەسڵان لە ژێر خێوەتی شەودا، بەو مەوجە چوارخانە کۆنەوە کە دابووی بە شانی‌دا، وەک پیران خۆیای ئەکرد. دەرگاکەی کردەوە و نادعەلی لە پێش ئەسپەکەیەوە پێی نایە ناو حەوشە. ئەمەش

نادعەلی! ساڵێک پێش سەربازی سەردانی ماڵی خاڵی کردبوو و پاش سەربازیش، ئەمە یەکەمجار بوو ئەهات بۆ قەلاچیمەن. ئەسڵان دەسکەوساری ئەسپەکەی لە پوورزای وەرگرت و بردی بۆ لای ماڵبەندەکە. نادعەلی لای سفرەی وشترەکان وەستا تا ئەو هات و توربێنی ئەسپەکەی لەگەڵ خۆی هێنا و لە ژێر دالان، لای دیوارەکە داینا:

ــ بڕۆینە سەر، خۆ نانت نە خواردووە؟

نادعەلی، بە دوای ئەسڵاندا لە پلیکانەکان سەرکەوت و پێی نایە ناو دیوەخانەکە. ئەسڵان لامپاکەی داگیراند و کورسیەکەی پیشانی نادعەلیدا و بەرەکی لە شانی داگرت:

ــ بەم بەرەکە تەڕەوە، سەرمای بەدکردار ئەبێ چەقیبێتە ناو ئێسقانت!

نادعەلی بە بێ وەڵامدانەوەی ئەسڵان، پۆستاڵەکانی داکەند، خزایە ژێر قورسیەکە، پشتیدا بە جێوبانەکەوە و لێفەکەی تا سەر لووتی هێنا. ئەسڵان، سینیەکەی تا سەر قورسیەکە خزاند، لامپاکەی لە سەرتاقەکە داگرت و وتی:

ــ نەکا نەخۆش کەوتبێتی؟! ها؟ نەخۆشی؟

نادعەلی حەوت بەندی لەشی تەکانی خوارد، تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەنگی لە ڕوو پەڕی و ددانەکانی وەکوو تەرزە لە سەر بەرد دەنگیان لێوە هات، تێکشکاو و بە ئاستەم توانی بڵێ:

ــ پێم وابێ!

ــ چیت بۆ بکەم؟

ــ بەس قورسیەکە پڕ بکە لە ئاگر. پێنج شەو و پێنج ڕۆژە بە ژێر ئاسماندا ڕێ ئەکەم. ئێسقانەکانم شێیان کێشاوە. ڕچاون. پاشانیش بڵێ قاپێک ئاشم بۆ ساز بکەن. ئەبێ شتێکی گەرم بخۆم. مەگەر شەلەم و دۆینەیەکی گەرم دڵم گەرم بکاتەوە.

ــ زۆر چاکە. هەرئێستە ئەچم دایکم هەڵئەسێنم.

ــ نا نا. ئێستە نا. بەیانی. بەیانی.

ئەسڵان لە دەرگاکە چووە دەرەوە و پێش ئەوەی خەو نادعەلی بباتەوە، بە مەقەڵیەک پشکۆی گەشاوەوە هاتەوە ژوورەوە و بن قورسیەکەی تاو دا. تۆزێکی‌تر سەماوەرەکەشەی هێنا. قۆری و قەندانی پڕ. ئەسڵان بەو خەیاڵەی کە نادعەلی، لە بەر گوڵی ڕووی ئەو بۆ سفرەی شیرینی خواردن هاتووە بۆ قەڵاچیمەن تا ئەیتوانی خزمەتی پوورزای ئەکرد. پێی وابوو نادعەلیش یەکێکە لەوانەی کەئەبێ بۆ داواکاریی بچن بۆ قەڵاتی خوێناڵ، بۆ ماڵی عەلی‌ئەکبەری حاجی پەسەند.

ـ ئەی خاڵۆم لە کوێیە؟

ئەسڵان وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر لە لای شارەوە هاتبای، لە ناوڕێ پێی ئەگەشتی. چووە بۆ شار، بڕیاری کوێخایەتی وەربگرێ. پاشانیش هەندێ شتومەک بۆ دووکان پێویست بوو. یەک دوو بار قۆزاخەش بۆ پەزەکان. تۆ لە کام ڕێوە هاتی؟

ـ لەولاوە هاتم. بە قەراخ شاردا.

نوورجیهان، دایکی شەیدا، ئەوەی کە ئەسڵان پێی ئەوت «دادە»، ئارام و کشاو، وەک تارماییەکی ستەمدیدە هاتە ژوورەوە، هاتە لای قورسیەکەوە و دانیشت. بە دەنگێکی نەرم و نەخۆشانە چاک و خۆشی لەگەڵ خوشکەزای مێردەکەی کرد و پاشان خامۆش بوو. وەک چرایەک کە ئەکوژێتەوە، دامرکایەوە و ئەوەندی کە لەوێ بوو، وەکوو ئەوەبوو کە نەبوو. ئەسڵان بۆ دایکی شەیدا چای تێکرد، بۆ نادعەلیش پیاڵەکەی پڕ کرد و وتی:

ـ بیخۆرەوە! تا گەرمە هەڵیقوڕێنە! با دەمارەکانت ئارام بکات.

نادعەلی پشتی لە پشتیەکە کردەوە، پیاڵە چاکەی خواردەوە و هەواڵی شەیدای پرسی. ئەسڵان سەیرێکی دایکی شەیدا، لێوە ناسکەکانی بە نەرمی هەڵپچڕی و وتی:

ـ فێر بووە هەموو شەوێک تا نیوەشەو ئەچێ بۆ کۆڵانگەردی.

ـ كۆڵانگەردی؟

ئەسڵان وتی:

ـ هیچکەس سەر لە کاری دەرناهێنێ. وەکوو بایەقووش وایە. شەوێک ئەگەر نەچێتە دەرەوە و نەگەڕێ، خەوی لێ ناکەوێ.

نادعەلی ویستی شتێک بڵێ. ڕەنگە بڵێ جەوانە و عاشق بووە؛ بەڵام بە باشی زانی باسی عەشق نەکات. شاراوە، چاکتر.

ئەسڵان وتی:

ـ داستانێکی هەیە بۆ خۆی. چەندە باوکیشم پێی ئەڵێ ناچێ بە گوێیدا. باوکم ئەخەوێنێ و لە دیوارەوە خۆی هەڵئەدا. بیخەیتە ناو شووشەیشەوە، لا ئەکەیتەوە تیایە نەماوە. چەندە پێی ئەڵێم برام لە بیری کار و ژیانتدا بە؛ ئەم جۆرە شەوگەردییە نەک هەر کیسەی مرۆڤ پڕ ناکا، بەڵکوو بەتاڵتریشی ئەکات. ناچێ بە گوێیدا. پێی ئەڵێم ئەکەویتە هەزار چاڵەوە، فێری سیگاریش ئەبی، فێری شیرە ئەبی، فێری ئارەق ئەبێ، لێم وەرناگرێ. یان بە دوای ئەم دوو سێ وشترەوە لە بیاباندا ئەگەڕێ یان لە ناو کۆڵانەکاندا ئەخولێتەوە و سەر بە هەموو کونێکدا ئەکات. قومارخانە، شیرەکێشخانە، چووزانم ئیتر؟! دادەم ئەوەندەی پێوتوە زمانی مووی دەرهێنا وە. قسە وەرناگرێ! لەم گوێیەوە ئەیکا بە ژوورا و لەوی ترەوە ئەیکاتە دەرەوە.

دایکی شەیدا هەڵسا. ڕوخسارە پەرتووکاوەکەی هیچی نەئەنواندەوە، بەڵام دڵگیریی و ناڕەزایی لە نیگایدا فڕەفڕی بوو. دڵگیری لە کوڕ و دڵگیری لەو شتانەی دەربارەی ئەو ئەوترا. پاشان، ئارام وەک دەرگایەک لە سەر گرێجەنە ئەسوڕێ، سوورایەوە و کەوتە ڕێ.

ـ ئەچم بۆ بەیانی حەلیمتان بۆ بخەمە سەر.

دادە، دەرگاکەی لە پاش خۆی داخست. ئەسڵان ڕووی کردە نادعەلی و وتی:

ـ هەر ئەوەندەی باسی کوڕەکەی بکەیت، بوغز ئەکات. زۆر

کوڕ خۆشەویستە. پێی وایە ئاسمان کوون بووە و ئەو کوڕەی ئەو بە تەنها کەوتۆتە خوارەوە. هەمیشە ترس و خۆفی ئەوەیەتی نەکا قسەی کەسێک بدا لە گوڵی گیوەکەی شەیدا، یان تەوسێکی بەر بکەوێ. هەرچەند شەیدا، «ئازیز و تاقانە» بار نەهاتووە، بەڵام دادەم زۆر حەزی ئەکرد وەکوو گوڵ پەروەردەی بکات. زۆر نازی ئەکێشا. ئێستەش ئەیکێشێ. بەڵام ئەم نازکێشانە لای باوکم کە لە دێو ئەچێ، ناخوا. ئەو تەنوورە ئەکێشێ و چی گوڵ و خونچە لە سەر ڕێی بێ لەگەڵ خۆی ئەیبات. بابقولی بوندار حەزی لە مرۆڤی دەست و پێ سپیلکە نییە. پیاوی ئەوێ زیرەک و کارا بار بێ. شمرە. سەیر ئەکەی چی بە سەر ئەو ژنە هێناوە؟ بەم ژنە، بە ژنی خۆی مز ئەدات و ناچاری کردووە لە کازیوەی بەیانیەوە تا تەنگەی ئێوارە لە پشت تەون دانیشێ و گرێ هەڵپێکێ! چاوەکانی کز بووە. ئەگەر نەهاتبایەتە نزیکەوە، تۆی نەئەناسیەوە. بەس لە نزیکەوە ئەبینێ. لە دوورەوە هەر هیچ. ئەوەندەی لە بیرمە، لەگەڵ دایکی منیش وابوو. لەمەش خراپتر. ئەو کاتانە کە تەون و کارگە نەبوو، باوکم گرتبوویە ئەستۆ نانی ماڵی ئالاجاتی لێرە دروست بکەن و بۆیان ببات بۆ شار. سفرەی ئەو جۆرە خەڵکانەش خۆ بچووک نییە. من هەمیشە ئەچووم بۆ دار و دایکیشم لە سەرتەنوور بوو. سێ ڕۆژ جارێک نانەکانم ئەدا بە کۆڵی هێسردا، ئەمبرد بۆ ماڵی ئالاجاقی، دام ئەنا و ئەگەڕامەوە. تا دایکم مرد کاری ئێمە ئەمە بوو. دایکم پێش ئەوەی بمرێ، کوێربوو. هاڵاوی تەنوور کوێری کرد. پاشانیش مرد. ئەو کاتانە شەیدا دە دوانزە ساڵ زیاتر نەبوو. کارە قورسەکان هەمیشە لە ئەستۆی من بوو. ئێستەش هەر وایە. هەرچەند باوکم نەیویستووە شەیدا نازدار پەروەردە ببێ، بەڵام هەمیشە لە لای باوکم ئازیزتر بووە. ئێستەش هەر وایە. وشترەکانت بینی؟ باوکم لە بەر دڵی ئەو کڕیویەتی!

نادعەلی پرسی:

ـ ئێستە چی ئەکەی؟

ـ کاری دووکان و کارگەی تەونەکە من ئەیگێڕم. واتە هەموو شتێک لە ئەستۆی منە. لە مزی شاگردەکانەوە تا کڕینی بەن و هەوریشم و ڕەنگ و کەرەسەیتر. کڕین و فرۆش و قەرز و ئەم شتانەش، هەمووی من ئەیکەم. تەنها لە مامەڵەی گەورەدا باوکم بە شداری ئەکات. شەیدا بەس وشترەکان ئەلەوەڕێنێ و خەیاڵی وایە پەروایان بکات. وردە وردە ئیتر ئەبێ هەر لێرە خواردنیان بداتێ. کاری مەڕەکانیش کەم تا زۆر لە ئەستۆی شەیدایە. وەرزی کشتوکاڵیش ئەوە ئیتر هەمووان پێکەوە ئەچین بۆ دەشت.

دایان لە دەرگا.

نادعەلی وتی:

ـ ڕەنگە شەیدا بێت.

ـ نەء. ئەو نادا لە دەرگا. لە دیوارەوە خۆی هەڵئەدا. یاخود بە پەنجە زنجیرەکە هەڵئەگرێ.

ئەسلان چووە دەرەوە و لە پلیکانەکان چووە خوارەوە و دالانی جێ هێشت و ئەلقەرێزەکەی هەڵگرت. قوربان بەلووچ لە پشت دەرگاکە وەستابوو. چوار شانە، بە سەرێکی زل و چاوی پڕ سپێنە و ڕوومەتی ڕەشتاڵە، چۆخە شرێکی دا بوو بە شانیدا و کلاوێکی خوری وشتر ڕەنگی تا سەر گوێی داکێشابوو. ئەسلان سەیری هەردوو لای کۆلانەکەی کرد و بە ئەسپایی لێی پرسی:

ـ ئا؟ هەواڵ چییە؟

قوربان بەلووچ وتی:

ـ سەیزوو شەو، بازخانی ئەفغان ئەگات. بە بوندار بێژە شوێنی ژوان ئەستێڵی خولامۆیە. نزیک حەوت دز. پێی بڵێ زۆر نامێنێتەوە! بە سەرپێوە کالاکە ئەدا و ئەڕوا. پەیامەکەی ئەمشەو هات.

ئەسلان پرسی:

ـ توربەکێشی بازخان ئێستە لە کوێیە؟
ـ چووە بەرەو کەویر. خواحافیز.
ـ سەیزوشەو چ کات؟
ـ ڕاست ئەو کاتەی شەو ئەبێ بە دوو نیوە. خوات لەگەڵ.
ـ خوات لەگەڵ بێ.

قوربان بەلووچ ڕۆیشت. ئەسڵان ئەڵقەرێزەکەی هەڵپێکایەوە و گەڕایەوە.

دایکی شەیدا، سەری هێنایە دەرێ و پرسیاری کرد:
ـ شەیدا بوو؟
ـ نەخێر دادە! شەیدا نەبوو.

ئەسڵان چووە ناو داڵان و بای دایەوە بە پلیکانەکاندا. نادعەلی خەوی لێکەوتبوو. ویستی هەڵی سێنێ، تا پاروویەک نان بخوات و پاشان بخەوێ؛ بەڵام دڵی نەهات. ماندووە، با بخەوێ. گەرمای قورسیەکە لەشی گەرم داهێنابوو. سەماوەرەکەی لە سەر قورسیەکە هەڵگرت و بردییە دەرەوە. پیاڵە و قەندانی کۆکردەوە، لامپاکەی نایە ناو تاقەکە و کزی کرد. جێی نیگەرانی نەبوو. نەرم و بە سەری پەنجە چووە دەرەوە. لای دەرگاکەی بە کراوەیی بەجێ هێشت. ترسی گازی خەڵووز. جارێکیتریش سەیری گوڵبێنەی سەماوەرەکەی کرد، پۆڵووەکان کوژابوونەوە. چووە خوارەوە و لە دەربیجەکەوە چووە ناو دووکان. چراپڵیتەکە ئەگڕا. خزا بن لێفەکەی و بۆ ماوەیەک بە خەیاڵی خۆشی حەسابەکانی و "خەجۆ" وە ڕایبوارد. بەڵام هێشتا جێی گەرم نەکردبوو، پڵتۆکێک درا لە دەرگای دووکان.

ـ کێیە، ها؟
ـ ئەسڵان خان، ئەسڵان خان!

دەنگی ماهدەروێش بوو. خەفە و خنکاو. ئەسڵان پرسی:
ـ ئا، چی بووە؟
ـ بیکەرەوە کارم پێتە.

ئەسڵان هەڵسا و کێلۆنی دەرگاکەی هەڵگرت، قفڵەکەی هەڵگرت و سووچێکی دەرگاکەی کردەوە. ڕوخساری کشاوی ماهدەروێش هاتە پێشەوە. ماندوو و بێتاقەت، ئەسڵان پرسی:

ــ بڵێ بزانم، چی ڕووی داوە؟

ماهدەروێش سەیری دەوروبەری خۆی کرد و بە ئارامی وتی:

ــ توربەکێشی بازخانی ئەفغانم لە شیرەکێشخانە بینی. لەگەڵ قوربان بەلووچ چپەچپی‌کرد و ڕۆیشت. پێموابێ لە کەویرەوە ڕۆیشت بەرەو سودخور و ئەو ناوانە. بەلخیش لەوێ بوو. گوێی هەڵخستبوو و بزەی ئەهاتێ. وابزانم لە سەروبنی کارەکە تێگەیشتووە!

ئەسڵان دەرگاکەی بە ڕووی ماهدەروێشدا داخست و وتی:

ــ ئاگادارم، بڕۆ خەمت نەبێ.

لەپشت دەرگاکەوە، ماهدەروێش پرسی:

ــ بوندار هێشتا لە شار نەگەڕاوەتەوە؟

ــ نا، جارێ.

وەڵامی ئەسڵان، وشک و ڕەق بوو. ڕەنگە هەندێکیش بێ ڕێزانە. بەڵام وا پێ ئەچوو ماهدەروێش بە هەقی خۆی نەئەزانی لە هیچ شت و هیچ کەس و هیچ سووکایەتیەک دڵگیر بێ. ڕووی لە دەرگا داخراوەکەی دووکانەکە وەرگێڕا، ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت. ئاوی زەڵاڵی جۆگەکە لە تەنیشتیەوە ڕەوان بوو. هەمیشە ڕەوان. ئەڕۆیشت تا بڕژێتە ناو دەشتەکان. ئارەزووی ئاو. ماهدەروێش سەر داشۆڕاو و ئارام، بەرەو ماڵەوە چوو. ئاو ئەڕۆیشت تا دەرباز بێ و ئەو ئەڕۆیشت تا گرفتار. گرفتارتر. بریندار نەبوو. هیچ کوێی نەئەسوتا. ڕقی لە هیچ نەبوو. تووڕە نەبوو. بەس ڕەشایی! دڵی ڕەش بوو. تەنها پاشماوەی مرۆڤایەتی، لە ناخیدا. دڵی لە پەڕۆیەکی نیوە سووتاوەوە ئاڵاندبوو. گوشار بۆ سەر دڵی نەئەهات. خۆزگە گڕی ئەگرت. شپرزە نەبوو. بەڵام داگیرابوو. خەفە بوو. حەپس بوو. ژاکاو و تاریک بوو. بۆچی بەو

جۆرە لەگەڵی ئەجووڵێنەوە؟ لە کوێوە بزانێ؟ سەرەڕای ئەمەش لە بەر چی؟ مەگەر ئەسڵان نەی ئەتوانی بە زمانی خۆش قسەی لەگەڵ بکات؟ بە زمانی خۆشیش نا، لانیکەم بە زمانی مرۆڤی ئاسایی! خۆ بۆ چاکە و بەرژەوەندی ئەوان بوو، کە بەو نیوەشەوە ماهدەروێش تەقەی لە دەرگای ماڵی بوندار هەڵسانددبوو. خۆ لە بەر خۆی نەبوو! نەی ئەتوانی بە نەرمی وەڵامی بداتەوە؟

«بێ پیر خۆ بۆ گەدایی نەهاتووم!»

ـ شەوگەردی ئەکەی ماهدەروێش؟!

قوربان بەلووچ لە بەرامبەریدا وەستابوو. ماهدەروێش وتی:

ـ لە ماڵی ئاغاوە دێمەوە.

ـ لە شار گەڕاوەتەوە؟

ـ نەء. نە جارێ.

تێپەڕی. قوربان بەلووچیش ڕەنگە بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت. ماهدەروێش نەیزانی. خۆی تێ هەڵنەقورتاند. بەڕێی خۆی و بە خەیاڵی خۆیدا. لە پشت دەرگای ماڵەوە وەستاو دای لە دەرگا. دوو ڕەشایی، دوو پیاو لە بنی کۆڵانەکەوە ئەهاتن و بۆ کوێ ئەچوون؟ ئەم دوو شەوگەردە بە ئەمەگەی کۆڵانەکانی قەڵاچیمەن، ڕەنگە لە دەوروبەری ماڵی لالاوە ئەهاتن یان بۆ لای ماڵی لالا ئەچوون.

شێرۆ دەرگای لە ماهدەروێش کردەوە:

ـ بۆ لە شوێنی خۆتدا وشک بوویت؟!

ماهدەروێش چووە ژوورەوە، فانۆسەکە، بە بزماری دیوارەکەوە نەرمە نەرمە ئەسووتا. ماهدەروێش پێڵاوەکانی داکەند و چووە بن قورسیەکە. شێرۆ دەرگاکەی داخست. ماهدەروێش وتی:

ـ ئەگەر ئەتوانی قۆرییەک ئاو بخەرە سەر ئاگرەکە. ئەمەوێ پیاڵەیەک چا بخۆمەوە. دەمم وشکە.

ـ نیوەشەوە، ناخەوی؟

ـ نەء. خەوم نایەت!

ـ تا ئێستە لە کوێ بووی؟

ـ کارێکم هەبوو. ئەبوایە سێبەری یەکێک بلەوەڕێنم و پەیامەکەی ببەم بۆ بوندار. کترییەکە بخەرە سەر!

شێرۆ، کوانووی سووچی ژوورەکەی داگیرساند و کترییەکەی خستە سەر و هەر لەوێ لای دیوارەکەوە چیچکانی کرد. دەست لە سەر ئەژنۆ و چەنەی لە سەر دەستی دانا و لە گرەکە، لەو گڕەی لە دڵی دووکەڵەکەدا ئەسووتا مۆڕ بوویەوە. نیگای ماهدەرویش -نازانم بۆ چی بە پەژارەی نائومێدییەوە- لە سەر ڕوخساری شیرو چەقی. پەژارەی گوڵێک کە بە دەم باوە هەڵئەپرووزێ؟ گیانێک کە تاڵان ئەکرێ؟ ژنێکی تێکقرماو؟ نازانم. نازانم! بەڵام مرۆڤ، درێخ و ئازار هەست پێ ئەکات، پێش ئەوەی بگات؛ چ بگا بەوەی ڕەنج و درێخ لە ناو ماڵەکەیدا جێی خۆش کردبێ. ماڵە بچووکەکەی ماهدەرویش. ژیانی بچووکی جووتێک غەوارە. جووتێک کۆتر.

لە چاوی ماهدەرویش، ئەم ژنە هەمان شێرۆ نەبوو. بوو؟ ئەو شیرۆیەی غەم بە ڕوخساریدا هەڵئەزا، کەچی ئەخزا و نەی ئەتوانی بارگەی لێبخات؟ کە ماتی و غەمگینی پێ سووکایەتی بوو؟ ئەو خەنجەرە ڕووتە؟ ئەم ژنە، ئاخۆ هەمان شێرۆ بوو؟ ئەوە ئەو بوو بەو جۆرە ورد و خاش ببوو؟

چ زوو! چەند زوو شێرۆ! چی لێهات جەربەزەی عەشقت؟! سەر پەنجەکانت تۆخیان چووە و چاوەکانت ڕاهاتوون تەنها سەیری یەک شوێن بکەن. بەنی پۆ. دەستەکانت و چەقۆ و شانەی قاڵی چنین. لە بیرت بردۆتەوە، لە بیرت چۆتەوە عەشق! بەژنت کشاوتر و باریکتر بووە. لێوەکانت تەڕی و تازەییان نەماوە. سووری گۆنات شێرۆ! گۆناکانت لە ژێر پێستەوە دەرپەڕیون و ئارامیەکی پڕ لە ئازار لە ڕەفتار و لە کردارتدا سەری هەڵداوە. ئارام ئەڕۆی. بە ئارامی دائەنیشی. بە ئارامی قسە ئەکەیت و ئەم ئارامیەت لە غەمێکی خامۆشدا حەشار دراوە. نایڵێی شێرۆ، بە زمان نایڵێی. خۆت وات ویستووە شێرۆ؛ بیر و مێشکت ئەخوێنمەوە. من

ئەزانم. تۆ بەم جۆرەت نەویستبوو. وای لێهاتووە و تۆ ئیتر ئەو شێرۆیە نیت. ژنێکی سووککراو، چرووککراو.

ئاسکی مەستی پێدەشتی مارۆس نیت ئیتر. بزنێکی شاخ شکاوی نەلەوەڕاوی پێ بەستراوی. قاچ شکاوی. وا لە ئەشکەوتێکی بێ هەتاودا ژیان ئەبەیتە سەر، یارەکەی من. سکاڵا ناکەی. لێو نابزێوی و برۆ گرژ ناکەی. گەشی و تەرچکی شێرۆم چی لێهات، شێرۆی ڕەبەنم؟

شێرۆ هەڵسا و کتری چاکەی هێنا بۆ نزیک قورسیەکە. چای بۆ شووەکەی تێکرد و نایە بەردەستی. ماهدەروێش کلۆ نەباتەکەی لە چاکە وەردا، خستیە سەر زمانی و مژی. پێڵوەکانی نایە سەر یەک و هەر دوو گووپی قوپا.

«پێشتر ڕوومەتی ماهدەروێش ئەوەندە لەڕ و لاواز نەبوو.»

پیاوەکەی شێرۆ چاکەی خواردەوە، پشتیدا بە دیوارەکەوە و پێلووەکانی تەمەڵ و قوورس کەوتنە سەر یەک. ماندوو و نەشە بوو. سست و بێخود بوو. تەنی مۆم. چ بێزارییەکی قووڵ و بێبن. داماو، بێواز، داگیراو و پووچ.

«چیت لێبە سەر هاتووە ماهدەروێش.»

ــ چاکەت ناخۆی؟

ماهدەروێش پێڵوەکانی هەڵێنا و سەروشانی چەماندەوە، ئانیشکی لە سەر ئەژنۆ دانا و سەری داخست. بە جۆرێک کە ناوچەوانی لکا بە لێواری قورسیەکەوە:

ــ کەی بە خەیاڵیشمدا ئەهات، کەی؟! سەیرکە! سەیرکە!

شێرۆ خامۆش بوو، نەی ئەویست هیچ بڵێت. گرێی دڵی لەوە ئاڵۆسکاوتر بوو کە بە قسە و دەردەدڵ بکرێتەوە. خۆی باش ئەیزانی بە چ قولاپێکەوە بووە. نەدڵی لێریە و نە ڕووی ماڵە باوانی هەیە. هەر کات بیری لەوە ئەکردەوە چاو ببڕێتە ناو چاوی برا، تووکی لەشی ڕاست ئەبوویەوە. شەرمێکی قووڵ، لەگەڵ خۆفێکی نهێنی، گیانی دائەڕزان. باری تاوانێکی قورس، ئەتوت

به کۆڵیەوەیەتی. بیری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بنەماڵەش ئازاری ئەدا. نە لە لای بڵقیس ڕووی هەبوو، نە لە لای برا و نە لە لای باوک. خان‌ئاپۆ هەر باسی مەکە. ئەو و بەگمحەمەد بە خوێنی تینوو بوون. وشکە ساڵی و گرفتاریی نەخۆشینی مەڕوماڵ ئەگەر بە خۆوە خەریکی نەکردبان، شێرۆیان تیابردبوو، وەکوو دووگورگ هەڵیانئەدڕی.

ئێرەش لەوێ باشتر نەبوو. هەرچەند بە چنگ و ددان هەڵنەئەدڕا، بەڵام بە دەم و کات خەریک بوو لە پێ ئەکەوت. کارەکەربوون بۆی دژوار بوو. کەنیز، وەکوو کەنیز سەیریان ئەکرد. لە یەکەم تیرێژی خۆرەوە تا بانگی شێوان لە ژێرخانەکەی ماڵی بابقولی بوندار، لە پشت داری تەون‌دا دانیشتبوو و پەنجەی لە بەن هەڵئەپێکا و سۆمای چاوی ئەساوییەوە. دڵگیراو و زیز. ناچار. ناچاری کار. سینەی فراوانی مێرگ و پێدەشت. بڵیندایی کوێستانەکان و نەوای خامۆش، دۆڵە قووڵەکان. کوانێ زەنگی بەرانی پێشەنگ؟ ڕان و سروەی شێداری دەشتی نەیشاپوور چی لێهات؟ تاقی ئاسمانی پڕ لە هەوری هەورێشم و تاقی تاغی کێ لێی دزی؟ ناڵەی ئاسمانی چین چین و هەرای بە ئاهەنگی پیاوان، لە کام قەبردا نێژرا؟ ژیان چۆن وەها دەست بەستراو و نامراد بوو؟ پاڵەوانی چۆن بوو بە خاک؟ خۆڵەمێشی پزیسکەی جەوانی؛ مەرگی نیوەچڵ چەند زوو هاتی! خۆ بدا بە دەستەوە ئایە؟ بەم ژیانە؟ بەوەی بە سەر من و بە سەر ئێمەدا سەپێنراوە؟ ئەبێ خۆی گرمۆڵە بکات و ڕێ بە خەمۆکی بدا و خۆی لە بن بار و ورووژمی هەموو کەس و ناکەسێک ڕابگرێ؟ باوەڕ بکەین گیرۆدە بووین؟ ڕاستی وایە؟

شێرۆ، درێژەی خەیاڵی با بردووی لەگەڵ شووەکەی بەشکرد:

ــ بەر لەتۆ شەیدا هاتبوو بۆ ئێرە. قەدیریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ماهەدەروێش ناوچەوانی لە لێواری قورسیەکە بەرز کردەوە و

سەیری چاوەکانی ژنەی کرد:

ــ وتت کێ؟!

ــ شەیدا و قەدیر.

ــ کاریان چی بوو؟

ــ نازانم، دایان لە دەرگا، دەرگاکەم کردەوە بزانم کێیە. ئەوان لە پشت دەرگاکەدا بوون، شەیدا وتی کاری هەیە و هاتە ژوورەوە. قەدیریش بە دوایدا هات و دەرگاکەی بەست. چیم بوتایەت؟ کوڕی بابقولی بوندارە! هەم خاوەن کاری منە و هەم ئاغە و ئەربابی تۆیە!

ــ ئۆقرە لە بەر بڕاو و بیر ئاڵۆسکاو، ماهدەروێش پرسی:

ــ باشە، کاریان چی بوو؟

ــ هیچ. دانیشتن. شەیدا وتی چایان بۆ دروست بکەم. منیش بۆم درووست کردن و بۆم دانان. چاکەیان خواردەوە، تۆزی سەریان نایە سەر یەک و هەڵسان ڕۆیشتن.

ــ چییان ئەوت؟

ــ هیچ، گاڵتەیان بە یەک ئەکرد، قەشمەرییان ئەکرد، پێئەکەنین...

ــ پاشانیش؟ پاشانیش چی؟

ــ پاشانیش ڕۆیشتن.

ــ لەگەڵ تۆ... خۆ هیچیان نەوت؟

ــ با... ئەوان وتیان، بەڵام من هیچم نەوت.

ــ چیان ئەوت؟

شێرۆ ئارام بوو. دڵی ماهدەروێش تەپەی ئەهات. هەناسەی سوار ببوو. نەی ئەتوانی قسە بکات. دەسبەجێ لاڵ ببوو. شێرۆ وتی:

ــ مەهێڵە تەنها بم ماهدەروێش! شەوانە زووتر وەرەوە. تۆ ئەبێ بە سەر سەرمەوە بی. ئێمە لێرە غەوارەین ماهدەروێش. ژنەکەت گەنجە.

ناڵەیەکی کورت -بڵێی و نەڵێی- لە ناخی دڵی ماهدەروێشەوە هاتە دەر. خامۆش و لە ناو خۆیدا، پاڵیدا بە دیوارەکەوە. شێرۆ بینی پەڕەی لووتی شووەکەی ئەلەرزێت و قەراخ لێوی گنج بووە. هاواری بن پێست. شێرۆ ئیتر هیچی نەوت. چی مابوو بیڵێ؟ نەگوتراو مابوو؟ چووزانم. شێرۆ سەری داخست و ئارام بوو. دڵی ئارام نەبوو. زرمەی ئەهات.

«باشە بۆچی مزەکەم لە لای خۆی ڕائەگرێ، بوندار؟... دڵم بۆچی ئەخێورێتەوە؟»

نە وەڵامی بۆ خێورانەوەی دڵی هەبوو و نە وەڵامی بۆ ڕاگرتنی هەقدەستەکەی. پلیتەی فانۆسەکەی داکیشا، هیور بوویەوە و سەری نایە سەر سەرین. بەو هیوایەی خەو بیباتەوە! بەڵام نەء. کەللەی وشک ببوو. پیرێژن، پیرێژنی خەیاڵاوی. کیژۆڵە، کیژۆڵەی غەمخۆر.

«ئەی ماهدەروێش بۆچی کەواکەی داناکەنی؟ بۆچی بە ئاسوودەیی ڕاناکشێ؟ مەگەر نایەوێ بخەوێ؟ ها؟ هەڵسا! بۆچی هەڵسا؟ بۆ کوێ ئەچێ بەم نیوەشەوە؟»

ـ ئا؟ بۆ کوێ؟

ـ ئەمەوێ دوو ڕکات نوێژ بخوێنم.

بەرماڵەکەی داخست و دەستی کرد بە نوێژکردن. دوو ڕکاتی خوێند. قۆپچەکانی کەواکەی داخست. پێڵاوەکانی لەپێ کرد، پشتوێنەکەی بەست، تەبەرزینی لە دیوارەکە کردەوە و کەشکۆڵی هەڵگرت.

ـ بۆ کوێ ئەچی ماهدەروێش، نیوەشەوە؟!

ـ بۆ دوور ناچم! ئەچم بۆ قەراخ ئاوەکە. مەدحێک ئەخوێنم و هەناسەیەک تازەئەکەمەوە!

ماهدەروێش، دەرگای لە ژنە داخست و لە ماڵ دەرکەوت.

شەو لە خامۆشیەکی قووڵدا لە هۆش چووبوو. بای نەئەهات. هەوا خۆبەخۆ ڕچابوو. وەستاو و سەهۆڵ. وەک پەیکەرێکی

بەردینە. ئاسمان کرابوویەوە و ئاوی جۆگەکە مووزیکی ئەژەند. مانگ نەبوو. شەوەزەنگ. کۆڵان و دیوار، کەلاوە. داری ناوبەناو، زەوی و پرد و مزگەوت و گەرماو هەرهەموویان وەک شەو ڕەش بوون. نووزە لە هیچ ڕۆژنەیەکەوە نەئەهات. خەو. خەو. خەڵکی لە خەوی هەشتەمدا بوون. نە ناڵەیەک، نە نەوایەک، نەشیوەنێک نە هەرایەک. هیچ نەبوو و ئەتوت تەنها زیندوی قەڵاچیمەن، ماهدەروێشە. ئەو بە تەنها!

دانیشت لە سەر سەکۆیەک و تەبەرزینەکەی نایە سەر ئەژنۆ و دەسکە ئاسنە ڕچاوەکەی لە ناو دەستدا گووشا. هەستی هەبوون. ماهدەروێش ئەیویست لە خۆی بگەیەنێ هێشتا نەمردووە. نەژاکاوە. باوەڕ بەوەی پارە شتێک، پارە گیانیک هێشتا ماوە. بە خۆی بسەلمێنێ ژیان هێشتا لە ناو پەنجەکانی ڕای نەکردووە. گیان هێشتا لە ئێسکەکانی نەفڕیوە. ئەم پەنجانە هێشتاش ئەتوانن -ئەیانتوانی- دەسکی تەبەرزین لە ناو مشتیدا بگووشێ، ساردییەکەی هەست پێ بکا و بە گەرمایی دەستەکانی گەرمی بکاتەوە. دەستەی دەسکی تەبەرزینەکەی گرت بە دەستیەوە و هەڵسا، تێغی تەبەرزینەکەی لە عەرز ڕاکرد و بە ڕاوەشاندنێکی پسپۆڕانە، نای بە سەر شانیەوە و ئارام ئارام، وەک بڵێی ناڕوات، بەقەراخ جۆگەکەدا بەرەو ژوور بوویەوە. سەرداخستوو، پشت چەماوە و بیر ئاڵۆسکاو. کلاوێکی گومەزی لە سەر و قەفی پرچی لە ژێر کلاوەکەیەوە ڕژابوویە دەرەوە، بە سەر شان و بە سەر ڕەدای سپی و لەباریدا. پشتوێنی سپی لە پشتدا بوو، کەشکۆڵەکەی بە دەستیەوە. نەرمەناسە. زەمزەمە و نەوا. زەمزەمە. جۆشێنی دەروون. دڵ کەوتبوویە جۆش و خورۆش. نەم نەمی لێدان. لێدانی سینە. لێدان لە سەر. لێدانی هەنگاو. لێدان لە هەموو لەش و گیاندا. یادی خۆی و ڕاسانەوەی یادی خۆی. دەنگ. دەنگە دەنگی خۆی ئەبیسی ماهدەروێش. شیعر. یاد دێتەوە یاد. شیعر لەخەو ڕائەچەنێ. ئاوازی دەنگ سەرەتای

کێشـەر. کۆڵان خامۆشـە: ئەوەی بە بیری‌دا دێت. دەروێش جگـە لە گوتەی دڵ، چی لـە دڵدایە؟

ئەگەر دڵت لەلام نەبێ، دانیشتنت سوودی نییە.
هەرچەند لەلام دائەنیشی، چونکە وەهای نرخی نییە
ئەگەر زمانت بەستبێ، دڵ ئەقرچی وەکوو کەباب
لە ناو گۆلاو ڕابوەستێ، بینینی ئاو کەڵکی نییە.
ئەگەر لەتەن گیان نەبێ، ڕوخسارەکەی ڕەنگی نییە
ئەگەر نەبێ نان و خوان، خوانچە و سینی سوودی نییە
ئەگەر زەوی تا ئاسمان، سیسەمبەر و بەرامە بێ
ئەگەر مرۆڤ ڕێبین نەبێ، بێن ناکات و سوودی نییە
هەتا لە ئاگر ڕائەکەی، ترشاو وخاوی وەک هەویر
ئەگەر هەزار یار و دڵبەر، هەڵبژێری سوودی نییە.

ـ ها، ماهدەروێش، بێخەوی داویە لە سەرت؟

دیسانەوەش قوربان بەلووچ. ماهدەروێش سەری هەڵێنا و ڕوانییە سینەی پان و سمێڵە ڕەشەکانی. قوربان بەلووچ پێ‌ئەکەنی. نیشانەی بینینی دێوانە. ماهدەروێش قسەی بۆ ئەو نەبوو، تێپەڕی. قوربان بەلووچ بە کەمەنکێشی وشە ڕایگرت:

ـ بووی بە شەوگەرد ماهدەروێش. شەوگەڕیی ئەکەی؟! تۆ خۆ بنەماڵە و جووتت هەیە!

ـ لە دۆست ئەگەڕێم، بەلووچ !

ـ دۆست لە کوێیە؟

ـ لەسەر خاک بە دوای‌دا ئەگەڕێم.

ـ تاریکە شەوە ماهدەروێش. دوژمن لە دۆست چۆن جیا ئەکەیتەوە؟ کوانێ چراکەت؟

ـ چرای دڵت ڕۆشن بێ، بەلووچ. لەخەڵک، کێ بەئاگایە؟

ـ هەیە. کوڕی بوندار و کوڕی کەلایی خواداد. لە خۆم خراپتر، وەک سەگ وانە. تا ڕۆژ ئەبێتەوە پاس ئەدەن!

ـ تۆ بۆ ناخەوی غەوارە بەلووچ ؟!

ــ بێداریم پێخۆشترە. تۆ چیتە ئەمشەو، ماهدەروێش؟!

ــ هەق یاربێ بەلووچ ، ئەمشەو خۆم وەبیرهاتۆتەوە. بەرەڵلاکان لە کوێ بدۆزمەوە؟

ــ بۆ بەرەڵلا، کوێ لە گوڵبێنەی گەرماو گەرمترە؟

ــ بەیاریی هەق!

ــ برینداری دەروێش!

ــ بە لەش نا؛ بە گیان.

ــ پەرێشانی، ئەتەوێ یارمەتیت بدەم؟

ــ هەق یاری هەژارانە، بەلووچ. کاری خۆت بکە. ئەمشەو شەوی شەوقی منە. شەوی خۆش. هاتوومەتەوە بە خۆمدا بەلووچ. لە خۆم دوور ئەکەومەوە. دوور. دیدار بە بەیانی، غەوارە. غەریبانین من و تۆ. دورئەبینەوە لە یەک، بەلووچ!

ــ تۆ ناتوانی لەگەڵ هەموو کەس تێکەڵ ببی، دەروێش. خۆت لە بەرەڵلاکان بپارێزە!

ــ دوور ئەکەوینەوە لە یەک، بەلووچ !

ــ تۆ بەنگت لە کوێ دەست خستووە، دەروێش؟

ــ لە کابرای ئەفغان. لە توربەکێشی بازخان. هەق ئاگای لێمانە بەلووچ. دوورئەکەینەوە لەیەک. هوو! تۆ سونیت و من شێعەم. بەڵام لێرە، غەریبانین هەردووکمان. ئاینزامان غەریبیە. غەریبایەتی. لەم یەکەیان، هەردوو یەکین. کڕنۆش بردن و نۆکەریی. مەیموونین و کلکەلەقێ ئەکەین. مەیگرە خۆت، بەلووچ. هەرچی بێ من دەروێشم. من قەلەندەرم. قەلەندەرێک کە تەنها جارەجارە ئەتوانێ پێی لە بەندی خاک دەرباز بکات. دوور ئەکەوینەوە، بەلووچ. لێک دوور ئەکەوینەوە. ئەوبەری تۆ ئەمبەری من. دوور کەوتنەوەم ئەبینی؟ دوور ئەبمەوە. بووم بە دوومان، بووم بە دوومان، دوور کەوتمەوە، دوور کەوتمەوە، بووم بە دوومان.

دوومانم و دوورم من. دوورم و دوومانم من.

هوو! ون بووم، ون ئەبم. ون ئەبم، ون ئەبم.

ونبوون لە ونبووندا ئاینی منە. نەبوون لە بووندا دینی منە.

ئەمشەو لە شەو باکم نییە. شەوی ڕزگاریی. دوور کەوتنەوە لە خۆ، دابڕان.

پچڕان، فەوتان، ژیانەوە، پیر بوون، شەکەت بوون. ماندوو بوون، ماندوو و دەرباز بوون.

خرۆش! لە خرۆش دام ئەمشەو. گیانم لە بەرگم سەرڕێژ بووە. دڵم بە گوێیە. بە یادی دوتەکەم. ناڵەکانم، دەرد و ژانم بانگ هەڵئەدەم، لەپێش ئەوەی بە تەواوی تەفروتوونا ببم. گەرووم. ناڵەکانم لە گەرووما پەنگیان خواردۆتەوە.

بەلووچ ڕۆیشتبوو. دوور کەوتبۆوە و ڕۆیشتبوو. ماهدەرویشیش ڕەوان ببوو. سەرەڕای ئەمەش گوتارەکەی بەردەوام بوو و ئەیوتەوە. دێوانە ئاسا:

ئەگەر دڵت لەلام نەبێ، دانیشتنت سوودی نییە

هەرچەند لەلام دائەنیشی، چونکە وەهای نرخی نییە

ئەیوت و ئەڕۆیشت، ماهدەرویش. بە ڕاستایی و بەردەڵاندا، لوول و چەماوە. سەرخۆش و مەست. دەستێک بە دیوارەکەوە و دەستێک تەورزین. ژانێک لە سینە و بانگێک لە گەروو. گەردیلەیەکی ڕەها لە ناکوێئاوا، تۆپ، تۆپەڵە. بە لێژایی خەندەقەکەدا تل بوویەوە، هەڵسایەوە و دەرگا یەک تا و کورتەکەی گوڵخەنەکەی بە زیرەکیەکی خۆدەرخەرانە کردەوە و سەر و سینەی بردە ناو ژوورە تەنگەبەر و تاریک و دووکەڵاوی و قوڕم گرتووەکەی توونی گەرماوەکە.

بە سەر ڕەفەی دیوارەکەوە، چرا پڵیتەیەک ڕووناکیەکی ڕژد و خەفەی بە ناو توونەکەدا بڵاو ئەکردەوە. ئاگری کوورەی بن مەنجەڵی گەرماوەکە بەرەو کوژانەوە بوو. گوڵبینەوان لە سووچێکدا، خزابوویە بن تێریک و خەوتبوو. ئەو ئەبوایە پێش بانگی بەیانی گەرماو بکاتەوە. لە دوو بەری گوڵبێنەکەوە،

قەدیر و شەیدا دانیشتبوون و پیاڵەی مەی و سوراحیان، لە سەر تەلەبەردێک دانابوو. شەیدا پاڵی دابوویەوە و قەدیر گورگ ئاسا لە سەر پەنجەکانی دانیشتبوو. جگەرەیەک لە نێوان پەنجە ڕووتەکانی شەیدادا بوو. ددانە سپیەکانی قەدیر، وەکوو لەزگەیەک سەدەف ئەدرەوشایەوە. بە بینینی ماهدەروێش شەیدا سەری داخست، تاوی نیگای ئەوی نەبوو. جەوان هەم شەڕانی و هەم شەرمن. بەڵام قەدیر شارەزاتر و بێباکتر، چاودڕاوتر. چاوی بڕیبوویە ناوچاوی ماهدەروێش و سەیری ڕەفتاری ئەکرد:

ـ ئا سەید؟! بێخەوی داویەتی لە سەرت بەم نیوەشەوە؟ تۆ مەگەر کار و ژیانت نییە؟

قەدیر، گوێ و چاو بوو تا ماهدەروێش کورنشێک بکات و تێپەڕێ. بەڵام ئەمشەو، ماهدەروێش، نە ئەو سەیدەکەی هەمیشە بوو. بەڕاشکاوی پێی نایە ژوورەوە و بێباکانە لە بەر چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستا. وەستا و مایەوە. مایەوە و چاوە پڕ کێشەرەکانی بڕییە دوو گەنجەکە و بە دەنگێکی قورس وتی:

ـ بە پیاڵەیەک ئەم قەلەندەرە میوان ناکەن؟

قەدیر بە گاڵتە و بەڕاست وتی:

ـ پێ لە سەر چاومان دانێ، دەروێش! بەزمی دەروێشیە. بەزمی خۆتە. دانیشە و بەخێر هاتی. ئەوە تۆ و ئەمەش سوراحی ئارەقی ماڵی. دەرەگەزییە. یاهوو! پێم وانەبوو حەزت لێ بێ؟ ئێستە کەوا لە خۆمانی فەرموو ئەو سوراحیە بکەرە ملت! هەق!

ماهدەروێش، لەتی دەرگاکەی بەردا، ڕووی لە قەدیر و شەیدا و چاو لە چاوی کوورەی ئاگر هاتە پێشەوە و وتی:

هەتا لە ئاگر ڕائەکەی، ترشاو خاوی وەک هەویر

گەریش هەزار یار و دڵبەر، هەڵبژێری سوودی نییە!

ـ ترس و پارێزێکمان لە ئاگرنییە ئێمە، دەروێش. ئەمە ئاگر و ئەمەش ئاگر. خۆمان ڕۆڵەی ڕەزین. پیاڵەی تۆیە!

قەدیر پیاڵەکەی دا بەدەس ماهدەروێشەوە. دەروێش پیاڵەکەی

ڕاگرت:
ــ نادەروێش بم ئەگەر خۆمی تیا نەشۆم. فیدای سەری پیاو!
ــ بێ بەڵا. نۆش!
ماهدەروێش، پیاڵەکەی هەڵدا:
ئەی ئاسمان چەند ئەگەڕی، بڕوا گەڕی گەردیلەکان
ئاو مەست و با مەست و خاک مەست و ئاگریش
ــ پڕی کە قەدیر. هەتا ئەتوانی، پڕی کە. دیسانەوەش!
پیاڵەکەی پڕکرد قەدیر و لە بنەوە سەیرێکی شەیدای کرد. شەیدا داگیرا بوو. جگەرەکەی تەواو ببوو. چیلکەیەکی لە ناو پەنجەیدا ڕاگرتبوو، بەردەوام ئەیشکاند و لە بن ددان ئەیجوو. نیگای لە سەر خاک و خۆڵەکەی بەردەمی بوو و نەی ئەتوانی ئەشکەنجەی دەروونی لە بوونی ماهدەروێش بشارێتەوە. قەدیر، مڵۆزمانە سەیری هاوپیاڵەکانی خۆی کرد و بە پێکەنینێکی شاراوەوە وتی:
ــ ئەو «هەزار یار و دڵبەرەش» کە تۆ شیعرەکەت خوێند، من لە دووی ناگەڕێم. یەکیشان بە من ڕەوا نەبینراوە. مەگەر شەیدای برادەرمان هەزار دڵبەری هەبێ! ئەرێ شەیدا؟
شەیدا لە بن گرێی برۆ ڕەشەکانیەوە سەیرێکی خەنیمەکەی کرد و وتی:
ــ دەست هەڵگرە قەدیر!
قەدیر پێی وت:
ــ باشە بۆچی خۆت دوائەخەی؟ پیاڵەکەت هێشتا پڕە.
شەیدا بە بێ قسە پیاڵەکەی نا بە سەرەوە و ناوچاوی تێکنا. قەدیر جێی خۆی خۆش کرد و وتی:
ــ شتێکمان بۆ بگێڕەوە، ماهدەروێش.
ماهدەروێش سەیری شەیدای کرد. چاوەکانی ماهدەروێش، ئەتوت وەرگەڕاوە. دارەتێکی شێواوی هەبوو. مەست و خومار بوو. قەدیر بە مەبەست بە ماهدەروێشی وت:

ـ ناناسیتەوە؟ خۆیەتی. کوڕی ئەربابت. شەیدا! ئیتر ئەوەندە سەیری ئەکەی کەچی ببێ؟

شەیدا ڕووی کردە ماهدەروێش و وتی:

ـ بە دوای کەسێکدا ئەگەڕێی؟! کەست لێ ونبووە؟

ماهدەروێش وتی:

ـ نا برام؛ خۆم ون کردووە. یووسفی میسری!

یوسفی میسری سەرت ڕاکە و بە چاو بنوارە میسر
شار پڕی ئاژاوەیە و، سەربە سەر بازاڕ مەست

ـ یانی چی؟

ماهدەروێش پێکەنی، ژیر بۆ نەزان! شەیدا هەڵچوو:

ـ ئەڵێم واتای چییە؟

ماهدەروێش وتی:

ـ سەبیلەیەکت بۆ تێکەم؟!

قەدیر وتی:

ـ پرسیارەکەی شەیدات وەرنەگرت؟!

ماهدەروێش وتی:

ـ گیای ئەفغانە!

ـ کەوابوو تێیکە، هەق!

ـ ئەگەر دڵت لەلام نەبێ، دانیشتنت سوودی نییە.

ـ دڵی من لەگەڵتە دەروێش، بەڵام بۆ شەیدا نازانم!

ماهدەروێش وتی:

ـ فەرمایشتی مەولەوییە ئەمە، نەک گوتەی من. مەولای بەڵخ.

ـ دەمی گەرم ئەوەی وتوویەتی. دەمی تۆش خۆش کە ئەیلێتەوە.

ـ دەستی دۆست!

قەدیر، سەبیلەکەی لە ماهدەروێش وەرگرت؛ لێوی پێوە نا و پسپۆڕانە مژی لێدا و دووکەڵەکەی بە خەستی لە کونەلووتیەوە

دایە دەرەوە و دای بە شەیدا. شەیداش مژێکی لێدا و سەبیلەکەی دایەوە بە ماهدەروێش. ماهدەروێش مۆدنەی سەبیلەکەی نا بەلێویەوە و بە هەردوو دەست سووڕی پێدا؛ بە بێ ئەوەی بهێڵێ خۆڵی سەبیلەکە لە کاتی گەڕاندا بڕژێ.

ـ گیانم فیدای ئەم دەمە.

ـ ڕۆژگارێک لە بیدوخت بووین. لە تەمەنی هەژدەساڵی. پشت لێومان تازە سەوز ببوو. گەنج و ئازاد. قەلەندەری زۆر هەبوون، هەمووساڵێک ڕۆژێکی تایبەت، لە دەرگانەی پیر کۆ ئەبوونەوە. ئێمەش بووین. گەدایی بە شایی بەرامبەر بوو. بەزمی عەشق. منیش لەگەڵ قەلەندەرێک بووم بە هاوڕێ. خەڵکی ماهان بوو. سەر بە دەرگانەی حەزرەتی شێخ نەعمەتوڵڵای وەلی. ڕاستگۆ و بە ئەمەگ. غەمێک لە دڵ و لە ڕوخساریدا. ڕۆژێکیان لە بیدوخت دەرکەوتین بۆ گەڕان. ئێوارە درەنگان بوو. ڕێکەوت وابوو با و تۆزوخۆڵ نەبوو. مێرگ و دیمەن دیتنی هەبوو. سەبیلێکمان داگیراند و مژمان لێدا. قەلەندەر نەشەبوو. ئەمزانی ڕازێکی لەدڵ دایە. دواندم. وتی هەقە. چوینە سێبەری دیواری ئاشەکۆنێک و دانیشتین. سەبیلێکیتر.

کەوتە قسە و من گوێم ڕاگرت. وتی:

«گەنج بووم ئەو سەردەمە. شوان بووم. پاشان بووم بە دارکەر. تەورێک بە دەستەوە و گوریس لە پشتوێن. ژنێکم هەبوو. خەڵکی جیروفت بوو. ڕۆژگارمان ئارام بوو. شەوێک چوومەوە بۆماڵەوە و بینیم ژنەکەم ئەگری. هۆکەم لێپرسی. لێوی خۆی کرۆشت و وتی: بەتەنها جێم مەهێڵە. پرسیم بۆچی؟ وەڵامی نەدامەوە و ڕووی داپۆشی. لە ماڵ دەرکەوتم. زانیم لێیان هەڵپێچاوە. خۆم مەلاسدا و گوێڕایەڵ بووم. شەوێک وام نواند بۆ ئاش ئەچم. لە تاریکیدا خۆم ونکرد. بەڵام چاوم لە دەرودیواری ماڵەکەم بوو. لە تاریکییەکەدا سێبەرێکم بینی بە دیواری ماڵەکەمدا هەڵگەڕا. خۆم ڕاگرت، پاش تاوێک دەنگێکم بیست.

قرم و قاڵ. چوومە ژوورەوە، کابرایەک لە ماڵەکەم بوو. ژنەکەم ئەیویست بقریشکێنێ. بەڵام دەستی کابرا دەمی گرت. چاوەکانی ژنەکەم بە بینینی من داچەقا. تەورەکەم بە دەستەوە بوو. کابرا کە چاوی پێم کەوت، حەپەسا. تەورەکەم بەرزکردەوە و بە دەور سەرمدا سووڕاندم و دامهێنایەوە.»

ماهدەروێش کە لەگەڵ کابرای چیرۆکبێژ ڕاببوو و لەگەڵی چووبوویە ژوورەوە، لەگەڵ ئەویش تەورزینی بەرزکردەوە و بە دەور سەریدا سوڕاندی و خۆشی کەوتە خول خواردن و سووڕاندنەوە. خۆفی شێت بوونی ماهدەروێش، شەیدا و قەدیری تۆقاندبوو. هەر کامیان خۆی خزاندە سووچێکەوە؛ بەو هیوایەی تەورزینەکەی دەروێش بیدا لە سەری ئەویکە! توونچی ئەوەندەی تریش سەری خزاندە بن تێڕەکە. ئەمشەو لە توونەکەی ئەودا دێوانە سەری هەڵدابوو. ماهدەروێش کێشەر گرتبووی و مەیدانداریی ئەکرد. جبەو مێزەر و تەورزینەکەی سەمایان ئەکرد. دەروێش حاڵی لێهاتبوو. پێکوتان و دەست ڕاوەشان. مەیدانەکە گشت هی ئەو بوو:

وا هاتووم هەتا بە خۆی، بە گوێ کێشان بتبەمەوە
بێدڵ و بێ ئاگات بکەم، لە دڵ و لە گیان جێت خەمەوە
وا هاتووم هەتاکوو تۆ، خۆت دەربخەی لە ئەم سەرا
هەروەک نزای عاشقان، بۆ سەری سەر ڕات کەمەوە
وا هاتووم بۆ ئەو ماچەی، لە شەنگەکەت ڕفاندبوو
پێم بەرەوە بە خۆشدڵی، چون هەر لێتی ئەسێنمەوە
پێم بەرەوە بە خۆشدڵی، چون هەر لێتی ئەسێنمەوە
پێم بەرەوە بە خۆشدڵی، چون هەر لێتی ئەسێنمەوە
پێم بەرەوە، پێم بەرەوە، پێم بەرەوە
پێم بەرەوە، پێم بەرەوە
پێم بەرەوە، پێم بەرەوە

پێم بەرەوە
ئەو کاتە وا ئاگا لە خۆی، یار لە لات سووکە و سپات
ئەو ساتە وا ناگا لەخۆی، یار لە لات سوود نەکات!
ئەوکاتە وا ئاگا لەخۆی، یار لە تۆ کەنار ئەکات
ئەوساتە وا ناگا لەخۆی، بادەت لە یار پێ ئەگات
بێئۆقرەییت هەموو ئەوا، لە ئۆقرەی تۆ ئەگەڕێن
لایەنی بێئۆقرە گرە، ئۆقرە بە تۆ ستار ئەدات
ئەو هەموو نامرادییە، بۆ مرادی تۆ ئەگەڕێن
جا با هەموو مرادەکان، بە تۆ بگات، بە تۆ بگات
عاشقی جەوری یار بە، عاشقی میهری یار نا
تاکە نیگاری نازەنین، عاشقی تۆ ئەبێ بەکات
عاشقی تۆ ئەبێ بەکات، عاشقی تۆ ئەبێ بەکات
عاشقی تۆ ئەبێ بەکات
تاکە نیگاری نازەنین، عاشقی تۆ ئەبێ بەکات
عاشقی جەوری یار بە
عاشقی جەوری یار بە، عاشقی جەوری یار بە
عاشقی میهری یار نا
عاشقی جەوری یار بە، عاشقی جەوری یار بە
عاشقی جەور، عاشقی جەور، عاشقی جەوری یار بە
عاشقی یار، عاشقی یار، عاشقی میهری یار نا
عاشقی میهری یار نا
عاشقی جەوری یار بە، عاشقی جەوری یار بە
عاشقی جەور، عاشقی جەور، عاشقی جەور
عا...شقی... جە...و...ر



ناوچەوان و پرچە ئارەقاویی و حاڵ لێهاتووەکەی ماهدەروێش ئەخولایەوە، ئەسووڕایەوە، ئەنووشتایەوە، پێی ئەکوتا و باڵی ڕائەوشاند و پرچی ئەپرژاند. لوولە ئەبوو، گرمۆڵە ئەبوو.

گرمۆڵە، ئەکرایەوە، ئەکرایەوە، گرمۆڵە ئەبوو. ئەچووە یەک. ئەینالاند، ئەیگرماند، ئەینەڕاند، ئەخرۆشا، هووی ئەکێشا، قاقای لێئەدا، کراسی جەڕ ئەدا، ئەچەمایەوە. ئەکەوتە سەر چۆک، ڕاست ئەبوویەوە. ئەنوشتایەوە. سەر و پرچی بە گشت لایەکدا. تەورزینی ڕائەوەشاند. نەڕەی بەهێز. کەفچەڕێن و چاو بەخوێن. فێ. تەورزینی بە زەبرەوە کوتا بە کۆتەی دارێکدا. دەست بە تەورزین و سەر لە سەر دەست، نووشتایەوە؛ دانیشت، بەربوویەوە، تلا؛ وشترێکی کێرد لێدراو!

گـۆی منیت و تلـت ئەدەم، بە زەبـری بـای گۆچـانەکـەم
لەدووت بە ڕاکە ڕاکە دێم، هەرچەن بۆ خـۆم تلت ئەدەم

ئارامی. بێدەنگیەکی قورس. شەو. شەوەزەنگ. ماهدەروێش نەمردبێ؟!

شەیدا و قەدیر، لە پەناکان هاتنە دەرەوە. چوونە لای ماهدەروێشەوە و لە لای تەرمە بێوازەکەی دانیشتن. نەء، نەمردبوو ماهدەروێش. ئارەقەی لێ نیشتبوو. سەر و پرچی تۆز و خۆڵاوی، هەناسە بڕکێی بوو. ماینێک چەندین فرسەنگ غاری دابێ. مێزەر لە لایەک، تەورزین لە لایەک، جبە لە لایەک. لەشی ماهدەروێش لەڕ و کشاو، مارێکی بێوەی لە ناو خەوش و خۆڵی توونەکەدا ڕاکشابوو. مردوویەک کە هێشتا بە تەواوی گیانی دەرنەچووە. کەفچەڕێن و چاو داچەقاو. سەرەڕای ئەمەش وڕ و تاساو، دەم و گوتەی دژوار بۆ تێگەیشتن.

ـ چیتە ماهدەروێش؟

ـ پیاڵەیەکم بۆ پڕکەن. جبەی شڕم بارمتەی شەرابی یەکەم!

قەدیر دەروێشی بەرزکردەوە. دای نیشاند و پاڵیدا بە دیواری گوڵبینەکەوە. شەیدا پیاڵەکەی لە نزیک دەروێشەوە ڕاگرت. دەروێش بە پەنجە ماندوو و لەرزۆکەکانی پیاڵەکەی لە شەیدا وەرگرت و بردی بۆ لێوی:

ـ ئەم دەفتەرە بێ واتایە خنکاوی شەرابی ڕەسەنی یەکەم.

گیانمی تیا ئەشۆم. وسڵ. دیسانەوە!

خۆی ئەمجارە دەستی برد و سوراحیەکەی هێنایە پێشەوە. شەیدا ملی سوراحیەکەی گرت. ماهدەروێش لە دەستی دەرهینا. قەدیر چاوی لە شەیدا داگرت، شەیدا لە دەروێش گەڕا. دەرویش سوراحی نا بە سەریەوە. نزگەرەیدا و سوراحی داگرت و سەیری قەدیر و شەیدای کرد. بەڵام چاوەکانی نیگای نەبوو. گیانەوەرێکی نامۆ و لێڵ لە ناو بیلبیلەی چاوەکانیدا سەرگەردان بوو. دوو دووپشکی فەلاقەکراو. شەیدا ترس دایگرت. قەدیر هێوری کردەوە. ماهدەروێش وتی:

ــ ئەمیر و ئاغە، یار و نەیار! میر مەست و ئاغە مەست و یار مەست، بێگانە مەست. میر، ئێرە کوێیە؟ یار کێیە و غەوارە کێ؟ ها؟ پێم بڵێن، غەریبی مەست! من غەیرەم یان تۆ شەیدا؟ تۆکێی کوڕی کەلایی خواداد. ئاغەی، ها! میریش، مسۆگەر شەیدایە؟ من کێم؟ قەلەندەر. قەلەندەری بێ سەروپێ. کەسێک و شتێکم من؟ نەء. ناکەس و بێنرخم. پووک و بێ مایە. فڕێدراو. سەگی بەرماڵ. دەسەمۆ. ئیتر ئەوەندەی نەماوە ئەم شیعرانەش لە بیر بکەم. نۆکەری هەموو دەرفەتێکی لێسەندووم. لە خۆڕا هەوڵ ئەدەم. خوایە... من شتی زۆرم نەبوو. بەڵام یەک شتم هەبوو، ئەو یەکەشم خەریکن لێ ئەسێنن. من عاشق بووم. من عاشقی ژنەکەم بووم... بەڵام ئێستە... ئێستەش عاشقیم، خوایە؟! چەندە سووکایەتیم بەخۆ ڕەوابینی؟! ها! ئەو قەلەندەرە پێی وتم پاش ئەو شەوە، هەڵات و چووە ناو هەڵقەی دەروێشان. بەڵام من؟! من چی بکەم؟ من کە لە هەڵقەی دەروێشان دابڕاوم! من بۆ کوێ ڕابکەم؟ ها؟ ئێوە پێم بڵێن! ئەرێ بەڕاست... بیستم کە ئێوە... ئەمشەو... لە نەبوونی مندا چوون بۆ ماڵم؟! داوای چاتان کردووە، دانیشتوون و قەشمەریتان کردووە و بە خۆتان پێکەنیون؟ ها؟ ئەمە ڕاستە، وایە؟ ژنەکەم خۆ درۆم لەگەڵ ناکات؟ ئەیکات؟ ها؟ ئێوە لە ماڵی من چ کارتان هەبووە؟!

قەدیر هەڵسا و وتی:
ــ نەخۆشە. ئەبێ سەری بنێتەوە و بخەوێ. بیخەوێنە. بخەوە، بخەوە، سەید؛ کات بۆ گێڕانەوە زۆرە! خۆت بۆچی نارەحەت ئەکەی؟ ئێرە گەرمە. گەرم. لە ماڵی خۆشت گەرمترە. بۆ بەیانیش، ئەوەتا گەرماو نزیکە. بخەوە، بخەوە؛ براگیان!
شەیدا کەشکۆڵ و مێزەرەکەی خستە بن سەری؛ جبەکەی دا بە سەری‌دا و بە توونچیەکەی گوت:
ــ سەیدە، خێری هەیە، ڕایگرە. ئەگەر دەرکەوێ ئەڕچێ. پێم وابێ ئەوەندەی نەماوە ڕۆژ ببێتەوە. باشە؟
ــ بەڵێ، ئەرباب.
قەدیر سوراحی و پیاڵەکانی کۆکردەوە، لە شوێنەکەی خۆی شاردیەوە و چووە دەرەوە. شەیدا، نیگایەکی خێرای هاوێشتە خەوتووی ماهدەروێش و بە دوای قەدیردا چوو.
ــ شەیدا!
شەیدا گەڕایەوە، ماهدەروێش، بە دەم گریانەوە وتی:
ــ مەچۆ بۆ ماڵی من. تکات لێ ئەکەم!
شەیدا، بە دوای قەدیردا چووە دەرەوە و دەرگا بە سەر ماهدەروێش‌دا داخرا.
قەدیر و شەیدا لە بن تاقی شەودا بوون. سەرمای شەوانەی نزیک دەمەو بەیان، چاو و گوێی ئەتەزاند. لە خەندەقەکە سەرکەوتن و بە کۆڵان‌دا کەوتنە ڕێ. ڕەشاییەک دەرکەوت. غەوارە بوو؛ بەلووچ. کێ بێ جگە لەو؟ سڵاوی کرد و تێپەڕی. لای جۆگەکە قەدیر و شەیدا جیابوونەوە.
ــ ئەچیتەوە بۆ ماڵەوە؟
ــ ئا!
قەدیر، بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت و شەیدا بە قەراخ دیوارەکەدا. شەیدا گەیشتە پشت دەرگای ماڵەوە. ماڵ خامۆش بوو. کەوابێ بوندار هێشتا لە شار نەگەڕاوەتەوە. یان گەڕاوەتەوە و خەوتووە.

خۆزگە ئەمەی لە قوربان بەلووچ بپرسیایەت. شەیدا پێش ئەوەی دەست لە یاڵی دیوارەکە گیر بکات و سەر بکەوێ، ژێوان بوویەوە. ڕووی وەرگێڕا، سەیری دەوروبەری خۆی کرد و ڕێی ماڵی ماهدەروێشی گرتەبەر.

**بەندی دووەم**

ــ قەدیر... قەدیر... بێ بەزەیی! بێدینی بێئیمان. پشتت بشکێ، لە خوا بێخەبەری خوانەناس! لە کوێی تۆ؟ قەدیر... قەدیر... نا موسڵمان، زۆڵی توخمی شەیتان، لە کوێی تۆ؟ قەدیر... قەدیر... قەدیر... ناپیاو! خوێڕی نارەسەن! شمری دەشتی کەربەلا؛ قەدیر، بابە گیان تۆ وای لە کوێ؟ لە کوێی بێپیر؛ قەدیر... قەدیر... بابە... بابەگیان... بابەگیان.

قەدیر هێشتاش سەری لە لێفەکە ئەسوو و پێی وابوو خەون ئەبینی. خەوی شەق و جنێوەکانی باوکی. خومار و کوتراو بوو. بێواز بوو و خەو وەک جاجمێک لێوەی ئاڵابوو. دەنگەکان لە گوێیدا نامۆ و خاو و بێ زرینگە بوون. وشە و وتە بە لایدا تێ ئەپەڕین. تیژ و ڕاست نەبوون. پچڕپچڕ و مژاوی بوون. هێڵی زنجیرێکی پچڕاو، بڵمە بڵم. ئاوەژوو و ئاوارە. کوتراو و لێک ئاڵاو و بێ ڕوومەت:

ــ قەدیر... قەدیر... بابەگیان، خوا لە سەر عەرز هەڵتگرێ؛ لە کوێ شوێنت ون بووە! قەدیر... بۆ بووی بە ئاو و بەزەویدا ڕۆچوویت؟!

نەء. خەون نەبوو. لێفەکەی لادا و پێڵوو بەسراو، تاوێک ڕاما و گوێی قوڵاخ کرد و هەوڵیدا ئەو دەنگانەی لە ناو کۆمەڵێک پەردەی ئەستووری هەورەوە ئەهاتن، لێک بکاتەوە:

ــ قەدیر... قەدیر... کوڕم! خوا بکات نان سوارە بێ و تۆش پیادە. خوا بتکات بە سەگی یەزید بابە گیان. خەریکم ئەتەقم بابە گیان. لە کوێی تۆ؟ خنکام ئەوەندەم نەڕاند. گەرووم دڕا بابە! قەدیر... قەدیر... میزەڵدانم تەقی! ڕیخۆڵەم چڕا!

قەدیر بڕوای کرد بەئاگایە و دەنگی داماوانەی باوکی ئەبیسێ. پیرەمێرد یەکبەند ئەیقیژاند و قیژەکانی وردە وردە خەریک بوو ئەبوو

بە قرووسکە. لاڵانەوەیەکی ئاوێتە بەگریان. قەدیر ئاگای لە دارەتی باوکی هەبوو وای زانی ڕەنگە دیسانەوەش خۆی پیسکردبێ. یاخود خەریک بێ خۆی پیس بکات. قەدیر بە نکوناڵێک لە بەر خۆیەوە، لێفە شڕەکەی لە سەر خۆی لادا و لە سەر دوو کورسیەکەی نابووی بەیەکەوە و شەوانە لە سەری ئەخەوت، خزایە خوارەوە. جلیسقەکەی لە ژێر باڵنجەکە دەرهێنا و لەبەری کرد. کڵاوی کردە سەری، پۆستاڵەکانی لەپێ کرد و لە دەرگای هەمارەکەوە چووە دەرەوە. لە بەر دەرگا کورتەکەی هەمارەکەدا، لای بیرەکەوە، خۆی کێشایەوە و بە دەم باوێشکێکی درێژەوە مشتەکانی کوتا بە سینگی‌دا و تاڵاوی دەمی بە تفێک حەوا دایە دەرەوە. چاوی هەڵگلۆفی و سەیری ئاسمانی کرد. هەوری پەڵە پەڵە چاوی خوریان کز کردبوو. هەوا داگیرابوو. ڕەنگی لیکی گا. داگیراویی خۆری داگیراو ئەهات و لە سەر دڵی قەدیر ئەنیشت. گێژی و خوماریی، سەرخۆشی شەوی پێشوو و لوورانەوەی کەلایی خواداد، توێژی لە سەر توێژ دائەنا.

ـ هاتم ئیتر... ئەوا هاتم! ئەوەندە ناز و نووز مەکە! ئەو قیڕە و هەرایەت لە چییە؟!

قیژە و هەرای داواکارانەی پیرەمێرد، ببوو بە لاڵانەوە و گریانی کورت و بە ئازار. قەدیر بەرەو ژوورەکەی باوکی، ژوورە گەورە و بەتاڵەکەی کە ڕۆژگارێک بە قالیچەی تورکمەنی و بلوور و قاپ و دەوری عیشقابادی ڕازێنرابوویەوە چوو و، دەرگا داخراوەکەی لە کەلایی خواداد کردەوە. ژوورەکە گەورە و بەتاڵ و تاریک بوو. شوێنێک کە سەردەمایەکی نە زۆر دوور، وشترەوانەکانی کەلایی خواداد، کوڕەکانی، کەسوکاری، پاش گەڕانەوە لە سەفەر، لە دەوری یەکدی دائەنیشتن و دەستیان بۆ نان و نمەک ئەبرد و مەڕێکی ساخ بە ژەمێک ئەخورا. نۆشی گیان.

پیرەمێرد، لای قورسیە ساردەکە، لە سەر جێگەکەی خۆی ئەگووشی. ڕوخساری چرچ و لۆچی تێکچرژابوو، چاوە کزەکانی وەکوو دوو زەرگەتەی باڵشکاو، لە کالانەدا لاقەفرتێیان بوو. سەرە تاشراوەکەی بە تەقیلە چڵکنەکەی داپۆشابوو، گوێ شین هەڵگەڕاوەکانی وەرگەڕاوتر خۆیای ئەکرد. پەیکەری ڕاوەستاو و بە شان و باهۆی کاروانسالاری ساڵانی پێش، وەها تێکقرمابوو، وەکوو بڵێی ئیسکەکانی، ئێسکەکانیان ساوییێتەوە. قەدیر، بۆ لای چوو و

بەوپەڕی بێزاری و تووڕەییەوە وتی:

ـ چیتە ئەوە؟! گونت ڕائەکێشن وا بەو جۆرە ئەقیژێنی؟!

پیرە مێرد ڕاهاتووی زمانی پیسی کورەکەی، سەیری کرد و وتی:

ـ خوانەناس. ئەوا نیوەڕۆیە. بەیانی کەی بوو و ئێستە کەییە؟! ڕیخۆڵەکانم لە دەمەو بەیانەوە خەریکن ئەپچڕێن. بەر میزەڵدانم خەریکە ئەتەقێ، هەی بێ بەزەیی! خۆ من پێی ڕۆیشتنم نییە. ئەترسم میزم هاتبێتە بەست. ئاخر پیاوەتیش شتێکە زاڵم! خۆ تۆ لە من داکەوتوویت، بۆچی وەها ئەشکەنجەم ئەدەی؟! بمبە دەرەوە! بمبە دەرەوە ئەگینا ناچارم ماڵەکە پیس بکەم. بمبە دەرەوە، بابە گیان. لە دەوری سەرت بگەڕێم.

قەدیر لە باوکی نزیک بوویەوە. دانەوییەوە تا بن باخەڵی بگرێ و بەرزی بکاتەوە. بەڵام وای نەکرد. بیرێکی خوێڕیانە هات بەمێشکیدا. ڕاست بوویەوە و لە شوێنی خۆی مایەوە. وشک و خامۆش چاوی بڕییە پیرەمێردە هەژارەکە. کەلایی خواداد کە دەستەکانی وەکوو دوو باڵی داڵێک بەرز کردبوویەوە، نا ئومێد و تێکشکاو، دەستەکانی داخستەوە و توێژێکی دڵمردوویی، وەکوو قەبر، چاوەکانی داپۆشی. نیگای لە ڕەشایی مەرگدا ونبوو، لێوەکانی کەوتنە لەرزین و فڕین، پێڵوو و برژانگەکانی لێکدران و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک. ئیتر هیچی نەبوو بیڵێ. ملکەچی ڕووداو. ئازاری لاوازیی باوک، دڵی قەدیری گووشا. سەرەڕای ئەوەش دڵنەرمیەکەی لەغاو کرد و هەروا وەستا. دژتر و دڕتر لە پێش وتی:

ـ وشترەکانت بۆچی فرۆشت؟ بۆ ئەوەی باڵی من بشکێنی؟ پێت وابوو من شیاوی ئەوە نیم وشترەوانی بکەم؟ ئەرێ؟ نەم ئەتوانی ئازووخەی زستانیان بۆ دابین بکەم؟! بڕوات بە من نەبوو، پارەم پێ‌بدەی کا و پەموویان بۆ بکڕم؟ لە وشکی ساڵ و مانگ ترسای، یان وات ئەزانی بە قومار ئەی دۆڕێنم؟ کاتێک خۆت ناتوانی بە دوای وشترەکاندا بڕۆی، پێت وایە منیش ناتوانم؟، نەم ئەتوانی دوو بارە دار لە لێڕی شۆڕەوە ببەم بۆ شار و پارەی نیو مەن نان پەیدا بکەم؟ چاکە! ئەوا فرۆشتت؟! ئەی پارەکەت لە کوێ شاردۆتەوە؟ ڕەنگە لە ناو ڕیخۆڵەتدا؟ ها؟! لە کوێت شاردۆتەوە؟!

جارێکیتریش، پیرەمێرد گەدایی کرد:

ـ بمبە دەرەوە، کوڕم، خێر لە جەوانیت ببینی، بمبە دەرەوە. دۆعات بۆ ئەکەم بەختت سپی بێ، قەدیر.

ـ ئەگەر نەتبەمە دەرەوە چی؟ ئەگەر لەمەودوا هەرگیز نەتبەمە دەرەوە چی؟ ئەگەر هەر لێرە بەجێت بهێڵم تاکوو بڕزێی، چی؟

ـ کورە باشەکەم، وامەکە. تۆ کوڕی ئازیزی منی. کوڕی ژیری منی. تۆ لەگەڵ ئەویتر جیاوزای. عەباسجان ناجسن دەرچوو. خێر لە ژیانی خۆی نابینێ. من دۆعا بۆ تۆ ئەکەم. بەخوا دۆعات بۆ ئەکەم تەمەن درێژبی. وامەکە کوڕم. لێرە بەجێم مەهێڵە!

ـ وا ئەکەم و ئەولاتریش! لێرە بەجێت ئەهێڵم.

ـ بمبە دەرەوە، قەدیر!

ـ ناتبەم. دەرگاکەت لە سەر دائەخەم با لە ناو جێگە داڕزێی.

ـ وا مەکە قەدیر؛ وا مەکە کوڕم!

ـ داڕزێی پیرەمێردی شەیتان! تۆ هەرگیز باوک نەبووی بۆ من!

ـ قەدیر...

ـ داڕزێ! لە ناو جێگە بۆگەن بکە، جنۆکە!

لێوەکانی پیرەمێرد، جارێکیتریش کەوتەوە لەرزین، فرمێسک گۆناکانی تەڕکرد و خزایە ناو ڕیشیەوە و بە دەنگێک کە لە تێکقرمانی بارە گەونێک ئەچوو، وتی:

ـ خێر لە جەوانیت نەبینی! نانەکەم بە حەرامت بێ. تۆ لە پشتی من دانەکەوتوویت!

قەدیر کە ڕووی لە باوکی وەرگێڕابوو، لە بەردەرگا لە سەر سندوڵەکە دانیشت و ئانیشکەکانی نایە سەر ئەژنۆی و ڕوومەتی داتەکاوی لە ناو پەنجە درێژەکانیدا شاردەوە و کەوتە سەیرکردنی گیاندانی پیرەمێرد. کەلایی خوادادیش ئەپاڕایەوە:

ـ دەستم بە دامێنت قەدیر! بمبە دەرەوە! بمبە!

قەدیر ددانەکانی لە چیڕەوە هێنا و بێدەنگ بوو. کەلایی خواداد پاڕایەوە:

ـ پێت ماچ ئەکەم قەدیر، بمبە دەرەوە!

قەدیر هەروا خامۆش بوو. پانتایی ڕوخسارە شین هەڵگەڕاوەکەی کابرا بە ئەسرین داپۆشرابوو. فرمێسکەکەی نەک هەر بە هۆی ستەمی قەدیرەوە، لە لایەکیشەوە بەهۆی ئازاری لە ڕادەبەدەر

ئەڕژایە خوارەوە زەلیل‌تر لەوەی مرۆڤ بۆی بچێ، نالاندی:

ـ بەس ئەم جارە، بەس ئەم تاقە جارە. ئەم جارە، پاشان مەرگم لە خوا ئەخوازم. مەرگ. ئەوەندە ئەگریم لە دەرگانەی‌دا، هەتا مەرگم بۆ ئەنێرێ.

قەدیر، کە بێگومان لەبری دڵ بەرد لە ناو سینگی دابوو، هەروا سەیری ئەکرد. بەڵام وا دیار نەبوو سەیری ئینسانێکی نیازمەند، تەنانەت سەیری گیانەوەرێکی زەلیل ئەکات. بە دەم لێو گەستنەوە پەنجە لەرەکانی لێک هەڵپێکا و بە ڕقێکی قووت دراوەوە، پەنجەکانی تێک ئەگووشا.

کەلایی خواداد، لە تاریکی بن ژوورەکەوە سەیری کوڕەکەی ئەکرد و هێڵی ئازار بە تەوێڵ و سیلەی چاوەکانیەوە، دەم بە دەم قووڵتر و گرژتر ئەبوو. ئەتوت ئەو ڕوخسارە چەرمینە بەرهەستی تاودانەوەی ڕەنج و دەردی لە دەستدا بوو وای لێ‌ئەهات دارەتێکی یەکباو، دارەتێکی ئەفسانەیی، بە خۆوە بگرێ. ئازار لە سەر ئازار ئەنیشت؛ توێ لە سەر توێ، کەڵەکە ئەبوو و ئەتوایەوە. تەنها پەڕەی لووتی ئەلەرزی. ڕەگی ناوچەوان و تەوێڵی شووش وەستابوون، دەستەکانی خستبوویە نێوان ڕانەکانیەوە و هاوارێکی قووڵ لە گەرووی‌دا پەنگی خواردبوو. وا پێ ئەچوو ئەگەر دەرباز ببێ، بنمیچەکە هەڵئەتەکێنێ.

قەدیر هەڵسا، پشتی لە باوکی کرد و لای بیرەکە دانیشت تا دەست و چاوی بشوات.

لەم کاتەدا، نەڕەی کەلایی خواداد، قەدیری ڕاوەشاند. پاشان نەڕە بە دوای نەڕەدا. بە بێ وشە. وەک بڵێی مرۆڤ نەبێ. ڕق - ناڵەی وشتری کێرد لێدراو. قەدیر، ڕێگەی دڵنەرمی بە خۆی نەدا. گیانی کێ ئەمڕۆ لە لەشی‌دا هێلانەی کردبوو؟! بە ئارامی ڕابوو، ڕوومەتی بە ئاسەڕی جلیسقەکەی سڕییەوە، چووە ناو دەرگاکە و شانی نا بە چوارچێوەکەوە و نیگای برییە ناو تاریکیەکە و لە چاوەکانی باوکی -دوو بڵێسەی دووکەڵگرتوو- مۆڕ بوویەوە. خوێڕی؛ ئەتوت ئەیەوێ سات بە ساتی توانەوەی پیرەمێرد ببینێ و بچێژێ! ئەیویست تیاچوونی کابرایەک کە ئەوی لە پشتی خۆی خستبوویەوە، سەیر بکات. سەیری ئەکرد. ڕژد و ڕەق. بە بێ ئەوەی

هیچ کاردانەوەیەک لە سیما و لە نیگادا بەدی بکرێ.

لەبن نیگای سارد و سڕی قەدیردا، پیرەمێرد، گلا و، جووڵا و لەشی هاوێشتە سەر دەستەکانی و وەک گڵەخۆرکەیەکی لاواز، بە سەر خاکەکەدا خۆی ڕاکێش کرد. بەڵام ڕێگەیەکی نەئەبڕی. قاچە ئیفلیجەکانی لە بن دەسەڵاتی ئەودا نەبوون. کەلایی خواداد، لە پاش هەر جووڵەیەک، ئەبوا ڕابوەستێ و قاچەکانی وەکوو کۆتە داری تەڕ و قورس بە دوای خۆیدا ڕاکێش بکات و نیو بستێک بخزێتە پێشەوە. ئەمکارە بەرەنجامی نەبوو. نەئەگونجا و ڕێی دەرباز نەئەکرد. دەست و قۆڵ، شان و مل و مۆغەرەی پشتی، تا ڕادەی سوێ بوونەوە شەکەت و ماندوو ببوو؛ پیرەمێرد گیرۆدەی بێ هێزی خۆی، توانای ئەوەی نەبوو لە دوو سێ جار زیاتر خۆی ڕاکێش بکات. لە نێوانی ڕێگەکە، لە سەر تەختی عەرزەکە مایەوە. نائومێد و ناچار؛ ڕوخساری تێکچرژا، شین هەڵگەڕا. هەناسەی بڕا و لەپڕ ماسوولکەکانی کرانەوە، ئارەقە لە ناوچاوی نیشت، سەری داخست و دەستەکانی کرد بە کۆڵەکە بەڵکوو بتوانێ پاشەڵی بەرزبکاتەوە، لە عەرزی ببڕێ، مەڕ ئاسا وتی:

ــ خوایە مەرگم بۆ بنێرە!

پیرەمێرد سووڕا و جووڵەیەکی کرد، تەوێڵی نایە سەر خاکەکە، گرمۆڵە بوو لە بن ددانەکانیەوە لالایەوە:

ــ مەرگم بەرێ خوایە گیان! مەگەر تۆ کەڕی؟!

قەدیر، تاوی ئەو بۆگەنەی نەبوو، واخەریک بوو ژوورەکەی پڕئەکرد. سەری وەرگێڕا و ڕۆیشت؛ لای بیرەکە وەستا و هەوای سارد و پاکی هەڵمژی و بە توندی ـوەک بڵێی پێ لە سەر دوودڵیەکەی خۆی دائەنێـ لە حەوشە چووە دەرەوە و لە کۆڵاندا کەوتەڕێ. لەو سەرما وشکەدا کە دزەی ئەکردە ناخەوە و ئەیدا لە مۆغەرەی پشت، قەدیر دەستی کرد بە گیرفانی چاکەتەکەیدا، ملی خزاندە ناو ملیوانی و پشتی کوورکردەوە و بە هەنگاوی بڵیند ـوەک بڵێی لە دەست تارماییەک هەڵدێـ کۆڵانەکەی بە خێرایی تێپەڕاند. بۆ کوێ ئەچوو؟ خۆشی نەی ئەزانی، بێ ئەڤان، ئەتوت بەرەو دووکانی ئەسلان ئەچێ؟!

لە تاریکی دووکانەکەدا، ئەسلان لە پشت تەختەی پێشخانەکە

وەستابوو و چاوەشینە تەماوییەکەی بڕیبوویە دەرگاکە. بە بینینی قەدیر، نیگای داچڵەکا، بەڵام نەک تا ئەو ڕادەیەی بجوڵێ. قەدیر، سەری چەماندەوە و پێی نایە ناو دووکانەکە. بە بێ چاک و خۆشی، وەستا و لە شوێنی خۆی تۆزێ پێپەڵکەی کرد. نە چووە پێشەوە، لای چوارچێوەی دەرگاکە وەستا و چاوی لە کۆڵان بوو. ئەسڵان ئەیویست لێی بپرسێ چی ئەوێ؟ بەڵام خامۆشیەکی خنکاو گەرووی پڕ کردبوو، ئەتوت دەنگ لە سینگیەوە سەرناکەوێ.

قەدیریش، هەروا، هاتبوو و نەی ئەزانی بۆ هاتووە؟ ئەبێ بڵێ چی؟ ئەمەشی نەئەزانی، ئەیویست بڕوات، ئەی بینی ئەویش ناتوانێ! بۆ هاتووە و بۆ بڕوات؟ ئەبوا بیانوویەکی هەبێ! ئەیویست بڵێ: دوو سیر مێوژم بۆ بکێشە؛ بەڵام پارەی لە گیرفاندا نەبوو. قسەیەک! هەستی ئەکرد شتێک ڕێی گەرووی گرتووە. کەوابوو، ئەبوا دانیشێ و دانیشت؛ لاقە درێژ و لەڕەکەی خستە سەریەک و نیگای گێڕاندە نووکی هەڵگەڕاوە و دڕاوی پۆستاڵەکەی و بێدەنگ بوو. ئەوەی ئەهاتە بەرچاوی لەشی سڕی کەلایی خواداد بوو لە تەختی ژوورە چۆڵ و ساردەکەدا کەوتووە. شتێک وەکوو پەزپەزەکۆڵەیەکی بێ دەست و پێ، فلیقاوە بە عەرزە ڕەقەکەدا. گرێیەکی گەندەڵیی و بێ توانایی. برین، کوان. کەی ئەگات و کەی ئەتەقێ ئەم دمەڵە؟ کەی ئەمرێ و سەر ئەنێتەوە؟

ــ بابقولی هێشتا لە شار نەگەڕاوەتەوە؟

بۆ خۆدەرباز کردن لەو خەیاڵەی چنگی لە مێشکی قەدیر چەقاندبوو، ئەمەی پرسی.

ئەسڵان گووشراو و سارد، وەڵامی دایەوە:

ــ نەء.

ــ ئەی کەی ئەیەوێ بگەڕێتەوە؟

ــ نازانم. کارت چییە؟

ــ کارم بە خۆیەتی.

لەوە زیاتر نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ. پێی ڕانەگیرا. هەڵسا و لە دەرگای دووکانەکە چووە دەرەوە و بەرەو ماڵ سووڕایەوە:

«خوایە! بۆچی ناتوانم خوێڕی بم؟!»

پیرەمێرد، لە تەختی ژوورەکە کەوتبوو بەلادا و هەروامابوو.

تەوێڵی لکابوو بە عەرزەکەوە و چاوەکانی ببون بە شووشە. لێوی بەسراو و خامۆش بوو. دەنگی هەناسەشی نەئەبیسرا. ئەتوت نییە. هەبوو. بەڵام نەبوو. قەتماخەی برین. پەیکەرێکی ڕەق و تەق؛ پووک. کەونە، ئێسقانی وشترێکی مردوو، لە چاڵە قووتێکدا. ڕەنگە مردبێت؟ نەء. نەمردبوو، قەدیر لووتی گرت و لە ناو ئەو بۆگەنەی ژوورەکەی پڕکردبوو، لە باوکی نزیک بوویەوە. بن باڵی گرت و لە ژوورەکە کێشایە دەرەوە. لای بیرەکە شەرواڵی لەپێ داکەند، شۆردی و پاشان دای بە شانیدا و بردییەوە ژوورەوە. لە ژێر قورسیەکە خەواندی و لێفەکەی تابن چەناگەی هەڵکێشا. پیرەمێرد لەرزی کردبوو. بەڵام قەدیر سەرەتا ئەبوایە بە کارەکانی تری ڕابگات، لە حەوشە شەرواڵەکەی باوکی شۆرد و هەڵیواسی بە بزمارەکەدا. دەستی خۆی بە خۆڵەمێش شۆرد و چوو بۆ هەمار؛ باوەشێک هێزمی هێنا، قورسیەکەی لادا و لێفەکەی لە باوکیەوە ئالاند. ئاگری لە چاڵە قورسیەکەدا کردەوە و خۆی لە لای ئاگرەکەوە دانیشت و دەستی گرت بە سەر بڵێسەی ئاگرەکەدا، پێڵوەکانی نایە سەریەک و ڕووی لە هالاوی ئاگرەکە وەرگێڕا. ژوورەکە پڕبوو لە دووکەڵ و بۆگەنیوەکەی ڕادا. بڵێسەکە دامرکایەوە و بوو بە پشکۆ، قەدیر قورسیەکەی خستەوە سەر جێگەی خۆی و لێفە قورسەکەی دایەوە بە سەریدا. پشتیەکەی پیرەمێردی ڕێکخست و پاڵی دایەوە بە پشتیەکەوە و چوو بەرەو ناندانەکە، چەند پارچە نانی ڕەق و تەقی دۆزییەوە. هێنای و لە سەر قورسیەکە داینا بۆ باوکی و خۆشی پارچەیەکی خستە گیرفانی و لە ماڵ دەرکەوت.

ئەگەر خۆر بەدەرەوە بوایەت، ئەکرا لە بن دیواری مزگەوت، لە تەک بێکارەکانی زستانی قەڵاچیمەن، لە بەر ڕۆژەکە، قن بدا بە عەرزدا. خۆی شل بکات، پانیەی سەری بنێ بە دیوارەکەوە و کڵاوەکەی بهێنێتە ناو چاوی. قاچی بخات بە سەر قاچ دا و بە ئاوازێکی ئارام و خاو و خلیچک، لەگەڵ پیرە پیاوەکان دەست بکات بە وتووێژێکی ماندووکەر و پاشانیش بە پێکەنین و قەشمەری کابرای چیرۆک بێژ تووڕە بکات. بەڵام کاتێکە خۆر ڕووی لە خاکی قەڵاچیمەن درێخ کردبوو، یان هەورەکان پەردەی لێڵیان کێشابوو بە سەر چاویدا، هەنگاوەکانی قەدیر، جگە لە دوکانی ئەسڵانی

بابقولی بوندار، شوێنێکی تری نەئەناسی. ڕەنگە بتوانێ بەر لەوەی بچێ بۆ دوکانی ئەسلان، بڕێک بە کۆڵانەکاندا بخولێتەوە. بەڵام کۆڵانگەریی کۆتاییەکەی هەر دوکانی ئەسلان بوو. بۆیەش بوو کە ڕۆژانی بێ هەتاو، بێکارە کوێر و کەچەڵەکان، بەڕۆژ نشینانی سست و تەمەڵ، لەوێ سەریان یەک ئەگرێتەوە و بە دەوری دووکانەکەدا، لە سەر سەکۆ باریکەکان دائەنیشن و ڕۆژیان بە گاڵتە و گەپ و -پارەیەکیش ئەگەر دەسکەوێ- بە خواردنی مێوژ و قەیسیە وشکە ئەبەنە سەر.

بۆ لای ئەوانە نەچوون و تێکەڵ نەبوون، ئەتوت بۆ قەدیر ناگونجێ. دانەنیشتن و نەگوتن و نەبیستن، تەوس و توانج هاوێشتن و پلار خواردن، تەشەرلیدان و دڵێشان؛ بەجێ و بێجێ، هەمووی باوی دڵی بوو. ئەمانە، لە بەر ئەوەی کە بێکار و بێکارە بوو، ببوون بە خوو و ڕەوشتی سەرەکی قەدیر. ژیانی، هەر ئەمانە بوو.

بەڵام ئەمڕۆ، دوکانی ئەسلانی بوندار. چۆڵ و هۆڵ بوو. ئەسلان لە پشت پێشخانەکە ڕاست وەستابوو و تەنها یەک کەس، غەوارەیەک، لەمبەری تەختەی کارەکەوە لە سەر سەکۆ دانیشتبوو. خۆی لە چۆخەیەکی ڕەشەوە ئاڵاندبوو مەنگەڵە تەنەکەکەی خستبوویە ناو لاقی. قەدیر چووە ناو دووکانەکە و غەوارە، چاوە ئارام و نەخۆشەکەی بۆ لای ئەو وەرگێڕا. نیگای لە نیگای غەوارە، قەدیر هەڵوەستەیەکی کرد و بەنەرمی و لە بەر خۆیەوە سڵاوی کرد. لە سووچێکەوە دانیشت و کەوتە نانە ڕەقە خواردن. بە ئەسپایی دەستی ئەکرد بە گیرفانیدا، پارچە نانێکی دەرئەهێنا، لە بن ددانە سپیەکانیدا ئەیقرتاند و نەرم نەرم ئەیجوو. سەیری شوێنێک و کەسێکی نەئەکرد، سەرەڕای ئەمەش وریای هەموو لایەک بوو. هەم چاوەکانی غەوارە و هەم ڕوخساری ئەسلان، خەیاڵی لە لایەن پیرەمێردەوە ئاسوودە ببوو. پاشان، لەم دەرفەتی بێکارییە بێ سنوورەی کە ئەو هەیبوو،

ئەیتوانی بە دڵێکی ئارام بیر لەم غەوارەیە بکاتەوە. کێیە ئەمە، لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ ئەچێ؟ کاری چییە؟ میوانی کێیە؟ بار و ڕۆژگاری چۆنە؟ لەوە ناچێ خراپ بێ. چۆخەکەی گرانباییە. پۆستاڵەکانیشی نوێیە هێشتا. بەڵام جلەکانی بنەوەی زۆر چڵکن و ئارەقاویین. ڕیشیشی پێئەچێ ئەمڕۆ تاشیبێ. بەیانی زوو ئەبێ چووبێ بۆ گەرماو. لێوەکانی شین هەڵگەڕاوە. نەء، هەر خۆیان شینن. چونکە شینی دووکەڵ، جۆرێکی ترە. بەڵام چاوەکانی ئارام نییە. چەتوونی تیایە. شپرزە و عیشقباز خۆیا ئەکەن. بێ زمان نین. ڕازێکیان تیایە. شتێک لە ناویاندا، لە بنیاندا دڵەدڵیەتی. ئەڵێی تایان هەیە. دەردەدار، با بیدوێنم:

ـ دووکانەکەت چۆڵە ئەمڕۆ، ئەسڵان خان؟ بێبازاڕی!

ئەسڵان بە نابەدڵیەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ لەم هەوا و ڕۆژە نگریسەدا خەڵکی لە بن قورسی بێنە دەرەوە چیبکەن مەگەر؟ کەر قولوەڵڵای بە گویاندا خوێندووە؟!

ـ قورسی بێ ئاگر خۆ چێژی نییە! کاتێک بن قورسی تامی هەیە کە شەوچەرەش هەبێ. نۆک و کشمیش، کاکڵە قەندییەک، هەڵوایەک، نان و قەیماخێک لە سەر قورسیەکە بێ. بەڵام ڕۆژی ئەمڕۆ خەڵکی ئەبێ لە دەوری قورسی سارد و سڕ دانیشن و سەیری یەکدی بکەن. پاشانیش لە بێتاقەتی خۆیاندا وەکوو سەگ و پشیلە بکەونە گیانی یەکدی... مشتەریشت خۆ نییە؟!

ـ ئەو نیو مەن، دەسیر شیر و ڕۆن و ئاردەی کە ئەبوا بمفرۆشتایەت، فرۆشتوومە. دووکان خۆ هەمیشە پڕ لە مشتەری نابێ! بەیانیەکە و دەمەو ئێوارەیەک. دەمی چرا داگیران.

قەدیر، دوا پارچە نانی لە گیرفانی دەرهێنا و بەرەو غەوارەکە ڕایگرت و وتی:

ـ بیسمیلا.

غەوارە، بە ئارامی سەری ڕاوەشاند. ئەسڵان لەبری ئەو وتی:

ـ بەرچایی خواردووە!

قەدیر، لە بەر پێی دا، لای مەنگەڵە تەنەکەکە دانیشت؛ خۆڵەمێشەکەی بە پەنجە لادا و پارچە نانەکەی لە سەر پۆڵووی ئاگرەکە دانا و وتی:

ـ وشکە بەزیاد نەبێ! ئەڵێی ئێسکی سەگە. ناچێتە خوارەوە.

قەدیر، پەیشیوێنی قسەکەی گرت؛ کەس هیچی نەوت.

ـ ئەسلان خان، ئەم جەنابە میوانی ئێوەیە؟

ـ بەڵێ.

ـ خزم و کەسە؟

ـ بەڵێ، پوورزامە؛ نادعەلی خان!

نادعەلی هەروا خامۆش و ئارام، سەیری قەدیری ئەکرد. قەدیر بزەیەکی بۆ نیگای نادعەلی کرد و وتی:

ـ پوورزایەکی بە قەڵافەتت هەیە ماشەڵڵا!

نادعەلی بە قەدیری وت:

ـ نانەکەت سووتا.

قەدیر پارچە نانەکەی لەسەرئاگرەکە وەرگێڕا. نادعەلی لێی پرسی:

ـ تۆ هی قەڵاچیمەنی؟

ـ ئا بەڵێ، خەڵکی ئێرەم.

ـ کارت چییە؟

ـ وشترمان هەبوو خان، بەڵام وشترەکان تەواو بوو. دووسێیەک مابوو، ئەویش خاڵۆت لە باوکمی کڕی و ئێستەش بۆ خۆمان بە بەتاڵی ئەسووڕێنەوە.

ـ کار و پیشەی ترت نییە؟

ـ ئەم...

قەدیر، لەبری قسەکەی تەواو بکا، سەیری نادعەلی کرد؛ دەستی برد نانەکەی لە سەر ئاگر هەڵگرت، خۆڵەکەی لێ تەکاند

و کەوتە قرتاندنی. چاوی بڕییە عەرزەکە و خەریکی جاوین بوو. خۆشی ئەیزانی بە ئەماژە و تەشەرەکانی سەرنجی نادعەلی ڕاکێشاوە. بۆیە، کشایەوە، پاڵی دا بە سەکۆکەوە و نیگای وەکوو دوو خەرەنگێزی وشیار بڕییە دەرەوە. بەرەگەی نیگای، ئەندامی تێکسمراوی ژنێک، داپۆشی. لالا بوو. بە بینینی لالا، هێشتاش، ڕەنگ بە ڕوخساری قەدیرەوە نەئەما. چەنەی لە جووڵە کەوت و نیگای کەوتە پرتە پرت. وا دیار بوو نازانێ چی بکات. ژنی چەپاو، خڕە بەردێک بوو بیگریتە لقە دارێکی پڕ لە چۆلەکە. لقەکان جووڵابوونەوە و چۆلەکەکان کەوتبوونە فڕین. لالا، بە بێ گوێدانە پیاوەکان، چووە بەر پێشخانەکەی ئەسڵان، گەنمەکانی لۆی چارشێوەکەی هەڵڕشتە سەر تەختەکە، قاپە مسەکەی لە بن چارشێوەکەی دەرهێنا، لە سەر تەختەکە داینا و وتی:

ـ دۆشاوی کێوی. دیسانەوەش ئاوت تێ نەکردبێ، نینۆک وشک!

ئەسڵان گەنمەکەی کێشا و کردییە ناو کەنووی بن دیوارەکە. قاپەکەی لالای هەڵگرت و لە پشت تەختەکە چەمایەوە. پاش ساتێک پشتی ڕاست کردەوە و قاپی دۆشاوەکەی نایە سەر ترازووەکە، کێشای و دای بە لالا:

ـ ئەگەر دۆشاوەکەی زۆر بێخەوش بێ باش نییە. چونکە کەمەری چەپاو زۆر بەهێز ئەبێ و ئەبێ بە مایەی ژانە سەر. هەڵیگرە و بڕۆ!

لالا کە ڕا نەهاتبوو تەشەر لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ ماڵەوە، وتی:

ـ کەوا بوو خۆت لانیکەم ڕۆژی دوو سێ کەوچک لە بێخەوشەکەی بخۆ، بۆ ئەوەی ڕەنگ و ڕووت ئاوەها وەکوو گووی منالی هەتیو نەبێ!

ـ بڕۆ ئیتر نایەوێ شیرین زمانی بکەی!

بەڵام لالا نەڕۆیشت. ڕەنگە بە ئەنقەست نەڕۆیشت. لە

سەر پێ وەرگەڕا و لارەولار نیگای بە سەر قەدیردا تێپەڕاند و لە ئەسڵانی پرسی:

ـ ئەی براکەی ترت کوانێ؟ پێت لە دووکان بڕیوە!

ـ بڕۆ سەر مەخە سەرمان. ئەم دەم درێژییانە بۆ تۆ نەهاتووە!

ـ دەم و دووت زۆر جیقناوییە کوڕی بوندار؟!

لالا کەوتە ڕێ و پێش ئەوەی بە لای قەدیردا تیپەڕێ، خۆی ڕاوەشاند، دامێنی کراسەکەی لوولدا و وتی:

ـ تۆ ئیتر بۆ وەکوو دایک مردووەکان ماتەمینیت گرتووە، کوڕی کەلایی خواداد؟

قەدیر، ئەو هەناسەی هەتا ئێستە لە سینەیدا حەپسی کردبوو، بە دەنگێک دایە دەرەوە و کۆکەیەکی کرد. بەڵام بەر لەوەی بتوانێ وشەیەک بڵێ، لالا لە دەرگاکە چووبوە دەرەوە. قەدیر ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد. زمانی دوو چزووی ژن، ئەوەش ئەگەر ژنێکی لێزانی وەکوو لالا بێ، هەندێ شوێنی نامۆ لە ناخی مرۆڤدا ئاگر ئەدا. قەدیر لێوەکانی کرۆشت. ئەسڵان هەلێکی دەسکەوت تا قەدیر هەڵچزێنێ. بۆیە بە نادعەلی وت:

ـ شەنگە ژنە! وێنەی لە سەر زەوی پەیدا نابێ. بەر لەوەی شوو بکات بە چەپاو، خاڵۆژنی قەدیری ئاشنامان بوو. ئا ئەم قەدیرخانەی لای دەستەوە دانیشتووە. بەڵام هەندێ شت ڕوویدا، تەڵاقی سەند و بوو بە ژنی چەپاو. چەپاو شوانی ئێمەیە. بەڵام بۆ چەپاویش نابێ بە ژن. جنسی ژن کاتێکە خەوشی تیابوو، ئیتر هیچی لەگەڵ ناکرێ! وانییە قەدیرخان؟ ئەم قەدیرخانە لە هەموو کەس باشتر لالا ئەناسێ. ئێستە ئەوا شتێک بووە و ڕابردووە، خۆت بۆ پوورزاکەمانی بگێڕەوە قەدیرخان، خۆ پارێز و پەرێزی نییە، ها؟

قەدیر، هەمیشە وەڵامی ئامادەی پێبوو. بۆیە وتی:

ـ لالا هەواڵی شەیدای ئەپرسی و تۆ ئەتەوێ من چیرۆکەکەیت بۆ بگێڕمەوە؟

ئەسڵان وتی:
ــ لالا بە ناولنگی خۆی پێئەکەنێ، کە هەواڵی شەیدا ئەپرسێ. ژنەی شیپ وەشێن!
ــ تۆ بۆ پێی هەڵئەچی ئاشنا؟ شەیدا ئەگەر لێرە بوایە زۆریشی پێخۆش ئەبوو. ڕەنگە لە بەر ئەوەیە کە لالا خۆت بە پیاو نازانێ؟! هەرچی چۆن بێ هینەکەی شەیدا چەور و نەرمترە. گۆشت و بەزێکی پێوەیە. دەستیشی لەگەڵ گیرفانی بێگانە نییە. حەزی لە ڕابواردنە. وشک و پارەپیس نییە.
ــ تۆ باسی خۆت بۆ ناکەی قەدیر؟ بۆ کۆڵانی هەڵە پیشانی ئێمە ئەدەی؟ تۆیان بە سەریەوە گرتووە و تۆش باسی شەیدا ئەکەی؟
ــ چەند پیت خۆشە قسەی زل بکە، هەموو ئەزانن...
ــ چی ئەزانن؟
ــ هیچ بابە تۆش... لێمانگەڕێ با دەممان نەکەینەوە. شەیدا، دوور لە جەنابت، هەڤاڵی منە، پیاو باش نییە لە پشتە سەری هەڤاڵی خۆی قسە بکات.
ئەسڵان وتی:
ــ هەڤاڵی تۆ؟! شەیداش کێی دۆزیوەتەوە بۆ هەڤاڵەتی؟!
قەدیر، لە پاش هاتن و ڕۆیشتنی لالا، تاقەتی ئەوەی نەبوو دەم بخاتە دەمی ئەسڵان. خەیاڵی بە دوای دڵیدا ڕۆیشتبوو و لە لای لالا بوو. یادی شەوانی لالا:
شەوێکی کۆتایی زستان. بای ئەهات، زۆر توند نەبوو، بەڵام خەوش و خاڵی کۆڵانەکانی ڕائەماڵی و شاقەڵی کەوا سەڵتەی ڕائەشەکاند. لە پاشخانی ماڵێ سەنەما، قومار دامەزرابوو، بەختی قەدیر سوار بوو، بردنەوە ڕووی لە ئەو بوو. گێپەڕەی ملی پۆستاڵەکەی پڕببوو لە پارەی ورد و درشت و پارە ئاسنەکانیش لە سەر دەسەسڕێک لە بەردەمیدا قەڵا ببوو. خەنیمەکان خەریک بوو دەستیان بەتاڵ ئەبوو کە خاڵی قەدیر گەیشت و بە سەر

سەری خوشکەزاوە وەستا. یاری گەڕا و قەدیر هەستی کرد لە بن نیگای خاڵیدا ناتوانێ بەباشی یاری بکات، ئاسوودە نەبوو. خاڵۆ کە هەستی ئەکرد قەدیر لە پێشە، ئەیویست پارە دابنێ و ببێ بە شەریکی. بەڵام قەدیر نەی ئەویست بەختی خۆی لەگەڵ کەس بەش بکات. شانەوشانێکی کرد و پێڵووەکانی هەڵگڵۆفی. وای دەرخست خەوی دی. هەڵسا، جێی خۆی دا بە خاڵۆی و خۆی لە بن تەوس و پلاری یاریکەراندا تێی تەقاندە دەرەوە و پێی نایە ناو کۆڵان.

کڵاوەکەی با بردی. قەدیر هەڵات و کڵاوەکەی لە دەمی پلووسکەکە کردەوە. کردییەوە سەری و چووە بن دیوارەکە. پارەکانی لە ملی پۆستاڵەکەی دەرهێنا و خستیە ناو جزدانەکەی و وتی بەیانی ئەی ژمێرێ. نەشەی بردنەوە بوو. سەیری پشت سەری کرد. کەس بە دوایەوە نەبوو. ئەڵقەرێزە کۆنەکەی دەرگای ماڵی سەنەما. با، خستبوویە سەما و تەق و لەق دەنگی ئەهات، قەدیر بەرەو ماڵەوە چوو. بەڵام دڵنیابوو خەوی لێ ناکەوێ. چاوەکانی لە ناو کالانەدا وشک ببوون و لووتی ئەسوڵایەوە. شەو گەیشتبوویە ئاستێک، بەرەو ڕۆژ شۆڕ ببویەوە. کۆڵانەکان و ماڵەکان و کەلاوەکان و بایەقوشەکانیش دەنگیان لێوە نەئەهات و کپ ببوون، تەنها با بوو لە ناو پلووسک و گومەزی ماڵەکاندا ئەیهووژاند و خۆی ئەدا بەدار و دیواردا. ئەوەندەی نەمابوو کەڵەشێر بقوقێنێ.

لە ناو ڕێگە، بیرو هۆشی قەدیر بۆ دوولا ئەچوو: یەکیان لالا و یەکیان خاڵۆی. دڵی ئەیبرد بۆ لای لالا و بیری گیرۆدەی خاڵی بوو. بۆی ڕوون نەبوو قومار تاکەی بەردەوام ئەبێ، چونکە قەدیر پارەی قومارەکەی بردبوویەوە و دەرکەوتبوو. یارییەکە کاوی نەمابوو. قەدیر بیری ئەکردەوە کە یارییەکە یەک دوو سووڕی تر ئەگەڕێ، پاشان باوێشکدان دەس پێئەکات. پاش یاری، لای ڕوون نەبوو ئایە خاڵۆی بەو باڵا بەرز و کشاوەوە، بە ملی ڕەپ و لە سەر نووکی

پێ دێتەوە بۆ ماڵەوە و بە سەر ژنەکەیەوە ئەیگرێ یان نا؟!

سەرەڕای ئەمەش حەساب بە کاری قەدیر نەئەهات!

شێتێتی، تەنها تاوێک یەخەی مرۆڤ ئەگرێ، تامەزرۆیی لاوێتی و حەزی لەش، ئۆقرەت لە بەر ئەبرێ و لەم کاتەدا ئەبیت بە پاکیزەیەک کە چاوەکانت ئاوەڵەیە، بەڵام هیچ کوێ نابینێ. یەکێکی‌دی ئەو پەتەی خستۆتە ملت و ڕای ئەکێشێ. بۆ لای خۆی ڕات ئەکێشێ. لەو کاتەدا، لەوپەڕی تاوانکاری‌دا، فەردەیەکیت پڕ لە بێتاوانی. چۆخەیەکی سپیت لەبەردایە، بەڵام چاو و لێو و دەستەکانت پڕە لە حەزی لەش. تامەزرۆیی، هەموو گیانتی داگرتووە. ددانەکانت بۆ نێچیر ئەگەڕێن. هەناسەت بۆنی عەشقی لێدێ. گەرمی. نەء، خودی ئاگر! بڵێسەیەکی لە سەر ڕەچەڵەکی سەهۆڵبەندان. چاو لە هەموو بیر و هۆشێک ئەنووقێنی. ئەوەستی. ماڵی خاڵۆ، دیوار بە دیواری ماڵی کەلایی خوادادی باوکی قەدیر بوو. قەدیر لای دیوارەکە وەستا، دەوروبەری سەیرکرد و لەپڕ دەستی برد بۆ چێوپاساری بانەکە و وەک پشیلەیەکی چالاک، خۆی هەڵکێشا بۆ سەربان. ئەو بەری بانەکە، پلیکان بوو و بۆ سەرتەنوور ئەچوو. بە گومەزی بانەکەدا بە سینگە خشکە تێپەڕی و بە پلیکانەکان‌دا خزایە خوارەوە. ئەمە ڕێگەی هەمیشەیی ئەو بوو. لالا خشەخشی خزانی قەدیری لە سەر پلیکانەکان ناسیەوە. دەرگای ژوورەکەی بۆ کردەوە و قەدیر چووە ژوورەوە:

ـ کەس نەی بینیت؟

ـ نەء.

پاشان لێک ئالان. دوو بڵێسە. بۆنکردن و ماچ و باوەش. تاوێکی‌تر بوون بەیەک تەن. لە هالاو و گەرمای خۆیان‌دا ون بوون. تێکەڵ بەیەک. ئارەق کردوو، دەمیان وشک و تینوو. عەشقی بە دزی. بە پەلەپەل و ئاوێتە بە گڕی خۆف. خواردنەوەی زەرکێک سەهۆڵاو لە بەر تینی هەتاودا. وورووژمی نێرینە. دەرکەوتنی

پزیسکەیەک. ونبوونی پزیسکەیەک. هەرایەک لە بیابانێکی خامۆشدا، عەشقی بە دزی. قاقای دەروون لە سەر جێگای ساردی غەمدا. پەلە و پارێز. تینوویەک کە تەنها یەک جار و هەموو جارێکیش بۆ دواینجار بە لای کانیەکدا تێپەڕێ. تێر خواردنەوە. بەڵام کانی لەش و گیانی ژن کوا تەواو ئەبێ؟ ماچ. ماچێکیتر، دیسانەوە. هەڵمژینی بەرامەی هەناسە. خزاندنی لێو بە درزی نێوان مەمکەکاندا، نەرمەی قۆڵ و بناگوێ و ناو کەزیەیدا. بۆن کردن. دیسانەوە، بە سەریەکدا کەوتن، بە یەک تێکەڵبوون. گازگرتن لە سەر شان. دەمخەندە و تریقانەوە، حەزی ناڵە، کورت، کورت. خەندەی نەزانین. خرۆشی کپ کراو، داخراو، سەرەنجام خستنە بن ڕان، تێکەڵبوون، لێک بوونەوە و پێک بوونەوە. ون بوون. ون لە ونda. لوتکەی شێتێتی شێتەکان. شکان. نەمان. تیاچوون. خاوبوونەوە و تلیقانەوە بە سەر یەکدا. بێخود بوون. پەشیمانی. کۆتایی!

پیاڵەکەت هەڵداوە. ئارەقەت کردووە. ئاوێتەی ماندوێتی. ماندوو. بە مایەیەک لە بێزارییەوە. تەواوبوویت. یەکەم شت بیری لێ ئەکەیتەوە ئەوەیە لە سەر پێ ڕاوەستی. ئەتەوێ لەدەس چووەکان وەرگریتەوە. ئەو بارەی لە کۆڵت کردۆتەوە ئەبێ کۆی کەیتەوە. بوونت لە هاوارت ئەگەڕێ. لە کۆتایی هاوخەویی، بێزاری. ئەتەوێ هەڵێی. بیانووی ڕۆیشتن. لە بەر سەرما تاو ناهێنێ! گەرمای ژیان، ژیانی گەورە و بێ نیازی هاوخەویی، دیسانەوەش بانگت ئەکات. دەستی ژیان بەرەو ڕووی تۆ ئاوەڵایە، کراوەیە. پاڵی پێوە نەناوی. ئەتوانی خۆت حەوادەیتە ناو ڕەهەندی ڕەهایی. ژیان هەرگیز پاڵت پێوە نانێ. لە خۆی دوورت ناکاتەوە. جووتەکەت، هاوزادەکەت وا لەوێیە. لەیەکەم هەناسەدا خۆتی پێ بسپێرە!

دەنگی دەرگاکە ئەوەندە چزێنەر بوو، ئەتوت چزی دووپشکە. هەردووکیان ڕاچڵەکان. لالا کراسی لەبەرکرد و دەرپێی هەڵکێشا. قەدیر چیهەبوو لە پۆستاڵ و جاکەت و کڵاو دایە بن هەنگڵی، خۆی

هاوێشتە حەوشە و بەرەو سەرتەنوورەکە هەڵات. بەڵام درەنگ ببوو. چونکە خاڵۆ، بە پەنجە باریک و درێژەکانی، ئەڵقەڕێزەکەی ترازاندبوو و پێی نابوویە ناو حەوشە:

ـ «نان بە حەرام، بێ ئابڕووت کردم!»

ئەو شەوە چۆن ڕابرد؟ قەدیر نەی ئەتوانی بۆ خۆی بیگێڕێتەوە. هەڵات بۆ بیابان و بەیانی هاتەوە بۆ قەڵاچیمەن و لە ناو کا و هێزمی هەمار، لە خۆفێکی قووڵدا خۆی شاردەوە، تا بردیان بۆ ماڵی بابقولی بوندار، جەندەرمە هاتن کەلەپچەیان کرد و بە کۆڵاندا گەڕانیان.

خاڵۆ، بەو شەوە کەوتە مشتومڕ لەگەڵ لالا. بەڵام لالا ژنێک نەبوو خۆی بڕەنجێنێ. هەمان کات داوای تەڵاقی کردبوو. خاڵۆ نەی توانیبوو دەستی لێ بەرز بکاتەوە. خاڵۆ نە وەکوو لالا چالاک بوو و نە زمانی وەکوو ئەو ژهراویی بوو. قەدیریان برد بۆ شار و حەپسیان کرد. خاڵۆ، لالای تەڵاقدا و ماوەیەک خانەنشین بوو.

تا گەڕانەوەی قەدیر، بابقولی بوندار، لالای لە شوانەکەی خۆی چەپاو مارە بڕیبوو. خالۆی قەدیریش زستانی ساڵی پاشتر، ژنەکەی پێشووی چەپاوی هێنا و کردی بە هی خۆی. سەرەڕای ئەمانەش قەدیر هێشتاش دڵ لە دووی لالا بوو. بەڵام...

قەدیر خامۆش بوو. بە قازانجی نەئەدی درێژە بەو باسە بدات. زۆر شت هەبوو بۆ وتن، بەڵام وتن جێی خۆی هەیە. ئەگینا قەدیر لە هەموو کەس باشتری ئەزانی ئەوە بابقولی بوو لالای دا بە چەپاو. ئەم پارووە ئەو هاوێشتیە ناو سفرەی چەپاو، بەو هیوایەی خۆشی جارجارە دەنووکێکی لێبدات. بەڵام هەموو کەس ئەوەی ئەزانی لالا بە ئاسانی لە بن هەموو پیاوێکدا ناخەوێ. ئەویش کاتێکە ئەو پیاوە چەپاو بێ. لالا بە ناچاریی چەپاوی کردبوو بە سایەی سەری. کاری بە ناوەکەی هەبوو. ئەوە ئاشکرا بوو کە لالا نەک هەر سواریی بە چەپاو نادا، بەڵکوو سواریشی ئەبێ. بە بێ

پیاو گوزەرانی ژن بە تەنهایی دژوار بوو. بەد ناویشی زیاتر. ناوی چەپاو حەشارێک بوو، لالا لە پشتیدا خۆی ئەشاردەوە. خۆی پێ دائەپۆشی. بۆ لالا، چەپاو تەنها سەرپۆشێک بوو. قەدیر ئەمانەی ئەزانی. هەروەها ئەوەشی ئەزانی کە قاچی لالا بۆ لای شەیدا خزیوە. هەرچەند بابقولی بوندار یەک دووجار خۆی گەیاندبوویە لالا، بەڵام لالا چاوی لە شەیدا بوو. لەم ناوەدا قەدیر بێبەش ببوو. تەنها و بێ دەروو. لە یاری دەرکرابوو و ئەوەی بۆی مابوویەوە، بەد ناوی بوو. قۆزی و لاوچاکی شەیدا لە قەدیر سەر بوو. دەست و باڵی ئاواڵەتر و چاو و چارەی ڕوونتر بوو. ئەمە وای کردبوو، قەدیر بۆ کونێک بگەڕێ شەیدای تێ بچەپێنێ. ئەیویست دەستی لە شوێنێک بەند بکات. تووشی بکات. ئەگەر شەیدا سەری لە شوێنێک بەند ببێ، ڕۆچنەیەک بۆ قەدیر ئەکرێتەوە.

لالا، بەو ئەندازەی کە شەنگ و بەناز بوو، بەخیلیش بوو. نەی ئەتوانی هیچ ژنێک لە بەرامبەر خۆیدا ببینێ. لالا، لەو ژنانە بوو کە بچووکترین بزەی پێکەنین و نیگا، کەمترین جووڵەی لەش و خۆبادان و ناسکترین ناز و نووزی ئەزانی و -هەرکات کە بە پێویستی بزانیبا- کەڵکی لێوەر ئەگرت. بە یەک دووجار لەگەڵ خەوتن، پەزەکانی چەپاوی کردبوو بە ناوی خۆیەوە. بە خۆبادانێک، شەیدای ڕاکێشابوو بۆ لای خۆی. یاری بە بابقولی بوندار ئەکرد. قەدیری بە ئاهی تامەزرۆییەوە سووتاندبوو. لالا بە شێوەیەک گیرۆدەی کێشەرەکانی خۆی بوو. بورکانی ئاگر بوو. ئەو حەزەی بۆ ڕاکێشانی پیاوان و دزینی بیر و هۆشی ئەوان هەیبوو، لەو ڕقەی لە ژنان، ژنی لەبار هەیبوو، کەمتر نەبوو. کەوابوو، شێرۆ!

قەدیر، دڵنیابوو لەوەی کە شێرۆ باشترین یارمەتیدەرە بۆ ئەو. کاتێک شەیدا دڵی بچێ بۆ لای شێرۆ، مەیدان بۆ قەدیر ئەکرێتەوە. بوندار و چەپاو ئەو پیاوانە نەبوون لالا ڕووی خۆشیان پیشان بدات. بۆ خۆی جارێکیتر ئەبوویەوە بە یەکەم سواری مەیدانەکە. کەوابوو لەم مەیدانەی ئەم جەنگەدا، کوێ لەبارتر

لە ماڵی ماهدەروێش و کام ڕوو خۆشتر لە ڕووی شێرۆ! ژنێکی پێگەیشتوو، دەساودەس نەکراو، هاوکەناری پیاوێکی ماندوو و داماو؛ ماهدەروێش. کابرایەک کە پشتی لە بن باری سووکایەتی‌دا چەماوەتەوە، قاچی ترازاوە و لە لێژیی دایە، ئەتلێ و بەرەو گلان ئەچێ. پیاوێکی ناچار کە لە بن بەند و بەستەکانی بابقولی بونداردا خەریکە ئەتوێتەوە و هەوڵ ئەدا دەرمانی دەردەکەی لە تەنیشت نێرگەلەی شیرەکێشخانەکەی سەنەما بدۆزێتەوە. بۆ قەدیر ئەمە هەم فاڵ بوو هەم تەماشا. تۆڵەسەندنەوە لە هەموو ئەوانەی، بە شێوەیەک لە مەیدان دەریانهاویشتبوو.

بابقولی بوندار و شەیدا و لالا و ماهدەروێش.

لەم ناوەدا شێرۆ ئەبێ بە قوربانی؟!

با ببێ!

قەدیر دەرفەتی بەزەیی نەبوو. کینە. ئەوەی کە فەرمانی بە قەدیر ئەدا ڕق و کینە بوو. ماهەکی ڕقەکەی ملۆزم بوونە. لەخۆڕازی بوونە پێشێل کراوەکەی، ئەبوا قەرەبوو بکرێتەوە. ئەوەی کە ئەگلێ، مەترسیدارترە. ڕق و قین لە دەروونی مرۆڤی ڕووخاو -یان مرۆڤێک کە پێی وایە ڕووخاوە- ڕووی لە کەسێک و شتێک نییە، قینی وەها کەسێک، ڕووی لە دیوار، لە دڵدار و لە خاکی بیابانیشە. ماهدەروێش ئەفەوتێ، بە قیر و سیا! شەیدا ڕیسوا ئەبێ، چش، باشتر! بوندار، ڕێز و ئابڕووی ساختەی لە دەس ئەدات، زۆر چاکە! چەپاو ئەکەوێتە گەوادیی، جا قەی چی ئەکا! شێرۆ ئەبێ بە قوربانی، بۆچی نەبێ؟ لالا ئەشکێ، ئەگەر بشکێ؟ چزووی تیژی مار، لەم کاتەدا ڕووی لە ماهدەروێشە. باشە! با فێرببێ لەوە زیاتر ماستاو بۆ بابقولی بوندار نەکات! با لەوە زیاتر هاتووچۆی ماڵی کەلایی خواداد نەکات و بۆ کڕینی وشترەکانی، خۆ تێ هەڵنەقورتێنێ. با بزانێ ماستاوکردن ئەندازەی هەیە. با تێبگات!

ڕق و قین ڕێگە ئەدۆزێتەوە و بە دوای هۆدا ئەگەڕێ. قەدیر،

کە بەو جۆرە کەوتۆتە تەنگانەوە، بەو جۆرە خۆی ڕازی ئەکات. پشیلەیەکی گیرۆدەی دیواری تەنگەبەر و دەرگا داخراو. پەنجە بە دیواردا ئەکێشێ. باوک وەها؟! کار بەو جۆرە؟! لالا بەوشێوە؟! ڕووئەدا کە مرۆڤ ئەبێ بە بزنی گەڕ. هەندێ جاریش، سەگی هارە و قولاپە ئەگرێ. نەخۆشیەکەی بێباکانە تووشی خەڵک ئەکات. لە بەری هەڵدێن. خۆف و نەفرەت. هەموو لەبەری هەڵدێن. ئاخۆ کەی خەنجەرێک بچەقێ بە لاملی سەگی هاردا؟! دواین نەڕەی گەروویەکی بریندار! پاشان، تل بوونەوە بۆ ناو قووڵکەیەکی پڕ لە خەوش و خاڵ. قەپۆز قورووسکەی لێ ئەبڕێ.

قەدیر، ئایە هار ببوو؟!

ــ دەی ئاشنا! نەتوت کاروبارت چییە؟ کاڵا چت هەیە؟

قەدیر هاتەوە بە خۆیدا. سەیری نادعەلی کرد. تاوێک دوور کەوتبوویەوە. بە بزەیەکی ساختەوە سەیری پشت پێشخانەکەی کرد. ئەسلان لەوێ نەمابوو، یان بۆ کارێک چووبوویەوە بۆ ماڵەوە. پاشان زیرەکانە لە وەڵامی نادعەلیدا وتی:

ــ تۆ ڕەنگە کڕیاری نەبی؟!

ــ چیت هەیە؟

قەدیر لێوە قەیتانیەکانی خۆی بە زمان لستەوە و وتی:

ــ ڕەنگیشە کڕیار بی، کێ چووزانێ؟

ــ چیت هەیە کە ئەوەندە گرنگی ئەکەیت؟!

ــ ئارەقی کۆن. خۆم خستوومە، بەڵام لە لای خۆت بێ.

ــ ئەمە خۆ ئیتر چرپە چرپی پێناوێ!

ــ تۆ ئاگات لێ نیە، لێرە ئەوکارانە گوناحی مەزنە!

ــ شوێنەکەی کوێیە؟ هەتە بیهێنی؟

ــ بۆ ئێرە؟ زەحمەتە بابە! ئەگەر ئەتەوێ شەو پێتی ئەگەیەنم. ئێستە نابێ. بەڵام هەمان پیاڵەی یەکەم گەرمت ئەکات. وات لێئەکا زستانت لە بیر بچێتەوە. بەس بابقولی بوندار نابێ پێبزانێ، باشە؟!

ئەسڵان خەریک بوو لە دەربیجەکەوە ئەهاتە ژوورەوە. نادعەلی پرسی:

ـ شەو لە کوێ بتبینم؟

ـ خۆم ئاگادارت ئەکەم. لەگەڵ شەیدا خۆ نێوانت هەیە؟!

ـ ئەی چۆن.

قوربان بەلووچ هاتە ژوورەوە. سڵاوی کرد و بە ئارامی لە سووچێکەوە دانیشت و پاشماوەی باوێشکەکەی جاوییەوە. ئەسڵان پرسی:

ـ چاوەکانت خوێنی لێ ئەتکێ بەلووچ، چیتە؟ ئەڵێی نەخەوتوویت؟

ـ نا ئەرباب. زۆر خەوتووم. بوندار هەواڵی نییە؟

ـ هێشتا نا، بەڵام کاتیەتی دەربکەوێ.

قوربان بەلووچ پرسی:

ـ ماهدەروێش لە کوێیە؟ بۆ ئەم دەوروبەرە نەهاتووە؟

ئەسڵان وتی:

ـ نەمبینیوە.

بەلووچ سەری داخست و لەبنەوە سەیری قەدیری ئەکرد. قەدیر بە نیونیگایەک وەڵامی دایەوە. ڕابوو، چوو بۆ لای بەلووچ، لایەوە دانیشت و وتی:

ـ قوتووی ناسەکەتمان بەرێ با نۆکێک بخەمە بن زمانم!

قوربان بەلووچ، قوتووی ناسەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دای بە قەدیر:

ـ پیاوێکی ناتەواوی کوڕی کەلایی خواداد! سەیدی ڕەبەن خۆی لێیدراوە و تۆش دوێشەو سەرخۆشت کرد و بە نەخۆشی لە ناو گوڵبێنەی گەرماوەکە بەجێ هێشت و ڕۆیشتی! ئەگەر فریای نەکەوتایەتم، مردبوو!

ـ باشە، بۆ کوێ چووی لەوێوە؟

قەدیر ئاردی ناسەکەی کردە بن زمانی. لێوەکانی بەست و

پێڵووەکانی هێنایەوە یەک.

قوتووەکەی دایەوە بە بەلووچ و وتی:

ــ چەند تیژ و تاڵە ناسەکەت هەمووی قسڵە پیاو! دیسانەوە خۆت دروستت کردووە؟!

قەدیر، ئەیویست ئاقاری قسەکە بگۆڕێ. بەلووچ زانی ئەیەوێ خۆی لا بدات، وتی:

ــ خوا ڕازی نابێ قەدیر! سەید خواییەکەی لێدراوە، ئێوە ئیتر لێی مەدەن.

قەدیر لە بن شانی قوربان بەلووچ هەڵسا و وتی:

ــ گوێت لە زەنگۆڵەی وشترەکانە؟ پێم وابێ خەڵووزکەرەکان بن. با بڕۆین بۆ لایان!

قەدیر چووە دەرەوە و لە کۆڵان وتی:

ــ بابقولی بوندار هاتەوە. دوو بار قۆزاخەشی پێیە!

قوربان بەلووچ هەڵسا و چووە دەرەوە. بە دوای ئەودا نادعەلیش هەڵسا و خۆی ڕاکێش کرد بۆ دەرەوە. پاشان ئەسڵانیش لە ژێر تەختەکەوە هاتە ئەمدیو و چوو بە پێشوازی باوکیەوە.

ــ خیا... هەووو.

خاڵە مەندەلوو دەسکەوساری وشترەکانی ڕائەکێشا، شانی ئەلەقاند و ئەهات. بابقولی بوندار، تۆزێک لە پیشەوە بە سواری هێسرەکەی ئەهات و خۆی ئامادەکردبوو دابەزی. قوربان بەلووچ هەڵاتە پێشەوە، هەوساری هێسرەکەی لەدەست بوندار وەرگرت و سڵاوی کرد. بابقولی بوندار دابەزی و پشتی بەرکەکەی ڕێک کرد و لە وەڵامی سڵاوەکەی ئەسڵاندا سەری لەقاند. خاڵە مەندەلوو هەوسارەکەی شل کرد و چاوەڕێ بوو ڕێگەیەکی پیشان بدەن. بابقولی بوندار پێی وت وشترەکان لە بەر دەرگا یخ بدات و بارەکانی بکاتەوە. خاڵە مەندەلوو کەوتە خەواندنی وشترەکان. ئەسڵان هەوسارەکەی لە قوربان بەلووچ وەرگرت و هێسرەکەی بردە حەوشە. قوربان بەلووچ چوو بۆ یارمەتیدانی خاڵە مەندەلوو.

بابقولی بوندار لە سەر سەکۆی بەردەرگا دانیشت و جگەرەیەکی دەرهێنا. قەدیر سڵاوی لە بابقولی بوندار کرد. بابقولی بە بێ ئەوەی سەیری بکات، وەڵامی دایەوە. قەدیر شەمچەیەکی لە بن پشتوێنەکەی دەرهێنا و جگەرەکەی بونداری داگیراند. بابقولی سەری ڕاوەشاند و قەدیر چوو بە دەم خاڵە مەندەلوو و قوربان بەلووچەوە. نادعەلی لە پشت بارەکان لای دیواری کۆڵانەکە وەستابوو. خاڵە مەندەلوو و بەلووچ بارەکانیان دابەزاند. ئەسڵان دەرگاکەی چوارتاق کردەوە. خاڵە مەندەلوو وشترەکانی هەڵسانەد. وشترەکان لای جۆگەی ئاوەکە وەستان. قوربان بەلووچ و خاڵە مەندەلوو، دەستیان گرت و فەردەیەکیان بردە ژوورەوە. قەدیر بە سەر فەردەیەکەوە وەستابوو، یاری ئەویست. ئەسڵان هات، دەستیدا بەدەستی قەدیرەوە و بە تەکانێک فەردەکەیان لە عەرز هەڵێنا و بردیانە حەوشە. خاڵە و بەلووچ هاتنەوە و فەردەیەکی تریان برد. دوا فەردە هی ئەسڵان و قەدیر بوو. نزیک دەرگای هەمارەکە دایاننا. ئەسڵان دەسبەجێ، بێژنگێکی لە بن دیوارەکە هەڵگرت و چووە دەرەوە، تا قۆزاخە ڕژاوەکان لە سەر خۆڵەکە کۆبکاتەوە.

بابقولی بە خاڵە مەندەلووی وت:

ـ وشترەکان بهێنە بۆ حەوشە. دڕکی لێیە. بیانکە ناو گەونەکە. با بڵێم کوڕەکەت بانگ بکەن... تۆ بۆ لێرە وەستاوی نادعەلی؟ وەرە پێشەوە بزانم حاڵ و ڕۆژت چۆنە؟

نادعەلی ئارام و لەسەرخۆ بەرەو لای خاڵۆی چوو. بابقولی لە سەر سەکۆکە هەڵسا، قۆڵی نادعەلی گرت و پێی نایە حەوشە. بابقولی -کە شادمانیەکی بێ ڕادە لە کردار و ئاخاوتنی دابوو- هاواری کرد:

ـ مووسا لە کوێی؟ مووسا، وەرە دەرەوە باوکتم بۆ هێناوی. وەرە دەرەوە!

مووسا لە پلیکانەکانی ژێرخانەکە سەرکەوت و وەکوو

شەوکوێرەکان چاوی بە ناو حەوشەدا گەڕاند و دەستێکی بە چاو و تەوێڵیدا هێنا. بوندار هەروا قۆڵی نادعەلی گرتبوو، پێی نایە سەر پلیکانی ژێر زەمینەکە و وتی:

ـ با بزانم کارەکەیان گەیشتۆتە کوێ؟ تۆ نادعەلی، هەتا ئێستا تەونی وەهات بینیوە؟ لای ئێوە دارتەوەنەکە لە سەر عەرز ڕائەکێشن، وانییە؟

ـ بەڵێ.

ـ من لێرە، ئەمجۆرەیم کردووە بە باو، کار، کاردانەوەی زۆر زیاترە. سەیر ئەکەی چەند منداڵ ئەتوانن لە سەر تەونێک کاربکەن؟ منداڵ ماندوو نابن!

ـ سەلام بوندار.

مووسا بە دوای بوندار و نادعەلیدا خزابوویە ژوورەوە. بوندار پێی وت:

ـ ئەی بۆ نەچووی بۆ لای باوکت؟ ئەڵێی نێوانت لەگەڵی خۆش نییە. ها؟ جارێک بینینی هیچت لێکەم ناکاتەوە. بڕۆ بۆ لای. پیرەمێرد ئەو هەموو ڕێگەی بڕیوە چاوی بە تۆ بکەوێ، ئەگینا من ئەمتوانی ئەم دووبارە قۆزاخەیە بە وشترەکانی خۆمان بهێنمەوە.

مووسا وتی:

ـ دەست هەڵگرە بوندار! باوکی من چ کارێکی لێرە هەیە؟

ـ بڕۆ دەرەوە، بۆت دەرئەکەوێ کاری چییە. وا لە کۆڵان، وشترەکانی ئاو بدا و بیانهێنێتە ژوورەوە.

مووسا بە پلیکانەکاندا سەرکەوتەوە. باوکی وشترەکانی هێنابوویە حەوشە و کردبوونیە ناو گەونەکە. بە ناباوڕییەوە چوو بۆ لای باوکی و پیرەمێردیش بەرەوڕووی هات. لای ملی وشترەکە بەیەک گەیشتن. سەیری یەکتریان کرد. مووسا بەرەو شوێن خەوەکەی خۆی کە لە پشت ئاخوڕی مەڕەکان بوو کەوتە ڕێ و وتی:

ـ وەرە... وەرە دار و توربێنەکەت لێرە دابنێ. وەرە!

خاڵە مەندەلوو بە دوای کوڕەکەیدا کەوتە ڕێ و بابقولی بوندار، لەگەڵ نادعەلی لە ژێرخانەکە هاتە دەرەوە.

قەدیر و قوربان بەلووچ لای ئاخوڕەکە وەستابوون و ئەسڵان شەڵتەی شتومەکەکەی لە دەربیجەکەوە ئەخستە ناو دووکانەکەوە. بوندار وەستا و پرسیاری کرد:

ـ ئەی ماهدەروێش لەکام گۆڕستانە؟ دیاری نییە؟

قوربان بەلووچ وتی:

ـ ئەڵێن نەخۆش کەوتووە، بوندار. لە ژێر قورسی خەوتووە.

ـ تا من دیارم وەکوو سەگی پێسووتاو بەملا و ئەولادا ڕائەکات، بەڵام ئەوەندەی چاوی منی بە دوور بینی لەرزوتا ئەیگرێ! گورج بڕۆ بە دوایدا، هەڵیگرە و بیهێنە. کارم پێیەتی. بڵێ ئەمشەو لێرە ڕەوزەخوێنیمان هەیە. بۆ وەستاوی؟ پاشانیش وەرەوە لەگەڵ قەدیر ئەم قۆزاخەیە هەڵڕێژە ناو هەمار.

قوربان بەلووچ سەیرێکی قەدیری کرد و چوو بۆ لای بابقولی بوندار:

ـ کاری پەلەم پێتە بوندار.

بابقولی لە نادعەلی جیابوویەوە و قوربان بەلووچی برد بۆ لای هەیوانی تەنوورەکە:

ـ ئا؟ هەواڵ چییە؟

ـ دوێشەو توربەکێشی جیهەن خانی سەرحەدی هاتبوو بۆ قەڵاچیمەن. لە ڕاستیدا لە لایەن بازخانی ئەفغانەوە هاتبوو. ئەزانی خۆ، جیهەن خانی سەرحەدی ئێستە بووە بە دەستی بازخانی ئەفغان! من خودی جیهەن خان ئەناسم. لە بەلووچەکانی سەر سنوورە. خەڵکی سەرەخسە. هەرچی چۆن بێ توربەکێشەکەی هاتبوو تۆ ببینێ.

ـ باشە؟ بۆ کوێ چوو؟ دوێشەو ئەمویست بگەڕێمەوە. بەڵام بە ناچاریی میوانی ئاغە بووم. تف! ئێستە چی؟

ـ هەواڵەکەم لێوەرگرت. خەمت نەبێ. ئەمشەو، نیوەی شەو، لای حەوت دز. کاڵاکەی لەوێ لێوەرئەگرین. ئێمە ئەبێ پێش ئەوان لەوێ بین. بۆیە ویستم پیت بڵێم، ئەمشەو ئێرە زۆر قەڵەباڵخ نەبێ باشترە.

ـ قەڵە باڵخی ئێرە زۆر ناخایەنێ. نەء. زوو تەواوی ئەکەین. چاکە، چاکە! جیهەن خان ئەناسم، سەردەمایەک چەتە بوو، چەتەیەکی جوامێریش بوو. خۆیەتی، ئەرێ؟

ـ بەڵێ، خۆیەتی. خەڵکی زۆر کوشت. بەڵام ئێستا خۆی بووە بە دزبگیر! پارە لە حکوومەت وەرئەگرێ و دزی بۆ ئەگرێ. حەشیش و تریاکیش لە سنووری ئەفغان ئەپەڕێنێتەوە. کەین و بەینی لەگەڵیان هەیە. ویستم پەیامەکەی زووتر بگەیەنم. ئێستەش تۆ چۆنی بە باش بزانی... ئەمشەو ڕەوزەخوێنیتان هەیە؟

ـ ئا... شتی ناخۆش ڕووی نەداوە. هەواڵێک هەیە ئەبێ بیدەم بە خەڵکی ئاوایی.

ـ بڕیاری کوێخایەتی؟ خێرە.

گەڕانەوە. قەدیر هەروا لە سەر جێگەکەی وەستابوو و نادعەلی چۆخە بە شان لای داڵانەکە، نزیک دەرگای ژوورەکەی نوورجیهان و شانی نابوو بە دیوارەکەوە. بابقولی بە قوربان بەلووچی وت:

ـ زۆر درێژی ناکەینەوە. بە ماهدەروێش بڵی بە خێرایی بچێتە سەر مینبەر و بە خێرایی تەواوی بکات. زۆری پێ ناوێ! جارێ برۆ بیهێنە بۆ ئێرە... برۆ. شتێکی تر... نیو مەن جۆیش لە ئەسڵان وەرگرە بیکەرە ئاخوڕی ماینەکە!

قوربان بەلووچ چووە بەر دەربیجەکە و بابقولی بەرامبەر بە قەدیر وەستا و وتی:

ـ تۆ بۆ وا وڕ و واق وەستاوی؟ کەلایی خوادادی ئاشنای من چۆنە؟

قەدیر وتی:

ـ منیش کارێکم پێت هەیە، بوندار!
بابقولی ئەماژەی بە نادعەلی کرد و وتی:
ـ میوانم هەیە، نابینی؟ کاری تۆیش ڕەنگە هەمان هەڵیت و پەڵیتەکەی بەلووچە! دەرفەت بدەن هەواڵێکی خوشکەزاکەم بپرسم. لەو کاتەوە چووە بۆ سەربازیی تێر نەمدیوە. تۆ جارێ بچۆ خەڵک ئاگادار بکە با بێن بۆ ئێرە. ڕەوزەیە. بڕۆ سەربانی گەرماو چوار جاڕ بدە. پاش ڕەوزەکەش گوێت لێ‌ئەگرم بزانم کار و قسەت چییە؟ بڕۆ بزانم، باریکەڵڵا. بە کابرای گوڵبینەوانیش بڵێ با چا بگێڕێ... ئەسڵان هۆ ئەسڵان!
ئەسڵان سەری لە دەربیجەکەوە هێنا دەرێ. بابقولی بوندار وتی:
ـ تۆش زووتر خۆت کۆکەرەوە و سەماوەرە گەورەکە داگیرسێنە. بە دادەشت بڵێ ئەمڕۆ زووتر دەس لە کار هەڵگرێ و پیاڵە و ژێرپیاڵەکان ئامادەبکات. بە یەکێک لەو مناڵانەش بڵێ ئاگر بۆ قورسیەکە تەیار بکات. مووسا! بە مووساش بڵێ. بەلووچ و قەدیر کە گەڕانەوە با قۆزاخەکان لە سەر ڕێ هەڵگرن و بیکەنە هەمارەوە. باشە ئیتر. مەگەر هەموو شتێک من ئەبێ بیڵێم؟ با بڕۆین نادعەلی... نەتوت دایکت چۆنە؟
نادعەلی بە دوای خاڵیدا لە پلیکانەکان سەرکەوت و لەگەڵی چووە ژووری سەرەوە. لە ژێر قورسیەکە دانیشتن. بابقولی لێفەکەی کێشا بە سەر چۆکیدا و وتی:
ـ چ ڕۆژێکی ڕژد و دژوار بوو ئەمڕۆ! ئەژنۆکانم بەستوویانە! دەی... باسی خۆت بکە. بیستوومە نەخۆشی! ڕەنگ و ڕووشت پەڕیوە. زانیبووم بەرەو قەڵاچیمەن دێی. هاوسەفەرەکانت وتیان.
ـ گوڵمحەمەد؟
ـ ئەویش و خاڵە مەندەلووش.
ـ ئا... شەو تا بەیانی پێکەوە ڕێمان کرد. بەو پیرییەی پیاوێکی سەختە.

ـ دەی! بۆ ئەو ناوە، بۆ لێڕی شۆڕاو؟ بۆچی چووبووی؟ بە دوای کەسێکدا ئەگەڕێی؟

نادعەلی وەڵامی دایەوە:

ـ یەکێک لە هاوڕێیانی سەردەمی سەربازیم لە سوورکێو بوو. چووم بۆ سەردانی ئەو، ئەویش ڕێک نەکەوت. چووبوو بۆ زیارەت.

بابقولی وتی:

ـ بڕیار بوو ببی بەزاوا، بیستم. ئەوە چی بە سەر هات؟ بە نرخی کوژرانی باوکت تەواو بوو، ها؟ نرخێکی گران بوو! بێچارە حاجی حسێن، خوا عافووی کات.

ـ هەرچی بوو، ڕابوورد. بەڵام لێرە، لە ناو ئەو منالانەی خەریکی قاڵیچنین بوون، کچێکی گەنجیشی لێ بوو. پێموابوو ئاشنایە! ئەوە کێیە؟ هی ئێرەیە یان غەریبە؟

بابقولی، زیرەکانە سەیری خوشکەزاکەی کرد و وتی:

ـ چاوی گرتوویت؟

ـ نە بە خوا، بەس هەستم کرد لە شوێنێک بینیومە. نازانم بۆچی ئەوەندە لە بەر چاوم ئاشنایە!

ـ ئەوە شێرۆیە، خوشکی گوڵمحەمەدە، ڕەنگە بۆیە شێوەت کردووە!

ـ ڕەنگە، ڕەنگە، چەندە... لە... مەدیار...

ـ لەگەڵ کێ قسەئەکەی؟ باسی چی ئەکەی؟

ـ نا... نا... هیچ... هەواڵێکی خۆشم بیستووە بە ڕاست. خێری پێوەبێ. گوایە ئەتەوێ ئەسڵان بکەی بەزاوا، وایە؟

ـ ئەی... با بزانین چۆن ئەبێ. ئێمە ئەمانەوێ، جا ئەوەی سەری سەرەوە چۆنی بوێ!

ـ بووکەکە لە کام لایە؟

ـ لە حاجی پەسەند. باوکی بووک پوورزای گوڵمحەمەدە. مەڕدارن. دەشتەکی بووە و نیشتەجێ بووە. قەڵاتی خوێناڵیان

هەیە. کچی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، خراپ نییە. ماڵ و ڕێزی خۆی هەیە. کچەکەی خەجۆیش لە بەر دڵانە، منداڵکارە، تاقە منداڵە. بۆ ئێمە ئەشێ. لەمڕۆژانەدا بڕیار وایە بچین و پێشکەشیان بۆ ببەین. وتت دایکت حاڵی باش نییە، ها؟

نادعەلی وتی:

ـ هێشتاش ڕەشپۆشە.

ئەسڵان هاتە ژوورەوە، سەماوەرە گەورەکەی لە پاشخانە هێنا و بەرەو دەرگاکە چوو. بابقولی لێیپرسی:

ـ هەواڵی کوڕی حاجی پەسەند نەبوو؟

ـ نەوەڵڵا. گوایە دایکی نەخۆش کەوتووە. چووە کارەکان ببات بۆ گەوڕ، گۆچانەکەی خزاوە و کەوتۆتە ناو ئەستێڵی ئاوەکە، پاشان سینەپاڵووی کردوە و کەوتووە.

بابقولی بوندار پێکەنی:

ـ ئەمەش لە بەختی تۆ!

ئەسڵان سەری داخست و سەماوەرەکەی بردە دەرەوە، بابقولی بانگی کرد:

ـ دیوەخانەکە ڕێکوپێک بکەن. یەک دوو مەنگەڵ پشکۆشی لێدابنێن با گەرم بێ. ئەو کورسیەش خاوێن کەرەوە و لای سەرووی ژوورەکەوە دای بنێ!

ماهدەروێشیان هێنا. قوربان بەلووچ بنباڵی گرتبوو و ڕای ئەکێشا. ماندوو و کوتراو و پیر بوو. پێڵووەکانی، ناوچاوانی و ژێرچاوەکانی ئاوسابوون. نیشانەی شپرزەیی. زیاد لە پێویست دەروونی تێکچڕژابوو و تیاچووبوو. قوربان لە بندیوارەکە دای نیشاند. ماهدەروێش وەکوو شووڵێک لای دیوارەکە نوشتایەوە و پاشان قرچ، شکا. بە زۆر ئەژنۆی بەرزکردەوە و سەری داخست. بابقولی بوندار کەوتە گاڵتەکردن بە دەروێش. بەڵام ئەو نەی ئەتوانی پێبکەنێ. تەنانەت توانای سەیرکردنێکی سادەشی نەبوو. بابقولی گاڵتەی کەمکردەوە و وتی:

ـ ئەمشەو ڕەوزەمان هەیە. ئەبێ باسی کەربەلایان بۆ بکەی، هەڵسە بڕۆ خۆت تەیار بکە.

ـ ناتوانم بڕۆم، بوندار! دەست و پێم بووە بە تەختە. ناتوانم جووڵە بکەم. مەگەر یەکێک بنێری بە دوای پوورە سەنەمادا، چرا و وافوورەکەی هەڵگرێ و بیهێنێ بۆ ئێرە.

دەنگیشی زەلیل ببوو. قاڵۆڕەیەکی وشک و شکاو بیکوتی بە پشتی هێسرێکی ڕەقەڵەدا. دەنگی ئەلەرزا و ئەشکایەوە. بابقولی بوندار وتی:

ـ ئەوا خەڵک خەریکن کۆ ئەبنەوە. خۆ ناکرێ چرای شیرە بهێنن بۆ ئێرە! ڕەنگیشە بکرێ نۆکێک تریاک هەڵدەیتە ناو گەرووت. وتت چی، پێت چۆنە؟ وەرە نزیکەوە... وەرە ژێر قورسیەکە. نامەوێ ڕەوزەکە زۆر خەست بکەیتەوە. چوار وشە باسی کارەساتی جەددت، هەر ئەوەندە. بەلووچ زەرکێک ئاوی گەرم بهێنە!

ماهدەروێش خزایە پێشەوە. بەلووچ نیو پیاڵە ئاوی گەرمی هێنا. بابقولی بەقەد لوبیایەک تریاکی لە گیرفانی دەرهێنا، خستیە ناو پیاڵەی ئاوە گەرمەکە. تریاکەکەی بە پەنجە لە ناو ئاوەکەدا تواندەوە و پیاڵەکەی دا بەدەست ماهدەروێشەوە. ماهدەروێش پیاڵەکەی وەرگرت و بردی بۆ دەمی، هەڵیدا و چاوی قووچاند و پەڕەی لووتی کەوتنەفڕین. دەوری دەمی لستەوە؛ پیاڵەکەی دانا و دەنکە خورماکەی لە دەستی بابقولی بوندار وەرگرت و "پاساوی تاڵی" خستیە سەر زمانی. بابقولی وتی:

ـ ئەوەندەی پێ ناچێ دێیتەوە سەرخۆت. جا بخزێ بن قورسیەکە با ئێسکەکانت گەرم دابێن. ڕەنگە شێرۆش لە بن قورسی سارد و سڕ بە هیوای خوا بەجێی هێشتووی و هاتووە بۆ سەرکار. ژنی ئەم دەورە و زەمانە! ماهدەروێش نەی ئەتوانی هیچ قسەیەک لە باتی شێرۆوە ببیستێ. بۆیە خامۆش بوو وەڵامی نەدایەوە، نەکا زمانی بوندار لەوە زیاتر بکرێتەوە. نوورجیهان،

ژنی بوندار، هاتە ژوورەوە. چوو بۆ پاشخان و بە تاسێکی پڕ لە پیاڵە و ژێر پیاڵەوە هاتەدەرەوە و ڕۆیشت. دەنگی کۆکەی پیرەمێردێک لە حەوشەوە هات. یەکەم میوانی هەموو ڕەوزە و هەموو پرسەیەک. پیرترین و مزگەوتیترین پیاوی قەڵاچیمەن. چاوی خواروخێچ و ڕیش و سمێڵی وەکوو لباد بوو. زکری ئەوت، دۆعای ئەخوێند، گۆچانی ڕائەوەشاند و ئەهات، بابقولی بوندار هەڵسا و وتی:

ـ هات! مردووی ڕەوزە و شینگێڕیی! لە ناو ئەلحەمد و قولوەڵڵادا بیکوڵێنی، تێر ناخوات!

چوو بۆ بانیجە و وتی:

ـ وەرە سەرەوە بابە گوڵاو! وەرە سەر. ئاگات لێبێ قلێپ نەبیتەوە! چاو و چاریشت خۆ نییە.

ـ دێم. دێم. هەر چۆن بووە هەر دێم.

بە هەناسەی سوارەوە، بابە گوڵاوی ئاشەوان لە پلیکانەکانەوە چووە سەر بانیجە تەختەکە و وتی:

ـ بە خێر و خۆشی، بەخێر و خۆشی. سەلاموعەلەیکوم، سەلاموعەلەیکوم. خوا بەرەکەت بە ماڵت بدات و ڕێز و شکۆی زیاتریش بە خۆت، سەربەرزی زیاتر بدات بە لاوەکانت بوندار! وادیارە هێشتا کەس نەهاتووە!

ـ دێن بابە گوڵاو، دێن. دەرئەکەون.

بابە گوڵاو، بە کوێرەکوێر خۆی گەیاندە نزیک بوندارەوە و ناڵاندی:

ـ کوانێ ئیمان؟ کوانێ ئیمان؟ خەڵکی بوون بە مشکە کوێرە. ئەبێ قانگیان بدەی بۆ ئەوەی لە ماڵ بیانهێنیتە دەرەوە، بوندار. مردوون، مردووو!

بابقولی بوندار، بنباڵی بابە گوڵاوی گرت و بردییە ژوورەوە و وتی:

ـ ئاگات لە مەنگەڵەکان بێ بابە گوڵاو. دانیشە؛ بە تەنها

نابی، زۆری نەماوە، دەربکەون. دڵنیابە، ئەم خەڵکە گوریسی مفتیان دەسکەوێ خۆیانی پێ ئەخنکێنن!

بابە گوڵاو چوو بۆ لای یەکەم مەنگەڵی ئاگر و لە لایەوە دانیشت.

بابقولی بوندار خوشکەزاکەی بانگکرد بۆ دیوەخان:

ـ تۆیش هەڵسە وەرە نادعەلی. هەڵسە.

ـ دێم خاڵۆ، ئێوە ئاسوودە بن.

بابقولی ڕۆیشت و لای بابە گوڵاوی ئاشەوان دانیشت. گوتەی تازە، بڕیاری کوێخایەتی بوندار بوو. بابە گوڵاوی ئاشەوانیش زیرەکانە ئەوەی زانیبوو و پیا هەڵئەگوت:

ـ بە خێر و خۆشی ئیشەڵڵا. بە خێر و خۆشی بوندار. قەڵاتێکی بەم گرنگیە کوێخایەکی شیاو و لێزان و ئابڕوودای ئەویست کە بڕیاری قانوونی بە دەستەوە بێ. لە تۆش باشتر کێ، بوندار؟ قسەزان نیت، کەهەیت! کار بەڕێوەبەر نیت، کە هەیت! دەستت بە دەمت ناگات، کە ـئەلحەمیلاـ ئەگات. ئاخر کوێخایەتی خۆ تەنها ناو نییە! کوێخایی بێنەوبەرەی هەیە. دەرگای ماڵی کوێخا بۆ هەموان کراوەیە. هەم پیاوی حکوومەتە و هەم پیاوی خەڵک. هەم غەوارە و هەم ئاشنا. هەمووان! لە گۆشە و کەناری ماڵی کوێخا، ئەبێ چوار دەست لێفە و دۆشەکی زیادە هەبێ. چوار قاپ و دەوری، دوو تیکە قاڵی و چوار دەبە ڕۆنی زەرد دەسبکەوێ! جگە لەمانە، خودی کوێخاش ئەبێ جەربەزەی ئەوەی هەبێ بچێ بە گەرووی فەرمانبەر و سەرۆک و بەرپرسدا! ئەبێ جەربەزەی ئەوەی هەبێ ڕەشایی چاوترسێن بکات! ئەبێ سەروزمانی ئەوەی هەبێ وەڵامی ئەوانەی سەرەوە بداتەوە. کوێخا، ئەبێ شمشێری دوو دەم بێ. شوکری خوا ئەوەش بۆ خۆتی. شوکر. بە ڕاستی ئاغە ئالاجاقی کەسێکی باشی نێودێر کردووە. ئەبێ بوترێ کەسێکی باشی بۆ ئەمکارە دەسپەروەردە کردووە. ئافەرین، ئەلحەق...

ـ یاڵڵا!

ـ فەرموون، فەرموون.

سەیدی، بەرپرسی تەلەیفوونخانە بوو. هاتە دیوەخان و سڵاوی کرد. کابرایەکی تەمەن مام ناونجی بوو. لای دیوارەکەوە دانیشت و بە دەم چاک و خۆشیەوە بە بونداری وت:

ـ ئیشەڵڵا بە پیرۆزی، بوندار! بەڵام کارەکەی تۆ لە کاری تەلەفوون ڕاکێشان بۆ قەڵاچیمەن زیاتریشی پێچوو! بیستوومە هەندێ کەس لە شار قاو دائەخەن تەلەفوونخانەی قەڵاچیمەن تایبەتە بە ئاغە! چاویان نییە ببینن ئەربابەکەمان هێڵێکی تەلەفوونی لە یەکێک لە شا گوندەکانیدا هەبێ؟

بابقولی بوندار بە بزەیەکەوە وتی:

ـ لەم قسانە زۆر ئەکرێ! دەمی ئەم و ئەو دانادوورێ؟ بەخیل ئاسوودە نابێ، خاڵە سەید.

ـ بەڵێ، بەڵێ.

ـ کاتێکە ئالاجاقی تەلەفوونخانەی لێرە دامەزراند، شارەکانی نەیشاپوور و سەبزەواریش تازە تەلەفوونی بۆ چووبوو. ئێرە قەڵاچیمەنە! گرنگترین ئاوەدانی نێوان سەبزاوەر و نەیشاپوورە. قسەی کەس سەرناگرێ. بڕۆ خۆش بە!

سەید وتی:

ـ خەلیل خان لە لایەن ئاغەوە پێی ڕاگەیاندم کە بڕیاری کوێخاییت لە پارێزگارەوە وەرگرتووە. دوێشەو ئاگادار کرام، خێر بێ ئیشەڵڵا. هیوادارم خوا هەموو ڕۆژێک شکۆی ئەم بنەماڵەیە زیاتر بکات، بە حەقی جەدەم فاتمەی زەهرا.

بابە گوڵاو بە دەنگی زەلاڵ وتی:

ـ ئیشەڵڵا. هەزارجار ئیشەڵڵا.

سەید وتی:

ـ ئێمە لە بن سایەی ئەرباب ئالاجاقی و بابقولی بونداردا بپارێزێ.

ـ هەموومان لە ژێر سایەی خودا...

مووسا بە مەنگەڵێ ئاگرەوە هات. مەنگەڵەکەی لە خوار ژوورەکەوە دانا و ڕۆیشت.

بابقولی بوندار بە قسە ڕایگرت و وتی:

ـ باوکت چی لێکرد مووسا؟ بڵێ با بێت بۆ ئێرە.

مووسا وتی:

ـ ڕاکشاوە، تۆزێ بحەسێتەوە. پیاڵەیەک چای پێ ئەدەم، پاشان...

ـ لەم قەند و چا نەزرییەی بۆ بەرە.

ـ باشە بە سەر چاو.

لەبن هەیوانەکەی باڵەخانە، ئەسلان خەریکی پێکردنی سەماوەرەکەی تر و کۆکردنەوە و ڕێکخستنی پیاڵەکان بوو. مووسا بە بەرهەیواندا تێپەڕی، بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە، بە ناودالاندا تێپەڕی و چوو بۆ ژێرخان. دەنگی بابقولی بوندار، لە بانیجەوە هات، مووسای لە سەر پلیکانەکانی ژێرخان ڕاگرت:

ـ مناڵەکان بەردە بڕۆنەوە. بەوانەش کە باوکیان هەیە بڵێ باوکیان بنێرن بۆ ڕەوزە.

ـ باشە، بە سەر چاو.

تا بابقولی لە بانیجە بوو، دەستەیەک لە جوتیارەکانی ئالاجاقی هاتن. خوامرادیش لەگەڵ ئەمانە بوو. بوندار وتی:

ـ وەرنە سەرەوە، وەرن، بەخێربێن. فەرموون.

خوامراد، کاتێ تێپەڕین بە حەوشەدا، لە بەر دەرگای ژێرخان هەڵوەستەیەکی کرد، مناڵێکی لە ناو تەونکەراندا هەبوو. پێی خراپ نەبوو لەگەڵ مووساش چاک و چۆنیەک بکات. بۆ ئەوەی بتوانێ ناو ژێرخانەکە ببینێ، لای پلیکانەکان چیچکانی کرد. جموجۆڵ کەوتبوویە ناو ژێر زەمینەکە. دەنگی مووسا ئەبیسرا:

ـ ئارام... ئارام... ئەگەنەوە... وریابە قامکی قاچت نەچێ بە چاوتا کورە! ئازاد، ئازاد. بە باوکتان بڵێن ئەگەر حەزیان لە گریانە با بێن بۆ ڕەوزە.

منداڵەکان، گەورە و بچووک، لە سەر تەختەبەندەکان بازیاندا خوارەوە و بە پەلە کەوتنە گەڕان بۆ گیوە، جاکەت، چارشێو و دەسرەکانیان. ژێرخان پڕبوو لە جووڵە و هەرا. وەکوو مەنجەڵ قوڵپی ئەدا. منداڵ قیژە و هەرایان بوو. بە هەموو لایەکدا هەڵئەهاتن و هەوڵیان ئەدا شادبن. ئەتوت بە دژواری شتێکیان ئەهێنایەوە بیری خۆیان. شتێک کە ئەگەر نەهاتایەتەوە بیریان، ڕەنگبوو بە تەواوی لە بیر بچێتەوە: جۆش و خرۆشی منداڵانە. بەڵام ئەم جۆش و خرۆشە، ئەم بیرەوەرییە، لێڵ بوو. غەمگین بوو. ماندوو و تۆزاوی بوو. هەر کامەیان کە گیوە و جلەکەی ئەدۆزیەوە، بەپەلە و شپرزە لە تەنگانەی ژێرزەمینەکەوە غاری ئەدایە دەرەوە، لەش و گیانی ئەهاوێشتە ناو هەوای ئازاد و بەرەو کۆڵان هەڵئەهات، یەکەیەکە، دوان، سێیان و چوار هەڵئەهاتن بە بێ ئەوەی سەیری هیچ شت و کەسێک بکەن.

کۆڵان پڕبوو لە مەڕ و بزن. ڕانەکەی ئالاجاقی و بابقولی بوندار. چەپاو لە ناو ڕانەکە بوو وخەریک بوو مەڕەکانی ئەکردە حەوشە، بیانبات بۆ گەوڕ. لە ناو دەرگاکە، مەڕ و منداڵ تێکەڵ بوون؛ کۆمەڵێک خەڵکیش کە ئەهاتن بۆ ماڵی بابقولی بۆ ڕەوزە، لە ناو کۆڵان، لە ناو سەروملی مەڕ و بەراندا گیریان خوارد. ڕۆژی شادیی منداڵان بوو. حەزی ئەوەی ئەم دەرفەتە بە یاریکردن تێپەڕێنن، بە هەڵخە و داخەی ئازاد و بە دوور لە نەخش و بەن و شانە، بە دوور لە کاری پەنجە و مێشک و چاو. دەستێک بۆ ئەو مەڕ و دەستێک لە شاخی ئەم بزن. قاقایەکی ورد، وەکوو جیکەجیکی چۆلەکە. خۆشیی ئەوەی تەن و ڕانیان لە نێوان ورگی زلی مەڕەکاندا بگووشرێ. گوشارێکی نەرم، تێپەڕ و شەوقئەنگێز، حەزیان ئەکرد یەکیان بکەوێ، جلەکانی خۆڵاوی ببێ و پێڵاوەکەی لە بن سمکوتی ڕانەکەدا ون ببێ. منداڵ حەزیان ئەکرد پێبکەنن. بە شتێک پێبکەنن، هەرچەند بۆ خەندە و شادمانیش نەشێ. حەزیان ئەکرد ئەوەی لە دڵیاندا پەنگی

خواردۆتەوە، بە هەراوهوریا و قیژەوقاژ دەری ببڕن. ئەگەر بۆیان بلوایەت حەزیان ئەکرد بۆ هەمیشە لە ناو ڕانەکە بخولێنەوە. بەڵام چەپاو بێکار نەبوو. لەوەزیاتر ڕێگەی بە سەما و قۆشمەیی مناڵ نەدا. چەپاو، داربەدەست و توورەکە بەکۆڵ و مێزەر بە سەر، چاوە خێلەکانی مۆر کردەوە و بە دەنگێکی زبر و بەگوڕ نەڕاندی:

ــ ون بن بەچکە جنۆکانە! هۆی... دایک گواوی! شاخی ئەو بزنەت بۆ گرتووە؟ هەڵێن بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان نەگبەتانە، هۆی! کەس نییە بەو وەستا مووسایە بڵێ ئێستە کەی کاتی بەرەڵڵا کردنی مناڵە؟

مناڵ، ئەگەر بشیانویستایەت لەم کاتەدا نەیان ئەتوانی خۆیان لە ناو ڕانەکە دەربازبکەن. گیریان خواردبوو. ئەتوت لە ناو زۆنگدا چەقیوون. مەڕەکان خۆیان هەڵئەدا و بەرەو گەوڕ هەڵئەهاتن. مناڵ بە زەبری لەشی بزنێک، مەڕێک بەملا و لادا لار ئەبوونەوە، ئەکەوتن، هەڵئەسانەوە و نیوەکارە ئەکەوتنەوە. ماندوو و تووڕە، چەپاو دارەکەی ئەکوتا بە عەرزدا:

ــ زۆڵانە! مەڕەکان ئاوسن. بەر ئەخەن. خۆتان لادەن بۆ لای دیوارەکە!

بەڵام مناڵ، لە هێرشی ڕانەکەدا، مابوونەوە و هیچیان بۆ نەئەکرا. وردەکان ئەکەوتن و بە دژواریی هەڵئەسانەوە. گەورەکان، ئەوانەی وا وزەیەک لە ئەژنۆیاندا هەبوو، خۆیان ڕائەگرت و پێئەکەنین. پیاوەکان گاڵتەیان بە چەپاو ئەکرد کەوا بزن و پەموو لێک جیاناکاتەوە! چەپاو بەتەشەر وەڵامی ئەدانەوە. ئەسڵان هات بە دەم چەپاوەوە. مەڕەکان تێپەڕین. مناڵ، ئەوانەی کە کەوتبوون بە دەم پێکەنین و گریانەوە هەڵئەسانەوە. پیاوەکان، مناڵەکانیان تەکاند و بەڕێیان کردن. مناڵ لە کۆڵاندا بڵاوەیان لێکرد و پیاوەکان چوون بۆ ماڵی بوندار و یارمەتی چەپاویاندا. ئەسڵان لەگەڵ چەپاو چوو تا ناو گەوڕەکە، بۆ ئەوەی مەڕەکانی ئالاجاقی لە هی بوندار جیابکاتەوە. ئاخوڕەکان جیابوون. پیاوەکان

گەڕانەوە بۆ حەوشە و بەرەو باڵەخانە.

ڕەوزە، وردە وردە دەستی پێ ئەکرد.

چەپاو لە ئەسڵانی پرسی:

ـ چی بووە ئەمشەو لێرە؟ ئەڵێی میوانداریی زەماوەندی تۆیە، ها؟

ـ نەء. ڕەوزەخوێنیە. باوکم بڕیاری فەرمی کوێخایەتی وەرگرتووە و هێناویێتی!

ـ هەی قوربانی پیاوی کارزان! ئەو تەگەیە بنێرە بۆ ئەملا. هی ئاغەیە. پاڵی پێوەنێ ئەو خاوەن گایراوە!

ئەسڵان شاخەکانی تەگەکەی گرت، دای بە دەم دارەکەی چەپاوەوە و دەرگای گەوری مەڕەکانی خۆیانی داخست و بە چەپاوی وت:

ـ من ئەبێ بڕۆم چا ئامادە بکەم. ئالیکت کردە ئاخوڕەکان، وەرە بۆ هەیوان دانیشە بۆ ڕەوزە. وەرە چەند چای مایەداریشت بۆ تێکەم. تێرت کەم لە چا ئەمشەو!

چەپاو وتی:

ـ پێویست ناکا فشە بکەی، ئەو زەرداوە کرێ هەڵناگرێ!

ئەسڵان لە بەر دەرگاکە وەستا و وتی:

ـ ئا بیرم هاتەوە! لالا ئەمڕۆ هاتبوو بۆ دووکان دۆشاوی کڕی. ئەمشەو ئاگات لەخۆت بێ. وادیارە شێوێکی باشی بۆ سازکردوویت.

چەپاو لە گەرووەوە بۆڵاندی و ئەسڵان لە دەرگا شکاوەکە چووە دەرەوە و مووسا، لە پەنجەرەی ژێرخانەکەوە، شەرواڵەکەی ئەسڵانی بینی و دەنگی پێی لە ناو دالانەکە بیست.

مووسا هێشتا لە کارگە بوو و لەگەڵ شێرۆ قسەی ئەکرد. شێرۆ نیوەڕۆ بۆ نانخواردن نەڕۆیشتبۆوە بۆ ماڵەوە و ئێستەش لە شوێنەکەی، لە سەر تەختەبەندەکە دانەبەزیبوو و هەروا خامۆش لە سەر جێگەی خۆی دانیشتبوو. کاری نەئەکرد. دەستەکانی

بێکار و ئارام بوون و چاوەکانی بڕیبوویە سووچێک. ئەم تاسان و وڕبوونە لە بەیانیەوە جارجار لەگەڵ شێرۆ بوو. کاری ئەکرد و کاری ئەکرد و لەپڕ خامۆش ئەبوو نیگای لە سەر شوێنێک وشک ئەبوو. لێوی نەئەبزووت و وەڵامی کەسی نەئەدایەوە و خۆشی هیچی لەکەس نەئەپرسی. ماوەیەک ڕائەما، سەیری دەستەکانی خۆی ئەکرد و دووبارە ئەکەوتەوە کار. مووسا، لە بن دیوارەکە دانیشتبوو و ئانیشکی لە سەر ئەژنۆی دانابوو، پەنجەکانی لێک هەڵپێکابوو بیری ئەکردەوە، لەنێوان ئەو و شێرۆدا پەیوەندییەکی خوشک و برایانە دروست ببوو. چەشنێک میهری غەریبایەتی. مووسا وتی:

ــ ماهدەروێش لە سەرە؛ بوندار ڕەوزەخوێنی داناوە و ئەیەوێ هەواڵی کوێخایەتیەکەی بدات بە خەڵک.

ــ ماهدەروێش! ئەو چۆن توانیوێتی لە سەر جێگە هەڵسێ؟

ــ بوندار پیاوی نارد بە دوایدا. قوربان بەلووچ چوو هێنای. ئەیانەوێ ئەو بنێرنە سەر مینبەر.

ــ ڕەوزەیان بۆ بخوێنێ؟

ــ ئەمم!

ــ ئەشبێ!

شێرۆ، زۆر بە قەڵسی قسەی ئەکرد. خامۆش ئەتوت، پێی خۆشترە. مووسا لەوە گەیشتبوو. بەڵام هەستی پەیجووری و سەر لێدەرهێنان وای لێ ئەکرد، لەناخی ژنە تێبگات؛ هەرچەند زۆر دژوار بوو. شێرۆ دەمی هەڵنەئەپچڕی. ئەتوت وڕ بووە. خودی شێرۆش وا دیار بوو، نەی ئەتوانی سەر لە کاری خۆی دەربهێنێ. ڕەنگە ئەیویست هەندێ شت بڵێ، بەڵام نەی ئەزانی لە کوێوە دەس پێبکات. بێ توانا لە خۆی و لە بەرامبەر خۆیدا، هەروا دانیشتبوو و لێوی ئەگەست. بۆیە مووساش بە ناچاری خامۆش بوو. ڕۆچنە ڕووناکیەک نەبوو. شێرۆ وەک بڵێی ئەیەوێ سەری قسە بۆ لای مووسا وەرگێڕێ، وتی:

ــ باوکت هاتبوو یان بوندار درۆی ئەکرد؟
ــ نا، درۆ نەبوو. چ سوودێکی بۆی هەبوو درۆ بکات!
ــ بۆ لە لای نەمایتەوە؟ دڵی لێت ئێشێ.
مووسا هەڵسا و وتی:
ــ خۆی باشتر ئەزانێ کە من پیاوی خەڵکم. تائێستە خەریک بووم، مەنگەڵم ساز ئەکرد، پاشان چاشم بۆ برد. ئەوا ئەچم بۆ لای. ئەگەر ڕۆیشتی دەرگای کارگەکە ببەستە. کاژیلەکان ئەرژێنە ژوورەوە و هەورێشمەکان ئەجوون.
ــ دای ئەخەم.
مووسا لە پلیکانەکان سەرکەوت و بەرەو دەرگا شکاوەکەی گەوڕ کەوتە ڕێ.
چەپاو لە گەوڕ هاتە دەرەوە. مووسا سڵاوی لێکرد و ماندونەبینی لێکرد و لایدا. چەپاو وتی:
ــ پیرە پیاوێک لە بەردەم کوولەکەت دانیشتبوو. میوانت هەیە؟
ــ باوکمە. ئەچی بۆ ڕەوزە؟
ــ وا ئەڵێن!
مووسا بەرەو شوێنی خەوتنەکەی خۆی ڕۆیشت و چووە ژوورەوە. لەنتەرەکەی هەڵکرد و خستیە سەر دەورییەک و لە سەر قورسیەکە داینا و هەڵیکێشا. ڕووناکی فانۆسەکە، تاریکی ژوورەکەی سمی و خاڵە مەندەلوو توانی چاو و ڕووی کوڕەکەی ببینێ. خۆی بوو؛ مووسا! پێستی پشکووتبوو وباڵق ببوو. وەک پیاو ئەڕۆیشت بەڕێدا. وەکوو پیاو دائەنیشت و نیگای لە تەمەنی بە ئەزموونتر خۆیای ئەکرد. جێجێ قژیشی ئەگەر سپی ببوو، پاشەڕۆکی کەچەڵیەکەی، جێی نیگەرانی نەبوو. ڕەنگە ئەو تاڵە سپیانە زیاتر شێوەی پیاوانەی پێدابوو. هەرچی چۆن بێ، مووسا باڵق ببوو و باڵقبوونی مناڵیش -چ جایە ئەگەر کوڕ بێ- ئەبێ شکۆ و شەوقێکی تایبەت لە دڵی باوکدا بخولقێنێ:

ـ بابقولی لەگەڵت چۆنە؟
ـ چۆن بێ باشە؟ وەکوو هەموو ئەوانەی لەگەڵ فەرمانبەرانیان ئەجووڵێنەوە، ئەویش لەگەڵ من ئەجووڵێتەوە!
ـ ئەوە ئەزانم، هەموویان سەروبنی کڵاشێکن. بەڵام شتێک هەیە، ئەویش ئەوەی کە هەموویان پیاوی هەڵسووڕاویان خۆش ئەوێ. ئەمەوێ بزانم ئەویش لە تۆ ڕازییە، یان نا؟
ـ پێم وابێ... بە ئەندازەی ئەو زەحمەتەی بۆئەوی ئەکێشم، لێم ڕازییە!
ـ مزەکەت بە ئەندازە ئەدات؟
ـ نەء!
ـ نا؟ ئەمەیان ئیتر بۆ؟
ـ تێکڕای ئەو مزەی لە سەری ڕێکەوتووین خۆی کەمە. سەرەڕای ئەمەش نیوەی لە لای خۆی ڕائەگرێ.
ـ باشە بۆچی؟
ـ بۆچی؟ دیارە بۆچی. بۆ ئەوەی ڕیشم بە دەستیەوە بێ و ناچاربم لە سەر کارەکەی بمێنمەوە. ڕاستت ئەوێ بارمتەکارییە؛ بەڵام بە ڕواڵەت لە بەر منیەتی! پارەکەم لە لای خۆی ڕائەگرێ و گوایە پاشانیش... بەو پارەیە بمکات بە زاوا؟
ـ جا خۆ ئەوە خراپ نییە. خێری تۆی ئەوێ. مەگەر تاکەی ئەتەوێ لە ناو ئەم کونە گورگەدا سەر بنێتەوە و بخەوی؟ ئەبێ بیر لە هاوسەر و هاوسەرینێک بکەیتەوە. مرۆڤ خۆ تا کۆتایی ناتوانی بە زگوردی بسووڕێتەوە. پیاو و ژن تەواوکەری یەکدین. هەموو پیاوێک ئەبێ دەستی کچە موسڵمانێک بگرێ و بیهێنێ بۆ سەر بەڕەکەی. پیرەکان وتوویانە: پیاو کارێک و ژن کارێک، تا بگەڕێ ڕۆژگارێک.
مووسا چایی بن قۆرییەکەی کردە ناو پیالەکە و وتی:
ـ نەکا بەو خەیاڵەوە هاتبێتی؟
ـ ڕاستت ئەوێ وایە. دڵ نیگەرانم. کوڕێکی گەنج و بێ

خاوەن لە گوندێکی بەم گەورەییە؛ حەز ئەکەم دەستی کچێک بخەمە ناودەستت، بۆ ئەوەی کاتێک کە لێرە ڕۆیشتم خەیاڵم لە بابەت تۆوە ئاسوودە بێ. بووکەکەشم بۆ دۆزیویتەتەوە. ڕەعنا. کچی ئاتەش. خۆت ئەڵێی چی؟ ها؟ ئەبێ زۆر جار دیبێتت!

مووسا گیوەکانی لە پێکرد و وتی:

ــ قورسیەکە ساردە. ئەچم ئاگر ئەهێنم. تۆیش هەڵسە و تۆزێ بچۆ بۆ ڕەوزە. بوندار ناردوییە بە دواتدا، بەڵام ئاگات لە خۆت بێ. ئەو چایانەی لە ڕەوزە ئەیخۆیتەوە، لە بری کرێبار بۆت حەساب نەکات. هەڵسە... هەڵسە.

ــ ڕاوەستە تۆزێ، با بزانم! ئەگەر ڕەعناشت ناوێ، هەر لەم ناوە یەکێکت بۆ ئەدۆزمەوە.

مووسا، بەرامبەر باوکی ڕاوەستا و وتی:

ــ هەڵسە بڕۆ لە بن مینبەرەکە دانیشە بۆخۆت. من بە تۆ کەر نابم! ڕەنگە لە ناو ڕێگە بابقولی ئەمەی لە مێشکت ڕۆکردبێ کە بەو جۆرە قورس و قۆڵ لە سەری ئەڕۆی! ئەگەر بۆ ئەوە هاتووی بۆ ئێرە ژنم بۆ بهێنی، ئەوە لە بیری بکە. بوندار ئەگەر هەڵپەی ژن هێنانیەتی بۆ من، دڵی بۆ تەنها بوون و بێجێ و ڕێی من نە سووتاوە. بەڵکوو لە بیری کارەکەی خۆیایەتی. ئەیەوێ لەمەش توندتر قاچم ببەستێتەوە! خۆت خۆ بینیوتە... جووجکە کەڵەشێرێک لە دەسگێڕێک ئەکڕن و ئەیبەنەوە بۆ ماڵەوە و پەت ئەبەستن بە قاچیەوە. چونکە جووجکەیە و ئەبێ بە خانووە تازەکەی ڕابێت! بونداریش خەیاڵی وایە. بە زۆر ئەیەوێ پەتم بکات، هەموو ڕۆژێک توندتر. بەڵام ئەبێ ئەوە بزانێ من لەوە زیاتر لە قوڕ ناچەقم! ماهدەرویێش وەکوو ئاوێنە وا لە بەر چاومدا. چاوم لێیەتی چۆن باڵەفرتە ئەکات و دەنگی قووقەی لە دیواری ماڵەکە ناچێتە ئەولاترەوە!

ــ چ زمانێکت دەرهێنا وە؟ باوەڕناکەم. لە کەی و لە کوێوە ئەم سەروزمانت پەیدا کردووە؟ مەگەر چەند ساڵە پێکەوە

نەدواوین؟

ــ چەند ساڵە؟ لە خۆت بپرسە!

مووسا ویستی بڕوات بەڵام ئاوڕی دایەوە و وتی:

ــ ئەو جوتیار و ڕەشاییانە ئەبینی؟ ئەوانەی کە هاتوون و بە دەوری دیوەخانەکەدا دانیشتوون؟ کە چوویت، جوان سەیریان بکە. هەر هەموویان پەتێک بە قاچیانەوەیە. نەک لە بەر ئەوەی کە ژنیان هێناوە، نا. لە بەر ئەوەی هەموویان قەرزاری ئەربابن. هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی زستاندا، کەوگیریان ئەیدا لە بنی مەنجەڵەکە. دەستیان بێپارە و کەنوەکانیان بەتاڵە. تاقە گەنمێک بۆ بەر ددانی مشکیش لە ماڵەکانیان دەسناکەوێ. جا دێن و تێری بەتاڵ هەڵئەگرن و بەرەو ماڵی گزیری ئاغە ئالاجاقی، بۆ ئەم ماڵە حازرییە، ئەکەونە ڕێ. وەکوو گەدا مل خوارئەکەن. بابقولی بونداریش لە هەماری ئالاجاقی تێڕیان بۆ پڕ ئەکا لە گەنم و جۆ. بەڵام بە نرخی خوێنی باوکیان لە سەریان ئەینووسێ. جوتیار لە ناوەڕاستی زستانەوە تا سێ مانگ پاش نەورۆز گەنم و جۆی قەرز ئەخۆن. بە نرخی ئەوەندە و نیوێک. گەنمی مەنی دوانزە قەران ئەکرن بە هەژدە قەران. کاتێکیش ئەگەنە خەرمان، بەهرەی جوتکارییەکەیان دەسبەجێ لەبری قەرزەکەیان هەڵئەگیرێت و ئەچێ بۆ هەماری ئالاجاقی. خۆشیان بە یەک دووبار کا و تێڕێک گەنمەوە ئەچنەوە بۆ ماڵەکانیان و دوو سێ مانگێک سکی مناڵ تێر ئەکەن تا بنی جەواڵەکە بەتاڵ ئەبێ. دیسانەوە لە ناوەڕاستی زستان گیریان کردووە! تێڕی بەتاڵ هەڵئەگرن و دێنەوە بۆ ماڵی بوندار تا ئەو گەنمەی کە خۆیان چاندوویانە، ئاویان‌داوە، درەو و شەن و کەویان کردووە و کوتاویانە، بە نرخی بەرامبەر و نیوێک لە دەست بوندار گەدایی بکەن. خۆ ئاگاداری؟ هەر کەسە و بە جۆرێک پەت ئەبەستن بە قاچیەوە. ئەمانە لە سەرانسەری تەمەنیاندا بە قەرزاری ڕائەگرن و خۆشیان وەک خاوەن قەرز؛ بۆ ئەوەی چاومان لە دەستیان بێ. خووی ئەمانەش ئەوەیە کە زوو

ژن بۆ کوڕەکانیان ئەهێنن. هێشتا ڕیش و سمێڵیان دەرنەهێناوە ژنێک ئەخەنە باخەڵیانەوە. وەکوو بەردێک بیبەستی بەلاقی یەکێکەوە و هەڵیدەیتە ناو ئاو! سەرجەمەکەی کاری بوندار ئەوەیە کە هەمووکەس بە یەکەوە ببەستێتەوە و گرێیان بدات. بە گیرۆدەیی ڕایان بگرێ. وەکوو کۆمەڵە مریشکێک لە بنی کاروانسەرایەکدا قاچیان بەسترابێتەوە. هەڵسە... هەڵسە با بڕۆین... بوندار چاوەڕێیە!

خاڵە مەندەلوو، هەروا بە ناباوەڕییەوە چاوی بڕیبوویە عەرزەکە و پێ بە پێی کوڕەکەی ئەڕۆیشت. دیاربوو تووشی بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆسکاو و نامۆ بووە. وشترەکانی لە سەر گەونەکان ئەلەوەڕین. مووسا ڕێگەی بە خاڵە مەندەلوو پیشان دا و خۆی چوو بۆ هەمار، دار و هێزمێک بۆ ئاگری بن قورسیەکە دەس بخات. خاڵە مەندەلوو پێی نەنابوویە ناو دالانەکە، هەردوو تای دەرگاکە کرایەوە و شەیدا، وشترەکانی هێنایە ژوورەوە. شەیدا سفرەی نانەکەی بەستبوو بە کۆڵیەوە و بە بینینی وشتری غەوارە کە دەمیان نابوویە ناو گەونەکانی، هەڵچوو وکەوتە پلار هاویشتن:

ــ ئەم وشترانە ئیتر هی کێیە بەم جۆرە کەوتوونەتە گیان دڕکەکانی من؟ ئەم گەونانە خۆ بە پێی خۆیان لە دەشتەوە نەهاتوون.

شەیدا هەڵات و بەدار بەربووە سەر ملی وشترە غەوارەکان و دەستیکرد بە جنێودان، خاڵە مەندەلوو گەڕایەوە و بەرەو گەنجەکە چوو، ماندوو نەبینی لێکرد و داوای لێکرد ئارام بگرێت:

ــ لەسەرخۆ بە بابەگیان! من میوانی ئێوەم. بەم وشترانە لە شارەوە قۆزاخەم بۆ هێناون. باوکت خۆی وتی وشترەکانم لەو دڕکانە بخۆن. ئەو وتی بیانکەمە ناو دڕکەکان!

مووسا لە چێشتخانە هاتە دەرەوە و سلاوی لە شەیدا کرد:

ــ خوا قەوت با ئەرباب! بە سەر باوکمدا ئەقیژێنی؟

ـ چی! ئەمە باوکی تۆیە؟
خاڵە مەندەلوو خۆی هاوێشتە ناو گفتوگۆی کوڕەکەی و شەیداو وتی:
ـ بڕیار وایە من و تۆ ببین بە هاوسەفەر، شەیدا خان!
ـ هاوسەفەر؟ بۆ کوێ ئیشەڵڵا؟
ـ بەو جۆرەی کە بوندار ئەڵی، خەیاڵی هەیە تۆ و وشترەکانت بنێرێ بۆ لێڕی شۆراو بۆ دارکردن. ئاخر ئێمە هەڤاڵێکیشمان لەوێ هەیە بەناوی گوڵمحەمەد، ئەویش کاری ئەمەیە. وشترێکی هەیە، دار بار ئەکات و ئەیبا بۆ شار. بڕیارمان داوە وشترەکان بە نۆرە باربکەین. بەو جۆرەی باوکت ئەڵێ تۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد کاروان ئەکەی.
شەیدا تاوێک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:
ـ ئەیناسم گوڵمحەمەد! چ باش! ئەبێ بڕۆم جارێ! دەی، مووسا! ئەمشەو لێرە چ باسە؟
ـ ڕەوزە خوێنییە.
ـ کێ ڕەوزە ئەخوێنێ؟ دیسانەوەش بابە گوڵاو یان ئەو سەیدەکەی تر؟
ـ ماهدەروێش ئەیخوێنێ!
ـ ماهدەروێش!
ـ تۆ بۆ وەستاوی بابە؟ بڕۆ سەر، خەریکە دەس پێ ئەکات!
خاڵە مەندەلوو لە وشترەکانی شەیدا نزیک بوویەوەو وتی:
ـ پێم وانییە ئەم وشترانە بۆ دارکێشان بشێن. زۆر لەڕن. ئەڵێی باش نەلەوەڕاون. لە ناو ڕێ تیانەچن باشە.
مووسا چوو بە دوای کاری خۆیدا و شەیدا شان بە شانی خاڵە مەندەلوو وەستا.
خاڵە مەندەلوو بە دەور وشترەکاندا ئەگەڕا، سەیریانی ئەکرد و قسەی بۆ شەیدا ئەکرد. شەیداش گوێی لە قسەکانی پیرەمێرد و چاوی لە دەرگای کراوەی ژێرخانەکە بوو. بریسکانەوەی

چاوەکانی شێرۆ لە پشت پەنجەرەکەوە، ڕایشەکاند. نەیخستە خۆی و تێپەڕی. خاڵە مەندەلووی ڕێنوێنی کرد و خۆی چوو بۆ چێشتخانە. دایکی، نوورجیهان، لە لای کوانووەکە دانیشتبوو. شەیدا چارۆکەی نان و داری وشترەوانیەکەی دانا و لە تەک دایکیەوە دانیشت، سەبیلەکەی لە دەست دایکی وەرگرت، مژێکی لێدا و دایەوە دەستی:

ـ دیسانەوەش خەڵکی کۆکردۆتەوە؟ چ باسە؟

ـ من چووزانم. مەگەر بە من ئەڵێ؟ فەرمایشتەکانیشی بەم و بەودا بۆ من ئەنێرێ.

شەیدا هەڵسا و لە چێشتخانە چووە دەرەوە. لای بیرەکە دانیشت و مشتێک ئاوی دا بە ڕوومەتی‌دا، دەسرە هەورێشمەکەی لە ملی‌کردەوە، دەمووچاوی وشک کردەوە و بەرەو پلیکانەکان چوو. لە هەیوانی باڵەخانە، ئەسڵان لای سەماوەرەکە، لە بن دیوارەکەدا دانیشتبوو و ئەژنۆی گرتبوویە باوەشی. لای دەستیەوە خاڵە مەندەلوو دانیشتبوو و بە دوای‌یەکدا پیاڵەی چای بەتاڵ ئەکرد. شەیدا لە هەیوان تێپەڕی و چووە بەردەرگای دیوەخانەکە. چراتۆڕ لە ناو تاقەکەدا ئەگڕا و خەڵکی قەڵاچیمەن دەوراندەور لە سەر قاڵی بیرجەندی دانیشتبوون و جارجارە چپەیەکیان لەگەڵ یەکدی ئەکرد. بابقولی بوندار و نادعەلی بەرامبەر بە دەرگاکە، لای سەرەوە بوون. بابقولی لە بن برۆ تیژەکانیەوە سەیری شەیدای کرد و کوڕەکەی سەرێکی بە سڵاو ڕاوەشاند. سەڵەوات!

ماهدەروێش، باڵای کشاوی خۆی لە نێوان بابە گوڵاو و سەید کێشایە دەرەوە و بەرەو کورسیەکەی سووچی ژوورەکە چوو و لە سەری دانیشت. بابە گوڵاو وتی:

ـ بۆ خاتەمی ئەنبیاء محەمەد سەڵەوات.

لە پەنای سەڵەواتە بەردەوامەکاندا، ماهدەروێش لە سەر کورسیەکە خۆی دامەزراند و شاقەلی سەڵتەکەی دا بە سەر ئەژنۆی‌دا، پێڵووەکانی خەواند و دەستی‌کرد بە ڕەوزە خوێندن:

ـ بسم الله الرحمن الرحيم. یا کەریم و یا ڕەحیم و یا ڕەحیم و یا کەریم. سەرەتای دانیشتنەکەمان بەناوی یەزدانی یەکتا و...

شەیدا، نیگای لە ڕوخساری تێکشکاو و چاوە بەقووڵاچووەکانی ماهدەروێش هەڵگرت و وەک پشیلەیەک خۆی لە ناو دەرگاکە دزییەوە. لە هەیوان تێپەڕی و بە ئارامی لە پلیکانەکان چووە خوارەوە و لای دەرگای ژێرخانەکە وەستا و چاوی بڕییە تاریکی شەو. خامۆشی شەو، تەنها دەنگە خۆشەکەی ماهدەروێش ئەیلەراندەوە. دەنگ، وەک شەمشەڵە بە سەر ماڵەکەدا باڵی ڕائەوەشاند. بەڵام شەیدا، زیاتر لەوەی گوێی لەدەنگی ماهدەروێش بێ، هۆشی لە لای شێرۆ بوو.

«بۆ نەڕۆیشتۆتەوە بۆ ماڵەوە؟ ڕەنگە بریندار شەوی دی، نەیوێراوە شەو بە تەنها لە ماڵەوە بێ؟ ڕاوەستاوە ماهدەروێش ڕەوزەکەی تەواو بکات و پێکەوە بڕۆنەوە! بەڵام ئەگەر وایە، ئەی بۆخۆی لە ژێرخانەکە داشاردووە؟ ئەیتوانی بچێ بۆ لای دایکم. بۆچی ناچێ؟ لەگەڵ ئەو خۆ نێوانی سازە! ئەی مووسا کوانێ؟ بابڕۆم بزانم!»

شەیدا بەرەو دەرگا شکاوەکەی گەورەکە چوو. مووسا نەبوو. ئەبێ خۆی خزاندبێتە شوێنێک.

«مووسا ڕەنگە لە ماندوێتیدا سەری نابێتەوە و خەوتبێ.»

شەیدا گەڕایەوە و بە بەردەرگای ژێرخاندا تێپەڕی و بە تیژی سەیری ناوەوەی کرد. شێرۆ لە تاریکیەدا ون ببوو، بەڵام دەنگی هەناسەی بە ئاسانی هەست پێئەکرا. شەیدا وەستا و ویستی پێبنێتە سەر پلیکانەکە، بەڵام هەڵوەستەی کرد. ڕەنگە دوودڵ بوو، ڕەنگە ئەترسا. ڕەنگیشە بیری لە ئابڕووچوون ئەکردەوە! هەرچی چۆن بوو، ڕاوەستابوو. لەم کاتەدا، قەدیر بە ئارامی لە دەرگاوە خزایە ناو حەوشە و هات. لارەولار سەیرێکی وشترەکانیکرد، لە شەیدا نزیک بوویەوە و چاکوچۆنی لەگەڵ

کرد. شەیدا وەرگەڕا و چاکوخۆشی لەگەڵ کرد:
ــ درەنگ هاتیتەوە؟ ڕەوزە دەستی پێکردووە.
ــ خەریکم گوێ ئەگرم. هێشتا ماویەتی ماهدەرویێش بگاتە دەشتی کەربەلا.
ــ چووبووی بۆ کوێ؟
ــ ڕۆیشتبووم دیندار بۆ مینبەرەکەی ماهدەرویێش کۆبکەمەوە، خۆم لە بەرەکەت بێبەش بووم!
ــ ناچیتە سەرەوە پیاڵەیەک چا بخۆیتەوە؟ دیارە زمانت وشک بووە ئەوەندەت قیژاندووە!
ــ بۆچی نا. ناچارم تا کۆتایی گوێ لە زرەزرِی سەید بگرم، چونکە کارم بە بابقولی بوندار هەیە.
ــ دیسان چ کارێکت هەیە؟
ــ پاشان پێت ئەڵێم. جارێ با بڕۆم. بەڕاست... ئەم پوورزایەت کێیە، نادعەلی؟ ئەمڕۆ ئەماژەیەکیکرد، گوایە حەزئەکا شەوانە یەک دوو پیاڵە هەڵدات. ئاگات لێیبێ. کاتی کە هات لەگەڵ خۆت هەڵیگرە بیهێنە بۆماڵەوە. من سفرەکە ئامادە ئەکەم.
بە بێ چاوەڕوانکردنی وەڵام، قەدیر بایدایەوە بۆ ناو دالان و لە تاریکیەکەدا ونبوو. شەیدا، جارێکیتر لە حەوشە تەنها خۆی بوو. چوو بۆ بەر دەرگای چێشتخانە و سەری کێشا. دایکی لای کوانووەکەوە کزببوو و هەرچەند کە ڕەوزەکەی ماهدەرویێش هێشتا نەگەیشتبوویە گێڕانەوەی کارەسات، نوورجیهان پێشاوپێش بۆ خۆی ئەگریا. شەیدا گەڕایەوە و سەیری دەرگای گەوری کرد. نەء. مووسا نەبوو. بۆیە ڕوو بە ژێرخانەکە چوو، پێی نایە سەر پلیکانەکە و بەفڕکە خۆی کرد بە ژوورا. جەوانی! لە خامۆش و غەمی خۆیدا، شێرۆ لای دیوارەکە دانیشتبوو و کۆتەی ئەژنۆی گرتبوویە باوەش و چەناگەی نابوویە سەر ئەژنۆی. هەستی بەهاتنی شەیدا کرد و سڵەمایەوە. سەری هەڵێنا و سەیری کرد. شەیدا بە شانی ناو دەرگاکەی پڕکردبوو. شێرۆ

هیچی نەوت. شەیدا لە سەر پلیکانەکە دانیشت، دەستی کرد بە ژێر کڵاوەکەی‌دا و کاکۆڵی خوراند و ساتێک بە بێ قسە سەیری شێرۆی کرد. پاشان، پرسی:

ـ چۆنە تا ئەم کاتە لێرە ماویتەتەوە؟... ئەویش لەم تاریکیەدا؟

شێرۆ وتی:

ـ ئێستە ئەڕۆم!

هەڵسا. شەیدا وتی:

ـ لێم زیزی هێشتا؟

ـ نەء.

ـ با، هەی. ئەگەر زیز نەبوایەتی بەو جۆرە ناوچاوت تێک نەئەنا. دڵت ئێشاوە ئەزانم! لە بەر ئەوەی بە دیوارەکەدا هەڵگەڕام و بە بێ پرس خۆم کرد بەژوورا. ئاخر چیم بکردایەت؟ دڵم وای ئەویست. ئەگەر نەهاتبام دڵم ئەتەقی. ئەمڕۆ، تێکڕای ڕۆژەکە، لە ناو کەویر تۆم ئەبینی!

شێرۆ خامۆش بوو. دەنگی ماهدەروێش وردە وردە بەرز ئەبوویەوە. شەیدا پرسی:

ـ ماهدەروێش پێی زانی من هاتووم بۆ لای تۆ؟

شێرۆ وەڵامی نەدایەوە. شەیدا وتی:

ـ ئەو ئیتر فلسێکیش ناهێنێ. نازانی دوێشەو، لە ناو گوڵبینەکە چی کرد! شێت ببوو و هووی ئەکێشا.

ماهدەروێش چووبوویە ناو کارەساتەکە. شەیدا هەڵسا و وتی:

ـ ژنێکی وەکوو تۆ پێخۆڕی ئەو نییە. ماهدەروێش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تیا ئەچێ. پێی لە سەر توێکڵی کاڵەک داناوە و خزاوە. تۆ ئەبێ ئاگات لە خۆت بێ ئەگینا ئەفەوتێی. هێشتا گەنجی. من ئەم قسانە لە بەر خۆت ئەڵێم.

شێرۆ بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە.

شەیدا لە بەر سینەی‌دا قیت بوویەوە. ماهدەروێش لە غەمی چوونە مەیدانی عەلی‌ئەکبەردا ئەینالاند. شەیدا وتی:

ــ ڕەنگە بچم بۆ تاغی، بۆ سەر ڕەشماڵەکانی ئێوە، قسە و پەیامێکت بۆ باوک و دایکت یان براکانت هەیە؟

شێرۆ بە دژواریی لێوی بزاوت و وتی:

ــ من شیاوی ئەو برایانە نیم. من مایەی نەنگی ئەوانم. من چم داوە لەوان؟ ملم بشکێ یاخوا!

شەیدا وتی:

ــ بڕیارە لەگەڵ گوڵمحەمەدی ئێوە بچم بۆ کاروان، باوکم خەریکە لێرە doورم ئەخاتەوە!

شێرۆ ویستی بە لای شەیدا خۆی دەربازبکات. شەیدا نەیهێشت. سینەی کرد بە سپەر لە سەر ڕێگەی ژنە و سەرشانەکانی گرت:

ــ ناتەوێ ماچێکم لەو بناگوێیەت بدەیتێ؟

شێرۆ خۆی لە دەستی شەیدا دەربازکرد و وتی:

ــ یەک بە خۆم نەعرەتە ئەکێشم!

نەعرەتەی ماهدەروێش.

شەیدا، پەلاماری شێرۆی دا و لە سووچی ژێرخانەکە، لای داری تەونەکە گیری لێ‌هێنا و توند گووشای بە خۆی‌دا و وەکوو گوێرەکەیەکی ملۆزم، دەم و لەوسی خستە ناو مەمکە گەییوەکانی شێرۆ و لە گێرە و کێشەیەکی کپدا توانی پەنامل و بنگوێی ژنە بۆن بکات و بیگووشێ بە خۆی‌دا. تاوانی کۆڵنەدانی شێرۆ. توانی قەپ بکات بە شانی ژنەدا و پاڵە پەستۆی شێرۆ خاو بکاتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو حەز و پەلەیەی کە هەیبوو ئەو تامەزرۆییەی ئاگری تێ‌بەردابوو، دیسانەوەش نەیتوانی بە سەر شێرۆدا زاڵ ببێ. شێرۆ توانی بە زۆر لە خۆی بکاتەوە و پاڵی پێوەنێ بۆ دواوە و خۆی بە سەر و قژی ئاڵۆسکاوەوە لە پلیکانەکان سەرکەوێتە سەر. سەرکەوت و لەوێ وەستا.

ماهدەرویش بەردەوام ئەیخوێند و ئەوانی تریش بۆیان ئەسەندەوە.

شەیدا هەستی ئەکرد تەنها ئەوە کە وەها ئەبیسێ. لە تاریکایی ژێرخانەکە لە سەر عەرزەکە پانەوە ببوو و سەری بە سەر شانی‌دا لارەوە ببوو. دڵی هێشتا وەکوو دەهۆڵ لێی ئەدا و چاوەکانی ئاوسابوون و خەریک بوون بتەقن. پشتی ئارەقەی ساردی لێ نیشتبوو. بێ ئەڤان دەستی برد بۆ یەخەی دادڕاوی کراسەکەی و کڵاوەکەی کە هەڵدرابوویە لایەکەوە، هەڵگرتەوە و کردیەوە سەری. ئەبوا بڕوات. هەڵسا و لە پلیکانەکان سەرکەوت و لە بەر دەرگاکە وەستا. چاوەکانی سەرەتا هیچ کوێی نەبینی، چاوی لەڕەشەوە ئەهات. بەڵام لە پڕ، بڵێسەی ئاگری بن‌دیوارەکە سەرنجی ڕاکێشا، لەو بەری حەوشە، لای دیواری گەورەکە، ئاگر و کەڕەنا ساز کرابوو. وادیاربوو دووکەس دوو تارمایی لای ئاگرەکە دانیشتبوون. شەیدا گوێی نەدانێ و بەرەو چێشتخانە چوو. بەڵام دەنگێک لە لای ئاگرەکەوە بانگی هێنا:

ــ ئەرباب واباشترە دەرگای کارگەکە دابخەی. کارەکان ئەچنە ژوورەوە و هەورێشمەکان ئەجوون!

شەیدا، بەرەو دەنگەکە وەرگەڕا. جگە لە مووسا ئەبێ کێ بێ؟

«ملۆزمی، دایک قەحبە!»

نابێ گوێ بداتێ. کاتی ئەوە نییە سەربخاتە سەری ئەو. ئەبێ خۆی لە بەر چاوە تیژەکانی بشارێتەوە. سەری‌کرد بە ناو چێشتخانەدا، بەڵام دەنگی قەدیری بەر گوێ کەوت:

ــ ئاگرێکی خۆشە، وەرە خۆت گەرم کەرەوە!

کەوابوو ئەوی‌تریان قەدیرە لەوێ لای مووسا دانیشتووە و قاچی لە بەر هاڵاوی ئاگرەکەدا ڕاگرتووە. ئیتر نەی ئەتوانی خۆی گێل بکات. ئەبوا بچێ بۆ ئەوی؛ چوو. کە گەیشتە نزیکی ئاگرەکە، دەسبەجێ بەربوویە جنێو و پلار هاوێشتن:

ــ ناتوانی هەر لەوێ، لە بەر کونەکەی خۆت ئاگر بکەیتەوە،

کوڕی سەگ؟ ئەتەوێ گەونەکانم ئاگر بدەی؟

مووسا، لە بەر کوڕی بوندار هەڵسا و وتی:

ــ ئاگام لێیە ئەرباب! هاتبووم یەک دوو بن گەونی وشک بدۆزمەوە و بیخەمە بن چێوپەمووە تەڕەکان. هەمیش گوێ لە ڕەوزەکەی ماهدەروێش ڕابگرم.

شەیدا بە توورەییەوە چاوی بڕییە ناو چاوی مووسا و وتی:

ــ تۆی دایک سەگ نازانم چۆن تێتبگەیەنم و زمانت ببڕم! تۆ مەگەر دین و ئاینت هەیە کە گوێ لە ڕەوزە بگری، جەڵەب؟ ڕەنگە ئەتەوێ بڵێی زۆریش خوا پەرستی، ها؟ ناجسن!

قەدیر وتی:

ــ دانیشە لای ئاگرەکە تۆش، خۆ هیچ نەبووە. دانیشە! مووساش مرۆڤێکی خراپ نییە. بەندی دەمی توندوتۆڵە!

شەیدا لای ئاگرەکە دانیشت و مووسا بەرەو کارگە ڕۆیشت:

ــ بڕۆم دەرگاکە داخەم؛ بڕۆم دایخەم!

قەدیر وتی:

ــ ناپارێزی ئەکەی تۆیش! ماڵی بەم قەرەباڵخیە! کاتت گیرهێناوە؟

چاوی لە دڵی ئاگرەکە، شەیدا ددانەکانی لە چیڕەوە هێنا. قەدیر، جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە ئاگرەکە دایگیراند، دووکەڵەکەی دایە دەرەوە و جگەرەکەی دا بەدەست شەیداوە. شەیدا جگەرەکەی وەرگرت و مژی لێدا. ساتێک خامۆش بوو و پاشان بەزیوی ئەو گوشارەی لە سەر سینگی بوو وتی:

ــ ناتوانم. ناتوانم پێشی خۆم بگرم. نەمتوانی و ئێستەش ناتوانم. ئاگام لە خۆم نامێنێ. خۆم لە بیر ئەچیتەوە. نەمتوانی، دەست وپێم مووچرکەی پیاهات و لە خۆم بوومەوە. لەپڕ حەزم کرد لە ئامێزی بگرم و بیگووشم بە خۆمدا. ئەمزانی نابێ ئەوکارە بکەم. کاتی نییە. بەڵام کردم. بەس تەنها باوەشم پیاکرد. هیچیترم نەکرد. ئەم کوڕە... مووساش زانی؟

قەدیر وتی:

ــ بزانێ، بە قەبری باوکیەوە! چەند ساکاری تۆیش! چی ئەتوانێ بکات؟ مەگەر گونت بگرێ. بەڵام هەرچی چۆن بێ، ناکرێ بڵێین تێنەگەیشتووە. مرۆڤێکی زیرەک و فێڵبازە، سەیری ئەوەی مەکە سەری ئەخاتە ناوشانیەوە! مێش بە حەواوە ناڵ ئەکات. جگە لەمانە خۆشی گەنجە. هەرچی بێ ئەویش دڵی هەیە. کێ ئەڵێ خۆی دڵی نەچووەتە سەر شێرۆ؟ بەڵام ئەگەر ژنی سەیدی تەلەفوونچی بزانێ لێت زیز ئەبێ! لەپڕ بە هیوای خوا بەرەڵڵات کرد. ئاگات لێ بێ دەستت نەسووتێ!

شەیدا جگەرەکەی دایەوە بە قەدیر و وتی:

ــ پێت وایە لە زمانی دەرئەپەڕێ.

ــ لە زمانی کێ.

ــ مووسا ئەڵێم ئیتر.

ــ چی؟ لە دەمی باوکیشی زیادە. چەند ساکاری تۆش. مەگەر ئەوێرێ دەم بکاتەوە. مەگەر نازانێ تۆ لێوەکانی دائەدووری؟ هەهـ، بەس دوو مۆڕەی لێ بکەی بەسیەتی. میزکردنیشی لە بیر ئەچێتەوە.

مووسا هاتەوە، شەیدا، دەستیدا بە ئەژنۆی قەدیردا و داوای لێکرد وس بێ. دەنگی ماهدەروێش جارێکیتر بەرز بوویەوە:

حسێن ئەچێ بۆ سەر سەری عەلیئەکبەر. کاکۆڵی عەلیئەکبەر خەڵتانی خوێنە!

باوک، عەلی لەسەرخاکەکە بەرز ئەکاتەوە لە بەردەم زولجەناح دایئەنێ:

ئاخ! بە چ ڕوویەکەوە بگەڕێمەوە بۆ خێوەت عەلیئەکبەرەکەم.

ئای دایکی لەیلا وەرە شۆڕەلاوەکەت وەربگرەوە! وەرەو ببیبینە! وەرە! وەرە!

عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان،

عەلیگیان!
جەماوەر هەر هەمووی دەنگی دابوویە دەنگی ماهدەروێش؛
عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان!
عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان، عەلیگیان!
لە ناو شۆر و هەڵچوونی حەشامەتەکە، پێ مینبەری بابە گوڵاو دەستی پێ ئەکرد.
مووسا هات، لە لای ئاگرەکەوە دانیشت و وتی:
ـ چ شۆر و شیوەنێکی بەرپاکردووە ماهدەروێش!
شەیدا خێسەی لێکرد و وتی:
ـ کوێی تۆ ئەکزێنێتەوە، نەگبەت! قسەی دین و ئیمان کە ئەبیسی ئەڵێی نەوشادر ئەکەنە قنت. ئەوسا بە منیش ئەڵێی هاتوویت گوێ لە ڕەوزە بگری. پێت وایە من کەرم و ناتناسم، مڵۆزمی، فێڵبازی، سەگباب!
مووسا خۆی کۆکردەوە و وتی:
ـ خۆمن مەبەستێکی خراپم نەبوو شەیدا خان. هەروا بۆ گاڵتە وتم. کێ بە تۆی وتووە من بێ دینم؟ هەر کەس نوێژ نەخوێنێ خۆ نابێ بە بێ دین. بۆ وێنە تۆ خۆت کە نوێژ ناکەی بێ دینی؟
شەیدا سەیری قەدیری کرد و وتی:
ـ مرۆڤ مەگەر زمانە سەگەکەی لەبنا ببڕێ تا خۆی لەدەس ئەو زمانە درێژەی ڕزگار بکات. وەڵامی هەموو شتێکی بە ئامادەیی لە لایە!
قەدیر وتی:
ـ هەرچی هەیە مووسا کوڕی چاکە! دەمی قورسە. دووکەڵی ئاگرەکەت خەوت، مووساخان!
مووسا وتی:
ـ ئەگەر گەرمتان بۆتەوە، هەڵیگرم بیبەم بۆ ژێر قورسیەکە. ئەگەریش بتانەوێ گەورەمان بکەن، بابچین بۆ ماڵی من!

شـەیدا وتـی:

ــ پێویسـت ناکا خۆت شـیرین بکـەی! هـەڵیگرە و بڕۆ!

قـەدیر و شـەیدا خۆیان لـە ئاگرەکـە دوورخسـتـەوە و مووسـا مـەنگـەڵی ئاگرەکـەی هـەڵگرت و بـەرەو دەرگا شـکاوی گـەوڕەکـە چوو. قـەدیر سـەیری ڕۆیشـتنـەکـەی کرد و بـە شـەیدای وت:

ــ تا تـەنوورەکـە گـەرمـە نانـەکـەتی پێوەدە. زووبڕۆ بـە دوایدا! تێی بگـەیـەنـە ئـەبێ دەمی داخات! هـەڵێ! دەمی مرۆڤ قفڵ و ئـەڵقـەرێزی نییـە. ئێسـتـە ئـەبێ مێخی خۆت داکوتـی!

شـەیدا هـەڵسا و بـە فڕکـە بـە دوای مووسـادا ڕۆیشـت. لـەپشـت دیواری گـەوڕەکـە بـەرلـەوەی سـەربکا بـە کونـەکـەیدا، سـەرشـانی گرت:

ــ ڕاوەسـتـە بزانم توخمی سـەگ! بڵێ بزانم، کاتێ کـەمن لـەگـەڵ باوکت قسـەم ئـەکرد، تۆ ئـەتزانی شـێرۆ لـە کارگـەیـە؟

ــ بـەڵی ئـەرباب. ئـەمزانی.

ــ باشـە، کاتێک کـە من چووم بۆ کارگـە، ئـەتزانی بۆچی ئـەچم؟

ــ بـەڵێ ئـەرباب!

ــ ئـەی بۆ هیچت نـەوت؟ بۆ کۆکـەیـەکت نـەکرد کـە من نـەچم؟

ــ جا بـە من چی ئـەرباب!

ــ منیش ئـەمویسـت ئـەوە بزانی: بـە تۆ چی! لـە بیرت بێ بـە تۆ چی! تێگـەیشـتی؟ ئـەگـەر لـە شـوێنێک باسـی بکـەی، ئـەگـەر بزانم لێوت هـەڵپچڕیووە، لـە بنا زمانت ئـەبڕم. تۆ هیچت نـەبینیوە، تێگـەیشـتی؟

ــ بـەڵێ ئـەرباب، من کوێر بووم!

ــ زۆر چاکـە؛ ئێسـتـە بچۆرە کونـەکـەت!

مووسـا پشـتی کۆمـەوە کرد و خزایـە ناوەوە. شـەیدا گـەڕایـەوە و قـەدیر وتـی:

ــ بابـە گوڵاویش پاش مینبـەرییـەکـەی خوێند. ڕەوزە خـەریکـە

تەواو ئەبێ. تۆ چیتکرد؟

ــ هیچ ! وتم زمانی بلکێنێ بە قنیەوە. خەریکن دۆعا ئەکەن؟

ــ ئا. ئەڵێی ڕێگەیان بە سەید نەدا پاش مینبەری بخوێنێ.

دۆعای تەواوبوونی ڕەوزەکە، سەید دەستی پێکردبوو:

«یاالله، یاالله، یاالله. السلام وعلیک یا غەریب الغرباء. السلام علیک یا ابن ڕسوالله. السلام علیک یاحسن المجتبی. السلام علیک یا ابن مرتضی...»

قەدیر و شەیدا بەرەو داڵانەکە چوون و سەرکەوتن بۆ بانیجە. خەڵکەکە هاتبوونە ناو هەیوان و بە دوای پێڵاو و گاڵۆشەکانیاندا ئەگەڕان. قەدیر و شەیدا، لای دیوارەکە وەستان. خەڵکەکە، چەند چەند و شان بە شان لە پلیکانەکان ئەچوونە خوارەوە، لە داڵان تێ ئەپەڕین و بەرەو کۆڵان ئەبوونەوە. بابقولی بونداریش لە ناویاندا بوو. بابە گوڵاو هێشتاش دۆعای ئەکرد و بە کوێرەکوێر بەرەو دەرگاکە ئەڕۆشت. یەک دووانێک لەتەک کوێخا بابقولی بوندار ئەڕۆیشتن و چپەچپیان ئەکرد.

نوورجیهان سەری لە چێشتخانەکەوە دەرهێنابوو و ڕۆیشتنی خەڵکەکەی سەیر ئەکرد. وشترەکان ملیان با ئەدا.

قەدیر و شەیدا، کە لەگەڵ خەڵکەکە دابەزیبوون، لە پشت وشترەکان وەستابوون و سەیری سێبەری جەماوەرەکەیان ئەکرد. ئەنجام؛ماڵەکە چۆڵ بوو. بابقولی باوێشکێکی دا و بانگی شەیدای کرد. شەیدا لە پشت وشترەکان هاتە دەرەوە و بەرەو باوکی چوو. بابقولی وتی:

ــ دەرگای حەوشە داخە!

شەیدا ڕۆیشت، زنجیری دەرگاکەی داخست و گەڕایەوە. بابقولی پرسی:

ــ وشترەکان چۆن لەوەڕان ئەمڕۆ؟ باش تێر ئەبن؟

شەیدا وتی:

ــ لە کوێ تێرببن؟ لە سەر بیابانی بەتاڵ؟

بابقولی بوندار چووە ناو دالان و وتی:
ــ ئەیان نێرم بۆ شوێنێک باش تێر ببن. بۆ تاغی. وەرە بۆ سەرەوە با بزانم پیاوی کاری یان نا!
شەیدا، بەرلەوەی بە دوای باوکیدا بڕوات، گەڕایەوە و سەیری قەدیری کرد. قەدیر، پاڵیدابوو بە پشتی وشترەکەوە و وەستابوو. شەیدا بە دوای بابقولیدا ڕۆیشت و وتی:
ــ قەدیری کەلایی خوادادیش هێشتا لێرەیە، پێم وابێ کاری بە تۆیە.
بابقولی چووە دیوەخانەکە و وتی:
ــ ئەزانم! بلێ با بێت بزانم کاری چییە؟
شەیدا چووە بەر بانیجە و قەدیری بانگ کرد. قەدیر لە پەنای وشترەکان هاتە دەرەوە و سەرکەوت. پۆستاڵەکانی لە دەرەوەی دەرگاکە داکەند و پێی نایە ناو دیوەخان. لای دەرگاکە، تۆزێ سەرتر دانیشت و هەوڵی دا خۆی قورس ڕابگرێ. ئەسلان، نادعەلی و ماهدەروێشیش بوون. ماهدەروێش جگەرەی ئەکێشا و نادعەلی لە سووچێکا لای ئاگرەکەوە کزببوو و چۆخەکەی لە خۆیەوە ئالاندبوو. ئەسلان خەریکی کۆکردنەوەی قەندان و ژێرسیگاری بوو. بابقولی بوندار لای مەنگەڵەکە دانیشت، کەوڵپۆسەکەی لە شانی داگرت و بەرلەوەی لە قەدیر بپرسێ، بە ئەسلانی وت:
ــ ئەم ئاگرە تازەکەرەوە. پاشانیش وافوورەکە بهێنە، پێموابێ ئارەقە بە تەختی ناوشانی ماهدەروێشدا جۆگەلەی بەستووە. بەڵام سەید! تۆش عەجەب دەنگێکت هەیە! بە ڕاستی بارەکەڵڵا. باش فرمێسکت لە چاویان دەرهێنا. بەڵام مەگەر ئەم سەیدە تەلەفوونچیە ئەهێڵێ؟ ئارەزووم ئەوەیە جارێک کەسێک ڕەوزە بخوێنێ و ئەو بتوانێ خۆی ڕابگرێ. بەدەست خۆی نییە، ئەڵێی شتێک لە ناو مێشکیا ئەکەوێتە جووڵە.
ئەسلان پەمپی دا لە لۆکسەکە، مەنگەڵی ئاگرەکەی لە بەردەمی باوکی هەڵگرت و بردییە دەرەوە. بابقولی کەوڵپۆستەکەی

دا بە شانیدا، ڕووی لە قەدیر کرد و وتی:

ــ دەی ئاشنا، ئەمجا تۆ بڵێ، بزانم کارت چییە؟ نەکا هێشتاش دڵت بە دوای وشترەکانەوەیە؟

قەدیر تفەکەی قووت دا و وتی:

ــ نا بوندار، نا، ئیتر! خۆ مناڵ نیم. ئەزانم ئەو وشترانە ئیتر ناگەڕێنەوە بۆ ماڵی ئێمە. ئاوێک کە ڕۆیشت ناگەڕێتەوە. نەء ئیتر! بەڵام ڕاستیەکەی لە لای خۆم بیرم کردەوە بێم بۆ ئێرە تکایەکت لێبکەم. ڕووت لێبخەم و ڕیشم بکەمە بارمتە.

ــ کورتی بکەرەوە! بچۆرە سەر خودی باسەکە.

قەدیر، قنە جگەرەکەی لە ناو ژێرسیگارە مسەکەدا کوژانەوە و وتی:

ــ ئەم چەند ڕۆژە زۆرم بیرکردەوە؛ بوندار. ئەبینم ئەو ڕێگەی تا ئێستە گرتوومەتە بەر، ناگات بە هیچ کوێ. بۆیە بیرم لەوە کردەوە کاربکەم. بۆم ڕوون بۆتەوە جگە لە زەحمەت کێشان ڕێگەی تر نییە. نامەوێ ئیتر بەتاڵ و حەتاڵ بە کۆڵاناندا بگەڕێم. وتم بێم بۆ ئێرە و بە پیرۆزیی ئەوەی کە تۆ بوویت بە کوێخا، ڕووت لێبخەم کە وشترەکانم پێبدەی بیانبەم بۆ دارکێشان. چەندم هێزم فرۆشت خواییەکەی ئەیکەم بە دوو کوتەوە. نیوەی بۆ تۆ و نیوەشی بۆ من. هەم وشترەکان بێکار نابن، هەم لەوێ ئەلەوەڕن. پارووە نانێکیش دەس من ئەکەوێ. ئەگەر بوندار ڕای لێبێ ئەوە زۆر باش ئەبێ.

بابقولی سەیری نادعەلی و ماهدەروێشی کرد و وتی:

ــ داوایەکی نابەجێت هەیە قەدیرخان! تۆ لە لای خۆت بیرت نەکردۆتەوە من ئەم دوو کوڕە زەبەلاحەم خستۆتەوە و گەورەم کردوون کە چییان لێبکەم؟ ها؟ بیانکەم بە شاف؟ یان ڕەشکەی کایان پێ بکێشم. لە کوڕەکانم بگەڕێم حۆلەحۆل بە کۆڵاناندا بگەڕێن و وشترەکانم بدەم بە تۆ بیانبەی بۆ دارکێشان؟ ئەوسا خەڵکی چیم پێ ئەڵێن؟ مەگەر ئەمانە خۆیان ناوکیان کەوتووە؟

نا کوڕی کەلایی خواداد، هەمیشە داوای شتێک بکە بۆ بەخشین بشێ. نەء! بیریشی لێمەکەرەوە!

ئەسلان بە مەنگەڵی ئاگرەکەوە هاتە ژوورەوە، لای ئەژنۆی باوکی داینا، چوو بۆ هەوێشخان و حۆقە و وافوورەکەی هێنا. بابقولی وافوورەکەی لە کیسەکە دەرهێنا و کون و کلکەکەی سەیرکرد و بە ماهدەرویشی وت:

ــ هەر ئێستە سازت ئەکەم، سەید. هەر ئێستە... تۆ چی قەدیر؟ حەزت لێیە وەرە نزیکترەوە!

قەدیر وتی:

ــ نا، بوندار. عەشقیم نییە.

قەدیر هەڵسا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. بوندار وتی:

ــ شێو؟

قەدیر وەڵامی دایەوە:

ــ نۆشی گیان.

پاش تۆزێک دەنگی پێی قەدیر بیسرا، لە پلیکانەکان ئەچووە خوارەوە. بیسراش کە زنجیری دەرگاکەی هەڵگرت و دەرگاکەی کردەوە. شەیدا ناوچاوی تێکنا و ئەسلان بیریکردەوە دیسانەوەش وەکوو تارمایی بە کۆڵانەکاندا ئەکەوێتە ڕێ و بە خامۆشی پیاسە ئەکات.

بابقولی بە ئەسلانی وت:

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

ئەسلان وتی:

ــ بابە گولاو گەڕابوویەوە!

ــ دەی! فەرمایش؟

ــ داوای شێوی ئەکرد!

ــ تۆ چیت پێوت؟

ــ وتم چات خواردووە برۆ بە دوای کارتدا. خۆ میوانی نەبووە! ڕەوزە خوێنی بوو. ئەویش تۆزێ پرتەوبۆڵەی کرد و ڕۆیشت.

شەیدا وتی:
ــ کفر ئەبوو ئەگەر پارچە نانێکت بدایە بە دەستیەوە؟
ئەسڵان وتی:
ــ نەمدا، نەمدا! زۆر دڵت بۆی ئەسووتێ، هێشتا لە کۆڵانە، بڕۆ بە دوای‌دا پێی ئەگەیتەوە.
بابقولی وتی:
ــ بەسیەتی. پێویست ناکا بەربینە یەک. ئێرەش چۆڵ بکەن! زووتر! وەرە پێشەوە ماهدەروێش.
کوڕەکان چوونە دەرەوە، ماهدەروێش خۆی خزاندە نزیکەوە و نادعەلی لە سووچەکە هەڵسا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. بابقولی لێی پرسی:
ــ تۆ بۆ کوێ ئەچی؟
ــ ئاسوودە بە خاڵۆ، ئەچم بۆ لای کوڕەکان.
ــ کەوابوو ئێوە پێکەوە نان بخۆن و بڵێ شێوی من و سەیدیش بهێنن بۆ ئێرە. بەڕاست... چوون بۆ کوێ؟ بە شەیدا بڵێ کارم پێیەتی. با بێت. تۆش وەرە دانیشە نادعەلی.
نادعەلی و شەیدا گەڕانەوە و دانیشتن. بابقولی بەستێکی بۆ ماهدەروێش دانا و بە شەیدای وت:
ــ ئەمەوێ بتنێرم بۆ تاغی. پیاوی ئەو کارە هەیت؟
شەیدا لە بنەوە سەیرێکی نادعەلی کرد و وتی:
ــ بۆچی نەبم؟ مەگەر تاغی پیاوخۆرە؟
بابقولی وتی:
ــ کۆتەی تاغ لە شار باش ئەکرن. ئەو دوو سێ وشترە نابێ خۆ هەروا بێکاربن و تفاق بخۆن. گوڵمحەمەد ڕانەکەی بەجێ هێشتووە و دار بار ئەکا، ئەیبا بۆ شار و ئەیفرۆشێ. قسەم لەگەڵ کرد و وتم تۆ ئەنێرم بۆ لای. پیاوێکی ناجوامێر نییە. وتی بینێرە. جا بڕۆ خەریکی پینە و چاککردنەوەی دارەبەن و کورتانی وشترەکان بە. بەیانی لەگەڵ ئەم پیرەمێردە، ناوی چییە

خوایە! ئا، مامە... نا، خاڵە مەندەلوو، باوکی مووسا بەڕێ ئەکەوی و بەرەو ئەوێ ئەڕوی بۆ تاغی. خودی خاڵە مەندەلووش خەڵووزکێشە و شوێنەکەی نزیک ڕەوەندی کەلمیشیەکانە. بڕۆ کەلووپەلت خڕکەرەوە.

شەیدا وتی:

ــ مەگەر نەت ئەویست وشترەکان پەروار بکەی؟

بابقولی وتی:

ــ بۆچی مەگەر؟ ناتەوێ بڕۆی؟ لێرە دڵت لای کەسێک گیری کردووە؟

ــ نەخێر. شتی وانییە. بەڵام ئەوە ئەزانم ماڵی پەروار نابێ باری پێ بکێشرێ. گۆشتیان ئەوەرێ!

بابقولی وافوورەکەی دایە دەست ماهدەرویێش و وتی:

ــ منیش ئەوە ئەزانم. جارێ بڕۆ کەلوپەلەکەت کۆکەرەوە. بانگی بەیانی ئەبێ بکەوێتە ڕێ.

شەیدا وتی:

ــ لانیکەم ڕووت لەگەڵ قەدیریش خۆش بوایەت. هەردووکمان پێکەوە ئەڕۆیشتین!

بابقولی بوندار، لە بن برۆ تیژەکانیەوە لە شەیدا مۆڕ بوویەوە و وتی:

ــ ئەسپێ خۆی چییە، تا سەروپێکەی چی بێ؟ دوو پیاو بەسێ وشترەوە بکەونە ڕێ چی بکەن؟ ئەگەر کاروانێک بوایە ئەوە شتێک بوو، بەڵام دوو وشتر و لەتێک کەی بەشی دوو پیاو ئەکات؟ ئەو قسەیە لە هەرکوێ بکەی پێت پێ ئەکەنن! بڕۆ کارەکانت جێ بەجێ بکە! بڕۆ! بە دایکیشت بڵێ شێومان بۆ بهێنیتە سەر.

شەیدا چووە دەرەوە و بابقولی بوندار بە ماهدەرویێشی وت:

ــ نازانم چ جۆرە دۆعا و چاوەزارێک بکەمە ملی ئەم هەتیوە تا لەگەڵ ئەم قەدیرە توخمە سەگە هەڵسوکەوت نەکات؟

ماهدەروێش لە بوندار زیاتر هەستی بە بوونی ئەو دووگەنجە پێکەوە ئەکرد. ئەو دووانە پێکەوە، بۆ ماهدەروێش وەکوو دوو شاخ بوون. دوو شاخ لە ناو چاوەکانی ئەودا. دڵی لێیان پڕبوو. بەڵام کەس نەبوو دەردەدڵی لەگەڵ بکات. لێرەش نەی ئەویست نادعەلی لە ژیانی تێبگات. بڕوای بە بونداریش نەبوو. بۆیە خامۆش وگوێ بوو و بەس سەری بۆ قسەکانی بوندار ئەلەقاند.

نادعەلی هەڵسا و لە دەرگاکە چووە دەرەوە، بابقولی پێی وت:

ـ بە یەکێکیان بڵێ بڕوات بە دوای قوربان بەلووچدا و پێی بڵێت بۆ شێو بێت بۆ ئێرە!

ـ باشە.

نادعەلی وتی و چووە خوارەوە. شەیدا لە سەر سفرەی وشترەکانی دانیشتبوو کا و پەمووی تێکەڵ ئەکرد. ئەسڵان لای چێشتخانە چاوەڕێی شێو بوو. نوورجیهان خەریک بوو ڕۆنی ئەقرچاند. نادعەلی لای بیرەکە وەستا و وتی:

ـ خاڵۆ ئەڵێ یەکتان بچێ بە دوای قوربان بەلووچ دا بۆ شێو بێ بۆ ئێرە.

شەیدا وتی:

ـ بەو بڵێ.

ئەسڵان ئاوڕی لە براکەی دایەوە و وتی:

ـ مەگەر گوێت لێ نەبوو بە منی وت شێویان بۆ ببەم؟

شەیدا وتی:

ـ هەر کاری ژنانە بکە؛ بۆجارێکیش دەستت نەدایە کارێکی پیاوانە!

لەسەر سفرەکە هەڵسا، دەستی تەکاند و وتی:

ـ پووره ئەسڵان! ئەی خوا ئەو ڕیش و سمێڵەی بۆ پێداوی؟

بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و وتی:

ـ ئەیەوێ ژنیش بهێنێ! پف!

نادعەلی کەوتە دوای شەیدا و وتی:

ـ ئەگەر تەنهای ڕاوەستە پێکەوە بڕۆین. خراپ نییە منیش هەوایەک هەڵمژم.

شەیدا وتی:

ـ خراپ نییە. سەیرێکی کۆڵانیش ئەکەی!

نادعەلی قەیتانی پۆستاڵەکانی بەست و چۆخەکەی دا بە شانیدا و لەگەڵ شەیدا ڕۆیشتن.

شەو، لە سەرمان خۆی گرمۆڵە کردبوو. هاتبوویەوە یەک. ڕەنگی شەو بەنەوشتر لە هەمیشە و ئەستێرەکان لەشیان سپیتر بوو. جۆگەی ئاوەکە، لە بەسێنی خۆیدا خوڕەی ئەهات. خۆی ئەدا بەدیواری جۆگەکەدا، ئەخزا و قلقلی نەرمی خامۆشیە قورسەکەی شەوی ئەزڕاند. شەیدا وتی:

ـ جا لە کوێ بیدۆزینەوە؟

نادعەلی وتی:

ـ مەگەر لە ماڵەکەی نییە؟

ـ ماڵی لە کوێ بوو بەلووچی قن ڕووت؟ لای نیوەشەو ئەچێ لە توونی گەرماو ئەخەوێ. ئێستەش شەو هێشتا ماویەتی. نازانم لەکام گۆڕستانە!

نادعەلی خامۆش بوو. شەیداش.

ـ زوو لە ماڵ دەرکەوتن؟

قەدیر بوو. شەیدا لای لێکردەوە. قەدیر لای دیوارەکە چیچکانی کردبوو و چووبوویە ناو خۆیەوە.

ـ بۆ لێرە دانیشتووی؟

ـ ئەی لە کوێ دانیشم؟ لە ماڵەوە؟ هەهـ! خوا هیچ بەندەیەک تووشی ئەو باوکە نەکات کە من هەمە. ئەهاتن بۆ لای من؟

ـ نەء. بە دوای قوربان بەلووچ دا ئەگەڕێین. نەت بینیوە؟

ـ ئەبێ لە ماڵی پوورە سەنەما بێ. ئەو خۆ شوێنیتری نییە،

بچێ.

ــ دێی پێکەوە بڕۆین؟

ــ بۆ نایەم؟

قەدیر هەڵسا و شان بە شانی شەیدا و نادعەلی، بەرەوماڵی پووره سەنەما. شەو لە کۆڵان ئەلەوەڕا و سێ پیاو، خامۆش و لە ناو خۆیاندا، بە سەر باڵەکانیدا ئەڕۆیشتن. قەدیر بەڵام، تاوی خامۆشی نەبوو. نادعەلی هێشتاش بۆ قەدیر نامۆ بوو و قەدیر نەی ئەتوانی بە بێ ئەوەی سەر لە بنج و بناوانی دەربهێنێ، لە کۆڵی ببێتەوە. پرسی:

ــ ئاشنامان چۆن ڕێگەی کەوتۆتە ئەم ناوە، شەیدا؟

شەیدا وەڵامی دایەوە:

ــ خزم سەردانی خزم ئەکات ئیتر! نادعەلی کوڕە پووری ئێمەیە. ڕەنگە هەواڵی زانیوە ئەمانەوێ بچین بۆ خوازبێنی بۆ ئەسلان!

نادعەلی وتی:

ــ نەء. هیچ هەواڵێکم پێ نەگەیشتبوو. هەروا بە ڕێکەوت هاتم. نازانم بۆچی؟ بەس هاتم. ڕەنگیشە نەهاتایەتم. ئەگەر لەغاوی ئەسپەکەم بە لایەکیتردا با بدایەت، ڕەنگە ئێستە لە شوێنیکیتر ئەبووم. بەڵام لەغاوەکەم بەملادا بادایەوە و ئەوا لێرەم!

قەدیر وتی:

ــ وادیارە مرۆڤی وەکوو من لەم وڵاتە زۆر پەیدا ئەبێ... تۆ نادعەلیخان، هەڤاڵی ڕێت ناوێ؟

نادعەلی وتی:

ــ لە دووکانی ئەسلان، ئەمڕۆ هەندێ شتت وت؟

ــ لە چ بابەتێکەوە؟ ئارەق؟

ــ من واتێگەیشتم!

ــ بۆچی مەگەر حەزت لێیە؟

ـ بێ حەزیش نیم، هینی کوێیە ئارەقەکەت؟ دەرەگەزە یان سودخور؟

ـ دەرەگەزیم هەبوو، تەواو بوو. ئەوەی کە هەمە، خۆم خستوومە. ئارەقی سودخور لە لای ئەڵێی تێزابە. ئارەقخۆری یان تازە دەست پێ ئەکەی؟

ـ با بگەینە سەر کووپەکە، ئەوسا دەرئەکەوێ!

شەیدا خۆی هاوێشتە ناو قسەکەیان وتی:

ـ ئێستە خۆ نابێ! ئەبێ پاش ئەوەی بوندار نوست... حەز ئەکەن قیژە و هاواری بەرز بێتەوە؟

نادعەلی ڕووی کردە کوڕی خاڵۆی و بە بزەیەکەوە وتی:

ـ زۆر لە بوندار ئەترسی؟

ـ شەیدا تەشەرەکەی نادعەلی وەڵام دایەوە:

ـ ئابڕوو ڕائەگرم. نامەوێ ناچار ببم لای لێبکەمەوە. باوک و فرزەندییەکیان وتووە ئاخر!

قەدیر وتی:

ـ ئەویش ئەو باوکە! بیر و هۆشی هەمووی لە لای کوڕەکانیەتی سەر و سامان بگرن و دابمەزرێن. نەء. نەء. بابقولی بوندار بۆ کوڕەکانی باوکێکی خراپ نەبووە.

نادعەلی بە قەدیری وت:

ـ وا پێ ئەچێ، بوندار لەگەڵ تۆ نێوانی خۆش نییە؟

قەدیر بە تەوسەوە وتی:

ـ بە پێچەوانە زۆریش خۆشی ئەوێم! بەڵام لەوە زیاتری لەدەس نایەت بۆ منی بکا!

نادعەلی، لەپڕ پرسی:

ـ بە ڕاست شەیدا ئەم ماهدەروێشە کێیە؟

قەدیر سەیری شەیدای کرد، شەیدا ڕووی وەرگێڕا. نادعەلی دیسانەوە پرسیاری کردەوە و قەدیر لە وەڵامی‌دا وتی:

ـ دەروێشێک بوو پەنای هێنا بۆ ئێرە، بۆ ماڵی بابقولی

بوندار. شووی شێرۆیە. شێرۆ خێڵەکیە. لە کەلمیشیەکانە، خوشکی گوڵمحەمەدە.

شەیدا وتی:

ــ خوشکی ئەو گوڵمحەمەدەی بڕیارە من بچم بۆ لای، بۆ دارکێشان. وان لە تاغی.

نادعەلی لە لای خۆی وتی: «ئەزانم» و سەری ڕاوەشاند.

لەبەر ماڵی سەنەما وەستان. شەیدا دای لە دەرگا. دەنگی خەواڵووی عەبدولە ڕەش لە قووڵایی ماڵەکەوە هات. شەیدا وتی:

ــ بیکەرەوە، خۆمانین.

عەبدولە ڕەش هات و دەرگاکەی کردەوە. شەیدا، قەدیر و نادعەلی چوونە ژوورەوە. لە کاتێکا بە پلیکانەکاندا ئەچوونە خوارەوە، شەیدا پرسیاری قوربان بەلووچی کرد. عەبدولەڕەش کیلۆنی دەرگاکەی داخست و وتی:

ــ خەوتووە.

ــ ئەم ڕەشەش شوێن و کاتی خەو و بێداریی دیار نییە.

شەیدا چووە ژوورەوە. پوورە سەنەما، وەک هەمیشە، لای چرای شێرەکە لە سەر شانێک ڕاکشابوو و بۆ سەیدی تەلەفوونچی دائەگیراند. خاڵۆی قەدیر لای دیوارەکە دانیشتبوو و سەری داخستبوو. پاڵەوان بەڵخی پاڵیدابوو بە دیوارەکەوە و تەسبێحە زەردە دەنک درشتەکەی بە دەستی چەپی ئەگێڕا. سەیری پەنجە ئەستوورەکانی خۆی ئەکرد و لە بەر خۆیەوە پێئەکەنی. تەقیلە چڵکنەکەی لە سەر بڕۆی دانابوو و تیژایی برۆ و برژانگی لە بەر تیشکی گڕسۆزەکەدا ئەبریسکانەوە. شەویلکەکانی پاڵەوان بەڵخی، وەک هەمیشە ئارام و لەسەرخۆ ئەجووڵانەوە. دیاربوو مێوژە کێویلە یان شەکرەگوێز ئەجاوێ. کەم دیبووی گیرفانەکانی پاڵەوان مێوژ و کشمیش و قەیسیە وشکەی تیا نەبێ. هەروەها زۆر کەم بینرابوو شەویلکە قورس وزلەکەی

لە جووڵە کەوتبێ.

شەیدا بە بێ سڵاو چووە ژوورەوە، بە نیگای سمێنەری سەیری دەور و بەری کرد و کە بەلووچی نەبینی، یەکسەر چوو بۆ پاشخان. بەلووچ لە سووچێکا لە سەر شەڵتە شڕەیەک لێی خەوتبوو. بەلووچی بە نووکی پێڵاوەکەی داچڵەکاند. بەلووچ ڕاستەوە بوو و دانیشت. چاوی ترووکاند و بەرلەوەی دەرفەتی پرسیارکردنی دەسکەوێ، شەیدا پێی وت:

ــ قنت کردۆتە خەو کەچی؟ ڕابە خۆت کۆکەرەوە، بوندار کاری پێتە. زووکە.

قوربان بەلووچ هەڵسا. شەیدا سەیری پاچاڵەکەی کرد، یەکێک لە قوماربازەکان سەری بەرزکردەوە و وتی:

ــ کوڕی بوندار، وەرە دانیشە فاڵێک بگرەوە. پەڕەی تازەیە لە شارەوە هاتووە.

شەیدا کە تا ئەم کاتە پێی قومارەکەی نەدیبوو وتی:

ــ کاتم نییە. وەختێکی کە.

هاتەوە ژوورەکە و بە بێ گوێدانە ئەوانەی لە ژوورەکەدا بوون ویستی بڕواتە دەرەوە. بەڵام بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، پاڵەوان بەڵخی بە پلارێکی زمانە درێژەکەی، ڕایگرت:

ــ زۆر خۆت گیف ئەکەیتەوە کوڕی بوندار! ئاگات لە بەرزەفڕییەکەت بێ، ئەوەندەت نەزانی پەڕ و باڵت هەڵپڕووزا!

قەدیر و نادعەلی هەروا لە دەرەوەی دەرگاکە، لە حەوشە بچووکەکەی ماڵی سەنەما وەستابوون. قوربان بەلووچ لە کاتێکا کاکۆڵە ڕەشەکانی ئەکرد بەژێر کڵاوەکەیەوە، بە لای شەیدادا تێپەڕی و چووە دەرەوە.

شەیدا لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەوە گەڕایەوە و وتی:

ــ تۆ بۆ قنت ئاگر ئەگرێ کاتێک چاوت بە من ئەکەوێ، گۆدەرز؟

ــ ئەبێ بزانی بۆچی، کوڕی بابقولی خانی کوێخا! کاتێکە تۆ

و باوکت و برا تازە پێکەوتووەکەت ئەسڵان، بەردەوام پێ ئەنێن بە سەر کلکی ئەم و ئەودا، پێت وایە خەڵکی بە بینینی ئێوە وەک گوڵ ئەپشکوون؟

شەیدا بە جەختکردن لە سەر مایەی قسەکەی پاڵەوان وتی:

ــ پێ لە سەر کلکی ئەم و ئەو دائەنێین، یان لە سەر کلکی تۆ؟

پاڵەوان بەڵخی وتی:

ــ جیاوازیی چییە؟ منیش وەکوو ئەم و ئەو!

شەیدا وتی:

ــ خەڵکی تێکەڵ مەکە! دوکانی ئێمە قەرز بە تۆ نادا بۆیە ئەسووتێی. ئەگەر قەرزمان پێ بدایەتی، ئەوسا قەینەئەکرد پێ بخەینە سەر کلکی خەڵکی، وانییە؟ ئەوسا تۆ هیچ کوێت نەئەسووتا؟

پاڵەوان بەڵخی وتی:

ــ خەریکن هەموو باریکە جۆگەکان ئەکەنە ناو گۆلاوەکەی خۆتان! دووکانداریی، گزیریی، کوێخایی، پەرواربەندی، کڕین و فرۆشتنی کالا، کشتوکاڵ، پەزداریی! کە وای لێهات بەخەڵکی بڵێن سەربنێنەوە و بۆ خۆیان بمرن ئیتر! بەو چوار قوتووە کالایەی ناوتانە بە تاقی دووکانەکەتانەوە، خەڵکیتان تا بیناقاقە کردووە بە ژێر قەرزەوە! بەو چوار قەرانەی نازانم لە چ ڕێگەیەکەوە ناوتانە پێکەوە، هەموو ڕێگەکانی نان دەرهێنانتان لەم و لەو گرتووە! بە گزیری کردنتان جەماوەرتان والێکردووە لاڵ ببن، ئەگەر یەکێکیش دەنگی لێوەبێ بە ئاغە ئالاجاقیتان ئەیتۆقێنن! ئەتانەوێ هەموو دنیا بگرنە ناو مشتی خۆتان. بەسیەتی ئیتر! ئەمەش دوایین نموونەی: کوێخایەتی. خوا بەرەکەت بات. ڕەنگە تا چەند ساڵیتر هەموو ئەم مەڵبەندە داگیر ئەکەن!

شەیدا بە بێ ئەوەی ڕاوەستێ وەلامی دایەوە:

ـ با بەخیل کوێرایی دابێ! ئەو هەموو ڕەوزەیەت خوێند، بەڵام دیسانەوەش ئەوە بزانە کە دووکانی بابقولی بوندار قەرز بە ڕەشایی و خۆشنشین نادات! ڕەسیدی پیاوی خۆشنشین وەکوو بایە، دێت و ئەڕوا. بڕۆ بیر لە شتێکیتر بکەرەوە! پێمەڕەیەک بنێ بە شانتەوە.

پاڵەوان بەڵخی وتی:

ـ پێمەڕەی جوتیاریی پێشکەشی ئەو جوتیارانەی ماستاوکردن چاک ئەزانن! من نابم بە نۆکەری کەس. بەڵام خاوەنی ئەو دووکانەش کە ئێوە بن، تریاکی قاچاخ لە سەرانسەری ئەم مەڵبەندەدا ئەدەن بە قەرز، بۆ ئەوەی دەستی هەموو ئەو وردە فرۆشانەی کە ناتوانن تریاک بدەن بە قەرز، لە خەنە بگرن. ئەی چۆن؟

شەیدا وتی:

ـ با ئەو وردە فرۆشانە، کە یەکیان تۆ بی ئەژنۆی بگرێتە باوەش و لە داخا دڵی بتۆقێ!

شەیدا بۆ وەڵامی بەڵخی نەوەستا. لە ناو دەرگاکەوە پێی نایە حەوشە، کەوتە تەک نادعەلی و قەدیر و بەلووچ و سەرکەوت. پاڵەوان بەڵخی، سەری لە چوارچێوەی دەرگاکە هێنا دەرەوە و وتی:

ـ سەیرکە... تا ئێرە!

شەیدا، لە سەر پلیکانەکان ئاوڕی لە بەڵخی دایەوە، بەڵخی گەڵوگونی گرت بە دەستیەوە وتی:

ـ ئەم کێرەم ئەژنۆی غەم لەباوەش ئەگرێ و لە داخا ئەگری! تێگەیشتی؟ جا تۆش ئەو دەسرە هەورێشمەی خستووتەتە دەور ملت بیهێنە و فرمێسکەکانی بسڕەوە!

شەیدا نەوەستا و پێی نایە ناو کۆڵان. پاڵەوان بەڵخی بە دوایدا قیژاندی:

ـ ئەمە بە باوکیشت بڵێ با قنی ئەویش ئاڵۆش بگرێ!

شەیدا گەڕایەوەو بە ڕاستیش بۆ شەڕ گەڕایەوە. نادعەلی قۆڵی گرت و قوربان بەلووچ دەستەکانی وەکوو دووباڵ لە بەر سینەیدا کردەوە و لەگەڵ خۆی بردی.

قەدیر دەرگاکەی داخست و لە کۆڵان لەتەک شەیداوە کەوتە ڕێ و وتی:

ـ ئەم گۆدەرزەش زمانی بەدەست خۆی نییە! هەر لە بناغەوە کابرایەکی زمان پیسە. هەروا فڕێی ئەدا. لە بەرودوای قسەکانیشی تێ ناگات. پیاوێک بەو ڕیش و سمێڵەوە باش نییە ئەوەندە بێ شەرم و حەیا بێ. بەڵام تۆش باش وەڵامەکەت خستە ناو مشتی. چاکت پێوت!

نادعەلی پرسی:

ـ زۆر بێهەوا؟

شەیدا وتی:

ـ ئەزانم بۆچی قنی سووتاوە! کچەکەی خەریکە بەقەد هێسرێکی لێدێ، بەڵام هەروا لە ماڵ ماوەتەوە، کەس نییە بچێ دەستی بگرێ و بیباتە سەر سفرەکەی. بە چ هیوا و متمانەیەکەوە؟ نانی جۆشیان دەسناکەوێ بیخۆن. وردیلەکانیشی ئەگەر باوکم کاریان پێ نەدا، ئەبێ ڕوو بە قیبلە قاچیان ڕاکێشن و بمرن. کۆشێ منالی خستۆتەوە، هەر هەموویان وەکوو ئەسپێ لە بن لێفەیەکدا ئەگەوزێنەوە. ئێستەش تیا ماوەتەوە نازانێ چی بکات؟ ورگیان بەچی پڕبکات؟ بۆیەش کێرد گەیشتۆتە سەر ئێسقانی و پێش زمانی خۆی پێ ڕاناگیرێ. ماوەیەک بوو بە قەساپ. مەڕی کوشتەوە و گۆشتەکەی یەک سیر دوو سیر لە ناو گوندا گەڕاند، بەڵام کەس لێی نەکڕی؛ یان کڕدرا و پارەکەی پێ نەدرا! پاشان بوو بە نانەوا. ژنە دووگیانە خوالێدراوەکەی لە لای تەنوور دانا و ناچاری کرد بەیانی تا ئێوارە نان بکات. ئەویش کردی. بەڵام کێ هەبوو نان بکڕێ؟ چونکە کار خۆ دوو ڕوو زیاتری نییە. خەڵکی یان هەیانە بیخۆن یان نییانە. ئەگەر هەیانبێ

خۆشیان ئەزانن، هەویر بشێلن و نان بکەن و بیخۆن. ئەگەر نەشیانبێ، ئەوا نیانە! پارە یان گەنم! پاشان بوو بە بۆنفرۆش. بەڵام کاسپی دەسمایەی ئەوێ. ئەبێ بتوانی تا ڕادەیەک قەرز بدەی بە مشتەری. بۆیە ئەوەش پەکی کەوت. چی لەبنیدا مابوو مناڵ خواردیان و دوای هەموو ئەوانەش بوو بە قاچاخچی. نەیتوانی قاچاخ فرۆشیش بکات. ئەمەش بە دەستی بەتاڵ خۆ ناکرێ. سەرمایەی ئەویست کە ئەو نەیبوو. ئەفغانەکان بە قەرز پێیان نەدا. متمانەیان پێ نەکرد. لێرەش قنی تەق کەوتە سەرعەرز و وای دانا سووچی باوکی منە. پاشان هات و یەخەی ئەم قەدیرەی گرت کە وشترەکانی پێکەوە قەڵەو بکەن. ئەیویست وشترەکان بەجارێ قووت بدات. بەڵام فێڵەکەی سەری نەگرت. چونکە هەم قەدیر و هەم باوکی قەدیر ئەیانزانی پاڵەوان بەڵخی پەناباتێک پارەی نییە. بۆیەش بەو جۆرە دەستی لە هەموولایەک بڕاوە و لە سووچی شیرەکێشخانە کەوتووە و کاری بووە بە تەوس و پلار هاوێشتن. پێی وایە ئەگەر تەوس و تەشەر بدا لەم و لەو و برینداریان بکات، ئەوە ئەبێ بە نان، بیبات و بیدا بەو ئەسپێیانە بیخۆن. باشە تا بە باوکم بڵێم هەر سێ چوار کچەکەی بە جارێ لە کارگە دەربکات. گەواددی قوڕمساخ!

قەدیر، بە ڕواڵەت بوو بە ناوبژیکەر:

ـ باشە ئیتر! بەدەس خۆی نییە. بابقولی بونداریش ئەبێ ئاگای لەم جۆرە کەسانە هەبێ، ڕۆژێک هەر بەکاری دێن. هەرچی بێ ئەم پاڵەوان بەڵخییە کابرایەکی بە ئابڕوو بووە. هێشتاش وایە. باوکی لەگەڵ ئەم بابە گوڵاوە ئاشیان هەبوو. بەڵام... ڕۆژگارە ئیتر... سەروخواری هەیە. ئێستەش....

شەیدا وتی:

ـ بووە! هەر پیرێژنێکیش کە تۆ ئەی بینی ڕۆژێ لە ڕۆژان دوو دانە مەمکی هەناری لە ژێر کراسەکەیدا ڕائەشەکا! بەڵام ئێستا چی؟

قەدیر هیچی نەوت. خەریک بوو ئەگەیشتنە بەردەرگای ماڵی بابقولی. قەدیر خاوی کردەوە و وتی:

ــ دەی، من ئیتر ئەگەڕێمەوە بۆماڵەوە.

نادعەلی و شەیداش خاویانکردەوە. قەدیر وتی:

ــ خواتان لەگەڵ !

بەلووچ لە بەریانەوە ئەڕۆیشت. شەیدا لە قەدیری گەیاند چاوەڕێ بێ. قەدیر وتی:

ــ بڕۆم تا ئەوکاتە دایمەزرێنم.

شەیدا و نادعەلی بە دوای سێبەرەکەی بەلووچ دا، لە قەدیر دوورکەوتنەوە. قەدیر هەڵوەستەیەکی کرد، بەڵام زۆری نەبرد، کەوتەوە ڕێ. لە پشت دەرگای ماڵی سەنەما وەستا. حەزی ئەکرد بڕوا و بکەوێتە وتوویژ لەگەڵ پاڵەوان بەڵخی. بە دوور لە هەموو سپڵەییەکەی لەگەڵ پاڵەوان بەڵخی خۆی بە هاودەرد ئەزانی. بەڵام نەشی ئەویست بە نرخی قسەکردن لەگەڵ گۆدەرزی بەڵخی، چاوی بە چاوی خاڵۆی بکەوێ. ڕەنگە دیسانەوەش، لە سووچەکەدا دانیشتووە، ئانیشکی ناوەتە سەر چۆکی، وەنەوز ئەدات و خوڵی جگەرەکەی ئەکەوێتە سەر بەڕەکە. ئەم خاڵۆیە -هەرچی بوو- بەو باڵا درێژ و لۆقەی و لە سەر نووکی پێ ڕۆیشتن و ئەو ملە باریک و خوارەی، تێکدەری قەدیر بوو. دڕکێک بوو تاونەتاو لە چاوی قەدیر ئەچەقی. لە هەموو شوێنێکیش قەدیر ئەیبینی. وەکوو پونگەیەک کە لە بەر کونی ماردا سەوز ئەبێ. ئەتوت تارماییەکەشی بە دوای قەدیرەوەیە. هەنگاو بە هەنگاو. قەدیر لەتێکی دەرگای حەوشەی ماڵی سەنەمای کردەوە، سەر و شانی بردە ژوورەوە و بانگیکرد:

ــ پاڵەوان... پاڵەوان... تاوێک وەرە بۆ ئێرە کارم پێتە.

پاڵەوان بەڵخی، شانە پان و تۆزێ چەماوەکەی، ملەکورت و سەرە زلەکەی لە چوارچێوەی دەرگاکەوە هێنایە دەرەوە و هاتە حەوشە. لەوێ باوێشکێکیدا و پرسی:

ــ چ کارێکت هەیە تۆ؟

قەدیر وتی:

ــ ڕۆیشتن. خۆم بە تەنهام. ئەمەوێ بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە. وتم ڕەنگە تۆش بتەوێ بڕۆیتەوە. شەو زۆری لێ ڕۆیشتوە، وایە؟

پاڵەوان بەڵخی قەدیری باش ئەناسی. دراوسێ بوون، هەردووکیان لە بن کۆڵانی بەلالچەقۆ دائەنیشتن. چەم و خەمی کار و کرداری قەدیر، لەبەرچاوە ڕوون و نیگاتیژەکەی پاڵەوان بەڵخی شاراوە نەبوو. لە بەر ئەمەش بوو کە بەڵخی لە شێوەی قسەکردنی قەدیرەوە ئەیتوانی تێبگات کە ئەو، لە پەنای هەموو قسە و کردارێکی‌دا مەبەستێکی شاراوەی هەیە. بەڵام گورگی پیر، کەی خۆی لە بەر باران پاراستووە؟ پاڵەوان بەڵخی بۆ ئەبێ لە کوڕی کەلایی خواداد بترسێ؟ پاشان هاتە دەرەوە و لەگەڵ قەدیر کەوتە ڕێ. قەدیر پرسی:

ــ ئەتویست هێشتاش لەوێ دابنیشی؟

پاڵەوان وتی:

ــ بۆم گرنگ نەبوو. تۆ بۆ نەهاتی؟ هێشتاش لای خاڵۆت تەریق ئەبیتەوە؟

قەدیر وتی:

ــ لەکۆڵ بەرەوە تۆش! تۆیش کارت بووە بەوەی بیانوویەک بدۆزیتەوە و توانج لە خەڵک بدەی!

بەڵخی چەند دەنک مێوژی دا بە قەدیر و وتی:

ــ باشە لەوەیان ئەگەڕێن. بڵێ بزانم چۆن بوو ئەمشەو لە پڕ دڵت نەرم بوو حەزت کرد لەگەڵ من بچیتەوە بۆ ماڵەوە؟ نەکا هەندێ کەس لەپشت ئەم دیوارانەدا خۆیان مەڵاس دابێ؟ ها؟ تۆ پیاوێکی ئەوەندە ساخ نیت قەدیر! پێم بڵێ بزانم؟

قەدیر ددانە سپیەکانی بە پێکەنین دەرخست و وتی:

ــ من لە کوێ و شەڕ و قڕە لە کوێ پاڵەوان؟ تۆ لەهەموو کەس باشتر خوو و ڕەوشتی من ئەناسی. من کابرایەکی نەرم و

هێورم.
پاڵەوان وتی:
ــ زۆر وایە. نەرم وەکوو مار!
قەدیر وتی:
ــ مارێک کە چزووەکەی داوە بە تۆ.
پێکەوە پیکەنین. قەدیر وتی:
ــ بەڵام چ کزەیەکی دێ ئەمشەو؟ پێت خۆشە بڕۆین خۆمان گەرم بکەینەوە؟
ــ خراپ نییە، هەرچەندە بە ورگی بەتاڵ ئارەق خواردنەوە کاری گەنجە بە هەڵپەکانە. بەڵام خراپ نییە، بڕۆین. ئەو ئارەقانەی کە خستبووت، پێگەییوون؟
ــ بەشی من و تۆ ئەکات. نانی وشک و تۆزێ ژاژیش لە دەوروبەری ماڵی کەلایی خواداد دەس ئەکەوێ.
ــ میوانی تریشت هەیە؟
ــ ئەوان درەنگان دێن.
ــ کێن؟
ــ کێ بن باشە؟ کوڕی بوندار و پوورزاکەی. لەگەڵی بوو ئێستە، نەت بینی؟
پاڵەوان بە تەوسەوە وتی:
ــ زۆر چاکە، ڕەوشتێکی ئارامت هەیە. ئەتوانی لەگەڵ دوژمنەکەت ببێ بە هاوپیاڵە. تەنانەت ئەتوانی بانگی بکەی بۆ ماڵەکەت! زۆر دژوارە مرۆڤ بتوانێ وەکوو تۆ تا ئەو ڕادەیە دوو ڕوو بێ!
قەدیر، دیسانەوەش پێکەنی و وتی:
ــ چی بکەین؟ ناچارییە ئیتر!
ــ ڕەنگیشە زیرەکیە؟
قەدیر بەس پێکەنی. پاڵەوان بەڵخی وتی:
ــ من تۆ ئەناسم کوڕی خواداد! تۆ قەلت گاوە کە جارچی

خوایە. تۆ دان ڕۆ ناکەی ئەگەر داوت نەنابێتەوە. بڵێ بزانم چ نەخشەیەکت بۆ ئەم گەنجە بێ ئەزموونە هەیە؟

قەدیر دیسانەوە بە پێکەنین بردییە سەر:

ــ بە گیانی پاڵەوان هیچ ، هیچ ! ئەم پوورزایەی شەیدا پێموابێ لە مەڵبەندی یام، ئاو وخاکێکی هەیە. ئەمەوێ بەڵکوو بتوانم خۆم بخەمە دڵیەوە، ڕەنگە بمبات بۆ ئەو لایە و کاروبارێکم پێ بدات. بۆ وێنە ببم بە سەرکار لە لای. ئەمە ڕاستیەکەیەتی.

پاڵەوان وتی:

ــ ئەتەوێ من باوەڕ بکەم کە تۆ دەس لە لالا هەڵئەگری و لەم قەلاچیمەنە ئەڕۆی؟

قەدیر خۆی گێل کرد گوایە نەی بیستووە:

ــ بەڵام تۆ زۆر بە تووڕەییەوە یەخەی ئەم بابقولیانە ئەگری، پاڵەوان. پشتت بە کوێ گەرمە؟

پاڵەوان بەڵخی وتی:

ــ نەموت لێت گەیشتووم؟ من خۆم ئەزانم تۆ بە خۆڕایی گیانت نادەی بەدەس عیزرائیلیشەوە. دەی، ئیترچی؟

ــ مەبەستم سیخوڕی نییە بە گیانی خۆم. هەر پێم خۆش بوو بزانم. جارێ با بە بێدەنگ بچینە ژوورەوە...

قەدیر دەستی کرد بە درزی دەرگاکەدا و ئەڵقەڕێزەکەی ترازاند، دەرگاکەی کردەوە و بە ئەسپایی چوونە ژوورەوە. لە دالانەوە چوو بۆ لای بیرەکە و بۆ پشت هۆدەکەی باوکی و گوێی ڕاگرت. دەنگ بەس پرخە و نوزەی جارجارەی پیرەمێرد بوو. گەڕایەوە. پاڵەوان بەڵخی لای بیرەکە وەستابوو. قەدیر بردی بۆ هەمارەکە. سەرەتا خۆی چووە ژوورەوە، شقارتەیەکی پێکرد و فانۆسەکەی داگیراند. پاشان چەند پارچە دار و تەلاشی خستە چاڵە چکۆلەکە، تۆزێ نەوتی پیاکرد و بە شقارتەیەک هەڵیکرد. پاڵەوان هات بۆ لای ئاگرەکە و گورگی دانیشت. قەدیر، سفرەی نانە وشکەکەی لە سەر ڕفحەکە داگرت و گرێکەی کردەوە.

پاشان سوراحیەک ئارەق و پیاڵەکانی هێنا و وتی:

ـ پیرەمێردی هەژار لەم سەرمایەدا سینەپاڵوو نەکا باشە، لای نیوەڕۆ قورسیەکەم بۆ گەرم کرد. با ئەم ئاگرەش بسووتێ، برێ پۆلووی بۆ ئەبەم. تێکە پاڵەوان!

پاڵەوان، پەرۆی سەر سوراحیەکەی هەڵگرت و دوو پیاڵەی پڕکرد.

قەدیر یەکیانی هەڵگرت و دای بەدەست پاڵەوانەوە و وتی:

ـ بیچێژە بزانە چۆنە؟ وابزانم خراپ نییە. تا ئەمشەو سەرم هەڵنەدابوویەوە. ئەمەش نانی ڕەق و ژاژی.

پاڵەوان پیاڵەی ئارەقەکەی دانا و سفرەکەی ڕاکێشا:

ـ من ئەبێ سەرەتا ورگم تێر بکەم.

قەدیر وتی:

ـ منیش برسیمە. ڕیخۆڵەکانم خەریکن یەکدی ئەخۆن.

تێربوو تێرنەبوو، پاڵەوان کەوتە قسە:

ـ دەی ئەتویست بڵێی چی؟

قەدیر وتی:

ـ ڕاستیەکەی لووتی من بۆنی هەندێ شت ئەکات!

ـ ئا؟ بۆنی چی؟

ـ ئەم هەڤاڵەت، پینەچییەکە! ئەمە مەبەستی چییە هەموو دوو حەفتە جارێک سەر و سەکوتی دەرئەکەوێ؟ بۆیە لەتۆ ئەپرسم چونکە ئەبینم زۆربەی کاتەکان لە ماڵی تۆ لائەدا.

ـ مەبەستت چییە؟ مەگەر کار و کاسپی حەرامە؟

ـ نا، بەڵام من بۆنی هەندێ شتم کردووە. بە قسەکانیدا، بەوەی کە لە کاتێکی دیاریکراودا دەرئەکەوێ... من ناسیبێتم پینەچیەکی ڕووت و قووت نییە ئەم هەڤاڵەی تۆ.

پاڵەوان بەڵخی وتی:

ـ مرۆڤی بێکار گوێی خۆی ئەخاتە ناو ئاوەن ودەستەوە ئەیکوتێ؛ تۆیش پێموابێ وات بە سەر هاتووە! سفرەی من،

پێشتر بۆ هەموو کەس واڵابوو. بەڵام ئەوەندەی ڕۆژی مناڵەکانم کەم بۆتەوە، بۆم نالوێ میوان بانگ بکەم بۆ سەر سفرەکەم. بەڵام براگیان... خۆ ئەتوانم میوان بۆ بەر هەتاوی دیواری ماڵەکەم بانگ بکەم! زەوی ماڵەکەم تۆخی ئەچێ ئەو ڕەبەنە لە سەری دابنیشێ و کڵاش و پێڵاوی ئەو خەڵکە بدووڕێتەوە؟ یان لە من کەم ئەبێتەوە بە لای دەستیەوە دابنیشم و چوار وشەی لەگەڵ بڵێم و ببیسم؟ پیاوی غەریب ئەگەر هاودەمی نەبێ بەسانایی بۆی ناچێتە سەر.

قەدیر، پیاڵەی ئارەقەکەی هەڵدا و وتی:

ــ منیش هەر وام بیرلێکردبۆوە. بەڵام باش چووی بە گەرووی ئەو کوڕەی بوندااردا ها! جگەرە خۆ ناکێشی؟

ــ نەء.

دەنگی ئارام و لەسەرخۆی پێ لە حەوشەوە هات. پاڵەوان بەڵخی خۆی کۆکردەوە و وتی:

ــ ئەڵێی میوانەکانت هاتن!

قەدیر، گوێی بۆ دەنگی پێکە ڕاداشت و وتی:

ــ پێم وانییە ئەوان بن! زۆر زووە جارێ.

دەنگی پێ نزیکتر کەوتەوە. پشت دەرگاکە. دەرگا بە هێوری لە سەر گرێجەنە سووڕا و کابرایەک لە ناو دەرگاکە وەستا. عەباسجان بوو. ڕەنگ‌زەرد، کۆم، بە ڕیشێکی زۆر و عابایەکی ڕەشەوە. قەدیر هیچی نەوت. عەباسجان هاتە ژوورەوە. خاو و خلیچک سڵاوی کرد و هەر لەوێ، لە بەر دەرگاکە دانیشت. ئەلەرزی و ئاو بە سیلەی چاوەکانی‌دا ئەهاتە خوارەوە. سەرەڕای ئەوەش قەدیر پێی نەوت لە ئاگرەکە نزیک ببێتەوە. پاڵەوان بەڵخی وتی:

ــ هەواکەی ژەهری هەیە، وەرە بەر ئاگرەکە. وەرە!

عەباسجان دەستی لە نێوان ڕانەکانی دەرهێنا، سیلەی چاوەکانی بە دڵی پەنجە سڕییەوە، لێوە ئەستوور و مۆرەکەی بە

ددان گەست و وتی:
ـ لەبن قورسی بووم. بەڵام قورسیەکەش ڕچاوە.
قەدیر وتی:
ـ دەستت ئەسووتا ئەگەر ئاگرێکت بکردایەتەوە؟
عەباسجان وەڵامی نەدایەوە. لە نەخۆش ئەچوو. ئەلەرزی. سەری خزاندبوویە ناوشانەکانیەوە و خۆی کۆمەوە کردبوو. لە جاری پێشوو کۆڵەوارتر بوو. ڕوخسارە هاوڵاوییەکەی زیاتریش تێک شکابوو. پەڕەی لووتی جارجارە ئەفرِی. لەگەڵ پەڕەی لووتیدا، ژێر چاوی چەپیشی ئەفرِی. جل و بەرگی چەپەڵتر و چڵکنتر لە جاری بەرێ بوو. قەدیر سەیری چاوی بێ سۆمای براکەی کرد و بە بێزارییەکی ئاشکراوە پرسی:
ـ چۆن بوو دیسان سەروسەکوتت دەرکەوتەوە. پارەکانت تەواو بوو؟
عەباسجان هەڵسا و بە بێ وەڵام، بە کزی هاتە پێشەوە و لە لای ئاگرەکە دانیشت. قەدیر نیگای لێ وەرگێڕا. قەدیر بێزاریی خۆی لە براکەی نەئەشاردەوە. بینینی عەباسجان -هەرچەندە برای گەورەش بوو- قەدیری سڕ ئەکرد. بەڵام عەباسجان خۆی لە ناخەوە ڕچابوو. ئەلەرزی و هەوڵی ئەدا بەر بە شەقەشەقی ددانەکانی بگرێ.
پاڵەوان بەڵخی وتی:
ـ خوماری، ئەرێ؟
عەباسجان وتی:
ـ سەرمایشم بووە. پیاڵەیەک ئا لەو... بۆ تێ بکەی خراپ نییە.
پاڵەوان پیاڵەکەی خۆی دا بە عەباسجان. عەباسجان بە قامکە چڵکن و نینۆکە درێژەکانی پیاڵەکەی وەرگرت و بەرلەوەی لەرزینی دەستەکانی پیاڵەکە ڕاشکێنێ، هەڵیدایە ناو گەرووی. لێوەکانی خڕکردەوە و جارێکیتر تەڕایی سیلەی چاوەکانی بە لەپی

دەست سڕییەوە و لووتی هەڵلووشی. پاڵەوان پیاڵەیەکی تریشی بۆ تێکرد و لە بەردەمی دای‌نا. عەباسجان نیوەجگەرەیەکی لە بن قوتووەکەی دەرهێنا و بەئاگرەکە پێی کرد. مژێکی لێدا و ڕایگرت بۆ پاڵەوان. پاڵەوان دەستی دایە دواوە و قەدیر لە عەباسجانی پرسی:

ـ ئەی خانمەکەت بۆ نەهێنا؟ یان...

عەباسجان ساتێک بێدەنگ ما، پاشان چاوە سارد و بێ گیانەکەی بڕییە قەدیر و وتی:

ـ باوکی نەی هێشت بیهێنم.

قەدیر وتی:

ـ درۆ! درۆ لە چاوەکانت ئەبارێ! پێت وایە بەم قسانە باوەڕ ئەکەم؟ تۆ جا ژنت لە کوێ بوو؟ کێ ژن بە تۆ ئەدات؟ مەگەر یەکێک مێشکی کەری خواردبێ کە کچ بدات بە تۆ! بە هەر فێڵێک بووە چوار قەران دەست ئەخەیت و ڕێ ئەکەوی بۆ مەشهەد، چوار شەو لەوێ ئەبی، پارەی بێزمان ئەدەی بە قاحبەکان، ئارەق ئەخۆیت و لە گەڕەکی زابولیەکان شیرە ئەکێشی؛ کاتێکیش کە بنی کیسەکەت بەتاڵ بوو، بای ئەدەیتەوە بەرەو قەڵاچیمەن! کە گەشتیتە ئێرەش دیسانەوە خۆت مەڵاس ئەدەی و بە دەور و بەری شیرەکێشخانەکاندا ئەکەویتە مووشە مووش و... پێت وایە کەرت دۆزیوەتەوە؟

عەباسجان پیاڵەی ئارەقەکەی لە لێواری ئاگردانەکە هەڵگرت و وتی:

ـ تا ئێستە خۆ پارەی تۆم نەدزیوە. شوکری خوا تۆ هەرگیز پارەت نەبووە تا من بیدزم!

قەدیر چۆکی لە عەرزەکە چەقاند، پیاڵەی ئارەقەکەی لە دەستی عەباسجان فڕاند و وتی:

ـ کاتێکە من پارەم نەبووە، ئارەقیشم نییە بیدەم بە تۆ بیکەیتە ناو ورگت! ڕابە، ملت بشکێنە و بۆ کوێ ئەچی بچۆ!

پەنجە چڵکن و لەرزۆکەکەی عەباسجان بە حەواوە مایەوە. نیگایەکی پاڵەوان بەڵخی کرد و وتی:

ــ سەیر ئەکەی؟ سەیر ئەکەی چەندە نینۆک وشکە؟ چەندە بێ بەزەییە؟ ئەبینی؟ برا لەگەڵ برا وا ئەجووڵێتەوە؟ ئەبینی پاڵەوان؟ من ئەگەر هەمبێ سەرم پێوە نییە! بەڵام ئەو... ئەوەتا خۆت ئەبینی؟

پاڵەوان پیاڵەکەی لە قەدیر وەرگرت. دایەوە بە عەباسجان و وتی:

ــ بەم شەوە... بیخۆ عەباسجان. هەرچی چۆن بێ ئێوە لە خوێنێکن!

عەباسجان پیاڵەکەی نا بە سەرەوە و قەدیر مڕاندی:

ــ تۆ نازانی پاڵەوان! ئەوەی من ئەیکێشم، هەموو وا لە ژێر سەری ئەم گیانەوەرەدا! هەر هەمووی. ئەوەندە چووە بن گوێی ئەو پیرەمێردە ئیفلیجە و ئەفسوونی پیاخوێند، ئەوەندە وڕکی گرت، تا پیرەمێرد هەرچی هەبوو وردە وردە فرۆشتی و ئەم مێشەکەرانەیەش چەندەی بۆ کرا، لێیدزی و کەوتە ڕێ بەرەو مەشهەد. ئەوەش کە ئەو نەیفرۆشت، ئەم لێیدزی و بردی بۆ مەزادەکەی شەقامی مەشهەد و بە نیوە بایی فرۆشتی و سەرفی کرد بۆ کێری! سەرەتا ئەیویست کچی یەکێک لە حاجیەکانی نۆغوون بهێنێ کە چەند کاروانسەرای هەیە. وردە وردە هاتە خوارەوە. هەتا ئێستە کە گەیشتۆتە کچی کابرای داڵاندار! پاشانیش خوا ئەیزانی...

پاڵەوان بەڵخی نێوبژی کرد و وتی:

ــ ئێستە لێی گەڕێ جارێ. کارت پێی نەبێ. ناسازە. وابزانم تازە گەیشتۆتە بەرەوە. پیاڵەیەکی تری بۆ تێکە. ئەرێ عەباسجان تازە هاتوویتەتەوە؟

ــ کاژێرێک ئەبێ. لە ناو ڕێ تەزیم. لە سەر لۆرییەک کە پەمووی بار کردبوو سواربووین. لە سەر دووڕێیانەکەی کاروانسەرا

دامانی بەزاند. تا لە سەر بارەکە بووین سەرمای تیژ تەزاندمانی، کاتێکیش کە دابەزین نازانی بە چ کوولەمەرگیەک خۆمان گەیاندە ئێرە. کاتێکە گەیشتین دەست و لاقمان هی خۆمان نەبوو. هەر کامەیان پارچەیەک سەهۆڵ. ئەتوت درەوش لە چاوی من چەقیوە. هێشتاش ئەکزێتەوە. لە ناو ڕێ لە زمان کەوتبووم. بەڵام ئەوەی لەگەڵم بوو گیان سەختتر بوو. بە جۆرێک خۆی ڕاکێش کرد. نازانم چوو بۆ کوێ ئەو ڕەبەنە!

قەدیر وتی:

ـ باشتر وابوو ئەویشت میوان بکردایەت! ئەوەنییە خۆت زیادی نیت؟

عەباسجان وتی:

ـ ئاشنای پاڵەوان بوو. ستار!

قەدیر وتی:

ـ پینەچیەکە ئێستە لە ماڵی ئێوە لەنگەری خستووە، پاڵەوان!

پاڵەوان وتی:

ـ پێت وانەبێ.

قەدیر وتی:

ـ سەیر ئەکەی، چەندە حەلاڵ زادەیە؟

بەڕاست بڵێی چووبێ بۆ کوێ؟ بۆ لای مووسا؟ نەء. پێم وانییە. بۆ گەرماو؟ گەرماویش خۆ داخراوە. بۆ مزگەوت؟ بەم سەرما؟ نەء. نەء. بۆ توونی گەرماو؟ کێ ئەڵێ توونچیەکە دەرگای لێ ئەکاتەوە؟ پاڵەوان کشایەوە و پاڵیدا بە کەنووە بەتاڵەکەوە و وتی:

ـ ئارەقەکەت زۆر سەیر پیاو ئەگرێ، قەدیر!

قەدیر وتی:

ـ تۆ خەریکە تاقەتت کەم ئەبێتەوە پاڵەوان! ئارەقی من قسڵی تیا نییە. ئەتەوێ بڕۆم ئاشناکەت بدۆزمەوە و بیهێنم بۆ

ئێره؟

ــ نا، لێی گەڕێ لە هەرکوێ هەیە با بۆ خۆی بخەوێ. ڕەنگە تا ئێستە جێگەیەکی گەرمی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە. منیش وردە وردە هەڵئەسم ئەڕۆم. نامەوێ ئەم سۆزانیە سووراوکەرە بێ بۆ ئێرە و چاوم بکەوێ بە ناوچاوی. ئەمشەو زۆر لە سەر کەیف نیم، ئەترسم داخی خۆمی پێبڕێژم! نامەوێ قڕە ساز بکەم. ئەم خەزوورە کوێرەی منیش خۆی لەگەڵ ئێمە ساخ ناکاتەوە. هەر ئێستە لە خەیاڵی ئەودا بووم واخەریکە هنکە هنکیەتی و گیان ئەدا. ڕەبەن نە ئەمرێ و نە ڕائەبێ. هەروا لە گەورەکە کەوتووە و جووڵە ناکا. ئەگەر پێت وایە زۆر زەرەر ناکەی پیاڵەیەکی تریشم بۆ تێکە با کەموکوڕیم نەمێنێ. ئارەقێکی بە پێزە!

قەدیر پیاڵەکەی پاڵەوانی پڕکرد. پاڵەوان پیاڵەکەی بە پەنجە ئەستوورەکانی گرت و وتی:

ــ بەخۆشی ئێوەوە. زۆر دەمێک بوو تێر ئارەقم نە خواردبۆوە. ئیشەڵڵا ڕۆژێک بتوانم قەرەبووی بکەمەوە. سەر بەرز بیت.

ــ نۆش!

پاڵەوان پیاڵەکەی هەڵدا و هەڵسا:

ــ من ئیتر ئەڕۆم. کاتێک کە میوانەکانت دەرکەون. من نەبم چاترە. تۆیش کەمتر سەربخە سەر عەباسجان. برای گەورەیە ئیتر. خواتان لەگەڵ .

ــ بەخێر هاتی.

عەباسجانیش هەڵسا و وتی:

ــ منیش ئەڕۆم ئەخەوم. ئەگەر بکرێ نیو پیاڵەی ترم پێ بدە تۆزێ گەرم ببمەوە.

پاڵەوان سەر و شانی دانەواند و چووە دەرەوە. عەباسجان، لە دالان خۆی پێگەیاند. پاڵەوان بەڵخی وەستا. عەباسجان قۆڵی جاکەتەکەی گرت و بە لالانەوەوە وتی:

ــ تیائەچم ئەمشەو پاڵەوان. دەستم بە دامێنت! ئەگەر ئەمشەو

بەقەد نۆکێک تاڵیم پێ نەگات تیا ئەچم. کارێکم بۆ بکە!

پاڵەوان وتی:

ــ خەجاڵەتم ئەگەر ئەڵێم «نا». سوێند بە مووت دەستم لە هیچ کوێ بەند نییە. تاقە قەڕانێک بڵێی چییە! باوەڕ ناکەی گیرفانم بگەڕێ. هیچی تیا نییە! بەتاڵ!

عەباسجان قۆڵی جاکەتەکەی بەڵخی بەردا و لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ ئەمرم!

پاڵەوان وتی:

ــ بڕیار وایە کوڕی بوندار بێ بۆ ئێرە. پوورزایەکی هەیە ئەویش ئەهێنێ. گوێڕایەڵ بە، بەڵکوو بتوانی بە سەرخۆشی شتێکی لێ هەڵکڕێنی.

عەباسجان، بە نائومێدی ڕووی وەرگێڕا و بەڵخی بە ئارامی چووە دەرەوە.

کۆڵان لە خوار ئەچوو. نەء، پاڵەوان بەڵخی تۆزێ خوار ببوو. سەری لە گێژەوە ئەهات. چاوەکانی ئەتوت داچەقاون. هەنگاوەکانی سەرپێچیان ئەکرد. نەکا قەدیری کەلایی خواداد شتێکی دەرخوارد دابێ؟ نا، نا. خۆیشی لە هەمان سوراحی خواردەوە. براکەشی. دەستی بە دیوارەکەوە گرت و تاوێک وەستا. چاوی بەست و کردییەوە و کەوتەوە ڕێ.

نە زۆر دوور، دوو ڕەشایی دەرکەوتن. ڕەنگە میوانەکانی قەدیر بن. بوون. شەیدا بوو و نادعەلی. نادعەلی بەرەکی دابوو بە سەریدا و شەیدا دارێکی بە دەستەوە بوو. خۆیان بوون، ئا. پاڵەوان، بە بێ ئەوەی سەیریان بکات. دای بە لایاندا.

دوو لاوەکەش خۆیان لەو گێل کرد و ڕابردن. پاڵەوان بەڵخی چپەچپەکەیانی بیست. ڕەنگە باسی ئەویان ئەکرد. ئەبوا گوێ نەداتێ و بڕوات. ڕۆیشت. بەر لەوەی لە پێچی کۆڵانەکە باداتەوە، وەستا و سەیری نادعەلی و شەیدای کرد. ئەو دوانە لە ناو دالانی ماڵی کەلایی خوادادا ون بوون. پاڵەوان گەڕایەوە. ماڵەکەی لای

ماڵی کەلایی خوادادەوە بوو. ماڵی پاڵەوان بەڵخی دەرگای نەبوو. بە بێدەنگ چووە ژوورەوە، لە پشت دەرگا وەستا و دای لە دەرگا. ژنەکەی گۆدەرزی بەڵخی بە خووی هەمیشەی دەرگای کردەوە. ئاڵۆز، لاواز، باڵا بەرز و باریکەڵە. لووتی نووک تیژ، چەناگەی باریک و چاوەکانی وەکوو چاوی ئاسکی زەیسان. تەمەن ناونجی. بەڵام هەموو ساڵێک مناڵێک و سفرەی بەتاڵ تیایا بردبوو. کشایەوە تا شووەکەی بچێتە ژوورەوە.

بەڵام پاڵەوان وەستابوو. ژنە پرسی:

ــ بۆ نایەیتە ژوورەوە؟

پاڵەوان وتی:

ــ ئەڵێن ستار هاتووە بۆ قەڵاچیمەن. نەهات بۆ ئێرە؟

ژنە وتی:

ــ ئێمە زوو خەوتین. ڕەنگە هاتبێت و ڕۆیشتبێت!

پاڵەوان وتی:

ــ دەرگاکە داخە و بخەوە، من ئەڕۆم بیدۆزمەوە. ئەرێ باوکت چۆنە؟

ــ وەک خۆی. لە ناو گەوڕەکە خەوتووە، کپ و بێدەنگ. لای ئێوارە قاپێک ئاشم بۆ برد.

پاڵەوان بەڵخی گەڕایەوە و چووە ناو کۆڵان. چووبێ بۆ کوێ؟ بۆ ماڵی خوامراد، پێم وانییە.

ئەی بۆ گوڵخەنی گەرماو؟

دەرگای گوڵخەنەکە داخرابوو و ناوەوە تاریک بوو. توونچی هێشتا هەڵنەسابوو بۆ داخستنی کوورەکە. پاڵەوان لە چاڵەکە سەرکەوت و بەرەو ماڵی بابقولی بوندار ڕۆیشت. گەرماو بۆ ماڵی بابقولی دوور نەبوو. دەرگای ماڵی بوندار داخرابوو، بەڵام تیشکی باڵەخانە، بەشێک لە بانیجەکەی ڕۆشن ئەکردەوە. پاڵەوان بەڵخی لە سووچی دیوارەکە وەستا. دەنگە دەنگێک ئەهات بەڵام لێکەوە نەئەکرا. پاڵەوان ویستی تەقە بدا لە دەرگا و مووسا بانگ

بکات، بەڵام پڕکێشی نەکرد. ئەم کاتەی شەو؟ بابقولی چۆن بیرئەکاتەوە؟ بۆیە بە قەراخ دیوارەکەدا کەوتە ڕێ. لە سووچی دیوارەکە بایدایەوە و چوو بۆ پشت گەوڕ. بوندار دابووی دەرگای پشتەوەی گەوڕەکەیان هەڵچنیبوو و سواخیان دابوو. لە بن تاقی دەرگا سواخ دراوەکە، ستاری پینەچی، خۆی گرمۆڵە کردبوو و گوێی نابوو بە دیوارەکەوە. پاڵەوان بەڵخی خۆی مەڵاسدا و گوێی ڕاگرت. مووسا لە پشت دیوارەکەوە لەگەڵ ستار قسەی ئەکرد:

ــ ئەمشەو ئێرە زۆر قەڵەباڵخە، نازانم خەیاڵیان چییە. وابزانم خەریکن خۆیان سازئەکەن بچن کاڵای قاچاخ وەربگرن، بۆ بەدبەختی باوکیشم ئەمشەو لێرەیە. هاتووە من ببینێ!

ــ ئەی تۆ چی ئەکەی؟ بەیانی پێش نیوەڕۆ من ئەبێ بڕۆم.

ــ هەر چۆن تۆ بڵێی، حەز ئەکەی بچۆ بۆ ماڵی خوامراد یان پاڵەوان بەڵخی. منیش هەر چۆن بووە خۆم ئەگەیەنم.

ــ نەء. بۆ ماڵی خوامراد تا ئێستە نەچووم. بۆ ماڵی پاڵەوانیش چووم وابزانم خەوتبوون. ئەچم بۆ مزگەوت.

ــ مزگەوت شوێنی گەداکانە برام، نەک شوێنی ستار!

ــ شەوباش.

ستار ئاوڕی دایەوە و پاڵەوانی بینی:

پاڵەوان وتی:

ــ هەواڵی هاتنتم بیست. بە دواتدا ئەگەڕام. ها مووسا! لە پشت پەردە خۆت داشاردووە؟

پاڵەوان کۆڵی پینەچییەکەی هەڵگرت، دای بە شانی دا و وتی:

ــ ئەڕۆین بۆ ماڵی ئێمە مووسا. تۆش وەرە. شەوەکەی چۆڵ نییە. چەند دانە جنۆکە بە کۆڵانەکاندا خولەیان دێ. یەکیان کوڕەکەی ئەربابت. لە سەر ڕێ خوامرادیش هەڵگرە.

مووسا، لە پشت تێغەی دیوارەکەوە، کۆکی و پاڵەوان بەڵخی لەپێش ستارەوە کەوتە ڕێ. ستار وتی:

ــ شەوانی زستانیش چەند درێژە پاڵەوان!

مووسا پەنجەی خستە سەر لێواری دیوارەکە، ڕۆیشتنی پاڵەوان و ستاری سەیرکرد. دوو پیاو دوور کەوتنەوە و مووسا بە ئەسپایی خزایە خوارەوە. ئاتەکەکانی جاکەتەکەی دا بە سەر یەکدا و خۆی کردەوە بە کونەکەیدا. خاڵە مەندەلوو، لای قورسیەکەوە سەرجلێکی کۆنەی دابوو بە خۆیدا و پرخەی ئەهات. بە دەنگی دەرگاکە، پێڵووە خەواڵووەکانی لێک دا و وتی:

ــ بۆ سەرنانێتەوە و بخەوی؟ مەگەر بەیانی کارناکەیت؟

مووسا بە باوکی وت:

ــ تۆ ئاسوودەبە. من ئەمشەو کارم هەیە. بوندار ئەمەشەو هەندێ کاری هەیە من ئەبێ بۆی جێبەجێ بکەم. مەگەر گوێت لێنییە لەو پشتە، لە ناو حەوشە چ بێنە و بەردەیەکە؟ تۆ بخەوە. بەیانی زوو ئەبێ بکەویتە ڕێ. کارەکەم تەواو بوو، دێمەوە. تۆ بخەوە!

خاڵە مەندەلوو خەوتەوە. مووسا هاتە دەرەوە و دەرگاکەی لە باوکی داخست. بە ئارامی وەکوو پشیلەیەک بەبن دیوارەکەدا ڕۆیشت. لە ناو حەوشە قوربان بەلووچ، ئەسڵان، بوندار و نوورجیهان هاتووچۆیان بوو. قوربان بەلووچ تەنگەی هێسرەکەی بونداری ئەکێشا. ئەسڵان شەڵتە بەتاڵەکەی لە دەربیچەی دووکانەکەوە ئەهێنایە دەرەوە. نوورجیهان، کاهوورەکەی ئەسڵانی هێنابوو و ئەیخستە ناو شەڵتەکە. بابقولی کەوڵپۆسەکەی دابوو بە سەرشانیدا ئەهاتەخوارەوە. ماهدەروێش ماینەکەی لەکۆڵانەوە ئەهێنایە ژوورەوە.

بابقولی بوندار چوو بۆ لای هێسرەکەی و وتی:

ــ گورگ بیخوا ئەو گوڵمحەمەدە کە وشترەکەی پێ نەفرۆشتم! من ئەو وشترەم بۆ ئەم جۆرە کاتانە ئەویست. ئەگەر ئەو وشترەم هەبوایە ئیتر ئەو هەموو دار و هەلووکەم پێویست نەبوو... دەی ماهدەروێش، تۆ سواری مایینەکەی خۆت ئەبی.

تۆیش ئەسڵان، هێسرەکەی خۆمان. بەلووچ، بزانە تۆش ئەتوانی سواری ئەسپە سپی خوشکەزاکەم ببی؟

قوربان بەلووچ هەوساری ئەسپەکەی نادعەلی گرت. بوندار چوو بۆ لای ماهدەروێش و ماینەکەی، دەستی هێنا بە یاڵ و دەفەی دەرپەڕیوی شانی دا و وتی:

ـ ماینەکەت فەوتاندووە ماهدەروێش! خواردنی نادەیتێ. خەریکە تیا ئەچێ. ناچارنیت ڕای بگری، کاتێک ناتوانی جۆ بکەیتە ئاخوڕەکەی. بیهێنە لە سەر ئاخوڕی پاتاڵەکانی من بیبەستەوە. مرۆڤ ئەگەر نەتوانێ چوارپێکەی تێر بکات، لە بەزەیی بە دوورە ڕای بگرێ. بۆ ڕای ئەگرێ؟ بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە لای ئاخوڕی بەتاڵدا بێ بەلادا و نەتوانێ هەڵسێتەوە؟ ها؟ هەڵبەت خۆت ئەزانی. خۆت باشتر ئەزانی!

ماهدەروێش شەڵتەی لە سەر پشتی ئەسپەکەی ڕێک کرد و وتی:

ـ ئەگەر بتوانم بیگەیەنمە بەهار، غەمی نامێنێ. سەختیەکەی بەس زستانە.

ـ هەموو ئەزانن سەختیەکەی هەر زستانە. بەڵام زستان بۆ پیاوی نەدار وەکوو دالانی دۆزەخە. حەزئەکەم زیندوو بم و ببینم چۆن ئەتوانی ئەم چوارپێیە لە دالانی دۆزەخ تێپەڕێنی!... کوڕە ئەسڵان!

ـ بەڵێ قوربان.

ـ ئەو برا بەرەڵڵایەت بۆ کوێ چووە؟

ـ من چووزانم. خۆت وتت پێویست ناکا لەگەڵمان بێ.

ڕەنگە ئەویش ڕۆیشتووە بۆ ئەو شوێنەی هەموو شەو ئەچێ!

بابقولی بوندار، تووڕەییەکەی خواردەوە و لە کاتێکا سەری ئەبردە ناو دالانەکە وتی:

ـ وتم لەگەڵمان نەیەت بۆ ئەوەی سەر بنێتەوە و بخەوێ

کە بەیانی زوو بەڕێ بکەوێ بۆ چەمی شۆراو. خۆ نەموت بچێ بۆ بەرەڵڵایی! وەرە سەر بەلووچ!

بەلووچ بە دوای بونداردا ڕۆیشت. بوندار تاوێک لە پاشخانی باڵەخانە کەوتە گەڕان و پاشان هاتە دەرەوە، دەمانچەیەکی کارکەردەی هێنا لە پەڕۆوە ئاڵابوو. سەیرێکی کرد و بە بەلووچی وت:

ــ ئەم دەمانچەیە بۆ پارێز بە تۆ بێ. تۆ لەو دوانەی تر شارەزاتری. هەم لەسەرخۆتری و هەم لێهاتووتر. نامەوێ بەکاری بهێنی، بەس بۆ قایمەکاری. بۆ پشتگەرمی پێت بێ. ئەزانم کەسیش کاری بەکارتان نابێ. پێشتر خۆم بە هەموو لایەک ڕاگەیشتووم. لایەنی مامەڵەکەش خۆ ئەناسی. جیهەن خانی سەرحەدییە. لە بەلووچەکانی هاوزمانی خۆتە. بێ هەرا و هوریا کاڵاکەی لێوەرئەگری و ئەگەڕێتەوە. ناهێڵی ماهدەروێش بکەوێتە فرەوێژی. وەکوو خودی شەو، بە خامۆشی و ئارامی کارەکەتان ڕاپەڕێنن و بگەڕێنەوە، من چاوەڕێتان ئەکەم. بڕۆ ئیتر.

قوربان بەلووچ دەمانچەکەی کرد بە بەرپشتێنیدا، بۆ بانیجە و بە پلیکانەکاندا هاتە خوارەوە و بە هەنگاوی قورس و قایم چوو بۆ لای ئەسپەکەی نادعەلی، دەسکەوسارەکەی گرت و بەرەو کۆڵان ڕایکێشا. ماهدەروێش و ئەسلانیش بە دوایدا بە ماین و هێسرەوە. بوندار لە چوارچێوەی دەرگاکە وەستا، دەستی گرت بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ لای حەوت دزان. دەستی عەلی لەگەڵتان!

پیاوەکانی بوندار، سواربوون و بەرەو حەوت دز، ئاوزەنگیان ڕاوەشاند. بابقولی بوندار تا پیاوەکانی لەچاو ونبوون و ڕەشایی شەو قوتی دان، لای دەرگاکە وەستابوو. زنجیر و کیلۆنی دەرگاکەی خست و بەرەو داڵان چوو.

مووسا، بە نیگا تیژ و سمێنەرەکەی ڕۆیشتنی بۆنداری سەیرکرد. بابقولی بوندار، تاوێک لە بانیجە وەستا و پاشان

چووە ژوورەوە. مووسا پێوەدانی دەرگاکەی بیست و لە دەرگا شکاوی گەورەکە هاتە حەوشە و لە پەنای وشترەکانەوە خۆی گەیاندە لای دەرگاکە. لای دەرگاکە، ڕاوەستا و دانەوییەوە و گوێی هەڵخست، هیچ دەنگ نەبوو. ڕاست بوویەوە. چووە سەر ملی وشترەکە و بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا و بەودیودا خزایە خوارەوە و بە قەراخ دیوارەکەدا بەرەوماڵی خوامراد ڕۆیشت.

دەرگای ماڵی خوامراد کورت و یەک تا بوو. مووسا دای لە دەرگا و ڕاوەستا. پاش تاوێک، خوامراد لە کاتێکدا کە پشتوێنەکەی ئەبەست. بە باڵا وردیلەکەیەوە هاتە کۆڵان و بەر لەوە وەڵامی سڵاوەکەی مووسا بداتەوە وتی:

ـ دوێشەو نۆرە ئاومان بوو تا بەیانی نەخەوتووم. پێش تۆزێکیش پاڵەوان تەقەیەکی دا لە دەرگاکە. چۆن بووە ئاوا ناوخت؟

ـ منیش نازانم. ڕەنگە لە ڕێگە گیری کردبێ.

خوامراد پرسی:

ـ دەی، خۆت چۆنی؟

ـ باشم، باشم.

ـ ڕاستی پێم بڵێ بزانم. ئەم کوڕەی من، غوڵامعەلی، ئەتوانی بیکەی بە وەستای قاڵی یان نا؟

ـ ئەگەر تۆزێ زیاتر خوو بداتە کار، ئا. ئەتوانم؟

ـ کچەکانی پاڵەوان جوان فێربوون، وانییە؟

ـ گەورەکە ئا، بەڵام بچکۆلەکە حەزی لە کایە کردنە. نێونجیەکەش زیرەک نییە.

خوامراد وتی:

ـ ماوەیەکە دەرناکەوی؟

ـ دەرفەت نییە سالار، ئێوەش خۆ هەمیشە لە دەشتن. منیش هەمیشە لەو کونە خەریکم. زۆرجار حەزم کردووە ڕابم و بێم بۆ دەشت. بەڵام مەگەر ئەکرێ؟ بۆ تاوێکیش ناتوانم کارگە بەجێ بهێڵم. کارەکە خۆی زۆر دژوارە و جگە لەوە چل چاویش

بەردەوام سەیری مرۆڤ ئەکەن.

ــ شەوانە چی؟ پێشتر جارجارە بە شەو دەرئەکەوتی؟

ــ ئەزانم، بەڵام مرۆڤ نابێ سەری بکات بە ژێر بەفردا! لە هەموو شوێن بووە بە دوو دەستەیی.

ــ با بزانین. جارێ با بڕۆین تا ئەم دوو خوێڕییە دەرنەکەوتوون.

لە درزەکانی دەرگا شکاوی وشترخانەکەی پاڵەوان بەڵخیەوە تیشکێکی کز ڕژابوویە ناو حەوشە. ئەبێ لەوێ بن. پاڵەوان بەڵخی دەرگای بۆ کردنەوە. مووسا و خوامراد چوونە ناو گەوڕەکە.

سەردەمی قەساوییەکەی، بەڵخی مەڕی لێرە ڕائەگرت. بەڵام پاش پەککەوتنی کاری قەساوی. خەزوورە کوێرەکەی گۆدەرزی بەڵخی، جێگەی خۆی لە ناو یەکێک لە ئاخوڕەکان ڕاخستبوو و لەوێ ئەخەوت. ئێستەش پیرەمێرد لە شوێنی خۆی ڕاکشابوو و سەری نابوویە لێواری ئاخوڕەکە و خەو و بێدار پێڵووەکانی نابوویە سەریەک. پیرەمێرد هەمیشە لەو دارەتەدا بوو. نەخەو و نەبێدار. چاوەکانی هەمیشە داخرابوون، بەڵام هەرگیز نەخەوتبوو. زۆر کەم لە گەوڕەکە ئەهاتە دەرەوە. مەگەر ئەوەی خۆرێکی زۆر خۆش بوایە. لەو خۆرە خۆشەدا لە ئاخوڕەکە دائەبەزی، ئارام ئارام ئەهاتە دەرەوە، دەستی ئەگرت بە دیوارەکەوە و تا بەر خۆرەکە ئەچوو، لە بن دیوارەکە دائەنیشت و خۆی ئەدایە خۆر. چ گەرمایەکی بەلەزەتە! مریشکەکانیش لە بەر خۆر، لە ناو زبڵەکاندا چینە ئەکەن.

لەبن گەوڕەکە، ستاری پینەچی، لای کۆڵەکەیەوە لە سەر لبادێکی کۆنە دانیشتبوو، فانۆسەکە لە بەردەمی بوو، بە بینینی خوامراد و مووسا، لەبەریان هەڵسا و، تەوقەی لەگەڵ کردن و دانیشتن:

ــ دەی هاوڕێیان چۆنن، باشن؟

ــ ئەی خەریکین، جووت و وەرد و کەردوو هەڵبەستن و قەت بێکار نابین.

پاڵەوان بەڵخی هەڵسا و وتی:

ــ نازانم بۆچی خەیاڵ هەڵیگرتووم ئەمشەو! دڵم ئاسوودە نییە. بچمە دەرەوە سەیرێک بکەم و چاش بهێنم.

پاڵەوان بەڵخی لە دەرگا چووە دەرەوە و لای بیرەکە تۆزێ وەستا و گوێی ڕاگرت؟ ئاسمان تەزیبوو. ئەستێرەکان لە هەموو شەو درەوشاوەتر بوون و هیچ دەنگێک نە ئەهات. پاڵەوان بەڵخی ئەیزانی ئەگەر کەسێک لەپشت دیوارەکەی ئەودا خۆی داگرێ، جگە لە قەدیر نییە. چووە دەرەوە و سەیری کرد. کەس نەبوو، بێهوودە خەیاڵ هەڵیگرتبوو. گەڕایەوە. بەرلەوەی لە کۆڵانەوە بای بداتەوە بۆ ماڵەوە، دەنگی لەتی دەرگاکەی ماڵی کەلایی خواداد ڕایگرت. پاڵەوان خۆی خستە پەنای دیوارەکە و وەستا.

سێ پیاو هاتنە دەرەوە. قەدیر، شەیدا و نادعەلی. نادعەلی و شەیدا لە بەرەوە ئەهاتن و قەدیر بە دوایاندا. پاش تۆزێک عەباسجانیش بە دوایاندا هاتە دەرەوە. هەر کەس بە لایەکدا تلی ئەدا. دیاربوو ئارەقی ماڵی مەستی کردوون. بە سەر پێوە بەند نەبوون. لێک ئەکەوتن و دوور ئەکەوتنەوە. شانیان ئەخزان بە دیوارەکەدا، ئەکەوتن، دەستیان ئەکرد بە قۆڵی یەکدیدا، قاچیان لێک ئەئاڵا، سەرسمیان ئەدا، هەڵئەسانەوە، قاقایان لێئەدا و دیسانەوە ئەکەوتنەوە ڕێ. قەدیر بە ئاگاتر بوو و نیگای لە سەر شەیدا و نادعەلی بوو. عەباسجان وەکوو سەگی دەسەمۆ بە دەوری نادعەلیدا ئەگەڕا و کلکەسووتێی ئەکرد. قسەکانی شەیدا و نادعەلی پچڕپچڕ بوو. عەباسجانیش هەروەها. بەڵام عەباسجان جگە لە ڕستەیەکی نەئەوت:

ــ منیش ئابڕووم هەبوو خان. وەکوو ئێوە بووم!... ئاتاجم، ئێستە وام لێهاتووە. یارمەتی یەکێکی وەکوو خۆتان بدەن!

شەیدا و نادعەلی گوێیان لە پاڕانەوەکەی عەباسجان نەبوو. پێکەوە قسەیان ئەکرد. نادعەلی زیاتر لە سەر گوتن بوو. لە ناو بەرەکە ڕەشەکەیدا لوول ئەبوو و دەستی بە حەوادا ڕائەوەشاند

و بێباکانە ئەیوت:

ـ من هەر ئەمشەو... هەر ئەمشەو ئەبێ بڕۆم و ئەم ژنە... ئەم شێرۆیە ببینم. ئەم شێرۆیە من ئەبێ ببینم. ئەو ئاگای لە دەزگیرانەکەم لە سەوقی هەیە. ئەو خوشکی گوڵمحەمەدە و گوڵمحەمەد... ئاخ... بۆ ئەبێ بڵێم؟ بەڵام ئەزانم شێرۆ جارێکیش بووبێ، دەزگیرانەکەی منی بینیووە. ئەو ئەبێ بزانێ سەوقی چووە بۆ کوێ! ئەبێ بزانێ، سەوقی ئەبێ پێی وتبێ؟ ئەمشەو من ئەبێ هەر جۆرێک بووە بدەم لە دەرگای ماڵی ماهدەروێش. شێرۆ خەبەر بکەمەوە و لێی بپرسم! ئەبێ ناچاری بکەم ڕاستیەکەیم پێبڵێت. ئەگەر ڕاستیەکەیم پێنەڵێ فەلاقەی ئەکەم. بە قەمچی تەمێی ئەکەم. شێرۆ ئەزانێ باوکی من بە گوللەی تفەنگی کێ کوژراوە! ئەبێ بزانێ دەزگیرانەکەی منیش چووە بۆ کوێ! لە کوێ ون بووە! چی بە سەر خۆی هێناوە! شێرۆ ئەبێ ئەم شتانە بزانێ! ئەزانی! ئەزانی! ئەزانی! ئەزانی! ئەزانێ!...

شەیدا قۆڵی پوورزای گرتوو و ڕایگرتبوو و لەکاتێکا ئەیویست لەنگەری خۆی بە دەستێک لە سەر شانی نادعەلی ڕابگرێ، وتی:

ـ قسەی لەخۆت زلتر ئەکەی! ئەوە ئەڵێی چی؟ مەگەر من مردووم کە بهێڵم تۆ... بەم نیوەشەوە، بڕۆیت و شێرۆ لە ماڵەکەی بهێنیتە دەرەوە؟ پێت وایە ئێرە چوارگوێشلیە؟ نا. نەء. ئەو شێرۆ... شێرۆی... گوڵی من... گوڵاڵەی من... نەء! من ناهێڵم کەس بتوانێ بەو بڵێ بانچاوی برۆیە! تەنانەت ئەگەر ماهدروێشیش لێی تووڕە ببێ... ددانەکانی یەکەیەکە لە دەمی دەرئەکێشم! چ بگات بەوەی... نەء! تۆ... غەوارە! ئەزانی ئەڵێی چی؟ نابێ! ناتوانی بچی بۆ ماڵی ئەو... گوڵی من! قاچت لە بەڕەی خۆت درێژتر مەکە... قاچت ئەشکێنم! تێ ئەگەی؟

نادعەلی، شان و قۆڵی لە دەستی شەیدا دەرهێنا. شەیدا بەربوویەوە سەر عەرزەکە، هەڵسا و بە تلاوتل بە دوایدا ڕۆیشت:

ـ بە شیری دایکم... بە ئابڕووی باوکم... نەء! ناهێڵم!

خودی من... خودی من کە ناچارم... بەیانی لە قەڵاچیمەن بڕۆم... دڵم نایەت بەم نیوەشەوە بڕۆم و... بڕۆم و... جارێکیتر بیبینم! ناڕۆم... نامەوێ بیترسێنم. تۆیش... تۆیش...

نادعەلی وتی:

ـ من بڕۆم. ئەڕۆم... هەرئێستە ئەڕۆم... عەباسجان!

ـ بەڵێ ئەرباب!

ـ پێش کەوە! پێش کەوە و ماڵی ماهدەروێشم پیشان دە. ئەگەر پارەت ئەوێ!

ـ بە چاوان ئەرباب.

شەیدا، نەڕاندی:

ـ عەباسجان!

ـ بەڵێ ئەرباب گیان.

ـ ون بە لەم ناوە!

ـ وەرە پێشەوە! بۆچی... بۆ لە دەستم هەڵدێی؟... وەرە... وەرە مشکە تۆپیوو! وەرە ئەوپارە وەربگرە و بڕۆ ون بە!

عەباسجان چوو بۆ لای شەیدا، شەیدا دەستی دایە یەخەی و نای بە دیوارەکەوە:

ـ ترن بابی گەوواد! ئەگەر ئەتەوێ هەر ئێستە نیوە گیانت ئەکەم، بڕۆ و خۆت ون کە!

ـ ئەڕۆم شەیدا خان. ئەڕۆم.

شەیدا لە دیوارەکەی کردەوە و فڕێی دایە ناو کۆڵانەکە. عەباسجان بە سەر عەرزەکەدا پان بوویەوە. و بەناڵە و نفرین خۆی کشاندە بن دیوارەکە. قەدیر گەیشتە سەری، بن باڵی گرت، بەرزی کردەوە و ڕاست و چەپ دایە بەر زللە و بەرەو بنی کۆڵانەکە پاڵی پێوە نا:

ـ حەقدەستەکەت وەرگرت، خوێڕی؟ جگە لە سەرشۆڕی چیت بۆ من هەیە؟ بڕۆ بمرە ئیتر!

عەباسجان سەرسمی دا. قەدیر گوێی لەو نەبوو. نادعەلی

هەروا بە مەستی ئەڕۆیشت و لۆی بەرەکەکەی بە دەور قاچیدا شەکەی ئەهات. شەیدا بە سەرەوە غاریدا، خۆی ڕاست کردەوە، دەستی گرت بە دیوارەکەوە و بە هەنگاوی بڵیند خۆی گەیاندە نادعەلی. لە پێچی کۆڵانەکەدا چنگی لە شانی نادعەلی چەقاند و ڕایگرت. نادعەلی لێی وەرگەڕا:

ـ چیت گەرەکە جلفی ژنانیێ؟

ـ هەر ئالێرە... ئەتخەسێنم! مەگەر تۆ ویژدان و ئابڕوو نازانی چییە؟

تێک ئالآن، کێشمەکێش. بە بێ ئەوەی دەستیان لە بن دەسەڵاتی خۆیاندا بێ، لێکیان ئەدا. شەڕێکی جەوانانە. هەر کامیان بە بچووکترین زەبری ئەوی دی ئەدرا بە عەرزدا و بە دژواری هەڵئەسایەوە. جارێکیتر تێک هەڵئەچوونەوە. قەدیر لای دیوارەکە وەستابوو و بە حەزێکی شەیتانیەوە سەیری دەستاوەکەی خۆی ئەکرد و لە بەر خۆیەوە ئەیوت:

ـ لێکدەن دایک قەحبانە، لێکدەن!

پاڵەوان بەڵخیش بە بزەیەکەوە، لە کاتێکا بەرەو ماڵەکەی ئەگەڕایەوە و ئەڕۆیشت تا چیرۆکێکی شیرین بۆ هاوڕێکانی بگێڕێتەوە، لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ لێکدەن دایک قەحبانە، لێکدەن!

# بەشی هەشتەم

## بەندی یەکەم

ــ پیاوەکانمان لە دەشتن!

دیار نەبوو ئەم وەڵامە بە زمانی کامیان‌دا هات: زیوەر، هەیڤۆ یان ماراڵ؟ لە بەردەمی خێوەتەکەدا، سێ ژن وەها شانیان لکاندبوو بە شانی یەکدیەوە، ئەتوت بوون بە یەک تەن. تەنە دەوەنێکی تاغی.

زیوەر و هەیڤۆ لە پێشەوە وەستابوون و ماراڵ لە پەنای شانی ئەمان‌دا خۆی مەڵاس دابوو، هەوڵی ئەدا چاوی نەگیرێتە چاوی جەندەرمەکان.

دوو جەندەرمە، هەروا لە سەر ئەسپەکانیان لە بەر ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەی کەلمیشی ڕاوەستابوون و بە دڕدۆنگی سەیری یەکدیان ئەکرد. یەکیان ڕەشتاڵە بوو. گرێیەک لە نێوان هەردوو برۆی بوو و نۆکەریی حکوومەت لاجانگەکانی سپی کردبوو. سەرەڕای ئەوەش گوژمێک لە نیگای‌دا هەبوو. ئەتوت خۆی بە زلتر لەوە ئەزانی، پێی سپێردرابوو. بەرگەکەی بۆ ڕادەی تواناییەکانی خۆی بە تەنگ ئەزانی. چ جایە چەندەها فرسەنگ بە دوای نیشان و مەدالیادا هەڵاتبوو و نیشان نەببوو بە ڕازێنەرەوەی تەختی سینەی. ددانێکی زێڕ و ساوراو لە پێشی دەمی‌دا، وا پێ‌ئەچوو تەمەنێکی تێپەڕاندووە. دەستەوانەی کورکی نیوداشت لەدەستی‌دا و پاڵتاوێکی درێژی سەربازی لەشی

داپۆشابوو. پۆستاڵەکانی مل درێژ و زیادەی قەیتانەکانی بە دەور پووزیدا ئاڵاندبوو و گرێی دابوو.

لەگەڵ کابرای ڕەشتاڵە، یەکێک بە زۆر خۆی بە سەر ئەسپەکەوە ڕاگرتبوو و لە ناو پاڵتاوەکەیدا چەمابۆوە و دەستەکانی لە ترسی سەرما لە بن ڕانەکانیدا داشاردبوویەوە و چڵمەکەی شۆڕەوە ببوو. ئەمەیان ڕەنگ و ڕوخساری زەرد و نەخۆش. ژێر چاوانی ئاوساو و برۆی بێڕەنگ، لووتی کشاو، چاوی دەرپەڕیو و کز، لێوی شین و شۆڕ. هەروا کە لە سەر ئەسپەکەی دانیشتبوو، شانەکانی بۆ بەرەو چەمابوونەوە و پشتی تۆزێ کۆم بوو. لەوکاتەوە گەیشتبوونە بەر خێوەتی کەلمیشیەکان، لە چەند وشە زیاتری نەوتبوو. سەرەڕای ئەوەش، بە هەمان چەند وشە، ددانە زەرد و ڕزاوەکانی دەرکەوتبوون. جگە لەوەی پاڵتاوی لەبەردا بوو، بەتانیەکی کۆنە و کونکونی دابوو بە شانیدا و، لەوکاتەدا کە باڵەکانی بەتانیەکەی بۆ سەر سینگیخۆی ڕائەکێشا، ژنەکان توانیان دەستی سپی و ژنانێی ببینن کە نێوان دوو پەنجەی بە دووکەڵی جگەرە زەرد ببوو. ئاوێکی ڕەنگ ناشیرین بە سیلەی چاوی کابرادا هاتبوویە خوارەوە کە ئەو بە لەپی دەست، بە جارێ چاو و لووتی هێنایەوە یەک و سڕییەوە و پاشان بە تاڵی و بە بێزاریی دەمی هەڵبڕی:

ــ تاکەی ئەبێ لەم هەوا سەگەدا بە سەر ئەسپەوە چاوەڕوان بکەین؟

سەرما، سەرمای پاش بەفر بوو. لەو جۆرەی کە تیژیی باکەی وەکوو سووژن لە گلێنەی چاو ئەچەقێ. سەرانسەری تاغزار بە پۆپەشمێنی بەفر داپۆشرابوو. هەموو بنەیەکی تاغ، وەکوو گەدایەکی غەریب پەڕۆیەکی سپی دابوو بە سەریدا و ئەتوت دەسبەجێ لە شوێنی خۆیدا بەستوویەتی. شەو ڕەش و بیابان سپی بوو؛ لە تێکەڵبوونی ئەم دووانە، ڕەنگێکی مەهتاوی، ڕەنگێکی وەکوو شیری بزن بە سەر هەموولایەکدا بڵاو ببوویەوە.

شەو ئەتوت شتێکی بە دەمەوەیە، خەیاڵ بوو، شەو و بیابان.

کابرای ڕەشتاڵە بە هاوڕێکەی وت:

ـ بە بێ مۆڵەتی خاونی بنە خۆ ناکرێ بچینە ناو ڕەشماڵ!

ـ کێ ئەو قانوونەی داناوە؟ خاوەنی بنە! من لەم بیابانە وەکوو سەگ هەڵئەلەرزم و ئەوسا تۆ... من کە ئیتر خۆم پێ ڕاناگیرێ!

کابرای ڕەشتاڵە سەیری ژنەکانی کرد و بە زمانێکی خۆش وتی:

ـ من خۆم ڕائەگرم، بەڵام ئەم هاوکارەم... ئەوەنییە... خۆتان چاوتان لێیە... ئەگەر تا تۆزێکیتر، چا و دووکەڵ و ئاگری پێ نەگا، دنیا ئەسووتێنێ. ئەوسا ئاویش ناتوانێ دایمرکێنێتەوە! جا... ئێوە... ئەڵێن چی؟

ژنەکان سەریان نا بە گوێی یەکەوە و پاش مشتومڕێک زیوەر وتی:

ـ پیاوەکانمان لەماڵەوە نین براگیان، ئێمە ناوێرین بە بێ فەرمان ئاویش بخۆینەوە، تا ئەوان نەبن، ئێمە ناتوانین جێگەتان پێ بدەین. تۆزێ ئەولاتر گوندی لێیە. بچن بۆ ئەوێ.

دوو کابرا ئەتوت پێکەوە بەستراون؛ چونکە هەردووکیان بە جارێک لە ئەسپ دابەزین و بە هێرشێکی کورت خۆیان کرد بە ناو ڕەشماڵەکەدا، ژنەکان هەڵاتن. ئەوەی کە بەتانی بە کۆڵەوە بوو، بە بێ گفتوگۆ خۆی کرد بە ناو خێوەتەکەدا؛ لای جێوبانەکان، لای ناوگۆرکەکە دانیشت و بە تووڕەییەوە قرووسکاندی:

ـ ئاگر! ئێزنگ بهێنن!

ماراڵ و هەیقۆ خۆیان لە پەنای خێوەتەکەدا ون کرد.

تەنها زیوەر بەرامبەری کابرای ڕەشتاڵە وەستابوو و بە ترسەوە ئەیوت:

ـ بە جوقەی سوڵتان پیاوەکانمان نین! ئێمە دەسەڵاتمان نییە کە...

کابرا گوێی لە زیوەر ڕانەگرت. دەسکەوساری ئەسپەکانی بەست بە ئەستوندەکەکەوە، توربێنەکانی لە تەرکبندی ئەسپەکان داگرت، دای بە شانی دا و چووە ناو ڕەشماڵەکە، لە سووچێک دانیان و وتی:

ـ پێت وایە ئێمە بۆ شەوگەڕ هاتووین بۆ ئێرە؟ پیاوەکانتان نین با نەبن! خراپتریش. حەز ئەکەی بە هەڵاتوو بیاننووسین؟ قسەی قۆڕ؟ پیاوەکانمان نین! مەگەر من لە بەر چاو وبرۆی پیاوەکانی ئێوە لەم سەرمایەدا، کە سەگ بە لێدانیش لە کون ناچێتە دەرەوە، فرسەنگ ئەسپم غارداوە تا بگەمە ئێرە؟ کارمان بە پیاوەکانتان چییە! نین؟ زۆر چاکە دائەنیشین تا دێنەوە! جارێ گیا بکەرە بەر ئەسپەکان با برسی نەبن. پاشانیش ئاگرێک سازبکە، با خۆمان گەرم بکەینەوە.

زیوەر کە هەروا لای داری ڕەشماڵەکە وەستابوو و نەی ئەویرا بچێتە ژوورەوە، وتی:

ـ یەکێکمان ڕۆیشتووە تەپاڵە و داری وشک لە ژێر عەرزەکە دەربهێنێ؛ کاتێک هێنای بە سەر چاو، ئاگرتان بۆ ئەکەمەوە.

پیاوەکان، لای چاڵی خۆڵەمێشەکە دانیشتبوون و بەتانی بەکۆڵ شیشێکی لای چاڵەکە هەڵگرت، خۆڵەمێشەکەی هەڵشێواند. زیوەر، لە بەر ڕەشماڵەکە دوور کەوتەوە.

کابرای ڕەشتاڵە بە چاو بەدویدا ڕۆیشت و بە هاوکارەکەی وت:

ـ دەک بیخۆم! لەو لەنجە کردنەی؟ دوانەکەی تر چییان لێهات؟

هاوکارەکەی سەری هەڵێنا، چاوە دەرپۆقیوو و کزەکەی تێبڕی و لێوە شین و کوتراوەکانی بە تەمەڵی کردەوە و وتی:

ـ شەرم بکە پیاو! بۆ ئارام ناگری؟ هەمیشە وای لە بیری فلانتدا. جارێ بیر لە ئاگر بکەرەوە، من خەریکم ئەلەرزم.

ـ تا ئاگرەکە ساز ئەبێ، نۆکێک ترياک هەڵدە. تا تۆزێکی‌تر

هەموو شتێک ئامادە ئەکەن و ئەی هێنن. ئێستە نرخی ژنەکەت بۆ دەرئەکەوێ. ئەوەندەی ئەگەڕایتە ماڵەوە، دەسبەجێ چای و مەنگەڵەکەت ئامادەبوو. دەوری پڕ لە نوقڵی لە بەردەمت دائەنا. هەر لە خۆوە، بە قسەی قۆڕی ئەم و ئەو تەڵاقت دا! ئێستەش ئەبێ ئاخی بۆ هەڵکێشی! بە ڕاستی ژنی بەو باشیەت چۆن لەدەس خۆت کردەوە جەنابی سەرکار چەمەنداری!

چەمەنداری جارێکیتر لووتی بە لەپی دەستی سڕییەوە و وتی:

ـ ژنی من بوو، بەڵام لە بەر چاوی تۆ شیرین بوو؟ تۆ کەی ئاگات لە پشت پەردەکە هەبوو جەنابی گریلی؟ تۆ چووزانی برای ئازیز؟ ژنی فەرمانبەر! ژنی فەرمانبەر ئەبێ جزمەی لە پێ بێ. نەک چارشێوی پڕلۆن بدا بە سەریدا کە هەموو گیانی بەدەرەوە بێ. خۆ ژنی لۆتی نییە! ئەبێ بتوانێ ساڵ بە دوانزە مانگ لە دووری پیاوەکەیدا ددان بە خۆیدا بگرێ. هەڵەی من لە بناغەوە ئەوە بوو کە چووم و ژنی شاریم هێنا. خەڵکی وەکوو من ئەبێ بڕۆن لە پشت کێو ژن بهێنن و پەتەکەیان بە گوڵمێخەوە ببەستن و کەی ویستیان سواریان بن و کاریان لێ بکێشنەوە.

گریلی وتی:

ـ یەکسەر بڵێ ئەبوا هێسرێکت بکڕیایەت، دوو کارە؟

چەمەنداری تەنها سەری لەقاند. ئەتوت دیسانەوەش ئەڵێ:

«تۆ چووزانی جەنابی گریلی؟»

سەرکار گریلی هەڵسا و سەری کێشایە دەرەوەی خێوەتەکە.

ئەسپەکان لە لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکەوە گوێیان قوت کردبوو و وەستابوون.

زیوەر کۆشێک کۆزەرەی وشک و گیای لە پەنای ڕەشماڵەکە هێنا و کردیە بەر ئەسپەکان و بە بێ ئەوەی سەیری کابرا بکات، گەڕایەوە. چاو لە عەرزەکە هاتبوو و چاو لەعەرز ئەگەڕایەوە. بەڵام کابرا گرتی بە قسەوە:

ـ بۆچی چوون بۆ دەشت؟
زیوەر وتی:
ـ کاری پیاو چییە؟ بۆ کاری هەمیشەییان!
ـ ئەوانیتر... ژنەکان چیان لێهات؟
ـ ڕۆیشتن... ڕۆیشتن بە دوای دایکەدا.
ـ دایکی تۆ؟
ـ نەء خەسووی یەکیان و خەسووی منیش.
ـ چی؟ خەسووی تۆش و خەسووی ئەویش؟
ـ ئا بەڵێ. پیاوەکەی من دوو ژنی هەیە.
ـ کێیە پیاوەکەت؟
ـ مەگەر ئێوە... مەگەر ئێوە ناوی نازانن؟ مەگەر ئێوە...
ـ کەلمیشی ئەڵێی؟
ـ نەء، کوڕەکەی، من ژنی کوڕەکەیم.
ـ ناویم لە بیر نییە.
ـ گوڵمحەمەد.
ـ ئا! گوڵمحەمەد، تۆ ژنی یەکەمی یان دووەم؟
ـ یەکەم. ئەوەی کە ڕۆیشت دووەمی بوو.
ـ سەیرە! لەم ساڵ و ڕۆژەدا پیاوەتیەکی زۆری ئەوێ، فریای دوو ژن بکەوێ!

زیوەر تاوێک بێدەنگ بوو، پاشان پرسی:
ـ برا... تۆ نەتوت بۆچی هاتوون بۆ ئێرە؟
ـ ئا؟... بۆ چ کارێک؟...

سەرکار گریلی خۆی لە وەڵامدانەوە گێل کرد و خۆی بە کا کۆزەرەی بەر دەمی ئەسپەکانەوە خەریک کرد. زیوەر هەستی کرد ترسێک لە دڵیدا ڕیشە ئەجووڵێنێ، گومانی خەریک بوو بەهێزتر ئەبوو. دەم بە دەم بەهێزتر. تێئەگەیشت جەندەرمەکان خۆیان داوە لە نەزانی و وای پیشان ئەدان کە ڕێبوارن. بەڵام بۆ زیوەر مسۆگەر ببوو، پەیوەندی بە گوڵمحەمەدەوە هەیە و ڕیشەی

هاتنی جەندەرمەکانیش ئەگەڕێتەوە بۆ شەڕەکەی چوارگوێشلی. هاتنی جەندەرمە لە کوژرانی حاجی حسێنی چوارگوێشلییەوە سەرچاوە ئەگرێ. ڕەنگی زیوەر لەو خەیاڵەی هات بە مێشکیدا پەڕی. ئەیویست بڕوات، ئەیویست بەجۆرێک بڕوات و گوڵمحەمەد ئاگادار بکاتەوە. ئاگاداری بکاتەوە جەندەرمە هاتوون بیخەنە داوەوە و بیگرن. حەزی ئەکرد خۆی ئەم هەواڵە بە شووەکەی بگەیەنێ. حەزێکی سەیری بۆ ئەمکارە لە خۆیدا هەست پێ ئەکرد. ڕەنگە -لەم گێژەنی ترس و خۆفدا- بیانوویەکی دۆزیبۆوە تا جارێکیتر لە مێردەکەی نزیک ببێتەوە، دەرفەتێک، هەلێک بۆ ئاشتکردنەوە. بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد جارێکیتر سەیری بکات. ڕەنگە جارێکیتر بزەیەک، تیشکی چاوەڕەشەکانی، تاودانەوەی تیشکی هەتاو لە سەر دەمی خەنجەر. هیوای عەشق. بەڵکوو لە باوەشی گوڵمحەمەد دا شوێنێک بۆ ئەویش بکرێتەوە، پێکگەیشتنەوەیەکی دووبارە، پەتی پچڕاوی دڵەکان ئەگەر لێک گرێ بدرێ، دڵەکان لێک نزیکتر ئەبنەوە. دیسانەوە گوڵمحەمەد هی ئەو و، ئەو ئەبێ بە هی گوڵمحەمەد.

عەشق! ئەی عەشق، گیانم بە فیدات!

بەڵام بەرلەو، ئەوانیتر چووبوون، ئەویتر چووبوو. ماراڵ. خەیاڵی ماراڵ، کرداری ماراڵ!

«ئەی... ژن، حەزم لەوەیە سەرت بکوتم بە بەردا!»

زیوەر، بە دوور لە چاوی سەرکار گریلی، لە پەنای بنە تاغێکدا بە دوو دڵی وەستا. ئیتر دڵی ئەو کارەی نەبوو. هەواڵەکە ئێستە گەیشتبوو بە گوڵمەمەد، مارال پێی وتبوو. پێی ئەوت. نەء! زیوەر ئیتر پێی ڕۆیشتنی نەمابوو. باشتر وایە خۆی لە ڕەشماڵی خانئاپۆ دابشارێت.

سەرکار گریلی، کۆزەرەکەی لە بەر بەرازەی ئەسپەکاندا ورد کرد و سەری هەڵێنا. زیوەر لەوێ نەمابوو. سەیرێکی دەوروبەری کرد. ژنە نەبوو. بەس جێپێیەک لە سەر بەفرەکە. سەریکرد بە

ناو ڕەشماڵەکەدا، هاوکارەکەی، جەنابی چەمەنداری، خزابوویە بن جێوبانەکان و پێڵوە قورسەکانی چاویان داپۆشیبوو.

گریلی وتی:

ــ دسبەجێ کەوتیتە وەنەوزدان؟

چەمەنداری پێڵووی هەڵێنا و بە دەم نیوناڵەیەکەوە وتی:

ــ ئاگر! ئاگریان نەهێنا؟

گریلی چووە ناو ڕەشماڵەکە و وتی:

ــ نازانم لەپڕ چۆن خۆیان ون کرد؟ ئەڵێی ئاسکن ژنی خێڵەکی! لام کردەوە، دیم نەماوە!... هەواش بە سلامەتیت خەریکە ساردتر ئەبێ. بەفریش کەوتۆتەوە بارین، سەیرکە! لۆکە لە ئاسمانەوە ئەبارێ!

بەفر ئەباری. چەمەنداری خۆی ڕاست کردەوە؛ چاوی بڕییە دەرەوەی ڕەشماڵەکە و وتی:

ــ خۆشیش ئەبارێ! نازانم بۆ خوا زۆری تێ ئەچوو، ڕاوەستایەت ڕاسپاردەکەی ئێمە تەواو ببێ، پاشان دۆخێنەکەی بکاتەوە؟

سەرکار گریلی وتی:

ــ با ببارێ. بۆ کشتوکاڵ باشە. ئەگەر بەو جۆرەی کە وشک بوو، بمایەت، جوتیار و گوندی ناچار ئەبوون مناڵەکانی خۆیان بخۆن! بەس خەمی ئەسپەکانمە. ئەمشەو لە سەرمادا ڕەق هەڵنەیەن باشە. ئەبێ شوێنێکیان بۆ بدۆزمەوە. سەیرکە چۆن ئەبارێ؟

جەنابی چەمەنداری وتی:

ــ ئەبینی؟ بەفرەکەی وشکە، ناتوێتەوە، وەک خوێ ئەمێنێتەوە. وەکوو کا وایە، وشکە بەفرە، سەرمای بە دواوەیە.

گریلی قایشلۆخەکەی شل کرد و دانیشت و بەفری سەر مەچەکی تەکاند. چەمەنداری هەڵسا و وتی:

ــ مەگەر خۆم هەڵسم و ئاگرێک بکەمەوە. ئەم مێینانە بوون بە دووکەڵ و چوون بە حەوادا!

چەمەنداری بە دەم قسەکردنەوە تا دەمی خێوەتەکە ڕۆیشت، سەر و شانی بردە دەرەوە و وتی:

ــ ئەرێ ئێوە چیتان لێهات؟ بۆ هەڵاتن؟ نەکا پێتان وایە ئێمە گورگین! وەرن چوار چڵ دارمان بۆ بهێنن. مووسڵمانینە!

خامۆشی بوو. چەمەنداریش خامۆش بوو. بەڵام زۆر نا. چونکە جارێکیتر دەنگی بەرز بوویەوە:

ــ کەسی لێ نییە وەڵامی من باتەوە؟ تف لە بابی مرۆڤی دەست کورت!

زیوەر، بە ئارامی سەری لە ڕەشماڵەکە هێنایە دەرەوە و چەمەنداری سەیریکرد. لە ژنە تەنها دووچاوی ڕەش دیاربوو و ئەویتری -تەوێڵ و گۆنا و چەناگە- بە لۆی سەرپێشەکەی داپۆشرابوو.

چەمەنداری تەشەری بۆ هاوێشت:

ــ چیتان لێهات بە جارێ ونبوون؟

زیوەر کە ڕووبەندەکەی تابن چاوی هێنابوو، لە پشت قوماشەکەوە وتی:

ــ من ناساخم برام، ئەوانی تریش چوون دار بهێنن.

ــ لەکام قەبرستان دار ئەهێنن؟ لە ئەفغانستان؟ ئەم ڕەوەندەی ئێوە چوار چڵ چیلکەی لێدەس ناکەوێ؟

ــ دەست ئەکەوێ برام، بەڵام وشک نییە. ڕۆیشتن لە ژێر خاک داری وشک بهێنن. ڕۆژ بە ڕۆژ کۆمان کردۆتەوە، پاشەکەوتە. ئەوا دێنەوە.

زیوەر لەوە زیاتر نەمایەوە، بەخامۆشی کشایەوە و لە ناو خێوەتەکە ونبوو. چەمەنداری وەرگەڕا، سەرکار گریلی لای شانیەوە وەستابوو و سەیری زیوەری ئەکرد. چەمەنداری، دەستی نا بە سینگیەوە و چووەوە سەر جێگەی خۆی. گریلی وتی:

ــ وامزانی ئەویش هەڵاتووە! چ باش، ئەو خۆ لێرییە. چاکە... دەی.

چەمەنداری بە هاوکارەکەی وتی:

ــ توخمی شەیتان! وەرە تاوێک دانیشەو دان بەخۆتدا بگرە. ئەوەندەت نەزانی دەرکەوتن. لەپڕ بینیت چل دانە گۆپاڵ بەدەستت لێ پەیدابوو!

سەرکار گریلی وتی:

ــ تۆ هەموو شتێک شەش بە هەشت ئەبینی. لە کوێی ئەم وڵاتە دیوتە لە سێ چوار ڕەشماڵ چل پیاو بژی؟ مەگەر لە خێڵاتی فارس و خۆرستان خزمەتت نەکردووە؟ لەم دوو سێ خێوەتەدا زۆری لێبێ، سێ یان چوار پیاو زیاتر نییە. ئەوەش بزانە ئەگەر پیاویان لە کارەکەیان زیاتر بووایە، مسۆگەر یەکیان لە سەر ڕەشماڵەکان ئەمایەوە. ئەوە دەری ئەخا کە پیاویان لە کاریان کەمترە. لەو کۆلکەیەش کە هەمانە ژمارەی مەڕەکان تا شەشسەد قرسێنراوە. ئەویش ئەبێ کرابێ بە دوو ڕان. ئێستە ئەچم سەر و بنی کارەکە ڕوون ئەکەمەوە، تۆ لێرە بە.

چەمەنداری گوڕاندی:

ــ تاوێک خۆی پێ ڕاناگیرێ؟ زۆڵی چاو حیز!

گریلی بیستی و نەی بیست لە خێوەتەکە چووە دەرەوە. قایشلۆخەکەی توندکردەوە، بە لای ئەسپەکاندا تێپەڕی و بەرەو خێوەتەکەی زیوەر سەری هێنابوویە دەرەوە چوو. بەفری تازە، پەردەیەک باریبوو ناڵی پۆستاڵەکانی گریلی، بەفری لە سەر بەفر هەڵئەگرت و مارکی خۆی جێ ئەهێشت. بە چەند هەنگاو گریلی، گەیشتە بەردەمی خێوەتەکە و وەستا. پاشان شانی دانەواند و چاوە تیژ و ڕەشەکەی بڕییە ناو خێوەتەکە.

زیوەر فانۆسەکەی داگیراندبوو، لای ناوگۆرکی خامۆشی ئاگرەکە دانیشتبوو ومەوجێکی دابوو بە شانیدا. بە بینینی چاوەکانی گریلی جووڵا و، هەڵسا و سڵی کردەوە، چوو بە دوادا و لای باوڵەکە وەستا.

زمانی خامۆش و نیگای پڕسێنەر:

«چیت ئەویّ؟»
ـ ناتەویّ چرایەکمان بۆ داگیرێنی؟
زیوەر لە وەڵامدا وتی:
ـ ئەو ڕەشماڵە هی ئێمە نییە. ئێرە ڕەشماڵی ئێمەیە. خاوەنی ئەو ڕەشماڵە ئەو ژنەبوو چوو بۆ دار. بڕۆ بۆ ئەویّ؛ ئەم فانۆسەتان بۆ ئەهێنم.
گریلی پێی نایە ناو ڕەشماڵەکە و وتی:
ـ نایەویّ منەتمان بە سەردا بکەی. پێموابیّ کوانوەکەشت ئاگری تیایە، وانییە؟
زیوەر وەڵامی نەدایەوە. گریلی هات بۆ لای چاڵی ئاگرەکە و دانیشت. بە شیشێک خۆڵەمێشەکەی تێکدا و ئاگرەکەی تۆزیّ خۆش کرد و دەستی گرت بە سەرییەوە. چاوەکانی بە ناو ڕەشماڵەکەدا سووڕاند و وتی:
ـ ئێوە لێرە هەر ئەم سیّ چوار ڕەشماڵەتان هەیە؟
ـ بەڵیّ.
ـ خزم و کەسی نزیکی یەکن؟
ـ بەڵیّ.
ـ ئەبن بە چیی یەکدی؟
ـ خانئاپۆ، خاوەنی ئەو ڕەشماڵە بچووکە، برای کەلمیشیە.
ـ تۆ بووکی کەلمیشیەکانی، وایە؟
ـ بەڵیّ!
ـ ئامۆزای گوڵمحەمەدی؟
ـ نەء.
ـ ئەی چۆن، هیچ خزمایەتیتان نییە؟
ـ نەء. ژنی ئەوم.
ـ ئەو ژنەکەیتر، نە ژنەکەی گوڵمحەمەد، ئەو کێیە؟
ـ ئەو کچی خانئاپۆیە. هەیقۆ، شووەکەی شوانە، سەبرخان.
ـ بۆچی ئێوە، بەجیا لە ڕەوەند بنەتان خستووە؟

زیوەر تاوێک ڕاما و وتی:

ــ چونکە گوڵمحەمەی ئێمە لەگەڵ سەمسام خان پێکەوە کۆک نین.

ــ لەسەر چی؟

ــ دانکە. نەخۆشین کەوتە ناو مەڕەکان. سەمسام خان هینەکانی خۆی بە یارمەتی حکوومەت ڕزگار کرد. پەزەکانی ئێمەش بە سەر دەستمانەوە مانەوە و مردن. لە سەر ئەمە گوڵمحەمەد لە ژێر باری سەمسامخان دەرچوو. کاتی ڕەو، لێک جیابووینەوە.

ــ بیانووی سەرەکی چی بوو، گوڵمحەمەد؟

ــ من خۆ باش نازانم. پێموابێ قسەی ئەوە بوو کە سەمسام خان بۆچی هەر غەمی ڕانەکەی خۆی ئەخوا و هیچ هەوڵێک بۆ پەزی ئەوانیتر نادات. گوڵمحەمەد ئەڵێ ئێمە خانمان بۆ ئەو جۆرە کاتانە گەرەکە. خانمان ئەوێ بارێک لە سەر شانمان هەڵگرێ، نەک بەس بزانێ کەری خۆی لە قوڕاو دەرکێشێ!

گریلی بێدەنگ بوو. لێوەکانی بە ددان کرۆشت، چاوی بڕییە عەرزەکە و وتی:

ــ ئـم م م... لێرە، چەند پیاوتان هەیە؟... بۆ دانانیشی؟

زیوەر لەو شوێنەی کە بوو، لە بن باوڵەکە، کۆشی کراسەکەی بە دەور خۆیدا کرد بە خەرمان و وەکوو مریشکێک کڕبوو. گریلی دیسانەوەش پرسی:

ــ ئا، نەتوت چەند پیاوتان هەیە لێرە؟

زیوەر وتی:

ــ چەند پیاومان هەبوو، بەڵام ئێستە... دوو سێیەک زیاترمان نییە.

ــ کێن؟

ــ مامەکەلمیشی، خانئاپۆ و سەبرخان.

ــ ئەوانی دی چییان لێهات؟

ـ ڕۆیشتن.
ـ بۆ کوێ؟
ـ بە دوای ڕۆزیدا.
ـ ئەوانی کە وان لە کوێ؟

زیوەر بیری کردەوە مێردەکەی گوڵمحەمەد، خانئاپۆ و سەبرخان بە ڕۆیشتوو بداتە قەڵەم. بە گومانی ئەو ئەمە وای ئەکرد کە جەندەرمەکان لەوە زیاتر لە پیاوەکان نەگەڕێن و بڕۆن، بۆیە وتی:

ـ هەر کامیان بۆ لایەک ڕۆیشتووە. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ دار ئەکێشن و لێرە نین. مامە کەلمیشی جارجارە دێتەوە و سەردانی ڕەشماڵەکان ئەکا. هەر خۆمانین و خۆمان.

گریلی هیچی نەوت. سەری داخست و چووە ناو بیرەوە. ئەتوت شتێک ئەسمێ. پاش تاوێک سەری هەڵێنا و لە چاوەکانی زیوەر مۆر بوویەوە. تاودانەوەی گومانەکەی خۆی، ئەتوت لە بیلبیلەی چاوەکانی ئەودا ئەبینێ. زیوەر بەڵام، دەرفەتی ئەو لێکۆڵینەوەی بە کابرا نەدا. سەری داخست و چاوی بڕییە تەختی عەرزەکە.

گریلی تاوێکی کە ڕاوەستا و پاشان پرسی:

ـ واتە کە شەو دادێ، تەنها پیاوێک لە سەر ڕەشماڵەکان هەیە؟

ـ بۆ ئەپرسی؟

زیوەر بە بێ متمانە قسەی ئەکرد و ئەمە سەرکار گریلی خستە بیرەوە. تا گریلی وەڵامێک بدۆزێتەوە، زیوەر دەماری دەرپەڕیوی تەوێڵ و گرێی نێوان دوو برۆی بینی.

گریلی وتی:

ـ ئێمە ئەبێ هەر چۆن بووە لەگەڵ یەکێک لە پیاوەکانی ئێوە قسەبکەین بۆیە پرسیارم کرد.

لەزگەی وشەکانی گریلی ئەلەرزی، بناغەکەی سست بوو. زیوەر لە بەرامبەر ئەو دڕدۆنگییەی کابرادا، ئەوەندە هەستی بە

باڵ فراوانی کرد، کە بتوانێ کابرا بخاتە بن پرسیارەکانی خۆیەوە، پرسی:

ـ ئێوە بۆ چ کارێک هاتوون بۆ ئێرە؟

ـ بۆ چ کارێک هاتبێتین باشە؟

ـ من چووزانم، پێم وابێ ڕێبوارن.

ـ ڕێبوار؟ نەء. لەم بیابانە چۆڵەدا؟ کوێمان بە کوێ؟ دڵمان خۆشە؟

ـ باشە ئەی کارتان چییە؟

ـ لە چی ئەترسی؟ نیگەرانی؟

ـ نیگەرانی چی بم؟

زیوەر بە ئاشکرا نیگەران بوو و ئەیوت: «نا». گریلی شارەزای پرس و جۆی زۆر و زەبەند، بە قۆشمەیی وتی:

ـ دەی! نیگەرانی! وابزانم لە شتێک ئەترسی! ئەم ژنانە مەگەر بۆ کوێ چوون؟ بۆ ڕێگەی دوور؟

زیوەر ئەمەی ئەزانی کە ماراڵ و هەیڤۆ ڕۆیشتوون گوڵمحەمەد و بڵقیس ئاگادار بکەن. سەرەڕای ئەمەش وتی:

ـ نازانم. نازانم. چوون بۆهێزم. وابزانم.

جارێکی تر، گریلی وتی:

ـ بۆچی وا ئۆقرەت لە بەر بڕاوە؟ نیگەرانی چیت؟

زیوەر وتی:

ـ نیگەران نیم.

ـ با، جوان دیارە. چاوەکانت فڕکەفڕکیانە.

ـ نەء! نەء!

ـ حاشای پێ ناوێ! ترسی نییە. لە چی ئەترسی؟ لە من؟ من خۆ مرۆڤ ناخۆم. ترسی پێ ناوێ. منیش وەکوو تۆ بنیادەمم.

ـ ناترسم لە خۆتەوە ئەڵێی. لە چی بترسم؟

زیوەر ترسابوو. ئەیوت ناترسم، بەڵام ترسابوو. لە چاوەکانی گریلی ترسابوو. چاوەکانی گریلی سوور هەڵگەڕابوون. دوو پیاڵەی

خوێن. گلێنەی چاوەکانی ئەتوت لە خوێندا مەلە ئەکەن. دوو ماسی بچکۆلە. چاوەکانی پیاو، بۆچی بەو جۆرە ئاوسابوو و خوێنی تێزابوو؟ یاوی کردبوو، ئەو؟ زیوەر چۆنی توانیوە تا ئەم کاتە ئەوچاوانە ببینێ؟ ئەو خوێن تێزانە چەند کتوپڕ بوو؟ چەند ترسناک بوو! زیوەر نەی ئەتوانی وەڵامی خۆی بداتەوە. ترس هورووژمی بۆ هێنابوو. هەستی ئەکرد ڕەگ و پەیوەندی هەژاوە. مەلێکی تووش بوو!

ئەی ئەم پرس و جۆیە؟ داد و بێداد!

ویستی لەپڕ خۆی هەڵدات و بۆی دەرچێ، بەڵام نەکرا. لە بن نیگای کەوەماردا ئەفسوون ببوو. وشک ببوو. هەستی ئەکرد ناتوانێ جووڵە بکات. پشتی وردە وردە ئارەقەی لێ ئەنیشت. بەرچاوەکانی لێڵ ئەبوون. لێڵ بوون. بەنی دڵی سست ئەبوو. سست بوو. پچڕا. زمانی وشک بوو، نیگای لەخاک. دەستەکانی کۆڵ. لێو بوو بە دڕک، لە سەر کەویر. بەتاڵ لە خۆی، لە سەر عەرزەکە، داهێزرا، گیانی داکەوت، تێک شکا! ئایە چاوەکانی درۆیان لەگەڵ نەئەکرد؟ ئەوە ڕاست بوو پەنجەکانی کابرا خەریک بوو گوڵی قایشلۆخەکەی ئەترازاند؟ چاوەکانی ئەوەی ئەدی، ڕاستەقینێ بوو؟ ئەو، زیوەر، شێت نەببوو؟ ڕێکوڕاست ئەیبینی؟ گوێکانی! گوێکانی ڕاستی ئەبیست؟ ئەوە ڕاست بوو؟ تۆ بڵێی؟

ـ ترسی ناوێ! منیش لەبری باجەکەتان دادوەرانە بۆت حەساب ئەکەم!

ها؟... ئائا! ئەوە خۆ خەریکە قۆپچەکانی بن ملی ئەکاتەوە. کراسەکەی. ملی زبر و ئەستووری. تووک لە یەخەی کراسەکەیەوە هاتبوویە دەرەوە. ددانی سپی. لێوی وشک. چاوی خوێن. ڕیشی نەتاشراو و ڕەش. تەوێڵی ئارەقاوی. هەناسەی قورس و خەست. دووکەڵی تەنوور. دەماری هەڵساوی دەستەکانی، پەنجەی ئەستوور و کورت. ئاخ... ئەی هەناسەی زیوەر بۆ نەئەبوو بە بەرد؟

ـ تۆ هێشتا مناڵت نەبووە؟ ئەرێ؟... پێتەوە دیارە. شەکی

شەک. گوڵی تەمەنی ژن ئەم کاتانەیە!

قیژەیەک و فڕینێک. تیرێ دەرچوو لە کەوەی کەمان. فیشقەکردنی لەپڕی خوێن لە شاڕەگی وشترێک. خۆ حەوادانی مار لە بەردێک بۆ بەردێک. زیوەر دەرپەڕیبوویە دەرەوە و بە هەراسانی قیژەی ئەچووە ئاسمان. خولانەوەی ترس و هەڵاتن. ڕەو لە شەوی ناو لق و پۆپی تاغیدا. شەو، یاری شەوپەڕە.

گریلی، کڵاو و پاڵتاو بە سەر دەستەوە، بە دوایدا دەرپەڕیە دەرەوە. بەڵام پێش ئەوەی لە ڕەشماڵەکان دووربکەوێتەوە، وەستا و چاوی بڕییە هەمووڵایەک. شەو، ژنەی فڕاندبوو.

گریلی داماوی حەز، زیز، نامراد و شەرم لە خۆ، وەک بڵێی سەهۆڵاویان کردبێ بە سەریدا، داچڵەکا و لە جێی خۆی وشک بوو. تاوێک پێش ئێستە ئاوەز دۆڕاو و ئێستەش مژی فڕیبوو. نەی ئەزانی چی بکات. بۆش و شکاو، قڵپکراوە و بێچارە، لە لای بنە تاغیەک ڕاوەستابوو. وشک ببوو! چی ڕووی دابوو؟ ها؟ چی ڕوو ئەدات؟

ــ ئا کاکی برا، لێرە لە ناو ئەو بەفرەدا وەستاوی کەچی؟ گەرما لێیداوی؟

گریلی وەکوو مارگەستەیەک هەڵبڵۆقیەوە. سەرەژنێک لە نزیکی وەستابوو، کۆڵێک هێزمی بە کۆڵەوە:

ــ ها برام، لە چی ئەگەڕێی لەم ناوە؟

گریلی خۆی کۆکردەوە، کڵاوەکەی کردە سەری، پاڵتاوەکەی دابە شانیدا و باڵەکانی بە پەنجە گرت، هێنایەوە بە سەر یەکدا و هەنگاوێکی نا بەرەو ژنە، بەڵکوو جوانتر بیبینێ. ژنە، باڵای بەرز و ڕوخساری کراوە بوو. لۆی کراسەکەی خستبوویە بەر پشتێنەکەی و لە بن قورسایی کۆڵەکەدا تۆزێ چەمابۆوە. گریلی دەستی هێنا بە سەر و سمێڵیدا، وەک بڵێی ئەیەوێ تۆزێ داماویی و شەرم لە ڕوخساری داتەکێنێ، ئەوسا وتی:

ــ تۆ کێی؟ هی کوێی؟

بلقیس وتی:

ــ هی ئەم بیابانەم برا گیان؛ تۆ چی؟ تۆ بڵێ هینی کوێی؟

گریلی، پێشدەست لە قسەکردندا، دیسان پرسی:

ــ لە کام ڕەوەندی؟

ــ کەلمیشی برا گیان، ڕەوەندی ئێمە ئەم سێ چوار ڕەشماڵەیە.

ــ کە وابێ تۆ بووی چووبووی بۆ دار، وایە؟

ــ ئا من بووم. بۆ کوانووی نان ساجی. ئارد و گەنممان ئەمساڵ بەقەد تەنوورەوە نانووسێ. ئەی تۆ بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟ تەنهای؟

ــ نەء. هاوکارەکەم لەوێیە، لە ژێر خێوەتەکەی ئێوە خەریکە هەڵئەلەرزێ! بەهەر کەس ئەڵێم ئاگر، ئەڵێ چوون بۆ ئێزنگ! ئاخرەکەشی... ئەمی کەشیان -لە جێی خوشکم بێ- چووم فانۆسی لێ وەربگرم، ترسا. پێی وابوو من مرۆڤ خۆرم. لە خێوەتەکە دەرپەڕی و نازانم چوو بۆ کوێ؟ ئەتوت بنیادەمی نەدیووە. من بەس چووم فانۆسێکی لێوەرگرم و پرس و جوابێکی لێبکەم. هاوکارەکەم زۆر ناسازە، ئاخر!

بەرەو ڕەشماڵەکە کەوتنە ڕێ. گریلی لای شانی ژنەوە، نیوڕۆخی بینی کە تێکچوو. ئەتوت بە قسەکەی ئەو چووە ناو بیرەوە. کێ ئەڵێ قیژەکەی زیوەریشی بیستبێ و نایخاتە خۆی. بەڵام بۆ؟ سەرەڕای ئەمانەش بە قازانج نەبوو سەری ئەو باسە لەگەڵ بڵقیس بکاتەوە. باشتر وایە لە گێڕانەوەی ئەوەی ڕووی داوە، خۆیان بپارێزن. بە هەر زمانێک گێڕانەوەی سوودی نەبوو؛ هەرچەند ئەتوت کۆترێک لە ناو قەفەسەی سینەیدا باڵەفرتێیەتی. بەڵام ئەو، کابرایەکی شارەزابوو و ئەیتوانی بە سەر ترس و لەرزەکانیدا زاڵ ببێ. بۆیەش بە ڕاشکاوی هەنگاوی نا و هەوڵیدا لە ڕۆیشتن و ڕەفتاریدا ئارامی خۆی بەدەس بهێنێتەوە و لە بڵقیسی، کۆنە ژنی خێڵاتی بار بکات!

بڵقیس ڕێک و ڕەوان، خامۆش و بە ئەندێش ئەڕۆیشت. لە یەکەم نیگادا، ئەسپە غەوارەکانی بینی لە ژێر بەفر، لای ئەستوندەکی خێوەتەکە وەستاون و گوێیان قیت کردووە. هێزمی دابە عەرزدا و سەری کرد بە ناو ڕەشماڵەکەدا. میوان لە لای جێوبانەکان خەوتبوو. گریلی بەر لەوەی بڵقیس پێ بنێتە ناو ڕەشماڵەکە وتی:

ـ ئەوەتا خۆت ئەیبینی، لەسەرما و خوماری گرمۆڵە بووە و لەو سووچە کەوتووە. چەند لەم ژنانە پاڕامەوە ئاگرێک بکەنەوە، نەچوو بە گوێیاندا. یەکە یەکە بە لای ڕەشماڵەکاندا خزان و چوون بۆ ناو تاغزارەکە! وەک بڵێی من و هاوکارەکەم مرۆڤخۆر بین! لانیکەم تۆ وەرە لەم چاڵەدا ئاگرێک سازبکە! یاڵڵا ئیتر! بۆ هەر لەوی ڕاوەستاوی و خەریکی قەلافەتی قەشقەی من سەیر ئەکەی؟

بڵقیس، کۆڵە دارەکەی بردە ژوورەوە، بڕێکی خستە ناو چاڵەکە و چوو شەمچە بهێنێ. چەمەنداری کە هەموو لەشی شێی هێنابوو، هەر خۆی ئەکێشایەوە، شانی لە سەر جێگەکە هەڵێنا، بە بەرزاییەوە دانیشت و وتی:

ـ لانیکەم فانۆسێک داگیرسێنە با مرۆڤ بەرچاوی خۆی ببینێ! پیاو ئەبێ بە شەوکوێر!

بڵقیس شەمچە و فانۆسی هێنا. بە چڵێک چرا و هێزمی داگیرساند و قوڵە دارێکی گرت بەدەستیەوە و لقە شکاوەکانی هەڵدایەوە بۆ سەر ئاگرەکە. گریلی لە دووکەڵەکە کشایەوە و چەمەنداری دەست و ڕووی گرت بە سەر هالاوی دووکەلاوی ئاگرەکەوە و پێڵوەکانی بەست.

بڵقیس دارەکەی دانا و سێ پێچکەی بن ساجەکەی هێنا و لە سەر ناوگۆرکەکە داینا. پاشان دۆلکەیەکی هێنا و فەردەی ئاردەکەی خزاندە پێشەوە. قۆڵی هەڵکرد، دوو سێ مشت ئارد و پیاڵەیەک ئاوی تێکەڵ کرد، شێلای و دای بەدەستیدا و کردی

بە گونک. یەکە یەکە لە سەر سینی سێ پێچکەکە داینا و بە ئارامی کەوتە برژاندنی نانساجیەکان. هەویری هەڵنەهاتوو ناسک بەقەد لەپی دەستێک؛ برژاو، بەڵام جێجێ کاڵ و جێجێ سووتاو. پاش برژان، نانەکەی بە مەقاش لە سەر سینیەکە هەڵئەگرت و هەڵی ئەدایە سەر عەرزەکە. چەمەنداری وتی:

ـ کترییەکەشت لای ئاگرەکەوە دابنایەت، بۆ ئەوەی بێتە کوڵ!

بڵقیس هەڵسا، کترییەکەی پڕکرد لە ئاو و هێنای. لە سەر ئاگرەکە لە سەر دوو بەرد جێی کردەوە و وتی:

ـ بەڵام براگیان، چای وشکمان نییە. مەگەر لەو گیایانەی لە دەشت کۆمان کردۆتەوە و وشکمان کردووە بۆتان لێ بنێم. ئەویش بەتامە. فێری ببی وەک چا وایە. قەند و نەباتیش خۆتان باشتر ئەزانن، لەم جۆرە ساڵانەدا دەستمان ناڕوات. لەبری، مێوژی قۆچانمان هەبوو، ئەگەر لە بن کیسەکە تێدا مابێ.

جەنابی چەمەنداری سەیری گریلی کرد و تەشەرێکی هاوێشت:

ـ بەم پێشەکی و پاشەکیە ئەتەوێ بڵێی دوو مسقاڵ تریاکیش لە ناو دەم و دەزگاتاندا دەسناکەوێ، وایە؟

بڵقیس وتی:

ـ تریاک؟ لە ناو ئێمەدا پیاوی تریاکی نییە براگیان. ئێمە نیمانە!

جەنابی چەمەنداری نمی چاوی بە دڵی پەنجە سڕی و بە دەنگێکی ماندوو و خشدار وتی:

ـ ئەگەر شەوێک، نیوەشەوێک، یەکتان سەرئێشەیەک، پشت ئێشەیەک بگرێ، چۆن دەرمانی ئەکەن؟ ئەگەر یەکتان کۆڵنج بکا چی؟ بەچی دەردی ئارام ئەکەن؟

بڵقیس وتی:

ـ بە گژ و گیای بیابان براگیان، بە گوڵ و گیا و دڕک. ئێمەش

هەندێ چەم و خەممان لە باب و دایکی خۆمان پێگەیشتووە.

جەنابی چەمەنداری وتی:

ــ کەوابوو هەڵسە شیشێک و ناڵە ئەسپێک هەڵگرە و بیهێنە بۆ ئێرە. من ئەمەوێ بەزمەکە وەڕێ بخەم. ڕابە، زووکە! ئێسقانەکانم ئەزریکێنن.

بڵقیس هەڵسا و ڕۆیشت، پارچە بەردێک و شیشێکی بۆ کابرای زەردەڵە و پفکردوو هێنا و وتی:

ــ ناڵی کۆنەمان نییە. وتم ڕەنگە... ئێمە پیاوی تریاکیمان نییە.

چەمەنداری شیش و بەردەکەی لە ژنە وەرگرت، لای چاڵەکە داینا و دەستی کرد بە گیرفانیدا، قوتوویەکی بچووکی دەرهێنا. پاشان بەردەکەی گرت بەبەر ئاگرەکەوە و گەرمی کرد. تۆزقاڵێک تریاکی پیوە لکاند و شیشەکەی کرد بە ناو دڵی ئاگرەکەدا و وتی:

ــ پیاڵەیەک چای گڕ و گیام بۆ ساز بکە بەپەلە، ئەم بەد کردارە بە بێ چا و نەبات هیچ مرادێک بەدی ناهێنێ.

بڵقیس کە لەنانکردن ببوویەوە. سەیرێکی کابرای کرد و وتی:

ــ قەند و چامان نییە براگیان، خۆ پێم وتی! لەبری چای گیامان هەیە، هەرئێستە بۆت سازئەکەم. خۆمان ناومان ناوە «ڕیشە بزن» لەبری قەندیش چوار دانە مێوژتان بۆ ئەهێنم. جارێ با ئەم نانانە لە بن دەست و پێ کۆبکەمەوە.

چەمەنداری، بە بیانوویەک لە قسەکەی دا کە بەرەو شەڕفرۆشتن بای ئەدایەوە، وتی:

ــ پێت وایە ئێمە هەموو نانەکان بە جارێک ئەخۆین کەوا بە پەلەپەل کۆیان ئەکەیتەوە و دایانئەشاری؟ ئەمکارە دواتریش ئەکرێ. جارێ سێ چوار دەنک لەو مێوژە قۆچانیەت هەڵگرە و بیهێنە.

بڵقیس لە کاتێکا ئەڕۆیشت مێوژی بن کیسەکە بهێنێ، وتی:

ــ چ بیر و خەیاڵێک ئەکەیتەوە برا گیان! ئێوە میوانی ئێمەن. من ئەم نانەم بۆ ئێوە دروست کرد، خۆمان بەشی ئەمشەو نانمان هەبوو.

چەمەنداری شیشە سوورەوە بووەکەی لکاند بە تریاکە لکاوەکەی سەر بەردەکە و بە دارجگەرە درێژەکەی دووکەڵەکەی هەڵمژی و بە باشی زانی بێدەنگ بێ. بەڵام گریلی خامۆش نەما و دوای قسەکەی کابرای گرت:

ــ ئەمانە هێشتاش لە دنیای پاش شەڕدان! پێیان وایە ئێمە هاتووین تاڵانیان بکەین. نازانن کە ئێمە بۆ خزمەتی ئەم ئاو و خاکە ئاوارە بووین و لە سەرما و گەرما و بەفر و با و بۆران ناسڵەمێنەوە. بیابانی بێ ئاو و گیا تێ ئەپەڕێنین بەڵکوو بتوانین چوار قەران باج لەم و لەو وەربگرین و بیکەینە خەزێنەی ئەم ئاو و خاکەوە. بەڵام ئەم هەر ئەم خێڵاتیانە ئەوەندەی چاویان پێمان ئەکەوێ وا ئەزانن ئێمە شاخ و کلکمان هەیە و هاتووین بیانخۆین. چووم ئاگر لە کچە وەربگرم، فانۆسی لێوەر بگرم، لەپڕ ئەقریشکینێ و وەکوو شێت هاوار ئەکا، لە ڕەشماڵەکە هەڵدێتە دەرەوە و ئەچی بۆ ناو تاغی! من سەرم سووڕماوە لەمانە!

شیش و بەرد لە دەستەکانی چەمەنداری‌دا وشک بوون، کەوابوو ئەو قریشکەیەی لە خەون‌دا نەبیستبوو: سەری هەڵێنا و چاوە دەرپەڕیوە و بیوازەکانی بڕییە گریلی. لە باسەکە تێگەیشتبوو. سەرکۆنە و ترس و سەرسووڕمان واتایەکی تایبەتی دابوو بە نیگاکەی چەمەنداری:

«ئەی نەحلەت لە شیرت، پیاو!»

گریلی، لە بن نیگای هاوکارەکەی دا نەما. سەری داخست، وەرگەڕا و تفی فڕێ دایە دەرەوەی خێوەتەکە:

ــ ئەگەر بڕیار وابێ پیاوەکانیان نەیەنەوە، دووکەڵەکەت زووتر تەواو بکە با بکەوینە ڕێ!

ئیتر، بۆ چەمەنداری دەرکەوتبوو کە گریلی، شەرواڵ پیس،

چەپکە گوڵی داوە بە ئاودا:
«تف لەو شیرەی کە خواردووتە!»
جەنابی چەمەنداری تازە بۆی ڕوون ئەبوویەوە کە گریلی بۆچی لە ناو پێستی خۆیدا جێی نابێتەوە. گریلی لە تێکڕای ئەو ماوەدا کە چەمەنداری و بڵقیس پیکەوە ئەدوان، خامۆش بوو و ئەتلایەوە، خۆی هەڵئەگلۆفی، هەڵئەسا، پیاسەی ئەکرد. دائەنیشت. سمێڵی ئەجووی. ئەچووە بەردەرگای ڕەشماڵەکە. ئەگەڕایەوە بۆ بان سەری چەمەنداری و دایکی ڕەوەند. ئەکشایەوە. سەیری دەرەوەی ئەکرد؛ سەیری بارین، بەفر، تەڕبوونی ئەسپەکان. سەیری بیابان و شەو، ئەملا و ئەولا و چاوی لە سەر چەمەنداری چەقی ئەبەست. نائارام. ترس هەڵیگرتبوو. خەیاڵێک، ئەتوت ئازاری ئەدا. ئەیترسێنێ. شپرزە بوو و شێواو. بێدەنگ، لێوی ئەکرۆشت. نیگەران، پێڵووی ئەترووکان. تووڕە، پەنجەکانی لە پشت ملی هەڵئەپێکا. لە ناخەوە خۆی ئەخواردەوە! ئەیخواردەوە. ئەیویست جنێوێک بدات، هاوار بکات، تەشەر باوێ، بەڵام بیانووی دەس نەئەکەوت. هیچ نەبوو بیکا بە بیانوو، ئەوەندە نەبێ کە لەترسی خێڵاتیەکان بە خۆ گیف کردنەوە وتبووی. جارێکی تریش وتیەوە:
ــ ها! وتت چی؟ بڕۆین؟
شەو و بیابان و بەفر و کوێرە ڕێ و گورگ! پیاوی ژیر کەی خۆی لەو مەترسییە ئەدات؟ بێباکیە و پێویست ناکا.
چەمەنداری لە وەڵامی‌دا وتی:
ــ لەم بەفرەدا بکەوینە ڕێ؟ بۆ کوێ؟
گریلی وتی:
ــ دەیجا با بەفر بێ! پیاوی سەرباز ئەگەر نێزەش لەئاسمان بباری، هەر ئەتوانێ بەرەو مەبەستی خۆی بڕوات! ئەتوانێ بە ناو بارانی دەسڕێژی ڕەشاشیش‌دا بڕوات. ئەمە خۆ بەفرە. جگە لە بەفر هیچی تری لێ نییە! هەیە؟
ــ هەیە و چاکیش هەیە. ئەڵێی بەس بەفرە. ڕاستە. بەڵام

لە کوێ؟ بەفر لە کوێ؟ لە بیابانێکدا فرسەنگ فرسەنگ هیچی لێ نییە. ئەتەوێ بە ئەسپی ماندووەوە خۆمان بکەین بە خواردنی گورگ؟ قسەی سەیر ئەکەی ها؟

گریلی وتی:

ــ قسەی تیا نییە، ئەبێ بڕۆین!

چەمەنداری وتی:

ــ ئەبێ، لە لای من ناخوا. هەر لێرە، جێگەم زۆر باشە.

ــ جێگەت باشە، لێرەبە. من ئەڕۆم.

ــ تۆ کەوشەنی ڕاسپاردەکەت بەجێ ئەهێڵی؟ لە کاتی بەڕێوەبردنی ڕاسپاردەدا لە فەرمانی بەرپرسەکەت سەرپێچی ئەکەی؟

ــ بەرپرس؟ هەر لە بەر ئەوەی هێڵێک زیاتر بە قۆڵتەوەیە؟

ــ ئەی چۆن؟ ئەوەنییە بۆ ئەو هێڵە پێنج دانەساڵ ناڵم لە عەرز کوتاوە. پێت وایە ئەم یەک هێڵە بە خۆڕایی لکاوە بە قۆڵمەوە؟ یان لە کۆڵان هەڵڕژابوو و هەڵم گرتەوە؟

گریلی وتی:

ــ من ئەڕۆم. ئەبێ بڕۆم. پیاوی جەنگی سەیرکە، لە سەر سەری بە دووکەڵ، هەور دروست ئەکات!

گۆنای چەپ و لێوە شینەکانی جەنابی چەمەنداری ئەلەرزین. دەستەکانی ئەلەرزین. چاوە تووڕەکانی سەیری گریلیان ئەکرد. حەزی ئەکرد بنەڕێنێ، بەڵام ئەتوت ناتوانێ. بە سەر بڵقیسدا نەڕاندی:

ــ تۆ! وەکوو سەگی بەر باران بۆچی لێرە ڕاوەستاوی؟ بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانمان بگری؟ بڕۆ دەرەوە تووڕەکەیەک گیا بکەرە بەر ئەو ئەسپانە. بڕۆ دەی ئیتر!

بڵقیس چووە دەرەوە و لە پشت ڕەشماڵەکە وەستا و گوێی هەڵخست. جەنابی چەمەنداری دەنگی دابەزاند و وتی:

ــ وەرە بەرەوە بزانم چ چەپکە گوڵێکت داوە بە ئاوا، بەچکەی

مەغۆڵ!

ــ هەڵەم کرد چەمەنداری گیان. نەمتوانی خۆم ڕابگرم. بمبوورە، بە حەزرەتی عەباس سووچم نەبوو. ئەڵێی شێت بووم، داویە لەسەرم. پەشیمانم. وەکوو سەگ پەشیمانم. چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەترسم بڕۆن و پیاوەکان ئاگادار بکەن. ئەڵێن وان لە لێڕی شۆراو.

ــ دەست پێگەیاند؟

ــ نە بابە تۆش. من بەس سەیرم کرد. هیچیشم نەوت! بەڵام ئەو وەک جنۆکە هەڵبلۆقیەوە و دەرپەڕییە دەرەوە.

ــ قۆپچەکانی یەخەت داخە! زۆڵی لە زۆڵان بووی!

بڵقیس، هەستی کرد تووکی لەشی قنج ڕاوەستا. ئەوەی گومانی بۆی چوو بوو، گومان نەبوو. زیوەر لە خۆڕا هەڵنەهاتبوو بۆ ناو جەنگەڵ. ڕق، تووڕەیی. بڵقیس ددانی لە چیڕەوە هێنا و هەوڵیدا بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ. لەسەرخۆ ئاوڕی دایەوە. سێبەرێک لە ناو دڵی بەفرەکەدا ئەهات، ژن بوو. کشاو و باریک. هەیقۆ بوو. بڵقیس چوو بۆ لای. هەیقۆ شپرزە بوو. بڵقیس دۆخەکەی لێپرسی. هەیقۆ بە دوو وشە وتی:

ــ زیوەر! ئاگری کردۆتەوە، هات بۆ لای گوڵمحەمەد و قژی ڕنیەوە. کراسی دڕاند، بیابانی ناوە بە سەر سەرییەوە. گوڵمحەمەد ڕێکەوتووە و خەریکە دێ. لەوێ لە پشت دەوەنەکان وەستاوە. بە مارالّم وت ڕایگرێ تا من بێم هەواڵێک بزانم. ئەمزانی ئەمانە بۆ باج وەرگرتن هاتوون بۆ ئێرە، بەڵام بڕوام نەکرد. وتم ڕەنگە پاشماوەی کوژرانەکەی حاجی حسێنی چوارگوێشلیە کە خەریکە درێژ ئەبێتەوە. تۆ ئەڵێی چی؟ کوژرانی حاجی حسێن یان باج؟ من ئەبێ هەواڵەکەی ببەمەوە.

بڵقیس بڵێ چی؟ بە درۆیەک کوڕەکەی تەرە بکات؟ بڕوات و خۆی ون بکات؟ یان ئەگەر درۆ بکات، مەگەر گوڵمەمەد ئەڕوات؟ کێ چووزانێ، ڕەنگە نەڕوات، کوشتن یان باج؟

ـ نازانم، هێشتا نازانم!

هەیڤۆ لەوە زیاتر ڕانەوەستا. گەڕایەوە و لەو شەوە بەفرەدا ون بوو. توند و خێرا، بە بێ ئەوەی لەوە بترسێ جلەکانی بە سەر پەنجەی تاغیەکان هەڵدڕێ. لە تاریکی شەودا، گوڵمحەمەد لە بن درەختێکدا وەستابوو و سمێڵی ئەجاوییەوە. دوو ژن، ماراڵ و زیوەر، لە هەردوو لایەوە وەستابوون.

هەیڤۆ گەیشت و چرپاندی بە گوێی ئامۆزادا:

ـ جارێ ڕوون نییە. جارێ نازانێ.

گولمحەمەد پرسی:

ـ بڵێ بزانم چییان پێیە؟

ـ دوو ئەسپ. تفەنگ، سەرەنێزە و فیشەکدان.

ـ نەتانزانی هەر خۆیانن یان هی کەشیان بە دواوەیە؟

ژنەکان بێدەنگ بوون، گوڵمحەمەد کەوتە ڕێ وتی:

ـ خانئاپۆ هەواڵی نەبوو؟

هەیڤۆ وتی:

ـ نەء. جارێ دیار نییە.

گوڵمحەمەد بە ڕقێک لە بن ددانەکانیدا وتی:

ـ ئەڕۆین بۆ ئاشتی، پێتان وانەبێ ئەمەوێ خوێن بڕژێنم! تۆش ئەوەندە نووکە نووک مەکە، زیوەر! ئەو ژنەی کە نەتوانێ خۆی بپارێزێ بۆ بن خاک باشە! ژنی گوڵمحەمەد! قوڕ بە سەری من بۆ ژنم! داخەکەم!

ژنەکان وەکوو دەستەیەک مریشک بە دوای گوڵمەمەددا بەرەو ڕەشماڵەکان هەنگاویان ئەنا.

گوڵمحەمەد لە بەر خۆیەوە وتی:

«باوکم وشتر و بارەکە بە هیوای خوا بەرەڵڵا نەکا و بێ بۆ ئێرە، تۆ بیت و خوا سەیرکە؛ ساتێک لەکۆڵ مرۆڤ نابنەوە، تف!»

پاشان ڕووی کردە ژنەکان و پرسی:

ــ دایکم لە کوێ بوو لەو کاتەدا؟
وەڵامیان دایەوە:
ــ ئێزنگ. چووبوو ئێزنگ بهێنێ.
بەفر، شانی ڕەشماڵەکانی سپی کردبوو. گوڵمحەمەد و ژنەکان لە دەروونی تاغی هاتنە دەرەوە. لێرە، بەفرەکە بە گوڕتر بوو. گوڵمەمەد لە بەر خۆیەوە وتی:
«بەهارێکی سەوزمان لە پێشە. بەهار! وەرە، وەرە ڕێژەن بێنە. وەرە چاو و دەممان لە دووی تۆیە. وەرە ئیتر! مەهێڵە لەوە زیاتر چرووک ببین!»
گوڵمحەمەد، بێ ئەڤان لەپی دەستی لە بن بەفرەکەدا ڕاگرت. چەند دەنکە بەفر لە سەر دەستی نیشت. گوڵمحەمەد بەفرەکەی خڕکرد و بردی بۆ لێوی و لە بەر خۆیەوە وتیەوە:
«بەڵام شیریناو نییە بەفرەکەی. شیریناو نییە!»
گەیشتنە لای ڕەشماڵەکان، گوڵمحەمەد خۆی دانیشاند. ژنەکانیش خزانە سووچێک.
دەنگی وتووێژی بلْقیس و پیاوەکان ئەبیسرا:
ــ هیچ دەستتان ناگرێ. چونکە ئێمەش هیچمان بە دەستەوە نەماوە. بە سوودی خۆشتان نییە. ئەزانی چۆنە، من وەکوو دایک قسەتان لەگەڵ ئەکەم. ئەم ژنانەی ئێمە زۆر شۆر و شیوەن بەرپا ئەکەن. بۆ دەسرێک ڕاستەبازارێک ئەسووتێنن. بە خێر و قازانجی ئێوەشە، پێش ئەوەی پیاوەکانمان بگەڕێنەوە، ڕێتان بگرن و بڕۆن. من بۆ خۆتان ئەڵێم.
ــ ئەمان، ئەمان لەدەستی مرۆڤی نەزان! لەم بەفرەدا! لەم بیابانەدا!
هات و چۆیەک لە ناو ڕەشماڵەکەدا بەرپا بوو. وادیاربوو چەمەنداری و گریلی خەریکن خۆیان کۆئەکەنەوە، گوڵمحەمەد نەجووڵا. هەروا گوێڕایەڵ بوو. پاش تۆزێک پیاوەکان لە ڕەشماڵەکە هاتنە دەرەوە و بەرەو ئەسپەکانیان چوون. لای ئەسپەکان، هەر

کامە و هەوساری ئەسپی خۆی گرت تاپێ لە ئاوزەنگی بخات و سوار ببێ. گوڵمحەمەد، لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیرا. لە پەنای خێوەتەکە هاتەدەرەوە و پرسی:

ــ بۆ کوێ؟

پیاوەکان ئاوڕیان دایەوە. گوڵمحەمەد بە ڕووی خۆشەوە چوو بۆ لایان، لە ناوەڕاستی هەردووکیان وەستا و وتی:

ــ بەم بەفرە ئەتانەوێ بچن بۆ کوێ؟ پێتان وایە لە بن خێوەتەکانی ئێمەدا لێفە و دۆشەکێکی خاوین دەسناکەوێ ئێوە تیا بخەون؟ ئاهای... دایە... وەرە بزانم، تۆ چۆن ڕووت هەیە ڕێگە بدەی بەم شەوە و لەم هەوایەدا بهێڵی میوان لە سەر سفرەکەت هەڵسێ و بڕوات؟ تۆ، بیری ئابڕوی تیرەی کەلمیشی ناکەیتەوە؟ بەیانی لە پشتەسەر چیمان پێ ئەڵێن؟ وەرە هەوساری ئەم ئەسپانە بگرە و بیانبە بۆ بن چەپەرەکە. وەرە.

بە دەست و دڵی لەرزۆکەوە، بڵقیس هاتە پێشەوە و لاڵەپەتی وتی:

ــ منیش وتم!... وتم ئەم کاتی شەوە، لە ناو ئەم بەفری بیابانەدا، کاتی ڕۆیشتن نییە. پێیانم وت، بەڵام پێم وابێ کاری پێویستیان هەیە.

لە میوانەکان، گریلی زمانی هەڵبڕی و وتی:

ــ ئەبێ بڕۆین. هەرجۆر بووە ئەبێ بڕۆین. فەرمان...

گوڵمحەمەد، لەغاوی ئەسپەکەی لە دەس کابرا دەرهێنا، دای بە بڵقیس و دەستی خۆی لە بنەوە ڕاکێشا بۆ لای ڕەشماڵەکە وتی:

ــ فەرموون. بەماڵی خۆتانی بزانن. لەوە زیاتر شەرمەندەمان مەکەن، خۆم ئەزانم لەم سەرمایەدا چ حاڵێکتان هەیە! منیش لەو بەرگەدا بووم. هەرچی نەبێ، لەم هەوایەدا، ڕەشماڵەکانی ئێمە گیان پەنایەکن... هۆی... ئاگر بهێنن. ئەم ژنەی منیش، تۆزێ تێکچووە. هەندێ جار ئەدا لە سەری و لە خۆیەوە قسە فرێ

ئەدا. نازانم چی بکەم بەدەس ئەم ژنانەوە!

بە گومانێکی شاراوەوە، پیاوەکان دانیشتن، گوڵمحەمەد ئاگری ناو چاڵەکەی خۆش کرد. پیاڵەکانی پڕکرد لە چای «ڕیشە بزن» لە بەردەم میوانەکان داینا و قسەی خۆی -کە نەئەبوا بپچڕێ- درێژە پێدا:

ـ گیرمان کردووە لەم بیابانە! بەیانی زوو ئەڕۆم بۆ دارکردن؛ شەو ئەگەڕێمەوە، ماندوو و هیلاک لە سووچێک ئەکەوم. نیوەشەوان لە پڕ حیلەی بەرز ئەبێتەوە. ئەم ژنەم ئەڵێم، هەمان کە هەواڵی ئێوەی بۆ هێنام. نیوەشەو لە خەو ڕائەبێت و یەک بە خۆی ئەزریکێنێ. دەرئەکەوێتە دەرەوە و سەر ئەنێ بە بیابانەوە و هەمووان ئەتۆقێنێت! منیش ناچار ئەبم هەڵسم، جل و پێڵاو لە بەر بکەم و بکەومە دوای بیهێنمەوە! ئێستەش هەڵاتووە هاتووە بۆ لای من و کردوویە بە شیوەن! ئێسکی ژن، هەر ژنێک هەیە با ببێ، خوارە! ئێستە داواتان لێئەکەم لێی مەگرن. ناسازە. چی بکەم ئیتر؟ هەر کەسە و بەخت و ناوچەوانی خۆی! چاکەتان... چا کە نا، ئاوە گەرمەکە، ساردەوە مەکەن. ئێستە ئەچم بیرێک لە شێو ئەکەمەوە. ئێوە ئیتر ئەبێ نەداریی ئێمە بە گەورەیی خۆتان ببەخشن. من لە بەرگی ئێوەدا بووم. لەگەڵ سەختی و سستیەکانی ئاشنام. ئێستە دێمەوە و بۆتان ئەگێڕمەوە.

گوڵمحەمەد لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە، لە ناو ڕەشماڵەکەی خانئاپۆ زیوەر و هەیقۆ دانیشتبوون، گوڵمحەمەد لە بەردەمی ڕەشماڵەکە وەستا و بە زیوەری وت:

ـ تۆ خۆت! باوەشێک دار و چیلکە بهێنە و کوانووەکە داخە. تێگەیشتی؟ تۆش هەیقۆ، ئاشێک، ماشێک ساز بکە. خۆ نابێ نانی ڕەق و تەق بخەینە بەر دەستیان؟ ماراڵ لە کوێیە؟

ـ ئەوەتا، هات!

گوڵمحەمەد وەرگەڕا و ماراڵی دی لەگەڵ دایکی ئەهات. گوڵمحەمەد پرسی:

ــ تۆ چووبووی بۆ کوێ؟
مارالْ چووە ناو ڕەشماڵەکە و وتی:
ــ ئەسپەکانم برد بۆ بن چەپەر. پوورە بلْقیس تەنها بوو.
بلْقیس لای گوڵمحەمەد وەستا. یەخەی تەڕی جاکەتەکەی بە چنگ گرت و لێی پاڕایەوە:
ــ کارت پێیان نەبێ. تۆ گیانی بەگمحەمەد کارت پێیان نەبێ!
گوڵمحەمەد دەستی دایکی لە یەخەی کردەوە، بەرەو خێوەتی میوانەکان ڕۆیشت و بە دەنگی بەرز بە بلْقیسی وت:
ــ کا و جۆت کردە بەر ئەسپی میوانەکان؟
بلْقیس ناچار بوو بڵێ:
ــ ئەرێ کوڕم!
ــ دە زووتر نان ساز بکە و بڵێ بۆ ئاگرەکەی ئێرەش دار بهێنن.
گوڵمحەمەد سەری بردە ژوورەوە و بۆ ڕوخساری داگیراوی پیاوەکان پێکەنی و وتی:
ــ ڕاستەکەی ئێمەی خێڵاتی، بە تایبەت ژنەکانمان، لەم وەرز و ڕۆژەدا، زۆر بەکەمی ئازووقە ئەکەنە بەر چوارپێی غەوارە. ئەویش لە بەردەستکورتیە. پێیان حەیفە. ئەڵێی برژانگی چاویان لێ ئەکەنەوە و ئەیکەنە بەر پاتاڵەکە!
گریلی و چەمەنداری هێشتاش نەکرابوونەوە. بزەیەک ئەگەر ئەهاتە سەر لێویان بە گومانەوە ئاوێتە بوو. نیگایەکیان ئەگەر ئەلەوەڕاند، ترسێکی تیابوو. وا پێ ئەچوو تووش بووبێتن. ئەمە لە نیگایان، لە کرداریانەوە دیاربوو. بوغزیان کردبوو. بوغزێکی ئاوێتەی ترس. داگیراو و بێبڕیار. دوو مەلی باڵشکاو لە ئێوارە درەنگانێکی نامۆدا. دۆش داماو، مۆن، مل لار و سەرگەردانی ناو دەروونی خۆیان. چەمەنداری، ئەوەیان کە ژێرچاوی ئەفڕی، وەڕەز بوو. بە تەواوی نەشە نەببوو، هەستی ئەکرد لە هەمووشت بێزارە. لە گریلی، لەو بەزمەی بەم شەوە بۆ ئەمی سازکردبوو!
گریلی، بە ئاشکرا ئەترسا. بێ ئۆقرە بوو. هەوڵی ئەدا

نەیخاتە خۆی و ئەمە خۆی زیاتر نیگەرانی ئەکرد. چیرۆکەکەی گوڵمحەمەد دەربارەی نەخۆش بوونی زیوەر، تا ڕادەیەک دڵی ئاسوودە کردبوو. گریلی چیرۆکەکەی بە ڕاست ئەهاتە پێش چاو. هەوڵی ئەدا بە خۆی بسەلمێنێ ڕاستە و وایە، ئەبێ واش بێ. بێگومان. سەرەڕای ئەمەش لە ناخەوە شپرزە بوو و هەوڵی ئەدا بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ. هەوڵی ئەدا سەرنجی زیاتر لای گوڵمحەمەد بێ. بە بێ ئەڤان و بە بێ ئەوەی ویستبێتی ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەم کابرا دەشتەکیەی، بن نینۆکەکانی پڕبوون لە قوڕ و خۆڵ، دائەنا. تەنانەت هەستی بەو ڕێزە ئەکرد. خۆفێکی شاراوە ئەم ڕێزەی لێ بار ئەکرد. ئەوکاتەی کە ئەترسین -کاتی تووشبوون- ڕێزدانان، دەروویەکمان بۆ ئەکاتەوە. ڕێزگرتن، تەنانەت دۆستایەتی کردن لەگەڵ ئەوکەسەی کە لە سەر زەوی نامانەوێ بمێنێ! ئەو ڕێزدانانە، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی دەرفەتێک کە لە یەکەم ساتی ئەو دەرفەتەدا، خەنیمەکانمان تێک بشکێنین. ڕێزگرتن لە دوژمن، ڕێزگرتنی دوژمنە لە دوژمن. ڕێزگرتنی گریلی لە گوڵمحەمەد.

گوڵمحەمەد خەریک بوو بە قسە و گەپە پاراوەکەی خۆی، پاشماوەی ئەو ترسە لە خەیاڵی جەندەرمەکان بکاتە دەرەوە: ژنەکەی تووشی مۆتەکە ئەبێ، ترساوە، قسەی نرخی نییە. فیتنە ساز ئەکا. سەروبنی قسەکانی یەک ناگرنەوە. نەخۆشە ئەم ژنە!

زیوەر، بە باوەشێک دار و چیلکەوە هاتە ژوورەوە. گوڵمحەمەد بە خێرایی هەڵسا، ئێزنگەکانی لە ژنە سەند و لە کاتێکا لە لای چاڵەکەوە ڕیزی ئەکرد بە تەوسەوە بە زیوەری وت:

ـ ئەوەندە لە ناو دەست و پێ خولەت نەیێ کچێ؟ بڕۆ سەربنێرەوە و بخەوە ئیتر!

زیوەر چووە دەرەوە و گوڵمحەمەد وتی:

ـ دەرەقەتی نایەم و نازانم چی بکەم، هەزار جارم پێوتووە

حەزناکەم دەس بۆ هیچ کارێک ببەی. هەزار جۆر نووشتە و چاوەزارم بۆ دابین کردووە بەڵام ناچێ بەگوێی‌دا! توخن و سەرەڕۆیە. بێفەڕ و تاوتاوە!

گوڵمحەمەد دەنگی دابەزاند و درێژەی دا:

ـ ڕاستتان ئەوێ، ژنم بە سەر هێناوە بۆیە وا تێکچووە. ئاخر ژنەکانی ئێمە جۆرێکی‌تر ڕق و ئیرەیی خۆیان دەرئەبڕن. لەو کاتەوە کە ژنە تازەکەم شوێنی بەو تەنگ کردووە، هەوڵئەدا لە من بگەیەنێ پیاوی‌تر چاویان تێبڕیووە. جارێک تۆمەتی لە مامی خۆم دا. ئێستەش بە سەروپێی ڕووت هەڵاتووە هاتووە بۆ ناو جەنگەڵ و شین و شەپۆڕیەتی بێغیرەت... من تیێ ناگەم چییەتی. ناچارم پێی بڵێم وایە تۆ ڕاست ئەکەی. بەڵام لە دڵەوە لێی وەڕەز بووم. بێکەس و کاریشە. ناتوانم تەڵاقی بدەم. هەرچی هەیە گرفتاری کردووم. مرۆڤ گرفتاری گورگ ببێ، بەڵام گرفتاری ئەو جۆرە ژنە نەبێ!

جەنابی چەمەنداری، لێوە شۆڕ و مۆرەکەی هەڵپچڕی و بە پێکەنینێکەوە پسپۆڕانە سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ چ جۆرە دڕندەیەک پەیدا ئەبن! ئاخر مەگەر شتی وا ئەگونجێ؟ خان باوەڕبکە، ئەم ژنانە، هەر هەموویان کوڵەفیتنەن! هەر کامەیان بەڵایەکی بەدەمەوەیە. یەکیان ژنەکەی من بوو. ئەم هاوکارەم شایەتە؛ تەڵاقم دا. گیانم ئازاد! ئەزانی خان؛ ئەو ددانەی کە ئێشێ، مرۆڤ ئەبێ هەڵیکەنێ و تووڕیدا. هەرئێستە، هەرئێستە بیرم لەوە ئەکردەوە. ئەگەر لەبری خودی تۆ پیاوێکی‌تر بوایە، پیاوێک بوایە عەقڵی نەیبڕیایەت، چ ئاژاوەیەک ساز ئەبوو؟ من ئەوا لە زمانی تۆی ئەبیستم گوایە ئەم ژنە هاتووە و بوختانی وای بۆ هاوکارەکەم کردووە. ئەم هاوکارەی من ڕۆیشت و بەو خانمە -کە ئێستا ئەزانم ناموسی خانە- بڵێ تۆزێ چیلکەمان بۆ بهێنە ئاگرێک بکەینەوە. ئەویش لە بەر ئەوەی من لەرزم لێهاتبوو. بەس ئەوەندە! پاشان زانیم ژنە وەکوو شێت لە

ڕەشماڵەکە دەرپەڕیوە و داوییە بە تاغیدا! سەرکار گریلی واق و وڕ، هاتەوە و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە. منیش پێم سەیر بوو. تیا مابوومەوە ئاخرەکەی چیئەبێ؟ خوا خۆی ویستبووی کە تۆ خۆت هاتیتەوە. ویستی خوا بوو. ئاخر ئێمە مەحرەمی خەڵکین. تۆمەتی وا چۆن ئەتوانین لەگەڵ خۆ بگێڕین.

گریلیش زمانی کرایەوە:

ــ ڕاستەکەشی جێی خۆی بوو شاخ دەربهێنم. دەست و پێی ئەو جۆرە ژنانە ئەبێ بە زنجیر ببەسترێتەوە. بە گیانی هەر سێکمان لە سەروبەچکی ژنە ترسام من! لە پڕ چاوەکانی مۆڕەوە کرد و نەعرەتەیەکی وەهای کێشا خەریک بوو دڵم بتۆقێ لە عەزرەتا. ئەزانن، مرۆڤی دێوانە شێوە و دارەتێکیتر پەیدا ئەکات!

چەمەنداری وتی:

ــ هێزیشیان دە بەرامبەر ئەبێ. ماشەڵڵا لە قوورەتی ئەو خوایە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ جا بزانن من چی ئەکێشم!

چەمەنداری و گریلی سەریان ڕاوەشاند. گوڵمحەمەد پەیشوێنی قسەکەی گرت:

ــ ئەویش لەم ساڵ و مانگەدا. باوەڕ بکەن بە قوورەتی ئەو خوایە زیندوین. نازانم. خۆیشم نازانم لەم بیابانەی خوادا، ئێمە چی ئەخۆین؟ سێ ڕۆژ جارێک بارێ هێزمم پێ ئەگاتە شار. مەگەر چەندێک ئەکا؟ پارەکەی بە سەر دەستمەوە ئەمێنێتەوە! نازانم چی پێبکرم؟ بۆ خۆمان مەنێک ئارد بکڕم یان بۆ ئاژەڵەکان دوو مەن ئازووقە؟ بە قوربانی خوابم. ئێمە لێرە بەگیای وشک و بای بیابان خۆمان تێر ئەکەین. ئا ڕاستی، وتتان هاتوون بۆ وەرگرتنی باج؟ وایە؟

چەمەنداری وگریلی سەیری یەکدییان کرد. گریلی بە پێکەنینێکەوە وتی:

ـ ئێمە نەهاتووین، ئێمەیان ناردووە. چی بکەین ئیتر؟ هەرچی چۆن بێ خەزێنەی حکوومەتیش بەم شتانە دەرگاکەی ئاوەڵایە.

گوڵمحەمەد بە بێ باوەڕییەوە تێیان ڕاما و بە دردۆنگیەوە وتی:

ـ واتە ئەتانەوێ باج لە ئێمە وەربگرن؟ ئا لەم ساڵەدا؟

چەمەنداری وتی چارە چییە؟ چەرخی وڵات خۆ نابێ لەنگ ببێ. ساڵ و مانگ چۆن ئەبێ با ببێ.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئاخر لە کوێ بیهێنین باج بدەین؟ ئەوە بەری دەستی من! ئەگەر ئەتوانی تاقە موویەکی لێ هەڵکەنە. دیارە ناتوانی مووی لێ هەڵکەنی؛ چونکە مووی پێوە نییە!

چەمەنداری وتی:

ـ لەو کۆلکەی دراوە بە ئیمە، پێنجسەد و سی و دوو سەر مەڕ بەناوی بنەماڵەی کەلمیشیەوە نووسراوە کە باجەکەی بە گوێرەی سەری سێ قەڕان، ئەبێ نەخت بدرێ. ئێمە لەگەڵ بەرپرسی داراییەکە ئەبوا زووتر لێرە بوایەتین. بەڵام ئەم بیابانە بێ سەروبنە خۆ یەک و دوو ڕان و ڕەشماڵی لێ نییە؟ هەر بنەماڵەش هەزار بیانوو ئەهێنێتەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ڕاستە، پێنجسەد سەر مەڕمان هەبوو، بەڵام کەی؟ چ کات؟ ئەو کۆلکەیە هینی پارە. بەر لەوەی نەخۆشینەکە بگات. ئێمە ماڵمان کاول بوو کاکەبرا. ڕان و ئاژەڵی ئێمە تیاچوون و نەمان! ئێمە خۆشمان تیاچووین. پێش هاتنمان بۆ گەرمێن هەموو مردن. حکوومەتی ئێمە ـخوا ڕایگرێـ تەنها کاتی باج وەرگرتن دەرئەکەوێ! کاتی بەڵا لێی خەوتووە. کاتێکیش ئەچین بۆ لای بە شەق لە فەرمانگەکانی دەرمانئەکاتە دەرەوە. ئێوەش ئێستە باجمان لێوەربگرن. بەڵام باجی چی؟ ئێمە نانمان نییە بیخۆین، لە کوێمان بوو بیدەین بە ئێوە؟

چەمەنداری وتی:

ــ عێلخانی ئەم ڕەوەندە خودی تۆی؟

ــ چی ئەڵێی سەرکار؟ عێلخانی چی؟ من؟ کوانێ عێڵ تا من عێلخانی بم؟ بەم چوار ڕەشماڵە ئەڵێن ڕەوەند؟ نا قوربان گیان، ئێمە تەنها خێزانێکین.

ــ باشە، کەوابوو با بپرسم گەورەی ئەم خێزانە تۆی؟

ــ ئا بەڵێ، ئەویش کاتێک کە باوکم و برا گەورەکەم لێرە نەبن. لێرە کێ ماوە تا من سەرۆکی بم؟ بنەماڵەی ئێمە داری لە سەر بەرد نەماوە و هەر پارچەیەکی بە لایەکدا ئاوارە بووە. مەگەر نابینی ژنمان لە پیاومان زیاترە؟ لە خۆتان نەپرسی شوو و برا و باوکی ئەم ژنانە لە کوێن؟ وڵڵاهی هەر کامە و بۆ دەسخستنی پاروە نانێک وا لە شوێنێک عەرز هەڵئەکەنێ یان وشتر ئەلەوەڕێنێ!

چەمەنداری وتی:

لە لیستەکەدا هاتووە کە دەرزیوەریش هی کەلمیشیەکانە و ئێوە لەوێ کشتوکاڵتان هەیە. ئەی ئەوە چییە؟

گوڵمحەمەد ئەم جارە، بە ڕەقەوە، دای لە قاقای پێکەنین:

ــ کشتوکاڵ؟ گوند؟ خاک و خانووی بەجارێ بۆ حکوومەت. بڵێ با بێن بیکەن بە سەربازخانە. چ کشتوکاڵێک؟ پەنجەکانی ژنەکانمان تۆخی پێوە نەما، بەڵام نەیانتوانی دە مەن گەنمی لێ کۆکەنەوە. ئێوەش شتێک ئەبینن و پێتان وایە هەموو کشتوکاڵێک وەکوو یەکە! ئیوە کشتوکاڵی سەعیدی نەیشاپووریتان لە بەرچاوە، یان بەراوەکانی ئالاجاقی سەبزەواریی، یا ئەم یەحیابادییەی ئەم خوارە؟ ئەمانە لە ئێمە جیان. ئەمانە زەوی ڕەش و ئاوی شیرینیان هەیە. بەڵام دەرزیوەر، چۆڕێک ئاوی هەیە و سێ گردی لم. بارانیش بباریێ عەرزەکەی خراپە و داهاتی نابێ.

چەمەنداری بێدەنگ بوو. گریلی سەیری کرد و وتی:

ــ قسەکانی نا بەجێ نین، تۆ ئەڵێی چی؟ ئەتەوێ ئەم قسانە بکەین بە ڕاپۆرتی سەردان و لێکۆڵینەوە؟

چەمەنداری وتی:

ــ کێ ڕاپۆرتەکە ئیمزا ئەکات؟ دڕک وداڵی بیابان.

ــ ئەی چی ئەکەی؟

ــ خۆی ئەبەین بۆ شار. لەوێ وەڵام بداتەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ من ئەبەن بۆ شار؟ بۆ چی؟ من خۆم سێ ڕۆژ جارێک وام لە شار. کە هاتمە شار خۆم دێم بۆ لاتان.

چەمەنداری وتی:

ــ نەء. ئەو جۆرە هاتن بەدڵخوازە. ئەبێ لەگەڵ ئێمە بێی. شێوازی قانوونیەکەی بەم جۆرەیە.

بڵقیس سفرەکەی هێنا. گوڵمحەمەد سفرەی لە دایکی وەرگرت و دایخست.

بڵقیس بە دەم ڕۆشتنەوە وتی:

ــ خۆت وەرە ئەوانیتر ببە.

گوڵمحەمەد بە دوای دایکیدا چووە دەرەوە و لە پەنای خیوەتەکە خۆی داگرت. گریلی وتی:

ــ پیاو، ئەوەندە نینۆک وشکی مەکە! بۆ نەشتەر لە برینی خەڵک ئەدەی؟ کاتێک ئەڵێ خۆم دێم، ئیتر بۆ ئەیخەیتە گیروگازەوە؟ ئەتەوێ دوو ڕۆژ لە کاری بکەی؟ ئەوەنییە خەریکە لەگەڵمان ڕێک ئەکەوێ، خەریکە چاوپۆشی لە ڕووداوەکە ئەکا، بۆ تیژی ئەکەیتەوە؟

چەمەنداری وتی:

ــ بەس قازانجی خۆت ئەبینی! کە بۆ خۆت لە داوەکە پەڕیتەوە، ئیتر بیر لە هیچ شتیتر ناکەیتەوە! پێت وایە من لێرە نۆکەری بە بێ مز و جیرەی ئەمانەم! کە لەم بەفر و بۆرانەدا خۆم سەرگەردانی بیابان کردبێ؟

ـ ئاخر خۆ هیچیان بە دەستەوە نییە تا دەستی تۆ ڕەنگ بکەن؟ مەگەر نابینی نانیان نییە بیخۆن، ئەتەوێ چی بدەن بە ئێمە؟

ـ تۆ هێشتا زۆر شت نازانی. من چەند کراسم لە تۆ زیاتر دڕاندووە و ئەم خەڵکە باشتر ئەناسم. خەڵکی خێڵاتی بە بێ پاشەکەوت ڕۆژێک هەڵناکات. سەیری ئەو کڕووزانەوەیان مەکە. لە ناو نافەکی شەرواڵەکەیاندا پارەی پشت سەوزیان داشاردووە. ئەوسا تۆ ئەڵێی من چاوم بقووچێنم و سووک و سادە لێرە بڕۆم؟ بەدەستی بەتاڵ؟ ئەو مانگی سەد و چل تمەنە بەشی چیم ئەکات؟

ـ واتە ئەتەوێ نینۆکت چەور بکەی؟ سەری کەچەڵ چۆن تووکی لێ ئەکەیتەوە؟

ـ ئێستە ئەبینی. تۆش زۆر زمان کورتی مەکە؛ لە بەر ئەو شاکارەی کە کردووتە. دڵنیابە، ئەو باسە ئیتر تەواو. خەمت نەبێ.

گوڵمحەمەد بە کەشەفەیەکەوە هاتە ژوورەوە. کەشەفەی لای سفرەکەوە دانا. یەکی قاپێک کەشکاوی لە بەردەمی میوانەکان دانا و بە کڕنۆشەوە وتی:

ـ بە گەورەیی خۆتان بمانبەخشن. لەوە زیاترمان لا دەسناکەوێ.

چەمەنداری و گریلی خزانە بەرەوە و هەر دوویان، ڕەزا و نارەزا. دەستیان کرد بەخواردن. گوڵمحەمەد هەڵسا.

گریلی وتی:

ـ خۆت چی؟ ناخۆی؟

ـ من ئەڕۆم بۆ ئەولا... هێشتا هەیە. نۆشی گیانتان. ئیوە تێر بخۆن. من... من ئەڕۆم لەوێ... لای...

گوڵمحەمەد، پاشەوپاش چووە دەرەوە و بەرەو ڕەشماڵی خانئاپۆ، کە ژنەکان لەوێ خڕببوونەوە، چوو و خامۆش لە

سووچێک دانیشت. ئەیان بینی کابرا داگیراوە و قەڵسە، کەچی کەس نەی ئەوێرا هیچ بڵێت. بەڵام بڵقیس دایک بوو و فرزەند -ئەگەر لە گوڵمحەمەدیش گرنگتر بووایەت- لەو ببوو، بۆیە بڵقیس بێدەنگیەکەی شکاند:

ــ چاویان کە بە قاپەکانی کەشکاوەکە کەوت، دەنگیان لێوە نەهات؟

ــ دەیجا با بڵێن. لەوە باشتر هەبووە و بۆم نەبردوون؟

ــ ئاخر، ئەمانە خۆشخۆرن!

ــ کێ هەیە خۆشخۆر نەبێ؟ مەگەر بەس ئەوانە لە تام و چێژ ئەزانن؟ بێ نینۆکانە! تازە خەریکن نەخشە ئەکێشن بمبەن بۆ شار لەگەڵ خۆیان!

ــ شار؟ شار بۆچی؟

ــ بۆ باج! ئەڵێن ئەبێ بچم بۆ دادگا.

بڵقیس کە هەڵچووبوو، ئارامی گرت و وتی:

ــ لەپڕ تۆقام، وامزانی باسی کیشەکەی چوارگوێشلیەیە. وتم نەکا داویان نابێتەوە.

ــ بۆ شار بردنیشم فڕوفیشاڵە. مناڵ ئەترسێنن. بن ددانیان ئەخورێ. ئەیانەوێ پارەم لێ دەربکێشن. لەو گیرفانەی هیچی تیا نییە! لە پەنای خێوەتەکە گوێم لێگرتن. دزی بێغیرەتانە! باوەڕناکەن دەستمان بەتاڵە. ئەڵێی من ویستوومە ئەوان بە ناو ئەو بەفر و بۆرانەدا بخولێنەوە، مزەکەیان لە من گەرەکە. دەستی کەریان ئەدەمێ بیخەنە بن پشتوێنەکەیان. ژن قەحبانە! ئەسپەکانیان لە کوێیە؟

ــ لەبن چەپەر.

ــ زۆر چاکە. شوێنیان باشە.

وتی و هەڵسا و سەری لە ڕەشماڵەکە بردە دەرەوە و گوێی لە بیابان گرت؛ پاشان کشایەوە ناوەوە و بەفرەکانی لە گوێی و کڵاوەکەی تەکاند و لە ناو ڕەشماڵەکە کەوتە پیاسەکردن و ددان

لە چیرەوە هێنان:

«تاقە باڵم، تاقە باڵم، تف! چۆن ئاوا لەپڕ بێکەس کەوتم. هەر کامیان فڕیوە بۆ لایەک. براکانم والە کوێن؟ خانمحەمەد! بەگمحەمەد! لە کوێن ئێوە؟ ئەمەش خانئاپۆ. ئاخ! خۆ کارەکانی حەسابی نییە. جاری وا هەیە سێ ڕۆژ لە بن ڕەشماڵ لێی ئەخەوێ و سەر لە سەرین هەڵناگرێ. جاری واش هەیە وەکوو دێو تەنوورە ئەکێشێ و لە نێوان زەوی و حەوادا ون ئەبێ. مەدیار! مەدیار، ئەی تۆ لە کوێی؛ مامەیارە؟ تۆ مردوویی؟ تف لە گۆڕت حاجی چوارگوێشلی. چەند مەغبوون بووم لەم مامەڵەیەدا! کەڵە بەرانێکم دا و بزنە پیرێکم کوشت! ئاخخخ... چی ئەکێشم! چی ئەکێشم من! چی ئەبێ بکێشم! کوان کەلمیشیەکان؟ بە قەد کێوێک تەنیام!»

شێرێک لە قەفەسدا. گوڵمحەمەد ئەهات و ئەچوو. قسەکانی لە بن ددانیدا ئەترووکاند، نەرمی ئەکرد و فڕێی ئەدا. ژنەکان لە سووچێکدا خڕببوون و بە بێ ئەوەی چاویان لە گوڵمحەمەد بێ، ئەیان بینی و وشە بە وشەیان ئەبیست. سەرەڕای ئەوەش، هیچکەس، تەنانەت بلقیس، جەربەزەی ئەوەی نەبوو خۆی تێکەڵی بیر و زمانی ئەو بکات. گوڵمحەمەد ئەوە نەبوو هەر بڕوا بە ڕێدا، بەڵکوو لە خۆی ئالابوو و سمی ئەدا لە گیانی خۆی:

«سەیرکە! سەیرکە کارت گەیشتۆتە کوێ، گوڵمحەمەد؟ گوێدرێژ! خەریکن سوارت ئەبن و تۆیش وەکوو ماکەر دەمت داخستووە و قسە ناکەی. گوێت هەڵخستووە چییان پێخۆشە پێتی بڵێن. ماستاو ئەکەی، کڕنۆش ئەبەی، خۆت بچووک ئەکەیتەوە، وەکوو لۆتی بۆیان پێئەکەنی، قەشمەرییان بۆ ئەکەی، لە بەردەمیان دەست ئەنێی بە سینگتەوە و وا ئەجووڵێتەوە، ئەڵێی قەرزی باوکیان لەلاتە. وەکوو بزن هەڵئەهاتن، کەچی تۆ نەتهێشت و ئەوەندە خۆت لە بەر چاویان سووک کرد، ئەوا

خەریکن دوو پشتە سوارت ئەبن. زۆڵی کوڕی زۆڵانە. دایک قەحبانە! ئەوەندە خۆش باوەڕن؟... بڕوایان کردووە؟ ئاخخخ... خاکی بیابان بخۆم و پارەی پشت سەوز بخەمە سەر دەست و پێشکەشی ئێوەی ژن حیزی بکەم؟ ها؟ پێتان وایە کەر قورئانی بەگوێمدا خوێندووە؟ ئەریێ؟»

گوڵمحەمەد لە ڕقیخۆیدا هەردوو دەستی دا بەیەکدا. شەقەی لە پڕی دەستەکانی زیوەری ڕاوەشاند.

گوڵمحەمەد ڕووی تێکرد و وتی:

ــ دەڵە قۆڕ! هەمیشە لە شتێک ئەترسی! تۆ ژنی بیابانی؟ نەء! تۆ ژنی منی؟ نەء! تۆ بۆ کەنیزی لە ماڵی یەکێک لە ئەربابەکان باشی نەک بۆ هاوسەری من. ئەی ئەو گزیچاڕانەمان بۆ چییە؟ بۆ جوانییەکەی؟... بەس ئەزانی ئاژاوە بنێتەوە و فیتنەساز بکەی. قوڕبە سەری ئەو ژنە خێڵاتیەی دەرەقەتی دوو پیاوی برسی نەیەت. یان... ئەتوانی، بەڵام بۆ ئەوەی خۆت لە لای من شیرین بکەی هەڵاتی و هاتی بۆ ناو دەوەنەکە، ها؟ باشە هیچ لە ئارادا بوو یان تۆ... ئاخ دردت لێدا ژن! ئێستە من تەنگەی ئەم نەنگە چۆن هەڵبڕم؟... ئاخ دەستی بێدەنگ. ئای دەستی تەنها! تۆیش کە دەنگت نییە!

جارێکیتر گوڵمەمەد دەستی دا بەیەکا و تفێکی لە عەرزەکە کرد. زیوەر ویستی شتێک بڵێ؛ بەڵام بڵقیس ڕێگەی لێگرت و ویستی خۆی گوڵمحەمەد ئارام بکاتەوە. لەم کاتەدا میوانەکان گوڵمحەمەدیان بانگ کرد. گوڵمحەمەد ڕۆیشت و سەری بردە ژوورەوە. گریلی وتی:

ــ ئەو ئاگرە خۆش بکە. جەنابی چەمەنداری ئێمە هێشتا باش نەشە نەبووە. پاشانیش وەرە دانیشە با مامەڵەکەمان ببڕینەوە.

گوڵمحەمەد «بە سەر چاو»ێکی وت و لای ئاگرەکە چۆکی دادا و نیو سووتەکانی خستە سەریەک، فووی لێکرد و ئاگرەکەی

داگیراندەوە و کەوتە کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخ و نان و سفرەکە و وتی:

ـ هیوادارم بە گەورەیی خۆتان بمانبەخشن. وەڵڵا هیچی ترمان لەلا دەس نەئەکەوت بیکەین بە خۆرشت و بۆتانی بهێنین. کۆتایی ساڵە ئیتر. ئیشەڵڵا لە بەهاردا ئەگەر پێتان کەوتەوە لای ئێمە بۆتانی قەرەبوو ئەکینەوە. ئێستە چیتان پێویستە بۆتانی بهێنم؟

چەمەنداری پەنجەی بە پووک و بن ددانەکانیدا هێنا، تفەکەی قووت دا و وتی:

ـ چا... چا خۆ دەسناکەوێ. لەو ڕیش بزنەکەی خۆتان دوو پیاڵە ساز بکە. پاشانیش، هیچ ئیتر. تاڵیش دایکت وتی لە لاتان دەسناکەوێ. من خۆم هەمە. تۆ بەس یەک دوو پیاڵە ئاوی کولاوتوومان بۆ بهێنە. پاشانیش وەرە دانیشە، با بزانین بەچ شێوەیەک ئەتەوێ لەگەڵ ئێمە ڕێکەوی. حەز ئەکەی هەر لێرە تەواوی بکەین یان پێت خۆشە بێی بۆ سەبزاوەر و لە دادگا وەڵام بدەیتەوە؟ جارێ ئەو سفرە و قاپانە ببە، پاشان کە هاتیتەوە قسە ئەکەین.

گوڵمحەمەد وتی «بە سەر چاو» و چووە دەرەوە. ماراڵ، سفرە و قاپەکانی لێوەرگرت و داینا. بڵقیس سفرەکەی کردەوە، قەراخە نانەکانی جیاکردەوە و هەر کەسە و قەراخێکی دایێ. گوڵمحەمەد بەشی خۆی وەرنەگرت، وتی:

ـ داینێ بۆ باوکم. بڕێک لەو گیایەم بۆ بێنە بۆیان لێنێم. ئێوەش خۆتان کڕ بکەن، سەر بنێنەوە و بخەون ئیتر. ئەمانە جارێ لەگەڵ من قسەیان زۆرە.

بڵقیس مشتێک گیای وشکی خستە ناو دەستی کوڕەکەی، سەیری ڕۆیشتنەکەی کرد و گەڕایەوە ناو ژنەکان. پڵیتەی فانۆسەکەی داکێشا و وتی:

ـ هەر کەس ئەیەوێ، بخەوێ بۆ خۆی.

ژنەکان هەروا خامۆش بوون، دانیشتبوون و چیچکانیان کردبوو. هیچکامیان هیچی نەوت. هەیڤۆ، بە چیلکەیەک ئاگرەکەی خۆش کرد. ماراڵ تۆزێک کشایەوە و خۆی کۆکردەوە. زیوەر لە سەر جێی خۆی وشک ببوو. سەری نابوویە سەر چۆکی و چاوی بڕیبوویە خۆڵی ئاگرەکە. زیوەر سەرەڕای ئەوەی لە ناوەوە ئەکولا، بەڵام نیگا تیژ و ئاگراوییەکەی بڵقیسی بە ناوچاوی خۆیەوە هەست پێ ئەکرد، بڵقیس خۆحەن بەرەو ڕووی چوو و وتی:

ــ ئا، بۆچی سەری مەرگت نانێتەوە و بخەوی؟ قڕەکەت سازکردووە، ئاگرەکەت داگیراندووە، ئیتر نیگەرانی چیت؟ ئەتەوێ گڕەکەی سەیر بکەی؟

زیوەر هیچی نەوت. سەری هەڵێنا، سەیری دایکی گوڵمحەمەدی کرد، چەناگەی نایەوە سەر ئاوێنەی ئەژنۆی و بە ئارامی وتی:

ــ ئەستێرەی بەختی من بچوایەتە قەبرەوە باش بوو!

بڵقیس وتی:

ــ ئەستێرەی بەختی تۆ نا، لەشی من لە قەبر بنرایە باش بوو بۆ ئەوەی لەم هەموو پەرێشانیە ئاسوودە ببوایەتم! بەردەوام لە زەوی و ئاسمانەوە غەم و پەژارەم لێ ئەبارێ. دەم بە دەم! نەئەکرا تۆ ئەم هەواڵە خۆشە نەدەی بە گوڵمحەمەد؟ ویستت خۆت لە لای خۆشەویست بکەی؟ کە کوڕەکەم بەو جۆرە بشەڵەژێنی و پەرێشانی بکەی؟ ئێستە ئەو چۆن سوکنایی دێ؟ وای لێهاتووە ئەڵێی بە پێی پەتی بە سەر پۆڵووی ئاگردا ئەڕوا بەڕێدا. ئۆقرەی لە بەر بڕاوە، ناوتەتە سەر ئاگر. ئێستا من چۆن خاوی بکەمەوە؟ خوێت کردووە بە سەر برینەکەیدا تۆ! باج بگیری دیوان. باج بگیری دیوان؟

زیوەر لە ئەنجامدا خۆی پێڕانەگیرا و دەمی کردەوە:

ــ بە خواوەندی خوا سوێند بێ مەبەستم ئەوە نەبوو

گوڵمحەمەد بشلەژێنم. ئاخر من چیم پێ ئەکرا؟ ڕەنگیشە کابرا مەبەستێکی نەبوو، بەڵام من هەوڵ بووم. ترسام! تۆ ئەڵێی هەروا لەوێ بوایەتم؟ ڕاوەستم کابرا بێت و... ئەوسا شووەکەم سەری نەئەبڕیم؟ باری ئەو ڕیسواییەم بۆ کوێ ببردایەت ئەوکاتە؟ ئێوە، ئێوە خۆتان چی؟ بەو نەنگەوە چیتان ئەکرد؟ گوناحی من چییە ئەگەر خۆم هاوێشتۆتە بن باڵی مێردەکەم؟ ئەی من ڕووم لەکێ بکردایەت؟

ـ باشە تۆ بۆ بەتاقی تەنها لێرە مایتەوە؟ بۆ لەگەڵ پیاوەکەت نارۆیت و چوار چڵ دار و چیلکە کۆکەیتەوە؟ خۆت داوە لە نەخۆشی! پێت وایە من منالی دوێنێم، یان ئەو شتانەم نەدیوە کە باوەڕ بە تۆ بکەم؟ تۆ لە بەخێڵی خۆتدا، لەوەی کە ئێرەیی بەم برازایەی من ئەبەی ناتوانی چوار هەنگاو لەگەڵی بڕۆی؛ ئەترسی لەداخا بتەقیت!

زیوەر وەڵامی نەدایەوە. ئەتوت هەناسەی سوار بووە. یان دەنگی لە گەرووی‌دا خنکێنراوە. حەقی ئەوەی بە خۆی نەئەدا دەم بکاتەوە. خۆی بەزەلیل و سووک ئەهاتە بەرچاو. سەگی گەڕ و بەرەڵڵاش هەر بەو جۆرە لێی ئەدرێ. سەگ نووزەیەک ئەکا، کلکی ئەخاتە ناوگەڵیەوە، هەڵدێت و لە پەنای کەلاوەیەکدا خۆی ون ئەکات. بەڵام زیوەر وای نەکرد. هەروا لە سەر جێگەی خۆی دانیشتبوو، ببوو بە بەرد. هیچی نەئەوت. هیچی نەوت. ئەوانی کەش هیچیان نەئەوت. ماراڵ خامۆش و داگیراو بوو. هەیڤۆ سەری داخستبوو و بڵقیس نینۆکی لە نینۆک چەقاندبوو و وەکوو دووپشک خۆی ئەگەست.

بڵقیس، گیرۆدەی نیگەرانیەکەی خۆی سەری لە ڕەشماڵ بردە دەرەوە و چاوەڕوانی گوڵمحەمەدی کرد. حەزی ئەکرد بزانێ لەوێ، لە ژێر ئەو ڕەشماڵە چی ڕوو ئەدا، پیاوەکان چی بە کوڕەکەی ئەڵێن. گوڵمحەمەد چ وەڵامێکیان ئەداتەوە؟ دڵی بڵقیس ئەلەرزی. نەکا گوڵمحەمەد لێیان وەرگەڕێ! نابێ دەم

بنێته دەمی پیاوی حکوومەت و وەڵامیان بداتەوە؟ بەڵایە. ئەبێ لە کۆڵی بکەنەوە. وەک مانگ گرتنە و قات و قڕی و وشکە ساڵی. ئەبێ لەگەڵی هەڵکەن و لە یەکەم دەرفەتدا خۆیان لەچنگی دەرباز بکەن. ئەم تاقە شەوە گوڵمحەمەد ئەبی ئارام بێ و بە بێ زمان لەگەڵیان بگونجێ. ئەبێ خۆی ڕاگرێ. نەکا تووڕە ببێ و لێیان وەرگەڕێ!

دڵ لە سینەی بڵقیسدا زرمەی ئەهات. بە ئارامی چووە دەرەوە و بە ئەسپایی بەرەو ڕەشماڵەکە چوو. لەوێ، خۆی مەڵاس دا و گوێی ڕاگرت. گفتوگۆکە هێواش و لەسەرخۆ بوو. یەکیان ئەیوت و پاش ساتێک ئەوی تریان داوای وەڵامی لە گوڵمحەمەد ئەکرد.

گوڵمحەمەد تفی قووت ئەدا، بە دڕدۆنگیەوە منجەمنجێکی ئەکرد و پچڕپچڕ ئەیوت:

«نە قوربان. بەخوای بانی سەر، کە ئێوەش باوەڕتان پێی هەیە پێم هەڵنا سووڕێ. دەستم بەتاڵە. درۆتان لەگەڵ ناکەم!»

جارێکیتر پرس و جۆ و جاریکیتر پاڕانەوەی گوڵمحەمەد:

«خۆتان لێکی بدەنەوە! بزانن بەو بار و دۆخەی بە سەر ئێمەدا هاتووە، هیچمان بە دەستەوە ئەمێنێ؟ نیمانە. قورئان بهێنە دەستی پیا بدەم و سوێندتان بۆ بخۆم کە نیمە. گوارەکانی ژنەکەم بە بارمتە داناوە و بە پارەکەی گوریس و پێمەڕەم کڕیوە. باوەڕ ناکەن، بپرسن!»

جەخت کردن و بەرپەرچ دانەوە:

«خۆت ئەزانی هەویر بە بێ هەوێن هەڵنایەت، گوڵمحەمەد خان. ئەوە خۆ نابێ، ئێمە بەدەستی بەتاڵ لێرە بڕۆین. چۆن وەڵام بدەینەوە؟ خۆت زەرابی ئەناسی؟ ئێمە پێی بڵێین واهات و واچوو، پێت وایە ئەو باوەڕمان پێئەکا؟ باوەڕ ئەکا؟ خۆ لە هەقی خۆی لانادا! هەرچی چۆن بێ دەستی ئەبێ بە خەنەیەک ڕەنگ بکرێ، جائیتر خۆت ئەزانی!»

«ئێوە ئەزانن.»

«ئێمە ناچارین تۆ لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ شار. بەدەست ئێمە نییە. خۆت ئەبینی. ناچارین، بەڵام ئەوەش بزانە زۆر خراپ ئەبێ بۆت. ناچارم ئەکەی پێت بڵێم قڕەکەی چوارگوێشلی هێشتا نەبڕاوەتەوە. کوڕی حاجی حسێن سکاڵاکەی خۆی وەرگرتۆتەوە، بەڵام قانوون هی خۆی وەرنەگرتۆتەوە.»

وەڵامێک لە لایەن گوڵمحەمەدەوە بەر گوێی بڵقیس نەکەوت. نەکا، خۆی دۆڕاندبێ: نەکا، نەکا وەئەستۆی گرتبێ! سەیر ئەکەی ئەمانە چییان بە ناوچەوانەوەیە؟

«ئەخەوین. وەرە جێگەمان بۆ ڕاخە!»

«بە سەر چاو.»

گوڵمحەمەد هاتە دەرەوە و بەرەو ڕەشماڵەکەی خانئاپۆ چوو. لە ناو بەفرە باریوەکەدا گوڵمحەمەد لە پڵینگ ئەچوو. بڵقیس، سێبەرێکی پەرێشان، بە دوای کوڕەکەیدا ڕۆیشت و بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە قۆڵی گرت و گوڵمحەمەد دەسبەجێ وەرگەڕا:

ــ ئا؟

بڵقیس بردییە لایەکەوە، ڕایگرت و بە کپی وتی:

ــ قسەکانیانم بیست، کارێک بکە نەتبەن بۆ شار. داویان بۆ ناویتەتەوە. نەقڵی باج نییە. بۆ مەسەلەی شەڕەکە ئەیانەوێ بتبەن بۆ شار. کارێک بکە. شتێک بکە!

ــ چیم لەدەس دێ؟ دەستم بەتاڵە؛ کیسەم بەتاڵە!

گوڵمحەمەد، بە ئارامی بە لای بڵقیسدا تێپەڕی و چووە ڕەشماڵەکەی خانئاپۆوە. پاش تاوێک بە قاڵیچەیەکی لوولەکراو، جاجم، لێفە و دوو باڵنجەوە هاتە دەرەوە و لە بەر خۆیەوە وتی:

«ئەمەش لە بەر ئەوەی خوانە خواستە سەرمایان نەبێ!»

بڵقیس خۆی گەیاندە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ سەیرکە کوڕم! بڕۆ قسەیان لەگەڵ بکە. پێیان بڵێ من... ملوانکەیەکی زیوم هەیە. بۆم ماوەتەوە. کۆنە، زۆر کۆنە. باوکت

سەردەمی دەزگیرانی پێی دام. تا ئێستە ڕام گرتووە. بە دەرەک! ئەیخەمە ناو ئاگر. چش با بکەوێتە دەس ئەم گورگانە. نامەوێ ڕاکێشت بکەن بۆ شار. برۆ قسەیان لەگەڵ بکە. برۆ ڕازییان بکە. لە بەر ئێمە تۆ هیچ مەڵێ. نامەوێ تۆمان لەدەس دەربهێنن، نامەوێ. حەز ئەکەی خۆم بێم و پێیان بڵێم؟ ها؟

ــ نەء. نەء!

ئەمەی، گوڵمحەمەد بە دوو دڵیەوە وت و دایکی لادا و بەرەو ڕەشماڵی میوانەکان چوو. بڵقیس دیسانەوە چووە پەنای ڕەشماڵەکە و گوێی ڕاگرت. دەنگیان لێوە نەئەهات. وا پێئەچوو گوڵمحەمەد خەریکە جێگەیان بۆ ڕا ئەخات. بەس ئەمە. بڵقیس لە بەر خۆیەوە وتی:

«ئەبێ تۆزێ لای سەرەوە جێگەیان بۆ ڕاخات، نەکا لۆی لێفەکە بکەوێتە ناو ئاگرەکە.»

گوڵمحەمەد، گوایە جێگەی بۆ ڕاخستبوون. چونکە بڵقیس دەنگی ملکەچانەی کوڕەکەی بیست کە ئەی پرسی:

«فرمانێکی ترتان نییە؟»

«ئاو. زەرکێک ئاو بێنە. ئەو کەشکە کولاوە ئاوی ئەوێ.»

«بە سەر چاو.»

گوڵمحەمەد هاتە دەرەوە و پاش تاوێک بە جەڕەیەک ئاوەوە گەڕایەوە بۆ لایان، جەڕەکەی لە نێوان دوو بەرد دا دانا. میوانەکان جلەکانی سەرەوەیان داکەندبوو و لای سەریان دایاننابوو. چەمەنداری خزابوویە بن پێخەف و وەنەوزی ئەدا. بەڵام گریلی لە سەر جیگەکەی دانیشتبوو و خەریک بوو مەچەک بەندەکەی ئەکردەوە. گریلی سەری بەرزەوە نەئەکرد تا سەیری گوڵمحەمەد بکات. پرکێشی نەئەکرد. سەرەڕای ئەوەش گوڵمحەمەد هەروا وەستابوو و سەیری ئەکرد. گریلی مەچەک بەندەکانی خستە بن باڵنجەکەی و بە بێ ئەوەی سەیری گوڵمحەمەد بکات، وتی:

ــ ئیتر کارمان نییە. لێرە وەستاوی کەچی؟ بانگت ئەکەم

ئەگەر کارم هەبوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ـ باڵی ڕەشماڵەکە دائەدەمەوە نەکا دڕەندەیەک، دەعبایەک خۆی بکات بە ژوورا. بیابانە ئیتر. بەفر و قات و قڕییە. ئێرەش گورگ و چەقەڵی زۆرە.

گریلی خزایە بن لێفە، دەستی ڕاکێشا و فانۆسەکەی کزکرد و پاشان قایشی تفەنگەکەی بە سەری پەنجە گرت و ڕای کێشایە لای خۆیەوە، هێنایە بن جێگەکە و لە لای خۆیەوە خەواندی، بەڵام تفەنگەکەی چەمەنداری هەروا لەسەرجێ بوو هەڵپەسێرابوو بە باوەڵەکەوە و لوولەی پۆڵای لە بەر تریفەی کزی فانۆسەکەدا بە ئەسپایی ئەبریسکایەوە. کاتێکە پاشەو پاش لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە، بریسکانەوەی نەرمی تفەنگەکە لە گلێنەی چاوەکانی گوڵمحەمەددا بوو. لە دەرەوە، گوڵمحەمەد باڵی ڕەشماڵەکەی دادایەوە، یەک دوو تاڵ لە قەیتانەکانی گرێدا و بەرەو ڕەشماڵی خۆی چوو. ژنەکان هەر کامە و لە سووچێکدا، ئەژنۆی لکاندبوو بە سینگیەوە، خڕببۆوە، پێخەفێکی دابوو بە خۆی دا و سەری نابوویەوە. خەوتنی بە زۆر. تەنها بڵقیس لە لای کوانووە بێ ئاگرەکە دانیشتبوو و لە خەیاڵی خۆیدا ونبوو. گوڵمحەمەد چووە پێشەوە و بەرامبەر دایکی دانیشت. بە پەنجە خۆڵەمێشەکەی شێواند، بڵقیس سەیری کوڕەکەی کرد و پاش ساتێک بێدەنگی وتی:

ـ قەڵسی! دڕکت لە چاودایە. مەگەر نەموت ڕازییان بکە نەتبەن بۆ شار؟ من ئەم ملوانکەیەم بۆ چییە؟ ئەیدەم بەوان!

نیگای گوڵمحەمەد لە سەر دەستەکانی دایکی چەقی و هاتەوە بیری. زوو، ساڵانی زۆر دوور، ئەو ملوانکەیەی لە ملی دایکی خۆیدا بینیبوو. ملوانکەکەی لە سەر دەستی دایکی هەڵگرت، لە بن تیشکی زەردی لامپاکە ڕایگرت و بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ سەیرێکی مارالی کرد و دەسبەجێ ملوانکەکەی

خستەوە ناو دەستە گەورەکانی بلْقیس و وتی:
ــ ڕایگرە. لەمەش دەستەنگتر ئەبین.
بلْقیس سەیری ملوانکەکەی خۆی کرد و لە بەر خۆیەوە وتی:
ــ نرخی چییە؟ هەزار دانەی بە قوربانی تالْە موویەکی کوڕەکەم بێ.
گولْمحەمەد سۆزەکەی دایکی ڕەچاو نەکرد و وتی:
ــ بۆ ناخەوی تۆ؟
بلْقیس لە وەلاّمدا سەیری کرد. نیگەرانی لە چاوەکانیدا هێلانەی کردبوو. گولْمحەمەد پێی وت:
ــ مەترسی نییە. بخەوە بۆ خۆت. بۆ شاریشم ئەبەن، با بمبەن، چیم لێ ئەکەن؟ ئەم قسانە لەوێش ئەکەم، خۆ لالْ نیم. سەربازییە کردوومە. ئەفسەر و سەرهەنگە زۆرم دیوە و چی بپرسن وەلاّمیان ئەدەمەوە.
بلْقیس وتی:
ــ خۆت لە سەر چی ئەخەوی؟ هەرچی هەبوو بردت بۆ ئەوان!
گولْمحەمەد وتی:
ــ چۆخەکەم هەیە. ئەیدەم بە خۆمدا و ئەخەوم. تۆ بخەوە ئیتر. بخەوە بۆ ئەوەی بتوانی بەیانی زوو لەخەو ڕابی.
لەوە زیاتر، بلْقیس سەری نەخستە سەر کوڕەکەی. هەلْسا و چووە سووچێکی ڕەشمالْەکە. خزایە بن جێگەکەی هەیڤۆ. سەری خستە سەر سەرین و هەولْیدا پێلْووەکانی لێک نێ.
ئەمجارە تەنها نەخەوتووی بن خێوەتەکەی خانئاپۆ، گولْمحەمەد بوو. ژنەکان، ڕازی و ناڕازیی، هەر کامە و خزابوویە سووچێکەوە، سەری خستبوویە سەر عەرز و پێلْووەکانی لێک نابوو. بەلاّم نەرمەناسەی کەس نەئەبیسرا. نەرمەناسە دەنگێکی جیاوازی هەیە، دەربازبوونی هەناسەیە بە نەرمی و ئاسوودەیی. نەک هەناسە دانێکی، دڕدۆنگانە و بەخۆف و بوغزەوە. هەمیش هەلْدانی هەناسە نەبوو وەکوو ئۆف و ئاخ یان دانە دەرەوەی غەم

هەناسە. نەرمەناسەی ئاسوودە لە هیچ سووچێکەوە نەئەهات. هەموویان، ئەتوت لە گرێیەکی غەم و پەرێشانیدا، خۆی بە ئارامی ڕاگرتووە. هەموویان لە ئارامیەکی درۆییندا ئەتلانەوە. تا ئەو ڕادەیەی ئەتوت هەناسەکانی خۆیان ئەخۆنەوە، ئەجۆنەوە. ئازاد نەبوون. نینۆکی پشیلەیەک لە سەر توێکڵی گوێز.

گوڵمحەمەد ئەمەی هەست پێ ئەکرد. بەڵام پێی باشتربوو وابێ. خامۆش و لەدەنگ کەوتوو. نە شەو بێدار و دڵ لە دڵ. ژنان، بچووکترینیشیان ئاژاوەچین. کەوابوو لەم شەوەدا، لەم تایبەتە شەوەدا نابێ ڕێگەیان بدرێ. ئەبێ دەمکوت بکرێن. دەمبێنێکی تووڕەیی. کاتی میهری جوامێرانە نییە. بلا زیزبن، بەڵام خامۆش. ئەمە چاترە، نیگایەکی شەپۆل شەپۆلی لەشە خەوتووەکانیان، پاشان گوڵمحەمەد پڵیتەی فانۆسەکەی داکێشا، دەستی برد و چارشێوێک -سفرەی وشترەکە-ی لە بن خێوەتەکە هەڵگرت، دوو لۆی کرد و دای بە شانیدا و ئارام، لە سەر پێ ڕاست بوویەوە بەرەو دەریزانەکە چوو. شتێک، هێزێک لە ناخەوە پێی ئەوت بگەڕێتەوە و سەیری پشت سەری خۆی بکات. ئاوڕی دایەوە. لەپڕ و گورجوگۆڵ ئاوڕی دایەوە. بڵقیس بوو، سەری لە سەر سەرین هەڵهێنابوو و سەیری گوڵمحەمەدی ئەکرد. قسەی نەئەکرد، بەڵام پرسیارێک لە نیگایدا چەقیبوو:

«بۆ کوێ ئەچیێ؟»

گوڵمحەمەد سەرێکی لەقاند، واتە بزانە:

«بۆ دوور ناچم»

ئیتر نەوەستا. چووە دەرەوە. بڵقیس قیتەوە بوو وسەیری هەنگاوەکانی کوڕەکەی کرد. گوڵمحەمەد زۆر دوور نەکەوتەوە. تۆزێ لەولاتری خێوەتەکە وەستا. بڵقیس ئەیتوانی چوارخانەی لێڵی سفرەی وشترەکە بە سەر شانی گوڵمحەمەدە ببینێ و جووڵەی دەستەکانی لە بەفرەکەدا هەست پێبکا. ناچار، جارێکی دی لە سەر لا ڕاکشا.

بڕنەو و بەفر و شەو
گومان و گورگ و بیابان
ژن و پەز و ئەسپ.
دار و وشتر و شار.
بەفر و بیابان و بڕنەو.
گورگ و نان و نمەک.
شەو و لاڕێ و خۆف.
بەفر و ئەسپ.
بیابان و وشتر.
وشتر و هەڵاتن.
ژن و پەز و ئەسپ.
بەفر و بیابان و بڕنەو.

شەڕێک لە دەروونی گوڵمحەمەد دا بەرپا ببوو. کەڵکەڵە. بریسکەی لوولەی تفەنگەکە. فڕیوی گومان. گوشاری ویستن، ناڕەوایی. نەداریی و توانایی. برینی گیان. چزووی سەرکزیی. وەڕەزبوون، سووکی. ئای پیاوی خێڵاتی، پیاوی خێڵاتی! دنیات چەند لا ئازیزە. عاشقی هەموو دنیایت و لەم ناوەدا لە بەر پێی سێ بت دا کڕنۆش ئەبەی و سەر دائەنێی. تفەنگ و ژن و ئەسپ. نیگای ژن و بریسکەی تفەنگ و نەرمە غاری ئەسپ، لەلات جێی ستایشن:

بڕنەو، ماراڵ، شەوە!

بە بینینیان لەخۆت ئەبیتەوە کابرای خێڵاتی. شەوق و کێشەر ڕات ئەکێشێ. دڵت دائەچڵەکێ و توندتر لێئەدا. بیرت پەرێشان ئەبێ. ئۆقرەت لە بەر ئەبڕێ، ئەی یەخسیری توانایی. گیرۆدەی لەز و هەرای شەوانە. سەمای سەر ئەسپت لە لاخۆشە، ئەگەر تفەنگێکت بە دەستەوە و ڕایوەشێنی. پەنایەکی ئاسوودە، تەنها ساتێک حەسانەوە لە ناونیگای ماراڵدا؛ پاشان دەرپەڕین و غاردان.

پەنجە بۆ چرکاندنی پیلکە، دڵنیایی ئەویٚ. ئای... پیاوی خێڵاتی نەکا شەیتان چۆتە ژێر پێستتەوە؟ چونکە بەس شەیتان ئەتوانیٚ حەز و خۆزگەت بهەژێنیٚ. حەز و خۆزگەی هەراساوی. دڵەڕاوکەی تامەزرۆی ویستن. ئارام بگرە، پیاو! مێرمنداڵێکی شازدە ساڵانی مەگەر تۆ؟ ئارام بگرە و خامۆش بە. شەو درێژە و بەفر لە بارینی بەردەوامە. دەستە سپیەکانی بەفر ئەبینی، بە خولانەوە و لەخۆ بڕاو چەند بە شەڵەژاوی لێک ئەئاڵێن و ئەدرەوشێنەوە و تا نیشتنەوەیان بە بیٚ ئوقرە سەما ئەکەن؟ ئارام بگرە. خۆ تۆ دەنکی ئەو بەفرانە نیت. هەی! پەنا بگرە. لە سەر شانت بەقەد بەندی پەنجەیەک بەفر کەوتۆتەوە. پەنایەک بۆ خۆت بدۆزەرەوە!

«ئەریٚ خۆ وایە!»

باڵەکانی چارشێوەکەی ڕاوەشاند و بەفری لە سەرشانی تەکاند و لە نێوان دەریزانی خێوەتەکە، ئەوەندەی کە بەفر نەباری بە سەر سەر و قژیا، چیچکانی کرد و بە بیٚ ئەوەی خۆشی بیەویٚ چاوی بڕییە، ڕەشماڵی پیاوە بێگانەکان.

گورگی ناو بۆسە!

بەڵام... ئەی گوڵمحەمەد! ڕاستەکەیم لەگەڵ بڵیٚ چیت بە سەر هاتووە وا دردۆنگ و داگیراوی؟ لە بەر چییە. ئەم خەیاڵە، کەڵکەڵەیە -وەکوو ژەهری ناوخۆین- بەگیانتدا هەڵگەڕاوە و هۆشی لیٚ ئەستاندووی؟ لە بەر چی وا جاڕس بوویت؟ لە کامە ئازار؟ بۆکام داخوازیی؟ ڕاستیم پیٚ بڵیٚ پیاو! لەوە هەڵچوویت نامەحرەم -ڕەنگە- دەستی بۆ ژنەکەت درێژ کردبیٚ؟ لە بەر ئەمەیە؟ یان ناڵی بن پۆستاڵ لە سەر شارەگت هەست پیٚ ئەکەی؟ بۆچی دڵتەنگی؟ بەهۆی برینی کۆنەی شانەکانت لە ژێر زەبری مامزەدا وەزاڵە هاتوویت؟ یان لەو حوکمەی بە سەرتدا ئەسپێنریٚ. دەست تەنگیت نەبۆتە هۆی دڵتەنگیت؟ ژەهری هەژاریی ئازارت ئەدا یان برینی ویژدان؟ هۆی سەرکزیت بەچی ئەزانی؟ دەست و کیسەی بەتاڵت یان ئەو دژوێنەی پێت ڕەوا بینراوە؟ لە شەرمان یان لە

تووڕەیی ڕنج ئەکێشی؟ یان ئەمانە هیچیان نییە! یان ئەم هەمووە بیانووە و بریسکانەوەی لوولەی تفەنگ و پەڵەی سپی گوێی ئەسپەکان هەڵیانفریواندوویت؟ تەماحی سەرەنێزەکان گرتوتی یان وەڵامی دڵێشانەکەی خۆت ئەدەیتەوە؟ بە چ مەبەستێک ئەتەوێ ئەو دوو پەڵە ڕەشە لە پانتایی بەرینی ئەم شەوە سپیە بسڕییەوە؟ ڕاستەکەی بڵێ، گوڵمحەمەد! بێژە بزانم ئەوە چییە هانی داوی؟ مەگەر ئەوە تۆ نیت کە لە ڕژدی خوا و دەشتی خوا و پەز و پاتاڵ وەڕەز بوویت؟ لە بەر ئەوە نییە لۆخەندان بەڕێ پیشاندەر ئەزانی؟ نەکەوتوویتەتە ناو داوی فریویەوە؟ پێم بڵێ پیاو! زیوەر، تەنها بەهانەیە؟ ئەگەر وابێ، ئەهێنێ خۆی بۆ بدەی بە ئاگردا؟ بۆچ ناتوانی دامرکێیتەوە؟ ئەمانە لەجێی خۆی، لەوە ئەترسی ڕاکێشت کەن بۆ شار؟ لە حەپس ئەترسی؟ لە قولاپی دیوارە تەنگەکان؟ کوشتاری چوارگوێشلی! تۆ مرۆڤت کوشتووە گوڵمحەمەد! وا جارێکی تریش، پۆی ئەو ڕووداوە بە تانی خەیاڵ ئەچنی. ئەزانی؟ ئەمە ئەزانی؟ بە من بڵێ! بە من بڵێ گیانت بۆچی شەڵەژاوە؟

«نازانم پیاو! نازانم. بۆ لێم ناگەڕێی!»

«لەبەر ئەوەی کە تۆ لێم ناگەڕێی!»

«چکارت بە منە؟»

«هەمان کار کە تۆ بە منت هەیە!»

«لێم گەڕێ. من کارم بە تۆ نییە، پیاو!»

«من کارم پێتە. زۆرم کار پێتە، گوڵمحەمەد!»

وەک بڵێی دەنگی بێگانەیەکێ بیستبێ، گوڵمحەمەد لەپڕ ڕابوو، لۆکانی مەوجەکەی توند ڕاگرت و وەک دایکی وشک، لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە وەستا. چ شەوێک بوو ئەمشەو؟ بەفر، چەند بەگوڕ و یەکباو ئەبارێ. دەنگ، هیچ دەنگێک لە شەوەوە نەئەبیسرا. لە قولایی شەودا تۆ بڵێی هیچ ڕووی نەئەدا؟ خەڵکانی پەڕاگەندەی ناو دەشتەکان و ئاواییەکان ئایە

هەموویان نووستبوون؟ ئەی گورگەکان؟ چاوەڕوانی وەستانەوەی بەفر بارین، لە ڕەبەتەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو؟ شەو بڵێی تەنها بە سەر گوڵمحەمەددا، ئەباری؟ بەس ئەو چاوی چاوەڕوانی ئەینواڕییە شەو؟ دڵ لە سینەیدا ئەلەرزی! چەند ئەتوانێ پشت بە چالاکی و گورجوگۆڵی خۆی ببەستێ؟ چۆن دەس پێ بکات؟ ژنەکان خەبەر بکاتەوە؟ هەموویان؟ نایکەن بە شین و شەپۆڕ؟ دوانیان بەسە، دایکی و یەکی دی. ماراڵ یان زیوەر. ڕەنگە زیوەر. بەڵام خۆزگە پیاوێکی تریش بوایەت. سەبرخان، لانیکەم. یان هەر نەبێ کەلمیشی. بەڵام نەء! کەلمیشی ئەگەر بوایە ڕەنگە نەی هێشتایەت. باشتر وایە ئەو لای وشتر و هێزمەکان لە چەپەر بێ.

ئەی خانئاپۆ؟

دەنگی سمی ئەسپەکەی هات، سمی ماندوو لە سەر بەفر. کرمەی نەرم. ئەسپ و سوار، تەماڵێکن. تارماییەکی وەکوو دوومان، دەرکەوت. تەنوورەیەکی ڕەشباو لە ناو بارینی بە پێچ و لوولی بەفردا. چەماوە بە سەر ئەسپە بۆرەکەیدا، سەر لە بن کەپەنک، لە پانتایی بیابان و بەفرەوە ئەهات. ئەبێ زۆر شەکەت و ماندوو بێ. ئەهات، بڕێکی تر و لەشی قورسی لە سەر ئەسپەکە خستە خوارەوە و بەفری سەر شانی تەکاند و شەڵتەی لە تەرکبەندی ئەسپەکە داگرتە خوارەوە.

بە کۆکەیەکی کورت، گوڵمحەمەد لە پەنای ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە و بەر لەوەی خانئاپۆ دەنگی گڕ و زەڵاڵی بەرزکاتەوە، گوڵمحەمەد بە پەنجە لە سەر لێوی خامۆشی کرد. پاشان بە نووکی پێ چوو بۆ لای. شەڵتەی لەدەس وەرگرت و تێی گەیاند بە دوایدا بچێت بۆ ڕەشماڵی سەبرخان.

خانئاپۆ ئەسپەکەی بردە لایەکەوە. دەسکەوسارەکەی بەست بەئەستوندەکی خێوەتەکە و خۆی چووە ژوورەوە. بەرامبەر گوڵمحەمەد چۆکی دادا و چاوی بڕییە ڕوخساری شەڵەژاو و پەرێشانی.

گوڵمحەمەد، بە ئاشکرا نیگەران بوو. ئەوەی لە دڵیدا خەملاندبووی، لە چاوی ئەوانی دیدا ئەیبینی. هەستی پێ ئەکرد. هەموان، ئەتوت ئاگادارن، چی لە دەروونی ئەودا تێئەپەڕێ. هەمووان، پێ ئەچوو لەگەڵ مەبەستەکەی ئاشنان. بۆیەش بوو، گوڵمەمەد لە دەروونەوە شەڵەژابوو، تووشی جۆرێک شپرزەیی ببوو. ئەیویست بە زووترین کات کۆتایی بە کارەکە بهێنێ، لەم کاتەدا، خانئاپۆ، فریادڕەس بوو. یاوەری بەکات بوو. چەند بەجێ گەیشتبوو. چەند بەکات! بەڵام چۆن ئەکرا و چۆن ئەبوا لەگەڵی بدوێ؟

پەڕی بەفر، لە سەر برۆ زبر و ماش و برینجیەکەی خانئاپۆ، هێشتاش نەتوابوویەوە. بێخەوی و ماندوێتی، گنجی لاسیلەی چاوەکانی قووڵتر کردبوو و وادیاربوو پێستی چەرم ئاسای گۆنای قاش قاش کراوە. لێوە گۆشتن و سوورقەندەکەی لە سەرمان شین هەڵگەڕابوون. پەنجە ئەستوورەکانی تەزیبوون و چوارچنگ مابوونەوە و خانئاپۆ وەک کوڵەوژ بە ناو خۆڵەمێشەکەدا ڕای ئەدا، بەو هیوایەی نەرم ببنەوە. ناو چاوەکانی پەڵەی سووری تێکەوتبوو و لەئەنجامی کرێوەی با و بەفر، ئاوێکی ڕوون بە سووچی چاوەکانیا شۆڕ ببوونەوە. وەک چاوەکانی ئەسپ کە لە ناو ڕێ و سەرمای شەوانەدا، چاوی ئاورێژ ئەبێ. ڕیشی زۆر ببوو. گوڵە سپیەکانی زیاتر خۆیای ئەکرد. شێلگیری کاری خۆی. ڕەنجی گیرۆدە بوونی بە خۆی ڕەوا بینیبوو ئەم گورگە تاقانەی بیابان.

گوڵمحەمەد پارچە نان ساجیەکەی بۆ هێنا. بەشەکەی کەلمیشی. خانئاپۆ نانەکەی لە برازا وەرگرت و بردی بۆ ددانە گەورە و سپیەکانی. پاشان، دەستی برد و شەڵتەکەی ڕاکێشا، پووشێک خورمای لە شەڵتەکە دەرهێنا، سووچێکی بەچنگ هەڵدڕی و پەنجە بەهێزەکانی -کە تۆزێ گەرمایان تێزابوو- وەک گوڵمێخ چەقاندە ناو خورما لکاوەکان و پارچەیەکی باشی دەرهێنا، خستیە ناو نانەکە و بە گوڵمحەمەدی وت:

ـ بخۆ، بخۆ! لە زستاندا، خورما بەرگەی دڵە. نیو مەنێ بخۆی ئەتوانی لە بن خەروارێک بەفردا بخەوی. هەڵمەکەی مێشک گەرم ئەکا. بخۆ!

گوڵمحەمەد چەند دەنک خورمای لە خانئاپۆی وەرگرت و خستیە سەر زمانی و بە تەوسەوە وتی:

ـ ئاخۆ هی چ هەتیوێک بێ، ئێمە ئەیخۆین!

خانئاپۆ بە دەمی پڕەوە وتی:

ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوە نییە مرۆڤ گوێی لە هەتیوو و گچکە بێ! ئەم ژیانەی ئێمە هەمانە بەزەیی لە دڵی مرۆڤدا ناهێڵێ. جگە لەمانەش، خاوەنی ئەم پووشە خورمایە دەستی بەدەمی ئەگەیشت. بە سەر و بەچکیدا دیاربوو سواڵکەر و برسی نەبوو. هێسرێکی ڕەختە لە ژێر پێیدا بوو. دوو کەری زلی پێبوو هەر کامەیان بەقەد ماینێک ئەبوو. لە شار ئەگەڕایەوە. دوو کەریش ئازووقەی بار کردبوو. پیاوەکە کەرەکانی دابوویە بەر خۆی و خۆیشی یەکبەر سواری هێسرەکە ببوو و دڵ هۆ دڵ... ئەیخوێند. تێڕەکەشی پڕ بوو لە قەند و چا و وردەواڵە. ڕواڵەتی ئەیوت دارایە. ڕەنگیشە کۆگادار بووبێ. هەرچی بوو. لە دارا ئەچوو. منیش کاری زۆرم پێی نەبوو. ئەم پووشە خورمایەم هەڵگرت. سێ کەلە قەند و کیسەیەک چای. جزدانەکەشی لە گیرفانی دەرهێنا، بەڵام تەنها دوانزە تمەنی تیابوو. چاوت لێیە؟ ئەگەر نەی بوایەت، منیش نەم ئەتوانی ڕوتی بکەمەوە! چما بە کوڕەی کاروانچیم هیچ نەوت، جنێوێکیشم پێنەدا. پێم وت تا کارەکەم تەواو ئەبێ لەو لاوە ڕاوەستێ و جووڵە نەکا. جگە لەوەش، ئەمە بەرئەنجامی سێ شەو و ڕۆژ هەوڵدان و خولانەوەی منە. تازە، هەمووی چەنێکە؟ خواردنی چوار ژەممان نابێ. بەڵام بۆ کابرایەک کە دەستی بێ تفەنگ بێ، ئەمەش هێشتاش زۆرە. تۆش خۆ دڵت نایە ئەو برنەوە ژەنگ گرتوەتم پێ بدەی! جگە لەوە دەستیش زۆر بووە. هەر بنە دەوەنێک، چوار دزی لێخەوتووە!

گوڵمحەمەد تێڕەکەی سەیر کرد و جگە لە قەند و چا، گوریسێکی تازەشی بەرچاوکەوت. ڕایگرت بە بەرچاوی خانئاپۆوە و وتی:

ــ ئەمەت ئیتر بۆچییە؟

خانئاپۆ پارووەکەی قووت دا و وتی:

ــ بۆ تۆم هەڵگرت، ئەگەر ئەتەوێ بار بکێشی، لانیکەم ئەبێ گوریسەکەیت هەبێ!

گوڵمحەمەد هیچی نەوت. باڵی خێوەتەکە لاچوو و بڵقیس هاتە ژوورەوە و بە خانئاپۆی وت:

ــ هەر ئێستە خەریک بوو خەوم پێوە ئەبینیت. خۆ سەر سلامەتی؟

گوڵمحەمەد خۆی وەرگەڕاند و چاوێکی لە دەرەوە کرد. خانئاپۆش، بەر لەوەی وەلامی بڵقیس بداتەوە، وەرگەڕا و سەیری دەرەوەی کرد. گوڵمحەمەد لە شوێنی خۆی کپ بوو و خانئاپۆش خۆی کشاندەوە و لە بەرچاو کلا بوو. گوڵمحەمەد، بە ئەسپایی بەدایکی وت دانیشێ. بڵقیس دانیشت. گوڵمحەمەد و خانئاپۆ، هەروا چەمابوونەوە و چاویان لە دەرەوە بوو. لە خێوەتەکەی بەرامبەر کابرایەک هاتە دەرەوە. پاڵتاو بە کۆڵ و سەری ڕووت لە بن بەفرەکەدا وەستا و سەیری دەوروبەر و ئاسمانی کرد. تاوێک ڕاوەستا. جارێکیتر سەیری دەوروبەری کرد. نیگای لە سەر ئەسپەکەی خانئاپۆ ئەبڵەق بوو، ئەسپەکەی خانئاپۆ، گوێی قیت کردەوە و چاوی بڕییە کابرا؛ کابرا بای دایەوە بۆ پەنای ڕەشماڵەکە. دڵ لە سینەی گوڵمحەمەددا ئارامی نەبوو. بۆی هەبوو ئەم یەکەیان، گریلی، دابێتی لە سەری هەڵێ؟ نەء! ژیرانە نەبوو. لەم شەوە و لەم بیابانەدا. ئەویش بە بێ ئەسپ و بە بێ چەک؟ نەء! ئەو خۆ نازانێ ئەسپەکانیان، براوە بۆ کوێ؟ جگە لەوە، تفەنگەکەشی پێ نەبوو. خۆی بوو و خۆی! لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە، تاوێک وەستا و چوو بۆ پشتی خێوەتەکە. باڵە شۆڕەکانی

پاڵتاوەکەشی نیشانەی ئەوە بوو، لەبەری نەکردبوو. دابووی بە شانیدا. ڕەنگە ڕۆیشت میز بکات. خۆشی وتبووی کەشکاوەکە ئاو زۆر ئەکێشێ. ئەوەتا. گەڕایەوە. خەریکە پزووی شەرواڵەکەی ڕێک ئەکات. دیسانەوەش وەستا، سەیرێکی دەوروبەرەکەی کرد. نەکا خۆف هەڵیگرتبێ. نەء. دڵنیابوو. خۆی کۆمەوە کرد و چووە ژوورەوە. نەفرەت لە ئەهریمەن. ئەبێ خزابێتە بن لێفەکەی. چ گەرمایەکی خۆشە! ئەوەندەی پێناچێ خەوی لێ ئەکەوێ. سووک بووە، ئەرێ، ماندوێتی. ماندوێتی ئەیخەوێنێ.

ــ باشتر وابوو فانۆسەکەمان هەڵنەکێشایەت!

گوڵمحەمەد ئەمەی وت و سینەی لە سەر عەرزەکە بەرز کردەوە. خانئاپۆ پرسی:

ــ ئەوە کێ بوو؟ ئەم چاو شارکێیە ئیتر چییە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ میوان.

ــ میوانی کوێ.

ــ میوانی ئێمە. میوانی کەلمیشیەکان.

ــ هی کوێیە؟ کێیە؟

ــ هەر ئەو نییە. یەکی تریشی لەگەڵە.

ــ کێ؟

ــ هاوکارەکەی.

ــ هاوکارەکەی؟ بۆچی؟ هاتوون بە دوامان‌دا؟ بۆ قڕەکەی چوارگوێشلییە؟

ــ پێم وابێ. خۆیان بە شێوەیەکیتر ئەدەنە قەڵەم، بەڵام وابزانم ئێمە خاو ئەکەنەوە. ڕواڵەتی قسەیان ئەوەیە بۆ باج هاتوون.

ــ ئەم کاتەی ساڵ و باج؟

ــ منیش پێم وانییە قسەیان ڕاست بێ. ئەیانەوێ بەیانی بمبەن بۆ شار!

ــ بتبەن بۆ شار؟ بۆچی؟
ــ لەبری باج!
ــ بۆیە تۆش لە ناو بەفرەکە ڕاوەستابووی و کێشکت ئەدا؟
ــ بەڵێ. چاوەڕێی یەکێک لە ئێوە بووم. خەوم لێ نەئەکەوت.
بڵقیس وتی:
ــ شەیتان چۆتە ناو بەرگیەوە. فەرموو ئەمەش مامەت. ئیتر بڕۆ بخەوە. خۆ ئێستە ئیتر ئەتوانی ئارام بگری!
گوڵمحەمەد سەیرێکی دایکی کرد. نە بە ڕق و تووڕەیی، نە بەنەفرەت و سووکایەتی؛ بەڵام ناخی چاوەکانی شتێکی نامۆی تیابوو کە بڵقیسی خامۆش ڕائەگرت. بڵقیس نیگای لە چاوەکانی کوڕەکەی وەرگێڕا.
گوڵمحەمەد بە مامی وت:
ــ لە تەنهایی‌دا خەریک بوو دیقم ئەکرد.
خانئاپۆ وتی:
ــ دەی، ئەتەوێ چی بکەی؟ ئەتەوێ هەڵێی؟
ــ نەء! نامەوێ هەڵێم.
ــ ئەی چی؟
ــ گرێیەک لە سەر دڵمە. نازانم. نازانم. ئاخخخ... پیرتان بسووتێنم چەقەڵینەی ددان تیژ! هیچ شتێکی مرۆڤ بە خۆی ڕەوا نابینن؛ تەنانەت ناموسی! ویژدانتان کوا ناپیاوینە! خۆزگە ئەو بڕنەوە ئەڵمانیانە بە شانی منەوە بوایەتن!
ــ کامە بڕنەو؟ بڕنەوی چی؟
ــ سەیری ڕۆژگارت کردووە؟ دێنە ڕەشماڵەکەت، لە سەر پەڵاسەکەت دائەنیشن، لای کوانووەکەت خۆ گەرم ئەکەنەوە، لە بەر ڕووناکی چراکەت‌دا نان و نمەکت ئەخۆن... ئەوسا... ئەی بێپێڕانە...
گوڵمحەمەدیان لە دەرەوە بانگ کرد. دەنگی گریلی بوو. گوڵمحەمەد قسەکەی خۆی بڕی و بە بڵقیسی وت:

ـ تۆ بۆی بگێڕەوە. موو بە موو. بۆی بگێڕەوە. بیڵێ.

پاشان چووە دەرەوە و لای ئەستوندەکی ڕەشماڵەکە وەستا.

گریلی، سەری لە دەمی خێوەتەکە هێنابوویە دەرێ و چاوەڕوانی گوڵمحەمەد بوو:

ـ وەرە بۆ ئێرە تاوێک. خۆ هێشتا نەخەوتوویت؟

ـ نە قوربان! خەریک بوو ئەخەوتم.

ـ بێ. تاوێک بێ بۆ ئێرە.

گوڵمحەمەد چووە پێشەوە. گریلی کشایەوە ناوەوە. گوڵمحەمەد بە دوایدا پێی نایە ناو خێوەتەکە. چەمەنداری چاوەکانی زۆر بە قورسی هەڵهێنا و سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد، بێ توانا لە شاردنەوەی نیگەرانیەکەی، پرسی:

ـ ئا بەڵێ؟ خزمەتێکتان هەبوو؟

بەر لەوەی وەڵام وەربگرێ، کەلەپچەیەکی بینی قفڵ کرابوو لە دەستی چەپی گریلی. کەلەپچە بە دەستی چەپی سەرکارەوە چەمکیکی تایبەتی هەیە. گریلی وتی:

ـ ئەمشەو لە لای ئێمە بخەوە، چارە نییە.

ـ بۆچی قوربان؟

ـ خۆت ئەزانی! خۆت سەربازیت کردووە، وایە؟

ـ بەڵێ.

ـ کەوایە خۆت ئەزانی. قانوون ئەبێ پارێزی خۆی بخات. کێ چووزانێ؟ بەیانی کاتێک کە هەڵسایـن ئەبێ بەشوێن جێ پێت لە سەر بەفرەکەدا بگەڕێین.

ـ باشە من بۆ ئەبێ هەڵێم؟

ـ مرۆڤە ئیتر! شیری خاوی خواردووە. لە پڕ ئەبینی ئەدا لە سەری!

گوڵمحەمەد بە ملکەچی وتی:

ـ باشە! با وابێ! ئێوە چۆنتان پێ باش بێ. من...

ـ ئا، بڕۆ پێخەفێک بۆ خۆت بهێنە.

ــ بە چاوان، بە سەر چاو!
گوڵمەمەد، هاتە دەرەوە و بەرەو ڕەشماڵەکەی سەبرخان چوو.
گێڕانەوەکەی بڵقیس هەرچەند زۆر بە نەرمی بوو، بەڵام لە تێکەڵبوون لەگەڵ خەیاڵی برنەو و مەترسی گرتنی گوڵمحەمەد، ئەنگێزە و هاندەرێکی ئەوەندە بە هێز بوو، چاوەکانی خانئاپۆ پڕ بکات لە خوێن، گوڵمحەمەد هاتە ژوورەوە و وتی:
ــ ئەیانەوی کەلەپچەم بکەن و هەر لەوێ لە لای خۆیان ڕامبگرن. کارەکە خەریکە قووڵ ئەبێتەوە، خانئاپۆ!
سکاڵاکەی گوڵمحەمەد، زۆر بەپێز بوو. چاوەکانی ئەیانوت:
«خانئاپۆ، فریام کەوە!»
خانئاپۆ وتی:
ــ بڕیارت بە چییە؟
گوڵمحەمەد وتی:
ــ دایە، دوو مەوجی گەورە ئامادە بکە! خانئاپۆ تۆش ئەو گوریسەی بۆت هێناوم بیکە بە دوو کوتەوە. خوێنیان نابێ بڕژێتە سەر سفرەمان. دایە ژنەکان هەڵسێنە. بۆ هەر کەس کارێک هەیە.
قسە، دژوار بوو. ناچاریی پێوە بوو. سەرپێچی کردن نەئەلوا. خانئاپۆ کێردی لە کێلانەی پووزلخ دەرکێشا و بە چاوترووکانێک گوریسی کرد بە دووکوتەوە. بڵقیس چووبوویە دەرەوە. گوڵمحەمەد پاژنەی پێڵاوەکانی هەڵکێشا:
ــ ئەبی بەیەک جار بیبڕێنینەوە. شەو شای بێدادە!
دڵی شەو بوو. ئەوکاتەی کە هەمووکەس لە قووڵایی خەو و خامۆشیدا ون بووە، هەر کەس، هەموکەس، پیر و جەوان، ساز و ناساز، عاشق و کۆست کەوتوو، دز و کاروانسالار، هەموو. هەمووان. لوتکەی شەو بوو. بەفرەکە خاو ببۆوە. ئەستوورایی خامۆشی شەو هەروا قورس بوو و پێڵووی وشیارترین ڕێبواریشی

قورس ئەکرد و ئەهێنایەوە یەک. بەس چاو و نیگای کەلمیشیەکان بوو شەپۆل شەپۆلی خەوی دەم و بەردەوام ئەدایەوە دواوە و پاڵی پێوە ئەنا. برژانگەکان، درکی بیابان، پاسەوانی بێداری چاوان، شووش وشیش وەستابوون و دەرفەتی نەواندن و نووستنیان نەبوو. شەویلکە چفت، قفڵ کراو؛ ناو دەم خشتی قەڵەشاو. بێدەنگ، لەرزینی دەروون. لەرزین نەک لە سەرمان، بە شەپۆلی پەرێشانی. کار لە پێشە. کارێکی نە سانایە، بە ئاسانی مەزانن! «بە ئاسانی ناگرین!»

بەڵام پەرێشانی گوڵمحەمەد؟ بۆ پەرێشانی؟ بۆ نیگەرانی؟ هەنگاو هەڵئەگری، هەنگاوی بەبڕوا ئەنێی، کەچی لە دڵی ئەژنۆتدا شتێکی ملۆزم ئەلەرزێ. لە بەر ئەوە نییە ئایە، لە خەیاڵتدا دەستی خۆت وەشاندووە؟ کوشتاری خۆت کردووە؟ سەریانت گوێ تا گوێ بڕیوە، لە سەر سینەی خاوەنەکانیان دات ناوە و، چاوەکان، چاوەکانی سەری لە گۆ کەوتوو، وەک هەڵماتی مات، مات و بێواز، تێت ئەڕوانن؟ کوشتار. تۆ کوشتارت زۆر کردووە گوڵمحەمەد. بەر لەمە. پێش ئێستە. بەڵام ئەژنۆت قەت نەلەرزیوە. کەچی ئێستە دڵت تەپەی دێ. خراپ لێئەدا. ڕەنگە لە بەر ئەوەی پێشاوپێش خوێنی ئەو دوانەت ڕشتووە. کوشتاری بێ پشتیوانە. ئێستە ئیتر، تیپ و سپا لە پشتت نییە. بێ پشتی. لەگەڵ کلکی شێر یاری ئەکەی. لە بەر ئەمەشە ڕەنگە خوێنت بەو جۆرە لە دەمارەکانتدا شەپۆل ئەدەن. ددانەکانیشت ڕەنگە لە بەر ئەمەیە، وا بەو جۆرە وەکوو دوو جلشۆر لێک ئەدرێن. پەنجەکانت گوڵمحەمەد، بۆ وا بەو جۆرە چنگیان لە شاقەلی کەوا سەڵتەکەت گیراندووە؟

«ئەبێ کارەکە یەکسەرە بکەینەوە، چارم ناچارە. ئەم برینە کۆنەی لە سەر شانەکانم ڕواون، ئەبێ بە پەلە بیان سڕمەوە. وەڕەزم. ناپیاوانە پێتان وایە نازانم چ تەڵەیەکتان بۆ ناومەتەوە؟ ئاخ... چەند ئەکرێت! ئەبێ گیانم ئاسوودە بکەم. ئەبێ سەرتاپێ

بیشۆمەوە. وسڵ. قربةاللە!»

ئارام و چەماوە چوو بۆ لای ڕەشماڵی ژنەکان. بە دزییەوە و بە کووڕی، چووە ناو خێوەتەکە. ژنەکان، نیگەران و ترساو، بەئامادەیی دانیشتبوون. خانئاپۆ، خامۆش و خەیاڵاوی، گوریسەکانی گرتبوو بە دەستیەوە و لە لایەکەوە وەستابوو. بلقیس، لە هەموویان بە ئەندێشتر، نیگای بڕیبوویە دڵی خاک. گوڵمحەمەد، بە کپی وتی:

ــ ئەڕۆین. ئارام، وەکوو کەو. تۆ دایە! یەکێک لە مەوجەکانت پێ بێ. هەیڤۆ، تۆش یەکیان. کەس نابێ ورتەی لێوە بێ. ماراڵ! تۆ یەکێک لە گوریسەکان لە خانئاپۆ وەرگرە. تۆیش یەکیان، زیوەر! ئەبێ زۆر چالاک بن. وەکوو ئاسک. خەو لە مێشکتان بتەرێنن. بۆ ساتێکیش نابێ خافڵ بن! ئێوە دوانتان دەست و شانیان ئەبەستن. تۆ و هەیڤۆش، دایە، دەمیان ببەستن. خانئاپۆ! پێت بڵێم ئەوەندەی پێمان نایە ناو ڕەشماڵەکە تۆ ئەبێ ئەو یەکەیان چارە بکەی لای باوەڵەکە خەوتووە. نەشەیە و هێزی تیانییە. ئەبێ وەک برووسکە بجوڵێنەوە، پێش ئەوەی بێنەوە بە خۆیاندا و دەستیان بڕنەوەکانیان بگرێ، بیان پێچینەوە. بە بێ بێنە و بەرە، بە بێ گێرە و کێشە. کپ و بێدەنگ. ئێستە ڕابن. ئارام وەکوو کەو. دەنگی پێتان نەبیسرێ.

دەنگی گریلی لە ناو ڕەشماڵەکەوە هات:

ــ هاتی... گوڵمحەمەد! گوڵمحەمەد!

ــ هاتم قوربان. هاتم!

ئارام، وەکوو کەو، کەلمیشیەکان لە ڕەشماڵ دەرکەوتن. پیاوەکان -تەنها دوو پیاو- لێبراو و لە پێشەوە؛ ژنەکانیش -چوار ژن- باڵکراو بە دوایاندا، لە سەر بەفری نێوان دوو ڕەشماڵدا ئارام و دڵ پەرێشان، هەڵۆی دابەزیوی لوتکەی چیا، باڵیان بە سەر بەفردا ئەکێشا و ڕەوان وەکوو ئاو. هەموو پێکەوە، هەموو هاودەم. هەناسە خامۆش. نیگا تیژ. گوێ تیژتر. ڕێبوارانی شەو! گەیشتنە نزیک ڕەشماڵەکە. پیاوەکان لە پشت دەرگا. ژنەکان

لە دوو لایانەوە؛ هەموو ئەندێشی کارێک. خانئاپۆ سوچێک و گوڵمحەمەد سووچەکەی تری باڵی ڕەشماڵەکەیان گرت و لەپڕ و بە تەکانێک هەڵیاندایەوە؛ شالاو. هێرشی بەکۆمەڵ و دەسبەجێ کێشەی خامۆش، زۆری نەخایاند. ئاوێک بە سەر ئاگردا!

نیگەران و گوێڕایەڵ. ئەسپە کوێتەکەی خانئاپۆ، گوێی قیت ڕاگرتبوو و چاوی لە ڕەشماڵەکە، حیلاندی. یارمەتی ئەسپ. چوارپێ یارمەتی خۆی پێشکەش ئەکرد. دەسکەوساری بەسترابوویەوە و ڕێگەی نەئەدا. لە سەر قاچەکانی هەڵسا، دەستەکانی هەڵێنا، یاڵی ڕاوەشاند و سمی کوتا بە سەر بەفر و خاکدا. لەوێ لە ناو خێوەتی دایک، ڕووداوێک خەریکە ڕووئەدا. کارێک خەریکە ئەنجام ئەدرێ. بێهوودە ئەسپ نەشەڵەژاوە!

هەیقۆ بەرەو ئەسپەکەی باوکی هەڵات، دەسکەوساری لە ئەستوندەکە کردەوە و ئەسپە ورووژاوەکەی بەرەو ڕەشماڵەکە برد. لەم کاتەدا کەلمیشیەکان، پیاوەکانیان دەم بەستراو و شەتەک دراو لە ڕەشماڵەکە هێنایە دەرەوە و ڕاکێشیان کردن بۆ ناو بەفرەکە. هەیقۆ ئەسپەکەی برد بەرەوە و گوڵمحەمەد بە یارمەتی خانئاپۆ، دەست و دەم بەستراوەکانی یەک یەک هەڵدایە سەر ئەسپەکە و بە ماوەی گوریسەکە بەستیانیەوە و قاچیشیانی بە گوریسێکیتر لە بن سکی ئەسپەکەوە، تەنگە دا. شەڵتەیەکی داوا کرد. هێنایان. گوڵمحەمەد شەڵتەکەی لە زیوەر وەرگرت دای بە سەر پیاوەکاندا. تا گوڵمحەمەد لێ ببێتەوە خانئاپۆ فیشەکدانەکەی بەستبوو و برنەوەکەی کردبوویە شانی. گوڵمحەمەدیش وایکرد و بە خانئاپۆی وت هەوساری ئەسپەکە بگرێ و بکەوێتە ڕێ. بەرەو کوێ؟ خانئاپۆ هەوساری ئەسپەکەی گرت و گوڵمحەمەد بە ژنەکانی وت، ناو ڕەشماڵەکان بگەڕێن، نیشانەیەک بەجێمابێ. ڕووی دەمی لە بلْقیس بوو:

ــ دڵ لە دڵ مەدەن، ئارام بن. تاوێکیتر ئێمە ئەگەڕێینەوە.

ئارام و ئارامتر، بەفر ئەباری. پەڕی کۆتری سەرهەڵکەنراو.

ئەسپە کوێتی خانئاپۆ، ماندوو و بێخەیاڵ بە دوای سوارەکەیدا پێی هەڵئەگرت. گوڵمحەمەد بە دوای ئەسپەکەدا ئەڕۆیشت و تفەنگەکەی تاقی ئەکردەوە. تفەنگ سوارکرابوو و پڕبوو لە فیشەک. خانئاپۆ سەیری پشت سەری خۆی کرد. گوڵمحەمەد ئەماژەی پێکرد پێ هەڵگرێ. خانئاپۆ توندی کرد. ئەسپەکە، توندی کرد. گوڵمحەمەد توندی کرد. پەلە بە دەمارەکانیاندا ئەگەڕا. دەرفەتی بیرکردنەوە، دەرەتانی پلان نەبوو. ئەسپ ئەڕۆیشت و پیاوەکان ئەڕۆیشتن، لە ناو تاغزار، لە پێچ و خەمی لاڕێکاندا، هەڵدێر و نشێو؛ سەرەنجام کۆخەکەی خاڵە مەندەلوو.

بە ئەماژەی گوڵمحەمەد، خانئاپۆ بەرەو چاڵە خەڵووزەکانی خاڵە مەندەلوو لاری کردەوە و لەوێ، لە هەورازی گردەکە، ڕایگرت. گوڵمحەمەد لێی نەوی و سەرپۆشی لە سەر چاڵەکە هەڵدایەوە. دووکەڵ بەرزەوە بوو. سەرپۆشی چاڵی دووهەمیش هەڵگیرا. دوومان! ئاگرەکە ئەبێ خۆش بکرێ. بە چالاکی و بە یارمەتی خانئاپۆ، گوڵمحەمەد باری لە سەر ئەسپەکە داگرت. شەڵتەکەی لێکردەوە، گوریسەکەی بڕی. هەر کامە و بۆ لای چاڵێک. زمان بەستراو و شەتەک دراو. قوربانیانی خامۆش، تەنها سەری یەکیان بە سەر شانیەوە ئەلەقا. ئەویتریان بەر لە مردن، ئەتوت مردبوو.

دڵی بەردی پیاوانی کەلمیشی! چاڵی ئاگر و دووکەڵ. هەڵدێری دۆزەخ. لوولەی تفەنگەکان بە پەلامارێک بە پانیەی سەرەکانەوە. نیگای بەردینی خانئاپۆ لە گوڵمحەمەد، نیگای بەردینی گوڵمحەمەد لە خانئاپۆ.

ئاگر! دوو پیاوی یەخسیر هەڵدرانە ناو چاڵی ئاگر و دووکەڵ. پێش ئەوەی بۆنی برژانی گۆشت بەرز ببێتەوە، سەری چاڵەکان ئەبێ بنرێتەوە. نایانەوە. شریخەی گوللە ئەسپەکەی ڕەماندبوو. خانئاپۆ هەڵات و خۆی هاوێشتە سەر ئەسپەکە و بە گوڵمحەمەدی وت خۆی هەڵدا. گوڵمحەمەد خافڵ لەوەی کە

بەفر بە گەرمای ئاگر ئەتوێتەوە، بە شەڵەژاویی و پەلەپڕووزێ، بەفریکرد بە سەر سەرپۆشی چاڵە ئاگرەکاندا، بڕنەوەکەی کردە شانی و وەک قەلەبازکە، خۆی هەڵدایە پاش تەرکی ئەسپەکە.

ــ ئەگەر ئەم بەفرە کاژێرێک بەردەوام بێ، کارەکە بە بێ کەموکووڕی تەواو بووە. چونکە بەفر شوێن پێکان دائەپۆشێ.

بە بێ وەڵامدانەوە بە مامی خۆی. گوڵمحەمەد سەیری ئاسمانی کرد. بەفر، خەریک بوو ئارام ئەبوو. هەوا، ئارامی ئەگرت، سەیری بیابانی کرد. بیابان پۆپەشمینەی قەلەندەرانی لە بەر کردبوو. پانتایی بیابان. سەر و گوێی دەوەنەکانی تاغ، بە ئارامی کڵۆ بەفری لێئەکەوتە سەر عەرز. ماندوو، ماندوو.

خانئاپۆ، هیچی نەگووت. لێگەڕا تا سەری ماندووی گوڵمحەمەد لە سەر شانی ئۆقرە بگرێ. ئارام ئەڕۆیشت، ئارام. خانئاپۆ، دڵی بۆ گوڵمحەمەد ئەسووتا. چونکە مرۆڤ بە هەر کوشتنێک، خۆیشی جارێک ئەمرێ. جارێک لە خۆیدا ئەمرێ. کوشتن! کوشتن! ئاخ... چەندە کوشتن؟ ئەی خاک تۆ کەی بە خوێن تێراو ئەبیت؟

ــ چی ئەبینی؟

گوڵمحەمەد، سەری لە سەر شانی مامی بەرز کردەوە و سەیرێکی ڕەشماڵەکانی کرد.

ئەتوت کاروانێک باری خستووە:

ــ چەند وشتر و ئەسپێک!

ــ کێ بن باشە؟

ــ هیچکەس. نامەوێ کەس ببینم!

خانئاپۆ، بەرداشی خاراو. لەغاوی ئەسپەکەی وەرگێڕا، بۆ ئەوەی نە لە ڕووبەڕووەوە، بەڵکوو لەلاوە بچنە ناو بنە. گومانی وابوو یەکێک لە ژنەکان بێت بە پێشوازیانەوە. واش بوو. بەر داوێژێک بۆ ڕەشماڵەکان، هەیڤۆ لە پەنای دەوەنێکەوە قیت بوویەوە. هەوساری ئەسپەکەی باوکی گرت و بە شپرزەیی پێی

ڕاگەیاند:
ــ کوڕی پوورە گوڵەندام، عەلیئەکبەری حاجی پەسەند. لەگەڵ خاڵە مەندەلوو و کوڕەکەی بابقولی بونداریش.
جنێوێک و تفێک! پیاوەکان لە ئەسپ دابەزین. تفەنگ و فیشەکدانیان لەخۆ کردەوە و دایان بە هەیقۆ:
ــ بیانشارەوە لە ناو شەڵتەکەدا! لە شوێنێکی باشیان دابنێ.
هەیقۆ شەڵتەی دا بەکۆڵیدا و لە ناو لێرەوارەکە ون بوو.
ــ چییان پێ بڵێم ئێستە؟
خانئاپۆ سواری ئەسپەکە بوو و ئاوزەنگی ڕاوەشاند:
ــ ئەسپەکە ڕەمی کردبوو. بە دوای ئەسپەکەی تۆدا چوو بووین. شەودێز!
لای ڕەشماڵەکە، خاڵەمەندەلوو هات بە پیریانەوە:
ــ هاوپێ و هاوڕێم بۆ هێناوی گوڵمحەمەد! کوڕی ئاشناکەت بابقولی بوندار. سێ وشتری هەیە و هاتووە لەگەڵ تۆ کاروان بکات.
ــ بەم بیوەختە خاڵۆ؟
شەیدا بە چۆخەیەکی درێژ و خاوێنەوە هاتە پێشەوە و سڵاوی کرد.
ــ چاوەکانت خەواڵووە کوڕی بوندار؟ بەخێر هاتی! بۆچی وشترەکانت ناخەوێنی. بەفرەکان لادە و جێیان بۆ خۆش بکە.
خاڵە مەندەلوو وتی:
ــ ژنەکان ڕۆشتوون خاکەناز بهێنن، ئەیانخەوێنین، مەبەستم وشترەکانی شەیدا یخ ئەدەین. من ئەڕۆمەوە بۆ شوێنی خۆم.
خانئاپۆ چوو بۆ لای پیرەمێرد، دەستی دابە سەرشانیدا و وتی:
ــ دڵت خۆشە خاڵۆ؟ پێت وایە ئێمە ئەهێڵین ئا بەم شەوە

میوان لە سەر سفرەمان دوور بکەوێتەوە؟ وەرە، وەرە ژوورەوە! ئەمشەو میوانی مەی؛ وەرە بزانم! کوڕی بوندار وشترەکان یخ ئەدات. بڕۆین زۆری نەماوە ڕۆژ ببێتەوە.

لە ناو ڕەشماڵەکە، عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لای کوانووەکە دانیشتبوو و جلەکانی وشک ئەکردەوە. بەهاتنە ژوورەوەی پیاوەکان، تۆزێ لەبەریان هەڵسا و وتی:

ــ بێوەخت هاتین، وایە؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ خێری پێوە بێ!

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بزەیەک لە سەر لێوی سەیرێکی بڵقیسی کرد و وتی:

ــ خێریشە. ئەمەوێ پوورە بڵقیس ببەم بۆ لای خۆمان، برای شەیدا بڕیارە ببێ بە زاوا. کاتی ئەوە هاتووە پوورە بڵقیس لەگەڵ دایکم ئاشت بکەمەوە.

دانیشتن. عەلیئەکبەری حاجی پەسەندیش کشایەوە و پاڵیدا بە باوڵەکەوە. ئاگری بە بڵێسە ناو ڕەشماڵەکەی ڕووناک کردبۆوە. دەستی عەلیئەکبەر لە پۆستاڵێک گیرا. هەڵیگرت، سەیری کرد و فڕێی دایە لایەکەوە.

پاشان، ڕووی کردە گوڵمحەمەد و وتی:

ــ ڕەنگت بۆ وا پەڕیوە؟ نەخۆشی؟

ــ ناسازم، چەند ڕۆژە.

شەیدا هاتە ژوورەوە و خانئاپۆ بە شادییەوە وتی:

ــ بڵقیس! چا! چا بهێنە لەگەڵ خورما. بە خۆشی زەماوەندی خزمەکانمان. چەند باشە لانیکەم نیو مەن خورما و دوو دەنک چا لەم ناوە دەست ئەکەوێ!

بڵقیس، کترییەکەی پڕکرد لە ئاو و لای کوانووەکە داینا. زیوەر، گوڵمحەمەدی بانگ کرد. گوڵمحەمەد ڕۆیشتە دەرەوە. سوارێک، لە بەر ڕەشماڵەکە وەستابوو و بە زۆر خۆی بە سەر

ئەسپەکەیەوە ڕاگرتبوو. سەرما ئەتوت کوڵەی کوتاوە:

ـ هاوکارەکانم بەرەو ئێرە هاتن. بڕیار وابوو... لێرە بن. لە ڕەشماڵی... کەلمیشیەکان! من... بەرپرسی دارایيم، ڕێگەم... بکەن... ئەمشەو!

کۆتایی بەرگی دووەمی کەلیدەر

# بۆ بەرگی ٣

٨٨٨
کەیدەر
بەرگی دووەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
١
و: سیامەند شاسواری
٣